# ئەزموون و شیعری بێگەرد

## گوتار و بیروڕای ئەدەبی

# ئەزموون و شیعری بێگەرد

## گوتار و بیروڕای ئەدەبی

سەباح ڕەنجدەر

**دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **ئەزموون و شیعری بێگەرد (گوتارو بیروڕای ئەدەبی)**

---

- نووسین: سەباح ڕەنجدەر
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران ڕواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٤
- نرخ: (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپ: چاپخانەی خانی (دهۆك)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٧٣)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێ دراوە

**زنجیرەی کتێب (١١٣٩)**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

# ناوەرۆک


**کتێبی یەکەم**

**پەیامی شیعر لە زمانی خوداوەندی شیعرەوە** ٨

پێشچاو.......... ١١

ناسینی بوونی شیعر و خۆدەستنیشانکردن.......... ١٣

فۆرمی فرە پەیوەندی و فرە بنیاد و فرە ترپە.......... ٦٧

ئەزموون وەک ئاخاوتنێک لەناو ژیان.......... ٩٢

شیعر و چالاککردنی هەستەکان.......... ١٣٦

ئەفراندنەوەی جوانییەکان لە دووبارەکردنەوەیاندا.......... ١٤٢

لە ئاهەنگی بیست ساڵەی زێواندا.......... ١٥١

شوێنی زەینی لە شیعردا.......... ١٦٤

شیعر لە خۆمانمان نزیک دەکاتەوە.......... ١٧٣

شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت.......... ١٨١

دەروونرۆشنیی شیعری.......... ١٨٨

چییەتی پەیام .......... ٢٠٣

گەردوونی یەکەم.......... ٢٠٤

خۆدەستنیشانکردن.......... ٢١٣

**کتێبی دووەم**

**سەرنج و تێبینی لەبارەی دە کۆشیعری کوردی** ٢٢٥

پێشچاو.......... ٢٢٧

لە ئەلبوومی یادگارا.......... ٢٢٨

ڕێگا دوورەکانی چاومان.......... ٢٣٧

گەردەلوولی سپی.......... ٢٤٦

زایەڵە.......... ٢٥٥

دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە.............................. ٢٦٣
گەرم نەبوونەوە.................................................................. ٢٦٩
نزا سپییەکانی من............................................................... ٢٧٧
دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە............................................... ٢٨٤
کۆبەرهەم............................................................................. ٢٩٢
سەرم پڕیەتی لە سێبەر.......................................................... ٣٠١
**کتێبی سێیەم**
**قەڵەمکێشی دە شاعیر بە وشە** ٣١٣
پێشچاو............................................................................... ٣١٥
قەڵەمکێشی جەمال شارباژێڕی بە وشە....................................... ٣١٦
قەڵەمکێشی جەلالی میرزا کەریم بە وشە.................................... ٣٢٢
قەڵەمکێشی لەتیف هەڵمەت بە وشە.......................................... ٣٢٨
قەڵەمکێشی ئەنوەر قادر محەمەد بە وشە................................... ٣٣٤
قەڵەمکێشی سەلام محەمەد بە وشە.......................................... ٣٣٩
قەڵەمکێشی جەلال بەرزنجی بە وشە......................................... ٣٤٤
قەڵەمکێشی عوسمان شەیدا بە وشە......................................... ٣٥١
قەڵەمکێشی سەڵاح شوان بە وشە............................................ ٣٥٦
قەڵەمکێشی دڵشاد مەریوانی بە وشە........................................ ٣٦١
قەڵەمکێشی سەڵاح محەمەد بە وشە........................................ ٣٦٨
**کتێبی چوارەم**
**برادەرانم و ساڵەکان و شیعریبوونی بزر** ٣٧٣
پێشچاو ............................................................................. ٣٧٥
سەرنجێک لەبارەی کۆشیعری شەوێک لە شەوانی سیمرخ.................. ٣٧٦
سەرنجێک لەبارەی کۆشیعری دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە........... ٣٨٢
نامەیەکی کراوە بۆ عەبدوڵڵا سەڕاج............................................ ٣٩٠

نامەیەکی کراوە بۆ سەلام محەمەد.................................................. ٣٩٩
نامەیەکی کراوە بۆ ئەحمەد تاقانە.................................................. ٤٠٥
ناسینی کتێب.................................................................... ٤١٦
ڕێزگرتن لە شیعر................................................................. ٤٢٨
نامەیەکی کراوە بۆ عەبدولڕەزاق بیمار............................................... ٤٣٤
کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) و شیعری مووتووربە .. ٤٤٣
شیعر و دەمانچەی ئاوی.............................................................. ٤٥٦
شیعر و شێوەکاری................................................................. ٤٦٦
نامەیەکی کراوە بۆ جەلال بەرزنجی.................................................. ٤٧٦
لە پەراوێزی کۆشیعری: (هەڵسانەوە)دا................................................ ٤٨٨
خاڵ لە هێڵی یاداشتدا.............................................................. ٤٩٤
نامەیەکی کراوە بۆ فازیل شەوڕۆ...................................................... ٥١٨
یەکەم دیدار ........................................................................ ٥٢٧
فەرموودەکانی شیعری بێگەرد ....................................................... ٥٣٠
زمان و خەڵاتی نۆبێڵ.............................................................. ٥٥٤
نامەیەکی کراوە بۆ ئەحمەدی مەلا.................................................... ٥٥٩
بەهرەیەکی نوێ لە شیعری کوردیدا دەرکەوت.......................................... ٥٦٢
کاکەمەم بۆتانی: ناسین و بیرەوەرییەک.............................................. ٥٦٥
زەوی بە یارمەتی شیعر فۆرمی وەرگرتووە............................................. ٥٧١

# کتێبی یەکەم

## پەیامی شیعر لە زمانی خوداوەندی شیعرەوە

**پێشچاو:**

هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ دەیانبینێت. شتێکیان تێدایە بۆ دۆزینەوە، کە پێشتر کەسێکی دی وەک ئەو نەیبینیوە. بەکاربردنیشی لە ئەدەبیاتدا ئەوەیە: بەشێوەیەکی بەجێ وەرگر بخاتە باری سەرسوڕمان و ڕەگەزی سەرسوڕهێنەر و ئاسۆی چاوەڕوانی تێدا بەهێز بکات.

شیعری کوردی وەک شیعری هەموو نەتەوەیەکی دی. بە گەلێک قۆناغدا تێپەڕیوە، سوودیشی لە هەموو ڕێباز و فۆرم و شێوازە جیاجیاکانی شیعری وەرگرتووە و لەگەڵیاندا ڕۆیشتووە تا گەیشتووە بە ناوەند و پانتایی خۆبوونیی خۆی. ساڵی ١٩٨٨، کە زێوانی تێدا چاپ کرا بۆ من سەرەتای ڕووداوێکی چاوەڕێکراوی ئەدەبی بوو، سەردەمی گواستنەوە و گۆڕین. ڕێباز و فۆرم و شێوازی کارێکی نیمچە جیا بوو، لە زۆر لاوە سەرزەنشت کرام. لەو کاتەوە بیری ئەوەم لا جۆشا لەگەڵ چاپکردنی هەر کتێبێکی شیعریدا مانیفێستێک، وەک دوا شێوەی بیرکردنەوەم بنووسم و لەگەڵیدا بڵاوی بکەمەوە. ئەو خاڵە ڕێبازی و فۆرمی و شێوازییەی پێی گەیشتووم و لە دەقەکانمدا بەکارم بردوون، پایەکانی ئاشکرا بکەم. خاڵی کرۆکی و ناوکی لە ئەزموونی مندا ئەوەیە: پاڵەوانیەتی و خۆبەختکردن و هەوڵدان بۆ گۆڕینی قەوارەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی نییە، بەڵام بە هێمنی باسی ژیان و مردن هەیە.

گرنگترین شت لە نووسینی مانیفێستدا ئەوەیە دەبێ خاڵێک وەک سەرچاوە دەستنیشان کرابێت، هەموو بیروڕاکانی لێ کۆببێتەوە و

پاشان وەک ڕامانی سەرەکی بە تەواوی جەستەی نووسینەکەدا بڵاوی بکەیتەوە.

لەو کاتانەی نەمتوانیوە لە شیعردا ڕوون بنووسم، بێگومان ئەو بارەش لە ئەزموونی مندا هەیە. هەوڵم داوە ڕوونبم لە هەموو ئەو بیروڕایانەی لە مانیفێستەکاندا ڕایاندەگەیەنم. مانیفێستەکانیش دۆخی شیعرەکانم وەرگرن و دەچنە پێستیانەوە. بۆ ئەم بارەش گونجاوترین شێوەی بەجێهێنانم هەڵبژاردووە. لە بنیادی هێڵکاریی دەقەکاندا بۆ گیانی شیعریبووني شاعیرەکە خۆی بگەڕێین و چاودێریی ئەوە بکەین. ئایا دەسەڵاتی دامەزراندنی بەسەر دەقەکانیدا شکاوە، یان نا. پەیوەندیی کراوە، یان داخراوی لەگەڵ وەرگر کردووەتەوە، پەیوەندییەکەی بە چ شێوەیەکە. ئەم شێوەیە دەسەڵاتی بیرکردنەوە و شێوازی نووسینم ئاشکرا دەکات.

# ناسینی بوونی شیعر و خۆ دەستنیشانکردن

## مانیفێستی شیعری

### ١

مرۆڤ تەنیا لە مردندا کامڵ دەبێت، شیعر بۆ من مردن بوو، بەرپرسیارییەتیی شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە، شیعری بێگەرد بگەیەنێتە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. لە کۆتایی حەفتاکاندا، بووم بە خوێنەرێکی تامەزرۆی شیعر، شیعرپەروەریش بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر لە ژیانمدا دەرکەوت و پەرەی سەند، هیچم نەدەبینی جگە لەو جوانییانەی لەناو شیعردا دەکرانەوە و جووڵەدار بوون، تەنانەت لە ڕۆیشتنی ناو شەقام و دانیشتنی ناو پۆل و لەسەر خوانی خێزانیشدا، شیعر وڕێنەی چێژداری پێدەکردم، هێند بە تاسە و دڵگەرمییەوە دەمخوێندەوە، خۆم تێیدا شەهید دەکرد. هیچ شتێکیش ئەوپەڕی خۆشی نەداومەتێ خوێندنە وە نەبێت.

ژیانی من، قەرەباڵغ نەبوو بە پلە و پایەی فەرمانبەری و باڵەخانە و خانووی گەورە و دەوڵەمەندبوون و ... تاد، تەنیا بە شیعر قەرەباڵغ بوو، باس و بابەتی سەرەکیم لەگەڵ هاوڕێکانم و ژیان، شیعر بوو بەس، واش تێدەگەیشتم ئەگەر دوو دوژمنی ڕەچەڵەک کوشتەی

سەرسەختی یەکتری لەناو کرانەوەی شیعریدا گفتوگۆ بکەن، دەماری گرژیان خاو دەبێتەوە، تا ڕادەی پاکبوونەوە، یەکترییان خۆش دەوێت و پشت دەدەنە یەک.

بنچینەی ئەم خۆشەویستی و پشتدانە یەکترییەش ئەفسوونی شیعرە، لەپاڵ ئەم بڕواهێنانە کەڵکەڵەی شیعرنووسین ناخی بە توندی ڕاتەکاندم.

بڕواهێنان جوانترین و بەهێزترین شیعریبوونی تێدایە، بانگی وشەشم هاتە بەرگوێ، بمهێنە ناو ژیان.

هێزم تێدایە خەونە نەبڕاوەکانت بە ئومێد و ناوەند بگەیەنم، ئەم بانگکردنی وشەیە، بە یەکەمین و گرنگترین هۆکار و پەیام دەزانم.

دوای ئەم ناخ ڕاتەکاندنە، ناوە ناوە دەقی شیعریم دەنووسی و بوێرانە بڵاوم دەکردنەوە، بەتەواوی باروبواری بیرکردنەوەش بەدوای کەشوهەوای سەربەخۆ وێڵ بووم و بە هێڵی ئەفسوونیدا ڕۆیشتم تا بە ئێستاکە گەیشتووم، لەناو بەهەشتی نووسین لە پانتایی خەوندا کار دەکەم.

خەون کاریگەری بوون بە شیعری تێدا بەهێزە، جیهانبینیی منی لێوە ڕوون بووەتەوە و بووەتە پەیوەستێکی پتەو لەگەڵ پرسیارەکانی ژیان.

مرۆڤ، ئێستای لە نەماندایە، ڕابردوو و داهاتووی هەیە، شیعرێک لەسەر بنەما و جیهانبینیی ڕوون بنیاد نەنرابێت، نە بە کەڵکی ئەمڕۆ دێت، نە هیچ سەردەمێکی دیکەیش وەک دەقی پتەو و پەتیی ئەدەبی قبووڵی دەکات.

ڕابردوو بەشی هەرە گەورەی ژیانی نووسەر پێکدەهێنێ و پێکهاتەی دەقیشە، چونکە ئێستا، کە خەریکی کار و کردەی نووسینی، دوای قاوە خواردنەوەیەک چرکەی کار و کردەی نووسینەکەت دەبێتە ڕابردوویەکی زیندوو، کەواتە: ئەو کاتەی کار و کردەکەی تێدا ئەنجام

دەدەیت ئێستایە، بەشی هەرە گەورەی پێکهاتەکەی ڕابردووە. ئایندە تەنیا لەناو دەقدا دەبینرێت و ئەندێشەیەکی تێکەڵ بە فەنتازیا بەگەڕ دەخات. ئەو ئەندێشە تێکەڵ بە فەنتازیایە بیرۆکە و خاڵی تێڕوانینە. ژیانبینی بە ئایندەبینییەوە تەواو دەبێ و بەبێ ئایندەبینی ناتەواوە. کرۆک و دیوی نهێنیی ژیان، ئایندەیە. ئایندەش خاڵی تێڕوانین و لە هەموو بەشەکانی دیکە چالاکترە، چونکە بەردەوام هەوڵی بۆ دەدرێت و هەستی قووڵاییی ژیانبینی سەر دەخات. ئەم هەوڵ و دەربڕینەش مایەی داهێنانی ئەدەبین.

خەونی من سرووشە و تایبەتکاریی منیش ئەوەیە، شیعرم گەڕاندەوە بۆ خەون. خەونیش پاکییەتی ژیان ڕادەگرێت. هەموو دەقەکانیشم، دەقی بیرکردنەوەیی و درێژن، ئاسۆ و دووریی ئەفسانەییان تێدا سەربەخۆ و گونجاوە بۆ پڕ نهێنی و ئەزموونکردنیان، بە شێوازی هەمەجۆر کارم لەناو کردوون، تا ئەو شوێنەی دەقەکە دەخوازێت خۆی بەکۆتایی بگەیەنێت لەگەڵیدا تەبا دەبم و دەڕۆم.

زمانی بێدەنگکراوم لە دەقەکاندا بە دەنگ هێناوەتەوە، بە ئاسانیش دەتوانرێت هێڵە جیاکارەکان لەم بەدەنگهێنانەوەیەدا دەستنیشان بکرێت.

شیعر ناوەندە، هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی بەرەو ناوخۆی بەکێش دەکات و چارەنووسی ڕاستەقینەیان بە ڕوونی دەداتە دەست، لە ژیانی شیعریدا سوودی گێڕانەوە و تەوژمی هۆش و گفتوگۆ لە هونەری ڕۆمان و پەخشان و شانۆنامە و ئۆپێرا و ئۆپەرێت و سینەما و چیرۆک ... تاد، وەردەگرم. لە ڕەگەزی خۆیان دەریاندەهێنم و هێزی کرانەوە و جووڵاندنیان پێدەدەم، پتەوتر و کاریگەرتر و سەیرتر و بەپیتتریان دەکەم، لە ئامادەکردنیان بۆ دامەزراندنی دەقی شیعری.

دەقیش خوێندەوارانی دڵنیا دەکات لە چێژ وەرگرتنی شیعریبوون و خواست، چاوەڕوانییان دەهێنێتە دی.

من بەرپرسیارییەتی دەنووسم، لەبارەی بەرپرسیارییەتییەوە نانووسم

## ٢

یەک لە دڵەڕاوکێی من ئەوەیە، شاعیرێک، یان شانەیەک کارێکی نایابیان بەرهەم هێنابێت، هەوڵ دەدەم باش لە چۆنیەتی و ڕەگی هەقیقەتی سەرکەوتنی کارەکەیان بگەم.

لە ڕووی هیچ ڕەگەزێکی ئەدەبی حەزم نەکردووە وەک کەس بم، کەسیشم لەبەرچاو نەگرتووە، هاوڕێی هەموو ئەو شاعیرانەم، کە پێش من پرۆژەی داهێنانیان هەبووە، ئەوانەی هاوچەرخن، ئەوانی دوای منیش دێن و دەبن بە شاعیری خاوەن پرۆژە.

خۆم لە دەرەوەی هەموو نەوەیەکدا دەبینم، تەنانەت لە هەندێ شیعردا سەر بە شیعری لە پێشتری خۆشم نیم، سەر بە ئەزموون و ئەفسانەی ئەو شیعرەم، کە دوا شیعرمە و لە نووسینیدام، زەمینەی ئەفسانەیی پێش ئەوەی لە هیچ ڕەگەزێکی ئەدەبیدا کاری پێکرابێ و هەبووبێت لە شیعردا کاری پێکراوە و هەبووە.

ناچمە ناو هیچ شانەیەکی ئەدەبی، خۆشم بە هیچ شانەیەک نەزانیوە، لە بنەڕەتدا ئەدەب و داهێنان کاری تاکە کەسییە، چوونە ناو بازنەی شانە، دەرکردن و چەواشەکردنی ئەم تاکە کەسییەیە لە بازنەی ئەدەب و داهێناندا.

خانەخانەیی و قۆناغبەندکردن، هەڵەیەکی کوشندەیە، شیعر تەنیا بە گەیشتن بە باری دەروونرۆشنی پێوانە دەکرێت، ئەمە بۆچوون و

بیرکردنەوەی کۆمەڵێک خودی وریایە، دەق قسەیان بۆ دەکات و دەق قسەشیان پێدەکات.

بێوچان لەگەڵ خۆمدا لە جەنگی بێ ئاماندام بۆ ئەوەی بگەم بە باری دەروونڕۆشنی تا بەسەر تەمەن و کاتدا زاڵبم، خۆشم بە تەلیسمی لێڵیی ساختەوە هەڵنەواسیوە، هەوڵم داوە ئاست و ئاراستەکانی توانا و بیرکردنەوەی ئەمڕۆ بم.

لەمڕۆدا بزواندن و پێشبینیکردنی ئایندە دەردەکەوێت، لە جیهانی خۆمدا ئارامی دروست دەکەم و بارێک دەهێنمە بەر زەین و تێیدا نیشتەجێ دەبم و دەنووسم، پەیوەندیشم لەگەڵ سۆراغکارانی بەرهەممدا بەردەوام و پتەوە، ناشزانم تا کوێ بڕ دەکەم، بەڵام خۆم لەوە دڵنیا کردووەتەوە لە شیعرەوە بەرەو ژیان و ئایندە دەڕۆم.

لەسەر هەموو ئاست و ئاراستەکانی ژیان لایەنگیری گۆڕان و جێگیرنەبوونم، شیعری کوردی لە کلاسیکەوە تا بە ئەمڕۆی گەیشتووە لەباری وەستاو نەماوەتەوە، بگرە قۆناغ بە قۆناغی بڕیوە، ئەگەر گۆڕانی ڕیشەیی و داڕشتنی قووڵیشی پەیدا نەکردبێت، ئەوە بۆچوونی هاوچەرخ و ڕەسەنی لە ئاست شارستانییەتی وڵاتەکەیدا، هێندێک ناوکی بنەمای دۆزیوەتەوە. کاری زمان و شێواز و شیعریبوونی قۆناغەکەی لەسەردا کردووە.

چەند قۆناغێکی دانپێدانراوی شیعری کوردی لە ئارادان و لێتۆژینەوەیان لەبارەوە دەنووسرێ، بەڵام قۆناغەکان قۆناغی درەوشاوە نین، بگرە هەر یەک لە قۆناغەکان دەنگێکی درەوشاوە نوێنەرایەتی قۆناغەکەی کردووە.

ڕەخنەی کوردی، نەهاتووە تەواوی قۆناغێک بە ئاستی دەنگەکان وەربگرێ و خوێندنەوەیەکی وشیاری بۆ بکات، گرنگییەتی سەربەخۆیی و هاوبەشی کارکردنیان و بنەما دۆزراوەکانی قۆناغەکە دەربخات.

بگرە یەکە یەکە نوێنەرە بەهێز و درەوشاوەکانی وەرگرتوون، ئەم یەک یەک وەرگرتنەش وای کردووە قۆناغەکان کارکردنی هاوبەشیان بە نەدۆزراوەیی بمێنێتەوە.

من ژیان دەنووسم، لەبارەی ژیانەوە نانووسم

## ٣

هەست دەکەم، ژیان لە دۆخگۆڕیندا جۆرە بەرزی و نزمییەکی نارێکی تێدایە، دەمەوێ لەم دۆخگۆڕین و بەرزی و نزمییە نارێکەدا ڕزگارم ببێت، لەناو شیعری پەتیدا بژیم و مانایەک بە ژیان و دادپەروەری بدەم، شاعیر ئەگەر خۆی خستە خزمەت دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆریی سیاسییەوە، هاوپەیمانی بوو، بێگومان ڕۆڵ و ئامادەیی گەشەکردن و پەرەسەندنی جیاکاری لە بەین دەچێت، ناتوانێ توانای بەهێزی داهێنان ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەگەر دوور لە هێزی شەڕخوازی، جۆرێک باوەڕی سیاسی هەبێ بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ڕوودان، چالاکییەکی هۆشمەندییە لێیەوە کاریگەریی خۆی بەدی بهێنێ و تێڕوانینەکانی نیشان بدات و بیانچەسپێنێت. چرکەساتی نووسین، چرکەساتی تێکۆشانی گیانییە.

شیعری داهێنراو، وشەکانی جەنگاوەری سەربەخۆییخواز و سەرلەشکری بەرەنگاربوونەوەن دژی دیکتاتۆریەتی بە زەبری هێز خۆسەپێنەر، کە هەستم بۆ خۆشییەکانی ژیان جۆشا، ژیان زۆر بە ئاڵۆزی و گرانی خۆی پیشاندام، لەم کاردانەوەیەدا دەمەوێ لە ڕێگای

شیعرەوە ئاڵۆزی و سەختییەکانی ژیان بەتاڵ بکەمەوە، ژیان بهێنمە ناو زمان و نووسین، بۆیە ئاوا هۆگری شیعر بوویمە، هەموو ژیانی لێ سەندووم.

بۆ ئەم داوایە لە ژیان. شیعر پێویستییە، لە چرکەساتی چاوەڕواننەکراو و نەبینرا و خەونئامێزدا، بار و کەشێکی پیرۆز سەر تا پێم دادەگرێ و دەڵێت: خودی بەرپرسیار بەرانبەر بزواندن، پەیامی شیعر بەرز بکەرەوە.

شیعر حەوشە و ماڵی خودایە، گوناهی هەموومانی لێ پاک دەبێتەوە و تێیدا دەبین بە فریشتە و خوداوەند.

شیعر ئامانجی بەختەوەری و جێگای هەموو هیوا و خۆشادمانکردنێکە بۆ من، لە ڕێگایەوە دەتوانرێت پەیوەندی بە جیهانی فریشتە و خوداوەندانەوە ببەستی، هەروەها خەونەکانت کۆ دەکاتەوە، ئەگەریش زانیارییەکی گشتیت لەبارەی کەرەستە و ئامرازەکانەوە نەبێت، ناتوانی هەڵگری خەونەکانت بیت.

من خەون دەنووسم، لەبارەی خەونەوە نانووسم.

## ٤

بێبەهرەکان، بە چالاکی و پڕ بەرهەمیم جۆرێک شڵەژاوییان کەوتووەتێ و نائاسوودە و سەغڵەتن، بەئاشکرا و ژێراوژێر لە پلان و پیلاندانانن دەمبەستم بکەن و بمچەوسێننەوە، یان ئەو ڕووناکییەی لێمەوە دروست بووە، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، بیکوژێننەوە، یان بیشارنەوە، ئەگەرنا بیشێوێنن و گومانی بخەنە سەر.

لەم دژایەتیکردنەدا هەست بە هیچ زیانێک ناکەم، بایی ئەوەندە گوێیان لێ ڕادەگرم بزانم چی دەڵێن، ئاست و ئاراستەکانیان چین، هێندە

کاتیان نادەمێ بیریان لێ بکەمەوە، گیانی لەخۆبوردن و بێبایەخکردنی دوژمنەکانم لەمندا بەهێزە، ئەمەش لە ڕێگای گیان پەروەردەکردنێکی بەردەوام و دۆزینەوە و خۆناسینەوە پێیگەیشتووم.

شیعر بۆ من پەیامی ڕاچڵەکاندن و ئەو ئاگرەیە قەت ڕووی لە خامۆشی نییە، تەواو بڕوام پێیهێناوە و ئەمەکدارم بۆی، دوژمنەکانم لەناوەوەیاندا لە ئاست ئەم ئەمەکدارییەی من داتەپیون، خۆیان بە گوڕنەتەڵە و چەوساوەی دەقەکانم دەبینن، منیش لە شەڕە بێفەڕەکان خۆم پاراستووە و فەرامۆشیان دەکەم.

لە گردەنشینیی دەروونی ئامانجدارم، خەریکی بەرزکردنەوەی ئەو شتە پیرۆزە دەبم، کە بڕوام پێهێناوە، بڕواهێنان جوانترین و بەهێزترین شیعریبوونی تێدایە، هەلومەرج و ئارامیی تەواوم بۆ دابین دەبێت وەک منداڵێک خەون دەبینم، ژیان لەناو خەوندا مشتوماڵ بکەم.

شاعیری ڕاستەقینە هەموو کات وەک منداڵێک هەڵسوکەوت دەکات، هەرکاتێک ڕێگای دا ئەو منداڵییەی ناوەوەی وەک گەورەیەک فەرمانی پێبدا و هەڵیسووڕێنێت، ئەوە لەم چرکەیەدا جارِی بەتاڵبوونی خۆی دەدا، چونکە گەورە لە هەڵسوکەوتیدا تاکتیک بەڕێوەی دەبات و تاکتیکیش بەڕێوە دەبات، داهێنەریش پاکی و یەکڕوویی فەرمانڕەوایەتی، پاکی و یەکڕووییش تەنیا لە منداڵییەتیدا دەست دەکەوێت، لە پاکی و یەکڕوویيدا دەگەیت بە دەروونڕۆشنیی خودایی.

پەرە بە خەونبینین دەدەم، خەون لە دەربڕیندا بنەڕەتی واقیع ون ناکات، ملکەچی دەسەڵاتیش نابێ، بەرهەمهێنەری ترپە و ئاوازی نوێیە بۆ دەربڕین لێکردن و بەڕێوەچوونی واقیع لەناو دەقی فەنتازیادا.

من پاکی دەنووسم، لەبارەی پاکییەوە نانووسم.

## ٥

شاعیری دامەزرێنەری گەورەمەند بە ڕەخنە لێگرتنی نابەجێش بڕوای بە دامەزرێنەری و گەورەمەندیی خۆی لەق نابێت، پتەوتر و کاریگەرتر و پەتیتر دەبێتە هێمای ڕوونبوونەوەی زمان و نووسین. مێژووی لەناو دادەمەزرێ، ئەو بڕوا پتەوتربوون و کاریگەرییە و پەتییەشی هێزی ڕزگارکار و ڕزگارکردنی دەقە لە پاشماوە جێماوەکان و پاشخاپەرۆکەکانی زمان و نووسین.

من ڕزگارکردن دەنووسم، لەبارەی ڕزگارکردنەوە نانووسم.

## ٦

هیچ وشەیەک لە ژیان و مردن کۆنتر نییە، وشەش لەسەر کۆنی و نوێیی نەکەوتووە، بگرە لەسەر تێگەیشتنی نووسەر کەوتووە چۆن بەکاری دەهێنێ و ئاست و ئاراستە و ئاسۆی لێ دەدۆزێتەوە.

نەمویستووە جیهانی کۆن بڕووخێنم و جیهانی نوێ بنیاد بنێم، تێکۆشاوم لەناو جیهانی کۆندا جیهانی دیکە بدۆزمەوە و بیکەم بە نموونەی ڕوونی و خاوێنیی بەهەشتی تا هەتایە.

شاعیر دەتوانێ کەڵک لە تەواوی وزە سروشتییەکان وەربگرێ بۆ بنیاد و پێکهاتەی شیعری.

شیعر، بە پەیوەندییەکی پێداگر و زیندووی ژیان دەزانم، هێندێک کاری سەرەتاییم سادە بوون، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیم ناساندوون، بە شایستەی ئەوەیان نازانم لە کتێبێکدا بیانهێنمەوە ناو جیهانی زمان و نووسین، دووبارە پیشانیان بدەمەوە، یان جۆرە یەکترناسینێک بوون لەگەڵ خەیاڵی بە پیتی شیعر و

هەڵڕشتنی مانادا. کارکردن لەپێناو مانادا لەناو ڕەگەزە شیعرییەکاندا ڕەگەزێکی بنچینەیی نییە.

وەک دەسپێک و زەمینە لە هێندێکیاندا جیهانبینیی شیعریم سەرەتاییە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەموو هێز و توانای دەربڕینم لە تەواوی ژیان و بوونم ڕوانیوە، ئەو ڕوانینانەی لێیانەوە دەگەیت بە قووڵایی ئومێدە پەیامدارە ڕاستەقینەکان.

هەوڵم داوە ئەوەی لە گیان و ناخی من جێگیر بووە، بیگوازمەوە بۆ گیان و ناخی کۆی ئادەمیزادەکان بەو حیکمەتەی شیعر پاکییەتی ژیان ڕادەگرێت.

من دۆزینەوە دەنووسم، لەبارەی دۆزینەوە نانووسم.

## ٧

پێشبینی لە بیری مندا بەهێزە، زۆر جاران شەو خەونم بینیوە بۆ بەیانی، یان لە ماوەیەکی کورتدا ڕووداوی خەونەکە بە واقیعی هاتووەتە ناو ژیانم و بووەتە ڕووداوێکی بینرا.

شیعر دەکەم بە ژیان، شیعریش دەوری ئەم چەترە دەبینێ هەموو چالاکییەکانمی لە سێبەردا یاداشت دەکەم.

شیعر وەک خەون وایە، ئەگەر نەیبینم هەست دەکەم وەک مرۆڤ تەواو بوویمە و شوێن و ئەرکم لە ژیاندا نەماوە.

ترپە و خورپەیەکی شاراوەی ناخە، دێت و دەستم دەگرێ، دەمباتە ناو ژیانێکی جوان و بەهەشتی تا هەتایە، لەم گەشتە جوانەشدا بە نەرمە گۆرانی گوتنەوە، شتە هەرە جوانەکان دەکەم بە هاوڕێی گیانی بە گیانیی خۆم و دەیانهێنمەوە ناو ماڵی هەمیشە دڵخۆش و فەرامۆشبەخشی زمان و نووسین.

من پێشبینی دەنووسم، لەبارەی پێشبینییەوە نانووسم.

شاعیر لە شیعرەوە هەستیاریی خۆی دەگەیەنێ، شاعیری داهێنەریش کەللەسەر و چاوی ڕوونی میللەتە، لە هەر شیعرێکیشدا ڕاستییەک لە کەللەسەر و چاوڕوونیدا دەدۆزێتەوە.

کۆمەڵێک دەقی پەتیم نووسیوە لە پانتایی خەون بوونەتە شێواز و بەرگری لە مانای جوان دەکەن، پێناسەی ئەدەبیی منیان پێکهێناوە، بە ئەدەبیاتبوونی خەونم لێیانەوە ناساندووە، تا ڕادەیەکی بەرچاویش سەر بە گۆبەندبوونە و لەرزەیەکی نوێبەخشیان خستووەتەوە، بەهۆی خۆ دامەزراندن و گورج هاتنە پێشەوە و بڕوا بەخۆبوونم لە بەردەوامیی بەخشیندا کاردانەوە و بەدگۆیی و ئیرەیی و نیازخراپی و دڵڕەشی و کەمسەری و ناکەسبەچەیی دوژمنە گوڕنەتەڵەکانم گەیشت بە پلەیەک هەڕەشەی زۆر ناشارستانیم لێ بکەن.

لە دەقەکانمدا سەرچاوە ئێستێتیکییەکانی ژیان لە هەموو شتێک بەرزترن، پەیوەندیشم لەگەڵ شوێندا، پەیوەندییەکی گیانییە، یەکەم خەیاڵگەی بەپیتمە هەموو یادەوەرییەکانم لە شوێنێکدا خەوتوون، کە چاو بواری نییە کۆیان بکاتەوە و بیانگرێت، مەگەر لە ڕێگای خەونبینینەوە بە ئاگایان بهێنمەوە و ئاوی چاوی تیشکهاوێژم بدەم، بیانخەمە ناو چالاکییە هەستی و خەونییەکانم.

ئەگەر ڕۆژێک بە هەست، دەستی نیانی هەتاوی شوێن لە خەو بە ئاگام نەهێنێت، وا دەزانم ئەو شەوە چالاکیی هەستی و خەونی تێدا نەبووە.

شوێن لە دەقدا خەیاڵ و ڕوانین و خەونی شاعیر دایدەمەزرێنێ، جیاکارە لەو زەوییەی ڕۆژانە بەسەریدا گوزەر دەکەیت. جیهانی خەونیش بەلای منەوە سەرنجڕاکێشترین جیهانی شیعرییە، لەبەر

ئەوەی باسی ژیانی تەواو داماڵراو لە فرت و فێڵ و بەدگۆیی و ئیرەیی و نیازخراپی و دڵڕەشی و کەمسەری و ناکەسبەچەیی و تەواو ئازاد بە گشتگیری دەکات.

من شوێن دەنووسم، لەبارەی شوێنەوە نانووسم.

## ٩

ژیانی ڕاستەقینە، ئەو شتەیە، کە دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆریی سیاسی لێی سەندووین، ئەم لێسەندنەوەیەش لە دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆریی سیاسی تەنیا لە ڕێگای خەونەوە دەبێت، کەواتە: ژیانی ڕاستەقینە تەنیا لە خەوندا هی خۆمانە، ئازادیی تەواوی لێ وەردەگیرێت.

شێوازی خەونیم پەیڕەو کردووە، لە دەقی خەونیدا دەتوانرێت خودی شاعیر بناسرێ و ڕەنگەکانی ببینرێن.

خەون، یاخیبوونی بە جەرگانە و دەنگی نارەزاییە لەکار و ڕووداوە نابەجێیەکانی دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆریی سیاسی.

لە خەوندا شاعیر پرسیار ئاراستەی ژیان و کۆمەڵگا و دەسەڵات دەکات، لە ڕێگای ئەم پرسیارکردنەشەوە دەگات بە دۆزینەوەی گەوهەری مرۆڤ.

جووڵەی بەهێزی ناوەوەی شیعر لە توانایدایە ڕاستەوخۆ کار بکاتە سەر ژیان و بیگۆڕێت.

خەونی نایاب دەبێتە زمان و شێواز و بابەتی نایاب، دەقەکانم دەقی خەونین، خەونیش وەک گیان و هاندەر، هەمیشە تێکەڵ بە شیعریبوونی دەقم دەبێت و هەستی شکۆمەندی لە مندا ڕسکاندووە و دەڕسکێنێ.

ڕوانینەکانم دەخەمە ناو بازنەی خەونەوە، خەونە بەرجەستەکراوەکانیش پێویستییان بەوەیە دووبارە بیانهێنیتەوە ناو ژیان تا ڕۆڵ و کار و چالاکیی خۆیان ببینن و پتەوتر هاوبەشی لە گۆڕان بکەن.

لە بواری خەونبینیندا پشت بە چاودێری و سەرگەرمیی خۆم دەبەستم لە پێکهاتەی دەقیشدا خەون ڕۆڵی بنچینەیی دەبینێت، ئامادەبوونی بەردەوامیشی لە ژیانی کەسایەتیمدا بەدیار کەوتووە.

خەون هەڵوێست و بۆچوونی ڕوونە بەرانبەر بە دیمەنی شڵەژاو و دیکتاتۆریەتی ژیان.

من پرسیار دەنووسم، لەبارەی پرسیارەوە نانووسم.

## ١٠

نووسین کاتی هەستیاریی تەمەنە، لە درەوشانەوەی شیعریی دۆنایدۆنی کەشوهەوای ئازادیی بیرکردنەوە و خەونبینین دەبم، خەیاڵ و خەون و چەمکی سەرلەنوێ ژیانەوە لە پلەیەکی ئەفسوونیدا یارمەتیدەرمن بۆ کێشانی ئەو شتانەی کە چاوم نەیدیبوون.

لەناو شیعردا دەجووڵێم و بارودۆخی گیانیم ئارام دەبێت، سەیری تەواوی جیهان دەکەم، لەم سەیرکردنەمدا هیچ دەسەڵاتدارێک بوونی نییە، تەنیا ئەو خودایە نەبێت، کە پەیوەندیم پێوەی بەهێزە و هەڵسووڕێنەری گیانیمە، ئامۆژگارییە ئاسمانییەکان هەمیشە لەبیرمدان و فەرامۆشیان ناکەم، هەستی ئایینیم بەرجەستەکردووە. نەک بابەتی ئایینی، تا سنووری ڕەوا لە نووسەرە گەورەکان نزیک دەبمەوە و بەهرە و سرووشیان لێ وەردەگرم، بەڵام ناچمە ناو ئەو بازنەیەی تایبەتە بە جیهانبینی و بڕوای ئەوان. خودی سادە و ساکار ژیاوی

متەسەووف و سروشتخواز و خەونبین وەک بوونێکی گشتی تەماشای دەوروبەر دەکەن و لەناو جوانییەکاندا دەتوێنەوە. لەم توانەوە دڵئاگاییيەدا هەست بە شتەکان دەکەن و دەگەن بە خود و غوربەتی ناخ و گیانی باڵا، لە ڕێگای ئەم گەیشتنەشەوە شاد دەبن بە دوایین پلەی دەروونرۆشنی و شینایی سەرەتا و بێگەردکردنەوەی تا هەتایەی هەموو شتەکان.

من بێگەردی دەنووسم، لەبارەی بێگەردییەوە نانووسم.

## ١١

لە دەقی خەونیدا دەستەواژە لە ئازادکردنی مانا و بنیادی ڕستەدا هەمیشە لە سنووربەزاندندایە.

دەقی خەونی دەستکەوتێکە لە ئەوپەڕی زمان و جیهانبینیی ڕوون، دەربڕینە خەونییەکان پەنجەمۆری لەسەر داناون، شێوازی هەمەجۆر لە دەقی درێژدا بەکار دەهێنرێ، جۆرێک لە دەستکرد و دروستکردنی تێدا ڕەوایە، لەبەر ئەوەی پشت نابەستێت بە چرکەی تەقینەوەیەک، بگرە زنجیرە تەقینەوەی یەک لەدوای یەک و جووڵاندنی ڕابردوو و تێڕامانی لە مێژینەن لە کەشی نووسین دەگەڕێیتەوە سەریان و جیهانبینی تێدا دەجۆشێت.

گونجاندن و لێک نزیککردنەوەی شێوازی شیعری ئازاد و شێوازی پەخشانەشیعر ئاست بۆ سنووربەزاندنەکان دەدۆزێتەوە. ماناکان لە هەناوی زمانەوە دەرپەڕیون، وێنە ڕاستەقینەکان لە هەست دەچن، هەندێ جار خۆیان ئاشکرا دەکەن، هەندێ جاری دیکەیش ون دەبن.

لەم ونبوونەدا ژیان یەکپارچە دەبێتە گومان، لەو گومانەشدا شیعریبوون دەبێتە خوداوەندی سەرزەمینێکی لێوانلێو لە ڕازی نوێبەخش و جیهان بە باشی و چێژ وەرگرتنەوە دەبینێت.

من گومان دەنووسم، لەبارەی گومانەوە نانووسم.

## ١٢

کەلەپوور بازنەیەکی نیمچە داخراوە، داهێنەر هەمیشە پانتاییەکی ڕوون و ئاماژەیەکی گرنگی تێدا دەکاتەوە بۆ پرسیار، پرسیار دروستکردن لە دەقدا، پەیوەندییەکانی شاعیرە بە زمان و هەستەکانی ژیانەوە.

دەقی خەملێو لە ئەزموونی مرۆڤی وریا لە ئاست چارەنووسدا، خۆی لەو بیر و مانایانە دادەماڵێت، کە لەناو دەقدا یەقین دروست دەکەن، دڵەڕاوکێ و گومان دەستمایەی دەقی ئاستدار و خەونین.

کەلەپوور ئەگەر پانتاییەکی ڕوون و ئاماژەیەکی گرنگی تێدا نەکرابێتەوە بۆ پرسیار، یانی ڕابردوو، ڕابردووش وەستاوە و یەقینی تێدا زاڵە، بە هەموو توانامەوە هەوڵ دەدەم کەلەپوور وەک ڕابردوو وەرنەگرم، مەبەستمە بیکەم بە خەڵکی جیهانی ئەمڕۆ، خەڵکی جیهانی ئەمڕۆ بم، ئەمڕۆ شتێکی تەواو بینرا و زانراو و وتراو نییە. ئایندە بێئامانترین سەرچاوەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی ئەمڕۆیە، ئەو ئەمڕۆیەی ئایندە تێیدا کەرەستەیەکی خاوە، ملکەچی توانایەکانمان نییە.

من ئاماژە دەنووسم، لەبارەی ئاماژەوە نانووسم.

## ١٣

نووسینی واقیعی بینرا لێکەوتنەوەی زەینی ئارام و خۆشنوودییە، بەڵام دەقی خەونی، لێکەوتنەوەی زەینی شڵەژاوە. زەینی ئارام حەز بە

خوێندنەوەی ئەو نووسینە دەکات، زەینی ئارام نووسیویەتی، زەینی شڵەژاویش حەز بە خوێندنەوەی ئەو نووسینە دەکات، زەینی شڵەژاو نووسیویەتی.

لە دەقی خەونیدا هەست دەدۆزرێتەوە، هەستیش زەمینەیەکی لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی شیعریبوون، خەون کردەیەکی هەستییە لەوەی کردەیەکی عەقڵی بێت، لەگەڵ ئەمەشدا بنچینەی خەون هەست و واقیعە، بەڵام واقیع بەو شێوازە نا، کە دەبینرێت، واقیع بەو شێوازەی هەست لە دەقی پەتیدا ئامادەی دەکات، لەم بار و کەشەدا خەون هێزی خەیاڵ لە نووسیندا بەرز دەکاتەوە و کار لەسەر لایەنە شاراوەکانی چارەنووسی مرۆڤ دەکات.

من شاراوە دەنووسم، لەبارەی شاراوەوە نانووسم.

## ١٤

ژیان لە هەموو دنیادا، جۆرێک چوونیەکی تێدایە، دەگونجێ شاعیر نەریتی هەموو دنیا لە دەقدا بکات بە هی خۆی، وەک بیر و ماناش لە شیعردا نیمچە نزیکییەک لە نێوان نەتەوەکاندا ئەگەر هەبێت ڕەوایە، بەڵام شیعریبوون لە زمانی نەتەوایەتیدایە. مانای وێنەی شیعری لە ترپە و ئاوازدا کۆ دەبێتەوە و لە ئەوپەڕی زماندا دەڕسکێ، شیعر تەنیا لە زمانی خۆیدا شیعرە، لە هیچ زمانێکی تردا شیعر نییە، واتە: لە وەرگێڕاندا ناوێکی تر وەردەگرێت. ئەدەبێکی جوانە، بەڵام شیعر نییە. لەبەر هۆیەکی بنچینەیی، چونکە هەستی زمان و هەستی شێواز و هەستی فۆرم لە وەرگێڕاندا لە بنیادی یەکەمەوە ناگوازرێنەوە بنیادی دووەم، ئەگەر شیعریش ئەم سێ هەستەی تێدا بەهێز نەبوو، شیعر نییە پەیوەندییەکی شیعرییە.

زمان هەڵگری بیر و ڕاکانی نەتەوەیە، شاعیریش لە ڕێگای زمانەوە جوانییەکانی نەتەوە ڕادەگەیەنێت، نووسین بە زمانی نەتەوە ئینتیمای نووسەرە بۆ نەتەوەکەی، بەکارهێنانی زمان دەبێتە ناوەند و سەربەخۆیی داهێنان و ئینتیمابوون وەردەگرێت، زمانی درەوشاوە و جووڵەدار لە دەقدا یانی گەشەسەندوو و داهێنراو و درەوشاوە و ڕسکاو.

دۆزینەوە لە ڕێگای خوێندنەوەوە، بە بەهرەمەندیی نووسەر وەردەگیرێ، من کە لە دایک بووم و هاتمە ناو قسەکردن، وشەی مردنم نەدەناسی و نەمدەزانی واتای چی دەدات، لە خوێندنەوەدا گەیشتم بە کرۆکی واتایی و ئاسۆکانیم ناسی و بەهرەم لێ وەرگرت، چوومە ناخی وشەکە و وشەکەش هاتە ناو ناخی من و بووین بە هاوتای یەکتری.

ئەو بە چاوی منی ڕوانی و منیش بە چاوی ئەو جوانییەکانی ژیانم بژارد، دواتر لەگەڵ بینینی مەرگی باوکم گونجاندم و هێنامە ناو زمان و نووسین.

وشەی دایە و بابە گەشترین و بەهێزترین شیعرییبوونیان تێدایە، واتایەکی ڕاستەقینەی بەردەوامین، ژیان بە ئەمانەوە خۆشحاڵ و پەیوەستە، لەوێوە دەست پێدەکات، واتە: لە شیعر خۆیەوە، ژیان خۆی جووڵێنەری خودی شیعرە.

من ناسین دەنووسم، لەبارەی ناسینەوە نانووسم.

## ١٥

ئەرکی شاعیر ئەوەیە گۆڕان لە ڕوانین و نەریتی باوی کۆمەڵگا دروست بکات، واتە: شۆڕشگێڕبێ لە ڕوانین و گۆڕینی چێژ بۆ جوانی.

که جوانیشی خۆشەویست کرد لەناو کۆمەڵگادا، واتە: تەواوی ژیانی خۆشەویست و پەسند کردووە.

شۆڕشگێڕیش بەشێکە لە ژیانی پەسندکراو، بەڵام بیری توندوتیژیی ناڕەوا، یان سیستمی دیکتاتۆریی سیاسی لە دەقی شیعریدا هۆی خنکێنەری فەزا و هونەری پەتییە.

بیری توندوتیژیی سیاسی شیعری هەڵچووندار بەرهەم دێنێت، هەڵچوونیش گرنگی بەهۆیەکانی لێکدانەوەی توندوتیژی و زەبروزەنگ نادات، بگرە دەیانخاتە ڕوو. قسەمان لە هەڵچوونی گیانی نییە، کە سووتان دروست دەکات و دەبێتە بەرهەمهێنەری شیعری ڕۆمانسیی هەستی و دەروونڕۆشنیی تەسەوف.

شیعری تێڕامان، بەرهەمی بارودۆخی ئارامە، کە جوانی تێدا خەملێنراوە.

شیعری هەڵچووندار، بەرهەمی بارودۆخی شڵەژاوە، کە جوانی تێدا بزر کراوە.

شیعری هیچ نەتەوەیەکیش بە هەڵچوونداری ناگا بە غوربەتی ناخ و گیانی باڵای خۆی و مەزنایەتی وەرناگرێت.

من تێڕامان دەنووسم، لەبارەی تێڕامانەوە نانووسم.

## ١٦

هیچ ئاستێکی جیاکار لە نێوان هەقیقەتی گەورە و داهێنراوی گەورەدا نابینرێت، هەمیشە نووسراوی داهێنراو لە باسکردن و ڕووداوی بینرا و بیستراو بەهێزتر و کاریگەرترە.

بەشێک لە بەشە کاریگەرەکانی ئەدەب، ڕەخنەیە، ڕەخنەش لە کرۆکدا هۆیەکە بۆ گەیشتن بە ئاکامی بیری پێگەیشتووی دەق و خستنە ڕووی

پێکهاتە زیندووەکانی بەرزی شێواز، هەروەها ناوەندی کارکردنی دۆزینەوەی داهێنانیشە، ئەو بۆچوونانەی لە بیر و شێوازی دەقەکەدا بەدەستیان دەهێنێت، ئاراستەی دەقەکەیان دەکاتەوە و گوتاری خۆی دادەمەزرێنێ، ئەو ڕەخنەگرەی توانی گوتاری تەریبی خۆی لەگەڵ کارە ئەدەبییە داهێنراوەکاندا دابمەزرێنێت، دەروونێکی بێگەرد و ئاشقە.

ڕەخنە، دەق بە ناسنامەی کراوەی ڕوون لەسەر بەرزاییەکی دۆزراوەی ناوەند ڕادەگرێت و پرۆژەی دامەزراندنی پێشنیاز دەکات، پێویستە دەروونی بێگەرد و ئاشق بەجێی بهێنێ و کاری لەبارەوە بکات، نەک دەروونی لێخن و نەخۆش.

دەروونی بێگەرد و ئاشق، بینینی ڕەخنەیی تێیدا ئاشکرایە، سۆراغکاری نووسین یارمەتی دەدا و ئامانجە بۆ ئاشناکردنی.

دەروونی لێخن و نەخۆش، بینینی ڕەخنەیی تێیدا بزرە، سۆراغکاری نووسین چەواشە دەکات و هۆیە بۆ بەلاڕێدا بردنی.

من پێکهاتە دەنووسم، لەبارەی پێکهاتەوە نانووسم.

## ١٧

خۆمم وەک خودێکی بیرکەرەوە لەناو خەیاڵ و فەنتازیای دەقەکانمدا، هەموو بنەماکانی ئەم خۆدەربڕینەشم لە جووڵەی دەقەکانی خۆمدا دۆزیوەتەوە. دیتنی منی بۆ شیعر بەڕوونی تێدا دەبینرێت، شێوازی گێڕانەوەی خەونم وەک بنیاد و جووڵێنەری نووسین وەرگرتووە، زمانیش وەک دامەزرێنەر و بەشێکی زیندووی دەقی ئاستدار و خەونی.

هونەری کۆلاژ و هەڵڕشتن و بەدوایەکداهێنانی وێنەی جۆراو جۆر، یان هێنانەوەی وێنە لەدوای وێنە دەبێتە هۆی ئارامی و ئاگری زیندووی گیانی و زەینیی خوێنەر.

جۆرێک پەرتی و بایەخنەدان بە یەکێتی بابەتم وەک ڕەگەزی کتوپڕی پەیڕەو کردووە، ئەم هونەرەش لە شیعری کلاسیکی کوردییەوە فێربووم، لەشیعری کلاسیکی یەکێتی بابەت نییە، بگرە یەکێتی دێڕ هەیە، من ئەم یەکێتی دێڕەم گۆڕیوە بۆ یەکێتی وێنە، لێچوون و لەوچووشم گۆڕیوە بۆ هێما و ئاماژە، هەروەها مۆسیقا و ترپە و ئاواز لە شیعری کلاسیکیدا لە کێش و سەروا و بڕگەوە دەبینرێت، لای من جووڵەی وشە تێکەڵ بەیەکتر دەبن. مۆسیقا و ترپە و ئاواز پێکدەهێنن.

من ڕەگەزی کتوپڕی دەنووسم، لەبارەی ڕەگەزی کتوپڕییەوە نانووسم.

## ١٨

سەرنجدانی هیچ شتێک بۆ بەهرەمەند لە سوودوەرگرتن بێبەش نییە، هەر شاعیرێکیش لە ژیانی ڕۆژانەیدا زۆربڵێ بوو، زوو سەرنجەکانی دەربڕی نەیهێشت بارەکانی بگەن بە باری تێڕامان و ناخ ڕوونبوونەوە و جیهانبینی و بەهرە خەمڵاندن، درکاندنی. بێگومان کارەکەی وەک نووسراوی ئاسایی پڕە، بەڵام وەک نووسراوی داهێنراو بەتاڵە، چونکە نووسراوی داهێنراو تەنیا بە تێڕامان و ناخ و ڕوونبوونەوە و جیهانبینی و بەهرە خەمڵاندن، مەزنایەتی وەردەگرێت. شتە بینرا و هەستپێکراوە بەسوودەکان پێش ئەوەی لە نووسین جێگایان بکاتەوە بەسەر قسەکردن دابەشیان دەکات. لەم بارەدا بەهۆی قسەکردنەوە

هۆشیارمەندیی نووسین لەدەست دەدات، یان بەردەوام بەپەلە قسە بۆ دیاردە سروشتییەکان هەڵدەڕێژێت، کە شیعر بێدەنگییەکی خوداییە، ناهێڵێت ئەم بێدەنگییە خوداییە ئەم بە قسە بێنێ، یان بە ئاماژە و نەرم نادوێت، بگرە بە تەواوی هێزی دەمی بەڕەڵڵا دەکات و بارەکانی بێدەستمایەی نووسراوی داهێنراو بەتاڵ دەبن.

من بێدەنگی دەنووسم، لەبارەی بێدەنگییەوە نانووسم.

## ١٩

کتێبخانە کەسایەتی نووسەرە، من وەک بارستاییەک هێندە بەفری کتێبم لەسەر کەوتوون، بەهرەی ئەو کتێبانەم چۆڕاوەتە هۆشیاری و کەللەسەر، تا وەک کانییەک لەژێر گرانایی ئەم بەفرەدا، کە هاندەری گیانە دەربووم و جۆگەلەم هاوێشت.

لە دژوارترین کاتدا، کە زەبر و زەنگی واقیع و دەسەڵات و سیستەمی دیکتاتۆری سیاسی ویژدانم دەڕەنجێنن. وەک منداڵێکی هەست بە شاڵاوی تۆقێنەرکردوو، کتێبخانەکەم بە دڵنیاترین قەڵای پارێزگارکار دەزانم، لەناویدا ئاهی پشتیوانی و بەرگریم پێدا دێت و پشووی ویژدانم خۆش دەبێت، هەست دەکەم پارێزراوم، هەروەها وەفادارترین و جێی بڕواترین ئەنوا، ئەنوای خەونە، هەر فەرامۆشیی ئەو ئەنوایە بوو، هەڵیبژاردم بۆ نووسین.

خەون لە چارەنووس دەپرسێت، بۆ ئەوە خەون دەبینم ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە گرنگە ببمەوە سەرسامی چییە، یان من کێم، یان کەسەکانی ناو بەهەشت و دۆزەخ خۆشی و ئازارەکانیان چین.

پتر لە هەر کتێبێک قەرزاری خەونبینینی خۆمم، خەونبینینیشم تاکە بە شێوازی کۆ، هەمیشە لە نووسیندا من کاتی نووسینم، نووسین کاتی

من نییه، که کاتێکی زۆر بزر و تایبەت و هەستیارە، بەردەوام خەونەکانم دێنە ناو چرکەکانی نووسین، فریشتەی پەیامگەیەنەر هاوڕوانین و هاونووسین و هاوخەونبینینم دەبێت و ڕێنوێنی ڕژانی گیانم دەکات.

دوای تەواوبوونی یەکەمین ڕەشنووسیش بۆ ماوەیەکی دووردرێژ ڕادەمێنم و بیر دەکەمەوە بۆ چەند هەفتەیەک پشوو دەدەم، دواتر دەگەڕێمەوە سەر ڕەشنووسەکە و پاکی دەکەمەوە، ناونیشانی بۆ دادەنێم، ناونیشان وەک ڕووناکییەکی تیژ تێپەڕە بۆ ڕۆشنکردنەوەی پانتایی و بنیاد و جووڵەکانی ناوەرۆک و ناساندنی دەق، چونکە بەهۆی ناونیشانەوە نووسین و بینینی نووسەر پێشکێش دەکرێت، واتا و کرۆکی دەقەکە دێتە بەر بیر و خەیاڵی خوێنەر.

من چارەنووس دەنووسم، لەبارەی چارەنووسەوە نانووسم.

## ٢٠

کۆمەڵێک حیکمەت و گیانی پەتی و بیر و مەودای ئێستێتیکیم لە کەلەپوور و ڕۆشنبیریی کوردی بۆ ماوەتەوە، نموونە: لە حەیراندا خاڵبەندی پەیڕەو نەکراوە، سەربەند و ناوبەند و کرانەوەی دوابەند هەیە. بە گوێگرتن و هۆشیارییەکی ڕاستەقینەی ترپە و ئاواز هەستی خاڵبەندی لای حەیرانناس دروست دەبێت، هەروەها لە شیعری میللیی کوردی و شیعری کلاسیکی خاڵبەندی پەیڕەو نەکراوە، پەیڕەو نەکردنی خاڵبەندی لای من نەزانین نییە، بگرە وەک مەبەست و هونەر گەڕانەوەیە بۆ هەستی سەرەتایی کوردی و ڕەسەنایەتیی کەلەپوور.

لە سپێتی کاغەز و دابەشکردنی وێنەدا هەست و نیشانەکانی خاڵبەندی لە ئاستەکانی دەربڕین لە خەیاڵ و زەینی خوێنەری خودوریا دەستنیشان دەکەم.

نموونە: ڕستەی بۆ کوێ دەچیت. ئەم ڕستەیە ئەگەر نیشانەی پرسیار، یان سەرسوڕمانم بۆ دانا. ئەوە بێگومان ڕستەکە دەستنیشان دەکەم. پرسیارە، یان سەرسوڕمان. ئەگەریش هیچ نیشانەیەکم بۆ دانەنا و بە کراوەیی هێشتمەوە لەم باروبوارەدا ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ئاستدار و دۆخگۆڕ و زەینی.

من زەین دەنووسم، لەبارەی زەینەوە نانووسم.

## ٢١

تێگەیشتن و تێنەگەیشتن هیچ لە ئارەزووی من ناگۆڕێ بۆ ئەدەب، لە هێڵە گشتییەکانی هونەری خودایی و سامانی ژیان و ڕەگەزەکانی شێوەکاری ... تاد، خەیاڵ ئامادە دەکەم، لەسەر هەر شەش هەست کاری پێدەکەم و دەیخەملێنم. شێوەکاری بەشێک نییە لە سامانی جوانی، بگرە خاوەنی سامانی جوانییە، شێوازیشی ناوەندی سرووش و ئاماژە وەرگرتنە بۆ تەواوی هونەرە جوانەکان. هێڵ و خاڵ و بۆشایی و سێبەر و ڕووناکی و دووری و نزیکی و گونجاندنی ڕەنگەکان لە بەرهەمی ئەدەبیی مندا دیار و نادیار ئەدگاریان درەوشاوەیە و بەکاربردراون.

شیعریش گەیشتووە بە چڕبوونەوە لە ڕۆشنایی و سەداسەد کردارێکی بەرهەمهاتووی جوانییە، جاروبار ڕووبەڕووی ئەم بارە بوومەتەوە لەکاتی گەرمەی نووسیندا مەبەست و نیازەکان دژوار دەبن، ڕوون و ئاشکرا دۆخی نووسین وەرناگرن، دادەمێنم، سکێچ دەکێشم بە

سرووش و ئاماژە وەرگرتن لە سکێچەکان دەگەڕێمەوە دۆخ و باری سەرەتایی نووسین. مەبەست و نیازەکان بە ڕوونی و ئاشکرا دەدوێنم و شێوازێک بۆ ئەوپەڕی زمان و ئامرازەکانی دەربڕین پێشنیاز دەکەم.

من جوانی دەنووسم، لەبارەی جوانییەوە نانووسم.

## ٢٢

لە تاکیدا نووسەر لە هەقیقەتی ژیان دەپرسێت و سەربەخۆیە، سەربەستی تەواوی لە جۆری بیرکردنەوە و خۆ دەربڕیندا دەستکەوتووە، ویژدانی لەبڕیاری گوتن و هێزی شێوازدا ئاسوودەیە، سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئازادی و ئازاییەی خۆی بە خۆی داوە، پرسیویەتی: من بیرکەرەوەیەکم، شوێنم لە ژیاندا چییە. نابم بە داماوی هیچ شێواز و شانەیەک، سەردەمی شانە و قوتابخانە شیعرییەکانیش بەسەرچوون، ئێستا سەردەمی شاعیری تاکە.

من سەرچاوە دەنووسم، لەبارەی سەرچاوەوە نانووسم.

## ٢٣

شاعیری ئەزموندار کار لەناو مانای ئامادەکراو ناکات، ئاماژەکان دەجوولێنێ تا ئاستی پەرجوو دروستکردنیش سادە دەبێتەوە، لە سادەبوونەوەیدا دەگات بەخۆ دەربڕین و چێژی بوون، تەنیا مرۆڤە هەستیارەکانی ناو کۆمەڵگا بایەخ بە شیعر و درەوشانەوەی گیانی دەدەن، هەستیارەکان خاوەنی دەروونێکی ڕەنگاو ڕەنگی ئاشتی ویستن.

دەڵێی بەندەیەکی خودایی و سووتاوێکی پاکبووەوەم لە هەموو شتەکاندا، خەونی سادە دەبینم، سروشتی کەسایەتیم وا هەڵکەوتووە لە دانیشتندا کەم بدوێم، گوێ بۆ گفتوگۆی دەوروبەر ڕابگرم، بێ ئەوەی

خۆم ئەو بێدەنگییەم وەک پلان بۆ ژیانم نەخشەڕێژ کردبێت، خۆی لەگەڵ قۆناغەکانی ژیانم هاتووە و لەدایکبوون و خودا بەخشیویانە.

بێدەنگی و کەمدوویی بووەتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانم. زۆر گرفتیشی بۆ ناومەتەوە، چاوناسی وام لێ ڕاست هاتووە. دوور، زۆر دوور لەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵمدا هەبێت و تێکەڵ بە کەسایەتیم بووبێت، تەنیا بەهۆی ئەم کەمدووییەوە ڕقی ئەستووری لێم هەڵگرتووە و قسەی لەبارەمەوە هەڵبزڕکاندووە، بێ ئەوەی هیچ باروبوارێکی بۆ هەقیقەتیش هێشتبێتەوە.

وا هەست دەکەم لە بێدەنگیدا بە کرۆکی بوون دەگەم، یان بوون نهێنییەکانی خۆیم بۆ دەدرکێنێ، خەونیش بە ئامرازێک دەزانم بۆ باش حاڵیبوون لە هەقیقەت و واقیع.

من کرۆک دەنووسم، لەبارەی کرۆکەوە نانووسم.

## ٢٤

شیعری نەوەی پێشە من هەرچییەک بووبن، بەڕێزەوە لە کتێبخانەکەمدا پاراستوومن، کە زۆرینەشیان یەکبینی و یەک هەستپێکردن و واقیعی هەڵچووندارن، بەلای منەوە جێگای مانەوەن، وەک نووسین و بەرهەمی نەتەوە شیاوی بە گەورەیی تەماشاکردنن، ئەگەرچی لە بیری مندا کاریگەرییەکی وایان جێ نەهێشتووە و نەبوونەتە ناوەند و مایەی سوودبەخشین و جووڵاندنی یادگە تا بەردەوام وەک خەیاڵی جوانی گەشتی گەڕانەوەم بۆ لایان دووبارە بکەنەوە.

ئەوان شیعریان ستوونی بینی، یان بە ئاست و ئاراستەی بەرزبوونەوە، یان بە ئاست و ئاراستەی نزمبوونەوە، بۆ جیاکاربوون و

خۆتازەکردنەوە بە لێزیادبوونی ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی بینیم، بە یەکەم بینین و هەستپێکردنێکی تەنک کەشی نووسینم بۆ نارەخسێ و ناچمە ناوی.

بینین و هەستپێکردن لەگەڵ فەنتازیا و خەون دەخەملێنم، دواتر وەک ئەزموونێک لە هەناوی گشتی سەر هەڵدەدا و دەبێت بە بوونێکی خاوەن قەبارەی شیاو، تەبایی و گونجاندن و هێز دەبەخشێتە کارەکانی دیکەم.

من کەش دەنووسم، لەبارەی کەشەوە نانووسم.

## ٢٥

شاعیرانی کلاسیکی کوردی، بە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی شیعر، ڕوونتر و داهێنەرانەتر لە شاعیرانی ئێستا بایەخیان بە ئەوپەڕی زمان، ئێستێتیکای زمان داوە، تەماشای هۆگربوونیان بە ئەوپەڕی زمان و ئێستێتیکای زمانەوە بکە، گەیشتوون بە ئاستی دەروونڕۆشنی و تێگەیشتنی ڕۆڵی زمان لە دەقی ئەدەبیدا.

زمانی کەم وێنە و دەسەڵاتداری شیعری کلاسیکی منی بەکێشی ناوچەقی زەمینەی بە پیت و هەوایەکی نوێ کرد، ئەزموونی خۆی لە ئامادەبوونێکی ڕۆشن و سروشتی و پڕ ڕەنگتر پێ تاقی کردمەوە.

کرۆکی ژیان و مردن بە نەدۆزراوەیی ماوەتەوە، هەروەها زمانی شیعری کلاسیکی کوردیش.

زمان لە شیعری کلاسیکیدا ئاست و ئاراستەی لەباری وەرگرتووە بە تەواوی لایەنگیریم، شاعیری هاوچەرخ لەناو زمانی شیعری کلاسیکی قاڵ نەبووبێتەوە، ببڕای ببڕ ناگاتە هیچ سەرکەوتن و پێشکێشکردنێکی هۆشمەندانەی زمانەوە.

دەمەوێ لە وشیاریی نووسیندا، کە دەربڕین لە خەم و هونەر و دەروونی کوردی دەکات، زمانێکی نزیک لە شیعری کلاسیکیی ڕیشەدار و فرە ئاسۆیی، ئەگەر بتوانم دابهێنم، یان بەکاربهێنم. وەک شێواز نا، وەک گیان و زمان و سرووش و پرسیارە گەردوونی و چارەنووسسازەکان. دەچمە ناو کلاسیک و خاڵی دەرچوون دەدۆزمەوە، واتە: ئەوپەڕی زمان و خەیاڵی بینین.

لە دەقی خەونیدا زمان ڕستە دەکاتەوە و کەشوهەوای تەسەوف دادەکشێنێتە ناوەوەی تاک و مانا چەسپاوەکان ڕادەکێشێتە ئاقاری گۆڕان و بارگاوییان دەکات بۆ جووڵاندن.

ئەمەش بە لووتکە گەیشتنی شیعریبوون و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی جوانی و بە پیتکردنی ڕێڕەوەکەیەتی. جوانییەکان قەوارەیەکن بۆ ئازادکردنی مرۆڤ و ئەندێشەی ئەفسانەیی و نووسینی ئازاد.

لە دەقی خەونیدا مانا هەمەچەشنەیە، خەیاڵ پەرێشان ناکات و بانگەوازە بۆ خولقاندنی جوانییە هەمیشەیییەکان و بەڕێز ڕاگرتنی بەها تاهەتایییەکانی ژیان.

من ئەفسانە دەنووسم، لەبارەی ئەفسانەوە نانووسم.

## ٢٦

هەڵوێست کردەیەکی تابلێی بەهێزە. من سەر بە هیچ ئایدۆلۆژیایەک نیم و لایەنگری هیچ حزبێکیش نابم. بە نان و ئاوی، ویست و خۆبوونی خۆم دەژیم، ئەم خۆڕاگەیاندنە دڵی شێری دەوێ، شیعری بێگەرد دڵی شێرە. داهێنەری ڕاستەقینە لە سروشتی خۆیدا کەسێکی یاخی و دژە دەسەڵاتە. من شیعری بێگەرد بەرهەم دەهێنم، شیعری بێگەردیش پشت

به نوێبەخشیی کۆمەڵگا دەبەستێت. کۆمەڵگا لە نوێبوونەوەیدا دڵی شێر دەدۆزێتەوە و دەیبەخشێتە داهێنەری ڕاستەقینە.

نووسەری ئایدۆلۆژیست بەوە تاوانبارم دەکەن، کە دوورم لە کێشە و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە، منیش بەهەموو ئاست و ئاراستەیەک خۆم پاراستووە لە فریوی ئایدۆلۆژیا و هەراسانکردنی ئەم جۆرە تاوانبارکردنە. ئەدەب بە گیانی پەتی و جوانی دەزانم، خۆ بەدوورگرتنیش لە ئایدۆلۆژیا بە هەقیقەتی ئەدەب، لە ڕێگای هەقیقەتی ئەدەبیشدا بیر لە جیهان دەکەمەوە. گرفتەکانی لە خاڵێکدا کۆ دەکەمەوە ئەمیش خاڵی هێزی نووسین و درەوشانەوەی خەونییە. ئەو چەمکەی مەبەستیشمە بیگەیەنم پەراوێزی ناکەم، بێ دوودڵی وەک بەرزاییەک پیشانی دەدەم و دەریدەبڕم. ویستوومە خەون بکەمە کەسایەتیی چالاک و ڕووبەڕووی ژیانی بکەمەوە، درەوشانەوەی خەونبینین لە کوێوە دێت، من بەبێ خەونبینین لە نووسیندا هیچم پێناکرێ و هیچ بە هیچ ناکەم، هەمیشە بەدوای ناوەندی درەوشانەوەی نووسین وێڵ و ماندووم، ئەی خودایە من مرۆڤێکی بە باوەڕم، بمگەیەنە دەروونڕۆشنیی نووسین، پەیامبەرەکانیش مرۆڤی بە باوەڕ و گەورەترین خەونبین بوونە.

من گیانی پەتی دەنووسم، لەبارەی گیانی پەتییەوە نانووسم.

## ٢٧

ئەدەب بە سەرجەم شتەکانی ناو کۆمەڵگا پێوەندداره، بەوانەوە بوونێکی درەوشاوەیە، ناتوانێ لەناو دواکەوتوویی کۆمەڵگا دەرپەڕێ و خۆی وەک دەقی شارستانیی ئەزمووندار پیشان بدات، لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگا گەشە دەکات و ئەزموونی هاوتای شارستانی

بەدەست دەهێنێ، پەیوەندییە جێگیرەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، پەیوەندیی نوێ دادەمەزرێنێ بۆ بەرێوەچوون.

توانای گۆڕان لە ژیان ئاسان نییە، هەروەها گۆڕان لە ئەدەبدا چەند بارە گرانتر و دژوارتر، داهێنەری سەیر و سەرسوڕهێنەر، کە دەگەنە دوایین پلەی داهێنان و دەروونڕۆشنی. بابەت و هونەرەکەیان تەواو خۆماڵی و وەرگیراوی ناو ژیانی گەرم و قووڵایی بیرکردنەوەن، بۆیە وەک دەقی سەرسامکار خوێنەر قبووڵیان دەکات و بە ئەزموونی بەردەوامی خۆی دەزانێ، لە چاوگ و سەرچاوەی کلتووری پڕ جموجووڵی کۆمەڵگا نیشانەکانی هونەر و جوانی پێکاوە، کلتووریش هەمیشە شۆڕشگێڕە، بەردەوامیش لەگەڵ بوون و پەرەسەندن کەرەستەکانی بەرێوەچوون بەرهەمدار دەبێت.

بابەتی ئەدەبی هەرچەندە خۆماڵی و لەناو جەرگەی ژیاندا هەڵبژێردراو بێت و هونەری تێدا بدۆزێتەوە دەرگای بە جیهانبوونی فراوانتر بە ڕوودا دەکرێتەوە، بە قەناعەتتریش وەردەگیرێ.

من گۆڕان دەنووسم، لەبارەی گۆڕانەوە نانووسم.

## ٢٨

تەواوی ژیانم خستووەتە خزمەت شیعرەوە، هەر بۆ شیعریش ژیانم دەوێ، بەهۆی ئەم خۆ تەرخانکردنەشەوە زۆر گێچەڵم پێکراوە، لەمەشدا خودا یارم بووە و دڵشادم بەوەی ئەوانەی گێچەڵیان پێکردووم هەر هەموویان ئەوانەن، کە لە پەراوێزی ئەدەبدا کارمەندن، یان خوێنەری تەمبەڵن.

داهێنەرم زۆر لەبەر چاون، لە ژووری کتێبخانە و نووسینمدا وێنەی هێندێکیانم هەڵواسیون، لە خەمە نیشتووەکانی سەر دەموچاویان ورد

دەبمەوە سرووش و خەون و خەیاڵ و وشەیان لێ دەدۆزمەوە و لە شیعردا بەکاریان دەهێنمەوە.

نەشمویستووە ببم بە کەس، بگرە ویستوومە بەو ڕێگایانەدا بڕۆم، کە ئەوانەی لەبەرچاوم گرتوون پێیگەیشتوون بە شیعریبوونی پەتی و دەروونرۆشنی.

من دەروونرۆشنی دەنووسم، لەبارەی دەروونرۆشنییەوە نانووسم.

## ٢٩

ڕەخنەی بنیادنەری کوردی نا، بگرە پەراوێزەکانی ڕۆشنبیریی کوردین، تۆپەڵێک قسەی لە هیچە و پەلاماری بێمانا و بێ بنەمان، دەنا یەکێک لەم پەلاماردەرە هەڵبزڕکاوانە ئەو هەقیقەتبین و بوێرییەی لا دروست دەبوو ڕووبەڕووی دەقێکم ببێتەوە و گومان بخاتە ڕایەڵ و تانوپۆی بوونی، لێکدانەوەکانی بڕوا بە بەرانبەرەکەی بهێنێ بنیادی بەرهەمهاتووی شڵەژاوە.

من بۆ خۆم زۆر ڕێزم لە داهێنەرانی پێشە خۆم گرتووە، بەردەوامیش دەبم، بڕواشم بەوە هەیە ململانێ لە ئەدەبدا ناتگەیەنێتە هیچ و ڕەوایی تێدا نییە، بگرە خودناسی و بەردەوامبوون و سووربوون و نیازپاکی دەتگەیەنێتە ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش، ئەوەی تا ئێستا من پێمزانیبێ و ئاگاداری بم لە مێژووی شیعری کوردیدا، هیچ شاعیرێک هێندەی من تووشی شەڕ و گێچەڵ و قسەی لە هیچە و دەمهەڵبەست و پەلاماردان نەهاتووە، بەڵام هەقیقەتبین بەسەر ئاژاوە و بێتوانایی پەراوێزەکان ڕەت دەبێت و خۆی دەسەپێنێ و دەدرەوشێتەوە.

هەڵبزڕکاوە بەسەرچووەکان پەلاماری ناشارستانی ئەزموونی پتەوی جواننووسەکان دەدەن، خۆ مێشوولەش تەنیا لەناو نێرگزەجاڕدا

دەنگێکی نەشازی لێوە دێ، بە خەیاڵی بەتاڵی بوونێکی کاتی بۆ خۆی دروست دەکات، دەشبینرێ پەلاماردەرە هەڵبزڕکاوەکان دەکەون و وەجاخکوێر دەمێننەوە، دەقی پتەویش وەک شمشێری هەڵکێشراو دێتە ناو ژیان و تێکەڵ بە جووڵانەوە کاریگەرەکان دەبێت، دواتریش دەبێتە هێمای مەزنی و درەوشاوەی نەتەوەکەی.

لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەخنەگرانی بنیادنەر ڕووبەڕووی ئەم پەلاماردەرە بەسەرچووانە بوونەتەوە، ناچاری شەڕ و گێچەڵیش کراون لەپێناو پارێزگاریکردن لە ئەدەبی پەتیدا.

بەسەر پلان و پیلانی دوژمنان و پەلاماردەرە هەڵبزڕکاوەکان سەر دەکەوم، بە هەوڵ و کۆششی لە دڵەوەم بۆ شیعر بە سزای داهێنانیان دەگەیەنم. بە بینینی داهێنان قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ.

ڕەخنە دوو باوەڕی نییە لەگەڵ دەقە، یان لەگەڵی نییە، یەک باوەڕی بە تینی هەیە ئەمیش کارکردن و بڕواهێنانە لەناو دەق.

ڕەخنەی خۆ نیشاندەر و مەبەستی دەرەکی و قسەی لە هیچە و پەلاماری بێ مانا و بێ بنەما، جێگا و متمانەی لەناو ڕۆشنبیری پەتیدا نییە، بەتاڵکردنی ڕق و کینە و بێتوانایی و کەمسەری و ئیرەیی و خۆخەڵەتاندن و ویژدان کوێرییە.

هیچ نیازێکی هاوبەش و ئاماژەیەکی گرنگیش لە نێوان قسەی لە هیچە و پەلاماری بێ مانا و بێ بنەما و دەقی ئەدەبی پەتیدا نییە.

هەر کەسایەتییەک گیانی بە ئەدەب و هەقیقەتبینین و پاکی و جوانی داگیرسابێت، بە هیچ جۆرێک دەرگای ئاژاوە و ناشیرینی و دووڕوویی ناخاتە سەر پشت، هەر کەسایەتییەکیش بۆچوونی ئاژاوەچێتی لە دەروونیدا ڕوابێت، هێشتان بە ئەقڵی پاشکۆیی و داردەستی و دڵڕاگرتنی ئەم و ئەو بەڕێوە دەچێت.

بۆ شیعرییبوون تێدەکۆشم و نایەمە سەنگەری قسەی لە هیچە و پەلاماری بێ مانا و بێ بنەما، قەڵەمی لێ ناجووڵێنم، بەکارێکی بێهوودەشی دەزانم، جەنگان لەگەڵ جێماو و پەراوێز و بێبار و لێخنبیر و قۆپیەچی و خەمەگڕووی ئەدەبی و پاشخاپەرۆک و ویژدان کوێران.

من تانوپۆ دەنووسم، لەبارەی تانوپۆوە نانووسم.

## ٣٠

ببڕای ببڕ بیرم بۆ ئەوە نەچووە بڵێم لەم کردار و بەکاربردنە یەکەم کەسم، یان ئەم هونەرە لە ڕوانینی منەوە خوڵقاوە، پێشڕەو و هێمای ئەو ڕووداو و دیاردەیەم، ئەم جۆرە خەیاڵکردنانە، بە نەخۆشی کوشندە و گران و لەناوبەر دەزانم، بگرە هەموو خاڵەکانی گۆڕانکاری لە درەوشانەوەی شیعرییبوون دەبینم و بەس. شاعیری خاوەن دیدگای ڕوون و بەهێز و جواندارێژەر بەئاماژە و ڕۆشنایی هیچ بڕیار و مەرجێکی سەپێنراو نانووسێت، ئەرکی دەوڵەتە ئیش بۆ کتێبی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هزری و ئایینی و زانستی و پەروەردەیی و یاسایی و سەربازی و مێژوویی و فەلسەفی ... تاد، بکات و بە تیراژی زۆر بڵاویان بکاتەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش بخاتە خزمەتیان.

ئەرکی شاعیر یەک شتە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ و ژیان و جیهان بدۆزێتەوە، ئەم دۆزینەوەیەش جوان بنووسێت و بیگەیەنێت، ڕادەی ئاگادارکردنەوەی هێزی وشەی کاریگەری و شوێن جێ بهێڵێت لەسەر هەست و ئاراستەی ئێستێتیکای کۆمەڵگاوە. پرسیارە کاریگەرەکان بکات و ئامادەبوونی تاقانەی خۆی بپارێزێ.

ژیان بەرگەی مانەوەی گرتووە و دەگرێت، شیعریش نەگەڕێتەوە بۆ منداڵدانی ڕۆشنبیریی پەتی و بەسووڕی سروشتی تێ نەپەڕێت دەبێتە

لاسایکەرەوەیەکی یەکجار بێ بایەخ، یان کەناڵی ڕاگەیاندنی پڕوپاگەندەی پووکاوە.

هەرچی هۆی بەختەوەری هەیە، دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆری سیاسی لە مرۆڤی دەروونڕۆشنیان داگیرکردووە. مرۆڤی دەروونڕۆشنیش ئەم لەدەستچوونەی لە خەوندا بەدەست دەهێنێتەوە.

پێویستە ئێمە خەون بەجۆرێک لەناو دەقی ئەدەبیدا بەکار بهێنین پەیاموەرگر بڕوای پێ بهێنن و لێمان وەرگرن، توانای بیرکردنەوە و ڕووبەڕووبوونەوەیان لە ناخدا دروست بکەین.

لە پێناوی بەجوانی ڕاگرتن و هێشتنەوەی بەهای شتەکاندا، شاعیر بە دادپەروەرێکی دانا دەزانم، پێویستە لەم دۆخەشدا بژی و بمێنێتەوە، مەشقی مەیدانخوازیی شایستە بکات.

شوێنی ڕاستەقینەش بدا بە شیعری پەتی و بێگەرد، کە خەون و جوانی و مانا و نارەزاییە لە کردارە ناجۆرەکان، دەنگ هەڵبڕینە لە بێدەنگییە گشتییەکان، جوانییەکیش ڕەت دەکاتەوە مانای تێدا ئاوەژوو کرابێتەوە.

من بەها دەنووسم، لەبارەی بەهاوە نانووسم.

## ٣١

هەموو بوونەوەرێک خاکێکی خۆگونجاندنی خودی هەیە، بۆشی هەیە بۆ خۆگونجاندنی لەم خاکەیدا تایبەتکارییەکانی خۆی بپارێزێت.

من تایبەتکاری دەنووسم، لەبارەی تایبەتکارییەوە نانووسم.

## ٣٢

پەیامی ڕاستەقینەی ئەدەب دەسەڵاتی دەقی خەونی بەهێز دەکات و دەیکات بە ڕەگەزێکی گرنگی پرسیارکردن لە ژیانی جوان، کە بوونی مرۆڤ پرسیارێکی کاریگەرە لە ناوکی بوون دەکرێت.

مەسەلەی گیانی و جوانی لە هونەرەکانی نووسیندا هەمیشە خەبات و جۆشی ژیانی کەسی جوانیبینە، لە دەقی خەونیدا ژیان بەهای پێکهاتەی جوانی وەردەگرێت.

شیعری بیرکردنەوەی پڕ لە جووڵەی هاوتا بە جوانی، ڕوانین و درەوشانەوەی لە گیان و خەونەوە دارڕژاوە، کە جووڵە و مانا و بەهاکان لە گەردوون و ژیان و مرۆڤ بە چەند ئاست و ئاراستەیەک وەردەگرێت، فرە پاڵەوانییەتی لە یەک پاڵەوانیدا ئامادە دەکات، دەیهێنێتە ناو ململانێ و جەنگی توندوتیژی هەمیشەیی، تا خودی شاعیر دەرباز بێت لە تاکییەوە بۆ ناو ڕۆشناییە پڕ تەلیسمەکانی هاوتابوون، یان حەز و ئارەزووی ڕوو لە زیادبوون و چاوە نەسرەوتووەکانی بەردەوام لە گۆشە لەبیرکراوەکاندا داگیرساوە، خودی شاعیری خاوەن ڕوانین و جیهانبینی بەهۆی بارستی کاغەزەوە هەست پێدەکرێت و وەک ژیانی جوان دەبینرێت.

لە دەقی خەونیدا شیعر نە بۆ ئایندە دەچێ، نە بۆ ڕابردوو، بگرە هەموو کاتەکان ڕووگەنمان بۆ دۆزینەوە. بێگومان هەر شاعیرێک بیەوێت بەو شێواز و ئاست و ئاراستەیە بنووسێت، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرێت، کە قووڵبینییەکەی لە ئاست کێشە هەبووەکانی ئەو ڕۆژگارەدا بێت، کە دەبێتە خوڵقێنەری بارە ناهەموارەکان، یان بارە جوانەکان.

لەباری یەکەمدا ناهەمواری دەبێتە مایەی هەڵچوون و توندوتیژیی نووسین.

لەباری دووەمدا جوانی دەبێتە مایەی ئارامیی بیرکردنەوە و خوڵقاندنی نووسین.

ئەوەی پێویستی بە قسە لێ نەکردنە، ئەمڕۆی شارستانی و ڕووناکبیری لە هەموو بار و دۆخەکانی پێشتردا سەرسوڕهێنەرترە، شارستانییەت و تەکنەلۆژیا بیری جوانی ناشێوێنێت، بە پێچەوانەوە گەشەپێدەری بیری جوانی و مۆتیڤ و وێنە و خەیاڵ و گفتوگۆ و بەختەوەریی خەونە.

لە دەقی خەونیشدا یەکگرتنەوەی گشتی بەشە جیاجیاکان دەدۆزرێتەوە. ململانێی ڕوانین شڵەژاو و بارمردوو، لەگەڵ ڕوانین ڕوون و بار زیندووی نوێزادەی دۆزەرەوە لە گفتوگۆی لە یەکنەگەیشتنن. لە دەقی خەونیدا، لە جەنگی توندوتیژی لەگەڵ خۆتدا، دەتوانیت خۆت ڕەت بکەیت، ئەو شێواز و ئاراستە باوەی پێت نووسیوە، فڕێی بدەیتە پشت نووسینەکانی لە پێشترت، بە شێواز و ئاراستەیەکی تەواو جیاکار و نوێبەخش بێیتە ئاخاوتن و گۆڕانێک لە ڕابردووی خۆت بەرهەم بهێنیت، بەڵام ئەو گۆڕانە چۆن بەرپا دەبێت، کام هۆ و شێوازی دەربڕین فڕێی داونەتەوە لە نەناسراوییەوە بۆ ناسراوی، لە دۆخی وەستاو بۆ دۆخی پڕ بزاوت.

لە نووسینی ئەدەبی ڕاستەقینەدا پێویستە بە تەنیا جوانی ببینرێت.

شیعری سەردەمێک لەمەوپێشی کوردی ڕۆمانسییانە بیری لە گەردوون و ژیان و مرۆڤ کردووەتەوە، لە ناوەرۆکدا لەگەڵ هەلومەرجی واقیعی سادە و ساکاردا زۆر گەرم و گوڕ و هەڵچووندار بوون، کەچی لە شیعریبوونی زمان و مۆرکی شێوازدا بە پێچەوانەوە

ساردوسڕ بوون، نەیانتوانی مۆرکی شێواز و شیعریبوونی زمان ئاوێتەی زەین بکەن و بیکەنەوە، بیرکردنەوەکانیان بەشێوازی خەونی بخەنە ناو نووسینەکانیان، کە گەورەترین هۆش ئەمە بوو بۆ ئەوەی نووسینەکانیان وەک نووسینی داخراو بمێننەوە، نەگەن بە ئاستی دەقی فرە ئاست و ئاراستەیی.

وشە لە شیعرەکاندا یەک ئاسۆی دراوەتێ، ئەمیش ئاسۆی ڕووکەش و یەک مانایی وشەکەیە، لە ساکارترین شێوازدا جێیان هێشتووە، ئاماژە ستوونی دادەبەزێت، بەهەمان شێوازی ستوونیش دێتە ناو بوونی یەک ئاسۆی نووسین.

ئاسۆی فەنتازی و دەستوەشاندنی داهێنانی بلیمەتی تێدا هەڵبزڕکاو و گەشەنەکردووە، واتە: وەک چێژ بەکاربردراون نەک وەک دۆزینەوە، ڕەنگە هۆکارێک، یان یەک لە هۆکارەکان ئەوە بێت، کە واتا و هێزی وشەیان ون کردووە، نەیانتوانیوە کەڵکی باش و داهێنەرانە لە ئەزموون و مۆرکە زمانییەکانی قۆناغی شیعری کلاسیکی وەربگرن.

دەقی خەونی لە منداڵدانی مێژووی مردوو لە دایک نابێت، هەست بەوە دەکرێت سەختی و دژواریی سروشت و زەبرو زەنگ، نووسەر دەترسێنێت، هەمیشە هەوڵی جووڵاندنەوەی دیمەنە پڕ کێشمەکێشمەکان دەدات، بارە بە پیتەکان بە وریایی و زیندوویی وەردەگرێت بە زمانێکی تەواو ئەفسوون و جادوویی دابڕاو لە زمانی کارەکانی پێشووی خۆی ناخی پێشکێش دەکات، وەک خودێکی هۆشمەند و سەرچڵ ئەم و ئەو لە بیرکردنەوەکانی خۆی دەسڕێتەوە، شتە زیندووەکانی جیهان لە دەقدا دەکات بە هی خۆی، خوێنەریش بازنەیی دەیخوێنێتەوە و ستوونی لە ئەزموونی خەونەکە نزیک دەبێتەوە. پاشان دەچێتە ناو کەشوهەوا و لێکدانەوەی ئاسۆیی، چونکە دەقی خەونی لە خولانەوەی بەردەوامدایە،

شیعریبوونی زمانیش ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە و سەرەکی دەبینێت لە پێکهاتەی وێنەی سەرسوڕهێنەر. کە هەموو هەبووەکانی زەمینی قۆزتبێتەوە و ئاسۆکانی نادیاریشی دووچاری ڕاوەشاندن کردبێت، بەهۆی ئەوەی تاکی لەجیاتی کۆ بەکارهێناوە.

من ناوکی بوون دەنووسم، لەبارەی ناوکی بوونەوە نانووسم.

## ٣٣

شیعر لە ژیان و بینینی کورددا ڕۆڵ و ئامادەیی و کاریگەریی خۆی سەلماندووە و خاوەنی شوێنی ناوەندە، لەبەر ئەمەشە وەک دیاردەیەکی پێویست و دامەزرێنەر تەماشای دەکرێت، ئەم تەماشاکردنەش وای کردووە لە چالاکییەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردیدا، شیعر پێشەنگی وەربگرێت و زۆرینەی شتەکانی لەسەر دابمەزرێنرێت، ئەم دامەزراندنەش دەگوازێتەوە ناو ژیانی شیعر، شیعریش پرۆژەیەکە لەمێژە بەردەوامە، ئەم هەولانەی لەمەودواش دەدرێن، تێکەڵ بەو هەولانە دەبن، کە لەمەوپێش پرسیار بوون و لە ژیان کراون، بەردەوامیش پرۆژەی شیعری پرسیاری ترسناک و وروورژێنەر لە ژیاندا دەکات و مەرگ لە ژیاندا ئامادە دەکات.

مەرگیش ترسناک و سەرەکیترین هۆیە بۆ دڵەڕاوکێی داهێنان، ئامادەکردنی ئەم مەرگەش هێزی شیعرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گرفتەکانی ژیان و مان.

ژیان و بوون چییە. پرسیارێکە و چەندین بیرمەندی دووچاری بەدواداچوون و سەرگەردانی کردووە، ئەگەرچی لە ڕێگای ئەم پرسیارکردنەوە گەلێک بەرهەمی سوودبەخشیان خستووەتەوە، بەڵام گەوهەری پرسیارەکە پڕ سرووش و خەیاڵ و تێڕامان و خەون و

سەرسامییە، هەر بیرمەندێک شێواز و ئاستێکی بۆ داناوە، لە بەرزاییەکەوە وەڵامەکەی دەبینێ، ئەو پرسیارانەی لە دەقدا لە ژیان کراون، لە زەینی خوێنەردا جێگیر دەبن، دواتر ئەم پرسیارە دەبێتە هۆ و ئامانجی پرسیارکردن لای خوێنەر و نزیکایەتییەک دروست دەکەن لە نێوان نووسەری پرسیارکار و خوێنەری پرسیارلێکراو و پرسیارکار، کە بوونی مرۆڤ پرسیارێکی کاریگەرە لە ناوکی بوون دەکرێت.

لە دەقی خەونیدا پەیوەندییەکانی نێوان هەست و وێنە دەدۆزرێنەوە، پەیوەندییەکانیش لەسەر بنچینەی خەوندا دامەزراون، واتە: ئەو وێنانەی لە دەقی خەونیدا دروست کراون، زیاتر ئەو وێنانەن، کە لە ژیانی سەخت و یاخیی ڕۆژانەماندا ئامادەییان وەک شتێکی دوور هەیە و بەرهەست نین، خەون بوونی نییە لەناوەوەی خۆت نەبێت، هەروەها شیعریش.

من سرووش دەنووسم، لەبارەی سرووشەوە نانووسم.

## ٣٤

نوێبەخشی باروبوار و کار و کردەی خوڵقاندنە، بەردەوام لە زەمینەی بە بڕوادا گەشە دەکات و کەرەستەکانی دەگۆڕێت بە مەبەستی جیهانبینی و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان بارەکانی هەست و بیرکردنەوە و خەون، خودی هۆشمەندیش هەموو جووڵانەوەیەک لەم گۆشە ڕووناکەوە دەبینێ و هەوڵ دەدا بیخەملێنێ، بەڵام بە چ هێز و ئەفسوون و جادوویەک ئەم بینینانە دەگۆڕێت بۆ دەقێکی ئەدەبی و هاوچەرخی و ڕەسەنایەتی تێدا دەپارێزێت، ئەمە خاڵی کارکردن و بەجێهێنانی داهێنانە، لە هیچ باروبوارێکیش چەمکی نوێبەخشی نابێتە واقیعێکی دانپێدانراو بەبێ ئاکارێکی بیری و فەلسەفی و کلتووریی

ڕوون. لەگەڵ ئەمەشدا بە من وایە بۆ شیعر زاراوەی شیعریبوون پەسند و گونجاو و پڕ هێما و سرووشترە، چونکە ناتوانرێ بڕوا بەوە بهێنرێ شاعیری نوێبەخش تا قووڵایی مانا و فەزا و ڕاچڵەکاندنی وشە لە بابەت و مۆرکە زمانییەکانی خۆیدا شۆڕشگێڕ نەبێ و جەنگی توندوتیژی ڕانەگەیاندبێ بەرانبەر ئەوانەی لە زمان و نووسین و داهێنان گلاون، بەرەو ڕووبەرێکی سامناک مل دەنێن، یان ناتوانن لەناو گەرمایی گیان، گەوهەری خۆبوونیی بدۆزنەوە، کە خۆبوونی سەروەری شیعریبوونە، ئەگەرچی نوێبەخشی ئەنجامێکی دیاریکراوی نییە، بەردەوامیش گیروگرفت دەنێتەوە لەبەر ئەوەی کەرەستەکانی دەربڕین دەگۆڕدرێن و فەنتازیای هەمەجۆری لێ دەخوڵقێنرێت، بەمەیشەوە نوێبەخشی سادەترین مافی مرۆڤە، کە تۆ لە ماڵەوە دەردەچیت بۆ سەر کار بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیە لە کار و کردەی نوێبەخشی، کە لە کار دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە خۆ ئامادە دەکەی بۆ پیاسە، یان سەردانی پێشانگایەک، یان ئاودان و بژارکردنی باخچەکەت، یان بینینی شانۆگەرییەک ... تاد، بەشدارییەکی دیکەیە لە کار و کردەکەدا، چونکە هیچ یەکێکیان سەداسەد بە شێوازێکی نەگۆڕ خۆیان دووبارە ناکەنەوە، بوونی تۆ وەک مرۆڤێک پەیوەندییەکی پتەوی بە جووڵانەوە و گەشەی ئەمڕۆوە هەیە، تۆ تاکێکی لە نوێبەخشی، نوێبەخشیش بە گۆڕان لە بنیادی هەموو کۆمەڵگا وەک ڕووداوێک ڕوو دەدات و دەچەسپێت. قەوارەیەکی دانپێدانراو بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، هەریەک لە شاعیرانیش بە ئەزموون و شێواز و قەبارەی جیای خۆی ڕۆڵی تێدا وەردەگرێت.

نوێبەخش لە کاتی خۆ هاتنەبەر چاو و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ خودی بوێریی خۆی مەرگی بەدواوەیە، یان شێتبوون، بەو واتایەی

ڕاوی خۆی و سەرجەم بوون دەنێت، لەم پێشبڕکێیەدا پێویستە قووڵبین و شێواز ڕاچڵەکێنەر بێت و بوێریی ئەوە بکات، ئەم بڕیارە خودییە بدات، هەر هەموو شاعیرێک بەو نیازە دەنووسێت کارەکەی بگەیەنێتە ئاستی دەق، بەڵام ئەوەی ڕوانین و جیهانبینییان تێدا نەبێ و ژانێک خاڵی دەرچوونی نەبووبێت، هێزی ئەوەی تێدا پەیدا نابێت کارەکەی بگەیەنێتە ئاستی دەق، گلاوە بەرانبەر مەرگ و سڕینەوە.

بوێریی ئەوەی تێدا ئامادە نابێت جەنگی توندوتیژی خۆی ڕابگەیەنێ، ئەگەر ئەدەبێکیش هێزی بەرگری بەرانبەر مەرگ و سڕینەوەی تێدا پەیدا نەبووبێت، ناسنامەی بوون بە دەقی بەرناکەوێت، بوون بە دەقیش لە دۆخگۆڕین و جیهانبینییەوە دەستەبەر دەبێت، لە دەرەوەی دۆخگۆڕین و جیهانبینی هەر هەوڵێک لەم بارەیەوە بەرچاو بکەوێ هەوڵێکی ناکامڵ و زڕ و بەتاڵە.

پەراوێز بۆ شیعرکردن، یان شیعر نووسین بە مەبەستی لێکدانەوەی وشەکان، لەم کاروکردەیەشدا ناوەرۆکەکە ڕوون بکەیتەوە و ڕاستەوخۆ بیرەکەی بگەیەنی، یەکەم نیشانەیە شاعیر ڕوانین و جیهانبینی توانای ئەوەی نییە مانا و هێزی وشە لەناو شیعرەکەدا ڕاچڵەکێنێ و ئاسۆیەک بداتە ڕاچڵەکاندنەکە، کەواتە: وشەکە وەک بارستێکی بێ گیان و مردوو لە جەستەی شیعرەکەدا بارە، هیچ دەور و کردارێک لە گەشەکردنی جەستەی شیعرەکەدا نابینێت.

شیعری لەم جۆرە، هەوڵدانیشی وەک دەقی یەک ئاست و بێ دووری و یەک ئاراستە دەمێنێتەوە، نابێتە دەقی ئاستداری فرە دەنگ و فرە پەیوەندی، لەوانەیە کۆمەڵێک شاعیر لە سەردەمێکدا کاربکەن، تەنیا تاکێکیان هێز و ئەفسوون و جادووی ئەوەی تێدا بێت دەق بکاتە بوونێکی دیار و بیدرەوشێنێتەوە، جووڵەکانی ڕابردوو بکاتە پاڵنەرێکی

سوودبەخش بۆ بەئاگایی بیرکردنەوە، ئەگینا ئەوانەی دی پەیوەندییان بە جووڵەکانی ڕابردوو وەک ڕابردوو هەیە، لە ئامادەکردنی ئێستای نوێبەخشدا دەست و پێ سپین.

بلیمەتەکانی قۆناغی شیعری کلاسیکی ڕوانین و جیهانبینیی خۆیان پێشکێش کرد و بڕوایی ئەدەبی ڕاستەقینەیان وەرگرت، کەچی چەندین وەچە دوای ئەوان هاتن و تێپەڕین، قەوارەیەکیان دەستەبەر نەکرد، لە هەمان کاتدا ئەوان هەروەک دەق و خاوەن قەوارە ماونەتەوە و جەنگی توندوتیژیی خۆیان بەرانبەر مەرگ و سڕینەوە ڕاگەیاندووە.

بەردەوامیش وەک دەقی ئاستدار و فرە دەنگ و فرە پەیوەندی خۆیان پێشکێش دەکەنەوە، هاوچەرخی هەموو ئەوانەن، کە لە پرۆژەی گەورەی دەقی شیعری هاوبەشن و ژانیان تێدا گەرمە، بەدەقبوونیش پەیوەندیی بە ئەزموونی ژیان و چرکەساتی مەستیی نووسەرەوە هەیە، دەقی ئاستدار و فرە دەنگ و فرە پەیوەندی زیاتر لە پانتایی زمان کارەکانی بەجێ هێناوە و جووڵە و بیری زمان بیری دەقەکە ڕادەگەیەنن، بۆ نموونە: شاعیرێک توانیویەتی تەنیا یەک بەرهەم بگەیەنێتە دەقێکی ئەدەبی ئاستدار و فرە دەنگ و فرە پەیوەندی.

بەو پێوەرەی هەر شیعرێک توانی بگاتە ئاستی دەقێکی ئەدەبی ئاستدار و فرە دەنگ و فرە پەیوەندی بەبێ هیچ گریمانەیەک، دەقێکی نوێبەخشە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوەبێ لەم دەقەدا ئەزموونی ژیان لە چرکەساتی سۆفییانە و مەستی گەیاندبێتییە ڕژانی گیان و ڕاچڵەکاندن و درەوشانەوەی زمان و نووسین.

من خۆبوونی دەنووسم، لەبارەی خۆبوونییەوە نانووسم.

## ٣٥

له چالاکیی جووڵەداری شیعری کوردیدا، ئەم جۆرە شیعرەی لەپێناو هاوسەنگکردنی شیعر و شۆڕشدا نووسراون، تەنیا بۆی کرا ترپە و ئاواز بگۆڕێ و جووڵە و ئاگایی بۆ چەند هێمایەکی دیاریکراو دەستەبەر بکات، بەڵام بۆی نەکرا ئەم هێمایانە بە قۆناغی گەشەپێدان و گەیاندن بە بنەڕەتی گۆڕان بگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەند شاعیرێکی دواتر، کە ویستی هێزی جوانی دەربڕین و دلێریی داهێنانیان لە هەڵچوونی شاعیرانەیان هێزدارتر بوو، بۆیان کرا هێماکانی ئەم جۆرە شیعرەی لە پێناو هاوسەنگکردنی شیعرو جوانی نووسراون، بە قۆناغی جووڵە و نیمچە گۆڕانێک بگەیەنن، دوای ئەوەی ئەم توندوتیژییە شۆڕشگێڕییەی شیعر هاوسەنگکردن بە شۆڕش نیشتەوە، جۆرێک تێڕامان و خەونبینین بوو بە بنەمای هونەری، پرۆژەی نوێبەخشی قەوارەیەکی بۆ کارکردنی خۆی دیاری کرد.

خودی هۆشمەند کەرستەکان بە سەنگایی ژیان دەپێوێ، ژیانیش بە گرانایی شیعر، دەقەکان توانای پێشنیاز و پرسیارکردنیان لە بنیادیاندا هەڵگرت، بۆیان کرا خاڵی جیابوونەوەی تەواو هەڵدەنە ناو پانتایی باروبوارەکانی ژیان.

دەقێک توانیبێتی دوێنێ ڕابچڵەکێنێ، کەواتە: بوونی قەوارەیەکی هەستپێکراو و بەرچاوی هەیە، بوونی ئەم جۆرە دەقەش تێڕامان و خەون خاڵی هێنانە بوونیەتی، ڕوونتر لە پانتایی نوێبەخشی سەلماوە، هێماپێکراوەکانی پڕ کراوە بە جووڵەی نوێبەخشی، هێما لە کارکەوتووەکان دادەپۆشێ، هێمای سڕ و مەییو و لە کارکەوتوو ناتوانێت لە ئێستای پڕ جووڵەدا ئاخاوتنی کاریگەری هەبێت.

نوێبەخشی بەردەوامی وەجاخی ڕوونی ئادەمە، ئەو میوەیەی ئادەم خواردی نوێبەخشی بوو، نوێبەخشی پرسیارێکە نوێبەخش لەخۆی کردووە، ئایا دەتوانێت لەناو کۆمەڵگای سەرەتایی و دواکەوتوودا لە هەموو ئاستەکاندا شکانێکی هەبێت، ئەم شکانە ویستی خودی هۆشمەند و ئازا دەسەپێنێ و خۆبوونیی دادەمەزرێنێ. داهێنان بڕیارێکی خودی کەسی ئازا و هۆشمەندە، هەر کاتێک نووسەر بوێریی ئەوەی کرد ئەم بڕیارە خودییە بدات، درەوشانەوە و داهێنان و گۆڕان بەرپا دەکات.

من ڕاچڵەکان دەنووسم، لەبارەی ڕاچڵەکانەوە نانووسم.

## ٣٦

کار و کردەی داهێنان لە خودی شیعردا کەشوهەوای ئەمڕۆیە بەلێزیادبوونی کەشوهەوای خەونی، ئەمڕۆش لە خەونی سبەی ئامادەیی هەیە و هۆ و یارمەتیدەرە، ئەگەر ئەمڕۆ داهێنان بێت هەموو ڕۆژ و ڕۆژگارەکان ڕادەکێشێتە ناو خۆی، داهێنەر لەکاتی کار و کردەی نووسیندا ناکەوێتە دەرەوەی ڕۆژ و ڕۆژگار، لەو ڕۆژ و ڕۆژگارەدا دەبێتە بوونێکی سەربەخۆ، کە بوونی ئەمی نووسەر قەرەباڵغ و بارگاوی و دڵبەرز و جووڵەدارە، بەڵام کە لەکار و کردەی نووسین بووەوە، نووسینەکە بوونێکی سەربەخۆی وەرگرت، دەکەوێتە دەرەوەی ڕۆژ و ڕۆژگار. هەموو پەیوەندییەکان دەسڕێنەوە کاتێک دروست دەبێت، دەبێتە کاتی داهێنان و خەونبینین و درەوشانەوە.

من درەوشانەوە دەنووسم، لەبارەی درەوشانەوە نانووسم.

دەقی شیعری لەناو پرسیارکردن ئامادەی لەدایکبوون دەبێت، هەر لەناو پرسیارکردنیشدا شیعریبوونی خۆی لە هەقیقەتی شتەکاندا وەردەگرێت.

پرسیار زانستە گشتییەکانی بوونە، بوونی خەون و سروشت و کۆمەڵگا.

شاعیریش وەک تاکێکی هەمیشە خەونبین و چاونەسرەوتوو و گوێ زرینگاوە و خەیاڵ گەرمی هەستکار بە گرفتەکانی ململانێ لەناو کۆمەڵگادا هەڵسوکەوت دەکات. دەچێتە ناو ئاژاوە و هێمنیی کۆمەڵگا و کاریگەری جێ دەهێڵێ، پێوەری بۆ ئەو شتانە لا دروست دەبێ، کە دەیانبینێت، یان دەیانبیستێ، یان خەونیان پێوە دەبینێ.

ئەم بینین و بیستن و خەونبینینەش لە دەرەوەیەتی. لەناوەوەی خۆیدا ئامادەیان دەکاتەوە و ڕۆڵێکی دیکەیان پێدەسپێرێ، دەیانکاتە بابەتی جوانی و شیعر بەهۆی دەستەواژەی سەخت و یاخی و ئامانجی زمان شیعریبوونیان پێدەدا، کەواتە: خودی شاعیر سەرچاوەی بابەتە بەهۆی ئامانجی زمان و خەونبینین.

جیهانی بیرکردنەوە و پرسیارکردن ئەو خودەیە، کە بڕیار لەسەر شتە بیستراو و بینرا و خەونی و خەیاڵییەکان دەدا و بەهێز و گوڕ دەیانجوولێنێ، تا بەهۆی ئامانجی زمان بیانکات بە بابەتی جوانی و شیعر، لە ئاسۆ بینییەک کاریان پێبکاتەوە، کە داهێنان و لەدایکبوون و دەروونرۆشنی و شیعریبوونە، لەدایکبوونەوەکەش باوەڕ بهێنێ بە هەقیقەتی ئەفسوون و جادوویی و لە گەشتی ڕوانین نزیکی بکاتەوە، بیخاتە ئاستی تێڕامان، لەسەر زمانی کەسایەتییە لەدایکبووەکەی دەق بدوێت، پاشان بە بڕیاری شیعری هەڵوێستی خۆی لەبارەی سروشت و

بوون و کۆمەڵگا و جوانی دەربڕیّ، ڕووبەڕووبوونەوەی ناوەوەی شاعیر لە شێواز و ئاراستەدا، ئەو پەیوەندییە بە هات و پڕ هاوارە هێما دەیگەیەنیّ، فراوانکردنی جەنگی هەستە لە بەبیرهێنانەوەی یادگارییەکان و ئامادەکردنی یادگاری ڕابردووە لەدەستچووەکانی لە ئێستای بەرهەست و ئامادە بۆ هەموو جووڵەیەک.

لە قۆناغی سست و سڕ، دۆخگۆڕینی بۆ قۆناغی گەشە و جووڵەکردن.

لە قۆناغی لەدەستچوون و بیرچوونەوە، دۆخگۆڕینی بۆ قۆناغی دەستەبەرکردن و بیرهاتنەوە.

دۆخگۆڕین بەها و بەخششی خودی هۆشمەندە، بەو پێوەرەی چرکە بە دەقکراوەکان خەملێوی خودی هۆشمەندن، لەم خەملێنەشدا گەشتی هەمیشەیی پاڵەوان ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت بەرەو قووڵایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر جاریش قووڵایی پەیوەندییەکان قووڵاییەکی خنکێنەرە، یان ڕزگارکارە.

من دۆخگۆڕین دەنووسم، لەبارەی دۆخگۆڕینەوە نانووسم.

## ٣٨

هەر کار و کردەیەکی هونەری لە ڕوانین و جیهانبینیی خودی هۆشمەندەوە بکرێت ئاراستەکەی لە ئەزموون و ژیانی ڕۆشنبیریی نووسەری چالاکەوە ئاستی وەرگرتووە، هاوارێکی هێمن و بڕواهێنەر و قەناعەتپێکەر. بەبڕوا بەخۆبوونەوەش خۆی پێشکێش دەکات و دەڵێت: ئەمە شێواز و ئاراستە سەربەخۆیەکانی منە لە ئاراستەی زمان و مۆرکی شێواز و کار و کردەی چوونە ناو جەرگەی ژیان و خەون. دوای کارلێکردن و مانەوە، ژیان و خەون هەڵیداونەتەوە سەر

ڕووبەری سپیی کاغەز، دۆستایەتی، یان ململانێ لە نێوان دەق و خوێنەری قووڵبین و داهێنەر بەرپا بکەن. زمانی پاراوی نووسین جیاکارە لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا، زمانی خەونیش جیاکارە لەگەڵ زمانی گفتوگۆی واقیعی بەئاگای ڕۆژانەدا. ئەگەرچی هەست بە گەرمیی هەناسەی واقیعی ڕۆژانەش دەکرێت لەناو خەون، لە هیچ داهێنراوێکی گەورەشدا نووسەر پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا کۆتایی پێ نەهێناوە.

لەناو هەموو مۆرکە هونەرییەکانی لە ڕوانین و جیهانبینیی خودی هۆشمەندەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێن، فەزا و ئاکارێکی هزری لەپشتییەوە نوێبەخشی و ڕەسەنایەتی دەپارێزێت، خاڵی دەستپێکردنیشی لە ڕوانین و جیهانبینییەوە ئاراستەکراوە، بەڵام با بە مۆرکی شێوازی بەتاڵ فریو نەخۆین، ڕێزی شێوازێک بگرین بزانێت خوێنەر بە چی ئاراستەیەک و بۆ کوێ دەبات. مۆرکی شێواز ئاراستەکانی ڕوونی زمان لە ڕوانین و جیهانبینی و ئەزموونەوە وەرگیراو بێت، ڕێزگرتنە لە خوێنەر، بەهۆی ئەم ڕێزگرتنەش خوێنەری قووڵبین پێشینەیەکی دەست دەکەوێ، دەتوانێ ببێتە هاوڕا و نزیکی کەسایەتی ناو دەقەکە، یان نا.

ئاڵۆزکردنی ڕستەی شیعری بێ قووڵبینیی ڕوانین و جیهانبینی، تەنیا سەر لێشێواندنی شاعیری لەپشتەوە دەبینرێ و چیتر نا، ئەوەی لە زەینەوە هەستی پێدەکەی بینووسیت کەشوهەوایەک بەرهەم دێ، کە جێگای هەموومانی تێدا دەبێتەوە. ئاستداری و شیعریبوونی زمان، کە ڕابردووی ئەدەبی کوردی لێی بێبەش نییە، گەورەترین ئاستداری و شیعریبوونی زمان لە قۆناغی شیعری کلاسیکی ئەنجام دراون.

شیعر نە ئەرکە، نە ئامانجە، نە هۆیە، کارکردن و چالاکییە لەناو ئەوپەڕی زماندا، بەهەموو دوورییەکانیەوە ئەوکاتەش زمان لە دەقدا

دەگاتە لووتکە هارمۆنییەتی کۆمەڵێک وشە سەمفۆنیایەک پێکدەهێنن و هەستێک دەبەخشن، مرۆڤ دەگەیەنێتە دوایین پلەی مەستی و تەسەوف و فەنتازیای نووسین. گەردوون هێزێکی نادیاری هەڵگرتووە، لە کاتی خەونبینین و سرووشدا دەیدات بە شاعیری نوێبەخش.

من فەنتازیا دەنووسم، لەبارەی فەنتازیاوە نانووسم.

## ٣٩

نووسەر بەدرێژی و ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی، گفتوگۆی لە دڵەوەی لەگەڵ ژیان بەمانا گشتگیرییەکەی، بەردەوامە. مەرگیش وەک دەرخستنی جوانکاریی دەق لەو شێوازەی، کە دەینووسیٚ تەماشا دەکات، کەواتە: نووسین پێویستییەکی زەینی و جووڵانەوەی چالاک و ئومێدە. کە دەنووسیت هەست بە ئومێد و بەرگری دەکەیت. ئەو هێزە لە گیانتدا دەگەڕێ و ئاماژەپێکردن و پشتیوانە بۆ زاڵبوون بەسەر ململانێدا. وەک بوونێک تێکەڵ بە چرکەکانی بیرکردنەوەت دەبێتەوە. چرکەی ئەو بیرکردنەوانەی هەستت کردووە، گفتوگۆت لەگەڵ ژیان بەمانا گشتگیرییەکەی بەردەوامە. چییەتی نووسین و دەسەڵاتی وشە دواندن و گفتوگۆیە لەگەڵ ژیاندا.

نووسەری ئاگردز، نیمچە خواوەندێکی پڕ نادیارییە لە شێوازی گونجاوی دەقەکانیدا. ژیان بە مانا گشتگیرییەکەی بەرهەم دەهێنێتەوە. پێویستییە جوانییەکانی بەلێزیادبوونی خەیاڵپەروەری نواندووە، کە واقیع بە شێواز و ئاراستە و کەشوهەوا و ڕێکخستنێکی دیکە نواندوویەتی.

لە هەمان ئاست و ئاسۆکاندا واقیع بە ئاستداری دەبینێت. بە لێزیادبوونی واقیعی گیانی و هێزی فەنتازی بەسەر ڕستە

نووسراوەکاندا، کە لە پانتایی کاغەزی نووسراودا دەبن بە واقیع و جیهانی نووسین دادەمەزرێنێت.

مانا و فەزای ئەو نووسینەی، کە لەسەر پانتایی کاغەز دەبێتە واقیع پێویستە لە ڕێگای ئاسۆکانی زمانەوە ئاست و ئاراستەکانی بدۆزرێتەوە، نووسین، کە داخوازییەکی شیاوە تەنیا ڕۆشنایی و درەوشانەوەکانی زمان وەک جووڵە و بزاوت تێیدا دەسەڵاتە. کەسایەتی دوور و نزیکی ئەفسانەش دەبێتە گیانمایە و تانوپۆی لە کامڵترین شێوازی ساکاریدا.

هەڵوێست کردەیەکی تابڵێی بەهێزە. داهێنەر پێویستە ڕووبەڕووی سیستمی دیکتاتۆری سیاسی ببێتەوە و بە توندی دژایەتی بکات. مەرجیش نییە بەرانبەر دەسەڵاتی وڵاتەکەی، تەنانەت ئەو وڵاتەی کە میللەت دەسەڵاتەکەی هەڵبژاردووە و پێی ڕازییە، مولتەزیم بێت. بگرە پێویستە لەپێناو شیعریبوون و دامەزراندنی جیهانی نووسینی خۆی، کە ئومێد و بەرگرییە. مولتەزیم بێت، کە گەوهەری داهێنانیشی خستە ناو کتێبخانەی نەتەوەکەیەوە. دەبێتە مەزنترین هێمای درەوشاوە و مولتەزیمترین کەسایەتیی وڵاتەکەی.

داهێنان یانی ڕەسەنی و شارستانییەت و هەمیشەییترین ئیلتیزام و نوێنەرایەتی. ئەوانەی بە داهێنانەوە مولتەزیم نین، زیاتر کارمەندی ڕۆشنبیری و هۆکارێکی یارمەتیدەرن. بەرپرسیارییەتی شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە، شیعری بێگەرد بگەیەنێتە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

ڕۆشنبیری کوردی زیاتر ڕۆشنبیرییەکی شیعرییە. تەنیا شیعریشی ڕۆشنبیرییەکی بە ئەزموونە و خاوەنی شوێنی ناوەندە.

قۆناغی شیعری کلاسیکی تا ئێستاش تاقانەی ڕۆشنبیری کوردییە.

چەقی نەبینرای دەقی پڕ شیعریبوون، هەم دەتوانێت جیهانی خود و خەیاڵ و خەون و منداڵییەتی شاعیر بنوێنێت. هەم پەیوەست بەواقیعی کراوەش بێت، چونکە خود و خەیاڵ و خەون و منداڵییەتی بەشێک لە سەرچاوەیان واقیعە. واقیعی قووڵ بەمانا گشتگیرییەکەی. پێچەوانەی واقیعی ڕووکەش و ڕووتی سڕ، واتە: ناتوانێت لە سەرچاوە هەڵبێت، کەواتە: واقیعی قووڵ ناوەندێکی فراوانە بۆ دەربڕینکردن لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دەمامکە ئایدیۆلۆژییەکان دابماڵرێن. نیازەکانی سیاسەت و مێژوو وەک تاکتیک و تۆمار لە جەستەی شیعری پەتی فڕێ بدرێنە دەرەوە، بەڵام ماک و بیری سیاسی و هێمای مێژوویی، ئەگەر لە جەستەی شیعردا ڕوون خۆی بنوێنێ، خەون بۆ هەمیشە ڕابەرایەتی بکات. چالاکی شاعیرە لەو پەرستگایەدا خەڵوەتکێش بێت، کە وێرد و سرووتی جوانی و خەون دەستەڵاتیەتی.

لە شیعردا خۆم دەکەم بە واقیع و سەرلەنوێ پێکیدەهێنمەوە، واتە: واقیعی ناو نووسین، یان ئەو واقیعەی نووسین پێشنیازی دەکات، پەیڕەوکردنی چۆنیەتی واقیع لەم بارەدا دەناسرێت، یان پێناسە دەکرێت بۆ ناسین.

پێویستە ئەوە بە هەقیقەت بزانین، شیعر گیانی ئێشکگری هەموو نووسینەکانی دیکەیە. ڕەگەز و جەستەیەکی سەربەخۆیی گرنگە لە پێکهاتەی ئەدەبی نووسراودا. کتێبی پیرۆزی پێغەمبەران هەموویان شێوازی شیعر و شیعریبوونیان تێدا لێوانلێوە. تەنانەت بۆ بڵاوکردنەوە و قەناعەت پێکردن و جۆری قسەکردن و تێگەیشتنیان لەگەڵ کۆمەڵگادا، فەنتازیا و شیعریبوونی وەک هێزێکی قەناعەت پێکردن تێدا بەکار بردراوە.

بەم تێگەیشتنە شیعر فەنتازیای نووسینەکانی دیکەیە، کەچی بەدەستی چەند ئاگر لێ هەڵبزڕکاوێک خەریکە دەبێتە هونەرێکی مردوو. ئەو ئاگر لێ هەڵبزڕکاوانە هەوڵ دەدەن دەقی نوێبەخش بنووسن. نوێبەخشی بنیادی بەشێکی بچووکی دەقەکەیە. لەپڕ هەست دەکەیت بنیادەکە لە بنیادی نوێبەخشی بۆ بنیادی واقیعی ڕووکەش و بەستووی سڕ و شلەژاو دەگۆڕدرێت و بنیادە نوێبەخشییەکە بە ناکاملی جێدەمێنێ و تەواو ناکرێت. ئەم تەواو نەکردنە ڕەگەزی کتوپڕی نییە، بگرە ونبوونی ڕوانین و جیهانبینیی شاعیرە، ئەگەر شاعیر جیهانبینیی بەهێز و خەیاڵی گەرم پاڵنەری گیانی بێت، دەتوانێت کەسایەتی دەقەکەی وا ڕابهێنێ قسەکانی واقیع لە خەون بکات. بنیادەکەشی وەک بنیادی بەهێز و پتەوی خەونی ڕابگرێت.

ڕۆشنبیریی کوردی زیاتر ڕۆشنبیرییەکی شیعرییە، تەنیا شیعریشی ڕۆشنبیرییەکی بەئەزموونە و خاوەنی شوێنی ناوەندە.

قۆناغی شیعری کلاسیکی تائێستاش تاقانەی ڕۆشنبیری کوردییە.

من دامەزراندن دەنووسم، لەبارەی دامەزراندنەوە نانووسم.

## ٤٠

جیهان لە ڕوانین و جیهانبینینی داهێنەردا هەمیشە ناتەواوە، ناوەندی بیرکردنەوەی داهێنەر، خەونی ئەم ناتەواوییەیە دەیبینێت. خەونەکە دەکاتە سەرچاوەیەکی پاراو و ڕووبەر و پانتایی تەواوکاری ئایندە، کە دڵنیاشە بە هیچ جۆرێک ناگات بە ئایندە. ئەم نەگەیشتنە هۆ و یارمەتیدەرە بۆ بینینی خەون و بەردەوامی بەرهەمهێنانی دەقی خەونی. تەنیا لە خەونیشدا دەتوانێت دەسەڵاتی سیستمی دیکتاتۆری سیاسی تێکبشکێنێ و پەیوەندییە پەرتبووەکان بەشێوازێکی ئێستێتیکی دروست

بکاتەوە، ژیان بەمانا زیندووەکانیەوە وەک پرتەقاڵێکی بەدارەوەی بەباران شۆراوە ببینێ. ئازادیی تەواو و گیانی یاخیبوون و دووربینین و بیستن و ئاماژەی لەناو خەوندا ئێجگار بەهێزە و ڕووداوەکان ئاراستە دەکات.

ساتی نووسینەوەی ڕووداوەکانی خەون. پرۆژەی بەردەوامییە لە نێوان دووریی بیر و هەست، بە یارمەتی خەونبینین و ئەزموونی ڕەسەنی خودی هۆشمەند. خەون و زمان لە شیعردا دوو دیاردە و ڕەگەزی بنچینەیین. من لە ڕێگای زمانەوە بیر دەکەمەوە. هەر لە ڕێگای زمانەوەش شیعر دەنووسم، دەشمەوێ هەموو ژیان بەهۆی خەونبینین بکەم بە شیعر و شیعریبوونی پێبدەم. دەقی شیعری لە پانتایی زماندا کار دەکات، نەک لە پانتایی بابەتدا، کەچی لە شیعری کوردیدا ڕابردوو وەک کەلەپوورێکی تۆمارکراو ملۆزمە و هەمیشە لەناو دەقەکاندا بابەتە. ئێستاش بە ملۆزمی ڕابردوو ترسێنراوە. شاعیران لە ساتی نووسینی دەقدا بوێرنین، نەوێراون، یان نەیانتوانیوە ڕابردوو وەک بوونێکی کارپێکراو بهێننە ناو ئاخاوتن. بەتەنیا لایەن و بەشە گەش و درەوشاوەکەیان پێشکێش کردووە بۆ ئەوەی ڕابردوو وەک ژیانی کۆمەڵگای کوردی بێتە پێشەوە، پێویستە وەک گشتێکی سەربەخۆ بپێورێ و قەوارەی بۆ دابنرێ، تا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بوونی شارستانی و بنیادی شێواز پەرەی پێبرێت.

ئاخاوتنی ئێستا کراوەیە، دەچێتە ناو ئاخاوتنی نادیاری ئایندەوە. دەقی خەونی ڕزگارمان دەکات لە ئیشکردن لەناو مێژوو و واقیعی دەسەلاتدار و تۆقێنەردا، یان تووشبوونی هەڵەی مێژوویی، لە پەراوێزی مێژوو دێتە دەرەوە، دەچێتە ناو خەون، کە هەقیقەتی زمان و نووسینە،

کەچی لەوەش دڵنیانین دیوانی شیعری کوردی دەقی خەونی تێدایە، یان نا.

لە دەقی خەونیدا هەقیقەتی ژیان و کەسایەتی نووسەر ئامادە و ئارام و زاڵە. دەقی ئاسایی ڕێسا و زانستی ناو کتێبەکان دەتوانێت هەڵیسەنگێنێت، بەڵام دەقی خەونی بەتەنیا ناخ و قووڵایی گیان هەڵیدەسەنگێنێ. خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی چوارچێوەیەکی زەینی هەیە. ئەم چوارچێوەیەشی بەپێی باری دەروونی بەردەوام لە فراوانبوون و بچووکبوونەوەدایە.

ساتی نووسینەوەی ڕووداوەکانی خەون چالاکییەکی زمانەوانی و وشیارییەکی ڕەسەن و ڕوونبوونەوەی ڕوانین و جیهانبینییە لەناو ڕووداوەکانی کلتوور و کۆمەڵگا و خەونبینیدا. لە ئاستێکی گشتگیری سەیری ساتی نووسینەوەی ڕووداوەکانی خەون بکەیت، سەیرکردنێکی دامەزرێنەرە. تا نووسراوە بەرهەمهاتووەکە بچێتە ناو کۆمەڵگا و شوێن نیشانە وەربگرێت، وەک ڕووداوێکی بە ئەنجام لەناوەوەی ڕووداوی کۆمەڵگادا کاریگەری و جووڵانەوەی ئاشکرا بەدەستەوە بدات. بچێتە ناو بیر و بیرکردنەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای کوردی و ئاسۆی هاوچەرخی و ڕەسەنایەتی بەسەردا بکرێتەوە، کە ئاسۆی هاوچەرخی و ڕەسەنایەتی بەسەردا کرایەوە بەهای ڕاستەقینە وەردەگرێت. لە چێژی میللی دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە ناوەوەی ئەدەب، ناوەوەی ئەدەبیش چێژی دەستەبژێری کۆمەڵگایە.

هەر ئەدەبێکی نووسراویش نەیتوانی بچێتە ناوەوەی دەستەبژێری کۆمەڵگاوە، پێویستە گومان لە زەمینە و مەبەست و ئاست و ئاراستەکانی بکرێت. ڕەگەزی سەرەکی لەناو ڕۆشنبیری و کلتووری کوردی هەبووە، کەچی نەتوانراوە بۆ ساتی نووسینەوەی ڕووداوەکانی

خەون کاری پێبکرێت، بەسوود وەرگرتن، خەونبینین بهێنێتە پێشەوە. نموونە: خۆدواندن و دواندن و گەڕانەوەی ڕابردوو لە ڕێگای بیرهاتنەوەی کتوپڕ و هونەری پەخشانەشیعر، ئەم ڕەگەزانە لە حەیران و لاوک و بەیتە خۆماڵییەکاندا بەزەقییەوە دێنە ناو زەینمانەوە، کەچی لە نووسینی شیعری کوردی، ئەم ڕەگەزانەمان لە ڕۆشنبیری و کلتووری بێگانەوە وەرگرتووە. نەمانتوانیوە بگەڕێینەوە بۆ ماک و ڕەگی ڕۆشنبیری و کلتووری خۆماڵیمان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە بنچینەن، دەبووایە لەوانەوە بکەوتبووینایە ڕێ و هەنگاو هەڵگری خۆمانبین.

وڕێنەکردن بەناوی نووسینەوە لەناو ئەدەبی کوردی دەرکەوتووە، لەهەمان کاتیشدا گومانی لێ دەکرێت، چونکە بەپێوەر و ڕێسا و بنەمای ناو کتێبان بەڕێوە دەچێت. بەتاڵە لە سەرچاوەی کوردی و ئاسۆ و ئاستداریی زمان.

بەم جۆرە کارکردن ڕوخساری نووسینی کوردی ڕاستەقینەی لەکەدار و ئاوڵاوی کردووە، ئاسانە لاساییکردنەوەی بلیمەتانی بێگانە، ئاخۆ چەند لە گەورەیی ئەوان بەر منی کورد دەکەوێت. خۆ بوونی منی کورد لەم شێوازە نووسینە لە چیدایە.

ڕەنگە ئێمە لە بیناسازی و دیمەنی شەقام و باخچە گشتییەکان ... تاد، نوێ ببینەوە، بەڵام لە گیان و خەونبینین نوێ نابینەوە، چونکە لە گیان گەمارۆی ئایینمان لەسەرە. تەنیا لە ئایینیشدا بینین جێگیر و نەگۆڕە و کلێشە بەندی وەرگرتووە.

دەقی خەونی لە کۆمەڵێک هێما و هێماپێکراوی زمان و ڕوانین و جیهانبینین پێکهاتووە، هەمیشە گیان لە پلەیەکی ئەفسوون و جادوویيدا یارمەتیدەریەتی بۆ چرکەساتی نووسین و چوونە ناو گیانی مانا

زیندووەکان، لە ئازادکردنی شێواز و مۆرکە زمانییەکاندا. هەم لە وێنە و هەم لە ماناشدا پشت بە ڕەگەزی کتوپڕی و جیاکاری دەبەستم.

دەقی خەونی لە بنیادی گشتیی ڕستەکانیدا سنوور دەبەزێنێ، دەستکەوتێکە بەهۆی لێکدانی پیت و دروستبوونی وشە و ڕستەدا، بارەکان دەکرێنە هەست و دەخرێنە ڕوو. ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕوو دەکەنەوە، نهێنی و ئەفسوونی مرۆڤبوونمان چییە.

بارەکانی دەقی خەونی هاوسەنگییەک لە نێوان هێما و هێماپێکراو دروست دەکات، ئەم دروستبوونەش کاکڵەی ئەزموون و سەرچاوەی کار و کردەی دامەزراندنی دەقی خەونییە لە دەستنیشانکردنی جۆر و ئاستی ئەو پەیوەندییەی نێوان هێما و هێماپێکراو.

دەقی ئاسایی لەسەر ئەم ڕێسایە دامەزراوە: نووسەر، دەق، خوێنەر، کات، شوێن. ئەمانە ئاماژەن بۆ سنووربەندکردن و یەک دووریی زمانی دەق، زمانی دەقی سنووربەندکراویش ناتوانێت هەموو هەست و خۆزگە و چالاکییەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت، یان لەخۆی نزیک بکاتەوە، کە بوونی مرۆڤ پرسیارێکی کاریگەرە لە ناوکی بوون دەکرێت.

من زمان دەنووسم، لەبارەی زمانەوە نانووسم

**ئاداری ١٩٩٨ هەولێر**

# فۆرمی فره پەیوەندی و فره بنیاد و فره ترپه

## مانیفێستی شیعری

### ١

له نێوان بوون و هەقیقەتدا بیری مرۆڤی بەرهەمهێنەر، باروبوار و ئاراستەی خۆبوونی وەردەگرێت، لەناو دوو کەوانەی هەمیشه ئامادەی سەرسامبوون، بەرەو ئامانجی تایبەت دەڕوا و خۆی لەناو چڕکردنەوەی کات و شوێن و بێگەردکردنەوەدا دەستنیشان دەکات. خودی پاراو و بێگەرد و گەشاوەی دابەشی سەر هەموو جوانییەکان دەبێت و ختووکەی ڕسکانیان دەدات. جوانی گشتێکه پارچه پارچه ناکرێت، هەموومان پێویستمان پێیەتی و ئاسوودەیی هەمیشەییمانه. بەرهەمهێنی جوانبەخش گیان و هەست و خەون له ڕێگای وشه و جووڵەی وێنه و دەنگی پیتەوه دەگەیەنێ و ببڕای ببڕیش ئاماده نییه خۆی لەپاڵ دەسەڵات و شانەی هەڵەشه و خۆبژێین و دیکتاتۆر ڕابگەیەنی و ڕستەکانی بکاتەوە، نوێبەخشان کەسایەتیی داهێنەرانەی خۆیان هەیه و دەشزانن، چۆن و له چ کاتێکدا به نوێبەخشیی کۆمەڵگاوه پەیوەست دەبنەوە.

سروشتی کەسایەتی و گیانی پڕه له بەدوادا گەڕان بۆ داهێنان و بەگەرمی دادەگیرسێت. شوێنی مرۆڤ له ژیان دەدۆزێتەوە و دەستنیشانی دەکات، بۆچوون و بیروڕای کەسی باش بیرکەرەوە له

لێک حاڵیبوون و خەیاڵی جووڵێنەری دەق دەچێنێت و دید و دیدگا و شێوازی، فۆرمی فرە پەیوەندی و فرە بنیاد و فرە ترپە وەردەگرێت.

نهێنییەکان بیرکردنەوە دروست دەکەن و دەبنە سەرچاوەی بیرکردنەوە. هیچ شتێک بۆ ئەو مرۆڤەی لە ڕێگای بەرهەمهێنانەوە بیر دەکاتەوە و خۆی بە تیشکۆی جوانبەخشییەوە خەریک و پەیوەست دەکات، مەحاڵ نییە، ئەو بەرهەمەی دەیخوڵقێنێت گەردوون و هەموو شتەکانی لێ دەکەوێتەوە. لەناو ئەو گەردوونەدا هەمیشە شتەکان لە پێناو ئامادەکردنی بوون و هەقیقەتدا، بۆ مرۆڤ دەبن بە سێبەر و هەتاوی فریا و یارمەتیی یەکتری دەدەن بۆ پێکهێنانی شتەکان. هاوسەنگی پێداویستییەکانی ژیان لەوەوە ڕادەگیرێت.

گەردوون بۆ پێکهێنانی شتەکان، بۆ گشت مرۆڤ و کۆمەڵگایەک ناوەندێکی هاوبەشی هەیە. لە بەکەڵکترین شێوەدا بیری پێدەکاتەوە و دەیڕسکێنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و جیاکاریی خوڵقاندن و بەخششی کلتووری گشتی و کەسی. ڕۆژگار، ڕۆژگاری داهاتوو نییە، بگرە دەچێتە تێکڕای سەردەم و کات و هاودەقی پێکدەهێنێت، شتەکانیش دەکات بە ئاماژە لە هەستیاری بیری مرۆڤی بەرهەمهێندا، بەرانبەر پرسیارە گرنگ و کاریگەرەکانی بوون و هەقیقەت ئاگادارمان دەکاتەوە. دەشبێت بەو بڕوایەمان بگەیەنێت، ئەو پرسیارانەی کارلێک لەگەڵ ئەفسانە و داستان و بەیت و مێژوو و ئەوانی دیکەدا دەکەن. لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە، کەموکوڕییەکان لە چیدا ئاشکرا دەبن، پەیدابوونەکانیش چین.

بوون و دۆزینەوەی سەرەتای شتەکان، پێوەری مرۆڤ و کۆمەڵگا و هەموو شتەکانن، نەک هەقیقەت. جیاکارییەکانی نێوان بوون و هەقیقەت پێویستە بەردەوام بە کاریگەرییەکی زۆر و کراوەوە گفتوگۆی لەبارەوە

بکرێت و کاریگەریی خۆی بسەپێنێت. هەوڵەکانیش بێ ئومێد نەبن. هەقیقەت بینینە، بوون بیرکردنەوەیە لە بینین و ئەفسوونی ڕسکان و ژیان. دۆزینەوەی سەرەتای شتەکان، بنەمای ژیانی بە بەرهەم و ئارەزوویەکی بەردەوامە بۆ بەرهەمهێنانی نوێبەخشی و جوانبەخشی. هەنگاوی یەکەم: لەم دۆزینەوەیەوە دەبێتە ئەزموونێکی خاوەن کارکردن لەسەر مۆتیڤە هونەرییەکان و ماناداریان دەکات، هەروەها ختووکە و چەشەی ئەوی دیکە دەدات بۆ جیاکاریی خوڵقاندن و ئاشناکردنی جیاکاری.

ئازادکردنی نووسین، جووڵەیەکی هەمیشەیییە، بیرکردنەوە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و ناوەند پەیدای کردووە. زۆر وێستگە هەن جوانبەخش تێیدا هەڵوەستە دەکات و دەوەستێت و دەکەوێتە باری لێوردبوونەوە و تێڕامانی کارا و دوورودرێژ و قووڵبین، بەڵام هەر یەک وێستگەیان ورووژێنەر و دیاریکراوە، دەتوانین قسەی لەبارەوە بکەین. هیچ شتێک لەم بوونەدا نوێ نییە تا مرۆڤیش دۆنایدۆنی گیانێکی بەر لە خۆیەتی. بەردەوامبوون و دووبارە بوونەوەی ژیان منی دووبارە کردووەتەوە، دەبێت قسەی ئەم دووبارە کردنەوەیەی خۆمم هەبێت و بیکەم، بەڵام وەک خۆم و خۆم لەگەڵ خۆمدا، ئەم خۆم لەگەڵ خۆمدایە لەناو دوو کەوانەی هەمیشە ئامادەی دۆخگۆڕین، ئازادیی تەواو دەرەخسێنێت و کەرەستەکانی دەربڕینی خۆی دەناسێت. ئەم پەیوەندییانەی هەستەکانی کەسی جوانبەخش لەگەڵ پانتاییی فۆرمی فرە پەیوەندی و فرە بنیادی و فرە ترپەدا، لەرەی ئاوازی دەق و زرینگانەوەی زمان دروستی دەکات. بانگهەڵدانی نوێبەخشی نییە، بگرە بەدیهێنانی نوێبەخشییە.

نوێبەخشی گەشەکردنێکی سەرتاپاگیرییە، لە ئەفسوونی کراوەی بوون و ژیانی مرۆڤدا، باروبوارێک دەکاتەوە بۆ شکاندنی گەمارۆی دواکەوتوویی کۆمەڵگا. ئەو کەرەستانەش دەناسێت، کە نوێکردنەوەی بیر و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا هەڵدەسووڕێنێت، هەستی گۆڕانکاری کاریگەر دەهێنێتە ناو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ژیانمانەوە. ژیانێکیش نوێبەخشی بەرهەم بهێنێت، سەر بە بیرێکی خولقێنەرە و بینینێکی تەواوە بۆ گەردوون و پێکهێنانی شتەکان. نوێبەخش هەمیشە هەوڵ دەدا: ژیان لە بینینی ئەوانەی پێش خۆی ژیاوە دەستکاری بکات و بیروڕاکانی بۆ گۆڕان بخاتە گەڕ. جوانی لە چاوی کۆمەڵگا زیاد و بەپیت بکات، ڕووداوێکیش دروست بکا و پاشخاپەرۆکەکانی داهێنانیش بسڕێتەوە، یان لانی کەم بەلاوەی بنێت، هەروەها نەریتە خراپەکانی کۆمەڵگاش لابدا و جوانییەکانیشی بەهۆی بەکارهێنانەوە زیندوو بکاتەوە.

زمان بە شیعر دەستی پێکردووە و خۆی ناساندووە، بووەتە دیاردەیەکی تەندروستیی کۆمەڵایەتی و نیشانە و حیکمەتی ئادەمیزاد، ئەم نیشانە و حیکمەتە ئادەمیزادییە بەشێکی دەبێت لە بیر و بیرکردنەوەی منیشدا بڕسکێت و لێکدانەوەیەکم هەبێت بۆ ڕسکان و گواستنەوە و کارپێکردنی.

شارستانییەتی بوونیش لە ڕێگای هۆشێکەوە بۆ هۆشێکی دیکە بەردەوامیی داهێنان بە دەست دەهێنێت. گۆڕانە یەک بە دوای یەکدا هاتووەکانی نێوان کەسایەتیی داهێنەر و کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات.

بەبێ مەیل و ئالوودەبوونی نەمری و بەرز فڕینێکی ئێجگار زۆر لە پێناویدا، مرۆڤ ناتوانێت دەربڕین و داهێنان لە جوانییەکانی ژیان بکات و بچێتە ناو بەردەوامییەوە. داهێنان خۆی وزەیەکی شاراوە و

دەنگدانەوەی هەستییە، بوون دەدۆزێتەوە و ئاشکرای دەکات. دەچێتە ناو کرۆکی کارتێکارە ڕۆشنبیری و کلتوورییەکان. لەبارەی شتێکەوە قسە دەکات، کە گەردوون و مان و بنەڕەتی تەواوی سەرزەمینە و دەبێتە ناوەند. وەک بنەڕەتێک، بۆ ئەو دامەزراوە ڕۆشنبیرییانەی بوون بەڕێوە دەبەن و لەسەری دادەمەزرێن، لە ڕێگای جوانییەوە درێژە بە بەخشش دەدەن، وەک پێویستییە هەستییەکان دەڕۆن بەڕێوە و مەشق دەکەن، مەشقی بەردەوام بیر تیژ دەکاتەوە و لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێویستمان پێی هەیە. ئاماژەی کارا و کارامە و گرنگە، بە دوایدا دەچین بۆ پێوانەکردنی پاشەڕۆژ، لە هەمان باروبواریشدا بوێریی چوونە ناو و قسە لەبارەوەکردنی دەکەین.

بەرهەمهێنی جوانبەخش، بینینی خەونی بۆ ژیان، هەستەکانی ڕازاندووەتەوە و ئارامییەکی تێدا بەدی دەهێنێت، کەشە دەروونی و پێشهاتەکان بە ئاستێکی هونەری و کاریگەرییەکی ئاشکرا دەگوازێتەوە بۆ واقیعی نووسین، کە برینی کاریگەریی شەڕی خۆبەخۆ لە گەڕەکەکاندا دید و دیدگا و قووڵبینیی مرۆڤی کوردیان شێواند و جوانی و توانا و بەهرەیان کوشت و پەیوەستبوون بە ژیاندۆستی و شەیداییيان تا ڕادەی لەناوبردن کز و لەپێش دڵ و چاو خست.

بەرهەمهێنی جوانبەخش ناچار بوو، بەرهەم وەک ئامراز و ئامانجی کاریگەر بۆ ژیاندنەوەی جوانی و توانا و بەهرە بەکاربهێنێت: (ئەندێشەی چاک، گوتاری چاک، کرداری چاک)، بناسێت. لەگەڵ ئەمەش ئەو ڕۆژانەی من تێیدا ژیاوم و شیعرم نووسیوە زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبووە. بووژێنەرەوەی جوانی و توانا و بەهرە. لە خەونێکدا لە هێلکەی سەمەندەر ترووکا. خوداوەند بە هێزی بەخشندەیی بۆ ناوچەیەکی دیکەی ئاسمان بەرزی کردەوە تا فێری بلیمەتی و پەرجووی بەرزایی و

گەیشتن بە شاری دەستەبژێرەکانی بکات. سەرەتاکانی هەستپێکردن بنووسێتەوە. شیعر بۆ چێژ و جوانی، چێژ و جوانیش بۆ هەموومان، چێژ و جوانی ئەو ڕووداوەن لە کاتی خوێندنەوەدا ڕوو دەدەن و هەست و گیان و خەونی سستبوو لە مرۆڤدا چالاک دەکەنەوە. لەم کردەوە و کردەیەدا شیعری پاراو و بێگەرد دەدۆزێتەوە، شیعری بووژێنەرەوەی جوانی و توانا و بەهرە. هیچ بووژێنەرەوەیەکی جوانی و توانا و بەهرەش لێڵ و ناڕوون نانووسێت. زاڵە بەسەر ئاگاییی نووسین و ئامرازەکانی دەربڕین و کاکڵی مەبەست. وەرگر بانگهێشت دەکاتە سەر خوانی: فۆرمی فرە پەیوەندی و فرە بنیاد و فرە ترپە و لەرەی ئاوازی دەق و زرینگانەوەی زمانی فرە دەنگیی خۆی، بۆ وەرگرتن و چێژ و تێگەیشتنی هاوبەش و دەستدان لە ڕوخساری نوێبەخشیدا.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

## ٢

مرۆڤ یەکەم جار، کە بەهرەی دەربڕینی تێدا ئاشکرا بوو، لە خانەی شیعردا جێی کردووەتەوە، بۆ مانەوەشی لەم خانە پیرۆزکراوەیدا، هەمیشە قوربانی لە ئەژمار نەهاتووی داوە و هێڵە ئەفسوونییەکان و چالاکی درێژ کردووەتەوە. زمانیش وەک یەکەیەکی پڕ جووڵە بوونی خۆی ڕاگەیاندووە. گیانی لێوڕێژ لە شەپۆلدانی، لە ئاراستەکراوە سرکەرەکاندا ڕاپسکاندووە و پاراستوویەتی، هێز و ئاماژەی خستووەتە وێستگە و سەکۆی داهێنانەکانی. پەیوەندیی نێوان مانا و شیعریبوون لەناو فۆرمی فرە پەیوەندی و فرە بنیاد و فرە ترپەدا بەستووە و شکۆی داوە بە گوتن و زمان.

زمان کەرەستە و بەخششێکی خوداییيە و دەسەڵاتی دەربڕین و هێزی گیانی دەدات بەخۆویستی و خولّقاندنی شیعریبوون و مانا لەناو زمان و جوانیدا. زمان و جوانی ڕووبەرێکن خود و خەیاڵ خۆش دەکەن و بیریان تێدا دەکرێتەوە، ئاست و جیاکارییەکان دەردەکەون.

هێمای درەوشاوە زۆرن، کە توانا و بوێریی نەخێریان تێدایە، سەرگەردان و دەربەدەر بوونە و بوونەتە قوربانیی شیعری پاراو و بێگەرد. هەموو پەیامێکیان لە شیعرەوە بۆ شیعریبوون هێناوە. پەیامیش جگە لە شیعری پاراو و بێگەرد شتێکی دیکە نییە. دەیانەوێ لە ڕێگای ئەم پەیامهێنانەیاندا دەربڕین لە بارێکی دەگمەن، ئاوێتە بە جووڵەی وێنە و دەنگی پیتەوە بکەن.

تەنیا شیعری پاراو و بێگەرد، لە سەرچاوەی خود و خەیاڵەوە بنەچەی ڕاستەقینە و بەهای هونەری وەردەگرێت و بۆشی دەگەڕێتەوە، ئاماژەی یارییە مەحاڵەکان دەدات. تانوپۆی فۆرمی فرە پەیوەندی و فرە بنیاد و فرە ترپە، خۆی تۆکمە و پتەو پێکدەهێنێت. هەموو بوون دەخاتە ناو پرسیاری خود و خەیاڵەوە، تەنیا خود و خەیاڵیش هونەری پاراو و بێگەرد دەخولّقێنن و بڕوا بە گفتوگۆی هەستیاری دەهێنن.

کێشەی نێوان شاعیر و ڕەها، هەڵبژاردنی پەڕگیرییە و شیعر دەکات بە پاراو و بێگەرد. هەموو لکەکانی دیکەی ئەدەب: پەخشان، شانۆگەری، چیرۆک، ڕۆمان ... تاد، تەواو ژێری دەیانجووڵێنێت و بزووتنەوەیەکی وریاکردنەوەی خوێنەرین. لە ڕێگای ئەم جووڵانەشیدا جۆرێک تێکەڵی دێتە ناوەوە. هێزی دەستی، هاوسەنگی تێکدەچێت و ڕەهایی و پاراوی لە ناخ و بیرکردنەوەیدا دەبێتە پاشخاپەرۆکێکی بێزراو. جومگەکانی پەیوەندی لەگەڵ سەرگەردان و دەربەدەر و قوربانییەکانی شیعری پاراو و بێگەرددا لەبەریەکدا هەڵدەوەشێنێتەوە و دەچێتە ناو پێزانینە

بەئاگاکان و دەربڕینی فریودەر لە پێناو دەسەڵاتێکی دیاریکراودا، بینای کلتووریی خۆی پێکدەهێنێ و گفتوگۆ لەگەڵ کلتووری ئەوی دیکەدا دەکات. لە هەموو کارێکی ڕۆشنبیریدا گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوی دیکەدا لە سوودگەیاندن بەدەر نییە. تەنیا لە شیعردا زەرەرمەند و هەڵەبەرە. بەهۆی ئەم گفتوگۆیەی هێزی کەسێتی ون دەبێت، ونبوونێک، کە دۆزینەوەی دەبێتە جۆرێک لە مەحاڵ.

جوانی شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە و گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەی بیرکردنەوە . هەیە لە کەشوهەوا هەستییەکانیدا جوان بیر دەکاتەوە، کەچی لە هەنگاوێکی نزیکدا ئامادە دەبێت بچێتە ناو خۆ هەڵبژاردنی: لیستێک، یان حزبێک، یان شانەیەک، یان ڕێکخراوێک، یان دامەزراوەیەک ... تاد، بۆ بەرژەوەندی و کارپێکردنی خۆی ئامادەی کردووە و پڕوپاگەندەیەکی بێ ژمارەیشی لە پەنادا کردووە بە قەڵای هەڵخەڵەتاندن و دابەشی سەر ئەڵقەلەگوێ و گوێڕایەڵ و نانخۆر و بەرفەرمانەکانی خۆی دەکات. هەرکەسێک پێودانگێک بۆ کەسایەتیی خۆی دانەنێت، گەورەیی نەخێر، لە دەست بدا و ملکەچ و ئامادەی بەڵێ بێت بۆ هەمیشەیی بەختیاریی گیانی دۆڕاندووە. ملکەچکردن بۆ دەسەڵات، ژیان و شێوازی بیرکردنەوەت دەکەن بە ڕۆتین و نووسینەکانت نابن بە سەرچاوەی پاراو و بێگەرد.

شیعر بۆ چێژ و جوانی، چێژ و جوانیش بۆ هەموومان، چێژ و جوانی ئەو ڕووداوەن لە کاتی خوێندنەوەدا ڕوو دەدەن، هەست و گیان و خەونی سستبوو لە مرۆڤدا چالاک دەکەنەوە. شیعری پاراو و بێگەرد ئەی بەختیاریی بەهرەوەرانی سەر زەمین. مێژووی خۆ دروستکردن لە خاڵێکدا کورت دەکرێتەوە و دەبێتە تیشکۆ، بوێری ئەوە بکات بڵێت نەخێر، نەخێر، پرۆژەیەکە بۆ جوان بیرکردنەوە. جوان بیرکەرەوە

جووڵەی سروشت هاوتا دەکات بە جووڵەی ئازادیی مێشک و هۆشمەندی. بیرکردنەوەش وەک پرۆژەیەک لە پێناو خۆدۆزینەوە و خۆبوونی و ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر دەسەڵات.

ئەو کەسایەتییە تێکەڵە لە بڕیاری ناوەوەیدا، پەیوەندییەکانی هونەری نووسین و جوانی و ڕەهای ڕاگرتووە، کە شیعری پاراو و بێگەردە. لە دەرەوەش لەناو تاکتیک و زانیاریدان بە حزب، یان شانە، یان ڕێکخراو، یان دامەزراوەیەک: ئەڵقەلەگوێ و گوێڕایەڵ و نانخۆر و بەرفەرمانی دەسەڵاتدایە، کە هەموو دەسەڵاتێک بەشێک لە دیکتاتۆریەتی بە جووڵە و وێنەوە لەناو خۆیدا پەروەردە کردووە.

شیعری پاراو و بێگەرد: ئەی پاکیزەی دووەم، لەگەڵ یەکەم هەست بە ئارامیکردنی دەروونی بەرانبەر دیمەنی جوانی دەستت پێکردووە، بە وەشاندنی گورزێک ئاگری بێ ئامان کۆتاییەکان دەستنیشان دەکرێن، کە لەسەر زەوییەکی گڕکاناوی ڕامانگرە و هەموومان بە سووتان و توانەوە و لێک جیاکردنەوەی ئێسک و گۆشت جەزرەبە بدە. تەنیا ئەو سەمەندەرانە بەردەوامی وەردەگرنەوە، کە پەڕگیریی شیعرییان هەڵبژاردووە و پێشەنگی تێدا بە دەست دەهێنن. لەم گۆشە زۆر هەستیارەدا، شێواندن دادەڕێژنەوە و دەیکەن بە بوونی جوان و یادەوەریی داهاتوو، هەروەها مێژووی وشە و داهاتووی وشە و وشەش دەکەن بە زمان، زمانیش بەجوانییەکانی بوون.

بەهرەوەر: ئەگەر تۆ خەونی داهاتووت لە دەستدابێت. بۆچی دەژیت، چۆن بوون و خۆبوونیت دیاری دەکەیت. پێویستە سەرەکیترین پرسیار دروستکردن لە بیرکردنەوەماندا ئەوە بێت، من چ جۆرە بەهرەوەرێکم. ئەڵقەلەگوێ و گوێڕایەڵ و نانخۆر و بەرفەرمان، یان کەلکێش و ئازاد و ناوچەوان کراوە و دڵکەش. پێکهاتەی زەمین چۆنە، شکۆ بەرهەمی کامە

قوربانییە. بۆ ئەوەی سییەکان لە ڕزیبوون بپارێزین پێویستمان بە چ جۆرە هەوا وەرگرتنێکە. پێمان لەناو خۆڵی نەرمونیان، یان خۆڵەمێشی فریودەر پشوو پێبدەین.

شیعری پاراو و بێگەرد: ئەی پاکیزەی دووەم، ئەی تەنیا دایکی شاعیرە کەلکێش و ئازاد و ناوچەوان کراوە و دڵکەشەکان.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

## ٣

بەرهەمهێنەرانی شیعری پاراو و بێگەرد لە پێناو چێژی نادیار گیانیان وەک دیاریکردنی ناوەندێک لەناو کردەوە و کردەی نووسین و هونەری جوانبەخش و باڵادا پیشان داوە. هیچ کامێکیشیان شیعریان تایبەت نەکردووە بۆ ڕووبەر و ڕواڵەتی واقیع، بیرکردنەوەی داخراویان وەک پێودانگێک بۆ پەیوەندیی زەینی و بوونی شتەکان بەکار نەهێناوە. لەسەر بنەڕەتیی بەهرە و جوانبەخشی جووڵاون، تێگەیشتن و تاسەیان بۆ جوانبەخشی کار پێکردووە، ئاسۆی توانای تەنیایی، کە داهێنەر هەمیشە تواناکەی تەنیایە. بەسەر دیاریکردنی ناوەندی گیانیان کردووەتەوە، لەو ڕەگە دوورودرێژەی شیعردا، لە بەردەوامی و گۆڕان بۆ خۆی ئەزموونی کردووە و لە خولیاماندا دەسووڕێتەوە، هیچ کاتێک نەبووەتە بنەما و بنچینەیەک، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پرۆگرام و پلانی ساڵانەی دامودەزگایەکی لەسەر دابمەزرێنرێت، بگرە بمانەوێت نەزانراوێک بزانین و لە کلتووری ناسراوی زانستەکان بە هەموو بەشەکانییەوە نزیک دەبینەوە، سەرقاڵی سوود لێ بینین و پەیڕەوکردنی دەبین.

شیعر بۆ دۆخی دەروونی و وروژاندنی گیانی لە نێوان مەوداکاندا دێت و دەچێت، دۆخی دەروونیش بەشێکە لە وزە زیندووەکانی زانیاری، چونکە بینین دەگۆڕێ، بەڵام جیهان ناگۆڕێت، بگرە جیهان بۆ شێوە هەڵسووڕانێکی شیاو و چەشەی جوانیویستی و جواننواندن و جوانبەخشی ئامادە دەکات. تەنیا دوو شت دەتوانن جیهان بە بارێکدا بگۆڕن. ئەویش ئایین و سیاسەتن، ئایین و سیاسەتیش کاری کۆیە، تاکی کەلکێش و ئازاد و ناوچەوان کراوە و دڵکەش لەناو کۆدا بزر دەبێت و نامۆیی لە پەیوەندییەکاندا دروست دەبێ.

لێرەدا پرسیارێک، کە کاری شاعیری نوێبەخش و جوانبەخش داهێنانی پرسیارە، دەبێتە باروبوار. بەهۆیەوە دەتوانین لە نێوان مەوداکاندا بێین و بچین و چالاکیی بیرکردنەوەی ئەوڕۆییمان بە تاو و تینی جوانی دەرببڕین. نوێبەخش، کە مامەڵەی جوانبەخشی لەگەڵ هەستەکانیدا دەکات، شیعریبوونی لەناو سروشت دەرهێنا و گواستییەوە ناو هەستەکانی مرۆڤ و لە ناوەرۆکدا ڕسکاندی، ئەفسوونی خود و هێزی تاکی تاقی کردەوە، کە دەتوانێت هەست و گیان و خەون وەک ناوەندێک دیاری بکات. بە وردی لە سروشتی هەست و گیان و خەون وردبوومەتەوە، هەست و گیان و خەونیش بابەتی بنەڕەتیی شیعری منن. شیعر بۆ چێژ و جوانی، چێژ و جوانیش بۆ هەموومان، چێژ و جوانی ئەو ڕووداوەن لە کاتی خوێندنەوەدا ڕوو دەدەن و هەست و گیان و خەونی سستبوو لە مرۆڤدا چالاک دەکەنەوە، ئەو پرسیارەی نوێبەخشی دروستی دەکات، وەڵامێکی یەکگرتوومان لێی دەست ناکەوێت، یان نایدۆزینەوە. من لە شیعردا بەدوای وەڵامدا ناگەڕێم، وشە کەم دەکەمەوە و وەڵام دەدۆزمەوە.

کۆمەڵێک بەهای ئێستێتیکی هەن، سروشت پشتگوێی خستوون. جوانبەخش جموجووڵی هێماکانی دەدۆزێتەوە و دەیانهێنێتە پانتایی نووسین و دەیانکات بە هونەری پاراو و بێگەرد.

داهێنەری پرسیار، ئاراستەی فۆرم لای پاڵنەری کردارییە و لێیەوە شوێن بۆ پەیژەکانی کارکردن دەستنیشان دەکات. کردەوە و کردەی بەردەوامبوون لە بیرکردنەوەیدا کەرەستەیەک نییە بۆ ناسینی جیهان، کەرەستەیەکە بۆ ناسینی خۆی و لەپاشانیشدا بۆ ناساندنی خۆی و شکۆدارکردنی جیهان بە داهێنانی پاراو و بێگەرد.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

## ٤

شاعیرە نوێبەخش و جوانبەخشەکان بەرپرسن لە خوڵقاندنی شیعر و ئامادەکردنی کۆمەڵگا بۆ جوانیویستی و جواننواندن و کارکردن و مانەوەی لەناو کردەوە و کردەی ئێستێتیکیدا، قۆناغی یەکەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی، هەندێک جووڵە و پانتایی و ماکیان لە بیر و هونەری قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردی وەرگرت و لە برەوپێدان و چارەنووسی داهێنان و دۆخگۆڕینی ناوازەدا فۆرمی جیاکارییان تێدا خوڵقاند، قۆناغی دووەمی نوێبەخشیی شیعری کوردیش. بەهەمان شێوە هەندێک جووڵە و پانتایی و ماکیان لە بیر و هونەری قۆناغی یەکەمی نوێبەخشی شیعری کوردی وەرگرت و کاری بەرەو پێشەوە چوونیان لەسەر کرد، ئەنجام کۆمەڵێک دۆخ و کاری جوان و پەنجەمۆریان لە زەمینەیەکی بە پیتدا دامەزراند، بەڵام قۆناغی سێیەمی نوێبەخشی شیعری کوردی، لە ئاماژەی هەریەک لەم قۆناغانەدا، مەبەستم شاعیرە نوێبەخش و جوانبەخشەکانە، نەک پاشخاپەرۆکە بێزراوەکان، هەوڵیان

بۆ خوڵقاندن و ئاشکراکردنی بیر و هونەری جیاکاری بوو، دلێرانە داکشانە ناو خود و پاراو و بێگەردیان کرد. لەم پاراو و بێگەردییەدا زەمینەی لەباریان بە پێناسەی دیاریکراو و ڕوونەوە: بۆ کێڵان ئامادە کرد و تۆوی بەهرە و ڕۆشنبیرییان لەناودا وەشاند، فۆرمی فرە پەیوەندی و فرە بنیاد و فرە ترپەیان دامەزراند.

دەستەیەکی کارا لە ناوەند و بەهرەی دیاردە بزوێنەرەکانن. شیعریان بە ژیان بۆ خۆبوونی خۆیان هەڵبژاردووە و نانی گیانیان لە دەستی ڕووبەڕووبوونەوە و نەخێردا خواردووە. هەژانێک، لە سروشتی دروستبوونەوە لە بیر و هونەری پێشوو ڕووی دا، کە لە دەقە نایابەکاندا هەڵقوڵاوە و خۆی نواندووە و زمان تێیاندا زۆر هەستیارە و خۆی ئاراستە دەکات، بەڵام زوو خۆی ئاشکرا ناکات و ماناکانی ڕاناگەیەنێ.

شیعری پاراو و بێگەرد: لە کرۆکی خۆیدا مەسەلەیەکی بوونی و ژیانی دەروونییە، پێویستی بە هێنانەوەی هیچ پاساو و هۆ و بەهانەیەک نییە بۆ بوونی خۆی. کارکردن لە جیاکاریی بیر و هونەر، دەرکەوتن و جوانی و توانا و بەهرە، بەکەسی بیرکەرەوە دەدەن و هێزی سووربوون لەسەر بنەمای جیاکارییەکان بنیاد دەنێن، کە جیاکاری سووربوون و بوونی کردەوە و کردەی نووسینە. لەم بنیادنانەدا تێگەیشتن و قبووڵکردنی وەرگر لەسەر جیاکارییەکاندا ڕادێن و جیاکارییەکان خانەی دیاردە و جووڵە و مانەوە و خۆبوونی وەردەگرن.

گیانی نوێبەخش و جیاکارییەکان. هەستەکانی لەناو شاکار و ژیانی دەروونی پەرە پێدەدا و کارا و کارامە و زیرەکانە شێواز هاوتەریب لەگەڵ شێوازدا دەگونجێنێت و هاوتایان دەکات. شکۆ و کەرت

کەرتبوونی ناخی مرۆڤ بەجێدەهێنێ، مانا ڕانەگەیەنراوەکان ڕووبەڕووی مانا ڕاگەیانراوەکان دەکاتەوە. جیاکارییەکان بەپێی جیاکارییان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئاستدار دەبن. ماک و ئاسۆی هەستیاری و ئاست و ئاستداری لە بیری زمان وەردەگرن و پڕشنگیش لە تیشکە بەهێزەکان. یەک ئاستیش بیر و هونەر لە پاشخاپەرۆکی بێزراو وەردەگرێت و گەشەدار نابێت.

من لە ئەزموونی خۆمدا زۆر شەونوێژ و کەلکێشی و ناوچەوان کراوەییم بۆ شیعری پاراو و بێگەرد کردووە. ئەو کاتەش شەونوێژ و کەلکێشی و ناوچەوان کراوەیی لە شاعیر وەردەگیرێت، کە شیعر بە ژیان بکێشێت و وەک کێشەی مردن و ژیانیش لێی بڕوانێ و کاری بۆ بکات و ڕووبەڕووبوونەوە و نەخێر فێربووبێت.

مردن و ژیان پێکهێنەری بوونن، شیعریش، کە ڕەگەزێکی بوونییە دەبێت لەم ڕوانگەیەوە لە دڵەوە لێی بڕوانرێ و کاری بۆ بکرێت. نووسین لەوپەڕی شادی، یان ئەوپەڕی ناشادی بەرهەم نایەت. کاتی ئەفسووناوی خۆی پەیدا دەبێت، کە خورپەی شاراوەی ناخ دروستی دەکات. تەنیا ئەو خورپەیەی، کە دەچێتە ناو کردەوە و کردەی نووسینەوە ڕوونی دەکاتەوە و ئاماژەی حەسانەوەی گیانی دەداتێ.

سەرنجڕاکێشترین ئەزموونی جیاکاری لە ڕووبەڕووبوونەوە و هۆشمەندیی نووسیندا بەرجەستە دەکرێت، جیاکارییەکانی ئارەزوویەکی تەنک پەیدای نەکردووە، بە ڕێگای ئەزموونەوە دەیگەیتێ، بڕوایەکی بەرزی تێدا بەدی دەکرێت، هێزە سەیر و سەمەرەکانی مرۆڤ دەخاتە گەڕ و مانایەک بۆ بوون لە هەست و گیان و خەون دەبووژێنێتەوە و ئەوینداری دەکات بە ژیان. چێژ بەردەوام لە مرۆڤی هەستداردا دەگۆڕێت. بە هیچ پێودانگێکیش ژیان دامەزراو و دەوڵەمەند نابێت بەو

دیاردانەی لە پێناو خۆشگوزەرانیی مرۆڤدا خۆیان پێشکێش دەکەن، بگرە بەردەوام کۆمەڵێک بۆشاییی پڕ جادووی لێ بەدەردەکەوێت. پێویستە مرۆڤی نوێبەخش و جوانبەخش بچێتە ناویان و گەوهەرەکانیان بدۆزێتەوە و مشتومالّیان بکات. ئەم دۆزینەوە و مشتومالّکردنە چییەتی جیاکاریی مرۆڤ و کۆششی گیانی و جیهانبینییەتی.

بەرچاوییەک لە ئەزموونی جیاکاریدا، لە بەشی زۆری دەقەکانم دێڕێک وەک ناوەند هاوبەش دەکەم لە نێوان دوو وێنەدا، هەم تەواوکاری وێنەی یەکەمە و هەم تەواوکاری وێنەی دووەم.

ئەم ڕووبەر و جووڵە و ڕووداوەش بۆ سەرسامیی وەرگر بەکاردەهێنم، ئەگەر وەرگر بەتەواوی هێزی هۆشمەندییەوە ئەم ناوەند و هاوبەشییە لەگەڵ هەردوو وێنەدا وەرنەگرێت، جۆرە ڕێکخستنێک لە ئاگادارییەکانی ناو دەق پێک نەهێنێ، هەردوو وێنەکەی بە لێڵی و ناتەواوی دێتە بەرچاو و زەین. یەک لە گیروگرفت و لێک حاڵی نەبوونی ئەدەبی جیاکار لەگەڵ وەرگردا ئەوەیە. ئەم هونەرە وردانە هەست پێ ناکەن، یان خۆیانی لە ئاستدا نەبان دەکەن، یان توانایان نییە لە جیاکارییەکانی جوانبەخشیی جیاکار تێبگەن. بەوەشەوە لەوە دەترسن هەستەکانیان لەگەڵ ئەوی دیکەدا بەشداری پێبکەن. جیاکار پێویستە لە هۆی بوونی خۆی بپرسێت، پرسیارێک وەک دۆخگۆڕین لە پنتی پێکهێنان و بنەمای کراوەدا پێناسەی دیاریکراو و ڕوون وەردەگرێت.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

# ٥

ئەوەی لە نێوان من و شیعردا درێژ دەبێتەوە، خەونە نەک واقیع. لە کردەوە و کردەی نووسیندا خەون دەکەم بە واقیعی نووسین. بە ویست و داوا و هەستیارییەکی خەونی، بە یادگەی کۆمەڵگادا چوومەتە خوارێ و خانەیەکی سستبووم لە جەستەی شیعری کوردیدا تەواو زیندوو ڕاگرتووە، خانەی دەقی خەونی. خەون یەکێکە لە هێما هەستیارییەکانی مرۆڤ. لە سادەترین ئاستیدا خەسڵەتی کیمیاگەری پەیدا دەکات، دەتوانێت توخمێک بۆ توخمێکی دیکە بگۆڕێت. پێکهاتە و داڕشتن و ڕایەڵ و تانوپۆیەکی توند و تۆکمەی لێیەوە درێژ بکاتەوە. لە چالاکییەکی دیکەیدا بیکات بە دیمەنێکی بە شکۆ. هەوڵێکی خوداڕسکی بەهرەمەندە، پەیوەندیی مرۆیی و گەردوونی نزیک دەکاتەوە، پەلە بکەین بە دوای هەستیارییەکانی ئەم پەیوەندییە لەناو ژیانی گەشاوەدا بگەڕێین. وێنەکانی بەرپرسیاریەتی بەرانبەر چارەنووسی چێژ و جوانی بەرز دەکاتەوە و خۆی دەناسێنێت و دەبێتە هێما بۆ مانا و کاکڵەی مەبەست.

وەک گیان پشت بە خەون دەبەستم، خەون هێز و بڕوابوون بە وریایی هەست و خەیاڵی نادیار دەبەخشێ. دڵەڕاوکێیەکانی خەیاڵی نادیار بە خەڵکی دیار دەگەیەنێ، دەرەوە و ناوەوەی گیان بەیەکەوە بە ڕێگای تایبەتیی خۆیدا دەبات، کە ڕێگای جادووییە. خەون نوێبەخشیی زۆری داوە بە ئەفسانە و داستان و بەیت، زمان تێیدا گەرموگوڕە و دەستکاریی زۆری هەستی کۆمەڵگای کوردی کردووە. شێوە و ماکی ئەفسانە و داستان و بەیتم وەرگرتووە و بەشێوەیەکی جیا لە خۆی، نواندوومەتەوە. بە ئاشکرا ئەم وەرگرتنە درەوشانەوەی لە بیر و بیرکردنەوەی مندا پەیدا کردووە و ڕسکاندوویەتی، بۆ ئەوەی بەسەر

هەندێک دەربڕیندا زاڵبم، پێویستیم بەخۆڕاهێنان بووە لەسەر شێوە و ماکی ئەفسانە و داستان و بەیت، خواستی ئەم شێوە و ماکەشم قبووڵ کردووە، بەڵام خواستی واقیعی ئەفسانە و داستان و بەیتەکەم وەک خۆی، یان نزیک لەخۆی قبووڵ نەکردووە.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

## ٦

دروستکردن و دروستبوونی یەکەم مرۆڤ، یانی هونەری بوون و جوانی. هەست و گیان و خەون لە هەموو چەشنە: شیعر و گۆرانی و مۆسیقا و تابلۆیەک ... تاد، هەن و دەدۆزرێنەوە. لە دروستکردنی یەکتریدا بۆ یەک پێویستن. چالاکیی ژیان لەناو ئەم دۆزینەوەیەدا دەردەهێنن و کاریگەری بەسەر سایکۆلۆژییەتی یەکەم مرۆڤ و دوایین مرۆڤەوە دادەنێن. ئەم ڕەگەزانە دەستنیشانکاری بەهای دروستکردنی یەکەمین مرۆڤن و دەربڕین لە چەمکی جوانی و تاسە و گوڕ و تینی دوایین مرۆڤیش دەکەن.

داهێنەرەکانی ئەم چەشنە دەقە بەرهەم دەهێنن، هەموویان بەهرەداری بێ پایانن و خولیا بە تین و کاریگەرەکانی خۆیان پێشکێش بە مرۆڤایەتی کردووە، بنەما هەمە جۆرەکانی جوانیویستی و جواننواندن و جوانبەخشییان کۆ کردووەتەوە. هەست و گیان و خەون، کە سەرچاوەی ئەفسوونی دەقن. بەردەوام ئەمڕۆ بە بیرکردنەوەی دوێنێ ناپێون و لە دۆخگۆڕیندان. جوانی لە خۆیاندا پڕ خورپەی بەهێز دەکەن. دەقێکیش ئەم خورپە بەهێزکردنە لەگەڵ بیرکردنەوەی هونەری بەڕێوەی نەبات، خۆی ئەم کردەوە و کردەیەی قبووڵە لە ژێر پاڵەپەستۆ و چەپۆکی شتە ڕووکەشەکاندا بخنکێت. دەقیش پەیوەستە بە ترپە و

ئاوازی دڵی ژیان و باروبوارەکانی جوانی و هونەری بوون، ئەگەر پەیوەست نەکرێت بەو ترپە و ئاوازە، دەقێکی تەکنیکاری مۆمیاکراوە، لە پێکهاتەی مێژووی گیان، دەستخەڕۆ و ڕەنجەڕۆیە. دەقی تەکنیکاری مۆمیاکراو فرەمانایی جیهان دەکوژێ و ژیان وەک جەستەیەکی داماڵراو لە هەستەکان نیشان دەدات. بەشە هەرە گرنگە گەرم و گوڕەکەی مێژووی گیان، ئەفسانە و ئایینەکان پێکیان هێناوە و بەردەوامی گەشەکردنیەتی، بە پیتی دەکەن و بگرە و بەردەی جیاکاری دەورووژێنن. تەنیا وەرگرتن و کارپێکردنی دیمەنی شڵەژاوی دەرەوە و بەهرەی تایبەت، فریای شیعر ناکەوێت، ئەگەر ڕەگی شکۆی خواست، لەناو بوون و خواستەکانی گەشەپێدانی بوون ئاوی نەخواردبێتەوە، کە ئاو هێمای سەرەتا و هێز و بەردەوامییە. تێڕامان دروست نابێت، پڕ مایەترین ئەدەب لە جیهانی نووسیندا ئەو ئەدەبەیە، کە پەیوەست بکرێت بە ئەفسانە و ئایین. ئەو ئەفسانەیەی هاتووەتە ئاراوە دەربڕین بووە لە بلیمەتییەک، کۆمەڵێک ڕووداوم وەک ئەفسانە هێناوەتە ناو نووسین. هەموویان دروستکراوی هێزی بیرکردنەوە و خەیاڵمن. ئەفسانە و ئایین بۆ کڵپەپێکردنی مێژووی گیان، گەنجینەن و لە پانتایی بیرکردنەوەدا بە نەرمونیانیی بای سەرپەڵە جووڵە دەکەن. لێکدانەوەی گیانیم بۆ هێز و کاریگەریی کەسانی ناو ئەفسانە و مێژوو، وەک پشتیوانیکارێکیش لە بیرکردنەوە و مانا و ئاسۆی جۆراو جۆر و ئایندە بینینییان، مرۆڤ دەخەنە سەر ئەو باوەڕەی جوانییەکانی زەمین حیکمەتێکی پەرتوبڵاوە، پێویستە بە ڕووتەختی ڕاگەیاندنەکانەوە هەڵبواسرێنەوە بۆ حیکمەت و بینینی دیکە و نوختەی سەرسامبوون.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

داهێنان ڕێخۆشکار و ئاراستەکردنە بۆ یەکگرتنی کلتوورە هەمەجۆرەکان. هەرچی هونەری شێوە و شێوازە لە ڕۆشنبیرییە بە زەبرەکانی بێگانەوە فێری ببین. نەک لاسایی بکەینەوە و بیخوازین. یەکگرتنەوەی مرۆڤایەتییە لە داهێنان و جوانی خەملێو و پێگەیشتوودا. هاودەقی هەر لەم باروبوارەدا دروست دەبێت. ڕەخنەگرانێکی زۆر و هەمەچەشنیش بایەخیان بە چەمکی زمان و هاودەقی داوە و بارودۆخەکەیان لەبەرچاو گرتووە، بەڵام ئاشقبوون بە ئەدەبی بێگانە، بە نیازی دەستبەرداربوون لە ڕەگی زمانی زگماک، وات لێدەکات بەهرە و بیری زمانت ناتەواو بێت. ئەگەر بەهرە و بیری زمانیشت ناتەواو بوو، هەوڵ دەدەیت خوێنەر لە کرۆکی شیعریبوون دوور بکەیتەوە و سەرقاڵی شتێکی ناکامی بکەیت، چونکە شیعریبوون لە بەهرە و بیری زمانی زگماکدا پەروەردە دەکرێت و دەڕسکێت.

خەیاڵ و زمان لەسەر ئاستی شیعریبوون و ئاستەکانی دیکەوە دەچنە ناو یەک و ڕێژەی شیعریبوون بەرەو بەرزبوونەوە دەبەن، شیعریبوونیش بە جوانیی خەیاڵ و زمانی خۆڕسک و خودایی پەیوەستە و لە چێژدا دەبێتە خاڵێکی بەهێز، شیعر بۆ چێژ و جوانی، چێژ و جوانیش بۆ هەموومان. هەیە زانیارییەکی بێشوماری لەڕێگای خوێندنەوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا کەڵەکە کردووە، بەڵام نازانێت بەکاری بهێنێت و نەزۆکە، چونکە لە بنەڕەتدا هەڵقوڵاوی ڕستەی ناو ناخی خۆ بنیادنەر و خۆبوونی نەبووە. کاریگەری و پەرەسەندنی زمان لەو ئاستەدا دەردەکەوێ و دەستنیشان دەکرێت.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

## ٨

هەموو دیاردەکانی بوون، مرۆڤی داهێنەر بەرهەمیان هێناون، پڕ کاریشن لەبەرەو پێشبردن و کرانەوەی کۆمەڵگا بۆ قبووڵکردنی جیاکارییەکان. کۆششی شێلگیرانە دەکەم، دەقەکانم بابەتی تێڕامان بن بەرانبەر دیاردەکانی بوون، وزەی شاگەشکەیی چێژ و جوانیشیان تێدا پڕ و نەمر بێت، بەڵام لەوە دڵنیام بە نیازی هۆ و ئامانج و هیچ شتێکی نزیک لەو مانایانە نانووسم. پەیوەندییەک لە جەستەی دەقەکاندا نیشتەجێیە، پەیوەندیی شیعریبوون و زمان.

سەرچاوەکانم لە دەروونم دۆزیوەتەوە، لە دۆزینەوەشیاندا تەنیا هەستی خۆم دەستی گرتووم، وێناکردنەکانی دەرەوەش تێکەڵاوی خەیاڵ و هێما و ئەفسانە و داستان و بەیت دەکەم. مرۆڤێکم تێکەڵاو لە گشت گۆڕانکارییەکان، گیانم لە قووڵاییمدا دەردەهێنم و بە یارمەتیی کەشوهەوای ڕستەسازیی زمان پێشانی دەرەوەی دەدەم. ئەم خۆپیشاندانەم ختووکەیەکی کورتخایەن نییە. ڕەگەزی مەیل و حەز بەڕێوەی ببات، شێوازی ژیانە، مرۆڤی خاوەن سیمای پاک لەناویدا نیشتەجێیە. گونجاویشە پێش ساڵانێکی زۆر وەک ئەم چرکەیە گیانم هاتبێتە ژان و هەراسان و لەرزەی نووسین، دوای ئەم چرکەیەش بە شێوەیەکی دیکە لە چرکەیەکی پڕ پشووی گیانی لە لانکی ژان و هەراسان و لەرزەی نووسیندا بنوومەوە. ئەم نووستنەش دوا مانا و شێوە وەرناگرێت.

شێواز دەبێتە خاڵێکی بەهێز لە داهێناندا، لەوەش گرنگتر، وشە دەبێتە خاڵێکی بەهێزتر لە ڕستەدا و دەنگی پیتیش مۆسیقا لە ڕستەدا بڵاودەکاتەوە و دەیجۆشێنێت. هیچ شێوازێک تا سەر جێگای سەرسامیی ناوەندی ڕۆشنبیری نییە. جێ لەق دەبێت، بەڵام ناکرێت

بەکۆتاهاتنی یەکجارەکی ناوی ببەین و وەک سرۆوەیەک دڵخۆش بین پێی. تا ئەو ئاستەی دەسەڵات و هێزی ژیریم گوتوویەتی: ئەوەندەم توانا و بەهرەیە، خۆم کۆکردووەتەوە، شێوازی شیعریم هێڵی ڕوونی ئاشکرا بێت.

تێکۆشاوم بەهۆی پەخشان، بە گیانی شیعریی نیشانە و هێما و حیکمەت، لە داڕشتنێکی قووڵبووەوە لە ئاخاوتنی مرۆڤ و ئێستێتیکیدا بهێنمە ناو زەینی ڕۆشنبیری پاراو و بێگەردەوە. بە دوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێم منی سەرنجکێش و پەیوەست کردووە. گرفتارییەکانی ناوەوەی کۆمەڵگا بکەم بە بابەتی جوانی. لە ناخی هەر هەمووومان دەستەیەک چاودێر خۆی پەنا داوە، هەیە دەکەوێتە ژێر هەڵسوکەوت و هێزی ئەقڵییەوە. هەشە لێیان لا دەدات. خۆم لە دەستی ئەم دەستە چاودێرە ڕاپسکاندووە. ئاستە قووڵەکانی ئاگایی و هەستپێکردن و دۆخی بوون دەورووژێنم.

دەقی خەونی، لە خەونی ڕاستەقینە نزیک دەکەمەوە، وەک چۆن ڕاشکاوانە قوربانی بۆ ژیان دەدەم. بەهەمان شێوەی ڕاشکاوانەش شێوازێک لە هەستیارترین ئاست و ئاستداریدا کار پێبکەم. شێوە و ڕستەیەکیش نییە، شێواز لەگەڵ خۆیدا نەهێنێتە ئاراوە و نەیجووڵێنێ و ئاشنای نەکات.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

## ٩

نوێبەخشی لە داهێناندا دیمەن و هێما و هێزی بوونە، هەڵگیرسانی ڕووناکییەکی نهێنییە لە ئەندێشەی ئەویدیکەدا و بڕوا هێنانە بە دەسەڵاتی شیعری بێگەرد، دید و دیدگا و هەڵوێست بەهێز دەکات.

لەمرۆی بە چەقەڵ و چەورە و حەربای ئەدەبی و داڵی دووکەلاک و مینچێن و قۆپیەچی و بەرماڵ پێستی ڕێوی ... تاد، بەردەوامبوون لە نوێبەخشی و داهێنان چاوقایمی و گیانی ژیری دەوێت. تەنیا لەگەڵ ئەو نووسینانە ئاسوودەم، کە شیری گیانمن و مایەی سەرسامین و مێژووی وشە و داهاتووی وشەن، وشەش دەکەن بە زمان، زمانیش بە جوانییەکانی بوون. دەمگەیەنن بەو ڕووناکییە خوداییەی لە هەستیاری و زەینی چالاکدا پەیدا بووە. هەموو وزەیەکی گۆڕان و پێشکەوتن لە گیانی مرۆڤی بە بڕوا و دامەزرێنەر و کەلکێشدا گەشە پێدەدات، باروبوار بۆ دەربڕین و کرانەوەی بەردەوام دەدۆزێتەوە و تێگەیشتن لە گەشەی هەست و گیان و خەون پەرە پێدەدا و لێ دەکۆڵێتەوە و دەیکات بە لەرزەی نووسین و واقیعی نووسین. هزری دەوڵەمەندیش بەرهەم دەهێنێ و خۆشی و ئارامی ویژدانی پەناگەی خەیاڵی پاراو و بێگەردە. سەرچاوەی جوانبەخشی هێڵێکی هاوشێوەی هەست و گیان و خەون بۆ نوێبەخش دروست دەکات. ئەم هێڵە بە جووڵەخستنی نوێبەخشیی خۆیەتی، کۆمەڵگا بانگ دەکات بۆ ناو ژیانی ئاسوودەییی ئەدەب. بەهەشتی شادمانی ژیانی ناو داهێنانە. مرۆڤی جوانبەخش دەخوازێ تەمەنێکی پڕ دانایی و کارا و کارامە لەناو ژیانی ئەدەبدا بژیت. نەک لە ئارامیی ساختە و خۆشدوویی دەسەڵات، کە هەموو دەسەڵاتێک بەشێک لە دیکتاتۆریەتی بە جووڵە و وێنەوە لەناو خۆیدا پەروەردە کردووە.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

## ١٠

له قۆناغی یەکەمی نوێبەخشیی شیعری کوردیدا، شاعیرێکی کارامە و زیرەکی وەک: (گۆران)، لە ڕەگ و قووڵاییەکی کلاسیکییەوە هات. جیهانی شیعری کوردی گۆڕی و تێگەیشتنی خوێنەریشی بۆ شیعر گۆڕی . زانی بواری داهێنانی ئەو چییە و توانای لە چی تاقی دەکاتەوە، کە هات وەک نموونەیەکی پێشەنگ هات، نەک وەک مەیدانخوازێک بیەوێت کلتووری شیعری کلاسیکی لەناوببات، سەرەتا فۆرمێکی جیاوازی لەناو کلتوور و کەلەپووری کوردی دۆزییەوە، پڕ بوو لە وزەی ئاخاوتن، لە فۆرمی کلاسیکیش دایماڵی. ئینجا تێگەیشتنی خوێنەری گۆڕی و ئامادەی کرد بۆ تێگەیشتنێکی جیاوازتر و ئاشنای کردەوە بە کێشی خۆماڵی، شیعری ڕاستەقینەشی بەم کێشە خوماڵییە نووسی و پێشکێشی کرد. کاکڵەی مەبەستی نوێبەخشییەکەی، کە پرۆژەیەک بوو، دایمەزراند: لێرەدا گەشەپێدا و دەرکەوت. هیچ فۆرمێکیش، فۆرمێکی تر لەناونابات، بگرە لێی جیادەبێتەوە.

بەشێکی زۆری قۆناغی دووەمی نوێبەخشی شیعری کوردی، زیاتر وشەیان لەناو مانادا تواندەوە، لەوەی وشە بارگاوی بکەن بەبزێویی زمان. وشە هەست و هەستیاریی دروست نەکردووە، بگرە مانای گەیاندووە و جۆرە پەیوەندییەکی هێمائارا، لە نێوان توانەوەی وشە لەناو مانا و وشە بارگاویکردندا بە شیعریبوون خۆی ڕوون کردووەتەوە. شیعریبوونیش دەمانکات بە ئەندێشەی خۆی و ڕازی بەهێزی ئەندێشەکردنمان لە بیرکردنەوە و دۆخی دەروونیدا دەخولقێنێت. ئەمەش تەنیا لە هالاوی مەستی دەقدا مووچڕکە نەرمەکانی خەیاڵ و چێژدا پەی پێدەبەن. تواناکانی خۆگۆڕین و دۆزینەوەی خود ئاشکرا دەبێت. بە هۆشێکی ڕووناک و شکۆدارەوە ئەم خەسڵەتەیان

دەستنیشان دەکەین. لە دید و دیدگا و قووڵبینی دووری خستوونەتەوە و لە دەربڕین نزیک. هەموو هەڵچوونە نەستییەکانی خۆیان تێیدا هەڵڕشتووە، هەڵڕشتن لە دۆخێکی دەروونیی کورتخایەندا سرووش وەردەگرێ و زوو دادەمرکێتەوە. ئاگری نادیار و نهێنیی نووسین تەواو گەرمیان ناکاتەوە، ناوە ناوە تەزووی بەتینیان لە لەشدا پەیدا دەکاتەوە. لە بێ ئومێدی دەریاندەهێنێت، لە شەقامێکدا بەرەو پیاسە و ونگە دەیانبات. خەیاڵ تێیدا لە قووڵایی ئەو وردەکارییانە دەکۆڵێتەوە، کە دەبێتە لەرزەی نووسین و واقیعی نووسین.

نەست کاریگەرییەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە، لە لەرزەی نووسین و واقیعی نووسیندا دێنە ناو ئاگاداری و دەبنەوە بوونێکی وشیاری، بەڵام لەسەر ئاستی هونەری و ئاستەکانی دیکەوە وتووێژیان لەگەڵ شیعر و ژیان نەکردووە، بگرە جەختیان لەمەودا دەرەکییەکان کردووەتەوە، دانەکشاونەتە ناوەوە، کە ناوەوە تایبەتکاریی کەسایەتی بەرهەمی دەهێنێ و زەینی چالاک توانای بەگەڕخستنیەتی.

مانای مەجازییان ڕاونەکردووە، بە ئەسپایی و دامەزرێنەرانە سەیری هەستیاریی زمانیان نەکردووە، کە لە هەستیاریی زماندا مرۆڤ بە پڕی ژیانی خۆی دەدۆزێتەوە و دەیبینێ و سەرلەنوێ چاوی پێدا دەگێڕێتەوە، پاشان بژاری دەکاتەوە. زیاتر وەک یارییەکی ئایدۆلۆژی کاریان بە شیعر کردووە. لە بنجیشدا ئایدۆلۆژیا ڕەگی جوانیویستی و جوان نواندن و جوانبەخشی دەبەستێ و هەموو هۆیەکانی گەشەسەندنیان لێ دەستێنێتەوە.

سەرەتای پرۆژە و دامەزراندن و کرانەوەی شیعری کوردی ڕۆڵی خۆیان بەرز کردەوە و هەموومانیان بە خوێندنەوەی خۆیانەوە خەریک و سەرقاڵ کرد، کۆمەڵگاشیان خستە مشتومڕێکی ناتەبا و سەختەوە.

کردنەوەی دەرگا و پەنجەرە و پیشاندانی خۆر و مانگێکی بە پیت و ڕۆشن بوون بۆ قۆناغی سێیەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی، خاڵێکیش بوون بۆ جۆشدان و مامەڵەکردن لەگەڵ سروشت و بیرکردنەوەی ئازاددا.

قۆناغی سێیەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی بە فۆرمی فرە پەیوەندی و فرە بنیاد و فرە ترپە و جیاکارییەوە، ئاستی هاوچەرخی و داخوازییەکانی خۆیان پیشان دەدەن. بەوەی ئەو وەڵامانەی ئەوان بۆ واقیعی نووسین و واقیعی کۆمەڵگا و ژیانیان دایەوە، ئێمە دەیکەینەوە پرسیار و لەناو گیانی بووناندنماندا دەیکەین بە بنیاد و پێکهاتەی خۆبوونی و وێناکردنی جیهان و چالاکییە هونەرییەکانی کەشی خۆدەربڕین و خۆدەستنیشانکردن و کردەی بوونی زمان.

ترپە و ئاوازی قۆناغی دووەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی زیاتر لە ترپە و ئاوازی مۆسیقای جەنگ دەچوو، کە جەنگاوەریان بۆ جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوە لەسەر ڕادەهێنا. قۆناغی سێیەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی لەو ترپە و ئاوازە دەریانهێنا و شکاندیانەوە بەرەو ناوەوەی ڕستەی سەربەخۆ و جووڵەی وێنە و دەنگی پیتەوە. شاعیری نوێبەخش بڕوای بە بوونی ئەو هەقیقەتە هێناوە، کە ترپە و ئاواز و جووڵەی وێنە و دەنگی پیت، پەیوەندی بە جوانبەخشیی مرۆڤەوە هەیە و وزەیەکی خۆشگوزەرانیی ژیانی کۆمەڵگایە. هەموو کۆمەڵگایەکیش بنەمای ئازادیخوازی بە جووڵەی وێنە و دەنگی پیتەوە لەناو خۆیدا پەروەردە کردووە، بۆ ئەوەی فۆرمێکی نوێی ژیانمان بداتێ.

نووسەر دەبێ شێتێکی خودایی بێت، تا لەبارەی شیعرەوە بنووسێت

**حوزەیرانی ١٩٩٩ هەولێر**

# ئەزموون وەک ئاخاوتنێک لەناو ژیان

## مانیفێستی شیعری

### نوێبەخشی

لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هیچ سەرچاوە و وزەیەکی ئەدەبی بە ئاستی شیعر نەبووەتە بنەمای پەیوەندی و مایەی بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەی چالاک، واتە: ئەندێشەی چاک، کرداری چاک، گوتاری چاک. هەروەها بەو پایە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەش پەسند نەکراوە و نەدرەوشاوەتەوە.

گیانی زمانی دەربڕینی کوردیش، تا ئێستا هەر بە تەنیا لەناو پرۆژە شیعرییەکاندا زیندووە، کوردیش ویستی شیعر نووسین و هەستیاریی شیعری زۆر بەهێزە، تواناکانی خۆی تێدا تاقی دەکاتەوە، هەڵکەوتە کۆمەڵایەتییەکەشی وەریدەگرێت و ڕەوایی بە بەردەوامبوون و پەرەسەندنی دەدات، داهێنان بە وەرگرتنی قووڵاییەکانی ژیان بەرهەم دێ، لەم بەرهەمهێنانەشیدا ژیان دەخاتە ناو پرۆژەی دۆزینەوەوە.

ئەگەر دەربڕینێکیش لە فۆرمی ئاستدار و تیشکۆی خۆماڵییەوە دانەچۆڕابێتە ناو بوون و زەمینەی تەواوی دەربڕینەوە، بەهیچ شێوە و کەشوهەوایەک ناتوانێت نوێبەخش بێت و بێتە ناو پرۆژەی دۆزینەوەوە.

بۆ شاعیری نوێبەخش وەرگرتنی قووڵاییەکانی ژیان زیندووبوونەوەی زمانە، زمانی دۆزینەوەش زمانێکی یەک ئاراستەیی نییە، بەپرسیاری زۆرەوە لە ئاستە هەمەچەشنەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە،

قووڵاییەکان هێزی وشە و ئەزموونی تێدا نوستووە، لە دەربڕیندا ئەم هێزە تاقی دەکرێتەوە و دێتە ناو پرۆژەی دۆزینەوەوە، لەو چرکە زیندووەی مرۆڤ خۆی لێ ئاشکرا دەبێت و دەزانێت کێیە، لەم چرکەدا: زمان دەبێتە هەست و سۆز و مۆسیقا و خەون.

بەشێوەیەکی سەرەتایی نوێبەخشی لە ژیان و بیر و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا دەرکەوتووە و هەنگاوی بۆ نراوە، بنەماکانی گۆڕان بەرەو پێداویستییە هاوچەرخەکان و هۆشیاری دەبێتە پێوەری دۆزینەوەی ئەدەبی، هەروەها نوێبەخشی هۆ و ئامانجە بۆ پەیوەندیکردن بە چالاکییەکانی ژیانەوە، بەشێک، بەشێکی لابەلاش نییە لە ژیان. ڕاستەوخۆ ناوکی ژیانە، مرۆڤ لە باروبواری بەختەوەریدا وەک خوداوەندێکی ڕاستەقینە دەژێنێت، ئەفسانە و ئەفسوونێکی واشی تێدایە گیان و جەستە لە بڵندی بحەوێنێتەوە.

بابەت وروژاندن و شێوازی شاعیر هەستکردنە بە چرکە زیندووەکانی ژیان و شۆڕبوونەوە بۆ ناو ناواخنی سروشت و لەدایکبوونی وەرزەکان و گونجان و تەبایی نێوانیان. واش بەرانبەر ڕابهێنێ هەست بەم شۆڕبوونەوە و گونجان و تەباییەی نێوانیان بکات.

هەستی نووسینیش بە ساتەوەختی زۆر ناسک، یان زۆر دژوار تێدەپەڕێ. تێڕوانینەکان ئاڵوگۆڕیان تێدەکەوێ و دەڕسکێن.

شیعری ڕاستەقینەی خاوەن جیهانبینی، کە خودی مرۆڤ دابڕێژێتەوە، لە ژیری و پەند و سۆز و تاسە و ترپەی گەرمیی دڵ و خەونی ڕۆمانسییانە بەدەر نییە، ئەگەر شیعریش ڕووت کرایەوە لە ژیری و پەند و سۆز و تاسە و ترپەی گەرمیی دڵ و خەونی ڕۆمانسییانە بە هیچ جۆرێک ڕاستەقینە و خاوەن جیهانبینی نییە، کە خودی مرۆڤ دابڕێژێتەوە.

شاعیری نوێبەخش هیچ کاتێک چاوەڕوانی هاندان و ستایش ناکات، هەر کاتێکیش چاوەڕوانی هاندان و ستایشی کرد، ئەوە بڕوای بەوە نییە ئەوەی کە نووسیویەتی خۆبوونی و داهێنان بێت. دەربڕینی نایاب بەهۆی کرداری گەیاندن و هۆشیاریی زمانەوە لە ئاستی ئاسایی دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی ئێستێتیکا و خۆبوونی، دەبێتە خاوەن پرسیار لە نێوان وریایی زمان و وریایی ئاخاوتن.

زمانی ئێستێتیکا، شێواز و ئەدگاری خۆی لە دەربڕینکردن و دەربڕینەوە وەردەگرێت. لە ئەزەلەوەش گیان، گیانی جەستەیەکە شێوەیەکی دیاریکراوی چرکە زیندووەکانی بۆ ژیان و نەشونما دۆزیوەتەوە، شێوازیش ناوەند و گیانی نووسەرە، هیچ گیانێکیش بۆ جەستەیەکی دیکە وەرناگیرێت.

شێواز و شیعریبوون و زمان، ئەزموون بۆ دیاردەکانی ژیان و وێناکردنی کۆمەڵگا پێشنیازیان دەکات، دیاردەکانی ژیان و وێناکردنی کۆمەڵگاش پەیوەندی بە هەموویانەوە هەیە، بەشدارین لە چالاککردن و بەڕێوەبردنی، پەیامی هونەریی مرۆڤگەلێکە، کە هەوڵی سڕینەوە و لەبەینبردنی ئەو شتانە نادات، کە ژیان دەخەنە باروبوارێک بەرگری لە بە ژیانبوون و ئازار و ئازادیی خۆی دەکات.

ژیان و بوون و دنیاش لەناو شیعری نایاب و ئێستێتیکی و خۆبوونیدا نوێن، لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا نوێبەخشی هێشتان بە ڕوونی شوێنی شیاوی بۆ نەکراوەتەوە، ئاخاوتن لەبارەیەوە دەبێتە هەرا و زەنا، پێویستە ئەو بڕیارانەی لەم بارەیەوە بوونەتە مایەی سەرنجی کەمەیەکی کەم، بە ئاستێکی دیکەوە بخرێنە ناو ئاخاوتنەوە.

ئایا ئاخاوتنەکانمان لە خودی نوێبەخشیی دەقەوە دەرچوونە، یان لە دەرەوەی دەقەوە وەرگیراون و لە جەستەی تەنک و ناسکی دەقدا

پراوەی پێدەکەین، کە جەستەی تەنک و ناسکی دەق هیچ پراوەیەک وەرناگرێت جگە لە پراوەی گیان نەبێت.

نووسینێک گەیشتبێت بە ئاستی دەق، پەیوەندیی ئاستداری چارەنووسسازی بە ئێستێتیکا و خۆبوونییەوە هەیە، کە هەمیشە وەک سەرچاوەیەکی ڕوون، هێزێکە بۆ بەرهەمهێنانی سەرچاوەی دیکە، بەرەنجامی خودێکی هەژاو و هۆشمەند و وریایە. بەشێکیش لە خودی هەژاو و هۆشمەند و وریا گەیشتوون بەو هەقیقەتە، کە شیعر بگەڕێتەوە ناو سۆز و هەست و ڕوونی و ئاشکرایی لە دەربڕیندا، ئەمەش وەک دیاردەیەک پێویستە بخرێتە ناو ئاخاوتنەوە. زۆر جاران گۆڕانکارییە ڕەچاونەکراوەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا و بیر و دەربڕینی تاکی نووسەرەوە هەیە. دەبێتە بابەتی نووسینەکانیان، بەڵام نابێتە مانای ڕوون و دیار، بگرە لە چێژدا دەبێتە سرووشی مانا و چالاکیی وێنە، سرووشی مانا و چالاکیی وێنەش شاعیر لەوە نزیک دەخەنەوە بچێتە ناو جیهانبینیی تەسەوفەوە و لەو جیهانبینییەوە پەی بەنهێنییەکان ببا و بە هەقیقەت بگات، واتە: شاعیر پەیبەر و شیعریش پەیپێبراو.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

## جیایی

پانتایی جیاکارم لە بەرهەمەکانمدا خوڵقاندووە، لە پانتاییەکدا دەستنیشان ناکرێم. ئەرێ لە پانتاییە شیعرییەکاندا، دەچمەوە سەر چ پانتاییەکی خۆ تایبەتیکردن. تایبەتکار بۆی هەیە تەواوی هەبووەکانی،

که توانای کاریگەرییان تێدا دەرکەوتووە، ڕاکێشێتە ناو بیرکردنەوەی چالاکی، کە بەردەوام هێما و هێماپێکراو بەرهەم دەهێنێت. لە یەک کاتیش لەناو هەموو پانتاییەکاندا کار بکات و دەستیان بۆ ببات.

بەرانبەر بە ئاگایی خۆم جەنگاوەرێکی مەشقکردوو و ئەهلی زیندوویێتی دڵ و یەکێتیی ئەشقم، پانتایی ئێستێتیکا و ڕێبازی وردبوونەوەم لە ژیانمدا هەڵبژاردووە، دەمەوێت بە ڕاناوی نادیار زمانی تێدا هەستیار بکەم، هەستیاریی تەواوی زمانی کوردی لە شیعری کلاسیکیماندا تواوەتەوە و دەرکەوتووەتەوە. کاتێک شیعری کلاسیکی دەخوێنمەوە هەست دەکەم تەواوی زمانی کوردی ڕووبەڕووم وەستاوەتەوە. دەمباتە ناو جیهانێک، کە قسەی لەبارەی دۆزینەوە و چرکە زیندووەکانی بوون کردووە، نەک گێڕانەوە. خەون و ناوەندی وشە: هەوڵدانن بۆ خۆناسین. لە ماڵی گەورەی شیعردا هەموومان پێکەوە داوای شیعریبوون و زمانێکی نەرم دەکەین، ئەو داوایە وزەی گەشەکردنی کرۆکیجوانی و بەرزکردنەوەی ئاستی هەقیقەتی گیانی و درامای ژیانە. نەرمیی زمان لە نەرمیی ئەو کەرەستەوە دێت، کە دەربڕینی لێدەکات، زمان شانەیەکی زیندووی زۆر قووڵە لە جەستە و پێکهاتەی مرۆڤ لە گۆڕانی دید و پەیوەندییەکاندا.

جیاییی تاقیکردنەوەی من ئەوەیە: جیهانی پارچە پارچە دەخوڵقێنم و پەیوەندیی هێما و هێماپێکراویش دەپچڕێنم و دەستنیشانیان ناکەم. سەرچاوەکانی نووسین و ئاستەکانی دەنگ و تێبینیکردن و سەرنجدانم، لە جوانیی بێگەرد و بێ هاوتای ژیان وەردەگرم، دەگمەن و تاقانە دەبن بە هێما و هێماپێکراو.

شیعر چەند بچێتە ناو ژیان و دنیای خودایی و هەقیقەتی ڕۆژگارەوە، هێندەی دیکە گیانی تا هەتایە پەروەردە دەکا و دەیپارێزێت و ئەفسانە و ئەفسوون لەخودی خۆیەوە برەو پێدەدا.

شتێک لە نووسین، کە وەک ئەزموونێک پێشکێشم کردبێت، بەکاربردنی زمانی خەونە بۆ زمانی نووسین و ڕاچەناندن و چالاککردنی ناخی پڕ توانایی و یادەوەری. دواجار تواندنەوەی چالاکییەکانی بیر لە هەستیاریی نووسیندا.

چامەی درێژی فرە دەنگ و ئاستدار، پرۆژەیەکی کامڵە و لەسەر ئاستی بوون و کرانەوەی بەردەوام ڕادەوەستێت، سروشتی دایکی هەستەکانمە، ئاسۆیەکی ئەفسانە و ئەفسوون ئاساییە، ناتوانم لێی دەربازبم، بە کامڵترین فۆرمی شیعریی دەزانم و پەیڕەوی دەکەم، لە ڕایەڵ و تانوپۆی ڕستەکانیدا توانای جووڵاندنی فرە دەنگی و فرە پەیوەندی دەڕسکێت. مانا و زمان دەگەڕێتەوە ئەو ئاستدارییەی هێزی نووسین ئاشکرای دەکات و دەیهێنێتە گۆڕێ، واتە: قووڵبوونەوە بە ناخی بینرا و شەپۆلی کات و شوێن سیمای بوون.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

## فرە دەنگی

ڕوانینی گەردوونی بار و بوار بۆ گەشەسەندنی شیعر دەڕەخسێنێت، ببڕای ببڕ پەیوەندیی بە شۆڕشی گەیاندن و فۆرمەکانییەوە نییە. خەیاڵ و ئەو ئاسۆیەی جیهانی بەهۆیەوە وێنا دەکەیت، لە دەرەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاری شیعریبوون بەڕێوە دەبەن، لە کەڵک

وەرگرتن: دەست والا و دیموکراسین، سەرسامیی خۆشیان بە نەشونمای نوێبەخشیی گیانی ژیان ناشارنەوە.

دەتوانین لەوە دڵنیابین، کە شیعر هەموو سەنگایی ساتە وردەکانی بە تەنیا خستە سەر هەڵقولانی خەیاڵ، وەک بەرزایی و ناوەندی کاریگەر چووە ناوی و کرۆکی ژیانی بە هۆیەوە وێنا کرد. بێگومان لە باروبوارێک نزیک دەبینەوە، شیعری تاک دەنگی دەبێتە خۆنیشاندانێک و دەربڕین لەو باروبوارە بێهێزەدا.

دەکرێ لە بچووکبوونەوەی دنیا لە بینینی شاشەدا، یان هەر فۆرمەکی گەیاندنەوە، شیعری فرە دەنگ لە چنین و ڕایەڵ و تانوپۆی توند و تۆڵی ببێتە جێگرەوەی خەیاڵ، وەک بەرزایی و ناوەندی کاریگەر.

لە شیعری فرە دەنگیدا خەیاڵ ڕەگەزی سوودبینینە، بەرزایی و ناوەندی کاریگەر نییە. نیشاندانی باوەڕ و گیانی کراوە و دەوڵەمەندیی ئەم شێوازە، بەئەندازەیەک لە چیرۆک و شانۆنامە و ڕۆمان و داستان و ئەدەبی پەخشاندا بە ئاشکرایی دەگاتە لووتکەی بینین و تێگەیشتنی ڕوون.

لە شیعری درامیدا گفتوگۆ لەگەڵ هەست و ئەقڵی خوێنەر و شاکەس و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان دادەمەزرێنێت، هاوتایییەک دەدۆزێتەوە لەباری نووسیندا پەیڕەوی دەکات. لە پێکهاتە و بنەمای منی شیعریدا پێکدێت و دەبینرێت، خۆی لە منی تاکە کەسی شاعیر دەکشێتەوە، ڕۆڵ و ئاستی شاکەس و کەسایەتییە جۆرا و جۆرەکان و چێژێک دەگەیەنن، چێژی ئاراستەکراوی شاکەس و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان و واتاناسی.

زۆرێک لە شیعری ئیمڕۆمان، لەسەر سیستمی تاکدەنگی منی شاعیر وەک ڕەگەزێکی کارپێکەر بەڕێوە دەچێت، ئەم شێوازەش وەک هونەر هەرچی پێبوو بەخشی، چاوەڕوان ناکرێت هونەرێکی کاریگەری پێ مابێت بۆ بەخشین و سەرسامی، چونکە هیچ شتێک ڕوونادات قسەکەر یەک قسەکەرە و پانتایی نووسینەکەی داگیرکردووە، هەروەها بوونی شیعریش وەک شێواز و شێوە دەخاتە مەترسییەوە. لە کارایی و زیندوویی و هێز دووری دەخاتەوە، کە کارایی و زیندوویی و هێز باروبوارێکن هەمیشە زیندوومان دەکەنەوە و سەرچاوەی سەرسوڕهێنەرن.

یەکەمین کردەی هەستیارکردنی زمان، ڕستەکان بە مەبەستی گەیشتن بە چاوگە دەنگییەکان درێژ دەکاتەوە، چاوگە دەنگییەکانیش هەمیشە ئاگایی زمان تێیدا دەبێتە باروبواری ڕاستەقینەی نووسین و وزەی ترپە و ئاواز، لەم باروبوارەیەوە هەستیاریی زمان ڕوو دەدات. چەند ترپە و ئاوازێکی لێ دەبێتەوە بەناو خۆیدا دووبارە پەخش دەبێتەوە، جۆراوجۆریی ترپە و ئاواز: خەسڵەت و مۆرک و ماکی ناسینی ئەم چەشنەن، پشت بە وێنەهێنانەوەی یەک لە دوای یەکیش نابەستێت، زیاتر گێڕانەوە دەکاتە خۆبووژانەوە و دەرکەوتن و ئاراستە وەرگرتن.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەمووومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

# دەستکاریکردن

دەقەکانم، ئەوانەی چاپم کردوون و ئەوانەی چاپیشم نەکردوون، هەمیشە لەسەر مێزی کارکردن دەستیان بۆ دەبەم، هەر چەند ڕستەیەکیان دەستکاری دەکەم و چەند لاپەڕەیەکیان دەخەمە سەر و چەند لاپەڕەیەکیشیان لێ لادەدەم. تا ئێستاش نەگەیشتووم بەدوا دارِشتنیان. ئەو هونەر و دڵەڕاوکێیەی دەستکاریکردنەش لە کارکردنی بێ وچانی کاتژمێر، گواسترایەوە ناو باروبواری دەروونیی شاعیریەتیی من.

کاتژمێر تەکان دەدا بەرەو ناو دەقی کات. دەقی کاتیش هەمیشە ئەو چرکەیەی جوانە تێیدا چاوەڕوانیت، کە هێز دەخاتە ئەو چرکەیەی بۆی دەڕوات، ڕۆیشتنی منیش هەمیشە بەرەو دەقی شیعرییە. هەموو شتەکانی کاریگەرییان بە نەشونمای ژیانەوە هەیە. لە زەینمدا ئامادەیان دەکەم و دەیانکەم بە بەشێک لە چالاکییەکانی بیرکردنەوەم. دەستکاریی بەردەوامیش کارێکی دروستە بۆ نووسەری پڕ توانا و ئەزموونی پەڕینەوە، بۆ ناو پرسیارەکانی، کە بوون بەیەک جۆر دەستنیشان ناکەن، بەرگری و دەربڕین لە داهێنان دەکەن، چونکە هەر جارێک، کە دەستکاری دەکات، بەو نیازە بە تەواوی ژیان لەناو دەقەکەیدا ببینێت، یان ژیان بە تەواوی بهێنێتە ناو دەقەکەیەوە و بیگەیەنێت بە ئاستی خەونی نووسین. ئەویش یەک لە مەحاڵەکانی نووسینە، نووسین هەوڵدەدات بۆ مەحاڵ، مانەوەش لەناو ئەو مەحاڵە سووربوونی نووسەرە بۆ بینینی ژیان بە تەواوی لەناو دەقی بێگەرددا.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکولێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

# شاعیر

شاعیر، سەر گەرمییەکانی خۆی لە سنووری بیرکردنەوە و جیهانبینییەوە دەست پێدەکات و گیان و هەستەکانی چالاکە بەگشت جوانییە هاوبەشەکان. ئاراستەی ئاڵۆزکردنی جوانییە هاوبەشەکان نییە. سادەکردنەوەیەتی، بەرپرسە بەرانبەر بەرزبوونەوە و ڕسکاندنی ڕوانینی پڕ شیعریبوون و جووڵەی ئاخاوتن لە زماندا، پەیوەستیشە بەوەی پەیوەندییەکانی نێوان جوانی و فۆرمەکانی کۆمەڵگا وەک پرۆژەیەکی پەرەپێدان و پەرەپێدراو وەربگرێت.

کاری گوتار دامەزراندنیش لە پەیوەندییەکانەوە بکاتە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەزموونکراوی هەقیقەت و بەهای مرۆڤ. لە هەمان کاتدا لە تواناکانی دەربڕیندا بەرزیان بکاتەوە ناو ڕایەڵ و تانوپۆی ڕستە و ترپە و ئاوازی ویژدانیان، لێیەوە وەک نیشان و نیشانە پیشانیان بدات، هەروەها دەسەڵاتی هەستیاریشی بەسەر ئاشکراکردنی چارەنووسی جوانی لە شێوازی نادیاردا، پشتگیر و پاڵپشت لە بەرزبوونەوە و بەهێزکردنی و داکۆکی لە مانەوەی بکات.

تەوەرەکانی هەست و سۆز و خەون بخاتە گەڕ بۆ هێشتنەوەی بەردەوامیی چێژی گیانی. جوانی وەک ڕەگەزێکی چالاک و بنیادنەر، لە پێکهاتەی دەقدا بکاتە ناوەندی بەیەکگەیشتنی پەیوەندییەکان و باوەڕهێنان بە هەقیقەت و تواناکانی ژیان. بۆ واتای ڕاستەقینەی لەناو دەوروبەرێکی بێ هێز لە هۆشیاریی فیکریدا، ئاکار دابڕێژێت. بەدواداچوونی مێژووی گیان و ئەوانی دیکە و چاونەترسیش بەرەو ڕووی ئەم ئاکار داڕشتنە بکاتە ماڵی هەر هەموومان و گەوهەر و

ناوکی هونەری مانا دەرنەکەوتووەکان لە چرکە زیندووە دەگمەنەکان هەڵداتەوە.

کردەی نووسین وەک سەرەتایەکی هەمیشەیی و خاڵە یەکتربڕەکانی کات و شوێن بپارێزێت. بە فراوانییەکی ئاستدار و کاریگەریش بانگەوازی لایەنداریی تەواوی ڕابگەیەنێت، دواجار بە ئاستی بەهای مرۆڤ بیناسێنێت، بپرسێت ئەرێ ئاستدارییەکانی شیعر و مرۆڤ چین، لە واقیعدا جێبەجێیان بکات و جێی پەسندی بن. تا چەند توانیویەتی جوانی و هونەر بگەیەنێتە ئاستی ژیان و درکاندن و بەهای مرۆڤ.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین

فەرهەنگ

وشە لەناو فەرهەنگدا بە یەک مانایی سنووردار و پابەندە، باروبواری هەڵکۆڵینی نەماوە و چەسپاو و جێگیر و نەگۆڕە، لەسەر ئاستێکی چەسپاو و جێگیر و نەگۆڕیش پەیوەندی بۆ دەستنیشان کراوە، واتە: لەناو ژیان و بزووتنەوەی بەرەو پێشچوون کار و چالاکی لێ وەرگیراوەتەوە و خانەنشین و لاکەنارە و ئاستداری لێ وەرگیراوەتەوە.

شاعیر لە وشەکانی ناو ژیاندا دەچێتە کەشی زاڵ و ڕۆشنی خۆیەوە، وشە لە ساتێکی وردەکارانەدا لە ژیان ئەزموون دەکات. شیعریش، هێز لە خودی زمان وەردەگرێت، بەزمانی ناو ژیانیش شیعریبوونی دەڕژێتێ و پەیوەندییەکانی بە جیهان دەبەستێتەوە، کار و چالاکیی وشە گەرمەکانی ناو ژیان، وشە بێ هێزەکانی ناو فەرهەنگیان لە خەیاڵگەی نووسەری خودوریا دەربەدەر کردووە. هەست بە نائومێدییەکی ترسناک دەکەم لەو وشانەی لەناو فەرهەنگاندا وەنەوز دەدەن. دوای

گواستنەوەیان بۆ ناو ڕستەی شیعریی کتوپڕ خەوی دووبارەکردنەوەی لێ دەکەوێت. لەباری دووبارەکردنەوەشیاندا، بچووکتر دەبنەوە. دەستەواژە لەناو فەرهەنگدا خۆشباوەڕ و بێ ئومێدە، بەیەک مانایی دڵی داکەوتووە و فۆرمەکانی کۆتایی پێهێناوە.

شاعیریش لەناو فەرهەنگدا سڕ دەبێت و وێناکانی کورت دەهێنێت، نەک سەرسام. لە وشەکانی بەردەست و زەینی خۆیەوە دەست پێدەکات و ئاسۆی هاندان و فەزای زاڵ دەبێت. ڕۆشنبیرانی ئەکادیمی و فەرهەنگنووس و زمانەوان لە وشەکانی ناو فەرهەنگدا کار و چالاکییەکانیان بەرهەم دێنن. لە فەرهەنگدا ئاستی جیاکاری زمان نییە. هەموو داهێنانێکی زمان لە ئەدەبدا لە دەرەوەی فەرهەنگ ڕوودەدات، دەقی نایابیش لە کرۆکدا لە پەیوەندیی زمانەوە هێز و سەرکەوتن وەردەگرێت، ئاسۆیەک هاندەریەتی، ئاسۆی ئاستداری و پێکهاتە و پێکهاتن.

لەناو مێژووی ئەدەبدا، ئەدەبێک نییە لە وشەکانی ناو فەرهەنگەوە سەرکەوتنی بە دەست هێنابێت، بۆیە فەرهەنگ لای من بووە تەلیسمێکی بکوژ، زوو خۆم لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی دەرهێنا. ژیان فەرهەنگی شیعرە، هەر شاعیرێکیش هانا بۆ وشەکانی ناو فەرهەنگ ببات، نامۆیی و دەستەپاچەیی خۆی بە شیعر ئاشکرا دەکات. مامەڵەی لەگەڵ وشەی ئامادەکراوە، بایەخی ساتە هۆشیارییەکانی ناوەوەی خۆی لە دەست داوە، واتە: ڕۆڵی بەکارهێنانەوەی لەبیرچووەتەوە و هەست بە کاریگەریبوونی ناکات. ئەگەر نووسینێکی ئەدەبیش ساتە هۆشیارییەکانی ناوەوەی نووسەر، خرۆشانی تواناکان و چالاکیی نەبووبێت. دەقێکی بەتاڵە لە ئەفسانە و ئەفسوون و هۆشیاریی نووسین.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکولێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

## ناونیشان

زۆر نییە لەناو ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا ناونیشان وەک بابەتێکی سەربەخۆ و گرنگ، بەهای پێبەخشراوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لە هەموو باروبوارەکانیشدا ناونیشان و ناوەرۆک دەچنەوە سەر یەک ماک و بنەما، ئەویش ناوەندە، واتە: دەقەکە، ئەگەر ناونیشان داهێنان بێت، دەبێتە هەستگەرمی و سرووشێک، داهێنانێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەڵبژاردنی لەسەر بنەما و بیرۆکەی: ئەفسانە و ئەفسوون هەڵبژاردنێکی هۆشمەندانە و داهێنەرانەیە، لە وێنە و سرووش و دەربڕیندا بەدەردەکەوێت و وزەی ئەو هەستە دەدۆزێتەوە، کە لە ناوەرۆکدا بەدواداچوون و هەنگاو هەڵێنانە بۆ کۆکردنەوەی تاڵە تیشکەکان و وزەی ڕاستەقینە و هەوێنی شیعرەکە. لە ناوەرۆکدا دەقی نوێبەخش یەکەیەکی یەکگرتووی تێدا نییە، چونکە ژیان پارچە پارچە بووە و جۆرێک هەڵوەشێنراوەتەوە. هەندێک جار پارچەکان لێک doورن و هەندێک جاریش لێک نزیک. گرنگ ئەوەیە لە هەردوو باروبواری لێک نزیکی و لێک دووریی پارچەکان هەرەم و دەربڕینی ژیانن و بنەمایەکی پەیوەندییان هەیە. هەست بە پچڕانی پەیوەندیی نێوان ناونیشان و ناوەرۆک ناکەین. ئەم دوو باروبوارەی لێک نزیکی و لێک دووری دابەش دەبن بەسەر دوو خاڵدا:

خاڵی یەکەم: ئەو دەقەی، کە دەقێکی نوێبەخشە یەکەیەکی یەکگرتووی تێدا نییە، ناونیشانەکە دەبێتە تاڵە تیشکێک لە ناوەرۆکەکەدا.

خاڵی دووەم: ئەو دەقەی، کە دەقێکی ئاساییە یەکەیەکی یەکگرتووی تێدایە، ناونیشانەکە دەبێتە ڕامانی سەرەکی و بە تەواوی جەستەی دەقەکەدا شۆڕ دەبێتەوە و دەبێت بە ڕایەڵ و تانوپۆ، لە ناونیشانەوەش درێژە بە شیعرەکە دەدات ناونیشانەکانی من وەک تاڵە تیشکێکن بۆ مانا و ناوەرۆکی دەقەکان. نەک وەک ڕامانی سەرەکی بەتەواوی جەستەی دەقەکەدا شۆڕ بووبێتەوە، هەروەها تاڵە تیشکەکان لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە.

ناونیشان ناتوانێت ڕایەڵ و تانوپۆی ناو دەق ڕێکبخات، لەبەر ئەوەی ئەو خۆی هەوڵدەدات بە زمانێکی نەرم لەگەڵ ڕەگەز و توخمەکان پەیوەندی دروست بکات و هاوگونجان پەیدا بکات، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا: (ئەحمەدی مەلا) زێدی خۆی: (زەردک) بۆ ناونیشانی کۆشیعرێکی بەکارهێنا. ئەمە دەستپێشخەری و دیاردەیەک بوو لە ناونیشانی کۆشیعری کوردی، زۆریش بەجوانی گەیشتووە بە ناوەندی خۆبوونی داهێنان.

بەشێک لەناونیشانی کۆشیعری کوردی بەلامەوە وردبوونەوە و مەودایەکی هونەری و دۆخگۆڕن و سەرسامبوومە پێیان، نەشمتوانیوە سەرسامیی خۆم بەرانبەریان بشارمەوە، ئاستێکی بالآیان بەدەقەکان داوە و هۆکارێک بوونە لە هۆکارەکانی داهێنان و گەلێک پنتیش لە ناوەرۆکدا ڕووندەکەنەوە، ئەو ناونیشانەی سەرسامیان کردووم ئەمانەن:

یەکەم: سەمای بەفری ئێواران - ی جەلال بەرزنجی.

دووەم: ڕوونبوونەوە- ی ڕەفیق سابیر.

سێیەم: تەمە سپییەکانی ڕۆح - ی کەریم دەشتی.

چوارەم: هێلانەی نغرۆ — ی مارف عومەر گوڵ.

پێنجەم: تاڤگەی مەند – ی نەژاد عەزیز سورمێ.

شەشەم: کاتێ قامیش بەئاگا هات بووبووە بلوێر – ی سامان دزەیی.

ناونیشان بەلای منەوە بەسەر سێ دۆخ و ئاستدا دابەشدەبێت و تێدەپەڕێت: ئەوەی لێرەدا وەک بار و بوار و دۆخگۆڕین، بەجۆش و ئەمەکەوە دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم. ناونیشانی: (خەون وا خۆی گێڕایەوە)یە. سرووشی ئەم ناونیشانەم بەجۆش و سرووشێکی دووربەدووری ناونیشانی: (زەردەشت وا دوا)ی نیتشەوە لا دروست بووە و لە داڕشتنیدا هاوگونجانێکم بەکارهێناوە، هەروەها ناونیشانی: (کاتێ قامیش بەئاگاهات بووبووە بلوێر)، لە سروشت و سرووشی دێڕە شیعرێکی: (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، لە سروودی نەی) وەرگیراوە. ئەوەی من گەرموگوڕییەکی زۆر شاراوەیە، ئەگەر خۆم ئەم گەرمی پێبەخشینەی ئەزموونی خۆم نەهێنمە بەرباس، کەس هەستی پێناکات و خاڵێکی هاودەقی لێ نادۆزرێتەوە، چونکە زۆر بە ئاگاییەوە لە ناوەندی ناونیشانەکەی نیتشەوە بەهرەم وەرگرتووە و چوومەتە دەرەوە، یان ناونیشانەکە لە سەرسامیی خۆی وەستاندوومی و بەڕێی خستوومەوە بۆ دروستکردنی سەرسامی خۆبوونی خۆم. هەرچی سامان دزەییە لە ناوەندی دێڕەکەی ڕۆمی نەچووەتە دەرەوە و ماوەتەوە، هەروەها ئەوەندەی من ئاگاداربم، واشبزانم ئاگاییەکی ڕوون و وردم لە شیعری نوێی کوردیدا هەیە. وشەی (ئاو)، وەک ناونیشان یەکەم جار: (سامی شۆڕش) لە ژمارە (١)ی بڵاوکراوەی (نۆبەرە)، ساڵی ١٩٧٠ بەکاریهێنا، شیعرێکی تێدا بڵاوکردەوە بە ناونیشانی: (بووکی ئاو). ئەم ناونیشانە بۆ سەرەتای حەفتاکان ناونیشانێکی دۆخگۆڕ و کاریگەر بوو، پاش چوار ساڵ: (عەباس عەبدوڵڵا یووسف) بەجۆرێک لە جۆرەکان وەریگرت، یان گواستییەوە، کردی بە ناونیشانی نامیلکەیەکی بەناونیشانی: (ئاو).

جا نازانم ئەم شێوازی وەرگرتنە دەچێتە چ خانەیەک، وەرگرتن، یان گواستنەوە، یان ... تاد، بەڵام هەندێک ناونیشان هەیە. دەقاودەق وەرگیراوە، یان گواستراوەتەوە، یان ... تاد، (بەفری گەرم – الثلج الحار) لە بنەڕەتدا ناونیشانی ڕۆمانێکی: (یوری بونداریف)ە، (غائب طعمة فرمان) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. (نەوزاد ڕەفعەت) لە ساڵی ١٩٩٢، دەقاودەق وەریگرتووە، یان گواستوویەتییەوە، یان ... تاد، کردی بە ناونیشانی کۆشیعرێکی خۆی، هەروەها ناونیشانی بەزەبر زەمینەیەکی کاریگەر و ترپە و ئاوازی مانەوە لە مێشکدا دەهێڵێتەوە و واقیعی خۆی تێدەپەڕێنی، دەبێتە واقیعی خواستراوی نووسینێکی تر، یان دۆخگۆڕینێک. نموونە: ناونیشانی کۆشیعری: (گوڵە بەدەکان)ی بۆدلێر، ناونیشانێکی ئێجگار ناسراوە و کاریگەری و زەمینەی کاریگەر و ترپە و ئاوازی مانەوەی لە مێشکی: (نەوزاد ڕەفعەت)دا جێهێشتووە و بە بێ هیچ ئاماژەیەک لە شیعرێکیدا، جا بێ ئاگایی بێ، یان بەئاگایی بەکاری هێناوە: (شەڕی گوڵە بەدەکانی باخی ئێرەم. گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٥٠. ل: ١٢٨) ناتوانین لەم بارەوە لە وردەکاری بەراورد بکۆڵینەوە، لەبەر ئەوەی دۆخگۆڕین نییە.

گواستنەوەیە.

من هەروا بە سادەیی ناونیشان وەرناگرم و بە قووڵی و وردبینییەوە، فەزای زاڵی دەخوێنمەوە و جێگای بایەخمە، ناونیشانی دۆخگۆڕ واتای جیابوون و جیاوازییە. لەو دۆخەوە خوێنەری نموونەیی تێدەگات نووسەر قووڵبینە، یان ڕووکەش.

ویستم لە ناونیشاندا کارێکی تایبەتمەند پێشکێش بکەم، لە جێگای پیت و دەنگدا وێنەبکێشم، واتە: ئەگەر ناونیشانی شیعرێکم: (باڵندەی مەلەوان) بێت. لە شوێنی ناونیشان وێنەیەکی ماسیگرە، یان قورینگ ...

تاد، بکێشم. لەیەک کاتدا هەم شێوەی وێنە و هەم نیشانەی نووسین بدات. ئەو ویست و هەوڵەم تەنیا وەک بیرکردنەوەیەک مایەوە و جێبەجێم نەکرد، پێکهاتەی شێوە کارکردنەکەشم بنیاد نابوو. جێبەجێ نەکردنەکەشم تەنیا لەبەر ناکارایی و ئاستی شارەزانەبوونی نەخشەسازەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوو.

ساڵی ١٩٩٣، هەوڵێکم لە شێوازی ناونیشان پێشکێش کرد. شیعرێکم بە ناونیشانی: (سەباح)، لە ژمارە (٤٦٠ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ)دا بڵاوکردەوە. مامەڵەم لەگەڵ چوار توخمەکەی بوون، وەک پێکهاتەی گەردوون و جەستەی خۆم کردبوو. (با، خۆڵ، ئاگر، ئاو). لە هەر بەشێکی سەربەخۆدا ناوی توخمە مامەڵە لەگەڵ کراوەکەم وەک ناونیشانی لاوەکی لەژێر بەشەکە دانابوو، نەخشەسازی ڕۆژنامەکە هونەرمەند: (هەڵگورد جوندیانی)، ئەم شێوازی ناونیشانەی بە ڕیزپەڕ و نامۆ زانی، بەنابەدڵی کاری تێدا کرد، ئەنجام هەوڵەکەی منی بە تەواوی نەگەیاند. لە دوای بڵاوبوونەوەیدا، بۆم ئاشکرا بوو ئەم شێوازە سووریالییە فەرەنسییەکان لە سەرەتای دروستبوونیان پێشکێشیان کردووە. ئەم هەوڵەشم وەک سەرەتایەک مایەوە و لێی دوورکەوتمەوە، بەڵام ناونیشان بەوێنە وەک پرۆژەیەکی دواخراو لام ماوەتەوە و لە کۆشیعرێکم تا بۆم بکرێت و بتوانم پێشکێشی دەکەم، دەشزانم لە شێوە کارکردنەکەمدا بەرەو کوێ دەڕۆم و چ هێڵ و هێمایەک دەکەم بە ناوەند.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەمووومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

# مانیفێست

وەک پرۆژەیەک مانیفێستی شیعریی خۆم ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی ئەم ڕاگەیاندنە ببێتە پاڵپشت و تیشکۆ بۆ ئەزموونی شیعریم. مانیفێست و خۆڕوونکردنەوە، پەنجەمۆر و ڕوانینی تایبەتیی نووسەرن، بە کەرەستەیەکی خەملێو و ئەزموونێکی ڕاستەقینەوە بەرانبەر نووسین و ئاسۆی چاوەڕوانی نووسین. بۆ نووسین و گەلاڵەکردنی، بە قووڵی سەرجەم دەقەکانی خۆم بە توانای گۆڕان لە ژیان و هونەر، هێنایەوە ناو زەینم. لە مەودای خاڵی لاوازی، تا خاڵە سەرسوڕهێنەکانی ئەزموونم وەرگرت، بەوپەڕی هۆشمەندی جیاکاریی هەستکردن لە مەوداکانی مامەوە و تێفکریم، تا بووە پرۆژەی باش بیرکردنەوە و گفتوگۆیەکی ڕۆشن. بنەماکانیم لە شەوق و کاکڵە و ناخی ئەو مەودایانە دۆزییەوە، کە لە واقیعی نووسیندا هێناومەتە گۆڕێ. ئەو واقیعەی چۆنیشی بیر لێ دەکەمەوە و دەیجووڵێنم.

پێش نووسین بیر لە مانا ناکەمەوە، دوای نووسین مانا دەدۆزرێتەوە، هەروەها بیر و ڕاکانی ڕامگەیاندوون، هەموویان لە دەقەکاندا شوێنی ژیربێژی و ئەو ئاماژە و نیشانانەی تێیدا بەرهەم هاتوون، ئاشکران. چارەسەری هەندێک لە هەستە ڕۆمانسییە سەرەتاییەکانیشم کردوون، هێڵم بە ژێر دێڕە لاواز و سەرسوڕهێنەکانی کێشاون. خەونم کردووە بە فۆرمی دەستپێکردن و دووبارە گەڕانەوە بۆ واقیعێکی دامەزراوی خەونی.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

# قۆناغ

شیعر وەک درێژبووەوەی قۆناغی پێشتری وەرناگیرێت، لە هەندێک ڕەگەزدا یەک دەگرنەوە، لە زۆر ڕەگەزیش تەواو ئاستیان دەکەوێتە نێوان، دژی قۆناغ و ڕێباز و قوتابخانە و دابەشکردنم، دەقی داهێنراو بەسەر تەواوی ژیاندا دابەش دەبێت.

ژیان و خوێندنەوەی ڕووداو و دیاردەکان بەیەک ئاراستە نایەن، بە جیاکاری بیری یاخی و کەرەستەکانی شیعری لە کەشی شێوە گۆڕیندان، ئاستیش بەرەو گۆڕان و تێکەڵاوبوون وەردەگرن. هیچ قۆناغێکیش ناتوانێت قۆناغی پێشەخۆی تەواو لەناو خۆیدا ون بکات، داهێنانەکانی لە گۆشەیەکی تەنگەبەر گەمارۆ بدات. جیاکارییەکان سروشتین. جیاکارییەکانی ئەو قۆناغ و ئەزموونانەی لە داهاتووشدا دەبنە هۆ و مایەی گفتوگۆی گۆڕانکاری هەمدیس هەر سروشتی دەبن.

شیعر لە زماندا ڕەونەقی شیعریبوون بەدەست دەهێنێت، زمانیش بە ئاراستەی هاتنی، ئاستی گۆڕان و تێکەڵاوبوون وەردەگرێت.

ئایا زمانی قۆناغەکانی ژیان درێژەپێدەر و دووبارەکردنەوەی یەکن. بە جیاکاریی ئەو دەستکەوتە هونەرییانەی لە ئاکامی پەرەسەندنی بیر و پێویستییە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکان ئەزموون کراون و دامەزراون، یان بابەت و مەبەستەکان شێوازیان دەگۆڕێن و نیشانەکانی هەست پێدەکرێن. زمانی شیعر، شیعریبوون لە زمانی قۆناغێکی دیاریکراو وەرناگرێت، واتە: زمانی شاعیرێک، لە زمانی شاعیرێکی ترەوە دەست پێناکات، هەموو سەردەم و مەوداکان ڕادەکێشێتە ناو بازنەی بەرێوەچوونی خۆی، هێز دەڕژێنێتە ناو تەکانەکانی بۆ بەکاربردن و ئاماژە ژیربێژییەکان.

هیچ قۆناغێک نابینرێت، داهێنان تاجی لەسەر هێمایەکی دلێری نەنابێت و ئەستێرەیەکی بەرهەم نەهێنابێت. نموونە: قۆناغی کلاسیکی تاجی داهێنانی خستە سەری: (نالی). قۆناغی یەکەمی نوێبەخشی، تاجی داهێنانی خستە سەری: (گۆران). لە قۆناغی دووەمی نوێبەخشیدا، ئاستێکی تر دێتە گۆڕێ و ناتوانرێت داهێنەرێک وەک تاک و ئەستێرە دەستنیشان بکرێت و هەموو هونەرەکانی تێدا کۆبووبێتەوە.

نموونە: هەندێک فۆرم و شێواز و گوتاری شیعریی لای: (لەتیف هەڵمەت) هەیە. لای: (ئەنوەر قادر محەمەد) نییە. هەندێک فۆرم و شێواز و گوتاری شیعرییش لای: (شێرکۆ بێکەس) هەیە. لای ئەوانی تر نییە، یان هەندێک فۆرم و شێواز و گوتاری شیعریی لای : (فەرهاد شاکەلی) هەیە. لای هیچێکیان نییە، کەواتە: لەم قۆناغەدا فۆرم و شێواز و گوتاری شیعری پەرەی سەندووە و ئاستی کۆی وەرگرتووە، تاک وەک ئەستێرە و هێمایەک وەرناگیرێت. فرە هێمایی هاتووەتە ناو داهێنانی شیعری کوردییەوە، بەڵام لە قۆناغی کلاسیکی و قۆناغی یەکەمی نوێبەخشیدا، هەموو هونەرەکان لە هەریەک لە: (نالی و گۆران)دا کۆببوونەوە. بۆیە توانرا وەک تاک و ئەستێرە دەستنیشان بکرێن. لەگەڵ ئەمەش قوتابخانە و قۆناغ و ڕێباز و تەوژم ... تاد، لەناو دەچن. تەنیا شیعر، شیعری بێگەرد. بە پلەی یەکەم دەمێنێتەوە. درێژەپێدان و مێژوویی نین. هەندێ باری قووڵی سەرسامی تەسەوف لە شیعری ئەمڕۆ دەبینرێن و دەربڕین لە ژیان دەکەن.

سیماکانی لە قۆناغی کلاسیکی ڕەونەقیان بینراە، وەک پێویستییەک لەمڕۆدا ئەزموون دەکرێنەوە، ئەو پێویستییە ونبوونی نوێبەخشی نییە لەناو کلاسیکدا، ئەو شتانەی لە ڕۆژ و ڕۆژگاری خۆیاندا بەرەو بە ئەدەببوون دەچن، شتەکانی لەناو کۆمەڵگادا ئەدەبن و ئەوانی تواناشیان

تێدایە ببنە ئەدەب، دەقئاوێزان بە جیاکاریی، بنیادی دامەزراندنە. هێڵی ڕوونی ڕوانینەکان بخاتە باری قووڵبوونەوە و سیما هاوبەشەکان بناسێنێت. زمانی جیاکار، ترپە و ئاوازی جیاکاری لێ دەبێتەوە. شێوەکانی دەربڕینیش لە ترپە و ئاواز وەردەگرێت. وەک فۆرم و پێکهاتەی ڕستە بەندیش جیاکارییەکان بەرەو چەندین ئاراستەی جیاکار ڕاماندەکێشن و بە کارامەیی بە گەڕمان دەخەنەوە بۆ دوانەخستنی ژیان، کە ژیان خۆی کردەیەکی دواخراوە. خاوەن فۆرم و توانایەکی سەرسوڕهێنیشە.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

## پێویستی

من چێژ لە سەردەمی خۆم، واتە: چرکە زیندووەکانی ئێستا وەردەگرم و بە ئاسۆ و دوورییەکی گەرم و ئاسوودەی دەزانم، ڕۆژ و ڕۆژگارەکانی تێدا بەناویەکدا دەچن و بەیەک دەگەن، خۆم فریو نادەم بە ڕابردوو و داهاتووەوە، ئەمە منی دوورخستەوە لەوەی شیعری خۆسوورکردنەوە و هەڵوێستی دروستکراو بنووسم. ئەدەبێکی بە کاکڵ و زیندوو، لە گومانی ناڕوونی ڕابردوو و داهاتووەوە بەرهەم نایەت. لەم لێوردبوونەوەوە هەستم بۆ ژیان و هەڵبژاردنی شتەکانی دەوروبەر، پێکهێنان و شیکردنەوە هەڵوێستی وەرگرت. شەپۆلی هۆشیاری لە ناخمدا خۆی هەڵاوێشت و بەڵگەی ئەوەی پیشان دا، لە ناختدا

پەیامبەرێک خوڵقاوە پێویستی بە دەربڕین و نووسینی کتێبێکە بۆ هەمووان، کتێبی بۆ هەمووانی من شیعرە، شیعری بێگەردیش پەیامی نییە، بەڵام مانا و سرووشی هەیە، واتە: هەست بکەیت شتێک هەیە و بیرت پێدەکاتەوە.

لەو خرۆشانەی خەون و واقیع و ژیان داوایان لە گیانم کرد، پێویستە کۆمان بکەیتەوە، خاڵی بەیەکگەیشتنمان شیعرە. فەزای زیندووی پەیامبەریەتی لە بوونم ڕسکا. گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ڕوانینە سەرەتاییەکانم بەرپا بوو، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گیانیی یەکەمین ئامادەبوونی نووسین لە سەلیقە و چێژمدا چەخماخەی دا. خۆی وەک کاتێکی بەرجەستە لە بینین و نووسین پیشان دا. ژیان و مەرگم لەناودا کردە سەرمەشقی پایەداربوون.

سروشتی دەربڕینیش دەگۆڕێن، هەندێ جار واقیع و ژیان جێدەهێڵم و دەچمە ناو خەون. هەندێ جاری دیکەش خەون جێدەهێڵم و دەچمە ناو چرکە زیندووەکانی واقیع و ژیان. ئەم جێگۆڕکێکردنە بیرکردنەوە و گفتوگۆ و بینین و دەروونم ئازاد دەکەن و دەچمە ناو کەشی نووسین، واتە: دۆزینەوەی واقیعی نووسین. نووسینیش لە هەموو شوێنێکدا هەیە، لە هەندێک شوێندا بەڕوونی و سادەیی، لە هەندێ شوێنی تردا بە نیمچە ڕوونی، لە هەندێ شوێنی تریشدا بە شاراوەیی. تا لە بۆشاییەکانیش پێویستە شاعیربم، لە مردنیشدا وەڵامی پێداویستییە شیعرییەکان بدەمەوە. سوپاس بۆ خودا چارەنووسی لەدایکبوونم لە وڵاتێکدا بووە، شیعری تێدا شتێکی جەوهەری و خۆشەویستە.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

# ڕەخنە

نووسین لەبارەی دەقەکانم ڕێکخراون، ئایا بوونەتە هۆیەک لە دید و دیدگایانەوە بە خۆمدا بچمەوە، ڕەخنە ئامرازێکە بۆ باش تێگەیشتن لە ئەدەب، جۆرە سەرلێشێوانێک بۆ خوێنەر بەدی ناهێنێت. سەربەخۆیی دەق و خوێنەر گرنگە، کردەیەکی شارستانی و زانستییە، ڕۆشنبیر سەداسەد خۆشحاڵە پێی، بەڵام لەو ڕەخنانەی وەک مەبەست ڕایدەکێشمە ناو ئەو نووسینەوە یەکێکیانم بۆ دەستنیشان نەکرا پسپۆڕانە لەناو دەقێکم بە پرۆگرامێکی ئەکادیمی، یان خەیاڵێکی داهێنەرانە کاری کردبێت و بەشێک لە کردەی ڕەخنەیی لەناو خۆیدا هەڵگرتبێت. کەم ئەزموونی و کەم و کورتیی دەقی منی خستبێتە بەردەم کۆمەڵێک نیشانەوە، یان خوێنەری خستبێتە خوێندنەوەیەکی تایبەتییەوە، کە پشت بە میتۆدەکانی ڕەخنەگر ببەستێت.

ئەو دیاردانە وامان لێدەکەن بپرسین، ئەرێ ئەم نووسینانە بۆ ڕێکدەخرێن. هەقیقەت لە کوێیە. ئایا هیچ لەو نووسەرانەی، کە ڕۆشنبیریی خۆیان ئامادەیی لە نووسینە ڕێکخراوەکەدا نەبینیوە، توانیویانە پەیوەندییەکانی نێوان دەقەکانم بخوێننەوە و خۆیان تێیدا ئامادە بکەن بۆ کارێکی زانستییانە، کە توانای مانەوەی هەبێت، خاڵێک، یان چەند خاڵێکی قەناعەت پێکەر بخاتە ناو گفتوگۆوە، کە مەترسی بێت بۆ ئەو بیروڕا هونەرییانەی من پێشکێشم کردوون، ئاراستە و بڕوای ئەدەبیی منیان پێکهێناوە.

ڕەخنەگرانی ئەکادیمی و خەیاڵ داهێنەریش، توانیویانە پانتاییەکی هەمیشە ئامادەی ئەزموونم پیشان بدەن. هەستیارییەکی قووڵی تێدابێت

لەناویدا ئاسوودە بیر بکەمەوە و پەیوەست بم بە خەونی نووسین. هەمیشە بڕوایەکی پتەویشم بە جیهانی منداڵییەوە هەیە. ئەو هەستە پاکەی لە گیانی منداڵییەتی پەروەردە کراوە. هەمان هەستی پاکیش لە سروشتدا دەجووڵێت. منداڵی و سروشت ناوەندێکن لە هەموو لایەکەوە بۆیان دەچم.

لە پەیوەندییە برادەرییەکانم بە هەموو هەستەکانمەوە ڕێز لەبەرانبەر دەگرم، کەچی زوو لەوە حاڵی دەبم بەرانبەر پێویستە وەک گوێزێکی پووچ لە لێژاییدا فڕێ بدرێت. چۆلەکە پشت و پێش و تەنیشتی خۆی دەبینێت. خاوەنی بینین و مەودایەکی بێشوماریشە. بە پێچەوانەی چۆلەکە یەک ئاراستەی بینینم بۆ ژیان هەیە. ئاراستەی بینینی هەقیقەت و بەرزایی ڕۆشنبیری و داهێنان، پەیڕەویشی دەکەم. چ زیانێکیش بەو هۆیەوە پێم بگات پێی زەرەرمەند نابم.

دیاردەی بێزراو لە ئەزموونی شاعیریەتیی من بینراه، هەبووە بە نووسینێک بردوومیەتە کەشکەڵان، دوای ماوەیەکی ئێجگار کورتیش هەر خودی هەمان کەسی خاوەن ئاراستەی کەشکەڵان، بوونی ئەدەبیمی ڕەت کردووەتەوە، کە ئەو ماوە ئێجگار کورتە ناتوانرێت وەک گۆڕان و ئەزموون لە دید و دیدگا تەماشا بکرێت.

ئەگەر نووسەر خۆی لە ئەنجامی ئەزموون و کارکردنی لەناو ئاماژە ئەدەبییەکاندا گەیشتبێت بەو دوو ئاراستەیەی کارکردنە و هاتبێتە سەر ڕۆشنایی باوەڕێک، وەک ئاکامی وەرچەرخانێک بیر لە ئاستەکان دەکەمەوە و پێی خۆشحاڵ دەبم. ئەگەر مایەی سوودوەرگرتن بێت، سوودیشی لێ وەردەگرم، بەڵام ئەگەر لەژێر چاوڕوونی و ڕازیکردنی دژەکانم ئەو هەڵگەڕانەوەیەی کردبێتە داو و هێڵێک و کردەی نووسینی بەدوادا ببات، لەوانەیە بتوانێت لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا بە چەند

ئاراستەیەکی دیکەشدا کێش و نیشانە و ئاراستەکردن وەربگرێت. کاری ڕەخنەگر لەسەر ئەم پایە دەوەستێت سەنگی ئەدەب لە ڕۆشنبیریی کوردیدا دەربخات. هەندێک نووسین لە ئاستی هەرە بەرز ڕایانگرتووم. بێگومان ئەمەیان زێدەڕۆیی تێدایە. هەشە بە شێوەیەک دایپلۆسیوم لە نزمترین ئاستی ئەدەبی دیاریکراوی کردووم. ئەمەشیان بێگومان ونکردنی ڕۆشنبیریی تێدایە.

خۆشم لەو دوو بەرەی دژ بەیەکە باش حاڵیم، داهێنان لەو پاداشتە نییە، کە لە ڕەخنەگر، یان هێزی باڵادەستی سیاسی وەردەگیرێت. خورپەی دڵ فەرمانڕەوایی بەردەوامیی داهێنانە. دیارییەکە خودا و زمان ئەو خورپەی دڵەمان دەدەنێ و ئاشکرای دەکەن.

هیچ ڕستەیەک لەبارەی نووسینێک نامدرەوشێنێتەوە، ئەگەر هەست و دەروونی نووسەرەکەی تێیدا ئازاد نەبێت، تا سەر ئێسکان گیر بخوات لە خولقاندنی دوو دیوی و کلکایەتی، لەگەڵ هەموو نووسینێکدام، تەنیا لەگەڵ ئەو نووسینەدا نیم ڕک و بوغز و تاکتیکی سیاسەت تێیدا دەستەڵاتدار بێت. ئەو نووسینانە هۆشیاریی ڕەخنەیان تێدا بەکار نایەت. زیاتر چاودێریی نووسین و هەڵکوتانە سەر و پەلاماردانن. ئەم جۆرە ڕەتکردنەوانەش تەنیا شکست بۆ خاوەنەکەی تۆمار دەکەن. شکستییەکەش دەبێتە بابەتی لادانی ڕەخنە لە میتۆدە ڕەخنەییەکان و ئەم و ئەو ڕازیکردن لەسەر ڕەنجی ئەو دەقانەی خاوەنی هەقیقیترین بنەمای شیعریبوونن.

هەندێک لە نووسینی بێزراو، یەک لەوانە لە ژمارە(١٢٦)ی هەفتەنامەی: (پاشکۆی عێراق - ١٩٩٠/٢/٢٨)، بەناونیشانی: (عاجباتی هەشتەم لە جیهانی ئەدەبی کوردی)، بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە

ئاماژەیان بەو وێنە شیعرییە: (شەمەندەفەر گوڵەبەڕۆژەی مێژوو دەکرتێنێت) داوە.

لە ئایندەشدا گاڵتەکردن بە ئەزموونی سەرکێشان بەردەوام دەبێت. پێش منیش گاڵتە بە ئەزموونی سەرکێشانی دی کراون، دواتریش بوونەتە هێمایەکی ڕوون و زۆر درەوشاوە. نموونە: گۆران، کە توانیویەتی سیمای داهێنانی تاقانەی خۆی دەربخات، چووەتە ناو هەندێک کۆڕ و کۆمەڵ، نیمچە ڕۆشنبیری کەم ئەزموون و ناڕۆشن بە: (هەلوور بەلوور تەکامە - زەرد و سوور و شەمامە) تانەیان لێداوە. لەبەر ئەوەی شیعری لە دەرەوەی ژیان دەرهێنا و کردی بە ژیان، ئاسۆ و دووری و پانتاییەکیشی بۆ خوێنەری نموونەیی جێهێشت. ئەم دەربڕینەیان وەک بەهانەیەک دەهێنایەوە، کە لەسەر ئەم کێشە خۆماڵییە سیماکانی شیعری کوردی دەرخستووە و بە کارامەیی و وردی هەوڵی تێگەیشتنی کێشە خۆماڵییەکانی داوە، من لێرەدا سەرنجەکانم دەرخستووە و لێم نەکۆڵیوەتەوە، واتە: ئەم دەربڕینەم تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەیە. بەهەرحاڵ ئەرێ ئەو ڕێزدارانە کێ بوون و لە مێژوودا چییان پێکرا. لەمڕۆدا ئێمەمانان چەندیان دەناسین، وەک ڕەگ و سەرچاوەی چێژبەخش پەیوەندییە نادیارەکانی خەیاڵکردن و بیرکردنەوەمان لێک ئاشکرا بکەن. لە لێکجیابوونەوە و پێکەوەبوونیانیش هاوگونجانێک نیشان بدەن، یان لە پانۆرامای داهێنان لە کوێندەر دەستنیشانیان بکەین. ئەوانەی هەقیقەتی داهێنانی مەزنیان زانیوە ئەوە دەزانن، کە (گۆران) توانی دیوانی نوێبەخشی شیعری کوردی بنووسێت، لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار پێگە و ناوبانگ و شاعیرییەتی زیاتر بدرەوشێتەوە لەوەی، کە خۆی لە ژیاندا مابوو، هەیبوو، کەواتە: بەرهەمهێنانی شیعری بێگەرد ئەفسانە و ئەفسوونی هەموو

سەردەمەکان و بەگەڕخەری هێزی ژیانە. لێکدانەوەی شیعر، یەک لەو گوناهانەیە، کە لێخۆشبوونی بۆ نییە، لە لەدەستدانی ئەزموونی ئێستێتیکای بەشێک لە نووسینی کوردی، لە لێکدانەوەی ئەم وێنە شیعرییەم، بەدڵ داوای بووردن لە گیانی بەهێزی ئەم گوناهە دەکەم، ڕەنگە خوێنەر هەندێک جار تێگەیشتنی بۆ دەق بگاتە ئاستی تێگەیشتنی نووسەرەکە و قووڵتریش بچێت.

دەقی من کەم تا زۆرێک هۆشیارییەکی جیاکاری هێناوەتە گۆڕێ و لەناو کلتووری کوردییەوە هاتووەتە بەرهەم، ڕەنگە هۆیەکەشی ئەوەبێت ویستبێتم لەناو ئەم کلتوورەدا هەوڵ بۆ خۆبوونی خۆم بدەم. ئەم وێنەیەش بەرهەمی بیری گەرمی منە، خەیاڵی شاعیرییەتیم لە هێنانە پێشەوەی منداڵی تاقی کردووەتەوە.

یەک لە جەژنەکانی حەفتاکان، جەژنانەکانم پەنجا فلس بوو، لەگەڵ یەک لە کوڕەکانی مامم چووین پەنجا فلسەکەمان خستە سەر هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر بەو نیازەی، کە بەسەریدا بڕوات پەنجا فلسەکە گەورە دەبێت و فۆرمی سەد فلسی وەردەگرێت. بە ئەنجامی ئەو کردارە دەتوانین چێژ زیاتر لە جەژن وەربگرین. کەچی بە شێوەیەکی وا هەردوو دیوی پەنجا فلسەکەی سڕییەوە شوێنەوار و نیشانەی پارەی پێوە دیار نەما. جا شەمەندەفەر لە چێژی جەژنێک بێبەشی کردووم و چێژی ساتێک لە منداڵیی کوشتووم و نەفەسبڕ دنیای ئەفسووناوی دەستکاری کردم.

لەم وێنەیەدا سڕینەوەکەم وەک کاردانەوەیەک کار پێکردووە و جووڵاندوومە. بەلای زۆرێک شەمەندەفەر هۆی گەیاندن و گەشت و خۆشحاڵی و بلاچەی ئاواتە، بەڵام لە دید و دیدگای ئەو کاتی من وەک دڕندەیەکی ترسناک تەماشا دەکرا، هەروەها وەک وێنەیەکی

ڕووبەڕووبوونەوە و گرژبوون بەکار براوە. شەمەندەفەر هاوتا کراوە بە کەسایەتیی دیکتاتۆر و جوولێنراوە، کە نەشونماکردنی ژیان و زمان و نیشانە دەسڕێتەوە و دەوروبەرێکی نالەبار و بەربەستە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن.

هێزی خود لەم وێنەیەدا دەسەڵاتدارە، دەقئاوێزانییەکی نیشانە ناسیشم لە نێوان هێزی نووسین و هۆشمەندیی کۆمەڵگادا دۆزیوەتەوە. دۆزینەوەی ئەم دەقئاوێزانییە لە کێشی ڕەخنەنووسێک نییە، کە خاوەنی پرۆژەی دۆزینەوە نەبێت.

کات و شوێن و هێما و هێزی خودی چالاک لە دەربڕینەکانمدا وێنەیان زۆرە، بەڵام تا بڵێی پڕ سرووشی هەمەچەشنی مرۆڤ و شێوە و شێوازی تەقینەوەی خێرا.

لەبارخراپیی کێشە و گرفتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەندێک لە نەوەی پێش خۆم و نەوەی دوای خۆمی گوێڕایەڵیان، بەهەوڵی شانەیەکی لێک نزیک، نووسینم لەبارە ڕێکدەخەن. بە ئاشکراش کار بۆ ئەم هاوکارییەیان دەکەن. شانە دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری خێڵایەتییە، بەهەمان جۆر و دەستووری سەلەفییانە بەڕێوە دەچێت. هەر خەوندیدەیەک ئەفسانە و ئەفسوون و ناوەندێکی زاڵ و کاریگەرە لە نووسیندا، ئەو ئەقڵییەتە کۆنخوازانەی بڕوایان بە بیرکردنەوەی ئەوی دی نییە. ترسی هەڵوەشانەوە وەک عەلیشیشی گیڤبووەوە دەیانباتەوە ناو قەبارەی سروشتیی خۆیان، کەواتە: دژایەتیکردنەکە بە سروشتی و تۆمارکردنی ناکۆکیی ئەوی دی وەردەگرم. نووسەر بینینی ژیان و سەیری دنیاکردنی، بووە کۆنترۆڵکردنی ئەوی دی، لەگەڵ دەروون و بیرکردنەوەی خۆی گەییوەتە کۆتاییەکی بێزراو. نووسەرێکیش لەگەڵ خودی خۆی گەیشتە کۆتایی، گوڕنەتەڵە و چەنەباز و منگەمنگکار و

دەعبای پەلوپۆ شکاو و مردۆخە، پێویستە بچێت داوا بکات لە خانەی پیر و پەککەوتووەکان ناونووس بکرێت.  بگرەوبەردەم لەگەڵ ئەوی دی نییە، بینینی ژیان و سەیری دنیاکردنم لەگەڵ دەروون و بیرکردنەوەی خۆمدا، هەمیشە لە ئەزموون و نیشانە ناسیدایە. شانە دەستکردی دەسەڵات و هێزی باڵا دەستی سیاسییە. کار پێکردنیشی بە نیازی ڕێ پێ بزرکردن و دووچاری گرفتکردنی ئەوی دی، خۆی ترسێکی کەمەرشکێنە لە ئەزموونی پڕ شایەن بە ئاماژە، باوەڕ پتەویشم بەهێزی خەونبینیم بۆ نوێبەخشی، وا دەبینم یەک یەک دەگلێن و ڕووبەڕووی داهێنان شەرمەزار و چاو بەرەوژێر دەبن. خاوەن پرۆژەش دەبێت بە خاوەنی ئەو سەروەرییە بێدەنگەی کە دەقە، هەروەها جیاکاریی نەوە جیاکارەکانیش بە دیاردەیەکی تەندروست دەزانم و ڕێزی لێدەنێم، بەڵام بێز لەو بارە ناسروشتییە دەکەمەوە لەسەر بنیادی ڕوانین دروستی ناکەن و ئیرەیی و حوکمی پێشینەی بێ سوود بەڕێوەی دەبات. بە هیچ جۆرێکیش بیرم لەوە نەکردووەتەوە هێڵی هاوبەشی خۆم لە شیعری کوردیدا جیا بکەمەوە، بەڵام هەردەم ئەو بیرکردنەوەیە دەمخواتەوە، کە هەنگاوێکی چوست و بنچینەیی دیکەبم لە ئەزموونی قەناعەت پێهاتووی خۆم. لە هەموو ناوەندێکی بە گێچەڵیش دوور دەکەومەوە، سەرگەرمی بەدیهێنانی خەونی نووسین دەبم، جۆشێکی خۆڕسک و لەخۆوە و باشم بۆ خوێندنەوە و نووسین لا پەیدا بووە. لەگەڵ ئەمەش: سەرجەم ئەزموونی هیچ شاعیرێکی کوردم بەدڵ نەبووە، بەڵام شیعری تاک تاک و هەڵبژاردەم بەدڵ بووە و ماچم کردووە. ئەم بارەی خۆم بۆ ئەزموونی ئەوانی دی، بەهەمان چەشنیش لای ئەوانی دی بۆ ئەزموونی خۆم بە ڕەوا دەزانم.

لە سەرجەم دەقەکانیشدا ئاراستەیەکی خەونیم، یان نیمچە خەونیم دەربڕیوە، خەون سرووش و سروشتی پێغەمبەرانە، خودا دەیدات بە کەسی پەیامدار. من وەک کەسایەتی، خەونێکم لە شیعرەوە بەرهەمهاتووم، خەونیش ڕادەگەیەنم. نادیارییەک لە خەوندا هەموو گەمارۆکانی شکاندووە، نووسین ڕاوی ئەو نادیارییەیە. خەون درەوشانەوەی واقیعە، زمان لە دەقی خەونیدا ئامرازی گەیاندن نییە، ئامرازی سرووش و چالاکیی وێنە و ناسینی ڕەنگەکانە. ئاسانە بگەیت بە ئەوی دی، بەڵام ئاسان نییە بگەیت بە خودی وریای خۆت، کە گەیشتی بە خودی وریای خۆت، دەرەوە و ئەوی دی بەلاتەوە دەبنە شتێکی لاوەکی، یان زۆر لاوەکی. گەیشتووم بەو قەناعەتە ڕەهایە، تەمەن و کات هەر هێندە باروبوار و ماوەم دەدەن بزانم من چیم لە ژیان دەوێت، بە گرنگیشی نازانم، بزانم دەرەوە و ئەوی دی چییان لە من دەوێت.

ئیلتیزامم بە بڕوا هونەرییەکانی خۆمەوە هەیە، کلتووری نیمچە تایبەت بە خۆشم هەڵبژاردووە و کاری پێدەکەم. هەستیش دەکەم کۆمەڵگای ئێمە چووەتە ناو نەریت و ڕابردووەوە، پێویستە دەربهێنرێت، مانەوەی توانا و ئەزموونی هەڵدەبزڕکێنێت و زیان بە گەشەسەندنی دەگەیەنێ و خەملینی دوا دەخات.

لەو هەموو گێچەڵانەی پێم کراون، تەنیا وەک نموونە و ڕوونکردنەوە: تیشکێک لە یەکێکیان وەردەگرم و مەودایەک دادەمەزرێنم: لە ١٩٨٥/٣/٦ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری خوێنەری هەولێر، یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵێک شاعیر ڕێکخست، ڕێکخەر و کۆڕگێڕ:

(محەمەد خدر مەولوود) بوو، من بەشی پێنجەمی (زێوان)م خوێندەوە. کۆپلەیەک لەم بەشەی خوێندمەوە ئەمەیە:

(من کەوتنی خۆم خۆش دەوێ
باوەشمی تێوەردێنم)            زێوان: ل٤١

کۆڕگێڕ بەم کۆپلەیە کاریگەر بوو. تاسەی بەردەوامیشی بۆی هەبوو، هەر چەند جارێک یەکتریمان دەبینی باسی ئەم کۆپلەیەی دەکرد. ویستی کۆچیرۆکێک چاپ بکات. داوای لێکردم ئەم کۆپلەیە وەک کلیل بەکار بهێنێت و ناونیشانی کۆچیرۆکەکەی بکاتە (کەوتن)، لە کاتێکدا ئامادەبوو هەموو دەربڕینی ڕۆحی خۆی لەژێر کۆپلەیەکی زێواندا ناودێر بکات. دواتر ساردییەک کەوتە نێوانمان و زێوانیش وەک کتێب چاپکرا. لە ژمارە (١٥)ی ڕۆژنامەی: (ئاسۆ – ١٩٨٩/١١/١٤)، نووسینێکی لەبارەی زێواندا نووسی بەناونیشانی: (دەقی مردوو: زێوان = جل و بەرگ = .)، کارێکی بە زێوان کرد، مەگەر ڕەشەبا بە داری بەری کردبێت و هەر ئەڵڵا ئەڵڵا و دەستنیشانکردنی چییەتییەکی دیاریکراوی بوێ.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

## خوێندنەوە

شێوازی خوێندنەوە بەشێک لە بەهای چێژی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە، سەرەنجام ئەم گواستنەوەی چێژەش دەبێتە بەشێک لە ڕۆشنبیریی گوێگر.

شیعر وەک دەق، شیعر وەک شێوازی خوێندنەوە. دوو یەکەن لە یەک سەرچاوەوە پەرەیان نەگرتووە.

وەک دەق دەسەڵاتی جوانی و بیرکردنەوە لە چێژدا دروست دەکات.

وەک شێوازی خوێندنەوەش، دەنگ و جووڵە و ئاوازی پیت و هێماکانی دەست و ڕوخسار، ڕۆڵی جوانی و بیرکردنەوە دەگێڕن و دروستی دەکەن.

ئەزموونی شیعر خوێندنەوەی ناو هۆڵ و بەر میکرۆفۆنم هەیە، بەڵام شێوازی خوێندنەوە و دەنگ و جووڵە و ئاوازی پیت و هێماکانی دەست و ڕوخسارم پەیوەندیی خۆی لەگەڵ گوێگر نادۆزێتەوە، نەتوانینی گواستنەوەی مانا و جوانی لە نائاگاییم دەجووڵێت و مەوداکانی بیرکردنەوەی خۆم لەگەڵ مەوداکانی چێژی گوێگر سەرچاوەکانیان تا ڕادە و ئاستی ڕژانە ناویەک لێک نزیک نابێتەوە.

لە ١٩٨٥/٩/١٥: (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) نووسینگەی هەولێر، کە: (مەحموود زامدار) بەرپرسی بوو، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ شاعیران: (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی و قوبادی جەلیزادە و ئیسماعیل بەرزنجی و محەمەد حوسێن هەڵەبجەیی و من) لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر ڕێکخست، من شیعری:

(دابارین)م تێدا خوێندەوە. (حوسێن عارف) سەرنووسەری گۆڤاری (کاروان) بوو، دوای تەواوبوونی کۆڕەکە ئەم گەورەییەی نواند و بە بزەیەکی باوکانەوە شیعرەکەی لێ وەرگرتم و لە ژمارە (٤٣) گۆڤاری کارواندا بڵاوی کردەوە. ئامۆژگاریشی کردم، شێوازی شیعر خوێندنەوەم باش نییە. ئەم ئارەزووە لەناخی خۆم بمرێنم، کە لەبەر میکرۆفۆن دەربکەوم و بناسرێم. پێی گوتم: میکرۆفۆن بۆ گۆرانیبێژ سەکۆی تاقیکردنەوە و خۆپێشکێشکردنە، تۆ شاعیری و بەرەو شیعری جیهانبینی و تێڕامان دەڕۆی. لەم چوار شاعیرەی تر، کە شیعریان

خوێندەوە جیابووی. لەم باروبوارەدا زمان و شێوازت بە هونەری جۆراوجۆر و قووڵبوونەوە دەوڵەمەند بکە، بەردەوامبوونیش بۆی سە لماندم ئەو چوار شاعیرە وەک سەرەتا و لە یەک شوێنپێ مانەوە. دوای ئەم گەورەیی نواندنەی هەمیشە وەک داهێنەرێک و مرۆڤێکی گەورە تەماشام کردووە و ڕێز و شکۆیە لە نێوانمان بەردەوامی هەیە.

شیعر شوێنی ڕاستەقینەی گرتووە. چڕبوونەوەی چێژی کۆمەڵگای کوردیش لە شیعردا بووەتە ناوەند. هیچ هونەرێکی دی هێندەی ئەم بەشە پەروەردەی چێژی کۆمەڵگای نەکردووە. هەندێک خورپەی بزربووی ناخ هەن، ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی نایدۆزنەوە. تەنیا شیعر لەباری درەوشانەوەیدا دەتوانێت بیاندۆزێتەوە. نووسین و هونەر ئاراستەیان بەرەو ژیان و چێژە، بەڵام کردەی داهێنانی پەتی، ستایشی ژیان نییە لە پێناوی چێژدا، تێڕوانینی نوێ لەبارەی ژیان و چێژ دەخوڵقێنێ و دەیکاتە قەناعەتی مرۆڤ، مرۆڤی نوێبەخش و بەخشندەش ڕازەکان دەدۆزێتەوە.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

# تێپەڕاندن

بە هیچ شێوەیەک بڕوام بە تێپەڕاندن نییە، بگرە بڕوام بەگۆڕان و جیهانبینیی جیاکار هەیە. تا ئێستاش نەمتوانیوە بڕوا بەوە بهێنم: (نالی)، (باباتاهیر)ی تێپەڕ کردووە، هەروەها: (گۆران) جەستەی شیعری کلاسیکی بەتەواوی جێهێڵاوە. ئێمەمانانیش خاڵی جیابوونەوەی ڕەهامان

لەگەڵ نەوەی پێش خۆماندا نابێت. دەقئاوێزانییەکی بەهێز لە نێوان هەموو نەوەکاندا ئاشکرایە و لەوانەی دوای ئێمەمانانیش بەردەوامی دەمێنێت. وا دەبینم هەر ڕۆژ و ڕۆژگارێک جیهانبینیی خۆی بەسەر کەسی خاوەن جیهانبینیی ڕۆشنکار و هێمای هەمەچەشن دەسەپێنێ. وەک چۆن هەموو وەرزێک بە فراوانی سەیری ئاو و هەوای تایبەت بەخۆی دەکات و دەیسەپێنێتیش، ئەم ئاو و هەوایەش کەم و زۆرێک کاریگەری بە بارستی خۆی بەسەر نەشونمای درەختەکان جێدەهێڵێت. ئەوەی تێبینیم کردووە نەوەی پێش ئێمە ستوونی ژیانیان هێنایە ناو شیعر و ئەزموونیان کرد. ئێمە ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی ژیان و خەیاڵ و خەونمان هێنایە ناو شیعر و فراوانتر ئەزموونمان کرد و درەوشاوە و دەوڵەمەندتر ناساندمان.

نەوەی دوای ئێمەش کۆمەڵێک جیهانبینیی زیاد دەکەنە سەر قۆناغی شیعری ئێمە. ئەمە یاسای ژیانە و دەبێت قبووڵمان بێت. قبووڵکردنی ئەم هەقیقەتە ناوەندێکی چەسپاوە لە بڕوابەخۆبوون و هەقیقەت بینین و دیاردەکانی پەیوەندیدار بە چییەتی بوونەوە.

پرۆژەی تێپەڕاندنم نییە، زیاتر خەوندیدەی پێکهێنانی هێڵ و هێماکانی خۆمم، شیعریبوون سیمای ڕوونی گشت نەوەکانە و شانەیەکی زیندووی زۆر قووڵە لە جەستە و پێکهاتەی مرۆڤدا.

دەقئاوێزانی دەتگەیەنێت بە فۆرمی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی چالاک و دەتدرەوشێنێتەوە. ئەگەر ڕۆشنبیرییەک دەقئاوێزانی لەگەڵ گیانی بەهێزی ڕۆشنبیریی دنیا نەهێنێتە ئاستی هەست پێکردن، نەیتوانیوە لە پەیوەندی و گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ئەوانی دیکەدا، ببێتە کەسایەتییەک: بتوانێت زانستی ژیان کۆ بکاتەوە. ڕۆشنبیرییەکیش

نەتوانێت ببێتە کەسایەتییەک. زانستی ژیان کۆ بکاتەوە، لەناو ڕۆشنبیریی دنیادا خەیاڵی باش بەڕێوە نەچووە.

لە بەرزبوونەوەی هێڵی هونەری دەتوانێت لەناو ڕۆشنبیریی دنیا نیشتەجێ بێت و لە گەڕان بۆ بنەڕەتیش چالاک و بەرهەمدار بێت، خەسڵەت و ئاسۆی خۆبوونی بدۆزێتەوە. چرکەساتی ئاسۆی خۆبوونیش، چرکەساتێکی گەرم و ئاسوودە و چڕە لە ژیاندا.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

## بەهرە

لە دامێنی هەر دەقێکم، مێژوویەک تۆمارکراوە، بڵێی بڕوام بەوە هەبێت نووسین هەڵچوون و کاتی تایبەتییە، یان بەهرە و سرووش ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بەشدار و هاوکارم بن لە نووسینی بەشە پێکهێنەرەکانی دەق. لەو تەمەنەی نووسینمدا، کە نزیکە چارەگە سەدەیەکە بەکامی دڵ لەناو سنوورەکانی لە هاتوچۆدام، ژیان هاندەر و هۆکاربووە بۆ وزەی خرۆشان. ڕاوی چەند دەقێکم کردوون، ئەوانەی نووسیویشمن هێشتان لە نووسینیان تەواو نەبوویمە و نەگەیشتووم بەدوا دارشتنیان. بڕواشم وایە بەهرە و سرووش کار لە ئامادەبوونی نووسەر دەکەن بۆ کەشی خرۆشان، بەڵام وەک هاندەر و هۆکار و خورپەیەکی شاراوە نەک شتێکی بنەڕەتی و تەواوکاری بنیادی بەردەوامیی نووسین، لە نووسیندا زیاتر تێڕامان و خەون و ئێستێتیکای ویژدانی، بە پلەی یەکەم کاریگەری و بەشداریی بەردەوامیم دەدەنێ. ناخی وریام ئامادەی بنیادی بەردەوامیی نووسین دەکەن.

سەرەتاکانی نووسین لە هۆشیاری و یاداشت و خەونمدا ئامادە دەبێت. چاوەڕوانی کەشی نووسین دەکات. لەوانەیە ئەم کەشە چێژبەخشە شکۆ و بەهرە و سرووشی نووسین بێت و بنەماکانی بەڕێوە ببات، کە ژیان و سروشت و دڵبەر وەک تۆیەکی گەردوونی ببینێ و مامەڵەی ئێستێتیکی لەگەڵدا بکات. تا ڕادەیەکی زۆر باش نووسین پێویستی بە ژیری هەیە، تا دەستت بەسەر ئامرازە هونەرییەکانیدا بشکێت، ئەفسانە و ئەفسوونی نووسین بەهۆی بەهرەیەکی پەروەردەکراودا بەجێ بهێنێت.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەمووومان وەک شیر دەکولێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

## خوێنەر

لەناوەوەی خۆم، بە بۆچوون و تێگەیشتنی زاهیدێک ژیانم هەڵبژاردووە و بە چاوی دەمار و خوێن و پشت سەیری تەواوی شیعری کوردی دەکەم، شیعری: زمان و ئێستێتیکی و مرۆڤدۆستانەشم خۆشدەوێت، شیعر وەک توانا و ئەزموون هەڵگری وزەی ژیانە. لەناو شیعریشدا ژیان دووچاری نەسرەوتن و هەندێک جەنگی پێویستی کردووم. بوێرییەکانی ڕووبەڕووبوونەوە بەرانبەر ئەو مەترسییانەی لە لەناوچووندا دەبن بە هەست، کتێبی دەگمەنن. هەوڵ دەدەم تێیان بگەم، دواجاریش بیاننووسم، ئەو ژیانەم لا جوان و پەسندە، هەست و خەون لەناو دەقی شیعریدا دەیکەنە ئاماژە و ئاخاوتن. لە ئاخاوتندا لە خاڵی هاوبەش نزیک دەبینەوە، یان دەگەین بە وەڵامێک بۆ ئاخاوتن. خەون و یادەوەری لە سێبەریدا بە یەکتری دەگەن و دەبن بە واقیعێک لە

واقیعەکانی بوون. لە نێوان پەسندکردن و ڕەتکردنەوەی خوێنەرانی هۆشیار و خوێنەرانی ئاساییدا، نووسین لەکوێ خۆی دەدۆزێتەوە. جیاکاریی نێوان خوێنەری زۆر و خوێنەر ئاشکرایە. قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردی پڕ خوێنەرە، بەڵام خوێنەری نییە.

ئەو مشتومڕە لە نهێنیی ئەو دەقانەدا بە دەست دەکەوێت، وەک سەرچاوەی چێژبەخش پێویستمان بەخوێندنەوەیانە. پەیوەندییەکی دڵخۆشکەریان لەگەڵ مووچڕک و تەزوو و خورپەی شاراوەی ناخ پێکهێناوە.

من یەک بەباری خۆم، کە پەستی دامدەگرێت و لە هەموو دنیا بێ ئومێد دەبم پەنا بۆ دیوانی: مەحوی، یان دیوانی: حاجی قادری کۆیی، یان دیوانی: گۆران، یان دیوانی: دیلان، یان کۆشیعری: ئەحمەد تاقانە ... تاد، دەبەم. لە شیعری کوردیدا ئەمانە نموونەی دەگمەنن. ئامادەم دەکەنەوە بۆ گرنگیدان بە هەموو بوارەکانی ژیان، یان دەگەمە فۆرمی گەیشتن بە هەموو شتەکان و ناخی خۆم. هەر هەموو ئاستێکیش ڕێز لە ژیان دەنێت و هەوڵی بەرەو پێشەوە بردن و گەشەسەندن و بیرکردنەوەی باشتر دەدات، هەریەکیش بە تێگەیشتنی خۆی چێژی لێ وەردەگرێت. نووسەریش لەسەر بنەما و فراوانبوونی مەوداکانی زمان و هێشتنەوەی بە زیندوویێتی ئەو متمانەیەی دەبێتە خەونێکی بەدیهاتوو، لە خەونەوەش دەست پێدەکاتەوە. من خەونم هەیە، لە خەونەکانمدا دەست پێدەکەمەوە و دەچمە ناو مەوداکانی بیرکردنەوە و نووسین.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزرکێین.

# وشه

وشەی: خەون و منداڵی و مردن، بێئاگاییم دەجووڵێنن و لام دووبارە دەبنەوە، دەبێت لە پەرەسەندنی خۆیاندا قسەم لەبارەیانەوە هەبێت و چوارچێوەیەکیان بۆ بگرم، فەزا و ڕەگەزی ئەم وشانە دیدگای منیان دیل نەکردووە، زیاتر بەلای خۆیاندا بەکێشیان کردووم. لەناو مندا ڕەگیان ورِیایە و بەگەشەکردنم ناساندوون، کەشوهەوان بۆ ئەزموونی خەونیم، لە شیعردا ئیلتیزامم بە فەزای بوونەوە هەیە، نەک فەزا و ڕەگەزی هاندەر و هۆکار. بوون لە دەقدا دەبێتە شەپۆلی مانا و جوانی و شیعریبوون. شیعری من مەبەستی مێژوویی تێدا نییە. داڕشتنێکی بوونی و گەردوونی و خەونییە. کار لەناو خەون دەکەم بۆ دروستکردنی جیهانبینی، خەون و منداڵی و مردن پرسیاری ئەزەلین، نەکراوە وەڵامێکی ڕەها بۆ پرسیارەکانی ئەزەلییەت بدرێنەوە، هەر وەڵامێکی دەبێتەوە کۆمەڵێک پرسیاری دیکە بۆ ئازادکردنی واقیع. دووبارە نیاز و کەڵکەڵەی گەڕان و دۆزینەوە گەرم دەکەنەوە، دەمانخاتە بەردەم ئازادیی دەربڕین و هۆکاری گۆڕاو، خەون و خەیاڵ و توانا و ئەزموونمان دەجووڵێنێت، دەکرێت ئەم پرسیارە دوابخرێت بۆ دوای کۆتایی زەوی، یان دوای دۆزینەوەی بزەی مۆنالیزا و بەختیاری تا هەتایی، بڕوا بە بەختیاری تا هەتایە، کاریگەرترین و بەپیتترین ناوەرۆکی مێژووی گیانی پێکهێناوە.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکولێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

# لایەنگر

بەلامەوە گرنگە هەموو ئاستێک ببێتە لایەنگری دەقەکانم، یان نا. بەهای دەربڕینی ئازاد شوێنی نووسینی لە جیهان دۆزیوەتەوە، بە تەواوی مانای ئازادی، ئازادیم لە جۆری بیرکردنەوە و هونەرە جوانەکان و چێژی نووسین بۆ خۆم دابین کردووە، ئازادی لەناو هەستیاریی نووسین دەتوێنمەوە، کەسی دووەمیش بەهەمان ئازادی بەرێوە دەچێت. منی وەک نووسین بەلاوە گرنگە، یان نا. ئەو قەناعەتەشی لا وێنا دەکەم بە هەموو توانای گیانی و هێزی ئەقڵیمەوە ئاماژەکان بە دەربڕین و ناوەندی بەرهەمهێنان بگەیەنم، بارێکی گیانیش لەناوەندی نووسین چێژی هاندانم دەگەیەنێتە پلەی توانەوە و تێکەڵاوبوون بە زۆرێک لە شتەکان. هەوڵیش دەدەم ژیانی چێژدار و بەجوانی پەیوەست بخزێنمە گیانی گەردوون و ئادەمیزادەوە. گەردوون و ئادەمیزادیش بگەڕێنمەوە باری یەکەمین فڕین. ئێستێتیکای هاوبەش و ڕۆشناییەکانی ناو دەق دەکەمە هونەری لێکدانەوە و تێگەیشتن بۆ پەخشکردنەوەی ڕۆشناییەکانی خەیاڵ و ئەندێشەی وەرگر. وابەستەی کلتووری پڕ چالاکیی کوردیم، ئەو کلتوورەی پەیوەندیی بەهەر هەموو کۆمەڵگاوە هەیە. بەرهەمی هۆشمەندییەتی، کەواتە: ئێمە ناوەرۆکی گشتیی کلتوورین. تێکۆشانێکی سەخت دەکەم، ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند و بە پیت و فەڕ بم.

کلتوور بەو بارە زیندووەی خوڵقاندوویەتی، بەناوبانگترین جۆری دەربڕینی ڕۆشنبیرییە. تا پاشەڕۆژێکی دووریش هەر بەو شێوە چالاکەی دەمێنێتەوە. مامەڵەی من لەگەڵ نووسیندا مامەڵەی ئیماندارە لەگەڵ خودا و سەرچاوە. خودا و سەرچاوەش دەبنە پرسیار و گفتوگۆ،

پرسیار لە چییەتی بوون و نەبوون و شوێنەزا و گەردوون. دواجاریش دەمەوێت بزانم ئەو دۆزینەوانە چین، کە پێیان گەیشتووم، پرسیار و گفتوگۆمان چۆن بوونەتە یەکانگیربوونەوەی ئاسۆکانی ناوەند و نووسینیان لێوە درێژ بووەتەوە.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەمووومان وەک شیر دەکولێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

## شێواز

جوانی لە سادەیی و قووڵبینییەوە دەخوڵقێت. لێڵیش شتە سادەکان لەناو دەبا و دڵی جوانی تێدا هێور ناکرێتەوە، شتە جوانەکان بە سادەیی دەوترێن. لە بەشێک لە بەرهەمی هەشتاکانم لە بنیادی قووڵی تەمومژدا کارم کردووە، تەمومژ لە ئەنجامی جوانیی زمان دروست دەبێت، لێڵیش لە ئەنجامی بنیادی ڕووکەش و هەڵەی زمانەوە.

نموونە: بێزمانێک، واتە: لاڵێک دەچێتە لای مرۆڤێک، داوایەک دەخاتە ڕوو. بێزمانەکە لای خۆی مانا و لێکدانەوەیەکی بۆ داواکەی هەیە و دەزانێت چی دەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕوونیی زمانی نییە. ناتوانێت داواکەی لە بەرانبەر بگەیەنێت.

شاعیر هەن ڕوونیی زمان و جیهانبینییان نییە. لە دەروون و هەستی یەکئاستیی خۆیان مانایەکیان بۆ نووسینەکەیان داناوە، بەڵام ناتوانن ئەم مانایەیان بە شێوازێکی ڕوون لە بەرانبەر بگەیەنن، لێڵی ئەم نەگەیشتنەیە. ژیان خۆی پڕە لە شێوازی گۆڕان و جموجووڵ و هاندان و هۆکار، تەنانەت ڕەنگی سروشتیش گۆڕان لە خودی خۆی پەروەردە دەکات. درەخت لە پارچە زەوییەکی بچووکدا کەشوهەوای نەشونما

وەردەگرێت، هەموو ساڵێکیش گەڵاکانی خۆی لەناو دەدا و هێمای ڕوون و شێوازی گەڵا نوێیەکانی دەکاتە کردەیەکی ڕاست. یەک شێوازیش لە ئەزموونی خەوندیدە و وێڵی دۆزینەوەی ژیانی بە پیتدا، دەسەڵاتدار نابێت. مانەوە و کارکردنیش لەناو شێوازێک ڕایەڵ و تانوپۆی داهێنان هەڵدەوەشێنێتەوە، هەموو سەربەخۆیی و دەسەڵاتێکی کەلکێشیش زەوت دەکات، گیانی بەردەوامبوونیش دادەڕزێنێت. ئەو شێوازەی لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە ئەزموونم کرد، هەوڵم دا لەو ئەزموونەدا کار لەناو مانای زمان بکەم و مانای بابەت بمرێنم.

ئەزموونێک بوو، ویستە هونەری و کەلکێشییە زمانەوانییەکانم تێیدا پێشکێش کرد. دوای ئەم پێشکێشکردنەش خواستی گۆڕان لەناوەوە هەژاندمی، هەستم کرد کارێکی دیکە هەیە بۆ کردن، دنیایەکی دیکەش هەیە بۆ بینین و شێوازی ژیان. کاتێک ڕێگا بەخۆم دەدەم ئەزموونێک واز لێ بێنم و سەرگەرمی ئەزموونێکی دیکە بم، دیارە وەک ئەزموون گەیشتوومەتە دوا ئاستی و لام تەواو بووە، ئەگەر لەناویشیدا بمێنمەوە دووچاری خۆدووبارەکردنەوە و پێکوتە دێم، خۆدووبارەکردنەوە و پێکوتەش کەشی نووسینم لەبەرچاو دادەخەن، لەو باروبوارەدا هێزی خود و ڕستە کاریگەرەکانی مرۆڤی نوێبەخشیش بۆ جوانی و ژیان، بێ کاریگەر دەبن.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزرکێین.

# ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن کەناڵ و ناوەندێکی خزمەتگوزارە بۆ کردەی ڕۆشنبیری. لەناو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا گەیشتووم بە ئەزموونی بەپیتی زۆرێک لە نووسەرانی کورد و سوودمەند بوویمە بە بیر و بۆچوون و فۆرمەکانیان. لەلایەکی دیکەشەوە هێندەی لە بەشێک لە ڕۆژنامەوانی بە ناهەق لەبارەی منەوە نووسراوە، هێندە بەهەق لەبارەی ئەهریمەنەوە نەنووسراوە. سەرەڕای ئەمانەش بەبێ هیچ هۆیەک بە مەبەست و هەڵەی دەستئەنقەست ناوم لە لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنە ئەدەبییەکان دەسڕنەوە. بەشێک لە ڕۆژنامەوانیی کوردی هەوڵی تێدا دراوە هەقیقەتی شیعری من بشێوێنێت. لە ڕۆژگاری ژیاندا ئەوانەی لە چێژی باوخوازەوە تەماشای ڕستە کاریگەرییەکانی ژیان دەکەن تاوانکارن، نوێبەخشەکانیش قوربانیی ئەو هێزە باڵادەستانەن، کە تاوانکاران دەجووڵێنن و ئامادەیان دەکەن بۆ بەجێهێنانی مەرام و تاکتیکە سیاسی و شکستە ئەدەبییەکانیان، دیمەنە سادە و کاریگەرەکانی ژیان وەردەگرم بە تێکەڵاوکردنی فۆرمەکانی گەیاندن چەند ئاستێکی زمانەوانیی شیعریبوونی تێدا دەکەمە ستوونی تایبەتکردن و درەوشانەوە. وەک دەقی بە ئەدەببوو دەیخەمە بەردەم کۆمەڵێک نیشان و پرسیار، شتە سادەکانیش بەردەوام لە سرووتی تایبەتی و دانایی لەناو خولقاندنی نووسین زانیاریی ویژدانی و گەرمایی هەستەکانن. بوونمان لەناو خۆیاندا لەپێناو ژیان و جیهانبینییەکی باشتر بەرجەستە دەکەن، تا لە ژیان کاریگەری و کردەوەی خۆیان نیشان بدەن.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەمووومان وەک شیر دەکولێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزرکێین.

# تێڕامان

بێدەنگی لە قووڵایی نەزانراودا پەیوەندیی دیکە لەگەڵ ژیان و بوون و گەردوون دەدۆزێتەوە، پەیوەندییە ساردبووەکانیشی لەگەڵ واقیع زیندوو دەکاتەوە. هەندێک شت لە واقیع وەردەگرێت، لە بیرکردنەوەی ڕێکی دەخاتەوە و ئامادەی گوتنی دەکات. پێکهاتەی سرووتی کەسایەتیم لە نیشتەجێبوون لەسەر زەمین بۆ خۆ گونجاندن لەناو سەرچاوەکانی ژیان وا هەڵکەوتووە. ئاخاوتن لەناو دەق دروست دەکەم. لە قسەکردندا خودی ئامادەکراو دێتە پێشەوە، لە ئاخاوتنی ناو دەقیش ئەفسانە و ئەفسوونی خودی وریا و هۆشمەند. ئەگەر زۆر بدوێم، تێڕامانی ناوەوەم دەکوژێت و بنیادی ئامادەبوونی بەردەوامیی نووسینم دەشڵەژێ، ئەفسانە و ئەفسوونی خودیشم بەتاڵ دەبێت. زۆر دوان تەنیا بۆ کەسی سیاسی گونجاوە، باروبوار بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەویدی دروست بکات، نووسەریش باروبوار بۆ تێڕامانی تاکییەتی و هەستەکانی خۆی دەستەبەر دەکات. خۆم بە تێگەیشتن لە کرۆکی ڕۆژگار و بێباکی گرتووە، پرۆژەکانم بەهۆی زمان و ئەفسانە و ئەفسوونەوە پەرە پێدەدەم، نازانم ئەوەی نووسیومە باشە، یان نا. بەڵام بەو ڕاستییە گەیشتووم پێویستە لە هەوڵی تێڕامان و بێدەنگی بەردەوامبم، کە دەقی بێگەرد بێدەنگییەکی بەردەوامە.

بێدەنگی لای من مانا قووڵەکانی خەون و گەردوون ئاگادار دەکاتەوە و پرسیاری ژیان و بوونی هەیە و دەیکات بە توانا و ئەزموون.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

# گفتوگۆ

هەمیشە خۆم لە گفتوگۆ و دیمانە ڕۆژنامەوانییەکان بەدوور گرتووە، ئەو دەسکەوتانەی لە بار و بواری شیعرەوە بە دەستم هێناون، دەکرێ بکرێنە جێگرەوەی هەموو گوتن و نووسینێکی دیکە. هیچ نیازێکی گوتنیشم نییە لە دیمانە ڕۆژنامەوانییەکان بیکەم بە ناوەندی دەربڕین و درکاندن. هەموو ساتە هۆشیاری و نهێنی و هەستکردنەکانی ڕایەڵ و تانوپۆی نووسینیان چنیوم، لە هەناوم خۆیان ڕاپسکاندووەتە دەرەوە و لە دەقەکانم درکاندوومن. خۆ تەرخانکردنیشم بۆ بەرهەمهێنانی دەق بەلاوە گرنگ و ناوەندە. دەق بنەمای پەیوەندییەکان جوان و فراوان دەکات، فۆرمەکانی دەروونیش دەگۆڕێت. سەرەتا شتە گشتییەکان دەدۆزمەوە. دواتر گیانی بزێوی شتەکان دەنووسمەوە و هەستی تێدا دەخوڵقێنم.

نووسین و قسەکردن لەبارەی شیعر بە کردەی دۆزینەوە تێناگەم، زیاتر گواستنەوە و گەیاندنە. هەوڵ دەدەم خۆمی لێ بپارێزم، لەگەڵ ئەوەش لە هەموو بابەتێک پتر، تامەزرۆی خوێندنەوەی دیمانە ڕۆژنامەوانییەکانی شاعیرانی بە ئەزموون و ژیننامەی کەسایەتییانم.

تێڕوانین و زۆر وردبوونەوەش لە شیعردا دەمانباتەوە بۆ سەردەمی لەدایکبوونی یەکەمین مرۆڤ. نووسین ناتوانێت لەبارەی یەکەمین مرۆڤ ڕستەیەک، تەنیا ڕستەیەک بەهێز بکات، تەنیا لەرزەی گیان دەتوانێت لەناویدا وردبێتەوە و بگات بەباری تێڕامانی یەکەمین مرۆڤ.

سەنگێک هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەک شیر دەکوڵێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزڕکێین.

**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ هەولێر**

# شیعر و چالاککردنی هەستەکان

## مانیفێستی شیعری

شیعر ڕەگی ئەدەبە، هاوئاهەنگی لە نێوان چەشنەکان دروست دەکات
گەورەترین داهێنەر ئەو داهێنەرەیە بەسەر بینینەکانی خۆیدا زاڵبێت و بەشێک، بەشێکی سەرەکی پەیوەندییەکانی وێنە و مانا و زمان لە نوختەی بینینەکانیەوە داڕێژێ و بەرهەمیبهێنێت.

هونەری سەرنجدان، یان سەیرکردن دەستپێکێکی پڕ بەهایە و یەکەم ورووژان و داچڵەکان لەوێوە دەست پێدەکات. دەتوانم ڕۆژێ چەندین کاتژمێر بەرانبەر خاڵێک بوەستم و هەموو هەستەکانم کۆبکەمەوە و بەکاریان بهێنم. بۆ ئەوەی بزانم ئەم خاڵە چۆن و بەسەر چیدا دەکرێتەوە، سەرنجدان لەم کرانەوەی خاڵەدا، بنەڕەت و چۆنیەتی شیعری نوێی هێناوەتە ئاراوە و بنەما ئاسایییەکانی لەق کرد. لە هەر ڕۆژێکدا چاوەڕوانی زۆری ڕووداو دەکەم بۆ زانین و دیداری جیاوازی کەسایەتی سەرەکی بوون و بایەخی یەکەم ورووژان و داچڵەکان و مانەوە لەناو یەکەم ورووژان و داچڵەکاندا، بەڵام بۆ سەرناسین و بە مانا و دیمەندارکردنی ژیان لە ئاسۆ و دوورییەکانی شیعرەوە چاوەڕوانی ڕوودانی خەیاڵی خۆمم و سەرچاوەی سرووش و پەیامی بەهرەش لەبەرچاو دەگرم. هیچ ڕۆژێکیش لە بوونم تێ نەپەڕیوە بەبێ

ئەوەی تێیدا بیر لە شیعر و چێژە مەستکەر و سرووشهێنەرەکانی نەکەمەوە و خەباتی گیانیی بۆ نەکەم. مەرجیش نییە نووسیبێتم.

دەشزانم هەندێک کپیی خود و گیانی مرۆڤ لە ئارادان، تەنیا شیعر لە توانایدا دەبێت ڕستەی سەرچاوەییان لەبارەوە بڵێت و پرۆژەی جوانناسییان دامەزرێنێ، پاشان بۆنی ناتەواوی گەردوون بکات.

کاریگەری و خەسڵەتی ناساندنیان لە شیعریبووندا خەست بکاتەوە بۆ زادەی توانا و گەشکردنەوەی بیرەوەری، لە هەمان هێڵدا خرۆشاندنی خاڵی پێکهێنەری بیرەوەری لە ئاگاییەکی ڕووندا، یان گەوهەرێک لەو بۆشاییە هەڵداتە ئاسمان، کە لە خود و گیان پەیدا بووە، خود و گیانی داهێنەریش هەمیشە لە بۆشاییدا لەگەڵ ئاسۆیەکی گەورەتر لە ئاسۆی واقیع سۆسەیەتی. ئەمە کێشەیەکی گرنگە، لەمێژە مرۆڤی هەستیار پێوەیەوە خەریکە و گرژیی هەستەکانی تێدا خاو دەکاتەوە.

پرسیارێک لەمێژە بووەتە مایەی سەرسوڕمانی باڵندە ناسەکان، ئایا بۆ هێزی باڵی باز بۆ بەرزبوونەوە لە هێزی باڵی قەتێ بەهێزترە، هێزی باڵی قەتێش بۆ نیشتنەوە لە هێزی باڵی باز بەهێزتر لەنگەر دەگرێ. بەرزبوونەوە و نیشتنەوەش دوو ئاراستەی سەرەکین، بەهرە و بەرهەم لە ژیان وەردەگرن.

شیعری ڕاستەقینە جەستەیەکی تەواوە، خانەکانی جەستەی مرۆڤ چەندە پەیوەندییان پێکەوە هەیە و وزەیان دەڕژێنە ناو یەکترییەوە، هونەرەکانی شیعر، هێندەش زیاتر هەڵدەڕژێنە ناو یەکدی و شیعریبوون لە جەستەی دەقدا پێکدەهێنن.

لەمێژە ئەم بۆچوونە باوە دۆخێکی نەگۆڕی گرتووە و هەستەکان هەڵدەبزڕکێنێ.

دەگوترێت: شیعر دەربڕی گیانی سەردەمە. من خۆم لەم بۆچوونە جیا دەکەمەوە و ڕادەگەیەنم شیعر دەربڕی هێز و گیانی سەردەم نییە. چونکە پێکهێنەری هێز و گیانی سەردەم کۆیە، شیعریش هێز و گیانی تاکی جوانیبەخشە. بەشی زۆری هێز و گیانی کۆ توندوتیژی بەرهەم دەهێنێ و خۆی بە دەسەڵاتەوە گرێداوە، هێز و گیانی جوانیبەخش هێز و گیانێکی گەرم و نیان و خۆ بەدوورگرە لە دەسەڵات و توند و تیژی. بۆیە ئەم دەربڕینە هەڵەبەرە و پێویستە گومانی بخرێتە سەر.

چرکە دەگمەنەکان بیرەوەری بەرهەم دەهێنن. شاعیر یارییە جیاکانی بیرەوەری و ئەدەب ئەزموون دەکات، بەو مانایەی شیعری فرە دەنگ و نوێبەخش ڕایەڵ و تانوپۆی لەناو هەموو لکەکانی ئەدەب و نووسین دەچنێت و خۆی لە دیوی نهێنییان تاقی دەکاتەوە، پنتی باڵای لک و نهێنییەکانیش خەملان و چالاککردنی هەستەکانن، لەم بارەدا وەرگر وەک توخمێکی زاڵ و کارای نووسین ئیش لە کەش و کایەکان دەکات.

هەمیشە ویستوومە کارەکتەرێکی چالاک بم لەناو شیعردا، نەک وەرگرێکی تەمبەڵ و گوێڕایەڵ، کە بەشێکی زۆری شیعری کوردی کەسی تەمبەڵ و گوێڕایەڵی بەرهەم هێناوە. چونکە بەهرە و سرووشی لە سروشتی تەمبەڵ وەرگرتووە و نەچووەتە ناو گەردوونی چالاک و پڕ کار و بە زەبر. ڕێکەوتم کردووە لە هەموو جووڵەکانی سەر زەمین ڕاماوم و شیعرم نەدۆزیوەتەوە، بەڵام بڵقێکی سەرئاو هێڵەکانی بیرکردنەوەی جووڵاندووم و دۆخێکی بۆ دروست کردووم، خولیاکانی نووسینی تێدا بەدی بهێنم، شیعر هیچ خاڵێک ڕاناگەیەنێ، بگرە خاڵ دەکاتەوە. تەنیا شیعریبوونیش یەکەی هەڵسەنگاندنیەتی. دیمەنی بە شکۆ لە زەیندا دەخاتە پاڵ یەک و گیان ڕێکدەخاتەوە.

له نسکۆ چۆک شکێنەکاندا شیعر گیانی تاکی هەستیار و جوانیویستی ڕێک خستووەتەوە و خستوویەتییەوە سەر هێڵی بووژانەوە و بڕوا پەیداکردنەوە.

هەرچەند جارێک ویستبێتم لەبارەی شیعرەوە بدوێم، پرسیاری هاوپەیوەست بە پڕشنگی جوانیی دیکە ڕووبەڕووم دەبێتەوە و ترسێک دوانەکەم دوا دەخات. تەنیا دەقی فرە دەنگیش، کە دەنگ و بەردەنگەکان تێیدا یەکتری وەردەگرنەوە و تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن، لە سەردەمی خۆیدا بیر دەکاتەوە، لە پەیوەندیی نێوان وێنە و ڕووداوی واقیعی و خەیاڵی و کەسایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، بەهرەش بۆ بەهێزکردنی سروشتی ژیان و بەگەڕخستنی دەبەخشێتەوە و پەرجووی خۆی دەخولقێنێ. کۆ دەنگ بوێر و جەربەزە ڕادەهێنێ و لە دیلییەتی ڕزگاری دەکات، بەهای دۆزینەوەش لەم ڕزگارکردنەدا دەبێتە بوونێکی بەرجەستە و جووڵەی لێوە پەیدا دەبن.

خاوەن دەقی فرە دەنگ، گشتبینە و بینینی ئاسمانی و زەوی و خەونی بەڕێوەی دەبات، نەک هەر دەبێ تەنیا تەواوی دەنگ و بەردەنگەکان ئاشق بکات، بگرە دەبێت هێزی ئاشقبوون لە یەکە یەکەی دانە پەیڤەکانیش نیشان بدات، بۆ ئەوەی لە ئەفسوونی یەکە یەکەی ئەشقی دانە پەیڤەکان بگەین، پێویستە ئەفسوونی ئەشق و شیعر خۆی بناسین، کە ئەفسوونێکە سەرڕێژ لە ئەشق و درووود بۆ بینینی کورت و درێژ و دروستکردنی ڕووداو لە زمان و ماڵی خودا لەسەر زەمین. ئەو زەمینەی سروشتی هەموو پێویستییەکانی گەشەکردنی ژیانی تێدا ئامادەیە. هێزی نوێکردنەوەی جوانییەکانیش لە ناخی شاعیری پەیوەست بە ئەفسوون و خەون بەهێز و چالاکە.

شیعر ڕەگی ئەدەبە، هاوئاهەنگی لە نێوان چەشنەکان دروست دەکات

له میانی زمانەوە زیندوویەتی مرۆڤی سەرەتاکانی خەڵق و بوون دەدۆزمەوە و ئاشکرایان دەکەم، وەک کەسێکی ئێستایش قسەی خۆمیان لە هەناودا دەکەم بە فەرموودە و بۆ تا هەتایی لە هەستی چالاکیان جێی دەهێڵم. تێکەڵکردنی زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵک بە شیعرەوە کارێکی پڕ بگرە و بەردەیە، چونکە توانایەکی زۆری دەوێ شیعریبوون بدەیت بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، تا ڕادەیەک هەوڵم داوە ئەو کارە بەجێبهێنم.

شیعر مێژوویەکی دیاریکراوی نییە، لە دەرەوەی مێژوودا ڕێڕەوێک بۆ هاتوچۆکردنی شەق دەکات، وزەیەکی زۆری ڕێگایەکانی دیکەیش بۆ گیانی خۆی ڕادەکێشێ. بە دەگمەنیش نەبێت، پەیوەندی بە مێژووی نووسینەوە نامێنێت، بگرە هەڵگری کۆمەڵێک باری لە پێشینەیە. چرکەی خرۆشاندنەکە دەبێتە مێژووی نووسینی، چرکەی خرۆشانیش تەنیا ئاوازە و ئامادەکردنە و بەس، بگرە پێکهاتە و دروستبوونەکە کۆمەڵە بارەکەی پێشینەیە. ئەم کۆمەڵە بارە هەڵگری مانان و چرکەی خرۆشانەکەش فۆرم و هێڵی ڕەوتی بەردەوام دەدات بەو مانایەی، کە کۆمەڵێک باری لە پێشینە تێیدا زاڵە.ماڵی شیعریش وەک سەرچاوەیەکی پاڵاوتن و ئاکاری باڵا بۆ دیمانەکانی داهێنەری جادووگەر، لە زماندا دەکات بە شوێنێکی شێوە بەهەشت و تاقانە بۆ چالاککردنی هەستەکان و شیعر و شیعریبوونی تێدا دەدۆزێتەوە، پاش پەروەردەکردنێکی کورت بۆ فەزایەکی نادیار هەڵی دەدا و بزری دەکاتەوە بۆ دووبارە سۆراغکردنەوەی و چرکەی خرۆشان. ڕەنگ ئێمە هان دەدات تا باش بیر بکەینەوە. چرکەی خرۆشان، ئاخاوتن و ڕوانین لە ناوەوەمان دادەگیرسێنێت. پێویستە لێرەدا ئاماژە بەکار و کردەیەک بدەم بۆ بنیاد و هەڵنانی بناغە و دابەشکردنی ئەم ئەزموونە، پێکهاتە و سروشتی

پەلکەزێڕینەم کردووەتە پێودانگ و پێوانە. پێکهاتە و سروشتی پەلکەزێڕینە حەفت ڕەنگە. هەر ڕەنگێکیان بوون و ناسینەوەی سەربەخۆی هەیە، بەڵام بە لێکدانی هەر حەفتیان بوون و ناسنامەی پەلکەزێڕینە دەردەکەوێت، واتە: هەر ڕەنگێک وەک تاک سەربەخۆیە و لە پێکهاتەی پەلکەزێڕینەشدا بەشە.

لەم ئەزموونەمدا وەک دابەشکردن لەسەر پێکهاتە و بوون و سروشتی پەلکەزێڕینە کارم کردووە. هەر شیعرێکیان بوون و ناسینەوەی سەربەخۆی هەیە، بەڵام بە لێکدانی هەر حەفتیان بوون و ناسنامەی: (مردوویەک ئاگای لە هەمووانە) دەردەکەوێت، یان ئاخاوتنەکانی ئەو دەبنە بوون و ناسنامە، واتە: هەر ناونیشانێک وەک تاک سەربەخۆیە و لە پێکهاتەی مردوویەک ئاگای لە هەمووانەشدا بەشە. بەرانبەر هەر ڕەنگێک ناونیشانێکم داناوە. لە بەراوردا هەر ڕەنگێک و ناونیشانێک ڕووبەڕوو دەبن و سەربەخۆن. لە ئاوێتەبوون و ئاخاوتنیشدا تێکەڵاون. نامەوێ ڕوونکردنەوە زیاتر لەبارەی ئەو لاپەڕانەی لەمەوبەدوا دێن بدەم. لە ڕێگای ئاوێتەبوون و ئاخاوتنی کەسییەوە ئاشکرا و ڕوون دەبنەوە.

شیعر ڕەگی ئەدەبە، هاوئاهەنگی لە نێوان چەشنەکان دروست دەکات

**نیسانی ٢٠٠٦ هەولێر**

# ئەفراندنەوەی جوانییەکان لە دووبارەکردنەوەیاندا

## مانیفێستی شیعری

## ١

منداڵیی خۆ بەناوەندکردنی قۆناغەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەرە.
منداڵیی پەیوەندی بە سروشتەوە دەکات و پاکیزەیی ڕەگەزەکانی بوون: با، ئاگر، ئاو، خاک و زەمینەی هێماکان دەدۆزێتەوە.
منداڵیی ئەدگاری خۆی لە ڕێگای ناسکی و نەرمیی وێنەوە دووبارە دەبینێتەوە، بە پەرۆشیشەوە وەریدەگرێتەوە و لە فەزای جۆرا و جۆردا مامەڵەی لەگەڵدا دەکاتەوە، لە شوێن دەیجووڵێنێت و لە کاتدا دەیگوازێتەوە.
منداڵیی سرووشدەری شاعیرە و هەستکردن و هەستیاریی بەرز دەکاتەوە و شیعر دەکاتە نموونەیەکی کەسی.
هێز نییە منداڵیی لەناو ئەدەبی ئێستێتیکیدا شپرزە و جوانەمەرگ بکات، ڕواڵەت و سەقامگیریی خۆی وەردەگرێت و تارمایی ترسناکی لەناودەبات، چونکە منداڵی سەرەتایەکی سادەیە، لێڵ ناکرێت و کاردانەوەی سادەییە، دەگات بە پلەی ئازادبوونی خەیاڵ و جۆرێک گەیشتنە بە ڕازە ئاستدارەکانی ژیان.

له تەمەنی منداڵییەوە شێوە شاعیریەتییەکی نادیار، واتە: بەهرەی خودابەخش و خۆڕسک. وەک بەشێک لە چالاکیی بیرکردنەوە و پێکهاتەی مرۆڤ لە شاعیردا دەردەکەوێت، بەڵام ڕێک دەکەوێت ئەم نادیارییە بۆ ماوەیەک دوا بکەوێ و لەکات و ساتێکدا، کە چرپەکانی ناخ دەبنە دەنگ و هاواری نەرم، دەربکەوێت و ببێتە کردەی نووسین و بنووسرێت. کۆشش و سووربوونی بەردەوامیش تین و تاو بە بەهرەی خودابەخش و خۆڕسک دەدا و وێنەی گەردوونی دەخولقێنێت.

زمان و مانای بەهێزیش شێوازی شیاو و کاریگەریی خۆی دەخولقێنی و چاوگی جوانی ڕۆشن دەکاتەوە، دووبارە گەوهەرەکان بۆ دۆزینەوە و هەڵگرتنەوە هەڵدەڕێژێتەوە، تا ئاسۆی هەڵچوون و شێواز و زمان و دەربڕین و وریایی ئێستێتیکی تری تێدا بخوێنرێتەوە.

شاعیری نوێبەخش گیانی بە دەوری هونەری بە کاربردنی هەزاران ساڵدا دەخولێتەوە، لە نێوان زەوی و ئاسماندا لە سۆراغکردنی نوێبەخشی و چوونە ناو گیانە چالاکەکان دیدگای توندوتۆڵ دەخەملا. وزەی گەردوونی پاڵنەری ئەم خولانەوە و دیدگا خەملێنەیە. نوێبەخشی لەگەڵ مرۆڤ لەدایک بووە و ڕۆڵی لەناو کۆمەڵگادا تەواو نابێت، مرۆڤخوازە و پڕە لە هیوا و هێز و سەرچاوەی نووسین. کار لەناو ئەو ڕایەڵ و تانوپۆیە چنراوانەدا دەکات، کە پێویستییەکانی ژیان بۆ مانەوە و کار لەناوکردنەوە پاراستوویەتی.

ئەو شاعیرەی بیەوێ دڵەڕاوکێی بوون بخاتە بەربینین، بە شێوەیەکی هەستی، ئەفسانەی ئەزەلی و فیکر دەردەبڕێت

## ٢

خۆم بە دوور دەگرم لە هەموو پڕوپاگەندەی نابەجێ و شالاوی ناڕەوا، بە ستوونی دادەڕژێمە ناوەوەی خۆم و بەرانبەر کەرەستە خاوەکان ورد دەبمەوە، پێش ئەوەی بیانخەمە ناو شیعرەوە ئاگاداریان دەکەمەوە و جۆرە ئامادەبوونێکیان لێ دەڕەخسێنم. ئەوجا بە یاریکردن لەگەڵ هەستەکانی لەناو ڕستە و وێنە و ترپە و ئاوازدا مامەڵەی بوون بە شیعریان لەگەڵدا دەکەم، هەموو بینینەکانی ڕادەکێشمە ناو بینینی خۆم. هەستی جوانبەخشیم لا بەهێز و ڕاپەڕیو دەکات و پاشان پێیدەگەیەنێت.

شیعر لە دابەزینی سرووشەوە دەستی پێنەکردووە، لە بەرزایی ئاسمانەوە دانابەزێتە قووڵایی ژیان، بگرە لە قووڵایی ژیانەوە مانایەکی بوونی پەیدا دەکات و بەرز دەبێتەوە تا ئەو ئاستەی دەبێتە پێویستییەک لە پێویستییە گیانییەکانی مرۆڤایەتی و بەدیهێنەری واقیعی نووسین و جوانیبەخشی. مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپڵۆسێنەر بەرهەمی دەهێنێت. گیانە و گیانی، دۆنایدۆن بەردەوامی ژیان ویستییە، کە هەڵچوون و سۆز و خەون و ویستەکانی مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپڵۆسێنەر لە سەرەتاکانی بوونەوە تا بە ئێستا دەگات، دەگەنەوە ناو یەک و خورپە بە هێزەکانی لەناو یەکدا دەبن بە دەنگ و دەنگدانەوەی بەرپاکردنی ساتی وردبوونەوە و ئەوپەڕی چڕبوونەوەی نووسین و باش بیرکردنەوە.

جوانییە لەبن نەهاتووەکانی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا دەربڕینیان لێ کراوە، بە خستنە سەر و لێ زیادبوون لەناو بەرهەمی شاعیرە نوێبەخشەکان بە تاسە و تینی زیندووبوونەوە دەربڕینیان لێ

دەکرێتەوە، بە ساتی وردبوونەوە و ئەوپەڕی چڕبوونەوە دووبارە دەکرێنەوە.

ئەفراندن لە دووبارەکردنەوەی جوانییەکاندا پەیوەستە بە فرەیی کلتوور و پاراویی ئەزموونی دووبارەکەرەوە. دووبارەکردنەوە جیاکارە لە جووینەوە، چونکە جووینەوە لاساییکردنەوەیە و هیچ داهێنانێکی تێدا بەرهەم نایەت، بەڵام دووبارەکردنەوە جیاکاری و داهێنانی لێوە دەدۆزرێتەوە.

دووبارەکردنەوە هەمیشە جوانیی شێوە نوێ دەڕژێنێتە ناو واقیعی نووسین و جوانبەخشی. لە ئەزموونی: (گۆران)دا، دووبارەکردنەوەی (مەولەوی) دەبینرێت. وەک خەسڵەتی وەسف و لێک گرێدانی شوێن و مانەوە و جووڵە و بەدەنگهێنانی شوێن، هەروەها لە ئەزموونی: (شێرکۆ بێکەس)یشدا، دووبارەکردنەوەی (حاجی قادری کۆیی)، وەک نیشانە و جۆش و داکۆکیکردن لە ناسنامە و چەمکی نەتەوەیی و وێنەی توورە دەبینرێت، بەڵام هەردووکیشیان بە فۆرمی دەربڕینکردنێکی نوێیان ئاشناکردووین.

لە دووبارەکردنەوەی جوانییەکاندا دووبارەکەرەوە ڕوانینێکی تراژیدی لەبارەی ژیان لا پەیدا نابێت بۆ کارکردن، چونکە بە تەنیا چاوگەی جوانییەکان مشتوماڵ دەکاتەوە و کاری بەرهەمهێنانەوەی کلتووری جوانی لەناو کلتووری جوانی بەجێ دەهێنێت، هەروەها دووبارەکردنەوەی وشەش، بە پارێزەوە لە باوخوازی. هێزی گومان و باڵا دەبەخشێت، واتە: مانای بزر و سەرکەش دەستەمۆ دەکات، بە جۆرێک لە ناخڕا پێدەگاتەوە و دەردەپەڕێتەوە، وا دەزانی ئەم وشەیە سەرسوڕمانێکی هەستی ئاشکرا دەکات و دەیهێنێتە بوون و پانتایی

کارتێکردن. وشە لە شیعردا وزەی دەبینرێت، نەک قەوارە و گواستنەوەی فەزا.

ئەو شاعیرەی بیەوێ دڵەڕاوکێی بوون بخاتە بەرببینین، بە شێوەیەکی هەستی، ئەفسانەی ئەزەلی و فیکر دەردەبڕێت

## ٣

لە سۆنگەی سەرسامیم بە گیانی پاکژ و پڕ بەهرەی شیعری کلاسیکی کوردی، کە وێنەی گەردوونی تێدا خەملیوە. هەستێک لە ناخڕا دەبێتە هاواری نەرم و چینەکانی خەیاڵم گەرم دادەهێنن، خوێن بۆ چالاکبوون دەپالێون، چونکە دەقەکانیان لە خودی بەهێزی مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپلۆسێنەر ڕوانیویانەتە ڕازەکانی سروشت و ژیانیان ڕاکێشاوەتەوە ناخی قووڵبینیی خۆیانەوە. پاش لێ وردبوونەوەیەکی بێ گەرد بە پالاوگەی تەواوی هەستەکانیاندا تێپەڕاندووە. ئەوجا گەڕاندوویانەتەوە خاڵی نووسین و بەرهەمهێنان.

هەندێک مۆرک و مۆتیڤی شیعری کلاسیکی کوردی لەناو کاری مندا خرۆشی گیانی، یان ئاسۆی شێوە کاریگەرییەکی نا ئاشکرایان بۆ کردوومەتە خاڵی ڕسکان و لە شێوەی ڕوانینم جۆرە ئاڵوگۆڕییەکیان پەیدا کردووە.

شیعری پەیامدار بە جوانی و لە ناخدا پێگەییو لەگەڵ هەستەکان پەیوەندیی بەتین و مانەوە دەبەستێت. ئەو پەیوەندییە دەبێتە خاڵێکی بەهادار و لە هەناودا نیشتەجێ دەبێت.

دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جوانییە لەبن نەهاتووەکان نیشانەی ساتی وردبوونەوە و ئەوپەڕی چڕبوونەوەی نووسین و باش بیرکردنەوەی تاکی چالاکە لەناو ئەدەب و کۆمەڵگادا.

کارکردنی بەردەوام لە جوانییە هاوبەشەکان هەمیشە هەستەکانمان لە ئاستی جیا جیا زیندوو دەکەنەوە. پەیوەندیشی بەو مێژووە شاراوەیە هەیە، کە هەست بە گەرموگوڕی ڕادەهێنێت و تاوی دەدا بۆ پێکهاتن، کە دەکەوێتە ناو کەشی نووسین هەندێک وێنە لەپڕدا ڕوو دەدەن و یەک بەدوای یەکدا. وەک شیر لە گوانی پڕدا دەڕژێنە ناو دەفری نووسینەوە، تۆ لەم کاتەدا بیرت لێ نەکردووەتەوە، ڕەنگە ڕۆژانێکی لەمێژینە لە بیرتدا جووڵابن و نەتنووسیبن. لەم کەشەدا سەر دەردێننەوە و دەبن بە بەشێک لە بیرکردنەوەی ئەمڕۆت. ئەمڕۆ، یان چرکەی نووسین تەنیا خستنە سەر کاغەزە، پێکهاتە نییە.

شیعری پەیامدار بە جوانی و لە ناخدا پێگەییو هەموو شتەکان بە یەکجار لەبەرچاو دەگرێ و لەناو شەپۆل و ترپە و ئاوازیدا ترووسکەی چاو و زایەڵەی ناخی شاعیر دەبیسترێت، کە ژیانپەروەری و جوانیویستی و دژە داپڵۆسێنەر دەخاتە ناو پرۆژەی خۆشەویستییەوە، خۆشەویستی کاکڵەی ناخ و بڕوا بنەڕەتییەکانی شاعیری نوێبەخشە، شیعری پەیامدار بە جوانی و لە ناخدا پێگەییویش نوێنەری هەموو جوانییەکانی ڕووی زەوییە، بەبێ ئەوەی شاعیر تەواو لە ڕاستی و کرۆکیجوانی بگات، بە شێوەی هەستی و شاراوە ئەو نوێنەرایەتییە وەردەگرێت. هەرکاتێک گیانە و گیان، دۆنایدۆنی لەگەڵ جوانی کرد و تەواو لە کرۆکیجوانی گەیشت و بوو بە یەک پارچە لە جوانی، ئەوە بێ هیچ دوودڵییەک شیعر لای دەبێتە مەترسییەکی بکوژ و بە ئاسانی ناوێرێ دەستی بۆ ببات. ئەوە هێزی تایبەتی شیعرە خەیاڵی ژیانێک، هاوشێوەی بەهەشت لە مرۆڤی ژیانپەروەر و جوانیویست و دژە داپڵۆسێنەر دروست دەکات. بەهەشتیش لە کتێبە کۆنەکان پێکهاتووە. لەم پێکهاتەیەدا کار بۆ ئەوە دەکەم لە نێوان بوون و شیعردا هێڵی

جوانبەخشی بدۆزمەوە. بیکەم بە ناوەندی دامەزراندن و نوێبەخشی. واقیع لە چوارچێوەی ئێستێتیکای زمان دابڕێژمەوە. بەوەی ئێستێتیکای زمان لە شیعردا پێش گوتار دەکەوێت، خەمی ڕۆژانەی سیاسی و ئایدۆلۆژیاش پەراوێز بخەم، کە بەشی هەرە زۆری شاعیرانی پێشە من، کەم کاریان لە ناوەندی بوون و کرۆکی جوانی کردووە، زۆرتر خەمی ڕۆژانەی سیاسی و ئایدۆلۆژیا هەڵیسووڕاندوون.

لەو ئەزموونەمدا: (سەد و یەکشەوە)، جەختم لەسەر دووبارەکردنەوەی جوانییە لەبن نەهاتووەکان کردووەتەوە و دامبڕیوە لە جووینەوە و لاساییکردنەوە. وەک دۆزینەوەیەک و ئاسۆ و دوورییەکی بە پیت کار و کردەی نووسینم لەناودا کردوون بە پەیامێکی گیانی، وەک دەقی نیمچە پیرۆزیش پەیوەندیم پێوەکردوون. پەیوەندیی گیانیشم لەگەڵ چەندین کەسایەتی نیمچە پەیامداری وەک: شاعیر. حاجی قادری کۆیی، چیرۆکنووس. لەتیف حامید بەرزنجی، شێوەکار. بەدیع باباجان، گۆرانیبێژ. ئایشەشان، مێژوونووس. ئەحمەد خواجە، ئەدیب. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، شمشاڵژەن. قالەمەڕە، سینەماکار. یەڵماز گونای ... تاد، بەستووە، هەر ئەم پەیوەندیکردنە هێزێکی شێوازی و زمانی داوە بە ئەزموونەکە. نەهاتووم ئاسۆ و دوورییەکانی ژیانیان بکەمە ناوەند و خۆدامەزراندنی خۆمی تێدا بگەشێنمەوە، بە شێوەی هەستیی ڕۆچوومەتە قووڵایی جیهانبینییان، تاڵە تیشکێکم گرتووە و ئاراستە و بیرکردنەوەم لەگەڵیدا خەملاندووە. تا خاڵێکم دۆزیوەتەوە و بەرجەستەم کردووە بۆ گەشکردنەوەی پەیامی گیانیم، پەیامی گیانی خۆی فۆرم و بابەتێکی کراوەیە. هەموو داهێنەرێک بۆی هەیە لەم فۆرم و بابەتە کراوەیەدا نیشتەجێبێت، بۆ پەیبردن بە شیعریبوون، ئەو هێزەم لە ناوە بەکاربراوەکاندا بەرجەستەکردووە، ناوە

کانیش تووڕەبوونێکی داهێنەرانەیان لە ناخدا پەروەردەکردووە و لەوپە ڕی  هێزدا مردوون، بۆ سەلماندنی (خود) و (ڕۆح) داهێنان و ڕووبە ڕێکیان جێهێشتووە تا هاوخود و هاوڕۆحەکانیان تێیدا نیشتەجێ بن.

ئەو شاعیرەی بیەوێ دڵەڕاوکێی بوون بخاتە بەربینین، بە شێوەیەکی هەستی، ئەفسانەی ئەزەلی و فیکر دەردەبڕێت

٤

شیعر بە پلەی یەکەم لەسەر شیعریبوون و زەمینە و خەسڵەتی ناسراوی شاعیر خۆی بەرز دەبێتەوە و ئاسۆی چاوەڕوانی دەگونجێنێت. تامەزرۆییش بۆ نووسینی، پرۆژەیەکە بۆ چوونە ناو جوانییەکان و جوانبینی و جوانبەخشی، نوێبەخش خەیاڵێکی بەهێز و ناوازە لەخۆیدا پەروەردە و ئامادە دەکات و دەست بۆ شیعر دەبات، بەڵام کە چووە ناو تێڕامان و چلەی خەڵوەتەوە زیاتر بیروباوەڕ و خەیاڵی درەوشانەوە دەدا. تێڕامان و چلەی خەڵوەت مەستییەکی هەمیشەییبە بۆ شاعیر، کە هەموو جوانییەکان بە یەکجار لەبەرچاو دەگرێت و لەناو خۆیدا ڕێکی دەخاتەوە، زمان چۆنیەتی ڕێکخستنەکە دەدرکێنێت، هەستەکان جێگۆڕکێ و پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن. شیعر لە منداڵدانی زماندا گیانی دێتە بەر و هێزی ڕاستەقینەی شاعیر لەو زمانەدایە، کە شیعریبوون تێدا ئاشکرا دەکات. نەک لەو زمانەی ژیانی ڕۆژانەی پێ بەڕێوە دەبات، بۆ شیعر سەرکەوتن و دابەزین بە پەیژەی زماندا گرنگ نییە، بگرە نووسینەوەی نۆتەی زمان گرنگە.

زمان، چارەنووس و بوونی شیعرە لە بنیادێکی کاریگەردا، گفتوگۆ لەگەڵ جەستەی ژیان، واتە: واقیعی تایبەت و هەڵچوون و سۆز و خەون و هەستەکان دەکات، نەک لەگەڵ کەلوپەلی ڕۆژانە و کەشی

گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا کەلوپەلی ڕۆژانە و کەشی گشتیش پێویستە بخرێتە ناو داهێنانەوە، بەوەی ئاسۆ و دوورییەکی جوانبەخشی و زمانی، لەگەڵ بوونە ئاساییەکەی بخولقێنرێت. لەم خولقاندنەدا ئەو جیاکاریانە دەردەکەون، کە لە نێوان دووبارەکردنەوە و لاساییکردنەوەدا دەستی بۆ دەبردرێت، ڕەگی ئەو ڕۆشنبیرییە دەگیرێت، کە بە دوای ئاشکراکردنی وەهمی بوون و جیهانە و ناوکی ئەم دەست بۆ بردنەیە، ئەم جیاکارییە بۆ خۆی واقیعێکە ناوەندی بوون و کرۆکیجوانی دایمەزراندووە.

ئەو شاعیرەی بیەوێ دڵەڕاوکێی بوون بخاتە بەرببینین، بە شێوەیەکی هەستی، ئەفسانەی ئەزەلی و فیکر دەردەبڕێت

**ئاداری ٢٠٠٧ هەولێر**

# له ئاهەنگی بیست ساڵەی زێواندا

## مانیفێستی شیعری

ئەگەر شاعیر ڕاستگۆ بوو، بێ هیچ گومانێک خوێنەریش زۆر بە ئاسایی هەست بەو ڕاستگۆیییەی دەکات و پێی خۆشحاڵ دەبێت. شیعری بێگەردیش وەک مەسیح لە دایکێکی پاکیزە لە دایک دەبێت. لەو ئەزموونەی خۆمدا، کە لەتەنیشت مەرگەوە ژیاوە و کەم و زۆر گەشەی کردووە، هەوڵم داوە ئەو جۆرە شیعرە بەرهەم بهێنم، کە لە دایکێکی پاکیزە لە دایک بووبێت، ئەگەر نەشمتوانیبێت بەرهەمی بهێنم، تێکۆشاوم لێی نزیک ببمەوە و وەک ڕۆشنبوونەوەیەکی گیانی پێوەی خەریکبم.

دوای ئەوەی بیست ساڵ بە سەر چاپکردنی یەکەمین کتێبم: زێوان تێپەڕی، بیرم بۆ ئەوە جووڵا وەک نیمچە ئەزموونێک چەند دێڕێکی لەبارەوە تۆمار بکەم، یان ئەو هەرێمەی ئەو دەقەم تێیدا حەواندووەتەوە جارێکی دیکە بچمەوە ناوی و مەودا و ئاکارەکانی بپێومەوە.

لەو دەقەدا هەوڵم داوە بگەڕێمەوە بۆ کرۆک و ناوکی گیانی منداڵی و بە تاسە و پەرۆشییەکی تایبەتەوە لە زەیندا سەردانی شوێنی منداڵیم بکەمەوە. ئەو شوێنەی شیعر تێیدا بێگەردە و خولیایەکی بەهێزە بۆ بێگەردبوون، بێگەردبوون جگە لە واتای سەربەخۆ. واتای زەینیشی هەیە.

بەهرە و سرووشم لە سروشتی پاکیزە و نەژاکاوەوە وەردەگرت، وەک سەرچاوەیەکی بە پیت و یارمەتیدەر بۆ خەملاندنی بیرکردنەوەم، لێی نزیک دەبوومەوە.

لە هەیکەلی ئەم دەقەدا، هەموو چەشنە ئەدەبییەکان کۆ کراونەتەوە و پەیوەندییان ڕوون و بەناویەکداچووە و لە هاتوچووندان، بەڵام بە پلەی یەکەم شێواز و چەمک و ڕامانی سەرەکی خۆی وەک: (ڕۆمانە شیعر) دەردەخات.

لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا یەکەم هەناسەی بە سییەکانمدا گەڕا و ڕژایە ئاسۆی هەستەکانمەوە. پێویست بوو هەڵیبگرمەوە، لە بیست و دوو ساڵیدا بەرهەم هات و تەواو گەڵاڵە بوو. وەک پرۆژەیەکی ئاراستەکراو و خۆدامەزراندن بیرم لەوە نەکردبووەوە درێژە بە نووسینی دەقێکی لەم جۆرە دوور و درێژ و تاکدەنگی و خەمئامێز بدەم، هەرچەند دەمنووسی پارچەکانم بە یەک دەگرتن هەمووی یەک کەشوهەوا بوون و دەچوونە هەمان دۆخی خەمئامێزی نووسینەوە. وەک ژوورێکی ئاوێنەیی لە هەموو لایەکەوە خۆمی ڕووبەڕوو کردمەوە، لە دڵەوە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەم پرسی و بە دوایدا گەڕام، بۆ ئەوەی لە سەرگەرمیی گەڕاندا دووبارە خۆم بە بوون بناسێنمەوە و بڕیاری دیکە بۆ چۆنیەتی ژیان بدەم، هەموو لک و پۆپەکانیش بە ژیانەوە گرێ بدەمەوە و لای مەرگ ڕایبگرم، چونکە نوێبەخش هەمیشە بە خۆناساندنەوەی دووبارە ئاشق دەبێتەوە و پێویستییەکانی ئەشق وەک ئاگرێکی ئەفسووناوی لەناوەوە گەرمی دادەهێنێ بۆ گەڕان و پەیبردن بە ئاڵۆزییەکان و دۆزینەوەی هێڵ و دۆخی نووسین. سەرەتا سێ ناونیشان بە خۆیانەوە خەریکیان کردبووم.

یەکەم: منداڵی بەرزەخییەکان.

دووەم: زێوان.

سێیەم: گۆڕان لە ئاکاری مەرگدا.

بە درێژایی ماوەی نووسین نیگەرانییەکیشم لەگەڵدا بوو بۆ هەڵبژاردنی ناونیشان، دواتر لە هەڵبژاردنی زێواندا هەموو شتێک بە ئاستی خۆی گەیشت.

لەم دەقەدا، گشتێکی یەکگرتوو هەیە. لە دوای ئەو ئەزموونە ئەم گشتە یەکگرتووە لە ئەزموونی مندا بەرەو کزی و نەمان دەچێت. (ڕەگەزی کتوپڕی) زاڵ دەبێت و ڕایەڵ و تانوپۆی شێوازی لەمەوبەدوام دەچنێت، هەروەها ویستوومە و هەوڵمداوە بە دەنگێکی نەرم و وزە و توانای دۆخگۆڕین، لیریکییەت بکوژم.

خاڵی جێگیرکردنی ڕەگەزی کتوپڕی و دیاریکردنی سنوورەکانی و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی دیار لە شیعری تازەی کوردیدا، تایبەتە بە ئەزموونی من و بەهرەزادە و دەستمایە و (ڕووبەری بینرا)ی منە. تێیدا وزەیەکم بە دەست هێناوە، کە وەرگر دووچاری جۆرێک ئا و نا و دڵەڕاوکێ و خۆخواردنەوە دەبێت. سەرەڕای ئەم خۆدەستنیشانکردنە لەم شێوازەدا زیاتر هەست بە پرۆژەی ناخ و ئێستێتیکای شیعری دەکەم، دەشزانم دەبێ باجی خوێنەری یەکئاست و ڕەخنەگری بێ گوتاری ڕەخنەیی و ناخ چەپەڵ بدەم. ڕێک ئەو چوارساڵەی بەو ڕۆمانە شیعرەوە خەریک بووم، هەڵاتووی سەربازی بووم. ژیانم لەناو خانوویەکی ڕووەو هەتاوی دوو ژووری، کە بنمیچەکەی دارەڕێ و قامیشبەند بوو، بەسەر دەبرد. ئەو دارەڕێیە و قامیشبەندەم هەمیشە وەک دارستانێکی سەوزی پڕ بەروبووم و پشت و پەنا خەیاڵ دەکرد و بیرم لە قۆناغی سەوزیی دار و قامیشەکان دەکردەوە. حەوشەیەک، کە باخچەیەکی دڵگیرم تێیدا دامەزراندبوو، لاولاوە بە سەر دیواری

حەوشەدا بەرز ببووەوە، نێوانی دیوار و لاولاوەکە دالآنێکی دروست کردبوو، بە دڵفراوانییەوە جێگامی تێدا دەبووەوە، شوێنێکی هێمن و لەبار و بەهرەبەخش بوو بۆ نووسین و خوێندنەوە. بە وریاییيەوەش سوودم لە کاتی خۆم وەردەگرت.

هێڵی نووسین ورەی بەرز دەکردمەوە و هەستێکی سەیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، زیاتر ئەزموونی ژیان و هاواری خود بوو، لەوەی ئەزموونی کتێب و زانیاری و فێربوون بێت، واتە: هەستی بوونمە لەناو ژیانی واقیعدا و لەناوی دەجەنگام، کە شکۆمەندترین جەنگە. ئەم ژیانە نیمچە داخراوە لەو ماوەیەدا گیانێکی چالاک و سەرڕێژ لە هەوڵدانی بۆ نووسین لە تەواوی هەستەکانم ڕسکاندبوو، زۆر لە مردن و تارمایی مردن دەترسام، دڵم بە تەقەی دەرگایەک دادەخورپا، کەچی بەردەوام لە باری شیعریدا ئەم ترسە پێچەوانە دەبووەوە و بیرکردنەوە لە خۆکوشتن لە دەقەکەدا زاڵ دەبوو. بە وریاییيەوە چاودێریی سروشت و پەیوەندییەکانیم دەکرد. میوە و گوڵی وەرزەکانم پەیدا دەکرد و لێیان ورد دەبوومەوە، هەستم بە ئاسوودەیی و پشتیوانی دەکرد. دڵم نەدەهات میوەکان بخۆم، کە ڕەنگیشیان دەگۆڕا و بۆن لێی دەدان. هەست و ترسی مردن زیاتر لەلام مەترسیدار و قووڵتر دەبووەوە.

ئەو بار و دۆخ و دەوروبەرە هەناسەی توند گرتبووم، بەڵام هەوڵم دەدا بارودۆخە بوونییەکە ڕایەڵ و تانوپۆی تەواوی دەقەکە نەچنێت و داگیری نەکات، بگرە سوودی لێ وەربگرم بۆ دروستکردنی کەشێکی هەستی. لە پێناوی ئەوەی تا شیعر بە شیعر بمێنێتەوە، کەمێک دووربکەوێتەوە لەو بینراانەی، کە دەبنە مایەی خرۆشانی کاتی.

لەو سەروبەندەدا سێ کۆشیعری، سێ شاعیری ناوداری حەفتاکان:

١ - (ڕووبار)ی شێرکۆ بێکەس، ٢ - (سروودی هەژاران)ی لەتیف هەڵمەت،

٣ - (سووتان لەبەربارناندا)ی ڕەفیق سابیرم خوێندنەوە، بە شێوەیەک شیعریان ملکەچی واقیع کردبوو، ڕۆڵی بیرکردنەوەی خوێنەریان تێدا کوشتبوو. لە کاتێکدا شیعر ملکەچی ئەو پێویستییانەیە، کە کاری هونەری و شیعریبوون و زمان و ترپە و ئاواز دەیخوازن. واقیعیان لە دۆخی خۆی هێشتبووەوە، ڕاینەکێشابووە ناو چوارچێوەی شیعریبوونەوە. شیعر پێش ئەوەی واقیع دروستی بکات، یان یارمەتیدەری بێت بۆ دروستبوون. کەشێکی هەستی و بنیادێکی زمانییە.

تاڕادەیەک ئەدەبی واقیعییان لەبەر دڵ و چاوم سیما و سایە گران کرد. لەوەش دڵنیا بووم لە ئەدەبی واقیعیدا شاکاری نایاب هەیە و هەموو توخمەکانی شیعریبوون تێدا بەجێ هێنراوە و بە شانازیی داهێنان گەیشتوون، بەڵام ئەم شاعیرانەی خۆمان نەیانتوانیبوو واقیع بە دەوری خۆیاندا بخولێننەوە. بگرە ئەوان سست و تەمبەڵانە بە دەوری واقیعدا خولابوونەوە، لە ئەنجامی ئەو خاڵەدا هەستێکی سەیری بەراوردکارانەم لا دروست ببوو.

لەم دەقەدا نەگەیشتم بە تەواوی ئارەزووەکانم، ئەگەر بگەیشتبوومایە بە تەواوی ئارەزووەکانم درێژەم بە نووسین نەدەدا و لە هەوڵدان دەکەوتم. هونەرە جوانەکان دەربڕین لە تەواوی پێویستە گیانییەکانی مرۆڤی هەستپەروەر دەکات. زمان و بیر و خەون و سۆزیش تێیدا فۆرم وەردەگرن. ئاستەکانی فۆرم وەرگرتنیش لە شێوازدا هاوسەنگییان دەوێت. ورووژان و نامۆییەکی بکوژ لە ناخمدا دەستی پێکردبوو، مەرج نییە تەنیا ئەو شاعیرانەی لە دەرەوەی سنووری وڵات دەژین تاراوگەکراوبن، نامۆبوون لەو بارەدایە، کە

شاعیر تێیدا هەڵسوکەوت دەکات و پەیوەندیی بەو هەلومەرجەوەیە، کە چۆن هەستەکانی دەکاتە بابەتی شیعری و کانگای باڵا.

پێم وایە پێویستە بەو پێناسەیەدا بچینەوە کە نامۆبوون تەنیا لە دەرەوەی سنوورەوە بێت. من لەناو وڵات و کەسوکار و ماڵەکەی خۆمدا ئەو دەقەم بەرهەم هێناوە. کەچی نامۆبوون تەواو ڕایەڵ و تانوپۆی چنیوە و بە ئەزموونی تاراوگەکراو و نامۆبوون و نامۆیی داهێنەرانە تێدەپەڕیم. نائارامییەکانی دنیا سەرنجمیان بەرەو لای خۆیان ڕاکێشا و بەسەر خەیاڵمدا زاڵبوون و ڕەچاوی گۆڕانی بار و دۆخەکەشم دەکرد. ئەم دەقە دەقێکی مۆنۆدرامییە، سروشتێکی زەینی و گیانی هەیە. بە شێوازی مەنەلۆگی ناوەوە بەرهەم هاتووە. پێش ئەوەی لە لاپەڕەی دەفتەردا نووسرابێت. لە ناخمدا نووسرابوو، بە پڕتاو و هاوارەوە دەهاتە دەرەوە. وەک منداڵێک، کە سووڕی گەشەی خۆی تەواو کردبێت و بە ئاسایی و جەستە و گیانێکی تەواوەوە لە دایک بێت. خودا چارەنووسی ئاو و خۆڵ و ئاگر و با و خەون و شیعری لا ڕوون بوون. بۆیە منی وا گیرۆدە کردوون. لە ئەزموونی مندا، شیعر وەک سەمەندەر لە خۆڵەمێشی سووتانی خۆمدا لە دایک دەبێت و گیانێکی خەمگینی دێتە بەر.

بۆ ئەوەی شاعیر بە شیعریبوون بگات، پێویستە بە نامۆییدا گوزەر بکات، یان لە نامۆییدا بژێت. چونکە بەشێک لە بوونی شیعر لە جەستەی نامۆییدا دەمێنێتەوە و دەبێتە ئەفسوون و ڕاز. ئەفسوون و ڕازیش شیعریبوون و پێکهاتەکانی تێدا گەشە دەکات و دەدۆزرێتەوە. هەست بە نامۆییکردن لە باری دەروونی و کەسایەتیی داهێنەردا بەرجەستە دەبێت و چرکەی هەژان و بەرزبوونەوەی ناخ دەیدۆزێتەوە. لە هەموو سەردەمە دڕدۆنگ و نالەبارەکاندا شیعر ڕۆڵی جوانیبەخشیی خۆی

وازی کردووە و کرۆک و ناوکی شیعریبوون نەدۆڕاندووە. شیعر هەقیقەتی جوانییە و ورەمان بەرز دەکاتەوە، نابێتە سیمایەکی دیار لە سیما گشتییەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی. ڕوونتر شیعر دەربڕین نییە لە بوونی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی، دەربڕینە لە بوونی جوانییەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی و گەردوون.

شیعرم نەکردووە بە ئامرازی مەبەستە سیاسییەکان، یان دەربڕی سۆزی سیاسی، بەڵام باوەڕ و بیری سیاسیم ڕاکێشاوەتە ناو مەبەستە شیعرییەکانم. بەهای شیعری لەناو زماندایە، نەک لە مانا و مەبەست، بەڵام چێژ لە ئاستداریی زمان و مانا و مەبەستدا دروست دەبێت.

شیعر لە بواری خۆیدا دەتوانێت هونەری شێوەکاری و فۆتۆگراف و گۆرانی و درامای شانۆیی و مۆسیقا و تەلارسازی و هونەری دیکەش وازی بکات، هەروەها هونەری دیکەش دەتوانن بەشداری لەوە بکەن، شیعر وەربگێڕن بۆ زمانی خۆیان. شیعر لە هەندێ باردا دەبێتە باوکی هونەرەکان و لە هەندێ باری دیکەیشدا دەبێتە کوڕ و کوڕەزا.

ڕێکەوت هەیە شیعر دەربڕین لە بارێکی سایکۆلۆژی دیاریکراو دەکات. تەنیا هێزی ویژدان پەی پێدەبات. وەک چۆن هەندێک جاران مووچڕکێک بە گیان و لەشدا دێت و دەربڕین لە بارێک دەکات، پاش ماوەیەکی کورت بە هیچ هەوڵ و شێوە و ئاکارێک ناتوانیت بگەڕێیتەوە سەر هەمان باری مووچڕکەکە. مووچڕکیش زادەی بار و چرکە جوانەکان و ویژدانی مرۆڤە لە هەستپێکردنە زۆر تایبەتییەکاندا، کە لە نووسینیشدا دادەمام و نەمدەتوانی بەردەوام بم، لەسەر کاغەزەکانی بەردەستم وێنەم دەکێشا، وێنەی ئێجگار سەرەتایی: شاخ و داخ و ئاسمانی بە هەور و مرۆڤ و چرا و چەتری هەڵدراو لەبەر باران و سەبەتەی مام زۆراب و جووچکە و مریشکی دانەوێڵە بۆ ڕژاوی

حەوشە و ژنی بە دیارەوە وەستاو و کاتژمێری گەورەی دیوار و ئەسپ و پیکاب ... تاد، کە دەقەکە بە شێوەیەکی گشتی لام تەواو بوو، بۆ دواجار پێیداچووومەوە و دڵنیابووم دوا توانا و هەست و درەوشانەوەم ڕژاندووەتە ناویەوە. بیرم لە خۆئامادەکردن کردەوە بۆ چاپکردنی و ئەو کێشە و گیر و گرفتانەی بە هۆیەوە ڕووبەڕووم دەبنەوە. پێش ئەوەی بۆ دەزگای چاودێری بنێرم پێشانی برادەری شاعیرم: (نەژاد عەزیز سورمێ)م دا، لە لاپەڕەی یەکەمدا ئەم بۆچوونەی یاداشت کردبوو: (زێوان ژانێکی پڕ بەهرەی تێدا بەکارهاتووە، چاپکردنی سەرەتای شاعیریەتییەکی باشت بۆ دەستنیشان دەکات.) بۆچوونەکەی هاندەر و پاڵپشتێکی گیانی بوو بۆ من. سووری کردم کۆڵ نەدەم و ئەو سەرەتایە دەستنیشان بکەم.

ناردم بۆ دەزگای چاودێری. دەشمزانی پەیبردن بە تازەیی ئەم شێوازە شیعرییە دوور لە بگرە و بەردە و قووڵبوونەوە. گوتوبێژی لە دڵەوەی دەوێ، ئەوجا بڕیار لەسەردان.

دەزگای چاودێریش سێ جار ڕەتی کردەوە. بڕواشم بەوە هەیە و هێزی دەروونیش یارمەتی ئەوەی دام، ئەگەر جاری یەکەم سەرنەکەوتم: جاری دووەم و سێیەم و چوارەم ... تاد، هەیە. منیش سوور بووم و کۆڵم نەدەدا. لەبەر ئەوەی دەمزانی کارم لە شێواز و زمانێک کردووە قبووڵکردنی بێ گێچەڵ نییە. ئەو ڕۆژەی نائومێدیان دەکردم و مۆری ڕەتکردنەوەیان لێدەدا. دوای ماوەیەکی کورت دووبارە ئامادەم دەکردەوە و دەمناردەوە. بەهانەی ڕەتکردنەوەکانیشیان هیچ پەیوەندی بە هونەر و ئاستی شیعریبوون و زمانەوە نەبوو. لە سەر بنیاد و بنەما دۆخگۆڕ و بنەڕەتییەکان بمانوەستێنێت و پێگە و پێکهاتەکانمان نیشان بدات. ئەوەی زۆر جێگای گومان و سەرنجیشە،

دەقەکە شتێکی ڕوواوڕووی دژی ئایین و سیاسەت و شێوازی حوکمڕانی تێدا نەبوو.

بەهەر حاڵ، بۆچوونی شارەزای یەکەم جۆرێک بناغە و بنەمای تێدایە، کە تەمەنی بۆ داهێنان بە گرنگ و پێوەر زانیوە. وەک بۆچوون و جۆرێک لە بیرکردنەوە ڕێزی لێدەنێم، بەڵام بۆچوونی شارەزای دووەم و سێیەم دژایەتییەکی بێ بنەما و ڕووتن ئەقڵی ڕاڤەکارانە نین. جۆرێک سووک تەماشاکردنی ئەدەب و سووکایەتی پێکردنیشە. هیچی تێ ناچێت بڵێی بەرد باری و کێڵگە و سروشتی سەوز و پاراو کرد، یان بەرد بارین سوودمەندە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام کاری پرۆگرامی ڕەخنەگر ئەوەیە سەوزبوونەکە وەربگێڕێ بۆ باری واقیعی بەرد بارینەکە. ئەو کات پەی بە نهێنیی هێزی داهێنەرانەی شاعیر بردووە و بیر و هونەری شاعیری بۆ وەرگر وەرگێڕاوە. بۆ جاری چوارەم مۆڵەتی پێدرا. کە دانە مۆڵەت پێدراوەکەم پێگەیشتەوە، ئەو شەوە یەکەم شەوە لە ژیانی خۆمدا تێیدا نەنووستبم تا بەیانی. لە بارێکی شاگەشکەیی ژیام. وام دەزانی ژیان هەمووی لەناو ئەو دەفتەرەدایە، کە پاش ماوەیەکی دی دەبێتە کتێب. پەلەم بوو، بڵێم منیش هەم. ڕووبەڕووی خودی خۆم ببوومەوە. شیعرم بۆ ئەوە نەبوو بە هۆیەوە جیهان بناسم. بۆ ئەوەم بوو، چیرۆکێک دروست بکەم بۆ گێڕانەوە.

ئەو سێ بۆچوونەی، کە پێی تلاومەتەوە و ئەو بۆچوونەی، کە پێشی شاگەشکە بووم. وەک خۆیان تۆماریان دەکەم.

بۆچوونەکانم لە فەرمانبەرێکی هەمان دەزگا بە ناوی: (سەرگوڵ تەیموور محەمەد ئەمین)، دەستکەوت. لە یەکەم بینیندا ئاشنایەتییەکی جێگای بڕوا لە نێوانماندا پەیدا بوو، لەم ڕۆژە ڕەش و تاریکەدا ئەم کارە پڕ مەترسییەی بۆ کردم.

یەکەم: (ئەم شاعیرە نەناسراو و لاوە، کەچی چەکامەیەکی درێژی نووسیوە، چەکامەی لەم شێوەیە پێویستی بە ئەزموونی دوور و درێژ و دەوڵەمەندە. ئەمە تازە لە سەرەتای ڕێگادایە. چاپکردنی دوا بخرێت سوود بە بەهرە و دوارۆژی شاعیر دەگەیەنێت.)

محەمەدی مەلا کەریم

دووەم: (ڕەشبینییەکی لە ڕادەبەدەر گەمارۆی ئەم لاوەی داوە، ئەگەر لاوی ئەم وڵاتە بەم شێوەیە دووچاری ڕەشبینی و گێژەن بووبن ئەوە کارەساتە، ئەم جۆرە دەربڕینەش یاخی بوونیانە لە دەسەڵات و واقیع. دواتریش زۆر ئاڵۆز و تەم و مژاوییە. هیچ جۆرە کێشێکی تێدا نییە. شیعری سەربەست کێشی تایبەتی هەیە. نە پەخشانی هونەرییە. نە شیعری سەربەستە. هانی ئەم جۆرە نووسینانە نەدرێت.)

مەجید نەدیم

سێیەم: (ئەمە شیعرێکی ئاڵۆزە، کۆمەڵێک وڕێنەی لاوێکە، کە هێشتا لە شیعردا خۆی نەدۆزیوەتەوە. ئەم شاعیرە یەکێکە لەو شانەیەی دەیانەوێ دوای (ڕوانگە) وەک بزووتنەوەیەکی شیعری خۆیان بناسێنن. (مەحموود زامدار) ڕابەرایەتی و پڕوپاگەندەی گەورەکردنیان بۆ دەکات، ناوی لێناون (پێشڕەو - تەلیعی). ڕەگی ئەم شانەیە لەناو کۆمەڵگای کوردەواری نەهاتووە. پەیڕەوی ئەدەبی ئەورووپی دەکەن. ڕەوا نییە ڕێگا بۆ ئەوانە خۆش بکرێت ئەم ئاژاوەیە بنێنەوە و بیهێننە ناو ئەدەبی کوردی.)

محەمەد بەدری

چوارەم: زێوان ئەزموونی لاوێکە، بەڵام هەڵکەوتووە، هونەر و داهێنانی تێدایە. هەوڵ و شێوازێکی ڕەسەن و خۆماڵییە بەرەو نوێخوازی، پشتیوانی لێکردنی بۆ چاپکردن پێویستە. دوای ئەوەی ئەو شوێنانەی ئاماژەم بۆ کردووە لابرێت تین و تاوێکی بە جۆش بە شیعرەکە دەبەخشێت و لە ئەگەر و گومانیش دایدەماڵێت).

مەحموود زامدار

لەو بگرە و بەردەیەی ڕەتکردنەوە و ڕێپێدانی کتێبەکەمدا ڕۆژنامەنووس و برادەرم: (مەحموود زامدار) هەستی بە باری دەروونی و نیگەرانیی من کردبوو، کە لە ناخەوە زۆر کەسەربارم، چاوپێکەوتنێکی تێر و تەسەلی لەگەڵدا سازدام، بە ناونیشانی: (مژدەیەکی تر بەرەو نوێخوازی) بە دوو ئەڵقە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوی کردەوە. بە وردی بۆچوون و دەردە دڵەکانی خۆم دەربڕیبوو، تاڕادەیەک لە خۆڕازیبوونێکی هەرزەکارانەشی تێدا بوو، بەڵام بۆچوونەکانم لەو ئاستەدا خۆیان دەکردەوە، کە کتێبەکەم دەیویست پێشکێشی بکات، یان ئەو هیوا و بەرزویستییانە بوون، کە هەمبوون، بەڵام نەمهێنابوونە دی. سەرەتا نووسین یەک وشە بووە. دواتر ئەم وشەیە بە ناو ژیاندا درێژ بووەتەوە و بووەتە سەرچاوەی بەهرە و سرووش. ئەم دەقەی منیش سەرچاوە و بەهرە و سرووشی لە یەک وشەوە وەردەگرێت. حوزەیرانی ١٩٨٨ وەک کتێبێک لە ٨٨ لاپەڕەدا چاپم کرد و هەموو دڵخۆشییەکانم هاتنە دی.

قۆناغی هەشتاکان قۆناغێکی یەکلاکەرەوە بوو، بۆ چارەنووسی شیعری کوردی و خەیاڵی کوردیی گەیاندە ئاستی پەی پێبردن بە پاکیزەیی و بێگەردیی شیعر، هەروەها شیعری لە باری هەڵچوون و

توندوتیژی خستنەوەدا، گواستەوە باری خامۆشی و تێڕامان و شۆڕبوونەوە بۆ ناخ و ڕوونبوونەوەی دیدگا. گرانایی پێکهاتەی هونەریشیان بردەوە سەر دەنگ و دیمەن و وێنە. لانی کەم کەشێکی جیاکاری هێنایە گۆڕێ. ئەم گواستنەوەیە چ لە لایەنی دەسەڵاتەوە. چ لەلای ئەو شاعیر و نووسەرانەی هەستیان دەکرد کەشێکی جیاکارتر هاتووەتە پێشەوە، خەریکە خۆی زاڵ دەکات و دەبێتە ڕووداو و دیاردە. ئەو جیاکارییەیان پێ قبووڵ نەدەکرا. دەسەڵاتیش دوور و نزیک بە دژی ئەو بزووتنەوەیە بەکاری دەهێنان.

هەوڵمداوە جیهانی خەون و جیهانی هەقیقەت و جیهانی فەنتازیا و جیهانی ئێستێتیکا ... تاد، لە ڕێی ڕێکخستنی مانای بژارکراو و بە کارهێنان و هەڵبژاردنی زمانەوە دروستبکەم.

دەقی زێوان ئەزموونێکی وێنەخوازی و زمانگەرایییە، تا ناوەرۆکخواز. پێش چاپکردنی، دەزگای چاودێری چرنووکی لە خوێن و گۆشتی وەشاندووە، دوای چاپکردنیش کۆمەڵێکی دیکە چڕنووکەکەیان توندتر گوشی و قوڕیان بۆ شێلام. ئەو بۆچوون و دژایەتیکردنانەم هیچ بەلاوە گرنگ نەبوون، ئەوەی گرنگ بوو، چۆن پرۆژە شیعرییەکانم بگەیەنمە ناوچە بەرزەکانی شیعریبوون. وەلامیشم بۆ بیانووپێگران تەنیا بزەیەکی سامناک بوو، بۆ لەمەوبەدواش هەر هەمان بزەی سامناکم دەمێنێتەوە، چونکە دڵنیام خەڵکی بێ بەهرە و ناداهێنەر و حەربای ئەدەبی و قۆپیەچی و کلۆر و ناوەجاغ و هەرزەوەڕ و گای بنە و ئاگری بن کا و داردەستی ئەم و ئەو و گەدەوگودە ... تاد، سەرقاڵی کاری لەم جۆرە دەبن. لەم ڕووەشەوە ڕووبەڕووی نووسەری بە بەهرە و داهێنەر نابمەوە، خەیاڵی شیعری خۆم بەکاردەبەم و لە ناوچە وانی شیعری کوردی دەنووسم: نوێبەخشی.

درووود و سوپاس بۆ زێوان و ترپەی لێدانی دڵم، کە ئاگرێکی ئەفسانەیییە و بەردەوام هێزی گیانی و گەشەم دەداتێ. سەرکۆنەشی کردم و گوتی: ئەگەر گەنجینەی گیانت بەتاڵ بوو، نەتتوانی لە خۆ بە پیتکردن و پەرەپێدان بەردەوام بیت تەرمی خۆت زوو لەبن بارستێکی خۆڵدا بشارەوە. ئاگاداریش بە شیعری بێگەرد بە دەستی گڵاو ناگیرێت. گەورەم ئەی شیعری بێگەرد تا مردن سەرلەڕێ و گوێڕایەڵتم، لەبەردە م ئاستانەت دەوەستم و پێداگری و سەرکێشی دەکەم.

**حوزەیرانی ٢٠٠٨ هەولێر**

# شوێنی زەینی لە شیعردا

## مانیفێستی شیعری

جوانیی شتێکی گشتی نییە. شیعرێک کە جوان بوو، بەپێی پێوەری داهێنان لە هەموو سەردەمەکاندا بیرکردنەوەی جوانیی تێدا دەدۆزرێتە وە.

جوانی و کردە کاریگەرەکان، یان کاکڵەی تایبەتییەکان، کە مرۆڤ تێیدا دەگاتە ناسینی خۆی لە زمان و سروشتدا بە ناوچەوانییەوە لکاوە، بۆ بریسکانەوەی ئەم ناسینە پێویستە پێش هەموو شتێک بچینە ناو هەوا و بواری سەرسوڕمان و زانین لەبارەی شڵەژان و هێمن بوونەوەی گیانەوە، چونکە جوانی و کردە کاریگەرەکان، یان کاکڵەی تایبەتییەکان لە شیعردا لە ڕێگای گیانەوە لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت.

بریسکانەوەی یەکەمی ئەم ئەزموونە، لەوەوە بووە خولیا و ڕایەڵ و تانوپۆی پێویستبوونی چنی، یان بەردی سەرشاربوونی خۆی دانا. لەبار و گونجاوە ئاماژە و هێڵ و هێماکانی تەمەن و ژیان و بینینم لە نێوان چل و پەنجادایە، لەناو وردەکارییەکانی خۆی نا دڵنیایە و ملی لە ئاست هیچ دەسەڵات و شانەیەکی داپڵۆسێنەر نەرم نەکردووە. سەرکێشی و سەرمەشقی بەردەوامبوونی لە کەش و ئومێدی نووسیندا دەڕسکێنێت. لە ساڵێکدا تۆماریان بکەمەوە، ڕۆژەکان بە دوای یەکدا یەکەیەکە بە هۆی بنەماکانی نووسین و بیرکردنەوە وزەیەکی بەکاریان

تێدا جەخت بکەمەوە و بیانهێنمە ناو واقیعی نووسین و هەقیقەتی ویژدانییەوە.

نووسین لە تەواوی ڕۆژەکانی ساڵێکدا، کار و هەوڵدان و تێگەیشتنە لە ئاراستەی ڕۆیشتن و ئەو بوونەی خەیاڵ وەک پاڵپشتێک بەگەڕ دەخات بۆ گەشەکردنی بیرکردنەوە و پەیداکردن و خەملێنی تیشکە شیعرییەکان لە هەقیقەتی ویژدانییەوە.

نەمویستووە شوێن پێی تەمەن و ژیان و بینین پیشان بدەمەوە، بگرە ویستوومە ئاراستەی بخەملێنم و پێناسەی بکەمەوە. پێناسەکردنەوە گەیشتنە بە ناوکی بێگەردیی شیعر. ئەگەرچی دەشزانم ناوکی بێگەردیی شیعر لە پلەی مەحاڵدا بە دەست دێت و لە گرد و کۆی جۆش و خرۆشی ویژدانی و گۆشە جیاکارەکاندا گەڵاڵە دەبێت، بەڵام من وەک کەسێکی پڕ جۆش و خرۆشی ویژدانی و ماندوو بە شیعرەوە، گەیشتن بە تاکە درەوشانەوەیەک ناوکی بێگەردیی شیعر و ژیانمە.

من پەروەردەی کلتووری شیعرییم و لە کرۆکی زمانی کوردییەوە هاتوومەتە دەرێ، کلتوور لەناو کۆمەڵێک هەلومەرجی کاریگەردا دەرسکێت. هیچ شتێکیشم لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆمدا نەدۆزیوەتەوە، کە لێکدانەوەی جیاکاری بۆ ژیان نەبووبێ. پێویستیشە باشترین شت، کە لە بیرکردنەوەی خۆماندا گرد و کۆ بووە و هەمانە ئەوە ببەخشین، بەخشینی باشترین شت بنیادت دەنێتەوە، کە هەموو بیرکردنەوە و توانات لەدوا دەقدا ڕشت، هەست بە جۆرێک ڕووخان دەکەیت. کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەخشینەوە لات دووبارە دەبێتەوە، ڕاستەوخۆ هەست بە بنیادنانەوە و هێز و وزەی دەروونی دەکەیتەوە. لەم کار و هەوڵدانەدا ویستوومە لە هەڵچوونێک، یان ڕامانێک، یان بینینێک، یان تەزوویەک، یان خەونێک، یان هەست

پێکردنێک ... تاد، بمێنمەوە و جۆرە خەسڵەتێکی چۆن خرۆشان و وەها نووسینی پێببەخشم، یان هەستی کاتی و دۆخێکی سروشتی تێیدا بدۆزمەوە، واتە: شیعر لەگەڵ هەر بارێک لەو بارانەی دەستنیشانم کردوون، پێم گەیشتووە و لە گیانی نزیک بوومەتەوە و گەیشتووم بە پلەی ئەشقی کەم وێنە، ئاماژەکانی تەمەن و ژیان و بینینم کردووە بە ناوەند و تیشکە شیعرییەکانم لێوە پەیدا کردوون و گەیاندوومەتە باری کپیی نووسین.

لە کپیی نووسیندا لەو گرفت و کێشانە ڕام نەکردووە، کە ڕۆژانە ڕووبەڕووم بوونەتەوە، هەندێکیانم لە بینینەوە هەڵدەگێڕایەوە، وەک نادیاری و خەیاڵێک کارم تێدا کردووە و بە مەودا و خاڵێکم گەیاندووە.

لە بەرزاییەوە داشکاومەتە خوارەوە و لە خوارەوەش بە ئاراستەی بەرزایی بەرز بوومەتەوە بۆ دامەزراندنی مەودا و خاڵ، ناوەندم کردووە بە یادگە و گفتوگۆ و کانگەی زاخاودانی مێشک. بایەخی زۆرم بە ئەفسوونی وێنەی شیعری داوە، بە هۆی دەنگی پیت و ئاوازی وشەوە هەمان بایەخم لە ڕستەی شیعریشدا دووبارە کردووەتەوە. ڕستەی شیعریم لا وەک ئەو ئوتۆمبێلە ئەفسووناوییە بوو، کە بە منداڵی بە ئارەزووی خۆم و بە جۆرەها شێواز دەمجووڵاند و ئاستدارم دەکرد.

نەکەوتوومەتە یاریی وشە و پچڕانی پەیوەندیی نێوان وشەکان، پەیوەندیی نێوان وشەی یەکەم و سێیەم بپچڕێنم و یارییەکی دەنگی بە وشەی دووەم بکەم، بەڵام هەوڵم داوە ڕستەکان ڕستەی بێ گرێ و ئاستداربن و جۆری دەنگی وشە و سروشتی زمانی تێدا بپارێزم. ئەو ڕاپسکان و هێزە شاراوەیەی زمان هەیەتی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا گیانی نوێبەخشی تێیدا دەجۆشێت و دەڕسکێت.

زمانی ئاخاوتنم لە زمانی نووسین جیا کردووەتەوە. هەمیشە ئەو ئاخاوتنانەی لەناو ژیاندا هاتووە و دێت پاڵپشت بووە بۆ نووسین، واتە: دەقی شیعریی چووەتە پاڵ دەقی ژیان و هاوتاییبان دروست کردووە.

لە کار و هەوڵدانەکانی پێشترم دەق هەبووە، چەندین ئەم پەڕ و ئەو پەڕم پێکردووە و هێڵە گشتییەکانم گۆڕیوە. ئەوجا ڕەواییم بە خۆم داوە بڵاوی بکەمەوە، بەڵام لەم کار و هەوڵەمدا چۆن نووسراوە، ئەوها بڵاوکراوەتەوە. مەگەر بە دەگمەن وشەیەک، یان دەستەواژەیەکم جێگۆڕکێ پێکردبێت. لەوانەشە ئەمە خەسڵەتی شیعری کورت بێت بە پڕی دێت و خورپەت دەخاتە هەناوەوە و خۆی پێشکێش دەکات، هەروەها شیعری کورت خۆی لە گشت ناناسێتەوە، بگرە خۆی لە یەک شت دەناسێنێتەوە و مانای تەواوی یەکلاکەرەوە دەدات.

هەوڵی ئەفسانە و داستان خوڵقانیشی تێدا نادرێت، هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی مانا و مەودایەکی نوێی لێوە دەدرێت و دەڕسکێت. شێوەی ڕسکانەکەش لەو وێنە و دەربڕینانە خۆی ڕوون دەکاتەوە، کە مانا و مەوداکانی تێدا کۆ دەبێتەوە و وێنای کەسێکی ئەفسانەیی، یان داستانیمان بۆ دەکات.

لەناو جووتیارانی کوردستاندا جۆرێک خەسڵەت و بیروڕا بڵاوە. لە (ساڵی پڕ)دا پەڵە دوا دەکەوێ. جووتیاران جوانترین جلوبەرگی خۆیان لەبەر دەکەن و دوای نوێژی هەینی دەچن لەسەر بەپیتترین زەوی گوند نوێژەبارانە و نزا دەکەن. سەرەتا دەستیان لەسەر چۆکیان دادەنێن و تەماشای ئاسمان دەکەن، ئەوجا بۆ وێرد خوێندن بەرزی دەکەنەوە.

هەر لە منداڵیمەوە ڕۆژژمێری ساڵانەم دەکڕی و ژیانی سادەی ڕۆژانەی خۆمم تێدا تۆمار دەکرد. لەو سەردەمەدا دوو ڕۆژژمێر هەبوون.

١ – ڕۆژژمێری هاوسەر، کە وشیار قەفتان ئامادەی دەکرد.

٢ – ڕۆژژمێری پیرەمێرد، ئەمیش مستەفا نەریمان ئامادەی دەکرد.
بۆ زانیاری و دڵخۆشی خۆم هەردووکیانم دەکڕین، لەبەر ئەوەی پەند و دێڕە شیعر و بەشێک تۆماری ڕووداوەکانیان تێدابوو، بەڵام بۆ تۆمارکردنی ڕۆژانەی خۆم هەر یەکیانم بەکاردەهێنا.

شەوی ٢٠٠٨/١٢/٣١، ڕۆژژمێری ساڵی ١٩٧٨م دەرهێنا و بەتەواوی لاپەڕەکانیدا چوومەوە. شتی سەیر و مندالانەم نووسیبوو، بیری ساکاری خۆمم لەناو ساکاریی ژیانمدا دۆزییەوە. بیرە ساکارەکانی ئەم ساڵەم ناوەندێکیان بۆ نووسین پێشاندام تا بچمە ناوی و بیکەمە تاقیکردنەوەیەک.

لە نێوان شەو و ڕۆژدا چەند چرکەیەک هەیە نە شەوە، نە ڕۆژە. دوای ئەوەی خەیاڵم پشوویەکی دا. لەم چەند چرکەیەدا ئەوەم کردە خولیای گەرمم لە تەواوی ڕۆژەکانی ئەم ساڵەدا، واتە: (٢٠٠٩)، هەر ڕۆژەی شیعرێک بنووسم. تا دوا ڕۆژی (٣٦٦) پارچەم نووسی. نووسین بۆم ببووە سروشتێکی تایبەت و ڕۆژانە، ڕۆژ، کە نوێ دەبووەوە، دەبووە خولیا و سەرهەڵدانی پارچەیەکی دیکە. وەک ئەستێرە ڕژاوێک هەر ڕۆژەی پارچەیەکم هەڵدەگرتەوە، ڕێزم دەگرت و بەرزم دەکردەوە تا ئاستی دڵ و سەر، ڕۆژی دووەم وەک یاداشت و بیرەوەری لە نووسینی ڕۆژی پێشترم دەڕوانی.

لە دوا قۆناغی بیرکردنەوە و دیارکردندا تەواوی پارچەکانم بەیەکەوە گرت و جۆری دڵ لێدانەکانیانم پێوانە کردن. بینیم زۆرینەیان لەناو یەکدا شەپۆل دەدەن. (٢٠٠) پارچەیانم لێ فڕێدان و (١٦٦) یانم وا بینی هەریەکەیان لە تاکدا سەربەخۆیە و لە گشتدا لەناو یەکێتیی ئەزموونی هەستیمدا یەکگرتوون و ئاراستەیەکیان گرتووە بۆ گفتوگۆ

دروستکردن لەگەڵ ئەوی دیدا، یان قووڵایی ناخی خۆم. ساڵ، کە بووە بە (٣٦٦) ڕۆژ لە کلتووری کوردیدا پێی دەڵێن: ساڵی پڕ، یان ساڵی سفر، وەک ناونیشانی کتێب سەرەتا: (تیشکە پڕەکان)، یان (پەنجەمۆری ساڵێک)م هەڵبژاردبوو، دوای هەڵوەستە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی خود، وەک ناونیشان لەسەر: (ساڵی سفر) سەقامگیربووم. ئەوە شیعری بێگەردە گفتوگۆ دەکاتە ئامانج و چارەنووس و هەموو شتێک بۆ بەرزکردنەوەی هەستی خۆشەویستی و لەدایکبوونی پەیوەندی لە دڵەوە لە نێوان سروشت و گەردوون و تەواوی بوونەوەر و کۆمەڵگاکاندا.

لەو ماوەیەشدا بە شێوەیەکی پڕاوپڕ و بێ هاوتا ئالوودەی چوارینەکانی: باباتاهیری هەمەدانی و خەیام و ئەحمەد تاقانە ... تاد، ببووم. توانای ئەوەیان پێدام دووبارە نەبوونەوە لە شێواز و ئاستداری لە ئێستێتیکای زماندا یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە پلەی ئەشقی کەم وێنە و بەرهەمهێنانی تایبەت و پڕ بایەخ.

جوانیی شتێکی گشتی نییە. شیعرێک کە جوان بوو، بەپێی پێوەری داهێنان لە هەموو سەردەمەکاندا بیرکردنەوەی جوانیی تێدا دەدۆزرێتە وە.

ژیان بەخششێکی خوداداوە و بەرهەمهێنانی شیعر بۆ من نهێنیی بوونیەتی. هەموویان بە یەک شێواز بەرهەم نەهاتوون. شێوازی جۆراوجۆر و جیاکارن. هەندێکیان سادەن لە ڕووی ڕێکخستنەوە، مانایان بە دوای یەکدا هاتوون و مانا دەپارێزن، مانایەکی ڕوون و دیار ئاشکرا دەکەن. لە هەندێکی دیکەیشدا مانا لەناو جێگۆڕکێی کات و گواستنەوەی شوێن لە شوێنی واقیعەوە بۆ شوێنی زەینی بزر دەبێت و دەبێتە هەست پێکردن، واتە: وێنەکە مانایەکی ڕوون و دیار ئاشکرا ناکات، بگرە هەست دەکەیت شتێک هەیە لەم بارەدا مانا دەگۆڕێت بۆ

هەست پێکردن. لە بینینی ڕۆژانە خۆی بە دوور دەگرێت، وەک خەیاڵی کتوپڕ خۆی قووڵ نیشان دەدا. لەسەر دوو شوێن نەوەستاوم، (بەهەشت) و (دۆزەخ). بەهەشت (ئێرە) و دۆزەخ (ئەوێ)، بگرە شوێن شوێنێکی (زەینی)یە و زەمەنیش زەمەنی درەوشانەوەی (گیان)ە. لە هەر نیوە بازنەیەکدا ویستبێتم کوشتیتم و پاشان بووژاندوومەتەوە، نووسین، کە شوێنی زەینی هەڵدەبژێرێت، ژیان لەناو زەیندا درێژ دەکاتەوە و پێکهاتەیەکی زەینی دەداتێ، لە فۆرمی زەینیشدا ڕێکی دەخاتەوە و دایدەمەزرێنێت. شوێنی زەینی لەم کار و هەوڵەمدا دەبێتە خود و دەبێتە بابەتیش، هەروەها دەبێتە شێواز و دەبێتە ماناش، لە شوێن و کاتی واقیعیدا هەقیقەتی ڕەها هەیە، واتە: دەستپێکردن و وەستان، بەڵام لە شوێنی زەینیدا هەقیقەتی ڕەها نییە. کپی و هەڵچوونی گیان هەیە، شتەکان لە بیرکردنەوە و وێنەکردنی خۆیدا دەدۆزێتەوە. هەقیقەتی ڕەها دەیەوێت واقیع بپارێزێت و لە دۆخێکدا ڕایبگرێت و نەیخاتە بەردەمی پرسیاری کاریگەر و هەمیشەیی درێژ خایەن.

بەند نیم بە بنەڕەت و چۆنێتی سروشتەوە، ئەگەر هەشمبێت لە شێوەی تاڵە دەزوویەک هەبووە و دەمێنێتەوە. خەسڵەتی مرۆڤم داوە بە کەرەستەکانی سروشت و لەبارەی بوونی خۆیەوە هێناومنەتە گفتوگۆ و لێک تێگەیشتن. ئەو بارەی تێدا دەدۆزرێتەوە، کە لە زمان و خەیاڵدا بۆی دەگەڕێن. شاعیربوون لەناو کەرەستەکانی سروشتدا ئاسانە، بەڵام بە شاعیری مانەوە لەناو کەرەستەکانی سروشت و گۆڕینیان بۆ ڕازەکانی مرۆڤ و وێناکردنی گەردوون، کە بەبێ کۆتایی نوێ دەبێتەوە. دۆخگۆڕینە. خواستی نوێبەخشی، یان ناوکی بێگەردیی شیعر لەو دۆخگۆڕینەدا دەردەکەوێت و دەڕسکێت. لە شیعری کوردیدا: (مەولەوی و گۆران)، هێمای دیاری ئەم دۆخگۆڕینەن.

شیعر بۆ من ئامانجه و به دوایدا دەگەڕێم و هەوڵی بۆ دەدەم، قەتیش به دوای قسەی ئەم و ئەویشدا ناچم، چونکه بوونی شیعر هێزە بۆ پاراستنم و بێ بایەخکردنی لەرزۆکی و لاوازیی دەروونی ئەوان. داهێنان، ڕق و کینه و ئیرەیی خاو دەکاتەوە و پەراوێزی دەخات. باری بەخۆداچوونەوە دەخەملێنێ و هەقیقەت دەکاته پێودانگ و دەیهێنێته پێشەوە. هەموو شتێکی سرووش و بەهرەبەخش له کلتووری مرۆڤایەتیدا بۆ ئاشنایی و یەکترناسین سەری بەرز کردووەتەوە و خەڵکی بینیوە و خەڵکیش بینیویەتی. سەرنجیان تێکهەڵکێشی یەکتر بوونه و له بوونێکی هەست پێکراویان ڕوانیوە و خاڵ و هێڵی بەدواداچوونیان دۆزیوەتەوە. شیعر بەرهەمهێنەری سرووش و بەهرە بەخشی ئەم کلتوورەیە، جوانیی گشتگیریش هێمای تایبەتی کلتووری مرۆڤایەتییە، بەڵام خۆم ئەم مانایەم بەرهەم هێناوە، که خودم ویستوویەتی و سروشتم له شوێن و فۆرمی زەینی ئاشکرا دەکات، که خود و سروشتی مرۆڤیش له ڕێگای شیعرەوە له شوێن و فۆرمی زەینییەوە ئاشکرا بوو. شیعر وەک تیشکی خۆری لێ دێت، له بەرزترین لووتکه دەکەوێت، هەروەها له قووڵترین دۆڵیش، بەڵام ڕەنگه هێزی گەرمایی بەخشینی له لووتکەوە بۆ دۆڵ، جیاکارییان بۆ دوو ئاستی دوور له یەکتربن.

نوێبەخشی دیاردەیەکی گەردوونی و گیانیی گشتییە، ناوکی بەهایەک نییە، بگرە کۆمەڵێک بەهایە و بەهای لێوە له دایک دەبێ و دەڕسکێت. پاشان به ئاسۆیی و ستوونی گەشه دەکات و خۆی بڵاو دەکاتەوە. مەرجیش نییه شیعر هەڵقوڵاوی هەلومەرجی کۆمەڵگایەک بێت. له زەویی تایبەتکار و هەلومەرجی جیاکاردا هەڵدەقوڵێت. مەرجه پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی لەگەڵ هەستەکان و زماندا بەڕێوە بردبێت و

تێگەیشتنیان بۆ یەک هەبووبێ و گونجاندن بخەنە ناو ڕووداوە زەینییەکانیانەوە. با ئەم بارە ناسروشتییەش لەسەر چاو و برۆی شیعر لابدەین، کە گوتراو پێویستە شیعر بەناو دەروونی کۆمەڵگاوە شۆڕببێتەوە و ڕازەکانیان بلاوێنێتەوە و بەپێی خواست و پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان خۆی ڕێکبخات و ببێتە گفتوگۆ. گۆشتی ئەدەب لە ئێسقانی بینین و واقیعی زیندووی ویژدانی جیا ناکرێتەوە. ئەو واقیعەی کە لەناوی دەژین دەبێتە هۆی هەڵچوونی کتوپڕ و جووڵانەوەکانی دەروون. بەبێ هیچ شاردنەوەیەک کێشەکانی خۆی بێ پەردە دەخاتە پێش دڵ و چاو لە ڕووبەرێکی تەسکدا بەجێی ناهێڵێت. لە چرکەیەکدا بەهرەکانی دادەچڵەکێن و بە ئاوازێکی بە جۆشەوە لە درێژبوونەوەی ڕستەدا کاروبارەکانی دەروون کاکڵی جووڵانەوەکانی خۆی بەجێدەهێنێ. لەم بارەدا بەهرە بنەمایە و واتایەکی لێ پێکدێت و دەبێتە نەمریی دەروون.

جوانیی شتێکی گشتی نییە. شیعرێک کە جوان بوو، بەپێی پێوەری داهێنان لە هەموو سەردەمەکاندا بیرکردنەوەی جوانیی تێدا دەدۆزرێتە وە.

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ هەولێر**

# شیعر لە خۆمانمان نزیک دەکاتەوە

## مانیفێستی شیعری

من بەهەمان ئازار شیعر دەنووسم، کەپێی لە دایک بوویمە. شیعریش هاندەدەم لە پێناو سەربەخۆیی خۆیدا خەبات بکات

شیعر گیان و باڵی داهێنەری قەقنەسە، بەردەوام ژیان تێیدا نوێ دەبێتەوە و ژیانیشی تێدا دەمێنێتەوە. لەم نوێبوونەوە و مانەوەیەدا خەیاڵی داهێنەر، یان هێزی خەیاڵکردن دەگاتە یەکێتییەکی تەواوی نێوان شیعریبوون و زمان و شیعریبوون و بوون و نوێبەخشی دیدگا. شیعر هەموو شتێک لەبەریەک هەڵدەتەکێنێ و لەناو خۆیدا دەیتوێنێتەوە و دەیکاتە کەرەستەی پێویست بۆ بەکارهێنان و ئامادەبوون. هەر دەبوو شیعر بێتە سەر ئەو زەمینە و ناو کۆمەڵگاوە، تا مرۆڤی هاوچەرخ دەربڕین لە خودی خۆیی و ئاخاوتنە جیاوازەکان بکات، ئاخاوتنە جیاوازەکانیش نزیکایەتییەکی پتەویان لەگەڵ یەکدا لا پەیدایە و گفتوگۆ دەکەنە هێڵ و هێما و هەناسەدان و هەناسەدانەوەی تاک و کۆی کۆمەڵگا و زمان و بوون و هەلومەرجی ناوەوەیان.

لە ئەزموونی خۆمدا زیاتر سەرقاڵی ناوەوەی خۆمم، کەمتر دنیای دەرەوە تووشی سەرسوڕمان و واق وڕمانم دەکات، بەڵام بڕواشم بەوە بەهێزە دنیای دەرەوە، کەم و زۆر کاریگەری لەسەر دنیای ناوەوە هەیە و دەیخەملێنێت. ڕایەڵ و تانوپۆ و هێڵ و هێماکانی: (سروودی زەوی) زیاتر بەتەنگ زمان و شێوازەوەن و شەش دەق دەناسێنن، کە

ڕووبەڕووی چڕیی مانا بوونەتەوە. هەر هەمووشیان شاکەس و کەسی دیاریان تێدایە. شاکەس و کەسی دیاریش ڕووداوەکان ڕوون دەکەنەوە. بەشێوەیەک هەڵسوکەوتم لەگەڵدا کردوون، وەک کەسی نادیار و دوورییەکی دوورەدەست و نیمچە مەحاڵ وەرمگرتوون و تێکەڵ بە بوونێکی گەردوونم کردوون، لە فەزایەکی ئەفسانەیی و ڕۆحیدا بانگیان دەکەم بۆ بینین و دۆزینەوە. ئەنجام لە فەزایەکی پاکیزەدا ئەفسوونی دەنگێک. دەنگێکی کارامە و چالاک بەنەرمی پەردەی گوێ دەلەرێنێتەوە و دەیەوێت تێکەڵ هەستەکانی تر ببێت، بەڵام نە دەتوانم ببیینم و نە بیدۆزمەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەفسوونی ئەم دەنگە نادیارە لە فەزای هەموو شیعرەکاندا دەبیسترێت، ئەفسوون و دەنگێکە بۆ هەموو ژیان. لەهەندێک بەشیدا دەچێتە ناو فۆرمی نامۆیییەوە. ئەم نامۆیییەی مرۆڤی هاوچەرخ لە ئەنجامی هەستیاریی زۆر تایبەتیدا لەگەڵ دەسەڵات و مافیاکانی دەسەڵات دووچار و گیرۆدەی بووە. دەیەوێت ئەو بوونە ڕەهایەی خۆی بدۆزێتەوە، کە بەهۆی هەستەکانی لە فەزا پاکیزەکاندا بەدوای ئاراستەکانیدا دەگەڕێت و فۆرمی ڕەهای بۆ دروست دەکات. هەر شەش دەقی ئەم ئەزموونە نوێنەرایەتی ئەم فۆرمە ڕەهایە دەکەن، هەر هەمووشیان لە جیهانی شێوازیدا یەک شێواز، خۆئامادە کردوو و خەملیو بە وزە و تانوپۆی پەخشان دەهێننە ئاراوە، بەڵام لەجیهانی بابەتیدا هەر دەقێک بنیاد و دۆخی سەربەخۆی هەیە.

لە بنیادی جۆرا و جۆری دەقەکاندا بۆ ڕێکخستنی وشە و دابەشکردنیان لە ڕووبەری سپیی کاغەزدا کارێکی تایبەتکار و دیاریکراوم نەکردووە، کە ببێتە تەواوکاری وێنە و خوڕکردنی ترپە و ئاواز و دەنگەکان، بگرە وێنە و ترپە و ئاواز و کردە دەنگییەکانم بە تەواوی بە دوای یەکدا ڕێکخستوون و لێکم دوور نەکردوونەتەوە،

بیرۆکەشم نەکردووەتە دەربڕینێکی مۆسیقایی، یان بەرجەستەکردنی بنیادێکی مۆسیقایی. هێڵی پەیوەندیم لە نێوان ئاراستەکان و پێکهێنەری دەروونی دروست کردووە و بەهای ڕاستەقینە وەردەگرێت. ترپە و ئاواز خرۆشێکە بەهۆی لەرە و زرینگانەوەی زمانەوە دەربڕین لە واتایەک دەکات، واتاکە لە خاڵێک دەست پێدەکات و سووڕی بازنەیەک تەواو دەکات، بازنەکە تەواو پڕ دەکات و دەیدرەوشێنێتەوە. لەو بڕوایەدام هەر ئەزموونێکی شیعری بێگەرد لە بوونی بێگەردیدا، دیاردەیەکی شیعری زمانە و لە ئاکامیشدا ئەوپەڕی دەرکەوتن و نوێبەخشییە. هەمیشەش بەدوای هۆ و ئامانجی نوێبەخشییەکەیدا دەگەڕێت. ئەم بەردەوام گەڕانە خەسڵەتی سەردەمە. بەنیازی دۆزینەوە و بەرجەستەکردن، هەنگاوەکانی لە زەمینەی هەوڵدان هەڵدەگرێ و لە زەمینەی داهێنان دایدەنێت.

چەمکی زمان جێگیر نییە، گەشەسەندن و دەوڵەمەندبوونی دانە پەیڤیش وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەمە. من پێستی هەموو چینەکانی جەستەی وشە لە ڕووی دەنگ، پێکهاتە، واتا، ڕێزمان هەڵدەدەمەوە تا دەگەمە کرۆک و گیانی پڕ وزەی. ئەوجا بەکاری دەهێنم و دەبێتە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی سەردەم. گفتوگۆکردن لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم، خەسڵەتی نوێبەخش و نوێبەخشییە.

شیعر ڕەوانبیژی و چالاکییەکی زەینییە. بەبێ ئەمانە شیعریبوون دروست نابێت. شیعریبوون ئامادەیی ئەوەی تێدایە وەڵامی هەستەکانی خوێنەری کارامە و چالاک لەباری دەربڕین و کاریگەرییەوە بداتەوە. ئەو هەستەی من بەرانبەر بە شکۆی کتێبە ئاسمانییەکان، هەستێکی سروشتی و پێگەیشتووە، بۆ من شێوەیەکی ڕاستەقینە و کلتوورێکی جوانییە، نەک ئارەزوویەک. هیچ ئارەزوویەکی ساتەوەخت و کاتیش

ناتوانێت بەرانبەر ئەم هەستە ڕێگری و بەرگری بکات. هەست دەکەم لەناو کتێبە ئاسمانییەکاندا ژیان و هەستەکانم پڕ و بێ کەموکوڕین. بۆ من بوونەتە ئەشق و چێژی جوانی و شادمانی دەبەخشێت. شادمانی بەخشیش هۆکارێکی سەرەکی و بەهێزی بەردەوامبوونی ژیان و سەرچاوەی نوێبوونەوەیە. ئەو نوێبوونەوەیەی لە گیان و باڵی قەقنەسەوە، وەک بۆماوەیی بۆم ماوەتەوە. ئەم بۆماوەییە ڕۆڵێکی گرنگ لە تازەکردنەوەی زمان و شێواز و خەیاڵی شیعریی دەبینێت. چێژ وەرگرتن لەجوانی و مانەوە و نوێبوونەوە لەناو جوانیدا تواناداریيە. جوانیویست هەرچەندە بچێتە ناو سروشتی جوانی و بمێنێتەوە و ئاشنایەتی لەگەڵ ڕیشاڵەکانی ببێتە برای خوێنی، ئومێدی بەرانبەر دیدگا بەهێزبوون دەخەملێ و پەیبردن بەنیشانەکانی جوانی فۆرمی نوێی دەوێت، لە خەملێنی خۆشیدا فۆرم دروست دەکات.

دروستبوونی هەموو فۆرمێک و هەموو شتێکیش لای من بە شیعری بێگەرد بەستراوەتەوە. یەکەمین ڕێزلێنان و خۆشەویستیش بۆ شیعری بێگەرد، تێگەیشتنە لێی، نەرمونیانیی شیعریش لە کەسایەتیت بچەسپێت و ڕەنگ بداتەوە. کەسێک ئەشقی شیعری نەناسیبێت، ناتوانێت شاعیری ڕاستەقینە بێت. ئەشقی شیعر وەک ئایین بڕوایی دەروونییە، خۆشەویستی یەکەمم بۆ خودا و شیعرە، پلە بە پلەش بۆ خوارەوە. مرۆڤی هەستیار و بڕوادار، کە دەگاتە قۆناغ و تەمەنێک بەشێوەیەکی ڕۆحی بیر لەژیانی خۆی و دەوروبەری خۆی دەکاتەوە.

من بەهەمان ئازار شیعر دەنووسم، کەپێی لە دایک بوویمە. شیعریش هاندەدەم لە پێناو سەربەخۆیی خۆیدا خەبات بکات

پەیوەندیی من بەکتێبە ئاسمانییەکانەوە ئەنجامی ئاشنایەتییان، بنەما و هۆکار و جۆشدەر و کارتێکردنی ئەم ئەزموونەمن و بایەخی

تایبەتییان هەیە. ڕاستە هێڵێکن ڕەوتی ڕۆیشتنی منیان بە خوێن و گۆشت و ئێسکەوە تێدا دەبینرێت. هەناسە شیعرییەکانم وەرنەگرتووە، بگرە خۆم تێکەڵ بە شکۆی هەناسەکان کردووە و خۆشم پاراستووە لە ڕەسەنیی دەقەکان و بابەتی بەرجەستەکراو. بە ئاستی توانا هاوتاییم دروست کردووە. بە شێوەی ڕێکخستنە پەخشانییەکانی کتێبە ئاسمانییەکان کاریگەر نەبوویمە. بگرە هۆگری پڕ مەبەستی ناوەرۆکیان بوویمە و بنەمای بۆچوونمیان دارشتووە و کاریگەریی خۆیان بەشێوەیەکی ڕوون چەسپاندووە.

ئەم وەرچەرخان و گۆڕانکارییەی بەسەر بوونی، شیعریی و ژیانی مندا هات لە ئەنجامی ڕووداوێک بوو، ١٩٩٥/١/١٦ ئۆتۆمبێل منداڵە نۆبەرەکەمی شێلا. بۆماوەی حەفتاوپێنج چرکە منداڵەکەم گیانی تێدا نەما و مرد. چوار دکتۆریش لە مردنیدا دڵنیایان کردمەوە. لە دۆخێکی زۆر خراپدا بووم و لە هەموو هەستەکانمەوە شڵەژابووم، هێشتاش شڵەژانی ئەم ڕووداوە بەری نەداوم. لەم چرکە زۆر تایبەت و کاریگەر و هەستیارەدا، بە دڵ نزام بۆ خودا کرد. لە نزاکردنەکەمدا دڵم زۆر بەهێز بوو، لە شوێنی شیاوی نزاکانم دڵم لێی دەدا. وام دەزانی لەناوەندی گەردوون ڕاوەستاوم و مەیدانخوازی داوا دەکەم، خاڵی کۆتایی بوونم نیشاندراوە و شەڕی ئەم نیشاندراوە دەکەم. هێشتان دەستم بەئاسمانەوە بوو، منداڵەکەم گیانی تێدا گەڕایەوە و زیندوو بووەوە و دەماری لێی دا. بەئاواتەوەم ئەم چرکەساتە بگرم و دەربڕینی لێ بکەم. ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکەمم کردووە بەم ڕێکەوتە، هەموو ساڵێک لەم ڕێکەوتەدا ئاهەنگی لەدایکبوونەوەی بۆ دەگێڕم. ئەم ڕووداوە وای لێ کردم بەشێوەیەکی زۆر لە دڵەوە بیر لە بوون و هێزی ڕەهای خودا بکەمەوە و زەمینەیەک لە نێوان بەرهەمەکانی خۆم

و کتێبە ئاسمانییەکان خۆش بکەم. هەوڵی زیاتریش بدەم بۆ تێگەیشتن لە چییەتی کتێبە ئاسمانییەکان و کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای کوردی. بۆ ماوەیەکی زۆر کەوتمە کۆکردنەوە و خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لەبارەی بیری کتێبە ئاسمانییەکان نووسراون و لێکدراونەتەوە. قورئانیشم بە دوو وەرگێڕانی جیا جیا چوار جار خوێندەوە، چوومە ناو ڕووناکییان و لەناو ڕووناکییاندا خانەکانم دۆزییەوە و تێیدا نیشتەجێ بووم، بەڵام خانەی ڕووناکییەکانی قورئان زیاتر لە تەورات و ئینجیل لەناو خۆیاندا دایانگیرساندم و لە خۆیان نزیک کردمەوە.

ئەم ڕووداوەم کردە بنەما و ئەشقی زەمینیم بۆ ئەشقی ئاسمانی گواستەوە و بێ ئەم ئەشقەش ناتوانم مەزندەی ژیان بکەم، کە بەو ئەشقەوەش دەنووسم، هەست دەکەم لە جیهانی واقیعدا ئەرکێکی جیهانی زەینی جێبەجێ دەکەم. شاعیری ڕاستەقینە هەستەکانی لە ئاست تەواوی ڕووداوەکانی ناخی خۆی و دەوروبەری بەئاگایە، بچووکترین ڕووداو وەردەگرێت. ڕووداوە گرنگ و کاریگەرەکانی ژیان دۆخی دەروونین و لە کرۆک و ناوکی شیعرەکانیدا دەناسرێنەوە. شیعر خۆی ڕووداوە، یان ڕووداوی واقیعی، یان ڕووداوی زەینی. هەندێک جاریش باری نائاگایی تێکەڵ دەبێت و دەچێتە دۆخی سەرسامییەوە.

ئەم ڕووداوە ئاسۆ و دوورییەکانی ژیانی بۆ دەستنیشان کردم. چی بکەم و چی نەکەم. چۆن و خەریکی چ جۆرە بوونێکبم. پێش ئەم ڕووداوە، ئایینم بەدەستکرد و خەیاڵی مرۆڤ دەزانی. لە کتێبە ئاسمانییەکاندا وشە خەیاڵ نییە و خەیاڵیش وشە نییە، ناوەندێکی مانا هەیە ماڵی هەبوونە. دەبێت سروشتی ئەم ناوەندەش باش بناسین. سەرەتا دەپرسین خودی ناوەند چییە و ناوەند لە پێناو چیدا دروست

دەبێت. لە ڕێگای هێما و هێماپێکراوێک پێماندەگات، یان ئەو وەک واقیعێکی بە زەبر و دەسەڵاتێک ئێمە دەناسێت و دەوروبەرمان پێدەناسێنێت و لە ناوەندی خۆیدا کۆمان دەکاتەوە، لە ڕێگای زمانەوە ناو و قەوارە و مانامان پێدەبەخشێت و دەمانباتە بواری تایبەت و بوونەوە.

زمانی شاعیر خوێنەری کارامە و چالاک بە ناخ و خودی شاعیر دەگەیەنێت، ناخ و خودی شاعیریش نیشانی خەڵک دەدات، زمان بەڕێوەبەرایەتیی خودی شاعیر دەکات و ئاراستەکانی مانا و ئێستێتیکی بۆ دەدۆزێتەوە. ئەو پرسیارانەی لەناو کتێبە ئاسمانییەکاندا شەپۆل دەدات، هەموویانم هێناوەتە سەر زەویی واقیع و کردوومەتەوە پرسیار و لەمەڕ هەموو شتێکی دنیام کردوونەتەوە، دەمەوێ یاسای ئێستێتیکی بەو جۆرە ڕێک بخەمەوە، کە خۆم تاسە و تامەزرۆییم بۆی هەیە. لە ڕێگای ئەم هەستە شیعرییەوە بەوە گەیشتووم کوردستان بۆ من تاراوگەیەکە و میوانێکی یەک دوو ڕۆژەم تێیدا. زۆر جار لە خوێندنەوەی دەقێکی شاکار دەچم لە نیشتیمانی نووسەرەکەدا وەک هاووڵاتییەکی بێگەرد دەژیم و بە تانوپۆی شوێن لە دەقەکە و زەمینەی نووسینەوە پەیوەست دەبم.

بەهیچ پێودانگێک پێم لە بازنەی شوێن لە نووسیندا ناخەمە دەرەوە، خودی خۆم دەکەمە نیشتیمانم. لە دەرەوەی شوێن لە نووسیندا هەست بە تاراوگەکراوی دەکەم. شوێن لە ئەدەبدا بۆ من شێوەیەکی ڕاستەقینەی هەیە و بۆ ژیان هەڵمبژاردووە. لەو ئەزموونەمدا لە ڕێگای قووڵبوونەوە بەمێژوودا لە چەمکی بوون و دووبارەبوونەوەی کارەساتە مرۆییەکان دەکۆڵمەوە و هەڵیدەکۆڵم و کاردانەوە نیشان دەدەم، کاردانەوە بەهەردوو باردا، باری ئەرێنی و باری نەرێنی.

بەهەموو ئەو دەرفەتانەوەش دەژیم، کە دێنە سەر ڕێگام و لە خاڵ و هێڵی دامەزراندنی نووسین لە ئاکارە سەرەکی و گرنگەکانم دەبن و بەهابەخشن بۆ ڕێکخستنی ڕایەڵ و تانوپۆی مانا و دۆخی خواستراو.

هەرچەند جارێک دەچمە دۆخی شیعرێکی نوێوە، هەست دەکەم یەکەم جارمە ژیان دەبینم و ڕووبەڕووی دەوروبەر و پێداویستییەکانی ژیان دەبمەوە، لەناو فەزایەکی بێگەرد و پاکیزەدا شەپۆل دەدەم و کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی خەیاڵ و دیدگا و واقیعەوە، بیرکردنەوەی مرۆڤی هاوچەرخ بە هەموو دیاردەکانی پەیوەندیداریانەوە وێنا دەکەم و هەوڵ دەدەم یارمەتی هەستی ئێستێتیکایان بدەم.

سوپاس بۆ شیعری بێگەرد، هەموو دەم وای کردووە جێگای شانازیم بێت، لە هێزی نادیاریش داوا دەکەم جێگای شانازیی شیعری بێگەرد بم.

من بەهەمان ئازار شیعر دەنووسم، کەپێی لە دایک بوویمە. شیعریش هاندەدەم لە پێناو سەربەخۆیی خۆیدا خەبات بکات

**کانوونی دووەمی ٢٠١٢ هەولێر**

# شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت

## مانیفێستی شیعری

شیعری باش لە بوونی خۆیەوە دەناسرێ و خەسڵەتێکی پە خشانئامێزی تێدایە، سۆراغی زمانێکی ورێنەکاری دەکات و تارماییە کان دەکاتە مرۆڤ. مرۆڤیش لە فۆرمی خۆی نیشان دەدات.

بەرلەوەی هۆگری نووسینی شیعر ببم، هۆگرییەکی ڕاستەقینە و هەست گەرمییەکی زۆرم بۆ خودی شیعر لا پەیدا ببوو. توانا سەرەتاییەکانم لە نێوان ڕایەڵ و تانوپۆی ئەم دوو هۆگرییەمدا بواری خۆتاقیکردنەوەی لێ دەخواستم. بەڵێ ئەم خواستە، بوو بە مەبەست و جێگای بایەخ و وێناکردنی ژیان و دۆخ.

من هیچ پرسیارێکم لە خودی شیعر نییە، بەڵام ئەو پرسیاری سەیر سەیری لە من هەیە. وەک ئەوەی من خوداوەندێک بم و نهێنیی ژیان و مردن و زیندووبوونەوەم لابێت. هەردووکیشمان دەمانەوێت ئەویندارانە و لەخۆبووردووانە لەگەڵ یەکتردا بژین. هەمیشەش خۆم لە ڕووداوی گەرماوگەرم بە دوور گرتووە و چاوەڕوانی خەملێن بوویمە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوە گەرماوگەرمەکان بەرەنجامی جووڵانەوەی ڕاستەقینەی ژیان و دۆخن.

داهێنەر ئەوکاتە هەست بە ژیان و دۆخ دەکات، کە هەستەکانی خۆی لە ئەشقی پەتیدا بنووسێتەوە. لە نووسیندا لەگەڵی دەکەونە ململانێ و کێشمەکێشم و کێبڕکێ. پاش نووسین و تێڕامان و پێداچوونەوە ئەوەی

لا ڕوون دەبێتەوە کامە هەست کاریگەری لە ئەوی تریان زیاترە و تا چ ئاستێک کاریگەری کارامەتر بووە، لە چ بارێکیشدا سەنگی ڕاوەستاوە.

هیچ فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشییەک تا سەر و ئەبەدی نییە. فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی هێزی بەردەوامن و بەناو پێچاوپێچەکانی ژیاندا دەخولێنەوە. پاش خەملێن لە کەنارێکی ئارامدا هەڵوەستە دەکەن و دەگیرسێنەوە. بە نیازی خۆئامادەکردن بۆ دۆخگۆڕینێکی تر، پشوویەک بە ئەزموونیان دەدەن.

فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشیی تر دێن خۆیان لەوان لادەدەن و ڕێگا خۆش دەکەن، دەیکەن بە چالاکی و وشیاریی مرۆڤ. وەک ئاو دەماری خاک بێ ویست و ئەنقەست، بگرە وەک شێوە و ڕێکخستن و پێویستییەکانی ژیان دەبڕێت و جێگای ڕەوانتر بۆ ڕۆیشتن و کارایی خۆی دەکاتەوە. ئەوەی پێشتر فڕێ نادات، ئەویش دەڕوات تا وەک، خۆبوونی و شانازییەک لە تەنیشت ئەواندا ڕابوەستێت، یان هەوڵی گۆڕان و لەناوبردنیان نادات، بگرە لێ زیادبوونیان بۆ دەکات و توانا و ئەزموونی پڕشنگدار و درەشاوەتریان دەداتێ.

ئەم ڕیز ڕاوەستانە ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەهرە و سرووش و بیر و بۆچوونی داهێنەرە. لە ئەنجامدا داهێنەرەکان زۆربەیان لە تەنیشت یەک ڕادەوەستن و ڕیزێک پێکدەهێنن. ڕیزی چلچرای داهێنەران. هەوڵم داوە لە ڕیزی چلچ رای داهێنەران نزیک ببمەوە. لەم نزیکبوونەوەیەمدا شیعر دادەگیرسێ، هەمووومان ملکەچی پڕشنگداری و درەوشانەوەی شیعر دەبین. شیعریش تەنیا لە ڕوانگە و تێڕوانینی کرۆکیجوانییەوە بەها و ئاستداری بۆ دادەنرێت و هەست بە خاوەنەکەی دەکەین.

لە نێوان ئەم دوو مێژووەدا ١٩٦٥/١١/١٨ – ٢٠٤٥/١١/١٨، کە دراو و داواکراون مێژوویەکی تر نییە، یان هەوڵدان بۆ دروستکردن و قەوارەپێدانی مێژوویەکی لەم بارەیەوە نییە. بگرە وەهمێکی جوان و ناوەندێکی چالاک هەیە. بڕوای بە خۆشبەختی و خەڵاتی خودایی هەیە، دەشیەوێت ئاگر لە خوداوەند بدزێت، پاشان لە پەرجوویەکدا بمێنێتەوە. پەرجووی حەزی ژیان و داهێنان، مانا و بوونی کەسایەتی خۆی تێدا بپارێزێت. زمان ئەو کاتە دەبێتە چالاکی و وشیاریی مرۆڤ، کە بمانەوێت لە خۆمان بدوێین، یان ئەو نیشانانە بخەینە ڕوو، کە دەمانەوێت هەوڵی دەرخستن و شێوەی ڕێکخستنی بدەین. لەم بارەدا زمان مانا و بوونی کەسایەتیی نووسەر، وەک چەمک و ڕامانی سەرەکی لەناو خۆیدا بڵاودەکاتەوە و دەپارێزێت. بە دەگمەن بەشداری لە بۆنە گشتی و ئەدەبییەکان دەکەم، بە سروشتی ژیانی خۆشم حەزم لە تەنیایی و کەمدوویی و کەمێک دوورکەوتنەوەیە لە خەڵک، بەڵام لەمیانی شیعرەکانمەوە چۆڵایی بەر زەین و هەستەکانم پڕ کردووە لە خەڵک و ئاژەڵ و گیاندار و پەلەوەر ... تاد.

گونجاوە وەک سیستەمی هەوڵدان تەماشای فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی بکەین. ئەنجامی هەر هەوڵدانێک دەبێتە سەرەتای هەوڵدان و دیاردەیەکی تر و دەچێتە ناو چالاکی و وشیاریی مرۆڤەوە. زمان چالاکی و وشیاریی مرۆڤە و دەنگ و بیرمان لە خانەی باڵادا دەپارێزێت، لە شیعردا تێگەیشتنێکی نیمچە چین چین و ئاستداری دەهێنێتە گۆڕێ. ئەو تێگەیشتنەی شاعیر بە هۆی زەین و هەستەکانیەوە تێبینی دەکات. لە کردەی بە نووسینکردندا، دەبێتە وێنە و ئاسۆ و دووری و پەیوەندییەکی فراوان و کاراتر وەردەگرێت و دەگاتە خاڵی گەشەکردنی پەیوەندیی زەین و هەستەکانی زمان. ئەم خاڵی

گەشەکردنە لە پەیوەندیی زەین و هەستەکانەوە دروست دەبێت و دەخرێتە کار و تاقیکردنەوە. لە خرانە کار و تاقیکردنەوەدا، زەین و هەستەکان ئاستی بێ ئاگایی زمان دەگوازنەوە بۆ ئاستی بەئاگایی زمان. ئاستی بەئاگایی زمان لە وێنەی بێگەرددا دەردەکەوێت و هەستیاریی دەروونی وشە دەناسێنێت، هەوڵی خۆدەرخستن و شێوە ڕێکخستن لە خانەی باڵادا دەدات.

زمان هەمیشە خەوتووە. لە بەکارنەهێنانیدا بێدەنگە. لەکاتی بەکارهێنانیدا بەخەبەر دێت و دەبێتە دەنگی دلێر، یان دەنگی ڕاگەیانراو. جا چ لەباری مانا و پەیامداریدابێت، یان لەباری دەربڕین لە کرۆکیجوانی و وێنەی بێگەرددا.

وێنەی بێگەرد، ئەو هەلومەرج و بوارە دیاری دەکات، کە زەین و هەستەکان تێبینییان کردووە و دەروون ڕوون دەکاتەوە. دەروون بەوەی چەق و کانگای کۆکەرەوەی زەین و هەستەکانە، بە شێوەی ئاسۆیی زەین و هەستەکان دەخاتە بەکارهێنان و شاقووڵی دێتە خوارەوە، بۆ خۆدەرخستن و شێوەی ڕێکخستنی سوود لە فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی وەردەگرێت.

شیعری باش لە بوونی خۆیەوە دەناسرێ و خەسڵەتێکی پە خشانئامێزی تێدایە، سۆراغی زمانێکی وڕێنەکاری دەکات و تارماییییە کان دەکاتە مرۆڤ. مرۆڤیش لە فۆرمی خۆی نیشان دەدات.

(فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی) پێنج هێڵی سەرەکین، پێکەوە دەڕۆن و بە شێوەی بازنەیی تێکەڵ بە شیعریبوون دەبن و هێزی خۆیان لە دوا خاڵی باش بەکارهێنانیاندا گەڵاڵە دەکەن. مووچڕک و سەرسامییە جیاوازەکان یەکلا دەکەنەوە. لە نێوان مووچڕک و سەرسامییە جیاوازەکاندا جۆرە نهێنییەک هەیە لە

شیعریبووندا بەدەردەکەوێت و ئاسۆ و دووریی خۆی وەردەگرێت. لە شیعردا ناکرێت بەشێوەیەکی مێژوویی و لە ڕەوتی مێژووییدا سەیری زمان بکەین. زمان بەرهەمی تاکی بەکارهێنەرە، واتە: بەرهەمی تەواوی شاعیرە لە بەکارهێناندا. لە بەکارهێناندا داهێنەر تەواوی هێزی زمان دەکاتە هی خۆی.

لە سەرەتا و کۆتایی و هێڵ و هێمایدا، شیعر ئاراستە و پرسیارێکی زمانەوانییە. خوێنەر لەو سەرسوڕمان و سەرسامییانەدا نیشتەجێ و سەرگەردانە، کە زمان وەک فۆرمێک لە خانەی باڵادا دابینی دەکات، یان وەک ڕووداوێک ئەنجامی دەدات و دەیهێنێتە بەر زەین و هەستەکانەوە. لەم بارەدا زمان بەپێی وێنە لە جووڵە و کارایی خۆیدا دەبێت و وریایی و ئەمەکداری خۆی ڕادەگەیەنێت. ئەم ڕاگەیاندنەش پەیوەستە بە دۆزینەوەی هێزی وشە لە ئەزموونی زمانەوانیدا، یان ناسینەوەی تراژیدیای ڕەگەزەکانی ژیان لە فۆرمی زماندا.

سەروا و ئاوازی ئاخاوتن دەسەڵاتی شیعریبوون دەداتە خوێنەر و ئاسۆ و دوورییەکی سەربەخۆ بۆ ڕوانین و لێکدانەوەی بەرهەم دەهێنێت. ئەم جێگای سەرنجەش دەگەڕێتەوە بۆ مۆسیقاداریی زمان لە ئاخاوتن و نووسیندا. زۆرجار مۆسیقای دەق وا لە خوێنەر دەکات دیدگای بگۆڕێت. لە دیدگایەکی دیاریکراو و داخراودا بۆ ڕۆمانسییەتی هەستی و نەرمونیان و کراوە. ئەم دۆخگۆڕینە ئەنجامی مۆسیقا و نەرمونیانیی زمانە. پێکهاتەی زمانی کوردی گونجاوە بۆ ئەم دۆخگۆڕینە، تەنیاش داهێنەران دەتوانن باری ئەم دۆخگۆڕینە لەباری کەشوهەوایەکی تەندروستدا بدۆزنەوە و لە کارایی و کردەییدا ئاشکرای بکەن.

ئەشق و هەست و بڕواداری و گەڕانەوە بۆ ناو ژیانی خێزان و بنەماڵە، سرووش و بەهرە و سەرچاوە و هەست گەرمی ئەم ئەزموونەمن و بە ناوەند گیراون. ئەزموونێکی تەواو خۆماڵی و خودییە. جێگا بۆ ئارامی و بەختەوەری دەدۆزێتەوە. فەرهەنگی وشە و دانەپەیڤیشی تاڕادەیەک سنووردارن، لە سادەترین بەکارهێنانیاندا قووڵ دەبنەوە و کرۆک پیشان دەدەن، واتە: زمان لە کرۆکیجوانی و مۆسیقایدا جێبەجێ دەبێت، یان لە هەر دووبارەبوونەوەیەکدا زمان لە کرۆکیجوانی و مۆسیقایدا دەدۆزرێتەوە، بەنهێنی و ئەفسوونێکی تر لەناو زەین و هەستەکانی شاعیردا دەخەملێ و لەخانەی باڵادا، خۆی ئاشکرا دەکاتەوە. زمانێک لە ناخی شاعیردا ڕسکاوە و خۆی ڕاهێناوە و لە پلەیەکی پێویستدا پێگەییوە، شتە دووبارەبووەوەکان دەخولقێنێتەوە و پەیوەندییەکی زەینی و هەستی لەگەڵ خوێنەر پێکدەهێنێت و خوێنەری خۆی، کە تایبەتن و پەیوەندیی زەینی و هەستی، لەگەڵدا بەتینن، هەڵدەبژێرێت.

لە بنەڕەتدا ئەم ئەزموونە: (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم)، هەشت دەقی ئاستدارە، هەر دەقەی دە جار خۆی دووبارە دەکاتەوە، واتە: بە شاقووڵی دێتە خوارەوە و بە ئاسۆیی بڵاودەبێتەوە. خوێنەر دەتوانێت هەشت دەقە بنەڕەتییەکان بدۆزێتەوە و ئەوانی تر بەچێژی دووبارەبوونەوە، یان بە هونەری دووبارەبوونەوە بخوێنێتەوە. ئەم دیاردەی دووبارەبوونەوەیە دەبێتە شوێنی تێبینیی لە دایکبوونەوەی چێژ و هونەر و بیرۆکەکان. دەقە دووبارەبووەکانم بە دوای یەکدا ڕیزبەندی نەکردوون. وەک ئامانج و مەبەست تێکەڵاو و سەرەوژێر ڕێکمخستوون و بەتەواویی ڕووبەری کتێبەکەدا پەرتم کردوون. لە دووبارەبوونەوەشیاندا لە مانای ڕاستەقینەی پێشتریاندا نامێننەوە.

هونەری کارپێکردنی دووبارەبوونەوە زۆرتر لە سینەمادا کاری پێکراوە. فیلمێک دەبینین وێنەیەکی سەرەکی پێکهاتە و هەڵسووڕێنەری تەواوی فیلمەکەیە، بەجۆری جیاواز جیاواز دووبارە دەبێتەوە. لە هەندێک گرتەدا گفتوگۆیەکی لاوەکی دێتە ناوەوە، بۆ ماوەیەکی کورت دەبێتە بابەتی سەرەکی و وزە و تینی چاوی بینەر، وەک فریودانێکی هونەریی تەواو، بۆ خۆی ڕادەکێشێت و وەریدەگرێت. لە هەندێک گرتەی تردا ڕووناکی جێگای گفتوگۆیە لاوەکییەکە دەگرێتەوە و دۆخ دەگۆڕێت و دۆخ ئامادە دەکاتەوە. دەرهێنەر دیدگای تایبەت و دیاریکراو بۆ هونەری دووبارەکردنەوە بەکار دەهێنێت. وەک یاریکردن بە ڕووناکی و جێگۆڕکێکردن و بڕینی گرتە و مۆنتاژ.

لەم خۆ دەستنیشانکردنەدا لای من هەموو شتێک بەو فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشییەوە دەست پێدەکات، کە لە دوا دەقمدا بەکارم هێناون و هەوڵمداوە وەک نوختەی بینین بیانخەملێنم. فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی ئاسۆ و دووری بەدیهێنەری دەقن. ئاسۆ و دوورییەکی خەملێن هەیە، شاعیر خۆیەتی. ئاسۆ و دووری بەدیهێنەر، ملکەچی ئاسۆ و دووری خەملێن دەبێت.

لە دوا خاڵدا لە خۆدوان، ڕەنگە هەم سوودی هەبێ و هەم زیان. هەم چالاککردنی زەین و هەستەکان بێت، هەمیش پەکخستنی زەین و هەستەکان.

شیعری باش لە بوونی خۆیەوە دەناسرێ و خەسڵەتێکی پە خشانئامێزی تێدایە، سۆراغی زمانێکی وڕێنەکاری دەکات و تارماییبیە کان دەکاتە مرۆڤ. مرۆڤیش لە فۆرمی خۆی نیشان دەدات.

**ئەیلوولی ٢٠١٣ هەولێر**

# دەروونڕۆشنیی شیعری

## مانیفێستی شیعری

لە شیعردا بیرێک هەیە، تایبەتە بەشیعر خۆی. نە فەلسەفەیە. نە زانستە. نە ئایدیۆلۆژیایە، بەڵام پێکهاتەکانی شیعری هەموو تێدا ڕسکاوە و زەینی شاعیر دەپارێزێت

نووسین ژینگەیەکی جوان و ئارامە بۆ ژیان و ئەشق، ئەشقیش باشترین بارودۆخی مرۆڤە بۆ نووسین. ئەشق سەرچاوەی بوونی دەروونی و پەروەردەکردنی پێویستییەکانە. بەم لا و ئەولا نایەتەدی، بەڵکو دەبێت شاعیر لەم دۆخی بوونی دەروونییەدا بژێت و بتوێتەوە و خۆی دابڕێژێتەوە و ببێتەوە دڵۆپە و بێتەوە ناو سەرچاوەی خوداناسین و خۆناسین و دەروونڕۆشنییەوە. ئەوجا ئەشقییەتی شیعریی خۆی دابڕێژێت. هەر ئەشقییەتی شاعیرانی ڕۆشندڵیشە شیعریان بە ڕووناکی هێشتووەتەوە، شیعریش لە دەرکەوتنی خۆی بەردەوامە و بە هەموو شانازییەکەوە ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگیرێت. من ئەگەر بیرێک و ئامادەیی زەینیم نەبووبێ و ڕووداوێک لە هەستم ڕووی نەدابێت، بەهیچ شێوە و شێواز و بەهانەیەک شیعرم نەنووسیوە، کە خولیای نووسینیش دامدەگیرسێنێت و دۆخم بۆ دەڕەخسێنێت، لەگەڵ دەروونی خۆمدا زۆر تەبا دەبم و بەئارامی هەڵدەکەم. هێزی خود هەموو هاوسۆزییەکانم بانگهێشتی ڕەخسانی دۆخەکە دەکات. من سەرەتای

شیعر بە کۆمەکی سرووشێکی نیمچە ڕوون، بەسادەیی دەکەمەوە و گرانایی و بەهای شێواز و ڕەگەزی کتوپڕی دەخەمە ناوەند و وەک ناوەندێک دایدەمەزرێنم، دووبارە سادەیی سەرەتاکە دەخەمەوە دوا وێنەشەوە. بڕواشم وایە شیعر دێت و خۆم پیشان دەدات. ئەوجا بەدوایدا دەچم و دەگەڕێم و کۆششی بەرجەستەبوونی بۆ دەکەم و وشە زاخاو دەدەم و خوازیاری گەشەسەندن و نوێبەخشی دەبم، هێڵێکی یەکگرتووی شێواز و زمانی تێدا دەخەملێنم. قەتیش ئەو خۆفریودەرە نەبوویمە، ویستبێتم بەهۆی شیعرەوە دنیا بگۆڕم، بەڵام ویستوومە دنیا کۆبکەمەوە و چالاکیی خۆمی تێدا پەرە پێبدەم. شیعری بێگەرد تەنیا لەسەر بنەمای جیهانبینی ڕووناکیی خۆتدا. خوداناسین و خۆناسین و دەروونڕۆشنی، کە لە ئەزموونی ژیانەوە پێیدەگەین دێتە بەرهەم، دوای هاتنە بەرهەم بەڕەنگ و ڕوخساری خۆتەوە تێکەڵ بە ڕەنگ و ڕوخساری ئەوانی دیکە دەبێت، واتە: کلتووری کۆمەڵگای خۆت. ئەم جۆرە دۆخگۆڕین و گواستنەوەیە خەسڵەتی ئەدەبی ئێستێتیکییە و هێزی دەروونی بە مرۆڤ دەدات. هەنگاو بەهەنگاو خەسڵەتەکانی خۆی لە دەروونی مرۆڤدا دەپارێزێت و بۆ قووڵترین گۆشەی دڵ دەگەڕێت و باری هەستیاری دەخەملێنێت، گۆڕانیش لەباری کاملبوونەوە ڕوودەدات.

شیعر جەنگێکی سیحرییە و بە هۆیەوە گەیشتم بە ماڵی گەورەی ژیان، زیاتر لە بۆچوون و شێواز و حاڵ و بارەکانی تر، ئارەزووم بۆ خوێندنەوەی ئەو شیعرانە گەرم دەبێت و پێیان دەدرەوشێمەوە و بەجۆر و جوانییان دەزانم، کە شاعیرەنیان لە حاڵ و باری نارێکیی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات لەناو کۆمەڵگای خۆیاندا دووچاری نامۆیی بوونە و پەنایان بردووەتە بەر تاراوگەی ناخ و پەناگا و مەئوای

ناخ، ئەم پەنابردنە ئازادییە، ئازادی تەواوی نووسین. لەم حاڵ و بارەدا دەچنە قووڵایی بەسەرهاتەوە و گۆڕانێکی قووڵی نیمچە ڕیشەیی فیکری و ڕۆحی لە شاعیردا خۆ دەردەخات. بەشێک لە خوێنەرانیش پێش هەموو شتێک بابەتی ئەدەبی بۆ ناوەرۆک دەخوێننەوە، بەڵام من پێش هەموو شتێک ئەدەب بۆ ئێستێتیکای زمان و ئێستێتیکای ئەدەب دەخوێنمەوە و دەنووسم. هێزی ئەدەب هەر لە ناڵە و هاوار و دەنگی بەرزبوونەوەی کارەسات و نزمبوونەوەی کارەساتدا هێزی زرینگانەوەی پەیدا ناکات و دۆخ وەرناگرێت، هەروەها مانا بە باری یەکئاستی ناخەمە ڕوو، بەڵکو خوێنەر دەتوانێت لە ترپە و ئاوازی شیعرەکەدا، بە دەروونرۆشنیی شکۆی شیعرییەوە بۆی بگەڕێت، تەشقەکە دەناسێت و مەودای چێژ و بیرکردنەوەی خۆی، بەو مەودای چێژ و بیرکردنەوەی ناسیویەتی بەپیت دەکات.

لە شێوەی دەربڕیندا، ڕووداو و حاڵەت هێزی زمان وەردەگرن و دەیگوازنەوە بۆ هێزی ئێستێتیکای ئەدەبی. هەوڵ دەدەم داوا و داخوازیی شیعر لە زمان بزانم و لە گەنجینەی زمانی دێرینی کوردییەوە وشە و دانەپەیڤ بدۆزمەوە و ئەزموونی خۆمی پێ بەڕێوەببەم و لەگەڵ پێکهاتەی ڕێزمانی نوێشدا بیگونجێنم و ڕایەڵ و تانوپۆ و پەیوەندییان لە نێوان دروست بکەم. بە تایبەتی زمانی بەیت و شیعری کلاسیکی، مەرجیش نییە وەک ئەو هەبووەی بەکارهاتووە بەکاری بهێنمەوە، بەڵکو دەیکەمە سرووشی هێزی زمان و بنچینەی پێکهاتە، دەتوانێت قووڵترین خاڵی ژیان بدۆزێتەوە و بەهرەی لێ وەرگرێت. شیعری بێگەرد لە پێکهاتەی زماندا خۆی دەخاتە ڕوو، زۆر بە کەمی لە ناوەندی شیعری کوردیدا ڕێکەوتی شیعرێک دەکەیت، شیعریبوون تێدا بێت و بە ئاستێکی کەمی زمان خۆی خستبێتە ڕوو،

هەروەها بەشێکی هەرە زۆری شیعری ئەمڕۆی کوردی ناشێت بە ئەدەبی خاوەن ڕنج و ڕەگ و ڕیشەیان دابنێین. دەشێت بە مەشقی ئەدەبییان دابنێین.

هەموو وشەیەک توانا و هێزی ئێستێتیکیی شیعری تێدایە بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردن. وشە لە خراپ بەکارهێنانیدا هێزی ئێستێتیکی دەکەوێت و لە باش بەکارهێنانیشیدا هێزی ئێستێتیکی دەردەکەوێت. زمانی کوردی زمانێکی شیعریی دەوڵەمەندە و شاعیری لێزان و باڵا بەرانبەری لارەمل و دەستەوەستان نابێت، هەروەها وشەش نارەنجێنێت، وشە هێزی شیعر دەپارێزێت و شیعریبوون دەبەخشێت. هەستی زمان فریای شاعیر دەکەوێت و هێزی خەیاڵی دەدرەوشێنێتەوە. زۆر پابەندم بە هێزی هەست و زمان و ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان وشە و دەستەواژە و ڕستەوە، هەروەها بنچینەی شیعر هەست و زمان و مۆسیقایە، هەست و زمان و مۆسیقاش واتای نوێ لە واقیع و خەیاڵ دروست دەکات. لە هەندێک ڕستەمدا دەنگی مۆسیقا بە ئاسۆیی دێتە گوێ، لە ڕستەی ترمدا بە ستوونی دەبیسترێت. ئەو مۆسیقایە بەدڵێکی تەواو کوردییەوە لە ناخی خەڵک و قووڵایی زەوییەوە ترپە و ئاوازی وەرگرتووە و هاوخەمی و هاوشادیی جیهانی پێکدەهێنێت و فۆرم دەگرێتە خۆی.

هەست، وزە و تینی کارا و کارامەیی نووسینی ئەدەبییە و بنەڕەتی هەموو چالاکییەکانی شیعرە. شیعری هەستیش ڕەنگی ژیان دەداتەوە. هەموو مرۆڤێک خاوەنی هەموو هەستە سروشتییەکانی، یان لانی کەم بەشێک لە هەستە سروشتییەکانی خۆیەتی، بەڵام هەموویان توانای باش بەکارهێنانیان نییە. جیاوازیی داهێنەر لێرەدا دەردەکەوێت. ئایا بە باشی و سادەیی ئەو هەستانەی دەهێنێتە ناو نووسین و دۆخێکی

گونجاوی بۆ دروست دەکات. شیعری کوردی بەچەندین ناو، کە هەستە سروشتییەکانی خۆیان باش و بەسادەیی بەکارهێناوە درەوشاوەیە. شیعری سادە وەک شەپۆلێکی هەستی دەبێت زۆر داهێنەرانە لە دۆخی هەستیاردا بنووسرێت و خۆی دابمەزرێنێت، زمان و هەستیش بگەیەنێتە ئەوپەڕی، دەنا ئاسۆ و دوورییەکی نابێت بۆ لێکدانەوەی جیاواز و ئاستدار. نموونە: دوو نامەکەی (نالی) و (سالم)، یان (گوتم بەبەختی خەواڵوو)ی حاجی قادری کۆیی، یان دوو گەشتەکەی (گۆران)، یان (پایزی جاران)ی دیلان، یان (وەرە خوارێ ئەی خواکەی غەریبان لە کلکەی هەوری ئاڵەوە وەرە خوارێ)ی ئەنوەر قادر محەمەد، یان (کەوشەنی مەرگ)ی فەرهاد شاکەلی، یان (بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی هەر بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە)ی لەتیف هەڵمەت، یان (گورگ)ی محەمەد حەمە باقی، یان (کۆست و چرا)ی شێرکۆ بێکەس، یان (هەولێر لە یەکی شوباتا)ی عەبدوڵڵا پەشێو، یان (لاوکی هەڵەبجە)ی ڕەفیق سابیر، یان (شەڕ)ی جەلال بەرزنجی، یان (باوێشکەکانی مێژوو)ی نەژاد عەزیز سورمێ. لە دەربڕیندا پڕاوپڕن لە تووڕەیییەکی ئاشکرا و ڕووکار و سادەن، بەڵام لە دۆخی هەستیاری و داهێنەرانە بە سەرچاوەی ژیان و دڵپڕی کۆمەڵگاوە نووسراون و لێکدانەوەی جیاواز و ئاستدار وەردەگرن و ڕوخساریان شکۆی شیعریبوون تێدا خەملێوە. بەوەی هەم لەسەر زەینییەت و هەم لەسەر واقیع وەستاون و خوێنەریش ڕووداو و وێنە زەینییەکان قبووڵ دەکات. ئەمە مەترسییەکی گەورەیە و پێویستی بەئاگاییەکی قووڵ هەیە، لەسەر دوو ئاراستەدا کاربکەیت و خوێنەریش بخەیتە ئەو دۆخە هەردوو ئاراستەکە لە پلەی جیا جیا و ورياییدا وەربگرێت و بینینی خۆی لەناویدا ڕوون بکاتەوە، ئەم نموونانە ئەزموونێکی بینرا و بەرجەستەن. لەگەڵ ئەم بینرای و

بەرجەستەیەیدا کارامەیی ئەدەبیشیان تێدا بەدەستهاتووە. بە شێوەیەکی بینرا و بەرجەستەش دەربڕین لە ناوەندی نەتەوایەتی دەکەن و ڕۆحی نەتەوە تێیاندا گەلاڵەبووە و ڕەنگی ڕشتووە، واتە: شیعری بۆنە و ڕووداون. بۆیە ئاماژەم بەو دەقانە دا، چونکە لەم کۆشیعرەمدا: (دواکەوتن لە کەشتیی نووح). دوو شیعریان بۆ بۆنە و ڕووداو نووسراون:

١ - مەسیحی دووەم ئاگری بۆ شاعیران لە خوداوەند دزی، بۆ کارەساتی شنگال.

٢ - لەناو چەند هەواڵێک هەواڵێک، بۆ کارەساتی کۆبانێ.

خوێنەریش زۆرتر بە هەستی مانا و نەتەوایەتی. نەک زمان و ئێستێتیکی لەگەڵیاندا دەخرۆشێت. من بە بەشێک، بەشێکی دیاریکراوی هەست پێکردنەکانم ئاوێتەی ئەو دەقانە بووە، بەمەش خۆم بەشێوەیەک لە شێوەکان بە نووسەریان دەزانم. بەها و جوانییەکی پێویست و نایاب هەیە خۆت بە نووسەری دەقی شاعیری جگە لە خۆت بزانیت. ئەو دەقانەی شاعیرانی تر خۆزگەیانە خۆیان بە نووسەری بزانن، بەها و جوانییەکی بێهاوتایان بەخشیوە و بوونەتە ئەفسوون و زایەڵەیەکی سەیر لە بوونی ڕۆشنبیریدا. ئەوە گەوهەری داهێنانە دەبریسکێتەوە شاعیران بۆی غاردەدەن بیگرن و بە هی خۆیانی بزانن. ئەو شاعیرەی گەرمایی ئەو خۆزگەیەی لە دڵدا خاو بووبێتەوە، شاعیرێکی کلۆر و مردۆخ و پووخە و دەمچەفت و هەستنەناس و خوێنتاڵ و وشە قەڵپ و قۆپیەچییە، پوختەکار نییە.

لای ئێمە ژمارەیەکی کەم و دیارکراو شاعیرە هەرە نوێیەکانمان و چەند سەد کەسێکیش بەرهەمی شاعیرە کۆن و ناسراوەکانمان دەخوێننەوە. من باوەڕم بەوە نییە هونەر بۆ هونەر، یان هونەر بۆ

دەستەبژێر، یان هونەر بۆ کۆ و کۆمەڵگا، یان هەر شتێکی لەم بابەتە و لەمە نزیک. هونەر، یان دەبێت نەبێ، یان ئەگەر هەبوو، دەبێت هونەرێکی پاک و بیرکردنەوەیەکی بنەڕەتی ئێستێتیکیی پەتی بێت. هونەری پاک و پەتییش لەخۆیدا لەخزمەت کلتوور و کۆمەڵگای تەندروستە. ئەوی تر جۆرێک ڕووپۆشکردن و لەخشتەبردنە. بە هیچ شێوە و شێواز و بەهانەیەک بەئاسانی خوێنەر گیرۆدەی شێواز و گیرۆدەی مانا ناکەم، دەمەوێت خۆی، خوێنەری نموونەیی، هەڵکۆڵین لە دەق و شێوازی نووسیندا بۆ هەستناسین و گیرۆدەبییەکانی خۆی بکات. شاعیری ڕاستەقینە سەربەلایەنێکی سیاسی، یان ڕەوتێکی سیاسی کار ناکات، بەڵام دژی ناپاکیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئێستێتیکی کاری ئەدەبی خۆی بەڕێوە دەبات. لەناو جەنگەی ئاڵۆزی سیاسەتدا، لایەنگیری ئاشتی و لێبووردەیی دەکات. شیعری من بە تین و تاوی هەمەچەشن دەربڕینی لە شەڕی ناوەکی کردووە و لە زۆربەی زۆری ئەزموونیشمدا تیشکدانەوەی هەیە، بەڵام لە هەموویان دەرکەوتووتر دەقی: (مەرگی ئاوێنە)یە، وێنەیەکی لە بیرنەکراو لە تاوان پیشان دەدات و چەندین پرسیاریش لەبارەی جەنگی تاوان و بوون دەهێنێتە کایەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە شەڕی ناوەخۆیی وێرانکاری لە ڕۆح و فیکری کۆمەڵگای کوردی دروست کرد، ناخی کەواند و خستیە دۆخی هەڵوەشانەوە. هەمیشە بەو بارەشدا کارم کردووە وێرانکارییە ڕۆحی و فیکرییەکان لە ئێستێتیکای ئەدەبدا گەش بکەمەوە و دۆخی ئاشتی و لێبووردەیی وەک خاڵی پەیوەندی و بینین بهێنمە ناوەند.

له شیعردا بیرێک هەیە، تایبەتە بەشیعر خۆی. نە فەلسەفەیە. نە زانستە. نە ئایدیۆلۆژیایە، بەڵام پێکهاتەکانی شیعری هەموو تێدا ڕسکاوە و زەینی شاعیر دەپارێزێت

دەسەڵات، دەسەڵاتسالاری، یان دەسەڵاتسەروەری یەک شتی لە شیعر و شاعیرە سیاسەتخواز و ڕەسمییەکان داوایە، کە لە بەرژەوەندیی ئەودابن و ئەدەبێکی مەبەست سیاسی بەرهەم بهێنن. ئەدەبی مەبەست سیاسیش کاردانەوەیە بەرانبەر هۆکار. شیعری بێگەردیش یەک ئەرک کرۆکی بێگەردی دەستنیشان دەکات، کە لە پێناو ئێستێتیکای زمان و ئێستێتیکای پەتیدا کاری خۆی بەڕێوەببات. هێزی هەستی مرۆڤانەی بەهۆی هێزی زمان لە هێزی وێنەدا پێشان بدات. زمان و مۆسیقا و وێنە سێ گۆشەی ڕووناک و گرنگن بۆ شیعری بێگەرد و خوداناسین و خۆناسین و دەروونرۆشنیی شاعیر. دەسەڵات زۆر بەڕێکوپێکی و لێزانانە و بەمەرام کار لەسەر هەڵکۆڵینی کرۆکی شاعیری ملنەرم دەکات بۆ مەرام و ئەو تێگەیشتنەی خۆی. هەر شاعیرێک خراپ بنووسێت و زمان خراپ بەکاربهێنێت، خیانەتکارە لەگەڵ خاک و کلتوور و کۆمەڵگادا، چونکە زمان تاکە بەروبووم و سەرچاوەی خاک و کلتوور و کۆمەڵگایە. شاعیری داهێنەر ڕووداوە ورد و دیاردەکانی ڕۆژانە دەگوازێتەوە ناو هەستیاریی زمان و لە شیعریبووندا دایدەمەزرێنێت. لە ئەدەبی ئێمەدا زۆر شاعیر هەن زۆر ملنەرم و سیاسەتخواز و دەسەڵاتین. بەوەی لە پۆستی بەرز دانراون. ئەگەر ئەو پۆستە بەراورد بکرێت بەوەی ئایا بەهۆی ئاست و توانای ئەدەبی وەریگرتبێت. ئەوەت بۆ دەردەکەوێت سەدا سەد لە جێگای شیاوی خۆیدا نییە و زۆر نابەجێ و لاسەنگیشە، چونکە شاعیری لەو زۆر بەتواناتر، لە ڕووی ئێستێتیکای زمان و ئێستێتیکای پەتیدا هەن لە

پێچانەوەی دەسکە سڵقێکیشدا جێگایان نابێتەوە. ئەم کردە و کار بۆکردنە، بوونەکەی لەسەر شێوازی تاکتیکی سیاسەت و دەسەڵاتسالاری، یان دەسەڵاتسەروەری وەستاوە و بەڕێوەدەچێت. نەک ڕۆشنایی بەرهەم و بوونی ئەدەبی و پاراویی ئەزموون. بڕواشم بەو شاعیرانەی شیعری مەبەست سیاسی دەنووسن نییە، کە دەڵێن: ئەگەر گۆڕانێک لەناو کۆمەڵگا ڕوونەدات و ژیان بەرزی و نزمی تێنەکەوێت، شیعر شتێکی نابێت بیدۆزێتەوە. ئەدی لەم حاڵ و بارەدا کاردانەوەی هێزی نامۆکردنی زمان و هێزی خود و هێزی خودناسین و خۆناسین و دەروونڕۆشنی چییە.

لە دنیادا تەنیا یەک شت نایەتە دی. ئەویش ئەو شتەیە، کە لە دڵەوە کۆششی بۆ ناکەیت. مرۆڤ گەردوونێکی بچووکە لە نووسیندا، کۆمەڵگا گەردوونەکەی دەناسێت و دەیکاتەوە. لەو کاتەوەی ڕاست و چەپی خۆمم ناسیوە و هەستم کردووە چی دەمخاتە سەر دۆخی خۆدەستنیشانکردن، دەسەڵاتی ڕووناکیی شیعر بانگی ناوخۆی کردووم و هەستم کردووە مانەوە لەناو ئەو ڕووناکییەدا، مانەوەی بوونی منە وەک مرۆڤێکی هەستی و خودناس و خۆناس و دەروونڕۆشن. بۆیە تەواوی وزەی خۆم بۆی تەرخان کرد و هەموو شتێک و خولیا لاوەکییەکانم پەراوێزخست و چوومە ناو دەسەڵاتی نووسینی بێگەردەوە.

ئەم بڕیارە و چرکەساتی ئەم بڕیارە، ئاکام و ڕووداوێکی زۆر گرنگە بۆ نووسین و خۆدەستنیشانکردن و بەردەوامی و خستمیە سەر دۆخی نووسین و مانەوە و جۆرێک بەرپرسیاریەتی ئێستێتیکیی ئەدەبی. هەموو شیعرێکی ئێستێتیکی جۆرێکە لە بیرکردنەوە و ئاکامی بیرکردنەوە، بیرکردنەوەش وەک ناوەندێک وەردەگرێت و هەست

دەخاتە جێگای هێما و مەجاز، هەروەها ئەدەبی ئێستێتیکی دەربڕین لە دڵەڕاوکێ دەکات و ڕووبەڕووی بوون دەبێتەوە، دڵەڕاوکێ بەرانبەر بەرزی و نزمییەکانی ژیان، لە هەندێک حاڵ و باردا مانا لە ژیان وەردەگرێتەوە و دەیکات بە شتێکی هیچ و پووچ و بێبایەخ، لە هەندێک حاڵ و باریشدا دەیکات بە سەرچاوەیەک و پلەیەکی درەوشاوەی شیعریبوون و دۆزینەوەی گەوهەری نادیاری. ئەگەرچی دڵەڕاوکێ لە ئەدەبی کارادا پرسێکی دێرینە و بەردەوام لە بوونی شاعیردا بەرانبەر شتێکی نادیاریکراو، یان ئایندەیەکی میتافیزیکی دووبارە دەبێتەوە، هەروەها هانا و پەنایەکی ئەزەلییە بۆ شاعیری هەستی. من زۆر لەگەڵ دەقەکانمدا دەمێنمەوە. لێرە وشەیەکی دەگۆڕم و لەوێدا جێگۆڕکێ بە ڕستەیەکی دیکەی دەکەم و پێکەوەیان دەبەستمەوە و بیر لە هێزی زمانەوانییان دەکەمەوە. پاشان بیر لە پەیوەندیی وێنەکان دەکەمەوە و بیر لەوەش دەکەمەوە بزانم ئەوەی بیرم لێی کردووەتەوە ئەم دەقە ئەوەیە، یان دەقێکی ترە و ئەفسوونی زمان و هەست لە کاتی خورپەی نووسیندا خۆی زاڵ کردووە، بەڵام دامەزراوەکە ئەو بناغەیەیە، کە یەکەم خورپە لە شیعردا بە ڕوونی هەست پێدەکرێت و وەک ناوەندێک دەمێنێتەوە و ڕەگ بە تەواوی جەستەی دەقەکەدا شۆڕ دەکاتەوە، وەک هێزێکیش ڕایدەکێشێتەوە ناوەوەی خۆی و زاخاوی دەدات. ڕەشنووس لەسەر مێزی نووسینمدا زۆر دەمێنێتەوە و کەڵەکە دەبن، چەند بمێننەوە ڕەنگیان جوانتر دەخەملێ و هۆگریم بۆیان زیاتر دەبێت. دەقم هەیە دە جار زیاتر نووسیومەتەوە. لە دوا پاکنووسدا بە هەموو ڕەشنووسەکاندا دەچمەوە، بەیەکیان دەگرم و سوودی زۆر لەم پێداچوونەوە و پێکگرتنەدا وەردەگرم. وێنە هەیە دوای ئەم هەموو ئاڵوگۆڕییە، وێنەی یەکەم ڕەشنووس دەهێنمەوە و لەسەر ئەو سەقامگیر دەبم و ئەوانی تر

دەخەمەلاوە، بۆشم دەردەکەوێت یەکەم دارِژان لە شیعردا دەگمەن و گرنگە، پێداچوونەوە و پێکگرتنی دەقیش بۆ مشتومالْکردن و جوانکاریی هێندەی نووسین، دەگمەن و گرنگە. نووسین خۆی پێداچوونەوەیە بە خوداناسین و خۆناسین و دەروونرِۆشنی، هەروەها پێداچوونەوە پشووی دوای نووسینە و خۆشیبەخشترین چرکەساتی شاعیرە و هەموو خۆشحاڵییەکانی تێدا کۆ دەکاتەوە.

زیاتر لە پەنجا ساڵ بەسەر مەرگی (گۆران)دا تێپەرِیوە، کە (١٩٦٢/١١/١٨)ـە. تا ئێستاش لێتۆژینەوە گرنگەکانی لەبارەی شیعری نوێی کوردی پێشکێش کراون. ئەوانەن، کە لەبارەی گۆرانەوە نووسراون، هەروەها خوێنەریش، یەک لەوانە من بەتەواوی هەستەکانمەوە گوێ لە ترپەی دڵ و ناخی بەهێزی دەگرم و سرووش لە رِۆحی گەرم و درەوشاوە و ژیان تێگەرِاوی وەردەگرم، کەواتە: تاکو ئێستا رِێبازی گۆران، رِێبازێکی دان پێدانراوە و قۆناغی حەفتا و هەشتاکان و ئەوانی دیکە بە شێوەی دامەزراوی گۆران دان پێدانراو نین، یان خەسڵەتە گرنگە زمانی و ئێستێتیکاییان دەستنیشان نەکراون، یانیش شاعیرێکی گۆرِانکار و بەزەبر لە کێشی گۆران پەیدا نەبووە، یان قۆناغەکان قۆناغی بە کۆن و چەند کەسانێک لە بنیادنان و سیما دارِشتنیان هاوبەشن، بۆیە بایەخدانەکە دابەش بووە بەسەر کەسە هاوبەشەکان، تاک وەک دیاردە و رِووداو دەرنەکەوتوون.

ئەگەرچی من برِوام وایە شیعری بێگەرد سەر بە هیچ قۆناغ و قوتابخانە و رِێباز و بزووتنەوەیەک نییە، بەرهەمی ئەزموونی تایبەتیی شاعیری رِاستەقینەیە لە بەهرەی ئەدەبی و چێژی ئەدەبی و دۆزینەوەی ئێستێتیکای ئەدەبی و نامۆکردنی زمان، هەروەها برِواشم بەوەیە دەبێت شیعرێکی تر، واتە: شێوازێکی تر لە شیعری کوردیدا سەرهەڵبدات.

شیعرێک ببێتە سەرکێشییەکی درەوشاوە بۆ ئەو جۆرە شیعرەی هەیە و لە ناخەوە ڕایوەشێنێت و ئاگاییەکی ئێستێتیکی و نامۆکردنی زمانی بداتێ.

ئەم سەرکێشییە پێویستە لە هەموو سەردەمەکان سەرهەڵبدات و بەردەوامی هەبێت. زۆر لەگەڵ ئەوەدام سەرکێشییەک سەرهەڵبدات و شیعری نەوەی ئێمەش ڕاوەشێنێت و ببێتە ئاماژەیەک بۆ گۆڕانکاریی شیعری. هەڵبەتە ئەم گۆڕانکارییە بە چێژی زمان و چێژی ئەدەب دێتە ئاراوە. نەک وەک گۆڕانکارییەکی مەبەستدار و نەخشە و پلان بۆ دانراو، واتە: ئەزموونی ئەدەبی زاخاوی بدات. شاعیری گۆڕانکار لە خۆڕا و بەڕێکەوت و ئەڵڵاخودایی نابێتە گۆڕانکار، بەڵکو پێویستی بە ڕێکخستنی سیستەمی ناخ هەیە. من جیاوازیی زۆر جوان لە نەوەی دوای خۆم دەبینم. لە هەندێکیان وەک جیاوازی و لە هەندێکیشیان وەک داهێنان. هەمیشە بە بینینی ئەم جۆر و جیاوازییانە دڵخۆش دەبم. بەهیوام نوختەی بینینی خۆدەستنیشانکردنیان بە بەخششتربێت بۆ بەخشینی ڕووناکیی شیعرییان و مستەکۆڵەیەکی ئێستێتیکیش بن بۆ ئێمەمانان. شاعیری جیاواز: (ئاریان ئەبووبەکر) لە ساڵی ٢٠١٣ لە سلێمانی لە حەڤدەیەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا، شیعرێکی بە سەرناوی: (قاچ، ئوتۆمبێل) خوێندەوە (من و ئیسماعیل حەمەئەمین) لە شکۆی ئەم شیعرەدا لەناو جەماوەر هەستاینەوە و بەپێوە وەستاین تا شاعیر لەسەر شانۆکە هاتە خوارەوە لەناو هۆڵدا لەسەر کورسی خۆی دانیشت، یان یەکەم کۆشیعری چاپکراوی ئەم دوو شاعیرە لاوە: (بە ١٤ ڕێگادا: ڕێبین ئەحمەد خدر ٢٠١٢، حکایەتی قوڕ بە قەڵەمی خەونووس: دلاوەر ڕەحیمی ٢٠١٣)، کە ڕوونکردنەوەی شیعرییمان دەدەنێ و خۆدەستنیشانکردن تێیاندا ڕوونە و دەمانبەنە ئەم دیو و ئەو دیوی

میتافیزیکا و واقیعەوە. ئاماژە و دەنگ و ئاوازی زیندووکردنەوە و زیندوو ڕاگرتنی زمان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دەخەنە زەینی ڕستەوە و لە وێنەکاندا کۆدەبنەوە، پاشان دەبن بە خودی ڕووداوە وێنەییەکان و بنەماکانی تێگەیشتن و خۆ دەستنیشانکردن.

جا نازانرێت دوای ئەم دەقانە، پەرە بە بەهرە و تواناپان دەدەن و لە هەر لایەکیانەوە تێیان بڕوانین سەدا و ئاوازی جیاوازی تایبەتی خودی خۆیان، ئێمە وەک لایەنگری داهێنان دەهێڵنەوە، یان لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا دەمێننەوە و خاڵی پەیوەندیی داهێنان دەپچڕێنن، خوێنەری نموونەییش بە دوایاندا ناچێت و پەیوەندییان پێوە ناکات.

بەدرێژایی ئەو سی و چەند ساڵەی سەرقاڵی شیعرم، خۆم لە دوو شت بەدوورگرتووە و لێیان دەسڵەمێمەوە.

یەکەم: چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی.

دووەم: وەڵامدانەوەی ئەو نووسینانەی بە هەڵە لە ئەزموونی من دواون.

تەلیسمی ئەم نهێنییەشم بۆ ناشکێت. باشیش لەوە گەیشتووم هەڵەی کوشندەی نووسەر ئەوەیە خۆی سەرقاڵی هەڵەی نووسەرێکی تر بکات. ڕەنگە هەر ئەم تێگەیشتنەشم بێت تەونی نهێنیی ئەم ترسەی بۆ چنیبم.

یەک لە چێژە ئەدەبییەکانم بێ ئەوەی خۆم هیچ ویست و دەسەڵاتێکم تێیدا هەبێت، هەڵدەبزڕکێت. بەوەی هەرکاتێک شیعرێک بۆ گۆڤار، یان ڕۆژنامەیەک دەنێرم، دوای ماوەیەک بڵاودەکرێتەوە. هێندە بە بڵاوکردنەوەکە دڵخۆش دەبم و دەکەومە حاڵ و باری ئارامییەوە. هێندەی تریش دڵگران و سەغڵەت دەبم بەوەی دەبینم وەک هاوتایەک هێڵکاری لەگەڵ بڵاوکراوەتەوە و چووەتە کۆڵی شیعرەکەوە. هەندێک جاریش هێڵکارییەکە زۆر نایابە و وەک بابەتێکی سەربەخۆ چێژی لێ

وەردەگرم و لە هێڵ و هێمای ورد دەبمەوە و دەچمە ناو کەشێکی ئێستێتیکیی زۆر تایبەت و سیستەمی بیرکردنەوەی ناسینی زمان و زمانناسی هێڵکارییەوە.

من بڕوای تەواوم بەوەیە شیعر خۆی هێڵکارییەکی هەستییە و تێیدا خودێکی خوداناس و خۆناس و دەروونرۆشن دەردەکەوێت. نەشیاوە هێڵکارییەکی تری بخرێتە پاڵ و قەرەباڵغ بکرێت و لەبەریەکیان ڕابگریت، چونکە هیچ پەیوەندییەکی گرنگ و جوولە و ژیانێکی تازە و ئاشکراکردنی هێڵ و هێمایەکی شاراوە نادەن بە شیعرەکە. شیعر و هێڵکاری هەریەکەیان خاوەن گۆشەی بەهێزکردنی تیشکی چاو و نیشانە و پێکهاتە و ناوەندی ڕوانین و هەست و فامکردنی خۆیانن، بەهۆیەوە زمان و ئاخاوتن و هێڵ، کە بوونەتە بابەت دەستنیشان دەکەن.

لە هێزی دەربڕینی خۆیاندا، هەریەک سەربەخۆیی خۆیان لە پێشکێش کردندا دەپارێزن. هیچیان بەهۆی ئەوی تریانەوە هێزی دەربڕین و ئێستێتیکی وەرناگرن و ڕووناکییان داناگیرسێت. هەرچەندە بۆچوونم بەرانبەر هێڵکاری ڕوون و ڕەوانە و پەنهان و شاراوە نییە، بەڵام ڕۆشندڵ دەبم بزانم شێوەکارەکە تێگەیشتنی بۆ شیعر چییە و چ پەیوەندییەکی پێیەوە هەیە. شیعریش لە چاوی ئەودا چۆن دەردەکەوێت. شیعر هەیە لە چەندین وێنە و دەربڕین و بیروبڕوا و فەنتازیادا پێکهاتووە. ئایا هێڵکارییەک دەتوانێت ببێتە دەربڕینی بیروبڕوا و ئێستێتیکیی هەموو ئەو وێنانەی شیعرەکەیان پێکهێناوە. تکام وایە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی شیعریان تێدا بڵاو دەکەمەوە، تا بکرێت هێڵکاری لەگەڵ دانەنێن، چونکە نەشیعر و نەهێڵکارییەکە دنیا ناخەنە ناو لەپی دەستمانەوە، بەڵکو نیشانەکانی ئەم دنیایەن.

له شیعردا بیرێک هەیە، تایبەتە بەشیعر خۆی. نە فەلسەفەیە. نە زانستە. نە ئایدیۆلۆژیایە، بەڵام پێکهاتەکانی شیعری هەموو تێدا ڕسکاوە و زەینی شاعیر دەپارێزێت

**مایسی ٢٠١٤ هەولێر**

# چییەتی پەیام

## مانیفێستی شیعری

مرۆڤ ڕاستیی یەکەمە، شیعر سێبەری ڕاستیی یەکەم نییە. ڕاستیی دووەمە. خاڵی ناوەندی خوێندنەوەم لە تابلۆی چارەنووسم دانا و لەسەری جووڵام، زانیاری و شارەزاییم لەبارەی کردەی نووسین بەدەستهێنا، گیانی جیهان و هەبوونی مرۆڤم لە خانەکانی مێشکی خۆم چاند، ئینجا لە خۆم پرسی بیری بنەڕەتیی نووسینی خۆت دیاری بکە:

لەناو واقیعی نووسیندا بەدوای ڕووناکی نهێنیدا وێڵم، لە واقیعی زەینییشدا مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکەم و لەم ژیانە هارمۆنییەدا، بەر ئەگەرەکانی بوونی دەخەم. شیعری بێگەرد و گەردوونیی سەرهەڵدەدا و چییەتی دروست دەبێت.

**تەمووزی ٢٠١٨ هەولێر**

# گەردوونی یەکەم

## مانیفێستی شیعری

ڕوانینوان لە هونەری شێوازدا فۆرمێکی زمانییە. لە وردبوونەوە لە ناخی خۆمدا، دوو پانتایی بێسنوور: بەهەشت و دۆزەخم وێناکرد. هە وڵدان بۆ ناسینی ئەم دوو پانتاییە حوکمڕانی لە بیرکردنەوەی مندا بە ڕێوەدەبا. دۆخی گشتی و بەها و ناوەڕۆکی مرۆڤ و جیاوازییەکانم تێدا ناسی. جیاوازی بە مانای بیناکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگا، بێ بوونی کلتووری کوردی ناتوانم خۆم و جیاوازییەکانم بێتە بەرچاو.

جیاوازییەکان بە شێوەیەکی کردەیی گوزارشت لە هەقیقەتی جیهان و ڕێکخستنی ئەزموونەکان دەکەن، جیهان شایەنی پەیپێبردن و ناسینە. لە داهێناندا پێویستە شکۆی جیهانێک بناسین و خۆشمان بووێ، جیهانی جیاوازییەکان. ئەستێرەی چلپەڕی خۆدارڕشتنن. خوڵقاندنی جیهانی جیاوازییەکان، جیهانێکی تەواو ڕەسەن و هونەری ژیانێکی بێگەردە، واتە: گەردوونی یەکەم. تەنیا شتێک هەڕەشە لە داهێنان دەکات، نە بینینی جیاوازییەکانە، نەبینینی هونەری ژیانێکی بێگەرد و پەیپێنەبردنە.

هیچ شتێک لە مرۆڤ و مردن بەهێزتر نییە. تەنیا داهێنان نەبێت. مرۆڤ کاتێک ئەرکی مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی تەواودەبێت، کە جیاوازبێت. جیاوازبوون چنینێکی ئێستێتیکییە، مرۆڤ فۆرمەلە دەکات، بە درێژایی ژیان یاوەری دەکا و دەیخەملێنێ. جۆرناسی و بینین و دانپێدانانی جیاوازییەکان، لە هێزی ڕوونی داهێنان و پێکهاتەی ڕووداوە

وە سەرچاوە دەگرێت و پەرەدەستێنێ، دەبێتە بابەتی دەربڕاو و بابەتی دەربڕ، بە ئاستی داهێنەرانەی خۆیدا دەڕوات و ڕێڕەو دەکاتەوە. گۆڕان و وەرچەرخان و واقیع و خەیاڵ و دەنگ و زرینگانەوە و سەرمەشقییە کان، لەدایکبووی جیاوازییەکان و تەواوکەری ژیانێکی بێگەردن، واتاکانی نوێبەخشی دیاری دەکەن و پەیپێدەبەن، بەڵام زمانی هاوبەش و هێزی کارکردنی هەمووومان نییە. جیاوازی نیازێکی مرۆیییە و تێکڕای هەبوون لەخۆدەگرێت، لەناو قەوارە و ئاست و ویستی خۆمان داماندە هێنێتەوە.

نالی و گۆران، هۆگرییەکی تایبەتیم بۆیان هەیە، جادووگەر و خۆداڕێژن لە زمان و وێناکردندا. دوو هێمای گەورە و جیاوازی زمانی کوردین. ئەو زمانەی داهێنەری زۆری پەروەردە کردوون و خستوونیە تە سەر سەکۆ و پێشانی داون، شەرمێکی ترسناکم بەرانبەریان هەیە، نموونەی داهێنانیان دامەزراندووە، لەناو خوێندەوارانی کۆمەڵگای کوردیدا لە شوێنی شیاوی خۆیان دانراون، خاوەن تاج و تەختن، لە هە لومەرجی گونجاو و کراوەدا هەناسەدەدەن، هەموو ئەزموونێکیش ناتە واوی و کەموکوڕی تێدایە.

هەقیقەت، یان نوێبەخشی تەنیا لای شاعیرێک نییە. نوێبەخشی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. نوێبەخش هەستەکانی کۆمەڵگا و ڕۆژ و ڕۆژگاری خۆی تێدا کۆدەکاتەوە. بە ئامادەیییەکی تەواوەوە دەچێتە گفتوگۆی ئەبەدی و جەنگێکی ڕاستەقینەوە. نموونەیەکیش نوێنەری گشت نییە. لە هەمان کاتیشدا سنووردار ناکرێت. نالی شیعری: (مە ستوورە، دیوانی نالی. ل: ٦٠٣)ی لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان میرنشینی بابان و میرنشینی ئەردەڵان، لەژێر کارتێکەر و ڕاسپاردەی سەرلەشکر و فەرمانڕەواکانی بابان وەک دەربارێک فریوی خواردووە، بۆ

شکۆشکاندن و لەکەدارکردنی سەرلەشکر و فەرمانڕەواکانی ئەردەڵان نووسیوە. دەرباربوون ڕێگایەکی تایبەتی دەربڕینە، تیرت لە کەوان پێ دەترازێنێت و بە شێوەی جۆراوجۆر فریوت دەدا، وەک دەق، دەقێکی تابلێی ئێستێتیکی و پڕ هونەری جۆراوجۆرە و خەیاڵی خوێنەر دەگەیە نێتە ئاستی باڵا، هەموو وزەی زمانی کوردی بەکارهێناوە. فۆرمی گۆشەنیگای هەیە. مەستوورەی لە خەونێک وەرگرتووە، دەیەوێ قەدە غەکراوەی لێ لەدایکببێت. خەونی هونەری شیعریبوون، کاری لەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکان و دیوی نهێنی زمان و وردبێژی کردووە، بە ئە ندازیارییەکی ورد وریایی بیناکردنی نیشانداوە. هیچ بوارێکیش بۆ ئەگە ر و گومان نەماوەتەوە، وەک مەبەست و مەرام ئاراستەکراوە، خۆڕسکی چێژ و چەشەی کەسایەتی خۆی تێدا نییە، دەسەڵاتی ئاراستە کەریش پشتیوانی و هەلی بۆ ڕەخساندووە.

ئەم پرسیارەی لەم پرس و هۆکار و بەرهۆکار و بزواندنی کردەی داهێنانەوە دەبێت بکرێ. خۆ حەبیبە تاکە دڵبەری ڕەسەن و نموونەیی، بێگەرد و پاراو و هەستی خۆڕسکی شاعیر بووە، ئەگەر مەرام و مەبە ست و تاکتیکێکی سیاسی نەبووبێت، بۆ ئەم ئەزموونە بێگەرد و پاراوە ی لەگەڵ ئەمدا تاقی نەکردووەتەوە، ئەمە پرسیارێکی ناڕوون و لێڵ نییە. هۆکارێکی درەوشاوەی ناسینی دەقەکەیە.

مرۆڤێکی داهێنەر و پڕ زانیاری، بە زانیاری هاوچەرخی وەک گۆران، ئاشتی شیعر لە ئاشتی ڕۆحیی دەستەبەر دەکات، تا ئاستی گەوهەری بابەت ناسین، گەشە بەو ئاشتی ڕۆحییە دەدات و بەدیدەهێنێ و جۆری جووڵەیان دەستنیشاندەکات. پاشتر شیعر دەخاتە ژێر کاریگەری پەیامی فریادڕەسەوە. پەیامی ئایدیۆلۆژیا، کە ڕوویەکی بێ قووڵاییە، مە ستبوون بە شەرابی ئایدیۆلۆژیا وات لێدەکات هەموو شتێک بە ئارەزوو

ببینی. پێوەری گەردوونبوونی شیعری بێگەرد و پاراوی تا ئاستێک لە چەند شیعرێکیدا، بە تایبەتی لە شیعری: (ڕێگای لەنین، دیوانی گۆران. ل: ٣٠٦)، یان شیعری: (مۆسکۆی ئەیار، دیوانی گۆران. ل: ٣٢٤) ... تاد، لە دەست دەترازێ، یان لێی دەگۆڕێ، بەها و پێوەری هونەریی و هە ستەکانی خۆی سەرکوتدەکات، شیعر ئەگەر ئایدیۆلۆژیای قبووڵ نەکرد، هەمیشە مرۆڤانە دەمێنێتەوە. خوێنەری بێدەنگ و جووڵە و نەناسراو، واتە: خوێنەر وەک تاک. نەک وەک جەماوەر، دەبێتە فۆرم و بنەمای. خاوەن فۆرم و بنەما پێویستە لە هەموو کاتێکدا پابەندی بنەماکانی خۆی بێت و لێی فێربێتەوە، زاڵبوونی تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیا بۆ شیعری بێگەرد، دۆزەخێکی زیندووە، لە قووڵایی بڕیار و هەڵبژاردندا دەیهاڕێ، ئێستا بۆ شیعری ئایدیۆلۆژیایە. ئایندە، تەواوی ئایندە بۆ شیعری هە ستیی.

به ئارەزوویەکی سۆفییانە لە چرکەساتی بەهرەوە دەچمە ناو کردەی نووسینەوە: ئەزموونخواز، کە هەموو هەستەکان و هێزی بەهرەی لە دە قێکدا کۆدەکاتەوە و دایدەهێنێت و لێیدەبێتەوە، دەبێتە نموونەی دە ربڕینێکی ناوازە، دەچێتە ناو پانتاییەکی هەستییەوە و تووشی خۆشییە کی منداڵانە دەبێت، خۆشترین ساتی تەمەن. هیچ شتێک ناتوانێت ئازادی ئازار بدات، چونکە هەستی بە ئەزموونخوازی خۆی کردووە و خۆی لە دەرەوەی دیمەنە گشتییەکاندا بینیوە، خوێنەریش بانگدەکات هەست بە ئەزموونخوازی خۆی بکات و نموونەی دەربڕینێکی ناوازە ببینێت، کە وەک تەواوکەری بوون مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لەو مامەڵەکردنەدا، ئازادی دەچێتە ناو خەیاڵەوە. دیوی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان سروشتێکی ئەفسانەیی و حاڵەتێکی شیعرییان هەیە. دەگونجێت لەگەڵ باری ئاڵۆزی جیهان لەبەر یەکدا ڕابگیرێن و پێوانەیان بۆ بکرێ، بە پەلە

پەل و گیانێکی توورەییییەوە نەنووسرێن، بە سروشتی خۆی شێوە وە ردەگرێ و لەکۆی پێکهاتەکانییەوە کاملّدەبێت و دەبێتە ئەزموونی کە سیی. لە پرسیار و ڕوانینی مندا: گوتن بە فۆرمی (من) تا ئاستی نەبوون کەمە، ئەگەر هەشبێت، بۆ ئەوەی بە فراوانی و وردی تەماشای خۆی بکات. لە بەکارهێنان و دەربڕیندا بەهایەکی هەستیی: لێکچوون و خەیاڵکردن و خوازە و هێمای هەمەچەشنم داوەتێ. ئەمانەش واقیع و بوون و قووڵایی مرۆڤ لە هەقیقەتێکی ئێستێتیکیدا بەرز دەکەنەوە و پیشانی دەدەن.

خۆم هەبوویەکی هێزپێدراوم: دڵنیام ئەزموونەکانی خۆم بنەڕەتمن، پێش هەموو شتێک بە هانای شیعرمەوە دێن، لە تیۆرەکان باشتر پێکهاتەی هونەریی شیعرم تێدەگەیەنن، هەر هەموو زەوی جوگرافیای شیعرمە و جیهان یەک جیهانە. مرۆڤ بەها و پێوەر و سنوورەکانیەتی.

جیاوازی لای داهێنەر زیرەکییەکە تەواو نابێت. بەردەوام زاوزێ دە کات و هاوچەرخدەبێتەوە. وێنەیەکی تۆقێنەر نییە. ناسنامەی لە هاوچە رخبوونی دەخوڵقێنێت.

هەمیشە لێکۆڵەران هێما و ناسنامە و مۆرک و ئەزموونی تاکەکەسی داهێنەر لەناو گوتاری دەربڕاودا دەدۆزنەوە و پشکنینی شارەزایی و دانایی لە مانای کراوەدا بۆ دەکەن، دەیخەنە بەردەم هەڵبژاردنی زمانی کلتوور و ساتی داهێنان. داهێنەر بەهای خۆی دەناسێت و بە تێگەیشتنە وە لە ئاڵوگۆڕە جیاوازەکان و خانە چنراوەکانی نوێبەخشی قووڵدەبێتە وە، ڕایەڵ و تانوپۆی تاوتوویییەکان ورد دەچنێت، خۆدروستکردنێکی ڕاستەقینە دەکاتە بنەمای وردبوونەوە. لە یەکێتی بۆچوون و یەک بنەڕە تی و ئومێدی فریودەر و وێرانکردنی ژیان و بەلاڕێداچوونیش دووردە

کەوێتەوە، لە کارتێکردن لە خوێنەر و هۆکاری کارتێکردن لە خوێنە ریش نزیکدەبێتەوە.

شیعر هەرچەندە خودیی و فەنتازیش بێت، بەڵام دەبێ لە گەوهەر و ناوکیدا پەیوەندییەک لەگەڵ خوێنەر دروستبکات. خوێنەریش قەت ناتوانێ بە تەواوی داروپەردووی داهێنانەکەی بەرجەستەبکات. وێنەیەک ئەگەر خەیاڵییش بێت، کە بووە نووسین و نووسرا، دەبێتە هەقیقەت. واقیع تێیدا دەگۆڕێ، خوێنەر دەخاتە باوەشی ئێستێتیکایەکی نەبینراو و پەروەردەکردنی زەینییەوە. تۆڕێکی بەرفراوانی پەیوەندییە زەینییەکان دێتە ئاراوە و نیشانە زەینییەکان دەناسێنێت.

لەم باروبوارەدا شیعر واقیع بە قەوارەی خۆی دروستدەکات. کاتە کان تێیدا تێکەڵدەبن و ڕیتمی کات وەک ئامادەیییەکی ئێستێتیکی دەردە کەوێت و دەبێتە ڕیتمێکی کراوەی پەیوەندیی دامەزراندن، وزەی پەیوە ندی و کرداریش لە خۆی وەردەگرێت. خەیاڵ بانگی شاعیر دەکات بینووسێت و ڕووبەڕووی هەقیقەتی بکاتەوە، پێ بنێتە دنیای بوونەوە و بەر شتەکان بکەوێت و شتەکان ناوبنێت، کە شتەکان ناونران، هێزی شاراوە دەجووڵێ و زمان بە ڕاپەڕیوی دەمێنێتەوە، پەیوەندییەکی بەهێز و کاریگەر لە نێوان وشە و شتەکاندا دروستدەکات و دەیکاتە کلتوور و خوێندنەوە و گوتن.

لە تەمەنی نۆزدە تا چل ساڵی، وەک کردەیەکی مرۆڤایەتی لە نە خۆشخانەکانی هەولێر بیست و یەک شووشە خوێنی خۆم بەخشیوە بە مرۆڤی خاوەن پێداویستی. واهەست دەکەم ئەم بەخشینە بووەتە ڕامان و مەیلی سۆفیزم، هاتووەتەوە ناو بیرکردنەوەم. پڕ وزەی کردوومەتە وە بۆ سەرەتا، چونکە شیعری بێگەرد و پاراو، لەدوا ئاراستەیدا هە میشە سەرەتایە. سەرەتا شوێنێکە. ماڵ، یان نیشتیمان، یان بەهەشت.

هەوڵدەدەین پێی بگەین. یەکەم کردەی زمانی تێدا هەستیار بکەین و بیکەین بە پێویستییەکی ڕەهایی نوێبەخشی و تاهەتا نەناسراو.

داهێنەران هەمیشە پشتگوێخراو و سەرکۆنەکراو و لۆمەکراو و گیرۆدە و تێکشکێنراو و نائومێدن لە وڵاتەکەیاندا: من هاووڵاتیم، شاعیریشم. وشیاری ئێستێتیکی دروستدەکەم و جۆری جووڵەیان دە ستنیشاندەکەم. بڕوای تەواوم بە سەروەری و دەسەڵاتی ڕەها و ڕە وای میللەت هەیە، لەگەڵ وڵاتەکەمم و دژی دوژمنەکانی دەوەستمەوە و دەجەنگم. ڕووگەنمای ئێستێتیکی دەدرەوشێنمەوە، بەڵام لە ناخێکی باوە ڕبەخۆبوو و کاریگەرییەکی ڕاستەقینەدا بە بچووکترین هەڵەی دەسە ڵات نالێم بەڵێ، بە ڕوونی لە بنەڕەتی هەڵە دەدەم. لە بنیادنانی نوێبە خشیدا، پێشڕەوی بەڕێوەبردن و دامەزراندن دەکەم و مێژوو دەخەمە گەڕ، مێژووی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان نا، مێژووی پەیوەندیی ئەندازە یی ئێستێتیکا و داهێنان. بە تەواوی کارامەیییەوە، باوەڕم بە هێزی دیدی تایبەتی شاعیر هەیە، کە تاقیکردنەوەکانمان پاگژدەکاتەوە و دە یخەملێنێ. بەو باوەڕەی خودا بە نێردراو و پەیامبەرانی تەورات و ئینجیل و قورئانی بەخشیوە، ڕێنوێنی کردوون بۆ بەڕێوەبردن و دامە زراندن. لەوانەش دوورکەوتوومەتەوە، گیرفانی داوایان لە بانکی پایتە خت قووڵ و پانوپۆڕترە، ڕاوچی فیستیڤاڵ و خەڵاتەکانن.

واقیع و سروشت هیچ بەها و پێوەرێکیان نابێت، ئەگەر تێکەڵی هە ستی مرۆڤ نەکرێن. واقیعم وەک ئەوە دەوێ، کە لەناو تابلۆکانی (محە مەد عارف)دا هەیە و دەیەوێ ڕێگایەکی چالاک بۆ وشیاربوونەوەی کۆمەڵگا بژاربکات، نەک واقیعێکی بێبەزەیی و دڵڕەق و پڕ بەرنامەی هە ڵە. سروشتیشم وەک ئەوە دەوێ، کە لەناو تابلۆکانی (ئازاد شەوقی)دا هەیە و سوورە لەسەر سەرکێشیی و بەردەوام دامەزراندنەوە، دامە

زراندنەوەیەکی پڕ تەزووی شیعریی و وەفادار بۆ ژیانێکی بێگەرد و ڕە ها. هەم ئەفسانەن و هەم هێما. توندوتیژییان بەرانبەر وێناکردن تێدا نییە، وزەی دەسەڵات لە خۆیان وەردەگرن و بەردەوام خۆیان دادەمە زرێننەوە. واقیع و سروشت بنەچەی ئەفسانە و هێماکانن. ناتوانین نارە زایی بەرانبەریان دەربب‌ڕین بێئەوەی بچینە ناوچە قووڵەکان و لە ڕووداوی مەرگیش نەترسێین، یان بوونی شاعیر بەرانبەر بوونی واقیع و سروشت ڕانەگرین. شیعری بێگەرد، واقیع و گشت شتەکان تاقیدە کاتەوە، نەک واقیع و شت ئەو تاقیبکەنەوە، چرکەساتی نووسین چرکە ساتێکی ئەفسووناوییە، هەموو دەوروبەر لە خۆیدا نقووم دەکات.

ئەگەر من هەر لەدایک نەبوومایە، یان بمردبوومایە، یەکێکی دی واقیع و سروشتی بە دیدی شیعریی من دەبینی و دەربڕینی لێ دە کردن. گرنگ ئەوەیە بیرکەرەوەیەک بە فیکر دەژیا و دەربڕینی لە واقیع و سروشت دەکرد و توانایی و ئامادەیی منی دەڕسکاند، بەرانبەر بوونی واقیع و سروشتی ڕادەگرت، کە بەرپرسە لە ئێستێتیکا و بە نە رمییەکی زۆرەوە کاری بۆ کردووە. ئەمە ناوکی جیاوازییەکانە، لە یەک شوێن ناوەستێت، بەشداردەبێت لە بیرکردنەوە و دەرکەوتەکان، هێز بۆ واقیع و سروشت و خۆی دروستدەکات و بۆچوونەکان لەدایکدەبن، ئەو بۆچوونانەی مرۆڤ یەکەم جار هەستی کرد مردن بەرهەمی ژیانە.

من لە قوڕێکی خوساو و شێلدراودا دروستبووم. قوڕی زمان و کەلە پووری ئەدەبی کوردی. هیچ شتێک نەگۆڕ نییە. زێڕیش نەجووڵێ ژەنگ لێیدەدا. دوازدە کتێبی شیعرییم نووسیوە. وەک ئەوەی لە نووسینی هەر کتێبێکمدا بە جلوبەرگەوە لە ئاوێک بدەم و بپەڕمەوە. بۆ نووسینی کتێبێکی دی تەواو وشکبووبێتمەوە. ئەوجا دووبارە لە ئاوێکی دی بدە مەوە. بە مافی سەد لە سەدی شیعریشم زانیوە بە ئازادی تەواوەوە

پرسیار لە بوون بکەم، پێمان ناڵێیت تۆ چیت. ڕاسپاردەم ئەوەیە، ئەگەر مردم لەسەر کێلەکەم ئەو ڕستەیە هەڵکۆڵن. (بەدوای وشەدا گەڕا). لە ژیاندا نەیدۆزییەوە، دوای مردنی مرۆڤی ناو شیعرەکانی دەیدۆزنەوە و بە دڵێکی تەواو کوردییەوە دەیبەخشن.

ئەدەب بەخشندە و میهرەبانە، لەگەڵیدا مامەڵەم خۆشە و هەر زوو چێژ و چەشەی وشە و بوون و مانەوەم تێدا دۆزییەوە و شاگەشکە بووم، خوێن لە بڕبڕەی پشتمەوە بۆ مێشک و دڵم جما و هەڵکشا، خانە کانی سووڕی پێگەیشتنی چالاک کرد. هەمیشە لە ئاسۆیەکی دوور بە وێناکردنێکی زەینییەوە دەستپێدەکەم، خوێنەریش ئاشنای ئەو هەستەم دەبێت و توانایی و ئامادەیی من دەناسێت. لە چەند شیعرێکمدا درێژدادڕیم کردووە و چەندان لێکچوون، کە پێویستییان بە بژارکردن بووە، بژارم نەکردوون و هێشتوومنەتەوە، یەک لە کەمتەرخەمی و نە زانینی من بووە. گرفتی چێژ و چەشە دەهێننە پێشەوە و مەیل و ئارە زووی خوێنەر دەکوژن، وەنەوزدەدا و پەرۆشی بۆ خوێندنەوە کەمدە بێت. ئەوکات ئەم ڕووداوە لە شیعری من ڕوویدا، کە بیری سوریالیزم بەسەرمدا زاڵبوو، وێنەم بەسەریەکدا کەڵەکە دەکرد، جۆرێک تێئاخنینیش دەهاتە ئاراوە. لەم جەنگەدا تا کۆتایی نەمامەوە، تەلیسمم شکاند و چوومە دەرەوە.

کە جیاوازبم بە ئازادیی تەواوەوە، لە بنەڕەت و چۆنیەتییەوە جیاوازدەبم، پێویستیم بە پاڵپشتێکی گرنگ، نووسین و پێکهاتە و توانایی و ئامادەیی خۆم لە بیرکردنەوە و ڕووداودا هەیە و بەس، کەس ناتوانێت شیعرە سەرسوڕهێنەرەکان سنوورداربکات. شیعری سە رسوڕهێنەریش بە وێنە سەرسوڕهێنەرەکان، هەڵکۆڵین لە یادەوەری خوێنەر دەکا و دەبێتەوە جووڵەی ئاگایی، نائاگاییش سەرزەمینێکی نە

ناسراوە، ئەوەی ئاگاییە گونجاوە. ئەوەی نائاگاییە بابەتێکە بیری لێدە کرێتەوە ئاخۆ بۆ نییە، ئەگەر هەبوو ئایا دەبێتە گونجاو، یان نا.

لە فەرهەنگی هیچ نەتەوەیەکدا ڕووینەداوە شاعیرێک هێزی ئەوەی تێدابێت، شاعیرانی دی بداتە دواوە و بیانخاتە بازنەی مەترسییەوە، خۆی بە تەنیا ببێتە مێژووی داهێنانی ئەو نەتەوەیە. بە پلەی یەکەم نە مویستووە لە شاعیرانی هاوچەرخ و دەوروبەرم جیاوازبم. جیاوازیم لە دیوی ئەو دیودا نییە. لە دیوی هەستەکانی خۆمدایە. ئاستدارییەکانیش لە ماک و شێواز و ماناکاندایە. بێ پەروا هەولْم داوە لە ئەزموونی خۆم جیاوازبم، لە شوێنەواری ئەزموونی پێشتریشم بەتاڵ ببمەوە. گوێڕایەڵی ئەو ڕۆحە جیاوازانە دەبم، کە ڕێنوێنیم دەکەن بۆ جیاوازبوون و حەز و توانام بەکاربهێنم، بە سادەیی و ڕاستگۆیی دۆخ بگۆڕم و پێوەرێکم هە بێت بۆ بەکاربردنی کار و تواناکانم لە بەڕێوەبردن و دامەزراندندا، مۆسیقاش پێش زمان دەربڕینی لە هەستەکان و پێداویستییە جیاوازە کانی ڕۆحی مرۆڤ کردووە.

مرۆڤ، کە لە ئازارە باوخوازەکان ڕادەکات، بۆ کەناڵێکی چێژبەخش دەگەڕێت تا هۆکاری چارەسەری ئازارە باوخوازەکان بدۆزێتەوە. دە چێتە ناو ڕەهەندی چێژبەخشی شیعری بێگەرد و پاراو و جیاوازەوە. لە جیاوازبووندا شیعری بێگەرد و پاراو خۆی کەشفدەکات و خۆیمان پێشکێش دەکات.

جیاوازییبوون بەخشینێکی هەستییە. بە مانای بیناکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگا، تەمەنم لە پێناوی دانا. جەستە و ڕۆحم بۆی تەرخانکردووە، بە قووڵایی نادیارییەکان و ئاوێنەی هەستەوەردا ڕۆچووم، ئاگایی داهێنان و ئاگایی داهێنەرم بۆ دروستبووە، کە هەموو وزەی خۆمی تێدا بەکاربهێنم و بە کۆششێکی سیزیفیانە ژیان لەناو شیعردا بگەیەنم بە

واتا ڕاستەقینەکەی خۆی. ستایشی جیاوازی و داهێنان دەکەم. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی داهێنانی جیاوازییەکان، ئاواز و زەنگ و زرینگانەوەیەکە، یان سەرسوڕمان و ئەفسوونێکی کتوپڕە، لە ژیاندا ونە.

لە شاعیرە جیاوازەکان زۆر فێربووم. هاوپەیمانی بنەڕەتین، تا خەون و بەرزەئاواتەکانم بەرجەستە بکەم و دۆخی پەروەردەکردن وەربگرن. پەیوەندیی جیاوازییەکان بەهێزن و منیان وەک شاعیرێک پەروەردەکرد و پانتاییەکی لێحاڵیبوونیان بە کارکردن و نیشانەکردن بۆ کردوومەتە وە، لە ناویدا ئەرکی بوون و بەخشین و توانایی و ئامادەیی خۆم بڕسکێنم، بە کۆششێکی سیزیفیانە ژیان لەناو شیعردا بگەیەنم بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی، کە دوائاراستە و باڵاترین پلەی خۆبوونییە. پرسیاری کارکردن و نیشانەکردنی لێ دروستدەکەم و وەک بەها و پێوەر دەیخەمەڕوو. باش و خراپی لەبارەوە دەڵێم، هەندێک نیشانە و پرسیاریش بە هەڵواسراوی دەهێڵمەوە، لە ڕوونترین فۆرمیشدا، چێژ لە پەڕانپەڕی کلاسیک و پەڕانپەڕی نوێبەخشی وەردەگرم، لە چییەتی زیندووبوونەوەی دەپرسم، ئەم پرسین و پرسینەوەیە لە نێوان من و شیعردا، وەک جەنگێکی گەورەی بێ کۆتایی دەمێنێتەوە. جەنگی ناوەوە، پێداگری لە پێناوی مانەوە دەکەم، تا شەهیدم دەکات. دەچمە ڕوونترین فەزای بوونەوە، کە هەموو فەزاکانی دیکە تێیدا کۆتاییان پێدێت، جگە لە فەزای جیاوازییەکان.

**نیسانی ٢٠٢٠ هەولێر**

# خۆدەستنیشانکردن

## مانیفێستی شیعری

### ١

شاعیرێکی دیندار و دێهاتیم، هەموو بەهرە سروشتییەکانم هەیە. لە خانە و شانەی هەستیاری زمان و بنیادنانی ناسنامەدا نیشتەجێم و شیعر پاڵاوتوومی، لە شیعریش بەولاوە هیچ چالاکییەکی دیکەم نییە. گوندەکەشم لە شارەکان زیاتر بیری شیعرییم پێ دەبەخشێ و دۆخی نووسینم لا پەیدا دەکا گەرم بنووسم، بنەمایە: مرۆڤ، باڵندە، پەلەوەر، ئاژەڵ، خشۆک، زیندەوەر، سروشت، گیا، درەخت، پرسیار، وەڵام، بەڵێ، نەخێر، گوڵەگەنم...تاد، لەودا ناسی. شار واقیعێکی توندوتیژە، کەمتر نەرمونیانی مێیاتی تێدایە، ناوی شوێن لە شیعردا بە دەگمەن دەهێنم، بەڵام هەستی هەستکردن بە شوێن زاڵ دەکەم.

### ٢

لەو شیعرە دەدوێم نوسیوومە، یان لە نادیارییەکدا دەبێتە خولیای نووسین، هەستە تینووەکانم دەیدۆزێتەوە و دەینووسم و تێیدا پشت بە خود و زمان و وێنە دەبەستم، خود و زمان و وێنەش بوونی مرۆڤ دادەڕێژن.

٣

نیمچە دەستووری ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی و ناسکوێژیم بەکارهێناوە، قەتیش لێکدانەوەم بۆ وشە نەکردووە، وام زانیبێت بەلای خوێنەرەوە گران و سەختە, وشەکە چەند دیوێکی هەیە. ئاسۆیی بەکار هاتووە، یان ستوونی. ئەو بڕوایەم هەیە، کە خۆم زانیم چیم گوتووە. خوێنەریش دەزانێت چیم گوتییە و بەکام دیودا بەکارم هێناوە.

٤

شیعر شێوازی بوونی شاعیرە، واتە: بوون و چییەتی و دۆزینەوە و ناسینەوە. سەختیی ژیانی بۆ قەرەبوو کردوومەتەوە، لە ئەزموونی ئازاددا ئامانجی خولّقاندووم, شیعریش تاکە شوێنە لێوەی بڕوانمە ژیان و گەردوون و یادەوەری. هەستم بۆ ژیان بەهێزە و یادەوەریشم بەهێزە و حەزێکی گەورەشم هەیە بۆ ژیان، لەو شیعرەی ژیانت بۆ قەرەبوو دەکاتەوە، واتە: شیعری ژیانیی وشە و ڕستە تێکەلّاو دەبن و ڕستە لە وشەدا دادەڕێژرێتەوە، تێکۆشاوم ئەم کارکردنەم بکەمە شێوازێک تا ببێتە دەنگێک بۆ بێدەنگەکان.

٥

شیعری بێگەرد مەی لە چڵ و گەڵا نەخەملّاندووە. لە ڕەگ خەملّاندوویەتی، بۆیە مەی و مەستییەکەی، بژارکراو و ڕێکخستنەوە و تاهەتاییە.

## ٦

شیعر بە کردەی سرووش و ئیلهام و ئاماژە و نیشانە و مۆتیڤ تێ دەگەم، سروشت دەدۆزێتەوە و مرۆڤی بۆ ئامادە دەکات. شاعیر سروشتی دووەمە و مرۆڤ دەدۆزێتەوە. لە سەرچاوەکانی سروشتی یەکەم هەڵکۆڵین دەکات.

## ٧

شیعر ئەو هێزانەیە، کە مرۆڤ و خوداوەند و ئاژەڵ و باڵندەی دروست کردووە و ئاشقی ژیانە، دیوەکەی دیکەی بوون دەناسێت، لە سەرەتاوە دەست پێ دەکاتەوە. هەموو شت بە پلەی باڵا لە شیعردا دەژی. ئەو شوێنەی هێزی ژیان دەستی دەگاتێ، شوێنە لە شیعردا و جیهان تێیدا ئاوارەیە. مرۆڤە ئاوارەکانی دنیای تێدا دەناسێ و ساتی ناسینی دەربڕین لێکردنە بۆ نزیکبوونەوەی هەموو شتەکان لە ڕێگای شیعرەوە. هەموو شتەکانیش لە شیعردا چەندین جار لەدایک دەبنەوە.

## ٨

سەرەتا هەموو وەرگێڕانێک لە ناسینی ئەوی دی دەست پێ دەکات. لە ڕێگای وەرگێڕان بۆ کوردی نهێنی هونەری و تانوپۆی شیعری بەشێک لە شاعیرانی زمانانی ترم ناسی. وەرگێڕان کردەیەکی گرنگی ئاشتیخوازییە. ئەوە حاڵەتێکە من لەناو شیعری وەرگێڕدراودا باش ژیاوم. ئەگەر نەتوانی بە زمانی دنیاش بخوێنیتەوە، بە وەرگێڕانیش بیخوێنێتەوە هەر کارێکە نەخشێکی گرنگ لە بوونی شیعر دەبینێت و زیاتر قووڵیت لێ دەر دەکەوێت. دڵم لەناو شیعری وەرگێڕدراودا بەباشی لێ دەدا، بەڵام ناسنامەم سەر زەمینی کلتووری شیعری کوردییە. بڕوام بە وشە و هێزی وشە هەیە، زمان ناوەند و بوون و

چییەتی و دۆزینەوە و ناسینەوەیە. ڕۆحی بەشێک لە شیعری کوردی بە شێوەیەکی زیندوو و چالاک ماوەتەوە.

## ٩

هەستەکان ڕێگای دۆزینەوەی شتەکان و وشەکان و ماناکانن و سەرەتای کردەی نووسینن. کە ڕەشنووسی شیعرێک تەواو دەبێت، بوێریی ئەوەم لایە زیاتر کار لەسەر لابردن و سڕینەوە بکەم. کەمتر کار لەسەر زیادکردن و خستنەسەر بکەم. لە ڕەشنووسدا زیاتر کار لەسەر جێگۆڕکێی وێنە دەکەم، هەوڵیش دەدەم هەستی بۆنکردن لە وێنەدا بەرز بکەمەوە و وێنە بۆن بکرێ, کە وێنە بونکرا هەستی بیستن پێی هەستیار دەبێت.

## ١٠

شیعر جەنگێکی ڕۆژانەی بەردەوامە و وزەی زیندووی ناو کلتوورە، هەستەکان بە ئاوازی جیا جیا درێژی دەکەنەوە، شاعیری دامەزراو بە زمانێکی بەرجەستە لە مێژوو و کانگای مرۆڤی نزیک دەکاتەوە. لە خودەوە بۆ خودی باڵا. ژیان لەم کردەیەدا سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە، منیش لەم لەدایکبوونەوەیەدا هەوڵم داوە پەخشانەشیعر بکەم بە نموونەیەکی کوردی.

## ١١

شیعری بێگەرد بڕوای بە هیچ ئایدیۆلۆژیا و شانە و شەپۆل و جڵەو بە دەستێک نییە. بڕوای بە ئاراستەی دیاریکراوی شیعریبوون و

ئێستێتیکای سادەیە. هەموو ئایدیۆلۆژیایەک فشۆڵە، شیعر و زمان تێیدا بۆگەن دەکا.

## ١٢

شیعر خۆی کۆدەکاتەوە و ئەزموون و شارەزایی و یەکێتی هەستیاری و هەستەکان دەینووسێت، دواتر بژاری دەکەی. خوێنەری کراوە دەیخوێنێتەوە. من هیچ بڕوام بە خوێنەری چێژی لابەلا نییە. ئەدەب چێژی لابەلا نییە، ئێستێتیکا و یەکێتی هەستیاری و هەستەکانە. چێژ ڕەسەنایەتیی داهێنان یەکناخات، بەڵام ئێستێتیکا یەکی دەخا. خوێنەری چێژی لابەلا تەمبەڵ و فشۆڵ و نەدۆزەرەوەیە. خوێنەری کراوە خەیاڵی خۆی بەکار دەهێنێ، کەپوو بۆنی وێنە دەکا و بۆنی وێنەش دەناسێ. قەت لە خۆم نەپرسیوە شیعر خوێنەری ماوە، یان نا. یان چەشنێکی تری ئەدەب شکۆی شیعری زەوت کردبێت. ئەم پرسیار لە خۆکردنە وزە لەخۆ ناگرێ و پەیوەست نییە بە بوون و چییەتی و دۆزینەوە و ناسینەوە. گومان لە توانایی خۆکردنە، یان ترسێکە بیرکردنەوەت شێلوو و شڵەژاو دەکات. ڕووباری وزە و هەست ناتگاتێ و فریات ناکەوێ. توانای بیرکردنەوە و وێناکردنت کۆ ناکاتەوە. خوێنەری کراوە بەشێکی گرنگە لە کتێب، مادام شیعری بێگەرد هەیە، خوێنەری کراوەش هەیە. خوێنەر لە شیعردا نەشونما دەکا و پەروەردە دەبێ و دەدرەوشێتەوە، شیعریش لە خوێنەردا دەژی، خوێنەر لە کۆتاییدا فەلسەفەی شیعرە، ماڵی دەدۆزێتەوە و ئاڵای لەناو هەڵدەدا و مەشخەڵی بەدەستەوە دەگرێ.

## ١٣

وا دەزانم سەرزەمین بە من بەخشراوە، بە شیعر بینای بکەم. لە سەرەتای شیعرەوە بە درێژایی هاتنی بیناکردن بەردەوام لەدایک دەبێتەوە و داهێنەر تێیدا ناوەندە. وەک خەونێک لەناو بیناکردندا دەژیم و لە تەواوی خانەکانی لەشمدا نیشتەجێیە.

## ١٤

کە دەست بە نووسین دەکەم شێوەی گشتی شیعرەکەم لا نییە، بەڵام لەگەڵ یەکەم وێنەدا زەمینەی بەردەوامبوون خۆش دەبێت و وردە وردە بیرکردنەوەم ڕوونتر دەبێ و وێنە گەورەکەم لێ دەردەکەوێت، سروشتی خودایی و سروشتی زەینی یارمەتیم دەدەن .

شیعری بێگەرد گوێڕایەڵی واقیع و ڕووداوی فریودەر نابێ. هەوڵ دەدا بیدۆزێتەوە و ڕوو لە سادەترین شتی بکات. سادەیی و هەستەکان دەمێننەوە و پەیام و دۆخ دەپارێزن.

## ١٥

نیگەرانی بارودۆخی ئاڵۆز و کەوتووی کۆمەڵگای کوردی و سیاسەتی کوردی نیم. نیگەرانی ناوەندی شیعری کوردیم، کە خۆم تێیدا دەژیم و بەدەگمەن نەبێ هیچی تێدا ڕوو نادات و هێڵی گەورەی تێدا دەر ناکەوێ، بەشێک لە نووسەران مەبەستی سەرەکیی، یان گەوهەری تاجیان دەستکاری کردنی جیهانە بەرەو باشتر، مەبەستی سەرەکیی، یان گەوهەری تاجی من بەکارهێنانی زمانە بەرەو باشتر، شکۆی ئێستێتیکا و زمان بەرگریکاری هەقیقەتن.

## ١٦

داهێنەر کەسایەتییەکی ناوەندە و خەسڵەتی ناوەندبوونی داهێناوە، سرتە و ڕازی داهێنان و تەکنیکە زمانەوانییەکانیشی گۆڕیوە. یەکێکم لە شاعیرانی شەپۆلی سێیەمی شیعری کوردی و دەقم تا ئەوپەڕی سنووری پەخشان بردووە، بەڵام نەمهێشتووە تەکنیکی گێڕانەوەی بێ تانوپۆ و لکوپۆپ زاڵ بێت بەسەر شێواز و کورتبڕی.

ئامادەیییەکی بەهێزیشم لە شێوەدەنگێکی نەرمی نەنووسراو هەیە, هەست بەوە دەکەم لە شیعری دەنگی نەرمی نەنووسراو دەگمەن نا، بەڵام تایبەتمەندی گەڵاڵەی کردووم، کۆشش بۆ ئەوە دەکەم لە ڕێگای دیمەنی گەردوونی و ڕەگەزی کتوپڕی و نیشانەکانی مۆسیقاوە بە تەواوییەک بگەم و ئاوازم لێ بەرز ببێتەوە.

## ١٧

ناتوانم هیچ کەسێک لە شیعری خۆم تێ بگەیەنم، چونکە شیعر ئاڵوگۆڕییەکی ڕۆحییە. هەوڵ دەدەم هەست بە شت کردنێک لە ناخیدا دروست بکەم. هەستی بوونی و لێکدانی ژێی دڵ وێنا بکەم. نەک لێکدانەوەیان بۆ بکەم، ئەفسوونێک وەک مووچڕکێک گرتوومی و بەرم نادات. هەمیشە تاسەم بۆ بینینی قەڵای هەولێر هەیە، هەرجارێک بیبینم، بینینی جاری پێشوو نییە و بینینی یەکەممە، لە کۆی بینینەکان کەرستەی زمانەوانیم گەیشتووە بە ئاسۆی خۆم و لە دانەوشەی ڕۆمانسی کرچوکاڵ لام داوە و هەوڵم بەرەو زەمینە هێماییەکان و شیعریبوونی بوونە.

## ١٨

خوێندنەوەی شیعر لەسەر ئاستی ئێستێتیکا و زمان لای ئەو شاعیرەی پرسی شیعر و داهێنانی مەبەستە زۆرمان پێ دەبەخشێ، زێوان پێکهاتەیەکی بنیادی ژیاننامەیی و ئاخاوتنی دەروونی هەیە. هەر لە سەرەتاوە، زێوان بە سەرەتای ڕاستەقینەی خۆم دەزانم. خۆم بە ئەزموونگەر و شاعیری گومان و سەرسووڕمان و زمان زانیوە، لە چوارچێوەیەکدا خۆم ڕێک نەخستووە، خۆشم لە شیعری فشۆڵ پاراستووە و شەڕم لەگەڵ شاعیرانی فشۆڵ بەرپا نەکردووە و کێشەم لەگەڵ نەناونەتەوە، لە نرخیانیشم کەم نەکردووەتەوە. ڕێزی کتێبەکانیانم گرتوون و کڕیومن و لەناو کتێبخانەی خۆمم داناون. تۆزیشم لەسەر تەکاندوون. پاکم کردوونەتەوە، بەڵام نەمخوێندوونەتەوە.

داهێنان دەتوانێت داهاتوو و مێژوو و هاوچەرخی بخوڵقێنێ و بخوێنرێتەوەش.

## ١٩

شیعر هونەری بەشێکە، هونەری گشت نییە، شیعری گشت فریوی ئێستێتیکا و واقیع دەدات، لە سەرەتامدا شیعری گشتم زۆر دەخوێندەوە، ئێستا ناتوانم دێڕێکیشیان بخوێنمەوە. شیعری گومان و سەرسووڕمان و زمان لەگەڵ واقیعی باوخواز نایەتەوە، واتە: جووت نابێ. واقیعی نوێبەخش، هێماخواز لەناو دەقی گومان و سەرسووڕمان و زمان دروست دەکەم. لە واقیعی سەرچاوە جیا و نامۆ ناکەم و دایناب‌ڕم، بەڵام دووری دەخەمەوە و دەیپارزنم. ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری کراوە بە زمانێک گەرموگوڕ بە وزەی پەخشان دەهێنمە دی،

هانی دەدەم تێگەیشتنی بۆ گومان و سەرسوڕمان و زمان هەبێت و پەیوەست نەبێت بە وەڵام، پەیوەست بێت بە پرسیار. شیعری بێگەرد پرسیارێکی ئاراستەکراوی گەردوونی و تێکەڵکردنی جۆر و ڕەگەزی ئەدەبی و تێکەڵکردنی هەستەکانە.

داهێنان لە واقیعەوە دەست پێ ناکات. بەشێک لە واقیع وەردەگرێت. شاعیر بیەوێت بمێنێتەوە دەبێت خۆی ئامادە بێت و ئێستێتیکای مرۆڤی هەبێت، ئێستێتیکای مرۆڤ کۆکراوەی ڕۆحی مرۆڤ و گەردوونە، چونکە واقیعی هیچ کات و سەردەمێک لەگەڵ واقیعی کات و سەردەمێکی تر جووت نابێت، واقیع بە چەندین چینی هەمەجۆر دەورە دراوە. ئێستێتیکای مرۆڤ لەگەڵ هەموو کات و سەردەمەکان جووت دەبێ، داهێنەر کەسی دوودڵ و بوونی و یاخییەکی بەردەوامە، لەگەڵ سەردەمی خۆی نایەتەوە و جووت نابێ، نەرمی نواندنیش نازانێت.

## ٢٠

جۆرە ڕێزلێنانێکی ئایینی، هەموو ئایینەکانم بۆ ژیان هەیە، شاعیری بەرپرس و پابەندی سروشتی زەینی و ئێستێتیکا و زمانم, سروشتی زەینی و ئێستێتیکا و زمانیش پەیوەندی و یەکێتین. ناتوانم لە دڵە گەورە و پڕ بزاوتی پڕشنگدار و کردار و کاریگەرییان دوور بکەومەوە. دوای بیرکردنەوە، کاتێ خورپە و ئیلهامم پێ دەگا. خۆم بە ورووژاوی سروشت و ژیان دەزانم و پێداگریشی لەبارەوە دەکەم. سروشت بە ڕووبەرە فراوانەکەی، مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە، زیندەوەر، دارستان، ڕووەک، دار و بەرد... تاد، کاتێکیش شەڕی چەپەڵی براکوژی بەرپا بوو، مووچڕکێکی بکوژ سەرتاپای هەستەکانی گرتم و تا ئێستاش لە جەستەم ماوەتەوە و دەر نەچووە، دەرزییەکی ژەنگنە هەموو

هەستەکانم دەکوتێ. کەوتمە ناو ونبوونێکی سەرتاپاگیرەوە، دەچوومە کەناری خۆنیشی و خۆم دەخواردەوە و دەمپرسی چی چارەنووسی مرۆڤی وا سەخت و دەگمەن کردووە، یان هەر ژیانی ڕاستەقینە خۆی ونە، یان سەرڕێژە لە دەربڕینی جوانیی ڕەها و دۆزینەوەی ئەوپەڕی پاکی و پاکیزەیی ڕوون. شیعر ئەوەندە هەست و بیر داخراو نییە هەندێک دیاردەی ژیان وەربگرێ و هەندێکیش وەرنەگرێ. هەموو بارەکان وەردەگرێ. ژیان بە هەموو بارەکانیەوە وەک جۆرە پێوەر و چارەنووسێک پرسیاری ترسناک و بنەڕەتی لە شیعر دەکەن.

لە هەموو باروبوار و جۆری هەڵکەوتدا چوومەتە گۆشەی خۆنشینی و دەمزانی سنووری ئەرک و بەردەوامبوونی من لە نووسیندا تا چ سنوور و ڕادەیەکە.

شیعر دیاریی بێدەنگیی و گەوهەری تاجی منە، پێشکێش بە گەردوونی دەکەم.

ئابی٢٠٢٣ هەولێر

# کتێبی دووەم

# سەرنج و تێبینی لەبارەی دە کۆشیعری کوردی

**پێشچاو:**

من دانیشتوویماڵی بەختەوەری شاراوەم، ماڵی شیعر. برای گیانی و خوێنی هەموو وشەیەکم. لە کاتی نووسینی شیعردا، نزیکایەتییەک لەگەڵ خەڵکی هەموو جیهاندا دەست پێدەکات و دەستت بە نهێنیی دڵبینی ڕادەگات، نهێنیی دڵبینی ورە بە شیعر دەدا و خۆشحاڵی و شادمانی لە ناخی شاعیردا دەڕسکێنێت. لەو ماڵی شیعرەدا، دەمەوێت درێژە بە ژیان بدەم. ئەگەر دڵبینی و شیعر نەبووایە من مرۆڤ نەدەبووم، یان لانی کەم مرۆڤێکی باش بیرکەرەوە و تەندروست نەدەبووم، بۆ منێکی ئالوودە بە شیعر، ئاسمان و زەوی لە شیعر چنراون.

بەرهەمی ئەدەبی بەبێ ڕاستگۆیی خۆشەویست نابێت. ئەو بەرهەمەم وەک سەرنج و تێبینی نووسیوە، بەڵام ئەو شیعرانەم هەڵبژاردوون، کە ڕسکانێکیان تێدا هەبووە و هەستم پێی کردووە. ئەم هەستپێکردنەش بەهۆی بایەخی داهێنانەوە لە بیرکردنەوەدا دەبێتە ڕووداو. نەشهاتووم قسە لەبارەی کرۆک و شیکردنەوە و پەیژەی سەرکەوتن و دابەزینیان بکەم. بگرە قسەم لەبارەی هەستپێکردنیانەوە کردووە. لە هەستپێکردنیشدا گیانی بێگەردی شیعر، بە تەواوەتی بۆ ئەو بارەی لە بیرکردنەوەدا بووەتە ڕووداو دەکرێتەوە و ماوەت دەدا لەناویدا نیشتەجێ بیت. گواستنەوەی هەست لە حاڵ و باری هەستپێکردنەوە بۆ ڕووبەری کاغەز دانپێدانان و بەرجەستەکردنیەتی لە جیهانی نووسیندا. تا لە ڕێگایەوە هەستپێکردنەکان بناسرێن و بێنە زمان و ببنە زمانی نووسین. ئەم سەرنج و تێبینییانە ئاشکرابوونی ئەم ڕازەن، ڕازی دەربڕینی دوای هەستپێکردن.

# له ئەلبوومی یادگارا

ئەفسوونی شیعر، (کرۆکیجوانی – ئێستێتیکا)، ئاشتی له دەروونی کۆمەڵگای زیندوو و دەستەمۆ نەبوو ڕادەگەیەنێت. وەفا بۆ شیعر تێپەڕاندنی قۆناغی بەر له خۆیەتی. تێپەڕاندن وەک جیاکاری نەک ڕەتکردنەوە. ڕەتکردنەوە له ئەدەبدا هیچ کاتێک بنەمای نەبووە، چونکە له ڕەتکردنەوەدا بەهای گفتوگۆ دادەڕمێ و پەیوەندییە کلتوورییەکان دەپچڕێن.

جوانی کەشێکی ڕوون و باوەڕپێکراوە. کاریگەری لەسەر هەموو بوونەوەرێک جێ دەهێڵێت، هەستەکان له دەربڕین له جوانیدا بە باشترین شێوە ئەرکی خۆیان بەجێ دەهێنن، توانایان پاراوە و بە دیواری ژیانەوە دەلکێن.

شیعر دیاردەیەکی سیاسی نییە، دیاردەی سیاسی دۆخێکی هەڵەبەرە. دەربڕین لەناوەرۆکی واقیع وەک خۆی ناکات. واقیع له بوونی خۆیدا له ڕێکخستنێکی جواندا جێگای کراوەتەوە. سیاسەت دەستی لێداوە و ڕێکخستنەکەی بەملاو ئەولادا بردووە. ئەمە بڕیار و بۆچوون و پێوەرێکی شیاوە، سیاسیبوونی ئەدەب لادان و خۆدزینەوەیە له ئامانجی ئەدەب، ئامانجی ئەدەب دامەزراندنی بڕوا و بنەمای جوانییە بۆ ژیانێکی نەشڵەژاو، تا ئارامی هێزی خۆی تێدا وەرگرێت و جوانیبەخش بیکات بە کەرەستە و وزەی دەربڕینی، بە پلە و ئاست پەیامی تایبەتکاریی خۆی

بەڕێوەببات. هەر شاعیرێک پشتی دا بە پشتی دەسەڵات، نەک جێگای باوەڕی گوتنی جوان، بگرە جێگای باوەڕی هونەریش نییە.

ئەم شاعیرە لە ڕووی پێکهاتەوە، شیعرەکانی پڕ سۆز و دیمەنی هەستدارن. زۆرتر بەرهەمی خەیاڵن لەوەی بەرهەمی هێزی بیرکردنەوە و کۆ زانیاری بن. جۆرێک داهێنانی لە نێوان شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا پێشکێش کرد، بووە بەخشندە و ناوەندێکی کراوە بۆ شاعیرانی دەوروبەری و لە هێڵی پەرەسەندنیدا کاریگەریی خۆی زاڵ کرد، بەڵام لەم ماوە دیاریکراوەدا زیاتری تێ نەپەڕاند و کۆتایی پێدێت. تواناکانی لە ئەزموونی قووڵ و دەوڵەمەندتردا، کەش و دۆخێکی تاکە کەسی پێک نەهێنا، کەواتە: کاریگەرییەکەی لە یەک قۆناغدا دەرکەوت و وەستا و نەبووە گیانێکی چالاک و بەرهەمهێن لە جەستەی بەردەوام بە گوڕوتینی شیعری کوردیدا.

ئەگەر شیعر جوان لەبارەی ژیانەوە بنووسرێت، لە ژیان خۆی جوانترە. شیعری ئەم شاعیرە لەسەر بنەمای هەست و سۆز و ئاسۆکانی خەیاڵەوە شێوەی خۆی وەرگرتووە. توانیشی تەنیا لەم بوارەدا بەهرە بە باشی بەکاربهێنێت، ساتی شیعری بە دوای بەهرەی دادێت و لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ ناوچەکانی شیعر. لە دەقی ئەدەبیدا خەم و خورپە وەردەچەرخێنن بۆ ئێستێتیکا. لەو کەشە هەستی و سۆزدارییەدا شاعیر دەرەوە بەجێ دەهێڵێت و لەناوەوەی نیشتەجێ دەبێت، لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا و خۆی یاخییە. خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و شاگەشکەیی و هەڵزەقینەوە هەڵسووڕێنەری کردە و کردەوەی دەبن. لەو پێودانگەوە بە زمانی ناوەوە مانا بۆ بوونی مرۆڤی و ختووکە تایبەتییەکانی دەدۆزێتەوە، هەروەها ئەو ترپە و ئاوازە خێرایەی ژیانی ڕۆژانە بەلاوە دەنێت، ترپە و ئاوازی ناوەوەی خۆی

وەک سەرچاوە کار پێدەکات، ئەو ترپە و ئاوازەش خاو دەبێتەوە وەک ئەو بارە دەروونی، یان دەربڕینە دەروونییانەی، کە ژیانی بەڕێوە دەبەن و دووچاری یاخیبوونیان کردووە. نموونە: وەک لە شیعری: (خۆشم ویستی)، یان لە شیعری: (چەند هەناسەیەک)، یان لە شیعری: (بەناوێکی ترەوە گەڕایەوە)، یان لە شیعری: (چەند تاڵە بیرێکی ئاڵۆزکاو) دەردەکەوێت.

لەبارەی تێگەیشتنەوە شیعرەکانی وەک ئاوریشم و خاکی تەڕ نەرمن. وەک گۆرانی فۆلکلۆری و بەیت و داستان ڕوون و سادەن، بەڵام لەباری مانای شاراوە و چینەکانی بنیاد و داڕشتندا پڕ و فراوانن، خاوەن ئاسۆی دوور و بواری قووڵن. پەیوەندییان بە کلتووری تاکە کەسییەوە هەیە. لە هێڵی گشتیی ئەزموونکردندا یەک ئازاری ئەزموون کردوو و خەیاڵی دیارە، ئەو ئەزموونەی نەگەیاندووەتە خەیاڵی نادیار و یادەوەری ڕانەچڵەکاندووە، واتە: مەودای پەیوەندی لەگەڵ (خەیاڵی دیار)دا بەهێزترە لەوەی لەگەڵ (خەیاڵی نادیار).

هەستیاریی زمانی خۆی نیشانداوە، پێش ئەوەی ترپە و ئاواز لە وشەدا وەرنەگرێت، نایهێنێتە ناوەوە، یان بەسەریدا خول ناخوات، یان بەسەریدا باز نادات، هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانی وشەوە تووشی بەد بەکارهێنان نایەت. وشە ئاراستەی باش بەکارهێنانی خۆی وەردەگرێت.

سوودی لە شێوازی بەر لە خۆی وەرگرتووە، بەڵام پەیڕەوی نەکردوون. لە نەوەی خۆشی لە شێوازدا لە زۆرینەیان ئەندازیارترە. لە مۆسیقاشدا کاری بە مۆسیقا و پیت و وشە و دەستەواژە و ڕستەی شاعیرانی بەر لە خۆی نەکردووە. هەرێمێکی بۆ دابەشکردنی ڕستە و مۆسیقا لە شیعردا بنیاد ناوە، بەڵام بۆ تێگەیشتن و بنیادنان، وزە و

هێزی لە ئەزموونی بەر لەخۆی وەرگرتووە، بە تایبەتی لە شیعری: (لەدایکبوونی ئینسانێک)ی کامەران موکری و شیعری: (گوربە)ی محەمە د سالّح دیلان.

لەبەر ئەوەی ئەم دابەشکردن و مۆسیقایەی زۆر هونەری و زاڵ بوو، شاعیرانی دوای خۆی نەیانتوانی لاسایی بکەنەوە، یان کاری لەسەر بکەن و لێ زیادبوونی بۆ بکەن، بگرە وەک دەست وەشاندن و داهێنانێکی تاکانە، هێڵی بۆ کێشا و دایمەزراند. داهێنانی سادە بە ئاسانی و زۆر زوو دێتە دەست و دەتوانرێت لاسایی بکرێتەوە و کاری لێ زیادبوونی لەسەر بکرێت.

جیاکارییەکی بنەڕەتی هەیە. بەتایبەتی لە گۆشەنیگای شاعیرانەوە و ئێستێتیکییەکی ڕوون و ئاشکرادا. پشت ئەستوورە بە سروشت و پێکهاتەی خۆڕسک و دەست لێ نەدراوی سروشت. لەسەر ترپە و ئاوازی پێکهاتەی سروشت وێنە دادەهێنێت. نموونە: پەیوەندی دروست دەکات لە نێوان با و درەخت و مۆسیقای جووڵاندنەوە. لە هەمان کاتدا هۆی پیتاندنی درەخت بە یارمەتی باوە دەکاتە دیاردەیەکی کرۆکی و ناوکیی سروشت.

واتە: بە تەنیا لەسەر (زەینی سروشت) کاری نەکردووە، بگرە لەسەر (منداڵدانی سروشت) کاری کردووە، پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردنی پێکهاتەکانی لە ڕستە دیار دەکات، لە شیعریبوونی دیمەن دەیاندرەوشێنێتەوە. سروشتی پەیوەندییەکانیش بە واقیعەکەوە ڕوون دەکاتەوە، ئەو ڕوونکردنەوەیەش توانابیمان بۆ خوێندنەوە پێ دەبەخشێت، یان هارمۆنییەت و هاوئاهانگییەک لە نێوان ڕەنگەکاندا، وەک خەسڵەتی وەرز لە وێنە و فۆرمی جیا جیادا گۆشە و کەنار و ناسنامەی لە یەک نەچوویان دەداتێ.

شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون، پێناسەی زەینی شاعیر دەکات بۆ ئێستێتیکا و گەڕانەوە بەرەو یەکەم ناسینی شوێن، هەروەها هەوڵدان بۆ ناسینی شوێنە نەناسراوەکانیش، کە بەشێک لە ئێستێتیکای یەکەم شوێن دێتە ناوییەوە و هۆ و پاڵپشتێکە بۆ خەملان و کرانەوەی بیر، بۆ سەر شوێنەکانی دیکە و ناسینی. شاعیر ئەگەر نەتوانێت لە ئێستێتیکای سروشت تێبگات، بێ هیچ گومانێکیش ناتوانێت ئێستێتیکایەک بۆ تێگەیشتن و بەکاربردن لە زەین و هەستی خۆیدا پێکبهێنێت.

گۆشەنیگای بیناسازی و کێشانی پێوانە لە هاوسەنگی و شکۆی سروشت وەردەگرێت، بەڵام نەیتوانیوە کار لەسەر بیری سەرهەڵدانی سروشت بکات، یان ئەم لایەنە، کە گۆشەنیگای بایەخە لەناو شیعرەکانیدا بزرە و دەستی بۆ نەبردراوە، هەموو دیاردە و داهێنانێک پەیوەستە بە هۆشیارییە تایبەتییەکانی شاعیر و جێکردنەوەی فەنتازیا و ئێستێتیکا لەناو زماندا.

(لە ئەلبوومی یادگارا) ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (جەمال شارباژێڕی)یە، ساڵی ١٩٨٣ لە دووتوێی ١٧٥ لاپەڕەدا لە چاپخانەی (ئۆفسێتی سەرکەوتن) لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (کسپەیەک، بۆ، هەستێک، لە سەیرانێکدا، ئەگەر، نەکەی، تاکە شیعر و بەس، درکاندنێک، گوندێک و کچێک و یادێک و شیعرێک، ئارام، پرسیارێک وەرامەکەی لە خۆیدایە، نامەیەکی کراوە، دانیشتن لەگەڵ تۆدا، لە جەژندا، دیسانەوە خەم، هەژدەی سێ، چڵی نەرگز، لەجیاتی کارت، خۆشم ویستی، بۆ مەرگی پڕشنگ، ئەگەر تۆ بۆ من بوویتایە، لەسەر سێ گڵکۆدا، چەند هەناسەیەک، لەسەر بەردە نووسێک، بەناوێکی ترەوە گەڕایەوە، گۆرانییەک بۆ شیرین، ئاخێک، خەمێکی تر، چاکتر بمناسە، چاوچاو، چەند تاڵە بیرێکی ئاڵۆزکاو، دوای دە ساڵ، پشیلە،

ڕازێکی نویٚ، نەوزاد، وێنەیەک، کەتەی کەر پیاو، بۆ جوانێک، ئەمشەو، وەرە جوانیٚ، دایکی دڵسۆز، بیٚ ناونیشان، ئای ئای، لەسەر تۆ، باوکایەتی، مۆڵەت، بۆ کچێکی جوان، تازە من و تۆ، بەهەستێکی خاوێنەوە.)

## وێنەیەک

ئەم وێنەیە
بۆچ زویرە؟
بۆچی بیٚ زەردەخەنەیە؟
لەبەر نیگای کامێرادا
کە وەستاوە
چی لەبیرە؟
چی لە دڵدا حەشار داوە؟
وا دڵگیرە.

* * *

ئەم وێنەیە
چاوی نازی کردووەتەوە و نایترووکێنیٚ
جوانییەکەی بیٚ وێنەیە
گەنجینەیە
هەر دەمێنیٚ.

* * *

ئەم وێنەیە
لە ئەلبوومی یادگاردا.. سبەینێ
بزەی خۆش و کزەی ناخۆش دەهێنێ
خاوەنەکەی سات و کاتێ
تەمەنی پیری دەیگاتێ
خەم و خۆزگە ڕایدەژێنێ
یادەکانی دەورووژێنێ
فرمێسک و خەندەی دەداتێ.

* * *

ئەم وێنەیە.
لەو شوێنەیە
کە بیلبیلەی گلێنەیە
سەرنجمی ڕاکێشاوە
لە نوێنی نەرمی هەستمدا
راکشاوە
ئێستا لە ژووری میوانی هەڵبەستمدا
خۆی بە دیوانەکەم ناسی
بە دیوارێک
لە دیوارە بێگەرد و سپییەکانیدا
خۆی هەڵواسی.

شیعر، وێنەی شاعیرە لە ئاو و ئاوێنەی بوون و بیرکردنەوەیدا، شاعیر لە ئەنجامی خراپیی بارودۆخ و زەبروزەنگی دەسەڵات و دەوروبەردا، لە واقیعی دەرەوە یاخی دەبێت و بەجێی دەهێڵێت، لەناوەوەی خۆیدا واقیعێکی شیاو بۆ نووسین و پەیوەندییەکانی ژیان و

مانەوە دادەمەزرێنێت، لەگەڵ دیاردە بنەڕەتی و ناوەکییەکانی سروشتدا تەباییەکی گیانی دەهێنێتە ئاراوە. نەک لەگەڵ ئەو دیاردانەی لە ڕێگای دەسەڵاتەوە کار لە ژیانی کۆمەڵگا دەکەن و بارودۆخ دەگۆڕن، سروشت لە پێکهاتەی ناوەوەی خۆیدا گیانێکی پڕ لە ناکۆکی هەیە، لەبەر ئەوەی زوو زوو دەگۆڕێ و جووڵە و پێداویستییەکانی وەرزێک تەواو جیاکارە لەگەڵ ئەو وەرزی بە دوای دادێ و پلە بە پلە چاودێری یەکتر دەکەن.

مامەڵەکردنی ئەم شاعیرە لەگەڵ سروشتدا، کرانەوەیەکی تازە بەخش نییە، پێشتر زۆر ئەندازیارانەتر مامەڵە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی سروشت کراوە، هارمۆنییەتێکی گشتیشی تێدا دۆزراوەتەوە، بە تایبەتی: (مەولەوی و گۆران). لەگەڵ ئەمەش جۆرە جیاکارییەکی تێدا بەکارهێناوە. سروشتی کردووە بە جێگرەوەی خۆشەویستەکەی و بەشێک خۆشبەختی بۆ بەدەست هێناوە، کە بەهۆی خۆشەویستەکەشییەوە لە سروشت دەدوێ، سەیر خوێنەر دەورووژێنێ و ڕێگایەکی بۆ دەدۆزێتەوە تێدا بەرەو پێشەوە بڕوات، تا دوا ڕادەی توانەوە و ڕووداو چێژ لە سروشت وەردەگرێت. لە ئەنجامدا هەموومان بۆ لای دەگەڕێنێتەوە و شەیدای سروشتمان دەکات، بەڵام لە ڕێگای سروشتەوە بیرمان پێ ناکاتەوە، سروشت دەکاتە بەشێک لە ئێمە بۆ بیرکردنەوە و چێژ وەرگرتن. سروشت سەرچاوەیەکی سەرسوڕهێنەرە بۆ ئەم شاعیرە و تێیدا شتە بچووکەکانی خۆشدەوێت و سەرساممان دەکات بە ئەوینی خۆی بۆ (سروشت) و (ئافرەت).

شیعر ڕۆڵی لە دەرخستنی جیهان نییە، شاعیریش لە چەقی کۆمەڵگادا ناژییێت، تا باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئایینی ... تاد، ڕابگرێت، لە گۆشەیەکی ئێستێتیکییەوە باری سەرنج دەنووسێت.

ئەو باری سەرنجانە کاریگەریی بنەڕەتییان بۆ گۆڕان نییە. ئەگەر بشیبێت زۆر لابەلا و لاوەکی دەبێت، ئەدەبی ئەم شاعیرە جۆرە ئەدەبێکی نائومێدانەیە و ژیانێکی دیکەی تێدا ئاشکرا نابێت.

لە هەموو شێوەکاندا واقیع کاریگەریی خۆی دەبێت، شیعری هەستی، دوورە لە زیادەڕۆیی واقیع و بە دوا دەمدان. لەناو بەرهەمی هەستیدا دەتوانین ئەو توخمە سەرەکییانە بدۆزینەوە و دەستنیشانی بکەین، کە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ڕەواندنەوەی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ، یان بۆ تۆخکردنەوە و بەرزبوونەوەی باری هەڵزەقینەوە.

واقیع جەستە و شوێنێکی نووسراوە، بۆ شاعیری هەستی، بایەخی سەرەکی نییە، چونکە شاعیری هەستی، ناگەڕێتەوە سەر نووسراو و دووبارەی ناکاتەوە. تەنیا بیر لە بنیادی مێژوویی جەنگە گەورە و بچووکەکان دەکاتەوە، ڕۆشناییەکە بۆ پرسیارکردن و ئەزموون. ئایا پێکهاتەی ئەو بارودۆخە چییە، کە پاڵنەر و ڕێخۆشکار بووە بۆ ئەوەی شاعیر لە واقیع هەڵبێت و لە ناخی خۆی نیشتەجێ ببێتەوە، یان بۆ ناتوانێت لەگەڵ ناهەمواریيەکانی واقیع بگونجێت، یان ئەو بارە بۆ دروست بوو. ئەمە پرسیارێکە چارەنووسی وەک ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سروشت: خۆڵ، ئاگر، با، ئاو. نادیارە و بەردەوامیش ئەو نادیارییە بووەتە خولیا و هۆی نیگەرانیی مرۆڤی هەستپەروەر.

**نیسانی ٢٠٠٨ هەولێر**

# ڕێگا دوورەکانی چاومان

شیعر و هونەری واقیعی، ئاراستەیەکی واتادارن بۆ ژیان و لەسەر ڕێوشوێنی بینینی شتەکاندا بنیاد نراون و بەڕێوەدەچن. جوان کارکردن ئەو قەناعەتە پەیدا دەکات و دووپاتی دەکاتەوە، واقیع بە هیچ شێوەیەک بارێکی نەگۆڕ و جێگیر نییە. هەندێک جار کتوپڕ گۆڕانێکی گشتگیر وەردەگرێت، لەم بارەیاندا دەستەبژێر داڕێژەری بنەمای ئەم دۆخگۆڕینەن. هەندێک جاری دیش دۆخێکی سست و ناچالاک وەردەگرێت. لەو بارەیاندا زۆرینەی خوێنەر ڕۆڵ دەبینن. دەبێت پرسیار لەو ئەدەبە بکرێت، کە بە مەبەستی ئاکاری واقیع و بزووتنەوەی واقیع دەنووسرێت، یان بارودۆخ، جا چ بارودۆخی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئایینی ... تاد، بەرهەمی دەهێنێت. هەست و نەستیش لەگەڵ بارگۆڕینی واقیع بەرز دەبنەوە و دادەکەون، جۆرێک هەژان وەردەگرن و لە ئەنجامدا هەوڵدەدەن پەیوەندی بە شتێکی نادیار و نەدۆزراوەوە بکەن. ئەمیش گەردوون و بوونی خودایە. واقیع و خەیاڵ دوو ئاراستەی پێچەوانە نین و جیاکاریی نێوانیان جیاکارییەکی زۆر نییە، چونکە خەیاڵیش بەشێک لە واقیعی تێدایە و واقیع ئاراستەی دەکات بۆ بەرزبوونەوە و گەیشتن بە کانگای خەملین.

شتەکانی واقیع دیار و بینران، شتەکانی ناوەوەی مرۆڤیش نادیار و نەبینران، بە جێگۆڕکێکردنی بینرا و نەبینراەکان دۆخی شیعری بۆ شاعیر دروست دەبێت، بینرا و نەبینراەکان ئاراستەی هەست بە

شتکردنی وەردەگرن، پرسیارێک دێتە ئاراوە دانەپەیڤ و کەرەستەکانی واقیع لە چ مەودایەکدا دێن و بۆ چ مەودایەک دەچن و چ مەودایەکیش لە شیعردا دەکەنەوە. هەموو شاعیرێک بەسەرچاوەیەکەوە کاریگەرە. ئایا بۆ ئەو سەرچاوەیە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر پێی کاریگەر بووە، یان ئاراستەیەکی دی وەردەگرێت.

ئەم شاعیرە لە قۆناغی حەفتاکانی شیعری نوێی کوردیدا گوڕێکی بەخشندە بوو، ئەوەی لە ئەزموونیدا خەسڵەتێکی بەهێز و دیارە و سەرنج پڕ مەودا و قووڵ دەکاتەوە، کەم و دەگمەن کێش و سەروا دەمێنن. کێش و سەرواش دەنگەکان ڕێکدەخات و دەورێکی کاریگەر وەردەگرێت بۆ فراوانکردنی مانا. هەموو ڕستەیەکی شیعری کێشی تێدایە، بەڵام هەموو کێشەکان دیاری نەکراون بۆ پێوانەکردن. ترپە و ئاوازیش لە کاتی گۆکردندا دەردەکەوێت. بە چوونە ناویەکی ترپە و ئاوازی گەرم و ڕەگەزە بنیادنەرەکانی زمان، مۆسیقایەک دادەهێنێت خوڕ و سەرپەڕ. وردە دەمارە قووڵەکانی هەست لە مرۆڤدا دەدۆزرێتەوە و پڕ خوێنی دەکات بۆ بزواندن. وا لە مرۆڤ دەکات لە شوێنی خۆی هەستێت و هەوڵ بدات شوێن بگۆڕێت. ترپە و ئاواز لەم شوێنگۆڕکێیەدا وەردەگرێت. ترپە و ئاوازێکی بە جۆش بەسەر گیان و دڵی وێنەکاندا دەڕێژێت. گیان و دڵەکان دەجمێن و ئامادە دەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و نیشتەجێبوون لە ناوچەی شیعر و واقیعی زیندوودا. مۆسیقاش هاوسەنگ دەبێت بە واتا. مۆسیقا لە ڕستەدا بنیادێکە بۆ بەخشینی چێژ، بەڵام وێنە لە جەستەی دەقدا بنیادێکە بۆ بەرجەستەکردنی مانا.

لە باری ماناییەوە بە دووربینییەوە دەڕوانێتە کێشە و گرفتی مرۆڤی وڵاتەکەی، وەک کێشە و گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی ... تاد،

نەک کێشە و گرفتی مرۆڤی، کە تاکی کورد لە ساتی لە ناخ ڕامان و هێوریدا هۆشیاریی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. لە ناخ ڕامان لای مرۆڤی هەستیار پەیمانی ئومێدە. نموونە: وەک لە شیعری: (نەخشەی خەونەکان)، یان لە شیعری: (لە کوێم)، یان لە شیعری: (چرپەی ژانێکی نوقمبوو) یان، لە شیعری: (گریە شیعر) دەردەکەوێت.

بینرا و نەبینرا لەناو ئومێددا بوونیان هەیە. هەموو ڕاستییە بینراەکانیش ڕاستییەکی شاراوەی دیکەی تێدایە بۆ ماناداان بە گیان، کە گیان هەمیشە بوونێکی نادیارە، پەرجووی هێزێکی دەوێ بۆ فۆرم پێدانێکی ئەفسوونی. شیعر، کە دەبێتە تێڕامان بەرانبەر بە بوون، گیان بەهۆی دەسەڵاتی زمانەوە فۆرمی ئەفسوونی وەردەگرێت. کەرەستەی سەرەکی دەرخستنی، ڕەگەزە هونەرییەکان لە شیعردا زمان و پێکهاتەی زمانە. بوونەوەر خستنە ناو ئەو فۆرمە ئەفسوونییە، مرۆڤ تێیدا لە پێناو ناسینی ڕاستیدا هەوڵی لێکدانەوەی شتەکان دەدات، ئەو ڕاستییە شاراوەیەی لەناو ڕاستیی بینرادا دەناسرێت.

وێنە و تۆڕی چاو توانای فراوانبوونەوەیەکی کاریگەرییان لێ پەیدا دەبێت و دێنە ڕوو بۆ بەکارخستنی زمان و دیارخستنی واتا و سەقامگیرکردنی وێنە. لە هەندێک باردا و ناسەقامگیرکردنی لە هەندێک باری دیکەدا. بنیادنانی پەیوەندییەکی فرە ڕوخساریش لە ئاستی داهێنانی هەردوو بارەکەدا.

لە لایەنی مۆسیقا و ترپە و ئاوازی شیعرییەوە ناوەند و ڕایەڵ و تانوپۆیەکە دەتوانرێت لێیەوە هەنگاو بۆ داهێنانی دیکە هەڵبگرێت. بینینێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ دۆخگۆڕین و ئێستێتیکای ژیان پێشکێش کردووین. لەسەر هێڵی شیعرەوە پێ بە پێ خوێنەر دەهێنێت و

زەمینەیان دەداتێ بۆ ڕەگ دروستکردنیان لەناو گۆڕان و وەرچەرخان و هەڵوەستە و هەڵوێستدا.

ئاڵوگۆڕی هەستەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا دەکات و دەیانهێنێتەوە ناو بوونی خۆی، بوونی خۆی وەک ناوەندێکی شیعری لە هێڵی گۆڕانەکانیشەوە شیعر بە چنینێکی کارامەوە پەیامدار دەکات بە هونەر و نەریتی هەستیار و جوان، بەڵام لە لایەنی واتا و تێگەیشتنەوە، تاڕادەی ساکارییەکی دوو دیوی هونەری و پڕ ئەفسوون، ڕوونێکی لە خشتەبەرە. بەردەوام لە بارێکەوە دەتگوازێتەوە بارێکی دیکە. نێوانی بارەکانیش دەخاتە بەر پێوانە و نیشان، وەک خاڵێکی ناوەند، بیر و هەستی لەسەر دەگیرسێنێتەوە و یارییە زمانییەکانی خۆی لە ڕێگای کلتووری کۆدا تێدا بەکاردەخات.

گفتوگۆی ڕۆژ، وەک بەکارهاتوویەکی ئەندازەیی بەبێ کەم و زیاد بەکاردەهێنێت و توانا زەینییەکانی خۆی تێدا نیشان دەدات، ئەو زەینەی فۆرم بە شتە هەستییەکان دەدات، گیانێکی خوێنەرخوازە و شیعرەکانی دەربڕینی ڕاستەقینەن لە ناسنامەی کۆمەڵگای کوردی، وەک باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی ... تاد، نەک وەک باری گیانی، هەروەها دەچێتە ناو قەوارەی زانراوی (کلتوور) و (مێژوو) بۆ دۆزینەوەی خەیاڵ و پڕ وزەکردنی زمانی هەستیارکراو بە دەنگی کۆ، بەمەشەوە هاوکێشەیەکی لە نێوان دەنگی تاک و کۆ بنیاد ناوە و دەنگی تاکیش ڕادەکێشێتە ناو دەنگی کۆوە، ناکرێت شاعیر تەواو دەنگی کۆ بێت، چونکە ئەم تێگەیشتنە شیعر بەرەو میللیبوون دەبات، واتە: شیعرێکی ئاسایی و ئاشنا و باوخواز، کەچی ئەم شاعیرە بینینی لە دەنگی کۆدایە و مەودای هونەری و شێوازی نوێبەخشی وێنا کردووە، کردەی

لەدایکبوونی زمان لەناو مانادا، کردەی لەدایکبوونی ماناش لەناو زماندا بەجێ دەهێنێت و ڕایەڵ و تانوپۆیان لە ناوەند دەچنێت.

تێگەیشتنیشمان بۆ چالاکبوونی ژیان لە واقیعی زیندوو، توندوتۆڵ دەکاتەوە. ئاماژەش دەدات لێی بکۆڵینەوە و تێی بگەین. ئەوجا لەناو (واقیعی زیندوو) ببین بە کەس و کەسایەتیی کارا و دۆخگۆڕ لەبارە ئێستێتیکییەکانی کۆمەڵگادا.

(ڕێگا دوورەکانی چاومان)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (جەلالی میرزا کەریم)ە. ساڵی (١٩٩٢) لە دووتوێی (١٤٥) لاپەڕەدا بە شێوەیەکی سەرەتایی و هەژارانە لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (ڕازەکانی هەفتە، تەمەن، نەخشەی خەونەکان، لە کوێم، پێشکەشە بەو شۆڕشگێڕانەی هێشتا نەمدیون، ئاوێنەی هیوایەکی سەرهەڵگرتوو، ڕێگا دوورەکانی چاومان، تێگەیشتنی یادگارییەکان، وەرزەکان، دووری، زەماوەندی باوەش پیاکردنەوە، ڕۆژگارە سەرگەردانەکان، ڕێگا، وەرام، هەنگاوی زام، هەڵوێست، نەورۆزی خۆزگە، گەشتە هەڵوێست، ناونیشانی یادێکی کۆچکردوو، حەز نامەیەکی ئاوارە، چرپەی ژانێکی نوقمبوو، سەرەتای حەیرانی تەمەنمان، گریە شیعر، هاوڕێ، لە خەمی هەڵەبجەی ژارا، پەیامە ژێ.)

## ڕازەکانی هەفتە

دڵداری
من لە وانەی دڵداریدا
لە دوا ڕیزی قوتابییەکانی پۆلا بووم.
چونکە تەنیا لەگەڵ ژانی
ئاوارەیی خۆشەویستەکەی خۆما بووم.

نهێنی
ئەزانن من پاسەپۆرتی
ڕەشکراوەی فرمێسکم لە گیرفانایە؟
یەک یەک ئێستگەکان جێ دێڵم
بەبێ ئەوەی بزانن چی لە دڵمایە.

شەرم
بە ڕێکەوت کە لە ڕێگادا تۆ ئەبینم،
شیعرەکانم شەرمەزارن.
کە ناتبینم،
چاوەکانی بینینەوەی وشەکانم هەر بێدارن.

نیشتیمان
کە هەست لەناو ئاگری دوور وڵاتیا،
ڕازەکانم ئەسووتێنێ
بەهارە ڕێ گوڵی دەنگم
لە پایزی بەستەکانما ئەپروێنێ.

پەشیمانی
دڵدارەکەم چەقۆی ڕقی زیزبوونی خۆی،
بست بست بەناو گیانما گەڕان.
هەتا لەناو پەڕەی دڵما،
لە خوێنی خۆی دەریای پەشیمانی هەستان.

دڵ
من ئێستاکە لە دڵ دوورم نازانم هەم
یاخود ڕێچکەی نەمان ئەگرم
کامتان لە دڵتان نزیکن؟
ئاشکرای کەن، تا دەستتان لەگەڵا بگرم.

شۆڕش
ئەتانەوێ من بناسن؟
من عاشقی ڕێگایەکم مەرگی تیا بێ.
کە هەڵوێست مرد بۆچی نابێ؟
دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تیا بێ.

شیعری: (تەمەنی دە ساڵەی دیڕێک)، کە لە ژمارەی (٤٠)ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا، ساڵی ١٩٧١ بڵاوی کردووەتەوە، شیعری: (لە خولیای داستانی مەرگی زەردەشتدا)، کە لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (نووسەری کورد)دا، ساڵی ١٩٧٢ بڵاوی کردووەتەوە، شیعری: (ژانی ڕۆژانی هۆنراوە)، کە لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (ڕوانگە)دا، ساڵی ١٩٧٢ بڵاوی کردووەتەوە. شیعری: (ڕوانینەکانی چاوی شەقام)، کە لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (بەیان)دا، ساڵی ١٩٧٣ بڵاوی کردووەتەوە. مەودایەک بۆ سەرنجدان دەکەنەوە. دەکرێت ئەم چوار شیعرەی وەک مانیفێستی شیعری قۆناغی حەفتاکان، خەسڵەتی شیعری ئەو قۆناغەیان تێدا کۆ بکرێتەوە و ببینرێت، کە شیعری ئەم قۆناغە نوێنەری دەنگی کۆیە. ئەمەش بەشێک لە شیعریبوون لە دەقدا وەردەگرێتەوە، یان ترووسکەکان پەرش ناکات، بگرە بۆ بە ئاسانی دەستەمۆبوونیان چەپکیان دەکات.

له بواری دەنگی کۆدا قووڵ بووەتەوە و هەر لەم بوارەشدا سنووری خۆی نەخشاندووە، ناو و توانای خستووەتە ناو دوو کەوانەوە، کە لە ئاستی داهێنان لە بواری دەنگی کۆدا فەرامۆشکردنی مەحاڵە. دەنگی کۆ و دەنگی تاکیشی بە دوو جەمسەری هاودژ بینیوە، بۆیە لە کلتووری ڕۆشنبیریدا لەنوێوە بیری نەکردووەتەوە، خودی کلتوور نیشانمان دەدات، کلتوور دەنگی ڕابردووی کۆیە، نواندنی بوون نییە، بوون خۆ ڕۆشنکردنەوەیە بە شیعریبوونی قووڵ و جیهانی شاراوەی داهاتوو. دەشبێت ئەو بوونە کاریگەر بێت بە سروشتی خەیاڵ و خەیاڵ بەناو هەستەکاندا تێپەڕێنێت.

مانیفێست ئەو ڕایەڵ و تانوپۆ و ناوەندەیە، کە مۆرکی گەرموگوڕی و خەسڵەتی تەواوی قۆناغێکی شیعری لە خۆیدا چنیوە. وەک ئەزموونێکی زیندوو، ناسنامەی ڕوونی تێدا ئاشکرا کرابێت و هەمیشە بۆ بزواندنی خەیاڵ ئاسۆیەکی کراوە بنوێنێت.

قۆناغی دواتر وەک: (ڕامانی سەرەکی) بۆ تێگەیشتن و خاڵی بینین و کەشی دۆخگۆڕین بگەڕێتەوە سەری و گیان لەناوی ئامادە بێت بۆ دۆنایدۆنکردنی دەق، یان چوونە ناویەکی دەق.

شاعیرانی حەفتاکان لە سەرەتای ئەزموونیاندا بەشی زۆرینەیان لە (رەنگ) و (فۆرم) و (ترپە و ئاواز)دا، لە (ڕووبەری بینرا و وزەی نوستوو)ی ئەم شاعیرە سوودمەند بوونە، سیمای هەرە درەوشاوە و گیانی ئەم قۆناغە واقیعخوازەیە. شێوازی گەیشتووەتە ئاستی نەمری. دەکرێت وەک (دیاردە) و (دامەزرێنەر)ی ماوەیەکی دیاریکراو: (١٩٧٠ – ١٩٧٥)، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی کاری زانستییانەی خۆی لەبارەوە جێبەجێ بکات و کارایی و کاریگەری لەسەر شاعیرانی دەوروبەری دیاری بکات، بەڵام دوای ئەو ماوە دیاریکراوە، ئەزموونی بەرەو کزی دەڕوات تا

ڕادەی لە کورتیدان و شکست هێنان. ئەم ڕووداو و گۆڕانەش ئەوە بنچینە و پێشینەیەتی، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوون. شیعری بە دەنگی کۆ و دنەدانی خوێنەر زانیوە، کە لە کوردستان دەربەدەر کرا و لە تاراوگەدا نیشتەجێ بوو، پچڕان و بۆشایییەک کەوتە نێوان دەنگی ئەم و دەنگی خوێنەر-کۆ، لە نیشتەجێبوونی لە تاراوگەدا مەودایەکی نوێ لە شاعیریەتی ئەو زیادی نەکرد. بگرە مەودای بیرکردنەوە و دەربڕینی لە دەنگی کۆدا تێدا خاو بووەوە و لە وەستان نزیک بووەوە. لە بنەڕەتدا دەنگی شیعر، دەنگێکی تاکییە لەناو نەرمونیانیی زمان و ئێستێتیکادا، هاوتا بۆ دەنگی خۆی دەدۆزێتەوە. دەنگی کۆ زیاتر لە ڕۆمانی فرە شاکەس و فیلم و شانۆ و سینەما ... تاد، ڕۆڵی کاریگەر بەدی دەهێنێت، نەک لە شیعردا.

(فەرمانسالاری) و (داوا) لە شیعرەکانیدا، وەک دوو هێڵ بەیەک ئاست و بینین و تێگەیشتن کاری لەسەر کردوون. لە کاتێکدا وا دەخوازرێت بۆ فەرمان بە دەنگی تووڕە و ناڕەزایی بدوێت، بۆ داواش بە دەنگی نەرم و ئاوازدار.

ئەم دوو ئاست و تێکەڵکردنەش خاڵی تێڕامان و تێگەیشتنیەتی بۆ شیعر، وەک ناوەرۆک و ئەوجا شیعر وەک شێوە. ناوەرۆک و شێوە لە شیعری هونەریدا یەک دەگرن و لە ئێستێتیکدا دەبن بە خاڵی تواناداری، واتە: شیعریبوون. شیعریبوونیش پرۆژەیەکی تەواو ئێستێتیکییە و لەسەر بیر و زەین و خەیاڵ و پێگەیشتن و هەستپێکردن بەرز دەبێتەوە و ئاسۆی چاوەڕوانی بۆ خۆ ئاشکرا کردن دەستنیشان دەکات، بوونی خودێکی بیرکەرەوە لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگا و هەقیقەتی تێگەیشتن، هەقیقەتێک خودی بیرکەرەوە بتوانێت بە ئازادی جووڵەی خۆڕێکخستنی تێدا بکات.

**مایسی ٢٠٠٨ هەولێر**

# گەردەلوولی سپی

داهێنان هونەری ڕۆحە، شیعریش ڕۆحی هونەر و مرۆڤە: شیعر تەنیا پارچەیەک نووسراو نییە، بگرە ماک و شێوازێکە بۆ کۆکردنەوەی هەستەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی ئەفسوونیش پەیوەندیی ئەو کۆکردنەوانە ڕێکخراون، یان ڕێکدەخرێن. بەو پێوەرەی هەموو مرۆڤێک لە ساتە پڕ هەستەکانیدا شاعیرە، یان پێویستە بەر هێزی شیعر بکەوێت بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێک باری گیانی و هەڵگرتنەوەی ترپەی دڵ، یان گرفت و لێڵی بیر. شیعر لەو ساتەدا ئەو شتەیە، کە ناتوانرێت بنووسرێت، بەردەوامیش لە هەقیقەتێکی ئێستێتیکیدا دەچرپێنێ و ماک دەخاتەوە.

ئەم شاعیرە: لە واقیعێکی مەترسیدار و تۆقێنەردا شیعرەکانی نووسیوە و چووەتە ناو بارە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکانی کۆمەڵگاوە، بەڵام نە خۆی وەک شاعیر لەناو بارە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکان دەرهاتووە. نە بارە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکانی کردووەتە (پێکهاتە) و (ئەزموون)، بگرە دەرکەوتە و بارەکانی تێکەڵ بە لاوانەوە و هەستێکی ڕۆمانسییانەی نیمچە یاخی کردووە و دووبارەی کردوونەتەوە، لە دووبارەبوونەوەکەیدا ئامادەیان دەکات بۆ هێزی ئاخاوتن و پیشاندان و کلتوور و بنچینە.

کرانەوە و بەگەڕخستنی چەمکی پرسیار، سۆراغکردن و بەڕێکەوتنە بەدوای نادیاردا، فەزایەک دەڕەخسێنێت و دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی

کلتوور و بنچینەیەکی بەهێز بۆ وریاکردنەوەی کۆمەڵگا و توانایی پەیداکردن بۆ خوێندنەوەی خود، کە خود سەرچاوەی دامەزراندنی پەیوەندییە لە نێوان (وشە) و (شتەکان)دا، وشە دەتوانێت ژیان لەناو شتەکاندا بە شێوازێکی نەرمونیان بنیاد بنێت و بەڕێوەی ببات.

پرسیار لە درێژبوونەوەی ڕستەکانیدا هێز و بەردەوامی نامێنێتەوە، ڕستەی دواتر ڕاستەوخۆ وەڵامی ڕازیکاری پێیە، ئەم شێوازەش مایەی سەرسامی و بیر پێکردنەوە نابێت و پرسیار دوادەخات، پرسیاریش دوابخرێت دەقی سست و وەستاو بەرهەم دێت و ڕۆڵی دراما بەرەو لەناوبردن دەبردرێت.

لە دەقی جووڵاو و چالاکدا پرسیاری دیاریکراو هەیە، بەڵام وەڵام و ئامانجی دیاریکراو نییە، ڕەنگە هەندێک پرسیار لە نادیارییەکی ڕەهاشەوە بکرێت، بەڵام زۆرینەی پرسیار و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شتانەیە، کە لە نێوان لەدایکبوون و مەرگی مرۆڤ پەیدا دەبن، لە دەوری (توانا) و (هێز)ی بوون دەسووڕێنەوە، هەم ئەم ناوەندەش دەکەن بە چەقی گرنگی پێدان بۆ پەیدابوونی (هێزی ئاخاوتن). هەموو ئەو شتانەی کاریگەرییان لەسەر توانا و هێزی بوونەوە هەیە، پێویستە لە ڕازی داهێناندا کاریان پێ بکرێت و ناخ و کرۆکیان بەرجەستە بکرێت و بکرێن بە تاقیکردنەوەی دەق و ژیان.

دەقی ئەدەبی تەواو لە خەیاڵدا ناڕسکێت، بەشی زۆری لەناو ژیاندا دەڕسکێت. ژیانیش ماکی هەقیقەتە. خەیاڵ کێڵگەی دێڕەکانی ئاوڕشێن دەکات بۆ بۆنخۆشبوون و سەرنجڕاکێشان و بۆن و بەرامە بڵاوکردنەوە.

هێزی ئاخاوتنی شیعرەکان زیاتر لە سروشت و هەستی یاخیبوونەوە نزیکن، یان فڕێدانی هەڵچوون و شڵەژانی بەردەوام بەشێوەیەکی تەواو

تێیاندا بەرجەستە کراون. ناوە ناوەش شێوازی بیرکردنەوەی ڕێباز و تەوژمی جیا جیا لەگەڵ ئەم بارەی یاخیبوون و هەڵچوونەی ڕووبەڕوو دەبنەوە و ناکۆک دەبن، یان هاوتای باری یاخیبوون و هەڵچوونەکەی نین. لە ڕووبەری بینرای شیعرەکانیدا هەست بە شاکەسێکی ونبوو دەکەین لەناو ژیان و نیگەرانییەکاندا مشتومڕ، یان پرسیار و وەڵام لە نێوان (خەیاڵ) و (هەقیقەت)دا، یان لە نێوان خۆی و خودی خۆیدا هەمیشە لە بگرە و بەردە و بارێکی ناسەقامگیردایە، بەڵام لە ئەزموونێکی هێما ئامێزی بێ وێنەدا، ئەم مشتومڕ و پرسیار و وەڵامانە قووڵاییان ئاشکرا دەبێت. هارمۆنییەتێکی گونجاو بۆ چرکە هاندەرەکانی نووسین و ساتە پڕ هەستەکان، چێژی خوێنەر، خوێنەری خۆلەگەڵ خۆدای خەملێوی شیعریبوون دەدۆزێتەوە، دۆخێک دەگۆڕێت و هێزی ئاخاوتنی شیعریبوون پەیدا دەبێت.

هەندێک تێلنیشانی ڕوخساری نهێنی دەدات، کە چیتر ئەو ڕوخسارانە لە پانتاییەکی سەقامگیر و مەییودا نامێننەوە و لە فەزایەک، کە توانای وەرگرتنی چییەتی بوونی هەیە، دەبن بە هێزێک بۆ ئازادکردنی (بینین) و پەیداکردنی (هێزی ئاخاوتن). دوای هەندێک ڕووداوی کاریگەر و بە زەبر، یان لەگەڵیدا نموونە: وەک لە شیعری: (بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی هەر بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە)، یان لە شیعری: (بۆ مرۆڤێک ناوی لەتیف حامید بوو)، یان لە شیعری: (گەردەلوولی سپی)، یان لە شیعری: (نەخشەی دڵ)دا دەردەکەوێت. یاخیبوون، یان ئامادەبوون بۆ یاخیبوون، دەبنە ناوەند و جێگرەوەی بیرکردنەوەی. خاڵی بینینی دەکاتە هێڵێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شیعر، بۆ ئاستی ئەفسانە و چرکەساتی سۆزدارییەکی سفتوسۆڵ.

ترس له دەستەوەستان، یان هەڵزەقینەوە و هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر دەستەوەستان، گیان و دیدگای شاعیریان پڕ وزەی یاخیبوون کردووەتەوە، نەک زاڵبوون بەسەر هۆکارە جیاجیاکانی دەستەوەستانبوون. لەم یاخیبوونەیدا ئاسوودەیی دەروونی لە کەسایەتی پەیدا دەبێت، کە هۆ و پێویستییەکی یاخیبوونەکەی بووە. بە هۆشیارییەوە دەزانێت خەیاڵ لە کوێ و ماکی هەقیقەت لەکوێ بەکاربهێنێت . لەناو بارە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکان دەردێت و بارە شاراوە و دەرکەوتە نوێیەکان بە ڕوونی دەکاتە (پێکهاتە) و (ئەزموون). پاش کارلێککردن و خەملین تێکەڵ بە خەونی کۆمەڵگایان دەکات، یان لە ڕێگای خەونی خۆیەوە، واتە: خەونی شیعری، دەیانکات بە خەونی گشتی.

شاعیر، کە خەریکی خەونی گشتی بوو، چاوەڕوانی ئەوەیە: چی لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاوە ڕوودەدات، تا سروشتەکەی وەربگرێ و ئیشی بەرهەمهێنانەوەی لەبارەوە بکات. بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو واقیع دەناسێت و گفتوگۆی وەک چالاکییەکی هزری لەگەڵدا دەکات، دوای وردبوونەوە لە ڕواڵەتی بارەکان، تێبینییەکانی دەنووسێتەوە. بەبێ هیچ گومان خستنەوەیەک، نووسینەوەی تێبینییەکانی واقیع کەم بایەخ و بێ بەها نییە، بگرە دۆخگۆڕیی دەوێت، بەرزی بکاتەوە بۆ ئاستی داهێنان و دۆخگۆڕین و هۆکارە جیاجیاکانی لەبەرچاو بگرێت.

لەم بارەدا واقیع لەناو دەقدا بە بچووکی و دیاریکراوی نامێنێتەوە و دەبێتە واقیعێک، کە لاپەڕە سپییەکانی خۆی بۆ داهێنان کردووەتەوە. لەم کەشوهەوایەدا واقیع دیدێکی تازە بۆ داهێنان دادەهێنێت، پێشنیازی دەکات بۆ کار لەبارەوە کردن و بە هونەرکردن. لەگەڵ ئەمەشدا واقیع ماکی هەقیقەتی تەواوی لا نییە. شیعر لەناو بەها و بیر و بڕوا

هاوبەشەکانی کۆمەڵگاوە سروشتی ناکەوێتەوە. ئەو دەسەڵاتەی واقیع بەڕێوە دەبات کار بۆ ئەوە دەکات خەڵک بەو ڕێگایەدا بڕۆن، کە خۆی بۆی دەستنیشان کردوون. ئەم ئاراستەکردنە و هەموو ئاراستەکردنێکی دەسەڵات، بەشێک لە بەختەوەریی مرۆڤ دەشارێتەوە و زەوتی دەکات.

کاتێک دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر، تەنگی بە واقیعی سیاسی و ژیانی کۆمەڵگای کوردی هەڵچنیبوو، شاعیر چووەتە ناو بازنە ترسناکەکان و دەستکاریی ئەو خاڵانەی کردووە، کە دەسەڵات لەسەر پیتەکانی دانابوو. ئەو دەستکاریکردنەی کردووە بە هێزی ئاخاوتن و وریاکردنەوەی کۆمەڵگا.

لە شیعری کوردیدا زۆرتر مامەڵە لەگەڵ ڕووداوی سیاسی کراوە، کەمتر لەگەڵ هزری سیاسی خۆی خەریک کردووە و هاوسەنگی شیعریبوون و هونەری تێدا ڕاگرتووە. ئەم شاعیرە لە بەشێک لە شیعرەکانی ئەم سنووری ڕووداوەی بەزاندووە و مامەڵەی لەگەڵ هزری سیاسی کردووە و شیعریبوون و هونەری تێدا ڕاگرتووە.

(گەردەلوولی سپی)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (لەتیف هەڵمەت)ە، ساڵی (١٩٧٨) لە دووتوێی (١٠٢) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (کۆڕی زانیاری کورد) لە بەغدا چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (دوو سەرەتا، شینایی ئاسمان، چەند نهێنییەک، کانی، دوو پرسیار، تۆ بوویتەتە خۆر، دەرمانی پێکەنین، من کچێکم خۆش دەوێ، تیر، لاوانەوەی یەکەم خۆر، ڕۆژنامە، تانجەڕۆ ماچی پەمەیی لە دەمدایە، شاعیر، ڕووبار، منداڵ، دەفتەر، هەور دەبێتە چی، ئەستێرە، لاوانەوەی نیرۆدا، ئاوی کوێستان، بۆ گیڤارا، گیان، ئەگەر، هاوارم کرد، جوانترین خۆر، کچێک، بتانەوێ و نەتانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان نالی هەر بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە، نەخشەی دڵ، دەستی شاعیر، ناونیشانی شانۆیەکی کۆن، گۆرانی ڕۆژ،

گەردەلوولی سپی، گەڕانەوە، شاری گوڵ، شاعیرێک بوو، سۆراغ، دەشێ و ناشێ، بۆ مرۆڤێک ناوی لەتیف حامید بوو، نە دایکم نازانێ، گوڵی شاعیر، بڵا بووە بە ڕووبارێ، پێتان دەکرێ، دەریا، بەهاری مەزن، پاشەڕۆژ، یەکەم خۆشەویستی، نیشتیمان دەزگیران نییە، وەرزی ماچ، دەزانی چۆن کەوڵەکەمیان کردە بەرماڵ، نازم حیکمەت بۆ مرۆڤایەتی دەدوێ، تۆوی گۆرانی کێویلە، خۆر، گیانە بۆچی، پایتەخت، ونبوونێکی تر لە ژمارەیەکی ونبوودا، ئەو شیعرەی دەیکوژن و نایکوژن).

## پایتەخت

بەفرە چڕەکان
لەسەر لووتکەیەکدا کۆبوونەوە و
بوون بە چەند ڕووبارێکی زیوینی بەڕەڵا و
وەکو کۆمەڵێ منداڵی چەمووش
بێستان و ڕەزەکانیان
پڕ لە گۆرانی و فیکە فیک کرد...

وشە نامۆکان
لەسەر پەڕەیەکی سپیدا
یەکیان گرت و
بوون بە هەندێ هۆنراوەی
لە ڕێزمانی زمانی ڕۆژانە یاخی و
نیگاری شارێکی سووتاو

* * *

چەند ئەستێرەیەکی ئاوارە
لە چاوی کچێکی شەرمندا
ڕووت بوونەوە و
دڵی تاریکی شاعیرێکی تەنیایان
ڕوون کردەوە...

چەند دار بەڕوویەکی دڵدار
لە دۆڵێکدا
دەسلەملانی یەکتر بوون و
پرچی سەوزی خۆیان
دایە بەربارانی ماچی فێنکی هەتاو.
دۆڵەکە بوو بە دارستان...

کابرایەک
بەدلەیەکی خاکی لەبەر کرد و
سەری خۆی لەژێر سیدارەیەکدا
شاردەوە و
جووتێ پۆستاڵی کردە پێی و
سونگییەکی لە کەمەری خۆی دا
کابراکە بوو بە پۆلیس...

کە خەونە سوورە نهێنییەکانیش
لە هەر دڵێکی بزێودا

تنۆک تنۆک کۆدەبنەوە.
ئیتر ئەو دڵە
دەبێتە پایتەختێکی قەدەغە...

ڕاهێنەری ئاژەڵەکێوی چەند وریایی پێویستە بۆ ماڵیکردن و ڕاهێنانیان، تا بیانهێنێتە ناو خوێنەر و باخچە تایبەتییەکانەوە، شاعیری داهێنەر، ئەو شاعیرەی دەزانێت شیعر بریتی نییە تەنیا لەو هێڵە سپی و ڕەشانەی ڕوخساری بێگەردی کاغەز دادەپۆشن، بگرە بنەما و دەرکەوتەی (ناوەندێکی ئەفسوونی)یە. ڕاهێنان و وریایی زیاتری پێویستە لە ماڵیکردنی ئاژەڵە کێوی، کە کار لە کلتووریش دەکات، یاد و ژیانی ڕابردووی کۆمەڵگا بەخێرایی ڕووناک دەکاتەوە و گەشەی پێدەدات، ناونیشانێک پێشنیاز و پێشکێش دەکاتەوە. ڕابردوو بە وەک پایەیەک بیر دەهێنرێتەوە، بەڵام تازە ناکرێتەوە.

دوای دروستبوونی سروشت و گەردوون و پەیدابوونی ژیان، ناولێنان ئەم نهێنی و ئەفسوونەیە، هەتا ئێستا نە کتێبە ئاسمانی و نە فەلسەفە جیا جیاکان، نهێنیی ئەم هونەرەیان پێ نەدرکێنراوە.

ناونیشان لە ئەدەبدا ڕەونەقدان و هاندان و چێژدان نییە بە ناوەرۆک، بگرە هونەرێکی سەربەخۆ و زۆر تایبەتە. بەشێک لە شاعیران بابەت و بیری شیعر بە: (ڕامانی سەرەکی) دادەنێن و ناونیشان و فەزای ناونیشان دەخەنە خزمەتی بابەت و بیر. ناونیشانیش وەک بابەت و بیر و ئێستێتیکا دەربڕینێکی شیعرییە و خەسڵەتدارە بە خورپە خستنەوە و سرووش و خەیاڵ کۆکردنەوە لە وێنە جۆراوجۆرەکانی شیعردا. لە ڕووی زمانیشەوە خۆی لە بەکارهێنانی وشەی هاوشێوە و یەک مانایی دەپارێزێت، تیشکەکانی ئێستێتیکا لە کرۆک و وێنە جۆراوجۆرەکاندا خۆی بەهێز دەکات، خوێنەر دەڕسکێنێ

و ڕایدەهێنێت بۆ شۆڕبوونەوە بۆ ناو پانتایی (وشە) و (بارەکان)، یان بەخشینی خەیاڵێک بۆ بەدواداچوون و نهێنیی هەڵێنان لە چییەتی دەقدا.

هەندێک شیعر ناوەرۆکێکی زۆر قووڵ و شێواز و داڕشتنێکی نوێبەخشی هەیە، نوێبەخشییەکەی لە شێواز و داڕشتنەکەیدا خۆی ئاشکرا دەکات، کەچی ناونیشانێکی سادە و تاڕادەیەک باوی بۆ هەڵبژێردراوە. ئەم هەڵبژاردنە هەستێکی سارد لە هەناوی خوێنەر پەیدا دەکات، مەگەر هێزی زمان و خەسڵەتی هونەرەکانی دیکە ئەم هەستە ساردە بە بارێکی تردا بگۆڕێت و قەرەبووی بکاتەوە.

ناونیشانی ئەم کۆ شیعرە پەیوەندییەکی بەهێزی بە کۆی بابەت و بیری شیعرەکانەوە هەیە. وەک ڕامانێکی سەرەکی بە تەواوی جەستەی شیعرەکاندا چووەتە خوارەوە و لە لێکدانەوەماندا ڕاماندەگرێت، پاشان بەرەو هێڵی بێ کۆتاییی ئازار و بەختەوەریمان دەبات.

ئەم شاعیرە نزیکەی سی کتێبی لە شیعردا نووسیوە، کە هەموویان وەک شیعری داهێنراو و نوێبەخش دەتوانرێت لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی پشتی پێ ببەستێت و لە شێوە و ئاستی نموونەی هەمەجۆر و باڵادا وەری بگرێ و بەکاری بهێنێت.

من زۆر شانازی بە بەرهەمە داهێنراوەکانی دەکەم و وادەبینم چنینێکی گرنگی خستە سەر شیعری نوێی کوردییەوە، بەراوردیشی ناکەم بە قەوارە و بەرهەمی هیچ شاعیرێکی دی.

**حوزەیرانی ٢٠٠٨ هەولێر**

# زایەڵە

شیعر خەیاڵێکی داماڵراو نییە لە ژیان، هیچ خەیاڵێکیش بوونی ڕەهای نییە، بگرە هەمووی لێکدانەوەی جۆراوجۆرن بۆ واقیع. لەناو کۆمەڵگای کوردیدا شیعر بووەتە ڕوویەکی کلتووری، هەوڵیشی داوە لەم ڕووەوە نوێبەخش بێت، نوێبەخشیش پرۆژەیەکی بەجێنەگەیانراوە. هەر شتێک بواری هەست پێکردن و پاشان توانای درکاندنی هەبێت، لەبارە ببێتە بابەتی شیعر و داهێنانی تێدا بکرێت.

ئەنوەر قادر محەمەد لەم کۆشیعرەیدا، تێڕوانینی خۆی لە ئاستی شێواز و شێوە و ڕوون دەربڕیندا، بە هۆشمەندیی جیاکار و دیدگای دەگمەنەوە بنیاد ناوە. لە ئاستی گەڕان بەدوای شتە فەرامۆشکراو و پەراوێزخراوەکانی ناو کۆمەڵگا و واقیع، هەم نزیکبوونەوە لە کەرەستەکانی سروشت و پرسیارە بوونییەکانی کەسایەتیی خۆی، لە دواتردا گەڕانەوە بۆ ناو بنەماڵە و خێزان و دەوروبەر و کۆپێکهاتەدا.

ئەم ئەزموونە هەوڵی داوە واقیع لەناو خۆیدا ڕێک بخاتەوە، بە هۆشیارییەوە نەیهێشتووە لەناو دەست و پێی هونەر و بیری ڕۆژئاواییدا سەرگەردان بێت و ببێتە پاشکۆیەکی بێ هێز و تین و دەمار خاو. هونەر و بیر و ئێستێتیکایەکە، شارەزایەکی ماڵی خۆمان و پەیوەندیدار و لکاو بە نەتەوە و دابەوە، بەرهەمی هێناوە و کەسایەتیی خۆی دەنوێنێ و مۆرکی گیان و گەوهەری هەستییەتی، واتە: خەیاڵی کوردیی گەیاندووەتە ئاستی شیعریبوون و پەیبردن بە قووڵایی زانراودا.

لەم ڕووەوە لە شیعری نوێی کوردیدا: (سەرپەڕ)ی پێدەبڕێت و هەستی خۆی بە تەواوی گەیاندووە، هەرچی بەبیریدا هاتووە و بیری لێ کردووەتەوە، کردوویە بە زانین و لە بەکارهێنانی شیعردا، وەک زانینێک بەکاری هێناوە. بەبێ ئاڵۆزیی زمان، هەموو توانایەکی زمانەوانی و بنیادی ئێستێتیکی زمانی تێدا دەرخستووە.

دڵەڕاوکێی خۆی بەرانبەر بە تاراوگە دەردەبڕێ، تاراوگەش بەردەوام مانا بەرهەم دەهێنێتەوە، خاڵێکی بۆ دادەنێت، ئەمیش گومان دەکات ئەم خاڵە بکات بە هێڵێک و ئاراستەیەک وەربگرێت و بەدوایدا بچێت.

لە ئاست مامەڵەکردن لەگەڵ مانادا، بە ئاگایی قەڵەم هەڵدەگرێت و دادەنێت. وشەیەکی نەنووسیوە، ئەگەر هەستی نەکردبێت ئەو وشەیە پێویستییەکی بەهێزی بۆ نووسین نییە، وشەی پابەند نەکردووە بە ویستی خەڵکەوە، پابەندی کردووە بە ویستی شیعرییەوە، ئەو پێویستییەشی گەڕاندووەتەوە بۆ ڕێزگرتن لە وشە و بەهای شیعر.

(ڕێزگرتن لە شیعری بێگەرد، لە پلەی ڕێزگرتن لە شکۆی شەهیددایە). (شیعرێک لە پێناو بێگەردیی شیعردا نەنووسرێت، سەلکەپیازێک ناهێنێت). خودی خۆی وەک تاک تەواو بە ڕوونی دیاردەخات و بەرزی دەکاتەوە، هیچ خودێکی دەوروبەریش جێگرەوەی نین.

ئەم شێوازی ئێستێتیکایە پەیوەندیدارە بە هێز و تێڕامانەوە، کە شێوازی (سانایی خۆ بەدەستەوە نەداو)ە. دواتر لە زماندا بەرجەستە دەبێت و وێنەیەکی تایبەت دەکێشێ. وریایە لە بەکارهێنانی زمان و هەڵبژاردنی بیرۆکەدا، دەقێک لە زمان و بیر و فۆرمدا پێکدەهێنێت پێیدەگوترێت: شیعری بێگەرد. لە وێنەیەکەوە نامانباتە ناو وێنەیەکی

دیکەی شیعرییەوە، بگرە لە پێشاندانی ئاستێکی تەکنیکی شیعرییەوە دەمانباتە ناو ئاستێکی دیکەی تەکنیکی شیعرییەوە.

خوێنەر لەو ئاست نیشاندانانەدا، ئاگاداری هەموو پێکهاتەکانی شیعری دەکاتەوە، واتە: شاعیر خوێنەری ئاگاداری هەستی خۆی و بەشداری لە جۆری بیرکردنەوە و هەستەکانییەوە پێدەکات. لە ناواخندا ئەم ئاگادارکردنەوەی خوێنەر، پرسیارە، پرسیاری (بوون، بوونی شیعر) لە شاعیر، یان لە هۆشمەندێکی جیاکار و دیدگای دەگمەنی کردووە. بۆ ئەم نیشاندانانە، شیعر بووەتە دەماری ژیان و ناوەند. لە ڕێگای پرسیار و ڕووبەڕووکردنەوەی خۆیدا، ئەوی دیکە دەناسێت. لە ناسینی ئەوی دیکەدا پرسیارە بوونییەکان زیاتر دەتورووژێنن و ناچاری کردنت دەکەن. سەدایەک لەناو زمانی سادەییدایە، کە بەسەر ئاڵۆزیدا دەکرێتەوە، سەدا تێکەڵاوەکان لەناو دەبات.

لەم سادەییەدا مەبەستی یەکەمی نوێبوونەوە نییە، بە قەد ئەوەی خواستی تایبەتکارییە، نوێبوونەوە و تایبەتکاری لە منی شیعردا بەدەست هێناوە.

نوێبەخشی وەک هێزی دەربڕین و بنیادێکی ئێستێتیکی ئاڵۆز نییە، شاعیر ئەم سادەییەی لەسەر بنەمایەکی زۆر قووڵدا دۆزیوەتەوە و بنیادی ناوە، شیعرەکان دوور نین لە هەستی کات و شوێن و پەیوەندیی دەق بە کات و شوێنەوە، وا بە وردەکارییەوە ڕایەڵ و تانوپۆی کات و وێنە ونبووەکانی ناو دەقی چنیوە. خوێنەر وا لێ دەکات پەیوەستێکی قووڵ و گەشەکردنی کات و شوێن لەناو دەقدا بدۆزێتەوە. نموونە: وەک لە شیعری: (ئەو شەوانەی)، یان لە شیعری: (سلێمانی)، یان لە شیعری: (زەنگڵەی یاد)، یان لە شیعری: (کۆتەڵ) دەردەکەوێت. زۆر بایەخی بە نیشتیمان وەک: (شوێن) و ئەو ژیانەی، کە

گوزەراندوویەتی وەک: (کات) داوە، مرۆڤیش لە نێوان کات و شوێندا سروشتێکی دیاریکراوی پڕ هەڵچوون و داچوونە و هاوسەنگیی بوون ڕادەگرێت، یان هەڵچوون و داچوونەکە لە خاڵی کات و شوێندا کەرەستە گیانییەکەیەتی.

دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان و دەوروبەری کاریگەرییەکی بە زەبری تێدا دەبینرێت، بارودۆخی دوور لە نیشتیمان و دەوروبەر لە باسکردن لە مەرگی جەرگبڕی ئازیزێکی نزیکی خۆیەوە بەرجەستە دەکات.

سروشتی شیعری خودی ئەوەیە: لەناو سروشت و بووندا شاعیر بەدوای نەمریی خودی خۆیدا وێڵە. (پەیوەندییەکی ئەفسوونی بەدنیاوە هەیە، نەک پەیوەندییەکی ئەقڵی دامەزراو)، بەپێچەوانەی ئەم دەستنیشانکردنە، ئەم شاعیرە خودی خۆی لەناو ژیاندا دۆزیوەتەوە و بابەت و بایەخی زەینی لێ بەرهەم دەهێنێت.

زەین وەک مرۆڤێکی چالاک تێیدا دامەزراوە، لە خودی ئەوی دیکەدا نزیک دەبێتەوە و خۆی دەچێنێت. لە هەندێک باری شیعردا هەست و سۆز لە ئەقڵ و واقیع گرنگترن، چونکە هەست و سۆز زەمینە بۆ جموجووڵی گیان دەخوڵقێنێت و جۆشی هەستپێکردنی خۆڕسکانەی خۆی دەدات. مرۆڤ لەسەر زەمینی واقیعدا بوونەوەرێکی بزرە، تەنیا لە ڕێگای زمانەوە خۆی دۆزیوەتەوە، زمانیش لەسەر ئاستی بەشداریکردن لە کۆزانیاری و بنیادنانی ژیان پەرە دەستێنێ و دەتوانێ بوونی مرۆڤ بدۆزێتەوە و پەی بە دۆزینەوە ببات، کە واقیع گۆڕانی بەسەرداهات، بۆ ئەزموونی نوێش دەشێت و کەشی لەبار دەهێنێتەوە پێشەوە، چونکە هێز و تاو و تینێکی بەردەوام زیندوو لە هەناویدا بەرز دەبێتەوە و دادەکەوێت. ئەو زانینە نوێیەی لەگەڵ گۆڕانەکەدا دێتە بوون و دەبێتە سروشتی واقیع و خەسڵەتی ڕوون بە سەرکێشییەکانی گیان دەدات.

سەرکێشییەکانی گیانیش هەمیشە پرسیاری بەدوادا دێت. ئەم واقیعە لەبەر چی گۆڕا، بۆ کوێ گۆڕا، کێ گۆڕی، ئەم جۆرە پرسیار و بیرکردنەوانەش چاو لە ئاستی دیاردەکان داناخات و هەندێکیشیان پەسند دەکات، کە هاوسەنگییەک لەگەڵ خەیاڵ پێکدەهێنن.

شیعر چەند مەودایەک دەکات بە سروشتی خۆی. وەک مەودای بینین، مەودای بیستن، مەودای مانا وەرگرتن و فرە پەیوەندی و فرەمانایی ... تاد، کاتێک شیعر وەک پارچەیەکی نووسراو وەربگرین، لەکاتی جۆشی خوێندنەوەیدا تەنیا ئەو ڕووبەرەی خوێندنەوە نابینین. ترپە و ئاواز و مۆسیقا و وێنە، هەریەک وەک مەودایەکی سەربەخۆ و تایبەت، خۆی پێشکێش دەکات و لە پارچە نووسراوەکەی، کە دەیخوێنێتەوە جیا دەبێتەوە و پێشبڕکێش لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا دەکات.

لە کۆی ئەم ئەزموونەدا هەست دەکەیت، شاعیر بیری ڕوون و دیاری لەبارەی ئەوەی دەینووسێت هەیە، یان (ڕەگەزی کتوپڕی) لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی دی ناتگوازێتەوە، خەیاڵ بۆ وێنەیەکی ناجۆر ناتبات، بگرە خەیاڵ بۆ دێڕی دواتر و تەواوکار دەتبات و بەردەوامیت بۆ درێژ دەکاتەوە، یان دێڕی یەکەم لە ترپە و ئاواز و مۆسیقادا خۆی پێشکێش ناکاتەوە، کە (ڕەگەزی کتوپڕی) ئاکامی پەرەسەندنی وێنە و دێڕەکان بن. هەست دەکەیت ئەو بیرە ڕوون و دیارەی شاعیر لەبارەی نووسینەوە هەیەتی دەستی، بەسەر تەواوی کردە و پێکهاتە بیرییەکەیدا گرتووە، کەمتر ئەزموونێکی زمانییە، وێنەکان لە بابەتدا درێژ بوونەتەوە و ئاست و کەشی داستانی بە بنیادی ئەزموونەکەی داوە. لەم ئەزموونەدا، یەکبوونی ناوەوە لە پێکهاتەی مانادا هەندێک هونەری (زەینی) و (هەستی) لە ناخی بەرانبەردا دەخولقێنێت و دەیکات بە

لێکدانەوە، لێکدانەوەی زمان و بوون لەناو ژیاندا، لە کار بەیەکەوە کردنی هەردووکیان لەگەڵ یەکتردا دەق دەسازێت و ئێستێتیکای خۆی لە ئەزموونددا دەکاتەوە.

(زایەڵە)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (ئەنوەر قادر محەمەد)ە. ساڵی (١٩٨٨) لە دووتوێی (١٢١) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (نووسینگەی تارا) لە سوێد چاپ کراوە، (لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگی سوێد – کوردستان)ـە. ئەم شیعرانەی تێدایە: (تۆ کۆچ ناکەی، شەوانی باران، خەنجەر و خۆشەویستی، بانگ، پرس، کاکە، چەند هۆنراوەیەک بۆ دایکم، بەیادی فەرهاد، ئەو شەوانەی، سلێمانی، ئەگەر، ئەوین، چراوگ، شەستە، غەریبی، بۆ باوە مەولەوی، ئەو کەژانە، بێچووە هەڵۆ، پایز و ئەڤین، زەنگڵەی یاد، چرا و مەشقەڵان، پاکانە، سیما و ئاڵا، هۆ غەریب، چراوگ، لە کەناردا، خاچ، نوێژێکی نوێ، سووتان، تارا، تەلیسم، گوڵ سێوێ، ئاهەنگی دەنگ و ڕەنگ، شیعرەکانم، ئەوین، نائومێدی، کۆتەڵ، یاد، لە شەمەندەفەردا، جارجار، داستانی ئەڤینی سێوەخان).

## غەریبی

مەولانا بەو گەورەییە،
ڕۆژێ دوو دوو،
تەنەکە ئاوی بەسەر شان،
بۆ تەکیەکەی شێخی (دەهلەوی) دەهێنا،
لە ڕێ لایدا، تۆزێ دانیشت، نەختێ ڕاما،
هۆن. هۆن فرمێسک بەسەر ڕوویدا قەتارەی بەست،
لە پەنجەرەی تەکیەوە (شێخ) چاوی لێ بوو،

شێخ بانگی کرد وتی خالید!
لە لێزمەی فرمێسکی ئەمڕۆت نەگەیشتم!
وتی: قوربان! ئەو ئافرەتەی،
کە بە تەنیشتما تێپەڕ بوو..
روخساری هەر لە ڕوخساری دایکم دەچوو،
هەر کە بینیم، سلێمانیم کووچە کووچە هاتە پێش چاو،
یەکسەر ئاگرم تێ بەربوو، دڵم پڕ بوو،
ببوورە لێم! خۆت دەزانی قوربان سۆز و
قوربان! کەڵکەڵەی نیشتیمان..

زەینی پڕە لە کلتوور و ئەفسانەی خۆماڵی، ئەفسانەی هەر نەتەوەیەک مێژووی دوور و درێژی نەتەوەکەیە، زانیاریی تەواو لەبارەی ڕێوڕەسمەکانەوە لەلا پارێزراوە، وەک بنیادێکی کاریگەر لێی دەڕوانێ و کاری لەناودا دەکات و پیشانی دەدات، ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتیش پەیوەندییەکی دوور و درێژ و قووڵی لەگەڵ ئازار و ئومێدی کۆمەڵگاوە هەیە. ئازار و ئومێدی کۆمەڵگاش، گیانی بنچینەیی واقیعن. گیانی بنچینەیی واقیعیش لەوەدایە: چۆن لە شیعردا پێکی دەهێنێ و پیشانی دەدەیت و واقیعی لەناو ڕێکدەخەیتەوە. نالەبارترین کات بۆ شاعیر ئەو کاتەیە، کە هەست بکات لە بواری نووسیندا شتێکی نوێ و سەرنجڕاکێش لەبەر دیدە و خەیاڵی نییە، بۆ پەی پێبردن و دۆزینەوە. هەموو شیعرێکی داهێنراو پێویستە هەقیقەتێک بدۆزێتەوە و ژیانی لەناو ڕێکبخاتەوە و بەنرخی بکات.

ئەو ئەزموونانەی، کە واقیع دەیانخاتە ڕوو، هەموو ئەزموونە فەنتازی و ئاخاوتنە خەیاڵییەکان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی، بەڵام

سیمای دیاریکراوی واقیع ڕاستەوخۆ لەخۆ ناگرێت. ڕووبەڕووی ئەو دڵەڕاوکێیانە بووەتەوە، کە جوانییەکان دەشێوێنن، لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەیدا ژیان و وزەکانی ژیانی لە شیعردا نوێ کردووەتەوە.

شاعیر بۆ ئەوەی وزەکانی ژیان باش بەکاربهێنێت، پێویستە لەگەڵ واقیع شەڕی بێ ئامان بەرپا بکات و چرپە و شتە وردەکان بۆ ناو هێمنیی زمان بگوازێتەوە، ئەم شەڕە لە دەروون و هەستدا دەیحەسێنێتەوە و هەقیقەتێک بۆ ژیان دەدۆزێتەوە، یان هەقیقەتێکی پێشان دەدات. ئەزموون و شارەزایی تەواوی لەم شێوازە نووسینەدا هەیە. بە شێوەیەک هۆگرت دەکات و ڕاتدەکێشێتە ناو چێژ و جوانیی سادەیی، خاڵێک وەک پرسگە ڕاتدەگرێت، ئەم خاڵە ئەزموون و شارەزایی سەرچاوەکەیەتی، لەم سادەییەشدا لایەنی هێما و نیشانەی ئەفسوونی زمان دەبینێت و بەهاکانی دیاری دەکات. وەک لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت (قوربان سۆز و قوربان کەڵکەڵەی نیشتیمان) دووبارە کردنەوەی وشەی (قوربان) لە یەک ڕستە و وێنەدا نیشاندانی هێز و ئەفسوونی زمانە. هێز و ئەفسوونی زمانیش توانا بە شیعر دەدات و لێکدانەوە بۆ ژیان دەهێنێتە بەر بینین و خەیاڵ ڕادەوەشێنێت. زمانیش تواناى مانا و ماک و چییەتی لە دەقی ئەدەبیدا زیاد دەکات.

**تەمموزی ٢٠٠٨ هەولێر**

# دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە

ئایا لە کۆمەڵگای ئێمەدا مرۆڤ پێویستی بە شیعر هەیە، یان بەهای شیعر لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا بە چ ئاست و ئاراستەیەک وەردەگیرێت. ئایا شاعیر یەکێتییەکی لە نێوان (پێویستی) و (بەها)دا پێکهێناوە، یان لە تیشکدانەوەی ڕەسەنایەتی و بە قووڵبوونەوەی ئەم ناوەندەدا، چاوی بە جیهاندا خشاندووەتەوە و پەیوەندیی خۆی بە جیهانەوە دەستنیشان کردووە. پەیوەندی بە جیهانەوە بڕوا و بڕواپێبوونە بە بەرهەمهێنانی جوانی بەهۆی پێویستی و بەهای ژیان و پێناسەکردنەوەیەکی دیکەی شتەکان.

شمشاڵ دێرین و هاوچەرخە، بە جارێک بیستنی شمشاڵی (قالە مەڕە)، هەستی بیستن تەواو ناکرێتەوە و ئامادە و پاراو نابێت، ئەگەر شیعریش لە گیانێکی دامەزراو و گەرمدا ئەفسوونی بوونی خۆی پێکهێنابێت، گیانێکی گەرمیش بە وەرگر بدات، خۆی دەسەپێنێت و دەبێتە پرۆژەی خوێندنەوەی تەمەن، لەم جۆرە خوێندنەوەیەشدا سەرچاوەکانی (چێژ) و (هەست) و (سۆز) بەیەک دەگەنەوە. هەریەکەشیان دووبارە دەبنەوە هێزێکی سەربەخۆ و کاریگەر بۆ تەکان و جووڵانی ئارەزوو و پەیامی گیانی.

هەموو شتەکان لە یەک شت کۆ ناکاتەوە. چێژ و هەست لە (سۆز)دا کۆ ناکاتەوە، یان هەست و سۆز لە (چێژ)دا بەرانبەر و هاوسەنگ ناکات، یان چێژ و سۆز لە (هەست)دا ڕووبەڕوو ناکاتەوە. هەریەکەیان وەک بوون و توخم و ڕەگەزی سەربەخۆ دەجووڵێنێت، لە شێوەی

یەکەیەکی کاریگەر شوێنیان لە جەستەی شیعردا دەداتێ، بەڵام هەر سێ توخمەکە بەیەکەوە دەخاتە نێوان دوو کەوانەوە، ڕەهەند و پانتاییەک لە نێوانی خودی هۆشیاری و توخمەکان دەهێڵێتەوە. بە بایەخترین شتێک، کە بە ویستەوە کاری لەسەر کردووە، هێشتنەوەی ئەو ڕەهەند و پانتاییەیە، واتە: ئەو ڕەهەند و پانتاییە بنەمای جووڵان و ناوەند و سەرچاوەی ڕاستەقینەیەتی. نموونە: وەک لە شیعری: (بارانی ڕەنگاوڕەنگ)، یان لە شیعری: (تینوویێتی و زستانی جوان)، یان لە شیعری: (شاری نهێنی)، یان: (هەنگوینی تاڵ) دەردەکەوێت.

ڕەنگە من بۆ خۆم لە ماوەی جیا جیادا چەند جارێک گەڕابمەوە سەر ئەم کتێبە شیعرییە. ئەو بەردەوام خوێندنەوەیە بۆ کەڵک وەرگرتن نییە لە ماکی چییەتی و شێواز و زمان و مانای وشە و ڕستەکاندا، بگرە بۆ بەهێزکردن و پاراوبوونی گیانە. کاری شیعریبوون بە گشتکردنی بوونەکان و پاراوکردنی گیانە لە خڵت و پیسییەکانی زەمین، نهێنی ئەوە چییە شیعر بەرەو ئەو کاریگەرییە و چۆنایەتییەکی جیاواز چووە. لێیەوە بە دوای چێژەکانی ژیاندا بچین، چێژیش بە سەربەخۆیی خۆی بهێڵێتەوە، لەم سەربەخۆیی بوونەدا، چێژ دەتوانێت و بۆی هەیە وەک جۆرێک لە دەق، شێوەی زەینی وەربگرێت.

ئەم شاعیرە لە ئاستێکدا کاری شیعری خۆی کردووە، کە نەوە یەک لە دوای یەکەکانی شیعری کوردی، جۆرە گۆڕان و نوێبوونەوەیەک پەیدا دەکەن و لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن، بە کۆ کار لە شێوە و زمانێک دەکەن. ئەمیش لەم ئاراستە لەسەرخۆیەدا هاتووە و لەگەڵ دەنگی کۆدا بەشداری لە گۆڕان و نوێبوونەوەدا کردووە، کەواتە: (بەشدارە) لە گۆڕان و نوێبوونەوە، بەڵام (وەرچەرخێنەر) نییە. گۆڕان و نوێبوونەوەیەکی تاکەکەسی ئەنجام نەداوە بۆ ماوەیەکی نادیار

کاریگەری جێ بهێڵێت، وەک دەرکەوتنێکی جیاکار و پڕ سرووش بمێنێتەوە و قەوارەیەک بۆ خۆی وەربگرێت.

(دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (سەلام محەمەد)ە. ساڵی (١٩٨٨) لە دووتوێی (١٤٩) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (حسام) لە بەغدا چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (لەدایک بوون، درۆی ئاوارە، بەیانی دێم ماچت دەکەم، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە، ئاسۆی خۆرنشین، توانەوە، شەوانی تەنیایی، بارانی ڕەنگاوڕەنگ، داری زەنگیانە، هاوین، تۆ کەناری یان ڕووباری، شیرین و یادگارەکانی ڕەحیماوە، تینووێتی و زستانی جوان، سۆزانییەکی پیرۆز، گەشت و پێناسین، وەک هەزاران ڕێکەوتی تر، ماڵئاوایی، گیانە لەیلا، گوڵی نەورۆز، سامالّی پاش بارانی نیوەشەو، سۆما، ئۆپەرێتی خۆشەویستی، ئاکسل و سارا، خۆڵەمێش، شاری نهێنی، تانیا، بارانی سووتاو، قەرسیل، بۆ کچی کوێستان، جنۆکەی ئەندێشەی شاعیر، هیچ و هەزار، وەرزی بەستەڵەک، پڕشنگ، هەنگوینی تاڵ، تریفەی سوور، سێ ماچ.)

## تریفەی سوور

ساماڵە شەوی زستانە
ئەستێرە بە ئاسمانەوە، دەجریوێنێ
دەوروبەرم، یەکپارچە وەک گۆمێکی مەنگ
کپ و بێدەنگ و خامۆشە
پێخەفی گەرم
بۆتە هێلانەی، مەلۆتکەی

خۆزگە و جووتبوون و خەوبینین
شاریماندوو، کراسێکی خۆڵەمێشی لەبەردایە
باڵندەی ئەندێشەی منیش
باوێشکەدا و خەوی نایە
بە گەردوونی بێ سەرەتا و کۆتاییدا، ئەخولێتەوە
فڕی.. بەڵام چۆن فڕینێک
ئێجگار لە (هالی) خێراتر
بەسەر دەیان جیهانی نوێدا تێپەڕی
دەیان شاخی گەورە گەورە و
دوورگەی پڕ لە تەمومژ و
دەریا و ئۆقیانووسی بڕی
هەزاران ساڵی هەتاوی
لە تۆپە خڕەکەی زەوی دوورکەوتەوە
ڕۆیشت
ڕۆیشت
گەیشتە ئەستێرەیەکی تریفە سوور
ویستی بچێتە ژوورەوە
بە ماتە مات نزیک بووەوە و
لە پڕێکدا
هێزێکی نادیار و ون
بە ئاستەم پاڵی پێوەنا و
ملیۆنێ ساڵی هەتاوی
بۆ دواوە دوورخستەوە
کاتێ گەیشتەوە لای من

هەر ئەوەتا پەڕو باڵی پێوە مابوو
تک تک دڵۆپە ئارەقەی ئاگراوی
لەناوچەوانی دەچۆڕێ و
بەدەم گریانەوە دەیوت:
من بە ئەوینی مەرگەوە هاتم بۆ لات
تۆش دەیان نهێنی تازەت
خستە ناو گێژەڵووکەی بیر
جار بە جاریش، وەک دەروێشێکی گۆشەگیر
ناڵەیەکی دڵتەزێنی لێوە ئەهات:
لای لایە.. مرۆڤ لای لایە
ئەو مەحاڵەی
لەم ژیانە و لەم تەمەنەدا نایگەیتێ
نووری خودایە.

ئەزموونی ئەم شاعیرە وەک ئەوەی لەم قۆناغەدا، کە تێیدا بەرهەمهێن بووە، ئەزموونێکی وریا و نیمچە کامڵ و خەملیوە، بەوەی بە وشەی زۆر و ناپێویست وێنەکانی نەشێواندووە و باری هەیکەلی گشتی دەقەکانی گران نەکردووە. بە وریاییەکی ئەفسوونی کاری لە بواری ئەندازەیی وشە کردووە. دەزانێت وێنە چەند وشە و چی لە وشە دەوێت. دوورە لە کەڵەکەکردن و دانە پاڵ یەکی وشە و دەستەواژە و ڕستەی بێ سوود.

کاتێک هەندێک لە شیعرەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت، لەناو هەورێکی پەمۆییدا مەلە دەکەیت، یان لەناو بەلەمی گەشتێکدایت زۆر بە هێمنی و بێ زۆر لە خۆکردن دەڕوات و حەز دەکەیت گەشتەکەت درێژ ببێتەوە. لەگەڵ فەزای شینی ئاو و فەزای شینی ئاسمان پەیوەندییەک

دێته ناوەوە و دەبێته بکەر. له بنیادی کردەی شیعرەوە پەیدابووە و هاتووەته ناو خانه وردەکانی ژیانمانەوە، کەواته: ئەم جۆرە ئەدەبە، ئەدەبی ڕاستەقینەیە و خۆت لەبەردەم ئەزموونێکی پاک و پوختدا دەبینیتەوە، کە به ئێستێتیکای چێژ و هەست و سۆز چنراوە. وێناکردنێکی سۆفیگەرییانە، دید و دیدگای سۆفیگەریی خواست و بڕوابەخشینه به مرۆڤ و پاکبوونەوەی مرۆڤ. لەسەر بنەمای کرانەوەی گیان بەسەر جوانبینی و چاکبینی و ژیاندۆستی.

له ئەنجامیشدا دەگەین به شوێنه باڵاکان. له ئەزموونی شاعیردا، ئەم دۆخە، بێ ستایشێکی ڕیاکارانه پێبەپێ خۆی دادەمەزرێنێ. ئەم خۆدامەزراندنەش بەرهەمی بیرکردنەوەیەتی. بیرکردنەوەکانیشی گەیشتوون به ئاستی بەرهەمهێنان. بەرهەمی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش مەودای سۆفییانه و میتافیزیکی فراوان دەکات، هێما و هێماپێکراو لەم فراوانبوونەوەیەدا تێکدەچڕژێن و له چێژ، چێژدارترن. له هەست، هەستدارترن، له سۆز سۆزدارترن.

ئەم شاعیره له شیعر دوورکەوتووەتەوە. پێویسته له هەقیقەتێکی کاریگەر و ئێستێتیکی به ئاگا بێتەوە، بێت لەناو ماڵی شیعردا نیشتەجێ بێتەوە و ببێت به کەسایەتییەکی زیندوو، بەوەی ڕوانینه جوانەکان هێشتان نەکوژراون، شاعیر دەتوانێت بۆی بژییێت و بەرهەمی بهێنێتەوە.

**ئابی ۲۰۰۸ هەولێر**

# گەرم نەبوونەوە

کاتێک شیعر ئازادیی نووسینی تەواو بەدەست دەهێنێت، ملکەچی هیچ نەخشەکێشانێکی فیکریی ئامادەکراو و سیستمێکی سیاسی نابێت. شاعیری خاوەن دیدگای بەهێز، لەوانەیە ئەمڕۆ شیعرێک بنووسێت و سبەینێش شیعرێکی دیکە و دووسبەیش شیعرێک. شیعری: (یەکەم) لە شیعری: (دووەم) نەچێت، (سێیەم)یش لە دووەم و یەکەم نەچێت.

لەم شێواز و دیدگا بەهێزەیدا، ئازادیی نووسینی تەواوی بەدەست هێناوە. ئازادیی نووسین بەدوای نووسیندا ناگەڕێت، بگرە لەناو نووسیندا ئازادیی نووسین وەک سەرچاوە و ناوەندێک بۆ کار لەسەرکردن بەدەست دەهێنرێت، بەڵگەی ئەم بەدەستهێنانی ئازادی نووسینە ئەوەیە: لە ئەمڕۆی شیعری کوردیدا چەندین شێواز پێیان دەنووسرێت و لە بەخشینیش بەردەوامن، یان شاعیرێک دەبینین لە چەند شێوازێکدا توانایی خۆی بەکاردەهێنێت و داهێنان دەخاتەوە. ئازادیی نووسینیش تایبەتە بە خودی بەرهەمهێنەری دیدگای بەهێز. بەردەوامیش کردە و واتای ئازادیی نووسین لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی دیکە درێژ دەبێتەوە و (ناوەند دەشکێنێت).

شیعری بەرهەمهاتووی دیدگای بەهێز، هەوڵی گەیاندن و مانا دۆزینەوە بۆ لێکدانەوەی بارە ئاماژە بۆکراوەکان نادات، بگرە شەوق و تاسە و ئاماژە لە خاڵێکدا کار پێدەکات و دەیانباتە ناو بیرکردنەوە و زەین، واتە: شەوق و تاسە و ئاماژە لە نێوان دەربڕینەکاندا نامێنێتەوە،

بگرە دەکەوێتە نێوان بوونی پەیوەندیی (وشەکان) و کردەی بوون بە ڕستە و (وێنە)، بە یارمەتیی پەیوەندیی نێوان وشەکان دەچنە ناو پێکهاتەی زەینەوە و بینای زەینی دادەمەزرێنێت، بۆیە دەقەکانی دەقی زەینین، بەڵام دەقی ئەفسوونی نین.

لەم تێڕوانینەوە تێپەڕین و پەڕینەوە، بوون دەناسرێت و پەیوەندییەکان لەناو دەقدا دەکرێنەوە، چەمکی جیاکاری داهێنان بۆ خاڵی جێگۆڕکێ و پێکهاتەی زمان لە (شەوق) و (تاسە) و (ئاماژە)دا چڕ دەبێتەوە، بەڵام نابێتە ڕووناکی شیعریبوون.

لە دەقدا خەسڵەتی هەقیقەت نییە، بگرە پێکهاتەی داهێنان هەیە، چونکە شیعر بە پێکهاتەی داهێنان لە دیدی ژیانەوە بەڕێوە دەچێت، شیعرێک بەرهەم دێت، بەردەوام لە جووڵە و بەرهەمهێنانەوەی شەوق و تاسە و ئاماژەوە، ڕەگی دەباتەوە سەر ڕەگی ئەفسانە و ئەفسوون و فەنتازیا و خۆی ئاراستەی شێوازی ئێستێتیکی سروشت و کاریگەرییەکان دەکات، لەمیش جێگیر نابێت و بەرەو زەین دەکشێ.

زۆر بە وریاییەوە ڕۆدەچێتە ناو سروشت و مرۆڤ لە پێکهاتەی سروشتدا دەگەیەنێتە چڕبوونەوەی چرکە سۆزدارییەکان، دەزانێت دەنگەکانی سروشت لە کوێوە سەر هەڵدەدەن، پاشان لە وێنەدا دەریاندەخات و خاڵ نیشانی نێوان (دەنگ) و (گیان) دەدات، پاشان دەنگ و گیان دەکاتە هێما و هێما پێکراو، لە نێوان ئاسۆکانی وێنەدا زەینی پێدەبینێت.

زەین ناخاتە خزمەتی هیچ شتێکەوە، تەنیا شیعر خۆی و ئێستێتیکی شیعریبوون نەبێت، واتە: چێژ و جوانی و نەرمونیانیی ژیان و بڕوایی و هەستی ئەوی دی تێدا قووڵ دەکاتەوە، بەهۆی زمانی بەتین و تاو و ترپە و ئاوازدا.

زمانی ونبووی نەدۆزیوەتەوە. زمانی ونبوو لە سەرچاوەی پێکهێنەری دەرەکی نادۆزێتەوە. دۆزینەوەی زمانی ونبوو پەیداکردنی سەرچاوەیە، کە لە ناخی خۆتدا، یان پەیوەندیکردنێکی ئەدەبییە بە ناخی خۆتەوە. ناخی خۆت وەک کلتوورێکی تاکەکەسی ئەدەبی و ژیانی گیانی. زمانی ونبوو هەمیشە دەسەڵاتی نادیاری بەسەر داهێنەرەوە هەیە بۆ دۆزینەوەی ئاستەکانی بینینی کەسی خۆی.

چەند شیعرێکی ئەم کتێبە شیعرییە. نموونە: (دەشتایی گیان)، (دژوارترین کاتدا)، (رووتبوونەوەیەکی تر)، (خرۆشان) مانای بوونناسانەیان هەیە، شکۆ و بەهرەی بوونناسی لە خۆیاندا بەرهەم دەهێننەوە. یەکێتی فۆرم پشتیوانی لە مانای بوونناسی دەکات. ئەو ڕەگەزانە دەخاتە ڕوو، کە لە دەقدا بوونەتە مانا و بابەت و پێوانە بۆ بوونناسی.

یەک لە خەسڵەتە گرنگەکانی شێوازی ئەم شاعیرە ئەوەیە: لە سەرەتای شیعردا کۆتایی دەدۆزرێتەوە. سەرەتا ئەفسوونی تەواوی شیعرە و لەودا بیر دەکاتەوە و بەگشت و بەشەکانی دیکە دەگات.

ناوەند و کۆتایی دەهێنێتەوە ناو سەرەتاوە، وێنەکان دەتوانن هاتوچۆ بکەن. وێنە لە شیعرەکانیدا، وێنەیەکی هەستی و ئەوجا بینین و نامۆیی گیانین، مەودای نێوان گیان و دەنگ دەستنیشان دەکەن، یان هەوڵی دەستنیشانکردنی دەدات. شێوازی لیریکی لەم کۆشیعرەدا نابینرێت، مەگەر هەستی نۆستالژیایی نەبێت. جارجارە لەسەر گیان و هەستەکان بەکاری دەهێنێت. جێی بایەخی دەبن و ئاراستەی نووسینی دەکەن.

ئاگادارییەکی زۆر لە هەستدا بەکار دەهێنێت، لە هەستکردندا دەوڵەمەند و پڕ ئەزموونە، ئاگایی و خاڵی بینینی ون نییە. زوو دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەی ئەو سەرچاوانەی، کە پێی سەرسام بووە.

وەک ڕەگەزێکی بەرهەمهێنان کردەی ئەم گەڕانەوەیە ئەنجام دەدات و جۆش بە هەستکردنی دەدات.

شیعری هەڵچووندار لەناو گرفتی سەرچاوەکەیدا دەمێنێتەوە، زمانێکی ئێستێتیکیی سەربەخۆ، دەربڕینی لێ نەکردووە. خاڵێک بیری بە ئاگا دەهێنێتەوە و بە قسەی دەهێنێت. فۆرمێکی تایبەت وەردەگرێت، بە ئاگا هێنانەوەی بیر نەک، فۆرمێک لەناو بیرکردنەوەدا زمانێکی ئێستێتیکی سەربەخۆ دەربڕینی لێ کردبێت.

شاعیر خۆڕسکانە شیعرەکانی نووسیوە، خۆڕسک مەبەست ئەوە نییە پشت نەبەستن بە ڕۆشنبیرییەکی خەملێو و گەڵاڵەبوو، یان درەوشانەوەی دیدگایەکی بەهێز، لەم ڕووەوە شاعیر خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی خەملێو و دیدگایەکی بەهێزی شیعرییە، بگرە مەبەست ئەوەیە: دوور لە هەموو پەیوەستبوونێک بە لایەن و ئایدۆلۆژیایەک، کردەی ئازادیی نووسینی پەیڕەو کردووە، کە ڕووبەڕووی شیعری بێگەرد بووەتەوە. تەواوی توانستی ئازادیی نووسینی بەدەست هێناوە. بەهای ئازادیی نووسین دەستنیشانی داهێنانە شیعرییەکەی دەکات. نەک پرس و بارودۆخ.

(گەرم نەبوونەوە)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (جەلال بەرزنجی)یە. ساڵی (١٩٨٥) لە دووتوێی (٥٦) لاپەڕەدا، لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (مات بوون، پڕبوونەوەی نیوەی گیان، ئاڵۆزبوونی خەونەکانم، سێبەری ڕەنگەکان، هاتن، نزیکترین تەزوو، ئاهەنگی بەردەوامی خۆم، نەورووژان، سپیاتی، دەشتایی گیان، بەتاڵبوون، کۆتایی ناکۆکییەکان، کەف، ئارەزوویەکی کۆن، برینی سێبەر، پەککەوتنی ئاو، نەگەڕانەوەی نامۆیی، لە دژوارترین کاتدا، سێبەرێکی مۆر، لەیادچوونەوە، ئاوێتەبوونی شتەکان، زەمەند،

پاڵاوتنی نهێنییەکان، نەسرەوتن، دڵێکی بایی، بڵقی سەرخاک، وەرزەکانیش خۆشیان دەوێ، ناشتن، نیازی ئاو، گوڵێکی تەنیا، گەرم نەبوونەوە، مەزار، ڕووتبوونەوەیەکی تر، دوای زریان، قوڵغ، ئاونگ، یەکیەتی بوون، خرۆشان، ئەستێرەیەکی گەڕیدە، سروودی ئاوابوون.)

## ئاڵۆزبوونی خەونەکانم

کتوپڕ ناخم گران بوو،
دەمارەکانیشم شل بوون،
ڕووناکی شپرزەی ڕوحیشم،
هیچیان لەبارەی خۆی بەبیر نەمابوو،
ئابڵوقە دراوم،
ئابڵوقە درانێکی هەمیشەیی و نەزۆک،
هەستیشم کرژ بووەوە ناو گەرمایی بۆنکردووی خۆی،
لەناو ئەو مێرگە ناوەستم،
سۆزمی لێ هەڵدەپەنمێ
هەرچەندەش بمێنمەوە شتی جاویدانەتری لێ دەڕوێ
ئابڵوقە دراوم،
ناتوانم بەدیار ئەم ئەنجامە مۆمیاکراوە بوەستم.
خەونێک،
بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ڕۆحم تێکدات،
سەوزایی دەروونیم،
بەسەر سەوزایی سروشت خات،
پێشوازی ڕووناکییە سەرما لێنیشتووەکان دەکات،

ئەوەی بەم ڕێیە ڕابووری
ئاوێکی مۆمیاکراو لە خشتەی دەبات،
یان قامچی دڕندەی با،
هەموو پشتی لەت لەت دەکات،
کتوپڕ ناخم گران بوو،
نەمتوانی ماڵئاوایی لە ئێوارەی ناو شاخان بکەم،
یان خۆم لە کنێری بناران وەردەم.
بەردێک نییە سەرمی پیاکەم،
ئاوێکی مۆمیا نەکراویش،
قاچەکانمی لەناو جووت کەم.
بەم کاتە زەردهەڵاتووە،
لەم ماوە چەماوەیە پیاسە ناکرێت.
دەرگای ئەم پەرستگایە تەمەڵەش ناکرێتەوە،
هیچی تر باسی سروشت ناکەم،
ئەو بوو دڵە ساکارەکەمی وا نەخۆش کرد،
ڕێگای چوونە دەرەوەی لێ گرتم،
ڕێگای هاتنەوە ژوورەوەی لێ گرتم
ناخم گران بوو،
چیتر دوای جۆگەی پاش شۆرینی مردووان ناکەوم،
خەونێک،
بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت،
سەوزایی دەروونم بەسەر سەوزایی سروشت خات،
یان کتوپڕ لەناو ئەو شەوە برک کردووەدا بمرم.

شیعر بەهایەکی ئێستێتیکیی ڕەهای هەیە، دەشبێ بزانرێت ئەو ئێستێتیکایە لە بینای گشتیی شیعرەکەدا چییە و لە ئاستێکی پڕاوپڕدا دەربکەوێت. ئەگەر ئەو زانینە شێوا، یان ون بوو، شیعرەکە خواستی داهێنان و بەکارهێنانی تێدا پڕاوپڕ نییە. شێواز و تایبەتکاریی شیعری بێگەردی وەرنەگرتووە، واتە: زمان شێواز و ئێستێتیکای بۆ دەستەبەر نەکردووە.

لەم کۆشیعرەدا: دوو ئاستی کارکردن و شێواز هەیە.

یەکەم: پەیوەستە بە کلتووری دوور و نزیکی خۆماڵی و بێگانەوە، نوێبەخشی تێدا بەرهەم دەهێنێت و سیمای دەکات بە سیمای پڕ و ڕووناکی مۆسیقادار، بەهای ئێستێتیکی لە سەرەتا لەناو مۆسیقادایە، ئەوجا لەناو واتا و وێنەدا خۆی دادەمەزرێنێت و دەردەکەوێت. واتا و وێنەی ئێستێتیکی زەینی سنووردار ناکات، بینایەکی ئاوێتەکراوی پێدەدات، کە لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێکهاتووە.

دووەم: پێویستییە ژیانییەکانی ڕۆژانەی کەسیی خۆی، وەک کەسێکی هەستەوەر و تێکەڵبوو بە دەوروبەر. ئەم پێویستییە ژیانییەش لە سروشتی ئەزموونییەوە درێژ دەبێتەوە.

خەستکردنەوەی ڕستە شیعرییەکانی لەناو ڕووداوە دیار و بینراەکان و ڕاکێشانیان بۆ ناو هەست و خەون، کە وەک هەوێنێک بە دەروون و بیری پژاوە و یارمەتی دەدات بۆ نزیککردنەوەی دەوروبەر بۆ ناخ و کرۆکی و خەملاندنی لە ئەزموونی ئازادیی نووسیندا. شیعری: (هاتن) و (ناشتن) نموونەی ئەم بۆچوونەنە.

خەیاڵ و سۆزی گەرم دەبێت و بە بیر دەینووسێت. ژیانی ڕۆژانەی خۆی وەک سەرچاوە بەکارنەهێناوە. هەر لەم خاڵ بینینەشدا دەبینین وشەی (فەرمانسالاری) زۆر کەم بەرچاو دەکەوێت. ئەگەر بە دەگمەنیش بەرچاو

بکەوێت ئەوە: نیشانکار و نیشانکراوێکی شیعرییە و ئاسۆیەکە هاوتای تێدا دۆزیوەتەوە و کردەی دۆنایدۆنی ماکی مانای لێوە بەڕێوە دەبات.

ئالۆزی نەخستووەتە ناو ڕستە شیعرییەکانی، بەڵام گرانی و قووڵیی واتای خستووەتەوە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە گیانییەکانی کەسی هەستەوەرەوە. پێشدەچێت شاعیر پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شیعری کلاسیکی کوردیدا نەبووبێت، بەوەی خوازە و لێکچوون و مەجاز و خواستن و نیشانە و درکە ... تاد، لە شێوازیدا کەم دەردەکەون و تاڕادەیەک ونە، ئەگەر هەشبێت لاوەکی و یەک ئاستە. ڕەوانبێژیی جیاکار لە نێوان شێوازەکاندا دەرناکەوێت. بیر و کارکردن لە ئاسۆکانی بیر زیاتر سەرنجی ڕاکێشاوە لە هونەری ڕەوانبێژی و ئاستداریی زمان، ئەگەر بنەماکانی خۆت باش نەناسی. ئەوە خۆشت باش ناناسیت، ئەو مەودایانەش باش نابینیت، کە تۆ لەوان جیا دەکاتەوە.

گەشەکردنی زمان پرۆژەیەکی درێژخایەنە بەو هێڵەی، کە لە سەرەتاوە تا بە ئێستا دەگات شیعری کوردی پێبەپێ پێیدا هاتووەتە خوارەوە. شاعیرانمان خۆیان بۆی ماندوو کردووە. ئەوە بەها و پێوەری بنەمایەکە بە دڵنیایی و بڕواوە لە ئاستیدا هەنگاومان ناوە و لە ڕەنجمان دوودڵ نین.

ئەم شاعیرە دەسەڵاتی بیری لە زمان و وشەدا تاقی کردووەتەوە، لە کۆکردنەوەی هێزی هەرسێکیاندا شیعریبوون لە دەقدا ڕسکاندووە. بەهای هەریەک لە (بیر) و (زمان) و (وشە)ی سەربەخۆ وەک هارمۆنییەتێک لە (وێنە)دا بەکارهێناوە و دەریخستووە، پاشان لە درێژبوونەوەی شیعرەکەدا ئێستێتیکایەکی شێوە ئەندازەیی هەست پێدەکەیت. ئەم شێوازەی نەبووەتە (تەوژم) و (ڕووداو)ێک، بگرە هەر خۆی لەناویدا درێژبووەتەوە و لە شیعری نوێبەخشی کوردیدا، کەمەیەکی کەمی شیعری گرنگی پێ نووسیوە.

**ئەیلوولی ٢٠٠٨ هەولێر**

# نزا سپییەکانی من

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەو شاعیرەی ژیانێکی خۆشگوزەرانی هەبووبێت، ببڕای ببڕ نەیتوانیوە شیعرێکی داهێنەرانە بنووسێت. بۆیە ئەو شاعیرانەی نازکێشراوی دەسەڵاتن، خاوەنی مێژووی داهێنان نین، چونکە گیانی یاخیبوونیان تێدا مردێنراوە و بەرفەرمانن، چاویلکەی ڕەنگاوڕەنگیان لەچاو کراون و هەموو وەرزەکان بە بەهار دەبینن.

ئەم شاعیرە، خودی هەستیار و نیگەران و ماندوویی خۆی لەناو تێڕوانینێکی لەبیر نەکراودا، کردووە بە دەقی شیعری و هەڵیداوەتە ناو پانتاییە پڕ ئاژاوەکانی ژیان، ئەو خودەی واقیع ستەمی لێ کردووە و نەیهێشتووە پڕ بە دڵی لەناویدا بژێت. لە کرۆکدا شیعر هێنانە گۆی دەنگە گەمارۆدراوەکانە و بەرزکردنەوەیەتی لە ئاست واقیع و پێچەوانەکردنەوەی دەسەڵات و هێزی خۆسەپێنەری ئەو واقیعەیە، کە نەیهێشتووە پڕ بە دڵی لەناوی بژێت و خودی هەستیار و نیگەران و ماندووی خۆی تێدا دامەزرێنێت. لە واقیعی کۆمەڵگای زیندوودا، شیعر وەک یەکەم دەرکەوتەی مرۆڤ و ڕۆشنایی بوون ناسراوە و فۆرمی وەرگرتووە، پاشان بۆ پاراستنی خۆی بەردەوام کاری لەسەر بوون و هەبوون کردووە.

واقیعی کۆمەڵگای زیندوو، درەوشانەوەی بەردەوامی تێدایە بۆ کار لەسەرکردن و خۆ دامەزراندن و بەجێهێنانی پرۆژەکانی ئەزموونی ژیان و نووسین.

واقیعی ستەمکار، لە مرۆڤی هەستیار و نیگەران و ماندوو بەهێزترە و دەسەڵاتی لێ سەندووەتەوە، یان جموجووڵ و چالاکییەکانی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی و بەرزەفتی کردووە.

شیعریش، کە ناوکی گیانە، دەبێت لەم خاڵ و خودەوە هاتبێت، خۆی کردبێتەوە و بوونی خۆی ڕاگەیاندبێت. لە خاڵ و خودی هەستیار و نیگەران و ماندووەوە، بۆ بەرزکردنەوەی، تا ئاستی (واقیع) و (بڕواهێنان).

هەندێک شیعر ساکارکردنەوەی واقیعی لێ دەکەوێتەوە، لە کاتێکدا واقیع زۆر ئاڵۆزە. خودی هەستیار و نیگەران و ماندوو نابێت لە بۆتەی شیعردا دژی واقیعی زیندوو بێت، بگرە تێیدا هەوڵ بدات پێستەکانی واقیعی زیندوو هەڵبداتەوە و ڕاوی تاڵە تیشکەکانی بکات.

(واقیعی زیندوو) هەمیشە درەوشانەوەی بەردەوامی تێدایە بۆ کار لەسەرکردن و خۆ دامەزراندن و بەجێهێنانی پرۆژەکانی ئەزموونی ژیان و نووسین، بەڵام (واقیعی ستەمکار) لە ئاوات و داوایەکانی خودی هەستیار و نیگەران و ماندوو ناپرسێت و دیکتاتۆر و سەرکوتکار و تۆقێنەرە. لە باری سەرکوتکردن و تۆقاندا، جوانی و هەست بە جوانی کردن هەڵدەبزرکێت.

لە خەیاڵی شاعیردا، هەموو خودی هەستیار و نیگەران و ماندوو لەناو شیعردا دەژین و پەیوەندییەکان دادەنێن. ئەوەندە ناسک دەبنەوە لە درزبردن و شکانی شەختە دەچن لەبەر خۆری بەهاراندا، یان نەرم و نیانی و دەنک پڕئاوبوونی هەنار لەبەر نمەی بارانی پایزاندا. پەیوەندیی لەگەڵ مەرگ دەگرن، بەڵام مەرگێکی لەخۆبردوو لەناو ئەو تێڕوانینە لە بیرنەکراوەی، کە خودی هەستیار و نیگەران و ماندووی

خۆی تێدا کردووه بە: (دەقی شیعری) و هەڵیداوەتە ناو پانتاییيە پڕ ئاژاوەکانی ژیان.

شیعریبوون بەم هەستیارییە و نیگەرانی و ماندووبوونەی خوددا دێت و پەیوەندی و یەکێتییەکی پتەویان لە نێوان ڕایەڵ دەکات، لە درێژبوونەوەی شیعرەکەدا ئەو پەیوەندی و ڕایەڵە هەڵناوەشێتەوە و شەیدا و سەرسامتر دەبێت، تەمێک لە هەستی دڵەڕاوکێ و هەست بە نامۆییکردن تێی دەئاڵێت و تانوپۆی دەچنێت و (بنیادێکی زەینی) دەداتێ.

جوانترین چییەتی و ماکی شێواز لە شیعردا ئەو شێوازەیە، کە دەیخوێنیتەوە بە پڕی و کامڵی هەست بکەیت لەناو بەشێک لە هەستەکانی تۆدا کاری کردووە و لەناوی ژیاویت و بەکامی دڵ دەخوێنیتەوە، ژیان لەناو چێژی کاتی شیعریدا داگیرساوە و وەک چەقی ناوەند دەبینرێت.

ئەگەرچی چەق بۆ شیعر پێوەر نییە، ئاسۆی جووڵاو پێوەرە، ئاسۆی جووڵاویش هێزی گۆڕان پێبەپێ دەبەخشێت و هاوسەنگیی خۆی لەگەڵ زماندا دەست دەخات، بەڵام کە لە خوێندنەوەکەدا تەواو بوویت، بگەڕێیتەوە دۆخی واقیعی ژیان و هەست بکەیت هەستێکی پاراو دەربڕاوە و لە بۆتەی دەقی شیعریدا بەرجەستە بووە.

شیعریبوون لە چێژ و هەستی کاتیدا دێتە بوون و لە دەقدا دەخولقێت و خولقانی خۆی تێکەڵی هێزی ئەفسووناوی دەکات. هەست و چێژی تەندروستیش ئەرکی زمان لە ئەستۆ دەگرن، لەو ئەرکی زمان لە ئەستۆ گرتنەدا، کەشێکی تاکانەی بەدەست هێناوە و خوێنەری ڕووبەڕووی زمانی ناسک بوونەوە و شیعریبوون و جیاکاری کردووەتەوە.

(نزا سپییەکانی من)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (عوسمان شەیدا)یە. ساڵی (١٩٩٩) لە دووتوێی (٩٧) لاپەڕەدا لە چاپخانەی (هەواڵ) لە سلێمانی چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (خەزان، ئەو شەوەی بەفری تێدا باری، ئەوین، خەتا، برووسکە، دوو پارچە شیعر، گۆڕهەڵکەن، سێو، شیعرێکی سەوز، کارەسات، بیست و چوار ساتەی ئێستای من، ١٩٩٥/٨/٢٦، مریەم، سەبووری یان سەفەری ئەییووب، خمخۆرک، درووەد، ڕۆژانە یاداشت، نزا سپییەکانی من، کریسماس، سەراب نا سەفەر، ئەوینێ لە گوڵ پیاوێک لە درۆ، من. تۆ و ستۆکهۆڵم، بەشێک لە داستانی خەج، قاسید، هەندێک لە وازییەکانی ژوانی زەرێ، دامیاو).

## مریەم

سێ ڕۆژە ماڵەکەم دەفێکی سواوە: شەوانە
بە پەنجەی شیعر لە سینگ خۆی ئەدا
سێ ڕۆژە گەردی ڕۆح ئەسووتێ
سێ ڕۆژە ڕەیحانەی عومری من
لە ئینجانەی هەورا:
بۆ مانگی ناوێزەی سریشکی هەواڵی دەگەڕێ..
ئۆف لە خۆم،
لە منی خێر نەدیو..
ئاخر کوا ژنە ئینجیلییەکەم؟
ئاخر کوا: وا لە کوێ؟
ژنە سازگارەکەی عومری وشکەڵاتووی

منی دڵ پەشمەک؟
پێم بڵێن، ئەگەرنا.
قورئانی مزگەوت و
زەنگی کەنیسە و
مەرقەدی پیاوچاکان. بە شاهید دەگرم
هەرچی ئازیزتانە، من ئاسا
ئاگری تێ بەربێ؟
ئەگەر بێ و پێم نەڵێن
ژنە ئینجیلییەکەم وا لە کوێ؟

شیعر بە چاو ناخوێنرێتەوە، باشترین شێوەی خوێندنەوە، خوێندنەوەیە بە بیر و زەین. لە شێوازی ئەم جۆرە خوێندنەوەیەدا، هەموو دووری و ئاسۆکانی دەقی پاراو بەدی دەکرێت. وەک دووری و ئاسۆ و بینین و بیستن و هێما و هێماپێکراو و زانیاری پەیداکردن لەبارەی هونەری شیعر نووسین و ڕەوانبێژی و ئەزموونی زمانەوانی. لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا هەست بە پێویستبوونی شیعر و نووسین لەناو کۆمەڵگادا، گەڵاڵە دەبێت و ڕوودەدات. باری چێژ دەگۆڕێت بۆ باری پێویستی. ئەم خوێنەرە هەمەلایەنە لە یەک کاتدا چەند کەس و لایەکە، بەڵام لایەک لایەکی دیکەیان ناسڕێتەوە و خود کپ نابێت، واتە: فرە ڕوانینە بۆ دەقی پاراو و ئەفسوونی وشە.

وشە لە وێناکردنی خەیاڵ دەبێتە ڕووداو و شتی نادیار، بەڵام وزەیەکی داهێنراوە و لە زەیندا هەست پێکراوە.

ڕووداو و شتی نادیاریش، کە تێیدا قاڵ و قووڵ بوویتەوە، دەبێتە موڵکی خودی هەستیار و نیگەران و ماندوو، لەسەر بنچینەی خەیاڵ و

قاڵ و قووڵبوونەوەدا، (توانا) و (بەهرە) گیان بە شتی نادیار دەبەخشن و ڕووداوە هەستییەکان ڕوودەدەن و دەبن بە (وزەیەکی داهێنراو).

لە ١٩٥٣ لە سلێمانی لەدایک بووە، پێشبینیکردن یەک لە خەسڵەتە گرنگەکانی شاعیری ڕاستەقینەیە. ئەو ڕووداوانەی، کە بوونەتە پێکهێنەر و بنیادی نووسینی ئەم کتێبە شیعرییە، پەیوەستن بە ژیانی شاعیر خۆیەوە و مانیفێستی ژیانی کەسایەتیی خۆی ڕادەگەیەنن. نموونە: وەک لە شیعری: (خەزان)، یان لە شیعری: (مریەم)، یان لە شیعری: (خەتا)، یان لە شیعری: (دوو پارچە شیعر) دەردەکەوێت. دەتوانین لە ڕێگای زمانەوە مانای جیا جیایش لەم مانیفێستەی ژیانی وەربگرین. لە کاتێکدا زمان تۆڕێکە هەموو وزەیەکی تێدایە بۆ دۆخگۆڕین. ئەو ئاماژانەشی داوە، کە زوو و بەجوانی ئەم ژیانە بەجێ دەهێڵێت و ژیانی نووسینی تەواو دەبێت. ٢/٥/ ٢٠٠٥ کۆمەڵگای کوردی یەک لە میوانە جوانەکانی سەر زەمینی کوردستانی جوانە مەرگ بوو، کە توانای جوان نووسین و جوان ژیانی هەبوو. بەردەوامیش لەسەر مانیفێستی ژیانی کەسایەتیی خۆیدا هێڵ و هێمای کێشاوە. بەو پانتاییەی تێیدا خولاوەتەوە ڕووبەری ماڵەکەی خۆیەتی و کارەکتەری کاراشی هاوسەر و منداڵەکانیەتی: (ئایشێ، شنروێ، ئاسۆ، دەشنێ).

هەندێک دەنگی نەمر لە ناخیدا نیشتووە، شاعیر خۆی تێکەڵی ئەم دەنگە نیشتووانەی ناخی دەکاتەوە و دەیانجووڵێنێت، کە بەردەوام لەناو ڕووداوە شیعرییەکانی دووبارە دەبنەوە و بە هەمەچەشن سیمایان پێشان دەدرێنەوە. گۆڕانێک، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ژیانیدا دێتە گۆڕێ، دواتر ئەم گۆڕانە دەبێتە بناغەی شیعرەکانی و گەشە بە تێگەیشتنی دەدات، لە توخمە زمانەوانییەکان نزیک دەبێتەوە. خودێکی لیریکی تێکەڵ بە خودی دەبێ و لە شیعرەکانیدا چاومان پێیدەکەوێت.

ئەگەرچی بەشێک لە شاعیرە بەتواناکانمان، کە (شیعریبوونی شیعری کوردییان دامەزراندووە.) وەک مانیفێستی ژیانی کەسایەتیی خۆیان دەقی سەرنجڕاکێشیان بۆ بەجێ هێشتووین، هەمیشە دەروونڕۆشنی بەردەوامییان تێدایە بۆ کار لەسەرکردن و خۆدامەزراندن و بەجێهێنانی پرۆژەکانی ئەزموونی ژیان و نووسین.

**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ هەولێر**

# دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە

شیعر گیانی مرۆڤ لە دەربڕینە زمانییەکانیدا بەرجەستە دەکات و شێواز بەرهەم دەهێنێت، شێوازی ئاخاوتن و نووسین و گوتن. دەتوانین لە ڕێگای شاکارە شیعرییەکانی دنیادا، تێگەیشتن و وێنا و هێڵکارییەکمان بۆ گیانی مرۆڤایەتی دەست بکەوێت. وەک وێنایەکی ئێستێتیکی و هەستی، نەک وەک (زانست) و (ئامار).

ڕێز لە تواناکانی بەرانبەر دەنێم و بەپێی ئاستی کار و داهێنانیانەوە بە دڵم دەبن. ئەمەش، یان لە کاتێکی کورت و دیاریکراودا لە قووڵایی دڵم نیشتەجێ بوونە و لە یادگەمدا ماونەتەوە، جاروبار یادگەم دەجووڵێنن و سۆزم بۆیان پەیدا دەبێتەوە، یان کاریگەرییان تا ماوەیەکی درێژ ماوەتەوە و لە خولیامدان و ئاراستەیەکی ڕاستەقینەن بۆ وەرگرتن لە باری گیانییەوە. ئەوانەی بۆ ماوەیەکی کورت و دیاریکراو چێژیان خرۆشاندم و کۆتاییان هاتووە، نەستم سڕیونەتییەوە، یان ئەوانەی بەردەوام خولیایان بەهێز کردووم و دەنگە دەربڕاوەکانی وشەکان هاودەنگم بوونە و خاوەنی ڕۆڵێکی کاریگەرن. بۆ ئەدەبیی و بە پیتکردنی بۆچوون لەباری ئەدەبییەوە. لە هەردوو باردا پشتیوانییان لێ دەکرێت. ئەو کاریگەری دانانەی لەسەر پێکهاتە هەستییەکانی ئەوی دی بۆ بەردەوام خوێندنەوە. دەرکەوتنی ڕۆڵی داهێنان و بە ئەدەبیبوونی هێزی زمانە.

ئەگەر لە شیعری حەفتاکانی کوردیدا، چەند نموونەیەکی جوان و داهێنراو لە زەین و یادگەمدا مابنەوە و بەردەوامییان لەگەڵمدا

هەبوو‌بێت. یەک لەوانە شیعرێکی بە ئەزموونداچووی ئەم شاعیرەیە: (بەڕووتی لەبەر بارانی لەزەتدا)، کە لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە (٤٥)ی کانوونی یەکەمی (١٩٧٧)دا، بڵاوی کردووەتەوە. لە بوونیدا گیانی ئێستێتیکای هەڵگرتووە و پاراستوویەتی. بەتایبەتی لە ڕووی قووڵبوونەوە لە (وێنە) و (مۆسیقا)دا.

پێکهاتەی ئەم شیعرە لە دڵی ساکار و ئاڵۆزی شاردا ڕایەڵ و تانوپۆی خۆی چنیوە، بە هەموو کەشوهەوا و خەسڵەتێکەوە وێنەکانی ژیانی ڕەنگ کردووە، بەردەوام لە خولیامدا بوونی داهێنراوی خۆی درێژ کردووەتەوە و خاوەنی ڕۆڵی کاریگەرە. فەزای شار فەزایەکی قەرەباڵغ و پڕ نهێنییە، بواری جیابینی و جیاکاری دەرەخسێنێت. بەردەوام لە جووڵەدایە و لە جووڵە ناکەوێت. بە زەینێکی کراوە و ئێستێتیکییەوە جوانییەکانی خوێندووەتەوە، بە وشە و دەستەواژەی جیاکار لە شاعیرانی دەوروبەری دەربڕینی لە بارودۆخی هەستی و بینرادا کردووە، دەرچووە لەو زمان و دەربڕینە فەرمانسالارییەی شاعیرانی دەوروبەری کردوویانەتە ناسنامە و شێوازی قۆناغێکی شیعری. دواتر شیعری تاراوگەی کوردی، زیاتر تایبەتکارە بەو شاعیرانەی کۆچیان بۆ جوگرافیایەکی دوور کردووە. وەک دیاردەیەک لە ناوەندی ئەدەبی کوردیدا ڕوویداوە. لە چامەی: (قوربانی تۆزی ڕێگەتم)ی (نالی) و چامەی: (گوتم بە بەختی خەواڵوو)ی (حاجی قادری کۆیی) و چامەی: (دەربەندی پەپوولە)ی (شێرکۆ بێکەس)ەوە ناسرا و بوو بە بابەت و شێواز و ڕووداو و دیاردە.

شاعیری ڕاستەقینە لە هیچ شوێن ناژیت، لە کۆچێکی بەردەوامدایە. شوێنی ژیان بۆ ئەو تەنیا نیشتیمانی شیعرە، یان هێزی وشەیە، کە

خودی پڕ سەرگەردانی داهێنەرانەی خۆی تێدا دادەمەزرێنێت و سەقامگیری دەکات.

شیعری تاراوگەکراو، بنیادێکی بابەتی و چەشنێکی تایبەتییان هەیە، جۆرێک جموجووڵی گۆڕانیشیان لە زماندا پەیدا کرد، یان زمانیان بردەوە سەر هاواری بە تەوژمی هەست و سۆز و ناسکبوونەوە. ئەمەش هۆیەکە بۆ تەسککردنەوەی بواری زمان.

زیاتر لە شیعری تاراوگەدا پرسیار، (رامانی سەرەکی)یە. کاریان لەبارەی هاواری بە تەوژم و هەستی غەریبی و سۆزی گەرمی خودایی کردووە، ئەو هەستپێکردن و ئاشکرابوونە بە بۆچوونی من لە شیعری: (غەریبی)ی ئەم شاعیرەدا، کە لە گۆڤاری (نەوشەفەق)ی ژمارە (٥٢)ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٨دا، بڵاوکراوەتەوە. دەگاتە گەڵاڵەبوونی دەقێکی ئێستێتیکی و لێوانلێو لە بێگەردیی هاواری بە تەوژم و هەست و سۆز و شیعریبوون و چڕبوونەوە لە دەربڕیندا، گەیاندنێکی تەواو درەوشانەوەی لە زەین و ئاگایی بەرانبەردا دەخەملێنێت. سۆزی قووڵ و برین کولانەوە و لە نیشتیمان هەڵکەنان و هەستی غەریبی کردووە بە هونەر. هونەری ئاخاوتنی شیعر لەناو ئێستێتیکادا. هونەریش تەنیا بە خاڵ و هێڵی ئێستێتیکا پێوانە دەکرێت. ئێستێتیکا هەموو ئاسۆیەک لە بوونی دەقدا پێدەگەیەنێت بۆ درەوشانەوە و هیچ تroووسکەیەکی درەوشاوەش ناکوژێت.

سۆز پەیوەندیی شاعیر بە ڕابردووەوە ئاشکرا دەکات، لەم جۆرە شیعرەدا جەخت لەسەر هاواری بە تەوژم و سۆز و هەست بە نامۆییکردن دەکرێتەوە. ئەمەش بەهۆی پاڵنەرە سایکۆلۆژییەکەیەوە، کە نەیتوانیوە تێکەڵاوی دەوروبەری ببێت و تەبایی و پەیوەندیی هاوگیانی دروست بکات و کلتووری ئەوێ وەربگرێت. ئەم بارە دەروونییە دەبێتە

هۆی سەرهەڵدانی هەست بە نامۆییکردن و بەرزبوونەوەی سۆز و هاواری بەتەوژم، کە شاعیر بارودۆخێکی گونجاوی بۆ هەڵکەوت و توانی لەگەڵ کۆمەڵگای ئەو جوگرافیایەی کۆچی بۆ کردووە تەباییەکی کلتووری بەدەست بهێنێت و دەستکاریی ژیانی خۆی بکات بۆ ڕاهاتن بە جۆری ژیانی ئەوان و ئەویٚ.

ئەو هاوارە بە تەوژمە و هەست بە نامۆییکردن و بەرزبوونەوەی سۆزەی بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت، ئەگەر ئەزموونی شاعیرانی تاراوگەکراوی خۆمان بهێنینە بەرچاو، ئەوەمان لا جێگیر دەبێت و دەبێتە خاڵێکی ئاشکرا، کە شاعیران چەند ساڵێکی سەرەتای تاراوگەبوونیان ئەم جۆرە شیعرەیان بەرهەم هێناوە. دواتر پێبەپیٚ بۆ ناو شیعری بوونی کشاون. ڕەگەزی (سەرەکی) تێکەڵی ڕەگەزی (لاوەکی) دەکەن. لەو کردار و کردەیەدا هەست و سۆز و هاواری بە تەوژم دەبن بە ڕەگەزی لاوەکی.

هەر کەسێک لە کاتی دەربڕینی هەست و سۆز و هاواری بە تەوژمدا. چ لە (ئاخاوتن) و چ لە (نووسین)دا شێوازی خۆی بۆ دروست دەبێت. شێوازیش زانستە. مرۆڤ لە کاتی دەربڕینی هاواری بە تەوژم و هەست و سۆزدا، شێوازیان لێک جیا دەبێتەوە، بەڵام لە دەربڕینکردن و دەربڕینی ئەقڵیدا شێوازیان لێک نزیک دەبێتەوە. ئەو بۆچوونە نهێنییەک نییە هەوڵی ئاشکرابوونی بۆ بدرێت.

لە بنەڕەتیشدا هاواری بە تەوژم و سۆز لە ناوەرۆکە هەستییەکانی مرۆڤەوە پەیدا دەبن و لە دەربڕیندا شێواز دروست دەکەن. هاواری بە تەوژم و سۆز لەناو چرکەی کورتخایەندا گەرای خۆی دادەنێت و لە کتوپڕدا دەترووکێت. زەمینەسازی بۆ نووسین پێکدەهێنیٚ، یان دۆخی

پرسیار و ورووژان و بیرکردنەوە دەدۆزێتەوە بۆ هاواری بە تەوژم و سۆز و هەست.

(دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (سەڵاح شوان)ە. ساڵی ١٩٧٨ لە دووتوێی ١٥١ لاپەڕەدا، لە چاپخانەی (دار الحریة للطباعة) لە بەغدا چاپ کراوە، شەست و چوار شیعری تێدایە.

بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە.

بەشی یەکەم: لاپەڕە (٥ تا ٦٦) چل شیعری لەخۆ گرتووە.

بەشی دووەم: لاپەڕە (٧٠ تا ١٢٠) هەژدە شیعری لەخۆ گرتووە.

بەشی سێیەم: لاپەڕە (١٣٥ تا ١٤٥) شەش شیعری لەخۆ گرتووە.

## گشت شتەکان بسڕەرەوە

کچۆڵەی زریانت دیوە
چۆن سوخمە و ژێرکراسەکەی
لەسەر بەفر هەڵئەخات
خۆی ئەکوژێت.
کاروان مەکە؟
کاروان مەرگە و مانەوەشت دیسان مەرگە
کاروان مەکە؟
زەردووی دارستان خوێنەکەت
ئەفەوتێنێت
لە جێگاکەی خۆتدا کپ بە
تا ئەم خولەش تەواو ئەبێت

ئەوساکە ئەگەڕێینەوە
ئەگەڕێینەوە و مندالّی
لە پەلّەیەکی ڕووناکدا هەلّئەگرین
گەورەی ئەکەین
تا ئەبێتە دەریایەک لە گلێنەدا.
یان ئەبێتە خالّێک لە ناوکی لەزەت
کاروان مەکە؟
چونکە مانگ ئا لەم شەوەدا
خۆی لەسەر درەختی خەمی پەمەیی ڕووت ئەکاتەوە
ئەوسا ئێمەش بڕیار ئەدەین
بمرین
یاخۆ نەمرین.
گشت شتەکان بسڕەرەوە؟
ئەوسا سەیری خۆت کە بوویتە بە گشت شتێک
تێکەلّی ئاورنگی خەونی بەیانیان ئەبیت و دەریا شەق ئەبات
دەنگی دلّدارەکەتت بەرگوێ ئەکەوێت
لە بازاڕی کۆیلە فرۆشانەوە بانگت لێ ئەکات
کاروان مەکە؟
کاروان مەکە؟
دەسا ئەی بەنەوشەی سەرسام
با پیس نەبیت بگەڕێرەوە ناو دلّی سەهۆلّبەندان.
چونکە گەرما گیان و لەشت بۆگەن ئەکات
لە بیریشت نەچێت زەوی خولێکی تریشی ماوە
خەم کۆترێکە گشت ڕۆژێک سێ جار

بە خوێنی بەفرەکە خۆی ئەشوات و بەفرەکەش ناتوێتەوە.

شاعیری نوێبەخش، سەرەتای نوێبەخشی لەوەوە دەردەکەوێت، کە نوێبەخش بێت لە (پرسیار) و (ورووژان) و (بیرکردنەوە)یدا، ئەوجا ئەو سێ خاڵ و نیشانەیە کار پێبکات و بە ئاستدارییەکی داهێنراوەوە لە دەقدا وەک ناوەند دایانمەزرێنێت و سەقامگیریان بکات. نموونە: وەک لە شیعری: (کۆچێکی بێ سەرو شوێن)، یان شیعری: (چرۆی بەفر)، یان شیعری: (پرۆمیسیۆس سەیری ئاسمان ناکات)، یان شیعری: (گشت شتەکان بسڕەرەوە) دەردەکەوێت.

شاعیری حەفتاکان هەریەک بە جۆرێک هەوڵدانی هەبوو بۆ کارکردن لەناو کلتوور و داستان و بەیت و داب و نەریت و باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردی ... تاد، بەتایبەت ناو خواستن لەناو کلتوور و داستان و بەیتی کوردیدا، بەڵام لە گەیاندنی دەربڕیندا زۆرینەیان لە یەک دەچوون. زیاتر ناوەکانیان دەخواست و دەیانکردن بەهێما و هێماپێکراو. کەمتر کاریان لەبارەی دنیابینیی نەوتراو و نادیاری کەسایەتییەکان دەکرد، یان ناوهێنانەکان بەهانەیەکن بۆ ئەوەی داستان، یان بەیتەکان بە بیری خوێنەر بهێننەوە، یان لە زەینی خوێنەری نزیک بکەنەوە. ئەمەش لە بەرژەوەندیی دەقدا نییە. داهێنان لە ڕێگای خود و هاواری بە تەوژم و هەست و سۆزی ئەوی دیکەوە بەرهەم نایەت.

دارِشتنێکی تۆکمە بۆ ئەم کارکردنەیان نەکراوە. ئەم کار بۆ نەکردنەش وەک لاوازی و نەتوانینێک تێبینی دەکرێت و لە داهێنانی شیعریدا بنیادێکی شڵەژاو بەرهەم دەهێنێت.

ترپە و ئاواز لە دەربڕینەکانیانەوە پەیدا بووە، یان بە دەربڕینەکانیانەوە دەیانبەستایەوە. لە کاتێکدا ترپە و ئاواز لە زمانەوە پەیدا دەبێت و لە دەربڕینی زمانیدا هەڵدەقوڵێت.

شیعری ئەم شاعیرە، لە ئاست و بەهرەدا قووڵایی خۆی بۆ لای تواناکانی زمان برد، لەم ڕووەوەش ڕوانینێکی نیمچە کامڵ و خەمڵیوی بۆ ئەم ئەزموونە دەستەبەر کردووە. ئەزموونێک لە ناخی خۆیەوە ڕوو دەدات و پێگەیەک وەردەگرێت و دەست پێدەکات.

ڕێگاکەرەوەیە بۆ دۆزینەوەی تواناکانی زمان. خواستی مۆسیقای شیعریشی پاراستووە و بردوویەتییەوە ناو پێکهاتەی زمان. دوولایەنەی مۆسیقا و زمانی هەستی گونجاندووە، ئەمەش هاوئاستکردنی (مانا) و (دەنگ)ە.

زمان، ناوەندی پێکەوە گونجاندن و کۆکەرەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعرە. هیچ شیعرێکیش بەبێ بیرکردنەوەی زمان ناتوانێت بوونی سەربەخۆیی خۆی دیاری بکات، زمان بیر دەکاتەوە، ئەوجا شیعر دەخوڵقێت و دەچێتە ناو ئاستداریی زمانەوە، ناوەرۆکیش خۆی لە زمان جیا ناکاتەوە. لەو بارەدا دەتوانین ئاستداریی ناوەرۆک بۆ ئاستداریی زمان بگەڕێنینەوە.

ئێستێتیکا لە ڕێگای زمانەوە دەربڕینی لێدەکرێت و جۆرێک شیعریبوون بە ڕستە دەدات. ئەو ئێستێتیکایەی ناوەرۆک و چییەتی مانا نەتوانێت بەدەستی بهێنێت، زمان بەدەستی دەهێنێت، شیعریبوون دەبێتە دروستکەری پەیوەندیی لە دڵەوەی ناوەرۆک و زمان، یان (مانا) و (دەنگ).

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ هەولێر**

# کۆبەرهەم

شیعری واقیعی وەک ڕەگەزێکی بایەخدار لە کلتووری کوردستان و ئەدەبیاتی کوردیدا، جێگای سەرنج و بەها بووە، لە بارودۆخێکدا وەک: (ڕاستیی بوون) ڕوخساری خۆی داڕشتووە، ناهەموارییەکانی تا ناخ ئاشکرا کردووە. لەم شێوازە شیعرییەدا ڕووداوێک سۆز دەجووڵێنێت و ئامادەی دەکات بۆ دۆخی نووسین، ئەم سۆز جووڵانە بەهۆی وشەوە دەبێتە وێنە و کاریگەریی هەستی کەم لێ دەردەکەوێت، چونکە بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی وێنەکە کرداری مانا گواستنەوەیە. لەم دۆخەدا (خەیاڵ داهێنەر نییە)، ئەقڵ بەڕێوەبەرە و داوی پەیوەندییەکان گورج و خاو دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی دەقەکە دەقێکی لێکدانەوەیە لەبارەی ڕووداوێک، بەڵام لە شیعری مەجازیدا (بوون)ێک، کە ترپە و ئاوازێکی خەمگین دەهێنێتە ناوەوە، پەیوەندییەکانی خەیاڵ و هەست و سۆز گەرم دادەهێنێت، بەهۆی وشەوە وێنەیەکی خەیاڵی پەیوەست بە دۆخی دەروونی شاعیرەوە دروست دەبێت، وێنەکە وێنەیەکی کاریگەر دەبێت، چونکە بینین بۆ یەکەم جار هەموو هێزی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی کۆ دەکاتەوە و لەسەریدا دەگیرسێتەوە. بینینێک، بە بڕواوە ڕسکاوە و تێڕوانینی هەیە بۆ ژیان و دەوروبەر و سروشت و گەردوون، لەم دۆخەدا هێزی مەجاز و خەیاڵ بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە داهێنەرن، هەست گەورەترە لە زەمینی واقیع. شاعیر لە مەجازدا کار لەبارەی شتە بە ئاستەم دیارەکان دەکات و دەیهێنێتە ناوەوە، هەروەها ناشکرێت شێوازەکان تێکەڵ یەکتری بکەین، یان شێوازێک بەناوەندێکی

گرنگ بزانین و ئەوانی دیکە بە لاوەکی. هەموو شێوازێک بە کارامەیی کاری لەناو بکرێت داهێنانی لێوە بەرهەم دێت، دەبێت بەها بە هەموو شێوازێک بدرێت و شوێنی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت. لە نیشتیمانی کورددا، شیعرێکی داهێنراو نییە سیمایەکی جوانی بە دیکتاتۆر دابێت. هەمیشە ئەدەبی داهێنراو دژی ستەمە و لایەنگری جوانی و مرۆڤپەروەری بووە و ئاستە جیاوازەکانی واقیعی دەرخستووە.

ئەم نووسەرە بەهرەدار و کەسایەتییەکە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا، لە کۆمەڵێک هێڵ و هێمادا تواناکانی خۆی تاقی کردووەتەوە و بەرهەمهێن و داهێنەرە و وردبینیی هونەری هەیە.

من لێرەدا تەنیا لە هێڵ و هێمای شیعرییەوە لێی دەدوێم و لەم باروبوارەدا خاوەنی بیرێکی زانراوە و جیهانی نەزانراو و هەستی ڕاناگەیەنێت، ئەو جیهانەی تێیدا کارایە بە کەمێک گۆڕانکارییەوە دووبارە وێنای دەکاتەوە، لە پلەیەکی هۆشیاریدا پێویستییەکانی مرۆڤی ئەم جیهانەی وێناکراوە، کار پێدەکاتەوە و لەناو ڕستە شیعرییەکانیدا دایدەمەزرێنێت و دەزانێت چۆن و لە کام جێگادا سێبەر بۆ فیکری خۆی دروست بکات.

شاعیری واقیعبین خۆی سەرگەرمی ئەو شتانە دەکات، کە دەیانبینێت، یان بە ئاستەم دەیانبینێت و گەورەی دەکاتەوە بۆ ئاستی باشتر بینین و دەربڕین لێکردن، بەڵام شیعر بۆ کەس نابێتە دەستوور و یاسا و بنەما، تا ژیانی لەسەر بەڕێوە ببات. دەشێ شیعرێک لە سروشتی خۆی، لە خۆ و ڕواڵەتدا باش تەماشای جیهانی کردبێت، پانتاییەک بێت لەوێدا بۆ نادیار بگەڕێین.

لە ئاسۆیەکی پڕ مانا و کاریگەرەوە، کلتوور لە فۆرمی سەرچاوەیەکی خۆڕسکەوە بەکار دەهێنێت و لێی نزیک دەبێتەوە، دوای

سوودوەرگرتن و بەکارهێنان وەک سەکۆیەک لەسەری دەوەستێت و خۆی ڕادەگەیەنێت، واتە: هێڵ و گونجاندنی فیکری بەکاردەهێنێ.

لە کاتی نووسیندا، بەترس و هەڵچوونەوە ئاگاداری بارودۆخی دەروونی خۆیەتی، چی لە پێکهاتەی شیعرەکەوە ڕوودەدات، پەیوەندی بە بارودۆخی دەروونی خۆیەوە هەیە و ئاشکرای دەکات.

مرۆڤ لەناو شیعرەکانیدا ئاشقێکی تا هەتایە نییە، بگرە ئاشقێکە بەرەو ڕزگارییەکی دیاریکراو، لەژێر کاریگەرییەکی مەودا کورتدا دەجووڵێت. خولیا و ڕایەڵ و تانوپۆی ڕستەکانی ڕوون و لەڕوون، پەیوەندییەکانی ڕەگەزی پێکهاتەی تا ڕەگوڕیشە قووڵ ناکاتەوە، بەڵام هارمۆنییەت و تەباییەکیان لە نێواندا دروست دەکات، بە دووری و ئاسۆی ڕۆمانسییانە و کەشوهەوای گۆڕانکارییە واقیعییەکان گرێیان دەداتەوە. هەندێک جاریش یاخییەکی تۆڵەستێنە و توندوتیژی دەخاتەوە، لە کاتی هەڵچوون و توندوتیژیدا شاعیر ناتوانێت بیر و هەستی بخەملێنێت و بە چاکی بەکاری بهێنێت، پەیوەندییە ئێستێتیکییەکان لە کاتی ئاسوودەیی مرۆڤەوە خاڵی پێکهاتە دروست دەکەن و پێدەگەن بۆ بەکاربردن و کارپێکردن. هاوشێوەی سرووش و جووڵاندنی بە ئاراستەی نادیار و بەرەو پرسیار چوون، واتە: لەم باروبوارەدا پەیوەندییە ئێستێتیکییەکان لە مەودای نووسین دەمێننەوە.

بەسەر واقیعی شێواودا شۆڕشگێڕە، شۆڕشگێڕییەکەشی پەیامێکە لە مرۆڤپەروەریدا دەیگەیەنێت و لەگەڵ کۆدا دایدەمەزرێنێت. ئەو ئەزموونەش لەوەوە کەوتووەتەوە، کە خۆی لەناو شێوەیەک لە شێوەکانی مەرگدا ژیاوە و تلاوەتەوە. ئەوەی لەو جۆرە ژیان و هەستە تراژیدییەوە لای کۆبووەتەوە و جۆشاندوویەتی و لە قووڵاییەوە ڕایچڵەکاندووەتەوە، قەوارەیەکی شیعری پێدەدا، ویژدانی خۆی، واتە:

ویژدانی نووسین، لەناو ویژدانی مێژوودا دەدۆزێتەوە و تەوژمی ناوەوەی مێژوو هورژم دێنێ.

ویژدانی نووسین، بەتایبەتی شیعر بۆیە هەیە، تا ببێتە پەنجەرەیەک بۆ تیشکێکی نیگەران و پێشبینییەک بێت بۆ جوانی و قاڵکردنەوەی مرۆڤ لە جوانیدا.

هەستی ژیانبینی و پێشبینی لە شێوازی ئەم شاعیرەدا زۆر بەهێز بووە، دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتی بە هەموو ئاسۆکانییەوە هەست پێ کردووە و ناسیویەتی، لە بەشێک لە شیعرەکانیدا هەستی کۆتایی خۆی لەبارەی ئەو واقیعە دژوارە دۆزیوەتەوە و تراژیدیا، یان کوشتن و شەهیدکردنی (خۆی) بە ئاشکراترین شێوە وێنا کردووە. نموونە: وەک لە شیعری: (وێنە)، یان لە شیعری: (ژوورەکە)، یان لە شیعری: (برمە)، یان لە شیعری: (نهێنی نەکوشتن و نەنووستنم)، یان لە شیعری: (بۆ هاوڕێیانم) ... تاد، لەباری دیکەیشدا شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی گیانی گشتیی کۆمەڵگای کوردین و مرۆڤ بەگشتی ئامادەبوونی تێدا هەیە، دەتوانین شیعرەکانی وەک ناوەرۆک بە بارودۆخی سیاسیی نیشتیمانی شاعیرەوە ببەستینەوە، لەم بەستنەوەیەدا دەردەکەوێت مامەڵەیەکی ورد و هەمەڕەنگی لەگەڵ ئاستە جیاوازەکانی واقیع و دەوروبەری خۆی کردووە و ناسیویەتی و هێڵ و گونجاندنی فیکری بەکارهێناوە، کە مێژووی تایبەتی نەتەوەیەکە لە سەردەمێکی نالەباردا، بە خولیای شۆڕشگێڕانە نووسیویەتی. پاشان واقیعەکەی وەک واقیعێکی نووسین نیشانداوە. لە تیشکۆی نیشانداندا دیکتاتۆر و سروشتی دیکتاتۆری کردووەتە هێما و نیشانە. ئەم جۆرە هێما و نیشانەیەی کردووە بە بنەڕەتی کارکردنی ئەدەبی، لە هەمان کاتدا شارەزای شێوە جیا جیاکانی دەربڕینە. ئەم شێوازی دەربڕینە بواری ئەوە بە شاعیر دەدات تا مانا و

تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵگا لەناو ڕووداوەکاندا ڕوون بکاتەوە و هۆکارەکان بەدوای یەکدا بهێنێ و ڕایبگەیەنێ. لە کارکردن لە ئاستە جیاوازەکانی واقیعدا شاعیر ناتوانێت شتێکی دیکە لەوەی هەیە زیاتر و تازەتر دروست بکات، گیانی شاعیر لەناو وشە و دێڕ و ڕستەدا ون دەبێت، بەڵام خەیاڵ و خەون و یادەوەری و جیاکاری و دووری و ئاسۆی دیکە بەرهەم دەهێنێت، گیانی شاعیر لەناو وشە و دێڕ و ڕستەدا بوونێکی بەرجەستە دەبێ و دەبینرێت و کاریگەری، هێزی دروستکردن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ناو واقیعی داهێنان.

(کۆبەرهەم)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی: (دڵشاد مەریوانی)یە. ساڵی ٢٠٠٩ لە دووتوێی ٤٤٠ لاپەڕەدا لە چاپخانەی (ئاراس) لە هەولێر چاپ کراوە، هەشت کۆشیعری لەخۆ گرتووە.

* کۆ شیعری یەکەم: فرمێسک و زەردەخەنە. لاپەڕە (٢٧ تا ٨٢) چل شیعری تێدایە.

* کۆ شیعری دووەم: ببن بە تیشک. لاپەڕە (٨٦ تا ١٤٠) سی و شەش شیعری تێدایە.

* کۆ شیعری سێیەم: سەمفۆنیای وەنەوشە. لاپەڕە (١٤٤ تا ١٦٨) پەنجا و یەک شیعری تێدایە.

* کۆ شیعری چوارەم: سەمای نێرگز. لاپەڕە (١٧١ تا ١٨٦) سێزدە شیعری تێدایە.

* کۆ شیعری پێنجەم: ئێمەش لە خۆشەویستی دەزانین. لاپەڕە (١٨٩ تا ١٩٥) حەفت شیعری تێدایە.

* کۆ شیعری شەشەم: پەلکەزێڕینەش نامۆ مەکەن. لاپەڕە (١٩٩ تا ٣١٦) چل و نۆ شیعری تێدایە.

* کۆ شیعری حەوتەم: خەونی سەما دژەکان. لاپەڕە (٣١٩ تا ٣٥٢) چاردە شیعری تێدایە.

* کۆ شیعری هەشتەم: عیشقی بێ نەخشان. لاپەڕە (٣٥٨ تا ٤٤٠) شەست و سێ شیعری تێدایە.

ـ کۆی گشتی شیعرەکان سێ سەد شیعرن.

**بـرمـه**

کە چاوی بە سینییەکە کەوت
جامخانەکەش وەک ناو دەمی. ئاوی تێ زا
حەزی لە برمەیەک کرد و کابرا وتی بە پەنجا.
بە گیرفانیا دەستی گێڕا
پەنجاییەکە و یادی هاوسەرەکەی ژینی
بەدەستییەوە هات. ڕاما
کابرای برمە سەیری کرد ئەم شەرم گرتی
دایە و
برمەکەی لێ وەرگرت
کە چووەوە وتی: بێ تۆ
برمەیەکم زەهر کرد و پەشیمانم
بەڵام قەینا
سبەی کە معاشم وەرگرت
کیلۆیەکت بۆ دەکڕم.

* * *

سبەی کە معاشی وەرگرت
هەر لە کارگەوە بردییان

ئەفسەرەکە لە زمانی
برمە و حەزی نەدەزانی
هاوسەرەکەی پاش هەفتەیەک چاوەڕوانی
شەوێک دەرگاکەی کردەوە. لەجێی برمە.
لە جنفاسێکی زەردباوا
باڵاکەی ئەویان بۆ هانی.

زمان بڕوایەکە و هێزێکی پێداوین، دەبێت لە شیعردا ئەفسوونێک بەدەست بهێنێت، شاعیر لەناو ئەفسوونەکەدا بنووسێت و خوێنەر بباتە ئەو شوێنەی، کە ئەفسوونەکەی لێوە هاتووە و شارەزای ئەفسووناسی بکات، بەڵام ئەم زمانە ڕوون و ئاهەنگدار بێت. ڕەنگە لەگەڵ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەفسوونەکەدا هۆشی کۆمەڵگای تێدا بناسرێتەوە.

شاعیر لە کردەی بوونی زماندا کاری نەکردووە. بەقەد ئەوەی دەسەڵاتی هونەریی خۆی لە (ڕووداو) و (بابەت)دا کۆکردووەتەوە، ڕووداو و بابەت لە دوای نووسیندا نابێتە کۆمەڵێک هەست و ئیماژە. ئەگەر بتوانێت ڕووداو و بابەت دوای نووسین بکاتە هەست و ئیماژە، خوێنەر هەرچەند جارێک بگەڕێتەوە سەری دووچاری داچڵەکین و جووڵان دەبێت. ئەم داچڵەکین و جووڵانە هێزی داهێنان دەهێڵێتەوە، لە کاتی توانەوە لەگەڵ هەست و ئیماژە و شیعربووندا زیاتر گفتوگۆی لەگەڵ (نادیار) دایە، نەک لەگەڵ (ڕووداو و بابەت و بیرێکی دیاریکراو). گەورەترین هەڵەی خوێنەریش ئەوەیە، گەر بیەوێ: (مانای ڕاستەقینە). ڕێک ئەو مانایەی شاعیر بەکاری هێناوە، بدۆزێتەوە. شاعیر هەوڵ دەدات هەموو ئەو شتانەی دەیانزانێت بیاننووسێت و بیانباتەوە ناو سۆز، سۆزیش کاریگەری لەسەر مانا و وێنە و بنیاد بەجێ دەهێڵێت. لە

هەندێک باروبواردا هونەری داهێنان لاوەکی دەخات و زانیارییەکانی ناگوازێتەوە ناو دووری و ئاسۆی داهێنان و بنیادی زمان، واتە: زمان لە بەکاربردنیدا، زمانێکی ناچالاک و دەستەمۆیە. لەم تێڕوانین و بۆچوونەوە کار لە پێناو زیندووکردنەوەی سۆز لەناو ڕواڵەتی واقیع و پاراستنی کەلەپووری واقیع دەکات، کەواتە: (لە خودی خۆیدا بیرناکاتەوە، واتە: ڕوونبینی لە هەست و خەونی بەتەواوی نەخەملاون)، دەچێتە ناو واقیع و بەهۆی ڕووداو و بابەت و ناهەمواریی واقیعەوە بیر دەکاتەوە. ئەمەش بینینی واقیعە وەک گشتێک، واقیع وەک گشت بینین، ترسناکترین دووری و ئاسۆی کارکردنە لە هونەری داهێناندا.

بە دەگمەن داهێنان لەم جۆرە تێگەیشتن و بینینەوە بەرهەم دێت، چونکە درێژبوونەوەی واقیعە، بەشێک نییە لە پێکهێنانی (واقیعی زیندوو)، واتە: تەنیا چەمکێکە لە واقیع.

شێوەیەکی زیندووی واقیع لە هێزی درامی و بەرزکردنەوەی گیانەوە بەرهەم دێت، کە هەست بارەکەی خوڵقاندبێت و مەودایەکی لە نێوان ژیانی مرۆڤ و واقیع دانابێت. مەودایەک پانتاییەک بێت بۆ هەژانی ویژدان و بووژانەوەی گیان.

(٢٠١٠/٣/١٣) بیست و دوو ساڵ بەسەر شەهیدبوونی تێپەڕ دەبێ، لە ڕێکەوتی (١٩٤٧/٣/٢٨)دا لە سلێمانی لە دایک بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/٣/١٣) لە شاری لەدایکبوونیدا لاشەیان بزر کرد و گیانیان گواستەوە ناو سەرچاوەی هەموو ڕووناکییەک: زمان و پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی.

ئەم تەمەنە کورتەی ئەگەر بەراورد بکرێت بەوانەی تەمەنی کیسەڵیان هەیە. ئەوەت لا دەبێتە خاڵێکی باشبینین، کە بووەتە کەسایەتییەکی چالاک و کارا لە میانەی کارکردنی لە باروبواری ئەدەبی

واقیعیدا و توانیویەتی فۆرمێکی دیار لە شیعری کوردا دووبارەبکاتەوە، فۆرمی دەستەمۆی واقیع. لە پێناو دووبارەکردنەوەیدا هێڵ و گونجانی فیکری بەکارهێناوە.

بەهۆی ئەو ئایدۆلۆژیا تایبەتییەی هەیبوو، هەوڵی پەروەردەکردنی میللەتی دەدا بەرەو گۆڕان و باشترکردن و کردنەوەی جیهان بەرەو وتووێژێکی درێژ و نا کۆتا، ئەگەرچی ئەم بینین و کارکردنە کاری ڕێکخراوی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان پەروەردەیی، یان مەڵبەندی ئەکادیمی، یان ڕێکخراوی ئایینییە ... تاد، دوا ئامانجی شیعر پەروەردەکردنی هەستی زمانی و ئێستێتیکییە لە گیانی کۆمەڵگای تەندروستدا. ڕەنگە ژیانی کۆمەڵگایەک لەناو مێژوودا فەرامۆش بکرێت، بەڵام ژیان لەناو ئەدەبی داهێنراودا مەحاڵە فەرامۆش بکرێت. ژیانی کۆمەڵگای تەندروست لەناو ئەدەبی داهێنراودا ڕوخسارێکی بێگەرد و تەواو ئێستێتیکییە، هەست و خەون بەتەواوی تێیدا خەملیون.

**شوباتی ٢٠٠٩ هەولێر**

# سەرم پڕیەتی لە سێبەر

شیعر هەم خاکە و هەم هەموو ئەو بوونەوەرانەیە، کە لە سەریدا دەژین، کەسانێکی لێ نیشتەجێیە یەکتریان خۆشدەوێ. ئەفسانە بەرهەمی بیرکردنەوەی داهێنەرانی پێشووە، لە ناکاودا دێتەوە ناو بیرکردنەوەی ئەمڕۆمان و نوێبەخشیی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، واقیع بەها و بەهانەکانی قبووڵ ناکات، یان بە درەنگەوە قبووڵی دەکات و هاوتا و هاومانای لەگەڵ خۆیدا ڕێکی دەخات. نوێبەخشی لە شیعردا بڕوابوونی شاعیرە بە خودی بەهێزی خۆی، واتە: خودی ناو شیعر، کە خودێکی ئازا و دەگمەن و جوانیویستە. کاتێک بوێریی ئەوە دەکات دەربڕین لە دێرینیی مرۆڤ و شێوازی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی گەردوون بکات، هەست چۆن دەچێتە ناو شتەکان و لە کردار و پەیوەندییەکاندا بەشدار دەبێت. بە کار و کارایانە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، چۆنیش زانیاری، یان سرووش و خرۆشی نووسین لە خۆی نزیک دەکاتەوە و وەریاندەگرێت، پاش لێ وردبوونەوە و تێڕامان دەیانبەخشێتەوە.

بوون دەبێتە جێگای سەرنج و پرسیاری کاریگەر دەهێنێتە ناو چەقی کارکردن و بیر لە بەئەدەبیبوونی دەربڕینەکانی دەکاتەوە. نەک لەناو سێبەری ڕێبازە جۆر جیاکارە ئەدەبییەکان دابنیشێت و بۆ چالاکبوون و خۆبوونی خۆی، خۆری کزیی دەستەوەستانی هێندە تینی پێ نەدات، فریای بەخشین نەکەوێت.

هاتنە ناو یەکی چەندین شێواز و بیر و بەڕێوەبردن داگیری بکات، ڕێگای دەرخستنی پەیوەندییە هەستییەکانی خۆی لێ بگرێت. لەم

ڕێگرتنەشدا شیعری نموونەیی و باڵا بزر دەبێت. لەم بارەدا نادڵنیایی چرکەساتی نووسین دەگەیەنن بە چالاکبوون و خۆبوونی خۆی. شاعیر لە ئاستێکدا، کە شیعریبوون دەهێنێتە ناو ڕستە و وێنەکانی، لە مۆسیقایەکی خوڕدا تاقی دەکاتەوە. ماوە و مەودایەکە خەریکی دۆزینەوەی یاری و پەیوەندییە نادیارەکانی شیعرە، هەست و بیری خۆی بە جۆرێکی ئێستێتیکی بەکارهێناوە. وای دەبینێت هاوارێکی هێمنە لە دەروونێکی بریندارەوە پێی دەگات، لە پلەیەکی هۆشیاریدا چوارچێوەیەکی هەستەوەرانەی بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام هیچ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر نەوەی دوای خۆی بەجێ نەهێشتووە، نەوەی دوای خۆت هەمیشە لە ئاراستەیەکی کاریگەردا بیرۆکە و هونەری وریاکردنەوە وەردەگرێت.

ئەم دیاردەیەی، کە نەیتوانیوە شێوازێکی بەزەبر بێت و دابکشێتە ناو نەوەی دوای خۆی، لە وێنەی دەستلێدراو و باوخواز و گیراودا ماندووبوونی کەسی ناوەندی دەقەکانی حەساندووەتەوە و وێنەی خۆڕاپسکێنی نەخستووەتە ناو بیرکردنەوەیان، واتە: لەم باروبوارەدا شاعیرێکی بێ دەسەڵاتە.

گفتوگۆ لەگەڵ ئەو شتانەدا دەکات، کە دەیانزانێت و هۆکاری ئازارە تایبەتییەکانی خۆی بوونە. خۆڕسکی و هەستیارییەکانی ڕادەکێشێتە ناو دەربڕینەکانی و دواتر دەربڕینەکانی دەکات بە شیعری یەکئاست، بەڵام پەیوەندییەکی ئەفسوونی هەست پێدەکات و لە ئاراستەیەکی هۆشیاریدا دەستەبەری دەکات. نموونە: وەک لە شیعری: (گۆڕستانێکی کۆچەری)، یان لە شیعری: (کرێوە)، یان لە شیعری: (ماڵەکەم)، یان لە شیعری: (گومان)، یان لە شیعری (ئەزموونی با) دەردەکەوێت.

ئەفسوونێک بۆ خوێنەر دەخوڵقێنێت، کە لەگەڵی بەردەوام بڕوات و دووچاری بێزارییش نەیەت. بەردەوام خورپە و نادیارییەک چێژ و هێزی بەدواداچوونی بەرز دەکاتەوە. (ئەمە گرنگییەکی تایبەتە بە ئەفسوونی شیعریبوون و بەهرە و دەرکەوتن.) لەگەڵ ئەمەشدا خۆشی لە شاعیرانی پێشە خۆی ناچێت، شیعریبوون لە خۆڕسکی خۆی هەڵدەقوڵێنێت و تروسکاییەکەی دەکات بە مەشخەڵ. مەشخەڵ بەو مانایە نا وەک: دیاردە، یان دەرکەوتە، یان ڕووداو. بەو مانایەی بە ڕوونی دیاری خستووە.

مرۆڤ، کە پەنا بۆ سروشت دەبا، وەک پەناگەیەکی باڵای گیان تێی دەڕوانی، خۆی لە مەترسیی دۆخ و دابڕانی زۆرەملێیی و ناجێگیری واقیع بەدوور دەگرێت. لەو ماوە و مەودایەدا شیعری سروشتی، یان ڕۆمانسی جۆرێک جێگای دڵنەوایی ئایین دەگرێتەوە و هەست تێیدا بەرز دەبێتەوە بۆ پلەی دەسەڵاتی گیان، نەمری و مانەوە و دۆنایدۆنبوون لە زەینیدا جێگا دەکاتەوە. ئەم شاعیرە زۆر کاری لەناو سروشت و هێماکانی سروشتدا کردووە، ئەمەش وای کردووە، کە تێگەیشتن لە شیعرەکانی تاڕادەی گۆرانییە میللییەکان ئاسان بێت. مرۆڤ لەناو سروشتدا پەراوێز خراوە، ئەم ئاستە بەردەوام دەبێت و بە بارێکی دیکەدا دەگۆڕێت بۆ پەراوێزخستنی سروشت لەناو هەستی مرۆڤدا. مرۆڤ لە پێکهاتەی بوون و نەبووندا، توخمی ناوەندە و سروشتی پێ بە پێت و هەستیار و بەرهەمدار دەبێت. هەستێکی گەرم دەگەیەنێتە گیاندارەکانی لەسەری کۆبوونەتەوە، بەڵام تاڕادەی توانەوە ئاوێتەی سروشت نەبووە. ڕستە و وێنەی واش دەبینرێن سەرزەنشتی سروشت دەکات و توندڕەوی و دژایەتیکردنی پێوە دیارە.

شێوەیەکی نەدرکێنراو لە زماندا هەیە. ئەو شێوە نەدرکێنراوە دەبێتە ئاماژە و زمانی شیعری نموونەیی و باڵا، ئەم شێوە نەدرکاوە لەم کۆشیعرەدا ونە.

لە کرۆکدا شیعر پەیامێکی زمانییە لە دەربڕینی ئێستێتیکادا. شیعر لە زمان و شتەکان پێکدێت، بەڵام زمان ناوەندێکی ڕاستەقینەیە و لە ڕێکخستنێکی تایبەتی زمانیدا دەبێتە شوێنێک، یان تایبەتکاریی شوێن بۆ یەکگرتنەوەی جوانییەکان، یان بەیەکگەیشتنی پەیوەندیی جوانییەکان و هەستیارکردنیان لە باری دەرکەوتن و پێکهێناندا.

زمان بە تەنیا داهێنانێکی تەواو پێشکێش ناکات، بگرە (زمان) و (شتەکان) داهێنانی تەواو پێشکێش دەکەن و دەبن بە وێنە و هارمۆنیای پەیوەندییەکان. ئەو زمانەی شیعر بەرهەم دەهێنێت لەگەڵ ئەو زمانەی چیرۆک و پەخشان و ڕۆمان و شانۆنامەی ... تاد، پێ دەنووسرێت ناکۆک نییە، یان ئەو زمانەی کۆمەڵگا بەگشتی بەکاری دەهێنێت. شیعری نموونەیی و باڵا زمانی ئاسایی ناشێوێنێت، بگرە دەیخەملێنێت و لەناکاو نائاسایی بەرهەم دەهێنێت و دەیدۆزێتەوە و دەیکاتە ڕووداو و دیاردەیەکی جوان. لە ڕێگای زمانەوە شتەکان دەخاتە سنووری خۆیەوە و ئاسۆی زمان و خەیاڵی شتەکان لە خۆیدا دەکاتەوە.

داهێنەر لە بەکارهێناندا هێزی وشە دەناسێت، لە کاروکردەی بە ڕستە، یان بە وێنەکردندا، نهێنیی ئەم هێزە دەدرکێنێت. ئەم شاعیرە لە بەکارهێناندا وشە دەناسێت، بەڵام لە کاروکردەی بە ڕستە، یان بە وێنەکردندا، نهێنیی ئەم هێزەی پێ نادرکێنرێت و نهێنیی هێزی وشە نادۆزێتەوە. لە کاتی کێشانی وێنەدا خەیاڵی ناشێوێنێ، واتە: ئەو خەیاڵەی دەبێتە ماوە و مەودای وێنە، لێڵی ناکات و ڕووبەرەکەی بە ڕوونی پیشان دەدات.

کەواتە: تەنیا لە چوارچێوەی پاراویی وشە لە ڕستەدا بایەخی بە زمان داوە. زمان لەناو هەموماندا بڵاوە و تەواوی کۆمەڵگا بەرهەمی دەهێنێت. لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە زمانەدا هیچ هەڵەیەکی شیعری و زمانی ڕوونادات. وەک ئەو زمانە میللییەی مەقام و بەیتە کوردییەکانی پێگوتراوە.

تایبەتکاری و خەسڵەتی تایبەت لە بیر و کار بۆ کردنی داهێنەربوونی (دەرکەوتە) و (دیاردە) و (ڕووداو) نییە. ئەم جۆرە خەیاڵکردنە لەناو بازنەیەکی تەسکدا تەنیا مل بە ڕۆشنبیرە پاش خاپەرۆکەکان با دەدات. ئەگینا تایبەتکاری و خەسڵەتی تایبەت لە بیر و کاربۆکردنی داهێنەر هەرەم نییە. هەموو شتەکانی تێدا کۆببنەوە و دەربکەون.

شاعیر لە هەر جوانییەک خرۆش و چەمک و هێزی گیانی و هونەری داڕشتن وەردەگرێت. هەر جوانییەکیش فۆرمێک و ڕوخسارێکی جۆر جیاکاری هەیە. هەر یەکەیان هەڵگری ڕوخسار و مانا و بەها و هێزی پیرۆزی خۆیانن، کەواتە: ئەو هەموو جوانی و فۆرمە وەک یەک تایبەتکاری و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی دەبێت. ئەگەر یەک تایبەتکاری و خەسڵەتی تایبەت وەربگرن، ئەوە بەبێ هیچ دوودڵییەک لە درێژەی بەردەوامبوونی نووسیندا دووبارەکردنەوە دەبێتە دیاردەیەکی بێزارکار، کەواتە: هەر شیعرێک تایبەتکاری و خەسڵەتی تایبەتی هەیە. نەک ئەزموونێکی بە پیت و درێژ لەناو یەک تایبەتکاری و خەسڵەتدا گیری پێ بخورێت و بوەستێنرێت، بەو نیاز و بیانووەی دەبێت تایبەتکاری و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەبێت، لە هێڵی کارکردن و بەرهەمهێنانیدا وەک ئەزموونێکی یەک شێوەیی خۆی ئاشکرا کردبێت و ناسنامە و بوونی باڵا بێت.

ئاوێنە یەک ڕوخساری بۆ ئێمە هەیە، بەڵام ئێمە یەک ڕوخسارمان بۆ ئاوێنە نییە. پێویستە ئەو بازنەیە بشکێنرێت و ئەو بۆچوونە هەڵوەشێتەوە، کە گوتراوە دەبێت شاعیر: (دەرکەوتە و تایبەتکاری و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەبێت)، بگرە دەبێت بەهرەی بە زانیاری و خۆبەپیتکردن مشتوماڵ بکات و دەرکەوتنی کاریگەر و گرانایییەک بخاتەوە، لە پێکهاتەدا تایبەتکاری و خەسڵەتی خۆی بباتەوە ناو (زمان) و (شتەکان).

(سەرم پڕیەتی لە سێبەر)، ناونیشانی کتێبێکی شیعریی(سەلاح محەمەد)ـە. ساڵی (٢٠٠٧) لە دووتوێی (٢٦٨) لاپەڕە لە چاپخانەی (روون) لە سلێمانیدا چاپ کراوە، ئەم شیعرانەی تێدایە: (سۆراغ، تەرمی پۆستەکان، ئا ئێستا، سەما لەودیوی دەرگا داخراوەکە، تەرمەکانی سەر ڕەشەبا، شێت، باخە ڕەنگاڵەکانی خۆکوشتن، سەمای گوڵە بەفرینەکان، ڕۆژە بێ مەزارەکان، گوناهی ئاڵ، تەریوان، ساڵێکی تر، گۆڕستانێکی کۆچەری، گوناە، گۆرانی، ترپەی پێ، نیشتنەوە لەژێر بارانی ئێوارەدا، گۆرانییەکانی کچە بچکۆڵەکەم، ملوانکەیەکی زێڕ، پەلکەزێڕینە، ساتەکانی چەند درەختێکی بەرباران، چاوەڕوانی، قریشکە، دوایین وێستگە، دڵم خستووەتە پەرداخێ فرمێسکەوە، بۆ خۆشەویستە شێتەکەم، دەرگا، دیدەنی، هانا، کرێوە، چەند بەشێکی تری ونبوون، واگۆنی شەو، گەڕان، سێ هەناسە، گڵۆپێکی شکاو، پاکبوونەوە، سەفەر مەکە، ئێمە یەکتری ناناسین، ماڵەکەم، وردە شووشە، بڕوا بکە، نۆ وێنەی ئاسایی، دڵت بەجێ بێڵە و بڕۆ، چەند بەشێکی دیکە لە گیانێکی تەزیو، نەسرەوتن، هەنگوینە خوێن، ئێوارەیەکی پەمەیی، بازۆڕییەکان ئێواران بەرەو ئاسۆ هەڵدەفڕن، لەسەر شۆستەیەکی بەجێماو، دۆخێکی تر، تۆ، باڵندەیەکی سپی، بێ تۆ، دڵیش تۆراو سەفەری تر بەرەو پایز، چرایەکی شکاو،

دارستانێک بووه خۆڵەمێش، دڵە ئاسنییەکان، باڵندەکانی ئاو، دووکەڵی نامۆیی، کۆچ، تەمەنی وەنەوشە، پەپوولە، لەسەر ئاگر، ئەویش نانوێ، ئەو کاتانەی جوانتر ئەبی، دوانامە لەژێر یەکێ لە گڵۆپەکانی دار تەلێکی شەقامی شار، بۆ ئەو شەوەی لەیاد ناچێ، ملوانکە، چاوەکانت، گوڵە سپییەکان، ئیتر پەرداخەکە شکا، گومان، سەرم پڕیەتی لە سێبەر، ماڵێک لە تەم، کەسێ، ئای، دڵنیایی، ببوورە لات نەمامەوە، مردن لەناو سەبەتەیەک هەناسەی شێداردا، بەجێمانی دوا ئاهەنگە تاریکەکە، هێشتا، سکێچی سەعاتە نەرمەکان، فیردەوسی ڕەش، فیولین، کە لە عیشق پەڕیتەوە، سەما، سوپاس، هەناسە، ئێوارە ساردەکان، ئەزموونی با).

## سەفەر مەکە

سەفەر مەکە
دڵم ئەڵێ ناتبینمەوە
فێرە گریانێکی سەخت بووم
دەستم پێکرد ژێر نابمەوە
دنیا ڕەنگی فرمێسکی ئینسانی گرتووە
خۆشەویستی تابووتێکە
زۆر کەسی تیا پاڵکەوتووە.

❊ ❊ ❊

سەفەر مەکە
دەبا گۆرانییەکی ترمان بسووتێ و
دڵمان گەرم بکەینەوە
فێرین خەمێک،

هەموو شەوێ
بەسەر ڕۆحمانا بەینەوە
نە لێمان جیا ئەبێتەوە
نە لێشی جیا ئەبینەوە.
❊ ❊ ❊
ئەم بارانە
هەموو هەناسەکانیشی تەڕ کردووە
بە ڕووتی لەژێر بارانا
ئەستێرەکانیش نوستووە
تۆ نانوویت و
دڵت لە شەوی حەسرەتا لێ کەوتووە
بۆیە چاوانت دایە دەست،
ئەو مناڵەی
کە خۆشی لەم جەنجاڵییەدا لێ ون بووە.
❊ ❊ ❊
سەفەر مەکە
دەرگا نییە نەکرێتەوە
تەنها پەنجەرەی ڕۆحی تۆ
جاران کە سەرم ئەنایە سەر شانت
چۆلەکەیەک،
لە لێوەکانت هەڵئەفڕی
دنیا ئەبوو بە ڕەنگی تۆ
ئێستا نە تۆ
نە ئاوازێ

تێکەڵاوی ڕۆحم نابێ
شەوان ورد ورد لە خۆم ئەخۆم
چونکە نازانم تۆ بۆ کوێ و
ئەمشەویش من،
بۆ کوێ ئەڕۆم؟

❊ ❊ ❊

وەرە ئەمشەو
تاقە گوڵە نیگایەکت
بە پەنجەرەکەما هەڵواسە
ئیتر لای کەس نایگێڕمەوە
دڵم ماتە،
نەک من،
بگرە دنیاش وەکو سەرم
ئەمشەو کاسە.

❊ ❊ ❊

باوانی من
ئەوە دەریا،
خۆت نەتئەوت:
ئەیەوێ بگاتە پانتایی دڵەکەی تۆ
ئێستا بۆ بوویتە مەزارێ
دڵۆپێکیش ناگرێتە خۆ؟

ئەگەر ویستمان دۆخ و ڕادەی (کرۆکیجوانی - ئێستێتیکا)ی کۆمەڵگایەک بناسین، باروبوار ئەوەیە: شاعیرە باشەکانیان بخوێنینەوە،

پێشاندانی ڕادەی ئێستێتیکا دەبێتە هێز و توانای گۆڕانکارییەکان، هێز و توانای گۆڕانکاری لە شێوازی ئەدەبدا لە منداڵدانی (زمان) و (شتەکان)دا لە دایک دەبێت. شێوازی شیعری دوور نییە لە شێوازی بیرکردنەوەی ئازا و دەگمەن و جوانیویستی خودی شاعیر خۆی، دەرکەوتە و دیاردە و ڕووداوێکی ناو کۆمەڵگایە. هەستیارییەکانی بەرانبەر بە بوون و دیاردە خودییەکانی تێکەڵ بە دیاردە سروشتییەکان دەکات، لە گۆشەیەکی دیاریکراودا و بە بیرێکی ڕۆمانسییانەی مەند و بێ کەفوکوڵ و داماڵراو لە هەڵچوون بە دوای پرسیارەکانی سروشتدا نهێنیخوازە. ڕۆمانسییەت زیاتر بیری مردنە و مردن دەگەڕێنێتەوە بۆ بنەڕەتی ژیان و ترس لە هەناو و جەستەی سروشتدا بەرجەستە دەکات. بۆ شاعیری ڕۆمانسی هیچ شتێک لە سروشتی پاک بەهرەبزوێن و سەرسوڕهێنەرتر نییە. ئەفسوونی گەرم و بەردەوامی دەداتێ و هەستەکانی دەهێنێتە دۆخی هەست بە جوانیکردنی نووسین و تواندنەوەی خود لە کرداری نووسیندا. نووسینێک لە قووڵاییەکی شاراوەدا بۆ ئاستی پێشاندان و بینین بەرز دەکرێتەوە.

ئەم کتێبە لە گشتدا وەک شێواز و بابەت و زمان شیعرێکی یەکگرتووی درێژە، لە ڕواڵەتدا چەند ناونیشانێکی لاوەکی ئەم گشتە یەکگرتووەی هەڵوەشاندووەتەوە. ئەگەر ئەو ناونیشانە لاوەکییانە هەڵبگیرێن و هێڵی دەستپێکردن و کۆتاییهاتن ڕوونتر دەردەکەوێت.

سەلماندنی بوونی دەروون لە شیعردا و پاشان ناساندنی لە هێڵێکی تەواودا مەحاڵە، ڕاز و خولیا و گومانە کەسییەکانی شاعیر (کەسی ناوەند) ئاسۆیەک دروست دەکەن و لەناو تۆڕی بەکارهێناندا کۆیان دەکاتەوە. خوێنەریش زیندوویێتی پێدەدات بۆ مانەوە و بەردەوامبوون.

پێکهاتەی گشتیی کتێبەکە: یەک بنیاد و یەک زمان و یەک ترپە و ئاواز و یەک بابەت، یان دەربڕین و دەربڕینکردن، یان شێوازی دەربڕین و دەربڕینکردن ئاست و ئاراستەیەک بەڕێوەی دەبەن، بەهۆی ڕەوانیی زمان مانا و مەبەست بە ڕوونی دەگەیەنێت، یان پەیامی خودێکی ئازار چەشتوو دەگەیەنێت. لە کاتێکدا مەبەستە ناوەکییەکانی شیعر پەیامێکی زمانییە و سروشتە تایبەتییەکانی ئێستێتیکای پێدەخوێنرێتەوە.

شاعیر لەم کتێبە شیعرییەدا بە مێشکێکی نائارام و نائاسوودەوە دەچێتە ناو کاروکردەی نووسینەوە، خودی جەزرەبەدراو و ئازارچەشتووی خۆی پێ هێورکردووەتەوە. هەست بە نامۆییبوونی خودی خۆی زۆر زاڵە و کۆی ئازارەکانی تێدا دەرخستووە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک، شاعیر ژیاننامەی تایبەتیی خۆی تۆمار کردووە. منی ناو دەق و هەموو منەکان، منی ڕاستەقینەی شاعیرن، دەکرێت وەک ناوەند نەزانراوەکانی لێوە بزانین، یان بە دوایاندا بگەڕێین. بەهۆی بەردەوامیی ئەو هەست بە نامۆییکردنەش ئەزموونی کراوە و کاریگەرتر و خەملێوتر بووە.

**ئایاری ٢٠٠٩ هەولێر**

# کتێبی سێیەم

# قەڵەمکێشی دە شاعیر بە وشە

**پێشچاو:**

لە بەرهەمهێنانی ئەم قەڵەمکێشانەدا هەوڵم داوە خۆم بەدوور بگرم لە پانتایی ئەو نووسینانەی شاعیرەکانی تێدا باس کراون، ئەو خاڵ و هێڵانە بوونەتە جێی سەرنج و تێبینیی من، کە شیعر لێی پرشنگ دەداتەوە و لە وێنەی فۆتۆگرافیی شاعیرەکانیش وردبوویمەوە، لەو دەرخستنەدا پەیوەندیی ناوەندم دۆزیوەتەوە و نوختەی بینینی خۆم بەهێز کردووە.

شاعیر هەبووە تەنیا وێنەیەکی بووەتە مایەی سەرنج و تێبینی، هەشبووە چەند وێنەیەک. ئەو خاڵ و هێڵانەی لە ڕوخساری وێنەکان دیارکەوتوون و بەدیم کردوون. ئەو خاڵ و هێڵانەی لە شیعرەکانیشدا پرشنگیان داوەتەوە بە یەکیانم گرتوون و بۆ قەڵەمکێشەکان بوونەتە هەموو شتێک. لە خاڵ و هێڵی ڕوخساری وێنەکان بەکارامەیییەوە بەرەو ژیانی گەرم و گوڕ و سەرچاوە دەڕۆن، لە شیعریشدا لە ژیان دەسڵەمێنەوە و بەرەو سەرەتایی دەگەڕێنەوە. خاڵ و هێڵەکانی ناو شیعر، ملکەچیی خاڵ و هێڵەکانی ڕوخساری وێنەکانن. لە خاڵ و هێڵی ڕوخساری وێنەکان شکۆ و میهرەبانی بۆ ژیان دەگەڕێننەوە، لەو بەیەکگرتنەدا خاڵ و هێڵی ڕوخساری وێنە و شیعرەکانم بچووک نەکردووەتەوە بۆ ئاستی مانایەکی دیاریکراو، بگرە ئاسۆ و دوورییەکم لێ کردووەتەوە بەرەو ئاستی بوون و خۆبوونی و پەیوەندیی ناوەند، کە کرۆک و ناوکی شتەکان و ئەزموونی گشتییە، لێکدانەوە و فۆرمی هەمەلایەن وەردەگرێت و خۆمانی لەناو دەناسینەوە و دەناسێنین. بۆ خۆناسین و خۆناساندن و خۆنوێکردنەوە، هەمیشە پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ لای ئەزموونی گشتی، کە داڕشتنی خودی ژیانە.

# قەڵەمکێشی جەمال شارباژێڕی بە وشە

شیعر پێویستە هەمیشە لە سەرەتاوە تەماشا بکرێت و باس بکرێتەوە. دوو دیوی بەرجەستە نەکراوی هەیە، ئەم شاعیرە ئەمڕۆ لەگەڵماندایە و شاعیرێکی زیندوو و داهێنەرە، سبەینێش نەمرە و لەگەڵماندا دەمێنێتەوە. ئەوەی لە ئێمەی نزیک دەکاتەوە خەیاڵی تایبەتی دەقەکانییەتی، داهێنانیش دواخستن قبووڵ ناکات، هەمیشە دۆخی گونجاندنەوە بۆ خۆی دروست دەکاتەوە و دەبێتە شکۆداریی شیعری بێگەرد، سەردەمەکان لە خۆیدا بەرهەم دەهێنێتەوە. تەنیا ئەو شیعرە وێران و بەدبەخت دەمێنێتەوە، کە ئایدۆلۆژیا توخم و دۆخی پێکهێنەری بووە. دۆخی گۆڕان لە دەست دەدات و دۆخی چەقبەستن وەردەگرێت. خانەوێران: ئەو شاعیرەی ژەهری ئایدۆلۆژیا هەڵدەلووشێت.

مرۆڤی هەستپەروەر، کە هەستی ئێستێتیکیی شیعری لا دروست دەبێت، لە کرانەوە و تێڕوانینیەوە دەکەوێتە ناو خەمەوە، شوێنەواری خەمیش لە بیرکردنەوەیدا بنبڕ ناکرێت، وەک بەخشینی پەیامێک جێی خۆی دەگرێت و دەبێتە هێما بۆ مانا و مەبەست. کردەی شیعری ئاسایی کردنەوەی بارە خەمگینییەکەی و پڕشنگ هاوێشتنیەتی، تا باری خەملین و پەیوەندیداربوونی بەو هەستەوە، دوای ئەو پێوەندداربوونەی تووشی تاراوگەی ناخ دەبێت، لەناو خۆیدا هەست بە نامۆیی و هاودەمی هەمیشەیی خەم دەکات. خەم نەک گۆشەگیربوون. لەم بارەشدا پەنا بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی وەک شاری پاکزاد، دەستەبژێر، یان بەهەشت نابات، تا ئاسوودەیی گیانی تێدا دەست بکەوێت. شوێنی

ئاسوودەیی بۆ ئەمی هەستپەروەر تەنیا شیعری ڕاستەقینەیە. لە شوێنی ئازار و ئەشکەنجەدەر کۆچ دەکات بۆ شوێنی ویست و هێزی وشە و ئاستە دەنگییەکان، هەست و بینینی دەگۆڕێ لە دەربڕین لە سروشت و کارکردن لە کەرەستەکانییەوە بۆ دەربڕین لە ژیان و مرۆڤ و پەیوەندی دروستکردن لە نێوانیاندا. شیعر دەبێتە چاوگی نایابی جۆشێکی بەکوڵ، بەڵام نابێتە هەڵسووڕێنەری شتەکان، تا هەست و هێز و شێوەی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت بگۆڕێت و جۆرە هەست و گوڕ و تینێکی بێ ئەندازە بخولقێنێ.

ئەم شاعیرە لە بنەڕەتدا خاوەنی تێڕوانینێکی ڕۆمانسیی هەستییە. هەست لە شیعرەکانیدا ڕەگەزێکی زۆر گرنگ و سەرەکییە، بە هۆیەوە خودی خۆی دەهێنێتە دی و بە کردەی لەدایکبوونی شاد دەکات و خودی خۆی دادەهێنێتەوە. بە بۆچوونێکی ژیرانەوە مامەڵە لەگەڵ زمانی ڕۆمانسیی هەستی دەکات هێزی تیشکدانەوەی تێدا بەرهەم دەهێنێ، بەڵام ترپە و ئاوازە بنەڕەتییەکانی زمانی نەدۆزیوەتەوە، دۆزینەوەی ترپە و ئاوازە بنەڕەتییەکانی زمان، شایەنی سەرکێشی بۆکردنن. ترپە و ئاوازی زمانی کوردی لە شوێنە نەناسراوەکاندا نەهاتووە، ڕەگی لەناو گەرمی و نەرمیی خاکدا بەهێز بووە، پەیوەستە بە کلتوور و ئەو نیمچە شارستانییەی دروستی کردووە. لە ڕۆمانسیی هەستیدا تێڕوانینی تەواو باڵا و پڕ: بۆ ناوەندی ڕوودا و و ژیان و جیهان و بوون نییە، بگرە وێناکردنی تاکە کەسی و گیانی بەهێزی هونەرمەندێتی هەیە، کۆششی بۆ ئەمەیە: ئەم وێناکردنە وەک ئەزموونێک لە فۆرمێکی شیعریدا گەڵاڵە بکات، دیدێکی ڕۆمانسیی قووڵ لە ڕێگای هەستەکانەوە بخەملێنێ، پاشان وەک نموونەیەکی نوێبەخش نیشانی بدات، ڕۆمانسییەت دەربڕینە لە هەڵوێستێکی ویژدانی، کە بوون ڕەنگ و شێواز و وێنەیەکی

تازەی پێدەدا، پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ ژیان و جیهان و بوون نییە، بگرە پەیوەندیی پچڕ پچڕ و هەڵوێسته لە ژیان و جیهان و بوون وەریدەگرێت. لەگەڵ دۆخێکی کارەساتباردا ڕووبەڕووی دەکاتەوە. هیچ هونەرێکیش لە واقیع جیا نابێتەوە. چاوگی ئەفسوون و هونەرە سەرسوڕهێنەرەکان قووڵاییی واقیعن و کرانەوە و جووڵانەوەن بەسەر ژیانی دەستەمۆنەبوودا.

ئەو جوانییانەی ئەدەب دۆزیویەتییەوە و لێی دواوە، زۆر کەمترە لەوەی لە واقیعدا بوونی هەیە. ڕووبەڕوو دێنە ناو ژیانمان و کاریگەری دەبێت. جوانیبەخش لە ئاستی تواناییدا بەهرە و سرووش و ڕۆحە پەیامدارەکان ڕێنوێنی دەکەن.

ڕۆمانسییەت لە یەک سەرچاوەوە هێز وەردەگرێت. ئەمیش چاوگی خەمە، دواتر دەپەڕێتەوە بۆ تاراوگەی ناخ و بەردەوام لەناو وێناکردنی ڕابردوودا دەژی، وێناکردنی ڕابردوو هۆکارێکی بنچینەیی و زاڵە. پلە بە پلەش ئەم هەستەی لا قووڵ و بەهێز بووەتەوە، تا خاڵی دامەزراندن، بەڵام مانەوە لەناو ڕابردوودا دەربڕین لە ژیان و هەست و بینینی تازە ناکات، چەشنێکی دیاریکراوی مرۆڤ و سروشت دەخولێنێتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەما و بنچینەیەشەوە بەردەوامی بە توانای ڕاستەقینەی خۆی داوە، هەستێکی قووڵی ڕۆمانسی لە قووڵیی بیرکردنەوەی دەدۆزینەوە.

ئەو خاڵەی جێگای سەرنجە، کلتووری خۆماڵی ئەم شاعیرەی شەیدا و هۆگری خۆی کردووە، ئەم کلتوورەی بەشێک لە شاعیرانی کوردی پێگەیاندووە. ئەو کێش و بڕگە و سەروا و ترپە و ئاوازەی: (مەولەوی و گۆران) هێنایانە ناو شیعری کوردییەوە. ئەم خۆی لێ لانەدا و پەرەی بە پیتی پێدا، کردییەوە کەرەستەیەکی خاو و لەبار، بەجۆرێکی

نوێبەخش و هاوچەرخانە بەکاری هێناوە. لە بواری ترپە و ئاوازدا کۆمەڵێک هێما و نیشانەی دیکەی پێدا و ڕەوتێکی دیاریکراوی دۆزییەوە. لە کاتی ئەم ڕوودان و دۆزینەوەیەدا لە ڕواڵەت و کرۆک و ناوکی وشە و ئیدیۆم و دەستەواژە و پەند ... تاد، ورد بووەتەوە. لەگەڵ نوێبەخشی لەتەنیشت یەکتری وەستاندنی دوای تێڕامان و ناسینی دووری و ئاسۆکانی تێکەڵی کردوون. لەم ڕووەوە وەک نوێبەخشێک خۆی لەناوەندی ئەدەبیدا ناساند و لەناوەندیش پەسند کرا. دوای ئەم شاعیرەش دۆخی ترپە و ئاواز لە شیعری نوێبەخشی کوردیدا بە گوڕتر پەرەی سەند. تێگەیشتن و وریایی بەرانبەر ئەم تێکەڵکردنە هەبوو، واقیعی ترپە و ئاوازی قۆناغی دووەمی نوێبەخشی شیعری کوردی بە جۆرێکی دیکە دەرکەوت و هەستەکانی ڕاهێنا.

ترپە و ئاواز لەگەڵ زماندا دێتە بوون، وێنەش ڕووناکییەکە لە وشەوە هەڵدێت و تەواو هەستیارە، شیعری کوردی لە شەستەکاندا لەگەڵ دەرکەوتنی: (جەمال شارباژێڕی) شێواز و ترپە و ئاواز و وێنا و هێڵێکی وێنەیی دەگمەنی بەخۆوە بینی، کە پێش ئەم بەخۆیەوەی نەبینیبوو. دەقی: (کردگار - فرمێسکی نهێنی، کۆ شیعر - چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ساڵی ١٩٦٨، ل: ٦٣ تا ٦٧) لە ئەزموونی سەرەتاکانیەتی. مامەڵەیەکی نائومێدانەی لەگەڵ پرسیارەکانی بوون و نەبوون کردووە، تێهەڵکێشی یەکتریان دەکات و لەسەر بنەڕەت و چۆنیەتیی بیرکردنەوەدا لێکیشیان جیا دەکاتەوە. گرنگیی شیعرەکە لە ڕایەڵ و هەڵسووڕاندنی پرسیارەکانیدایە، ڕووداوەکانیشی لە دەرەوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوونادەن. لە دەرەوەی کات و شوێنیشدا هاوتاییەک بۆ خۆی لەگەڵ خەیامدا دەهێنێتە بەر دید، پاشان گفتوگۆ و هەوڵدان بۆ لێک تێگەیشتن، یان پرسیارەکانی خۆی لەسەر هێڵێکی

درامیدا دەباتەوە ناو پرسیارەکانی خەیام و درێژەی پێدەدات، (خەیام) و (ئەو) هەردووکیان ئاماژە بە یەک خەسڵەت و نیشانە و سەرچاوە دەدەن، لە خاڵێکی وروژێنەر و گرنگدا بە یەک دەگەن. گومان لە پرسیاری بوون و جیهانناسی دەکەن. پرسیارەکانیش کاریگەرییان بەسەر سۆزەوە هەیە، بەهۆی سۆزەوەش دەیباتە ناو ڕایەڵ و تانوپۆی هۆش و هەستەکان و دەیخەملێنێ. داڕژان و ئاوازەکەشی لە بارانی نمە دەچێت، کاریگەریی زۆرە بۆ ئارامبوونەوەی دەروونی خەمبار. شێوازیشی بۆ قۆناغی سەرەتایی شێوازێکی لەبار و گونجاو و داهێنەرانەیە، جۆرێک تۆوی نوێبەخشی تێدا وەشاندووە. تاکو ئێستاش ئەم شێوازە ماوە و لەملا و لەولای شیعری کوردیدا کاری پێدەکرێت. ئەم بزاوت و جووڵە و مانەوەیەش لە سروشتی داهێناندا بەهایەکی ئێستێتیکییە، جوانی و شێوازی بەرهەم هێناوە. بەهای ئێستێتیکیی بەهرە و سرووش دەبەخشێتە مرۆڤی نموونەیی و کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەکردنی ئاگایی کۆمەڵگا و کەسایەتی دەخەملێنێ.

شیعری ئەم شاعیرە: لە وەرگێڕاندا بەهای شیعریبوونی لە دەست دەچێت. وەرگێڕان ناتوانێت کرۆک و ناوەرۆکی شیعر بەتەواوەتی نیشان بدات. شیعرێک وەردەگێڕدرێت، نازانرێت ئەم شیعرە وەرگێڕدراوە چەند ئەم شیعرەیە، کە لە زمانەکەی خۆیدا وشەسازی و خوازە و لێکچوواندنی تێدا بەکارهاتووە. ئەو توانا زمانییە و ئەفسوونە زمانییەی دەگوازرێتەوە، یان لەدەست دەچێت و مانا دەگوازرێتەوە. ڕەنگە وردەکاریی شێواز و ڕوانینی گشتی، تا ڕادەیەکی باش بگوازرێتەوە، بەڵام ڕوانینی خوازەیی، ئەگەر مەحاڵ نەبێت نزیکە لە مەحاڵ. بە جۆرێک بە ئەفسوونی زمانی دەقەوە مووتووربە کراوە، لە وەرگێڕاندا ئەفسوونەکە بزر دەبێت و نزیک دەبێتەوە لە مانای ڕووکار

و ڕواڵەتی. لەگەڵ ئەم پێزانینەشدا شیعر تەنیا بۆ زمانی دایک، واتە: زمانی دەق نانووسرێت، ئەی کەناڵی وەرگێڕان، زمانی دووەم: چۆن دروست دەبێت. پەیوەندیی نێوان توانا زمانی و ئەفسوونی زمانی دەق، لەگەڵ زمانی دووەم: لە چ بارێکیدا وردەکارییەکان بەڕێوە دەبەن.

**نیسانی ٢٠٠٨ هەولێر**

# قەڵەمکێشی جەلالی میرزا کەریم بە وشە

یەکێک لە خاڵە گرنگەکان، بۆ ژیانی نووسەر و ڕێزلێنان لە نووسین ئەوەیە: بە شێوەیەکی تەندروست و زانستی کاتی خۆی ڕێکبخات و باش بەکاری بهێنێت. ئەم جۆرە ڕێکخستنە نەک وەک نووسەر یارمەتی دەدات، بگرە وەک ژیانی فەرمانبەری و خێزانیش دەبێتە هۆ و هۆکاری یارمەتیدان و کارایی ژیان. ئەمەش هەستێکی تەواو داهێنەرانەیە و پەیوەندیی بە داهێنان و پەیوەستبوون بە داهێنانەوە هەیە. بەم شێوەیە هەلومەرجی سوود وەرگرتنی بۆ دەڕەخسێت و خۆی لەگەڵ کاتی باش بەکارهاتوو دەگونجێنێت. لەم باروبوارەدا، کات دڵی نووسەر بە لای خۆیەوە ڕادەکێشێت و بەرهەمدار دەبێت لە ڕووی نووسینەوە، نووسەر بە قووڵی نووسین دەناسێت.

ناسینی قووڵیی شیعر، خاڵی بەهێزی پەیوەندییە بۆ یەکتر ناسینی شاعیر و خوێنەر، یان کۆمەڵگا. کەسێک، کەسێکی نەناسراو لە ئەستێرەیەکی دوور، یان دەوروبەرێکی پارێزراو، یان بە ژاوەژاو و پڕ مەترسی. هەست بە نزیکبوونەوەت دەکات، بە حەز و خولیای ئەدەبیی بێگەردەوە لەگەڵت دادەنیشێ و گفتوگۆی نێوانتان لەبارەی ئەدەب و جیاوازییەکانەوە گەرم دەبێت. هەر ئەم ڕووداوەیە ئەدەبی کردووەتە دیاردەیەکی گەردوونی و سەرسوڕهێنەر.

ئەو پرسیارەی دەکەوێتە نێوان شیعر و کۆمەڵگا بە چ ڕێگایەک دەگاتە دۆخی شکۆمەندیی بەکارهێنان و داهێنان، شاعیر بە چ زانیاری و پێوەرێک ئاسۆی نێوان شیعر و کۆمەڵگا دەپێوێت. زمانی کۆمەڵگا

کەمتر لەناو ڕۆشنبیریی نوێبەخشدا کارا و چالاکە، بگرە لە ئاستی دەستنیشانکردنی شتەکاندا ئەفسوون و هێزی خۆی ڕادەگەیەنێ. لە هەمان کاتیشدا زمانی کۆمەڵگا زمانێکی فرە دەنگ و فرە پەیوەندییە، توانای داهێنانی زمانی تێدایە و وزەکانی دەربڕین پەرە پێدەدات، پێویست نییە شاعیر وەک گومان و ترسێک لێی ورد بێتەوە و خۆی لێ تار و تەریک بگرێت، کۆمەڵگا بەردەوام لە ڕێگای داهێنانە هەمە جۆرەکانییەوە وزەی زمانی بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە شیعردا زمانی، سۆزی بۆ خەون و داوا و پێشبینی و هەست ... تاد، هەیە و ئاستێک دیاری دەکات و بەسەر پێکهاتە دەروونییەکانی دەکرێتەوە.

لە کرانەوەیدا کاکڵی کاکڵەکانە. دەستبڵاوی لە بەکارهێنانیدا مەبەست و مانا ماندوو دەکات، لە هەمان بەکارهێنانیشدا چڕکردنەوەی زیاد لە پێویستیش دیسان مەبەست و مانا ماندوو دەکات. لە هەردوو باری بەکارهێناندا زمان توانای پاراستنی بێدەنگی نامێنێت. (جەلالی میرزا کەریم) لە بنەماڵەیەکی سیاسی و ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕدا، لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووە، بە بڕوایەکی پتەوەوە بەشداری لە ڕۆشنبیریی زمانی نەتەوەی خۆیدا کردووە.

زمان لە دەقی: (ڕازێکی دەروون - گۆڤاری تووتن، ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٧٠، ل: ٦٠) و دەقی: (بڕوای شار - گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٦٩، ل: ١٧)دا ڕووداوێکی دەگمەن نییە، درێژبوونەوەی ئەو زمانەیە دوابەدوای شیعری کلاسیکی دێت و پێبەپێ تا دێتە خوارەوە کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە. زمان تێیدا ئاسۆی یەک ئاستی وەرگرتووە و پێکهاتە و سروشتێکی باڵا و جەربەزە ڕووبەڕوومان نابێتەوە. واتە سەرلەنوێ هەستی پێ ناکرێتەوە. هەست بە شتێک بکەیت و نەزانی چییە. سەرسامی و دۆزینەوەی نادیاری لەم نوختەی نەزانین چییەدا

دێته کایەوە و وەک کەرەستەیەکی خاو و پەی پێ نەبردراو فۆرمی زەینی وەردەگرێت.

زمانی لە خودی شیعرییەوە نەبردووەتە ناو خودی کۆمەڵگاوە، بگرە لە خودی کۆمەڵگاوە بردوویەتییە ناو خودی شیعرییەوە، جۆرێک توندوتیژی و ترس و تۆقانی خستووەتەوە. بەم شێوەیەش زمان دەوڵەمەند و ئەزموونداری نابێت، لە دەروونرۆشنی بەتاڵ دەبێتەوە و هەست و نەشونما دەوەستێت. لەگەڵ ئەمەشدا بارودۆخی ژیانی حەفتاکانی کۆمەڵگای کوردی و زەمینەی شیعریشی ئامادەیی ئەوەی تێدا بوو، ئەو زمانە وەربگرێت و قبووڵی بکات. لە ئاستی بەکارهێنانی هێماشدا قووڵایی هێمای نەپاراستووە، لە قووڵاییەکی پێویستدا هێما بەرەو ژیانێکی بزێو ناڕوات، بگرە بەرهەمێک دەهێنێتە کایەوە و لەناوی ڕوون دەبێتەوە و بەشداری خۆی ڕادەگەیەنێ. لەم ڕاگەیاندنەدا زمان پێویستییەکی بنەڕەتی مرۆڤانەیە و هەموومان بە شێوەیەکی هاوبەش بەکاری دەهێنین و کەڵکی لێ وەردەگرین. کەڵک وەرگرتنێکی دیاریکراو و هەستکردن بە شکۆمەندیی دۆزینەوەی بەشێک لە هەقیقەت. ئەو هەقیقەتەی دەتەوێ لێی بدوێی تاقیکردنەوەی دەوێت و دەبێت لە ڕەفتاری ئاخاوتندا بەدی بکرێت. هەموو تاقیکردنەوەیەکیش کەرەستە خاوەکانی ژیان و جیهان لەباری دۆخ و شێواز و واتادا تازە دەکاتەوە و ئارەزووی پێشنیازکردن بەهێز دەکات، لە هەمان کردەشدا کاتێکی مێژووی ژیان و جیهان ڕادەگەیەنێت. ئەم کاتە ڕاگەیانراوە، هونەری داهێنەری هەقیقەتە. بەشێک لە پێداویستییەکان بە ژیان و جیهان دەبەخشێت.

ئەگەر بتەوێت بەسەر شیعردا زاڵ بیت، دەبێت شیعر باش بناسیت. هەموو شیعرێک لە شوێنی خۆی پێدەگات و دەناسرێت. ئەو هونەرەی

ئەو بە دوایدا دەگەڕێت بیدۆزێتەوە ڕێک لەگەڵ ئەو شوێنەی شاعیرەکەی تێدا پێگەیشتووە گەشەی کردووە. پێگەیشتنی پێکهاتەی هونەری شیعر بە پێودانگی شوێن و کلتوورەوە پەیوەستە، واتە: بیرکردنەوە و وێناکان ئاکاری شوێن وەردەگرن. شوێن هێڵێکی بەردەوامە و لە فەرهەنگ و کلتووردا پێگەیشتووە و درێژ دەبێتەوە و دەگات بە هێڵی بیرکردنەوەی هەموو شاعیرێک. شاعیریش وەک پێکهاتەی سەرەکی و ناسنامەی داهێنان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. شوێنیش خۆی بە ئاکاری دانیشتووان دەڕازێنێتەوە.

(کاروانی وشەی ڕاچەنیو) کۆشیعری یەکەمی ئەم شاعیرە بووە . ساڵی ١٩٧٤ ئامادەی چاپی کردووە و بردوویەتییە چاپخانە و تەنانەت بووەتە فیلمیش. بە هۆی بارودۆخی سیاسی لە چاپخانە وەرگیراوەتەوە . شاعیریش لەم کاتەدا بەغدای جێهێشتووە و بووەتە پێشمەرگە، ئەدیبی ناسراو: (محەمەدی مەلا کەریم)، پێشەکی بۆ نووسیوە و هەم بە ئامانەتیش لای داناوە. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ساڵانێکی زۆر وەک پەنابەری دژە دەسەڵات لە ئەمەریکا ژیا و لەگەڵ ڕاپەڕیندا گەڕایەوە کوردستان و هاتەوە ناو کۆمەڵگای پڕ جووڵە و زیندووی خۆی و کانگای هەڵڕشتنی هەستەکانی. کوردستان و کۆمەڵگای کوردی ناو و ناولێنانێکن، بوونی ڕاستەقینەیان لە شیعرەکانیدا هەیە و شادەماری خوێنین. ئەمیش لە هەر کوێیەک بووبێت خوێن بووە بۆ کوردستان، ماوەیەکی کەم تێیدا مایەوە، لە ١٩٩٣/١/١٤ لە هەولێر کۆچی ناکۆچی کرد، کەچی ئەم ئامانەتە سەرە داوێکی نەدرایە دەست کەس و هیچ هەوڵێکی دیاریشی بۆ چاپکردنی نەدراوە، کە گرنگترین کۆشیعری نوێبەخشی بزووتنەوەی ڕوانگەیە، دەربڕین لە زمان و فۆرم و شێوازی داڕشتنی ئەم بزووتنەوەیە بکات. شیعری شاعیرانی ئەم

بزووتنەوەیە بە گشتی لەناو تەمومژێکی وشیارانەدا بارگاوی بوو بە ئایدۆلۆژیا، شیعری بارگاوی کراویش بە ئایدۆلۆژیا پەیوەستە بەو دۆخە ئێستاییيەی، کە تێیدا دەژی و دۆخێکی نیمچە هەڵخەڵەتێنەرە.

گەردوون بە جۆرێک ترپە و ئاوازی دامەزراو، بە دوای یەکدا هاتنی تاریک و ڕووناکی و وەرزەکان ... تاد، هەڵدەسووڕێنێ. ئەو جۆرە ترپە و ئاوازەی، کە گەردوون بەڕێوە دەبات، گواستراوەتەوە ناو دەروونی مرۆڤ و وزەیەکی زۆری لە بیر و مێشکی خستووەتە گەڕ بۆ هێنانە کایەی بەها ئێستێتیکییەکانی ژیان ڕێکخستن. لێدانی دەمارەکانی لەشی مرۆڤ جۆرێک ترپە و ئاوازی بەڕێوەبردنن. گرنگترین ترپە و ئاواز لە ڕۆیشتنی مرۆڤەوە پەیدا بووە و خۆی لەگەڵ هەقیقەتدا گونجاندووە و جۆرێک چاوگی هۆشیاربوونەوەیە.

لە شیعریشدا لە یەکەم دێڕییەوە تا دوا دێڕی ڕۆیشتنێکی نەرم هەیە، ترپە و ئاوازی ئەو ڕۆیشتنە دەبێتە ئاهەنگ. شیعری ئەم شاعیرەش بە هۆی بوونی سروشتێکی ترپە و ئاوازییەوە، دەربڕین لەبارە بوونییەکان و دەرخستنی مانا دەکات، بەڵام تەنیا لە ڕێگای ترپە و ئاوازەوە ناگەینە ناخی ئەدەب، ناخی ئەدەب خۆرە و زەوی وەک پێکهاتەی مەوداکان بە دەوریدا دەخولێتەوە. ناشزانین کامەیان سەرچاوە و بنەوانە و کامیان پێکهاتەیە. هەر کاتێکیش بمانەوێ بە تەواوی ئەو زانیارییە بزانین و بناسین ون دەبین.

شاعیری داهێنەر، ئەگەر سەردەمێکیش بە مەبەست و ئەنقەست پشتگوێ بخرێت، ئەوە مێژووی داهێنان لە ڕۆژ و ڕۆژگار و کاتی پێویستی خۆیدا، زۆر بەهێز و شکۆوە دەیهێنێتەوە ناو ماڵی ڕاستەقینەی ئەدەب. لە تەنیشت گڵۆپی بە شەوق و ڕاستییە ڕوونەکان ڕایدەگرێت. مێژووی بیرکردنەوەش، ئەو مێژووەی بۆ زیندوو دەکاتەوە،

که بەهرە و کۆششی خۆی دروستی کردووە و ڕەوایی بوونیەتی، ناتوانین لە ژێر کاریگەری دەرچین. مێژووی ئەدەب کۆمەڵێک شتن بە یەکەوە دەڕۆن و تێکەڵ بە کرۆک و ناوکی داهێنان دەبن. لەم باروبوارەشدا داهێنەر هەر بە داهێنەریی خۆی دەمێنێتەوە. خوێنەری هەمەجۆریش ناتوانێت خۆی لە ئەفسوون و کاریگەرییەکانی بە دوور بگرێت. پێوەری ئەفسوونی داهێنان شوێنی بۆ دەستنیشان دەکات. لەم دەستنیشانکردنەشدا پەیوەندییە داهێنراوەکان دەدۆزرێنەوە. بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین، کە هەیە و قسەی لەبارەوە دەکەین.

- **مایسی ٢٠٠٨ هەولێر**

# قەڵەمكێشی لەتیف هەڵمەت بە وشە

بەختیاری داخوازییەكی هەمیشەیی مرۆڤە، بۆ بەختیاری كەسایەتیی خۆی وێڵە و خەڵكانی دیكەیش ئازار نادات. ئەو بەختیارییەی بە تەنیا لە ناوچە بەرزەكانی شیعردا دەستكەوتووە و لە نێوان دوو كەوانەدا، جۆرێک فۆرمی خۆشەویستی بەخۆیەوە گرتووە. فۆرمی خودی، خودی شیعر، جیاواز و سەربەخۆ لە هەقیقەت و خەیاڵ، هەقیقەت و خەیاڵیش هەمیشە لە حاڵ و باری گۆڕاندان. یەک لەناو ئەوی دیكەدا جێگیر نییە و فراوان دەبنەوە. ژیانی سەرمەشقی شیعرەكانییەتی و بۆ گۆڕان و خۆشگوزەرانی ژیان، (جیاواز) و (سەربەخۆ) شیعری كردووەتە دروشمی گەشاوە و گەشانەوەی ژیان، هەموو دەمارە پێكهێنەرەكانی پڕن لە گەشانەوە و بەرزكردنەوەی ژیان و ژیاندۆستی. بۆ ڕێزلێنان لەم باروبوارەدا، هونەری گفتوگۆ لە زەینیدا بەكاردەهێنێت. هونەری گفتوگۆ لە كارەكانیدا خاسیەتێكی زاڵن، وەک سەرچاوە و بیروڕایەک دەگەڕێتەوە لای، بە ڕاناوی نادیار ڕووی دەمی لە میللەتی چالاک و ڕۆحی مێژووە، بەتاسەوە لە ڕێگای هونەری گفتوگۆوە دەیاندوێنێت. ئەم هونەری گفتوگۆ بەكارهێنانە، كردارێكی هۆشیارانەیە و بەرهەمی بیركردنەوەیەكی ڕۆچوو بەناو ڕیشاڵی ڕۆشنبیرییە. بەشێوەیەكی گشتی هێزی بیر و هەست بەسەر هێزی زمان و هێزی داڕشتن و هێزی وێنەدا زاڵن. لە دەقی: (ساڵنامەی سەدەی بیستەم _ گۆڤاری نووسەری كورد، ژمارە ٣ی ساڵی١٩٨٥، ل: ١٦١تا١٧٠) دا، ئەم زاڵبوونە

بە هەموو پێکهاتە و ماناکانییەوە خۆیت پێشکێش دەکات. میللەت و نەخشی مێژوویی میللەت، هەموو هەستەکانی بۆ ئاستی خرۆشان بەرزکردووەتەوە و لە دەقدا پێکەوە کاردەکەن. لەسەرەخۆ و هەنگاو بە هەنگاو شاعیریەتی و تایبەتکاری خۆی قووڵ کردووەتەوە و گەشەی سروشتی وەرگرتووە. نوێبەخشی و گۆڕان لە خۆڕا ڕوونادەن، لە ڕێگای نیمچە کامڵبوونی هەستەکانی نووسەرەوە دەبنە (ڕووداو) و (دیاردە) و ڕوودەدەن. تۆوی ئەو نوێبەخشییەی ئەم شاعیرە، لە زەوی گەرم و نەرمی شیعری کوردیدا وەشاندی، لە شیعری کەسانی دیکەیشدا چرۆی کرد و سەوز بوو، بوو بە ڕۆشناییەکی ناسرا و و تایبەت و دیاریکراو.

ڕەگەزی گێڕانەوە لە شیعری کوردیدا لە ئاستێکی باڵادا نەبوو، ئەم هەوڵی دا لە ئاستێکی فراوانتردا بەکاری بهێنێت و کۆمەڵێک خاڵی دیاریکراوی تێدا دەرکەوێت و خوێنەریشی لێ نزیک ببێتەوە. بەهیچ شێوەیەک چاوی لە ناپاکیی دیکتاتۆر نەپۆشیوە و تاوانەکانی پشتگوێ نەخستوون، هەڵوێستی ئەدەبی بەرانبەر وەرگرتووە و لە ویژدانی خۆیدا، واتە: ویژدانی ئەدەب دادگایی کردووە. ئەم دادگاییکردنەشی بە مەبەستی ئاشکراکردنی خودی بەدە. تا لەوە تێبگەین خودی بەد لەناو کۆمەڵگادا چۆن ڕەفتار دەکات و چ گرفتێک دەنێتەوە، گفتار و کرداری چییە و بە کوێ دەگات. ئەگەر نهێنییەک لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا هەبێت، ڕەنگە ئەوە بێت بابەت سنووردار ناکات و بە هیچ پێزانینێکیش نووسین لای چالاکییەکی ڕۆژانە نییە. قەوارەیەکە لە دڵ و گیانیدا گۆڕانی بەسەردا دێت و شێوەیەک وەردەگرێت، شێوەی نووسین و دەقی خودی. لە قووڵییەکاندا پێبەپێ بەرز دەبێتەوە بۆ گۆڕان و گوێبیستی هاواری کپکراو، هەموو کات کاتی هاوارکردنە. تا دۆخێکی

لێ وەرگرێت بۆ گەیاندنی و بە بابەتکردنی هاوار، ئەو هاوارەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر لە دڵ و گیانی کۆمەڵگادا دروست کردووە. لە بوارە جۆرا و جۆرە ئەدەبییەکاندا کاری کردووە، وەک: شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆنامە، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، ڕۆژنامەنووسی ... تاد، بێ وچان تەواوی توانای خۆی بۆ نووسین بەکارهێناوە. دەبێت ئەوەمان قبووڵ بێت لە هەلومەرجی ژیانی کورددا نووسەرایەتی کارێکی ئاسان نییە. دواتر، کە لە نووسیندا داهێنەر بوویت، هەزار خەنجەر لەسەر پشتتە. لەبەر چاوی ڕوونی نیوەڕۆدا، وەک کردەیەکی جەستەیی نا. بگرە وەک کەسایەتی لەناو چالاکییەکانی ژیانی ئەدەبی و ڕۆحیدا، دەتکوژن.

لە بنەماڵەیەکدا، یەک لە خەسڵەتەکانی ئەم بنەماڵەیە ئەدەبپەروەری و خوێندەواری بووە، لەناوجەرگەی گەرمیان: (کفری) لە ساڵی ١٩٤٧دا، لە دایک بووە، نیشانەیەکی گرنگ، کە بەدرێژایی ئەزموونی لەگەڵیدا هاتووە و بەردەوامیشە، توندی و ڕووبەڕووبوونەوە و بە گژداچوونەوەیەتی. ڕەنگە کاردانەوەی ئەم کەشوهەوایەی گەرمیی مەڵبەندی لەدایکبوونی بێت، کە تاسەکانی بەم شێوەیە دەردەبڕێت و بەشێک بێت لە دەسەڵاتی ئەدەب، وەک هێزێکی ئامادەکراو و مەشق پێکراوی بیر و هەست، بەرانبەر لە دیکتاتۆر بگرێت. ڕاستەوخۆش توندییەکە نانووسێتەوە، هاوکێشەی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا دادەڕێژێتەوە و دەیگۆڕێت بۆ ئاراستەی ئامانج و پەیام و کاکڵەی مەبەست، کە چالاکی داهێنانە. لە ڕێگای نووسینەوە دەربڕین لەم ئاراستەیە دەناسینەوە و دێتە دۆخی خۆپێناسەکردن و توانا و ئەفسوونێکی سەیری سووربوون، بۆ سەرکەوتن لەم خۆپێناسەکردنەدا خۆی ئاشکرا دەکات. مرۆڤی یاخی، بۆ سووربوون لە باری یاخیبوونی لە دۆخی دڵنیاییەوە دەهێڵێتەوە،

ئەزموونی مانادارکردنی ژیان و دنیای دیار و دنیای واقیع وەک کتێبی دڵخوازی خۆی دەخوێنێتەوە، بۆ بە ئەدەببوونیش بەدنیای پەنهان و دنیای زەیندا تێیدەپەڕێنێت. فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و زانست و دەقە ئایینییەکان کاریگەرییان لە بیر و بنیادی نووسینی کردووە، خراپیش بەکاریان ناهێنێت. لایەنی درەوشاوەشی لە بیر و بیرکردنەوەی وەرگر جێهێشتووە.

بە گژداچوونەوە چییە، یان چەمکی بەگژداچوونەوە لە ئەدەبیاتدا بە چ مانایەک وەرگیراوە و کاری پێکراوە. ئەمەیان بەلایەکدا ڕووداوێکی دەگمەن نییە . سنووردارییەکە لە نێوان مرۆڤ و دیکتاتۆردا، یان میللەت و دیکتاتۆر، وارِسکی ژیاندۆستییە و دواخستنی مەرگە، بەڵام ئەگەر ئێستێتیکای ڕۆحی مرۆڤ و ڕۆحی میللەت بووە هێزێکی ئێستێتیکیی ڕەها، ببینرێت و ببیسترێت و هەستی پێبکرێت، ئەوەیان دەبێتە ڕووداوێکی دەگمەن. ئەم شاعیرە لە خەمی شیعر و ئەدەبیاتی خۆیدایە، هەوڵی ئەم دۆخگۆڕینەی داوە و کردوویەتییە ڕووداوێکی دەگمەن و دیدێکی مەزندەکراو و دەتوانین پێی بگەین، سنووری هێما و هێماپێکراو بەرفراوانتر دەکاتەوە و وزەی مانا و ئێستێتیک، کە خوێنەر داوای دەکات بەرز دەکاتەوە، هەروەها ستەمی لە شیعر نەکردووە و لەسەر یەک شێواز بەردەوامی بە بەهرە و توانای نەداوە، زۆرینەی شێواز و ڕێبازە شیعرییەکانی ئەزموون کردووە، بۆ هەر شێواز و ڕێبازێک بگەڕێیت بە شێوەیەکی خەملێو لە ئەزموونی (لەتیف هەڵمەت)دا دەیدۆزیتەوە، لە هەندێک باروبواردا ڕەگەزی دیکەی کارپێکردووە و لێزیادبوونیشی هێناوەتە ئاراوە، کە ڕێباز و شێوازە جۆربەجۆرەکانیشی بەکارهێناوە، مرۆڤی وەک ڕۆبۆتێک، یان پەپوولەیەک نەهێناوەتە ڕووبەری نووسین، چاوڕوونی بۆ گۆی زەوی

هەیە، ئەم گۆی زەوییەی، کە هێشتان مرۆڤ بۆ بەختیاری تەماشای دەکات و تێدەکۆشێت. مرۆڤ لە ئاست نهێنییەکاندا دادەمێنێت و ئارەزووی بەدیهێنانی هەستپێکردنی مرۆڤ و سەرسامییەکانیەتی، سەرنجمان بۆ ئاستی بەدیهێنانەکانی ڕادەکێشێت و بیر لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی بکەینەوە. خاوەنی سروشتێکی هەستییە و توانایی ئەوەی هەیە دەربڕین لە جوانییە سادەکانی ژیان بکات، سادەییەکە لە نوێبەخشی قووڵ بکاتەوە، لای نووسەری پێگەیشتوو هەموو شتە جوانەکانی ژیان بە سادەیی دەردەبڕدرێن. زمان بیرکردنەوەیەکی بەردەوامە، زمان لە ڕێگای قوتابخانە، یان قۆپیەکردن و گواستنەوە لە فەرهەنگەکاندا فێرنەبووە، لە ژیان و بەرزکردنەوەی ژیان، تائاستی ئەفسانە و خوداوەندەکان و ژیانەوەی بەها مرۆڤایەتییەکان و ئەشقی نووسین، ئەو زمانە گەرم و گوڕ و فرەپەیوەندییە فێربووە، هێزی داوەتە پیت و وشە و لە ڕستەدا بێ گرێ و گۆڵ ئاسۆ و دووری ئێستێتیکی پێدەدات و پەیوەندییەکانی نێوان وشە دەدۆزێتەوە و هێزی پێدەدات، هێزی چییەتی و بوونی زمان. لە زماندا کەمێک پێبەستە بە زمانی ئایینەوە. ئەو زمانەی لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە و زمانی تاکە، بە خاڵ و نیشانەی دیارکراودا بەڕێوە دەچێت. وەک سرووشدەرێک داوای سرووشی لێ دەکات، سرووشی شیعریبوون و ئاسۆی خەملێوی دنیایەکی شیعراوی، کە پەیمانی ژیانێکی لەگەڵدا دێت، ئاشتکردنەوەی هەموو ناکۆکییەکانی هەڵگرتووە، هێزی وەرگرتن و هێزی تێڕامانمان بەهێز دەکات، بە ڕەوانبێژییەکی چەشەدارەوە هەوڵی بە گەڕخستنی پێکهاتە نوێبەخشەکان دەدات. لەم شێوە دەرخستنەدا شاعیر هەوڵ دەدات شیعر خۆبوونی خۆی هەبێت و ئەو ڕووبەرە وێنا بکات، کە ڕۆح دەریدەخات و ئینتیمای خوێنەری بۆ پەیدا دەکات و ئەو

باروبواره دەڕەخسێنێت، کە تێیدا نیشتەجێ بێت. بەشێوەیەکی پەسندیش هەڵوێست و تێگەیشتنی لەبارەوە بە پیت بێت و هەستەکانی بخاتە بەردەست، ئەو هەستانەی ژیان بەدەستی هێناوە.

بوون و داهێنان و ژیان و ناخی خۆدامەزرێنەر، پشت بە دەروونی هەستیار دەبەستێت، کە توانای هەبێت بەرانبەر گیروگرفتی دیارکراو بووەستێتەوە.

نووسەری: (نۆ) سەری، دەست لە پشت دراو و پەروەردەی دەستی ئەم و ئەو و کاسەهەڵگری سواڵ، یان کەمتەرخەم و مردۆخ و خۆنەناس و ویژدان ڕەق و خەڵات وەرگر و ئافەرین ویست و بەرفەرمانی پیلانگێڕان: ئەگەر (نوێبەخش)تان بینی بیکوژن، چونکە بە بڕواوە ڕسکاوە، (گۆڕانکار) و (دۆخگۆڕە). دڵی دوور لە خوێن و دەمار و جەستەی لێ نادات، پشتگیریش لە تایبەتکار و نوێبەخشی دەکات. پشتگیریی تایبەتکار و نوێبەخش بەرەو کوێت دەبات، بەرەو خودێکی کراوە و شۆڕەسوارییەکی تایبەت و ڕووبەری ئەدەبی بێگەرد، کە ویژدانی ئەدەب، تێیدا نافرۆشرێت و ناکڕدرێت و نووسەری: (نۆ) سەری، لێ نییە.

**حوزەیرانی ٢٠٠٨ هەولێر**

# قەڵەمکێشی ئەنوەر قادر محەمەد بە وشە

کەس ناتوانێت وێنەی دوارۆژ بکێشێت. ئەوەی هەمانە تەنیا وێناکردن و خواست و مەرامێکی کەسییە، لە زەیندا پەرەی پێدەدرێت. هەموو ئەو پرسیارە کاریگەرانەی لە دەوری پرسیاری ژیان کۆبوونەتەوە، بە ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی زیادیان کردووە و دووبارە بوونەتەوە، بە خولیا و کارا و بەرهەڵستییەکی دیکە، بوونەتەوە پرسیاری سەرەکی ژیان. بە دوای تێگەیشتنی واقیعدا گەڕاون و دەگەڕێن. شاعیر لەم جۆرە گەڕانەدا، بنەماکانی شیعری نوێبەخشی پێکدەهێنێت و بە پەرۆشەوە ئەو گرفتانە دەدوێنێت، پاش دواندنیان لە شوێنی سەرەکی شیعردا، دەیانکاتە ناوەند و وەک هەقیقەتێک چۆنیەتی ژیان و بوونی تایبەتی لەم ناوەندەدا پێشکێش دەکات.

زریان، زایەڵە، زنار: لەناو شیعری کوردیدا ڕووناکییەکن، ببڕای ببڕ لە کزبووندا نین. لە جوانییەکی نزیکەوە سەیری ژیانی کۆمەڵگایان کردووە، لەناو ئازار و تلانەوەکانیاندا بۆ داهێنان ژیاون و پڕن لە هێمای ژیان و بەرگریکردن لە ژیان. لەگەڵ پێچی ڕۆژ و ڕۆژگاردا بەهای شیعریبوونیان زیاتر ڕوون دەبێتەوە و باشەیان دەگوترێت. لە بەکاربردنێکی دەگمەندا ئەزموونی ژیان و نووسینیان مشتومالٌ و تاقی کردووەتەوە . بێ ئەوەی لە پێناو دوارۆژدا نووسرابن. خۆیان کۆمەڵێک خاڵ و هێڵن، مرۆڤی هەموو ڕۆژ و ڕۆژگارەکان دەتوانن بیکەنە تابلۆ و ماڵی فەرامۆشی و پشوودانی خۆیانی لەناو دانێن. شیعر کتێبی کراوەی فەرامۆشی و پشوودانی مرۆڤی ئازادی ویست و تەنیایە، هەلومەرجی ژیانی بەشێوەیەکی ڕوون و ڕەوان

دەردەبڕێت، هەر ئەمەش هۆ و ئامانجی سەرەکییە، مرۆڤ خوو بە نووسینەوە دەگرێت و خۆی لە ئاکاری باو لادەدات. ئەو دەقە ئەدەبییانەی لە ڕۆژ و ڕۆژگاری خۆیاندا بچنە ناخی وەرگری ئازادی ویست و تەنیاوە، بێ چەند و چوون دۆخی مانەوەی بۆ دەرەخسێت و نیشتەجێبوونی لە دوارۆژدا دەستەبەر دەکات. خوێنەریش لە کاتی جیا جیادا دەگوازێتەوە ناو وەرگرتنێکی ڕاستەقینەوە. ئەو ژیانەی شیعری ڕاستەقینەی تێدا دەنووسێت، لە هەموو سەردەمەکاندا بەردەوام دەبێت و بەشێوەی جیا و شێوازی هەمەجۆرەوە دووبارە دەبێتەوە، بە زیادبوونی شتی بچووک بچووکەوە خۆی ئامادە دەکاتەوە بۆ بەکاربردنێکی دیکەی کاریگەرەوە.

تایبەتمەندی و شکۆیەک لە شیعری کوردیدا بەر: (ئەنوەر قادر محەمەد) دەکەوێت، لە هەرسێ کۆ شیعریدا، جۆرێک کەشوهەوای تازەی داهێناوە و هێناویەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە .

زریان: شیعری هەڵچوون و جۆرێک شکستی خودی و شکستی نەتەوایەتی.

زایەڵە: شیعری لێوردبوونەوە و ڕامانی هێمن.

زنار: شیعری لێوردبوونەوە و ڕامانی هێمن و عیرفان و غوربەتی ناخ.

لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زماندا ئێجگار هەستەوەر و تایبەتکارە، بە ئاسانی دەتوانی بنەما بنەڕەتییەکانی دارشتن و خاسیەتە شێوازییەکانی هەرسێ کۆ شیعری لە یەک جیابکەیتەوە. ئەمەش گرنگترین دەسکەوتی نووسین و داهێنانە، کە لەگەڵ خوڕی و خاویی ترپە و ئاوازدا بگونجێت.

نووسەری دەگمەن ئەم جیاکارییەی بەردەکەوێت، کەم وێنە و بە بەهایە بۆ ئاستی ئەدیبە داهێنەرەکانی بەرز دەکاتەوە. بۆچوونی تەواو و ڕوونی بەرانبەر نوێبەخشی پێشکێش کردووە و هێڵەکانی لە دەقی: (وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد - گۆڤاری بەیان، ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٧٣، ل:

٣٠ تا ٣٢) دا دەرکەوتووە و خۆی نواندووە، هەروەها بۆچوونی لەبارەی بوون و ژیانەوەش گەرم و سەرنجڕاکێشە، ئێمە بە تێڕوانینێکی لێڵ ناگەیەنێت. لە ڕەوتی نووسیندا بە خودێکی هۆشمەندەوە ڕێگای داهێنانی گرتووە و نەچووەتە ناو هیچ ئەڵقە و داو و شانەیەکەوە. ژیان لەناو دەقەکانیدا درەوشاوەیە، قەتیش ملنەرمی دەسەڵات نەبووە. بۆچوون و ئاراستەیەکی دیاریکراویشی قبووڵ نەکردووە بۆ پێویستیی ئابووری، یان ڕاگرتنی دڵی حزبێک، یان ڕێکخراوێک، یان دامەزراوەیەکی سیاسی ... تاد، سێبەری سەکۆی سوڵتان و دیکتاتۆرەکان ڕەنگی پێڵاویان تاریک نەکردووە. دەزانێت هەنگاوی نووسین و داهێنان چۆن هەڵدەگرێت. هەنگاو هەڵێنانی نووسین لەسەر ڕووبەری سپیی کاغەز و ئاوێنە و هاوێنەی کامێرایە. ئەم زانینە خۆی تێگەیشتنی پەتییە لە ئەدەبی بێگەرد و پەیامی ئەدەبی بێگەرد. سەربەخۆیی لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا دژوارترین ڕێگایە و هەڵبژاردنی ئاسان و بێ گیروگرفت و کێشە نییە. ئەم هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی پەتیی ئەدەب، کە دەسەڵاتێکی بێگەردە و کاریگەری تا هەتایەی جوانییە. دوورە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن. دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، بۆچوون و تێڕوانینی خۆی بەسەر بەرانبەر دەسەپێنێت، چاودێرە لە سەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەنگاو هەڵێنانی. شاعیر سەربەخۆیی تەواوی بۆ خودی خۆی و خودی خوێنەرەکانیشی دەستەبەر کردووە. بەوەی هیچ پانتاییەکی نووسینی نەداوەتە ئەوی دیکە. واتا دەسەڵاتی دیکتاتۆر. لەم جۆرە ئەدەبە بێگەردەدا تەنیا گوێت لە لێدانی دڵی ئەدەبی بێگەرد و ویژدانی جوانی و خولیا و چێژی دەگمەن دەبێت. هەموو ساڵێک بۆ حەجکردن سەردانی مەڵبەندی لەدایکبوونی خۆی، (عەربەت) دەکات، بە بچووکترین توخمە ناوچەییەکانییەوە پێبەستە. جەژنی لەدایکبوونی سەر زەوی (١٩٤٧/٧/١) بۆنەیەکی ئەدەبی و

نەتەوایەتییە، هەروەها جەژنی لەدایکبوونی ژێر زەویشی بۆنەیەکی دیکەی ئەدەبی و نەتەوایەتی دەبێت، پێویستیشە لە گۆڕستانی ناودارانی وڵات بە خاک بسپێردرێت. ژیانی شیعری لە کۆ شیعرێک بۆ کۆ شیعرێکی دیکە ڕووەو گەشە و جیاکاری دەڕوات . متمانەی تەواوی لای کتێبخوێنی ئەدەبیات دروست کردووە، نوێبەخشی و هاوچەرخیەتی خۆی دەپارێزێت. ئەگەر دیوانی شاعیرانی ناوداری کورد لە کتێبخانەیەکدا ڕیزبەندییان بۆ بکرێت. دیوانی ئەم شاعیرە شکۆی ئەوەی دەبێ بە تەنیشت دیوانی: (جەزیری و نالی و مەحوی و مەولەوی و وەفایی و حاجی قادری کۆیی و گۆران و دیلان)ەوە دابنرێت.

خۆی بە وێنەی ئاڵۆز و لێڵەوە سەرقاڵ نەکردووە، پاراوییەکی ئێجگار بەتینی تێدایە، پەیوەندییەکانی وێنە بە حیکمەت و هەستی ناخییەوە دەستنیشان دەکات. دەتوانرێت زۆر خاسیەتی شیعری لەم شاعیرەدا بناسرێتەوە. ترپە و ئاوازی داستان و بەیتی بە تێگەیشتنەوە وەرگرتووە، وەک پێویستییەکی نوێبەخشی ئاگاداریانە و لە کارەکانیدا خاسیەتێکی کاریگەری شیعرین . ترپە و ئاوازی داستان پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ نوێبوونەوە و سەرچاوەیەکی ڕوون و پڕ بەهرەیە بۆ بەدەستهێنانی (پەنجەمۆر)ی سەربەخۆیی داهێنان و ناسینی ڕەگوڕیشەی دیاردە جیاوازەکان. ئەم شاعیرە لەم قەڵەباڵغی و هەرا و زەنایەی ئەمڕۆدا خۆی بەدوورگرتووە و دوورەپەرێزی کردووەتە ئامانج و دۆخێکی سروشتی وەرگرتووە. ڕووگەنمای شیعری دۆزیوەتەوە و بزری ناکات و دەیپارێزێت. بزری بکات، یان بە موو لێی لابدات دەبێ کڕنووش بۆ ناڕەوایی، یان ساختەکاری ببات، توانایی نووسینی لەناودەچێت. ئەم بە تەنیا و بەس کڕنووش بۆ (خودی تەنیا) و(شیعری بێگەرد) و (توانایی نووسین) دەبات. زۆربەی کاتەکانی لەماڵەوە، ماڵی پشوودان و

خۆشبەختیی نووسین. بەسەر دەبات، واتە: لەگەڵ خۆ دانیشتن و تێڕامان لە دووری و ئاسۆکانی کتێب و خوێندنەوە و نووسین. تەمەن و ئەزموون ئەوەیان تێگەیاندووە و بۆیان یەکلا کردووەتەوە، کە دوورەپەرێزی بەتێگەیشتنەوە پەروەردە بکات. نەک گۆشەگیری و دابڕان لە واقیع و دەوروبەردا. واقیع بۆ پشتگیری لە خۆکردن، گومان لە دەربڕینی پرسیارەکانی خۆی ناکات. واقیع وەک کۆمەڵێک پرسیاری بەردەوام وورووژاو وەردەگرێت و دەیدوێنێت و تێڕوانینیشی لە واقیعدا کورت ناکاتەوە، یان واقیع وەک تاکە بۆچوونێک لە بیرکردنەوەیدا باڵا نییە، بەڵام بە توانا و مۆسیقایەکی هێمنەوە گوێی بۆ شل دەکات، ئەو ماوەیەی وەردەگرێت و دەیکاتە سەرچاوە و بەهرە و سرووش، کە دەکەوێتە نێوان خودی شاعیر و واقیعەوە. ئەو ماوەیەش دیار نییە خوێنەر لە چێژ و بیرکردنەوەی خۆیدا وێنای دەکات. دوورەپەرێزی بەتێگەیشتنەوە، توانایی مرۆڤ هەڵدەسەنگێنێت و دەیداتەوە دەستی بۆ ئەوەی لەناو کێش و پێوانەی لە مەحەکداندا توانای خۆ پێشکێشکردن و خۆ دەستنیشانکردنی هەبێت. کێش و پێوانە و قەبارەی خۆی بدرێتەوە دەست. دوورەپەرێزی خوێنێکی زۆر بەهێز و پاراوە بۆ نووسین و چەمکی پیرۆزی و ئاسوودەیی ماڵ قووڵ دەکاتەوە، شیعری بێگەردیش لە هەرا و زەنا دەپارێزێت، هەروەها لەگەڵ خوێنەرە زەینییەکانیدا دەکەوێتە پەیوەندییەوە و بە باشی لەگەڵ یەکدا هەڵدەکەن. خوێنەری زەینیش خولیای زانیارییان هەیە و بڕوا و بۆچوونت وێنا دەکەن.

**تەمووزی ٢٠٠٨ هەولێر**

# قەڵەمکێشی سەلام محەمەد بە وشە

ئەدەب لە کرۆک و ناوکی خۆیدا بۆ مرۆڤ و ئەو بەشەی سروشت دەنووسرێت، کە سیما و خەسڵەتی مرۆڤیان وەرگرتووە، یان لە سیما و خەسڵەتی مرۆڤدا بوونی خۆی دەدۆزێتەوە و دایدەڕێژێت. بەو شێوەیە ئەدەب مرۆڤ دەخاتە چەقی گەردوون و زەمینێکی تاک و شایانی بۆ تەرخان دەکات. ئەو دێڕە تیژانەی لەناو شیعرەکانی: (سەلام محەمەد)دا، بە دوای ڕاست و چەپی خۆیدا دەڕوانێت. دەردەکەون و ون نابن، ئەوە دارمانی بەها و ناکۆکی و پەیوەندییە هاوسۆزەکانن، لە بارێکی دیاریکراودا دەردەکەون و هاوسەنگی هێما و هێماپێکراوێک بە تەواوکردنی یەکتری دەدەن. زۆر لەسەر ڕستەی سەرەتا و کۆتایی ڕادەمێنێ، وەک بڵێی سەرەتا و کۆتایی بکاتە ناوەند و نوختەی بینینی دۆخگۆڕین. گرژیی لە نێوان دێڕەکانی سەرەتا و کۆتاییشدا وەک هونەرێک دەمێنێتەوە، ئاسۆ و دوورییەک وەردەگرێت. سەرەتا و کۆتایی دەبێتە بەشێک لە بنیادی پێکهاتەی واقیعی شیعرەکە و دەخرێتەڕوو، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەودا پێکهێناوە. دەکرێت ئەم تین و تاوەی سەرەتا و کۆتاییە وەربگرین، بڵێین جۆرێکی زۆر تایبەتە بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەک. ئەم پەیوەندییە سەر بەدەقێکی دەستنیشانکراوە و هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕەوت و مانای ناو دەق دەدات. خۆی شێواز و فۆرمێکی پەرەپێدراوی کلتووری خۆماڵییە. نموونە: بەیتی کوردی وەک هەستی ڕاستەقینەی خۆی، زۆر لە سەرەتا

و کۆتاییدا ڕادەمێنێ، کەواتە: ئەم شێواز و فۆرمە پرسیارێکە لەبارەی ئاکامی بەردەوامبوونی کلتوورەوە. دەتوانین ئەو شێواز و فۆرمە بە هەقیقەتێکی نوێبەخشی بزانین، چونکە سەرەتا و لە پێشتردا بووەتە هۆی بەدیهێنانی پێویستییەکانی نوێبەخشی. هەموو ئەدیبێکی نوێبەخش خاوەنی هەقیقەتی باڵای خۆیەتی. ئەم هەقیقەتەش تەنیا شێواز و فۆرمی نووسینەکەیەتی. لەم جۆرە نووسینەدا ئەدەب زۆر لە ڕۆژانەی واقیع دوور ناکەوێتەوە، هەموو شتێک پێکدەهێنێ. وردبوونەوە لە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، کە ئێستێتیکایەکی بینرای بە شێوەی جووڵاو تێدا پێشکێش و پەخشکراوە، یەکێکە لە کانگاکانی بەهرە وەرگرتن و ختووکەدانی ناخ بۆ دۆخی شیعری، دۆخی شیعریی جیهان و کرۆک و ناوکی مرۆڤە و بە قووڵی ڕێزی ژیانی تێدا دەگیرێت. شیعر ئەگەر بە قووڵی ڕێزی ژیانی تێدا نەگیرا، بێ بگرە و بەردە ڕووکەش و یەکئاستە.

زمان لای وەک موگناتیس وایە، ئامانجی دەربڕین و کەرەستەکانی داهێنان لە بیرکردنەوەی داهێنەر دێنێتە دەرەوە، بۆ جووڵاندن و خۆدەربڕین. پەیوەندیی نێوان وێنەی هەستی و وێنەی زەینی بەرەو هەڵوەشانەوە دەبا، وێنەی ویستی کۆمەڵگای کوردی دەکێشێ، کە ویستێکی کۆ واتایە و بە دوای داگیرسانی هێڵێکی سەوز سەرگەردان و ماندووە، کە وەرچەرخان و گۆڕانێک دروست بکات، شیعر دەکاتە جێگرەوە، جێگرەوەش دەکاتە شیعر و خۆی تێدا دووبارە دەکاتەوە، وەک چالاکییەکی بینرایش بەشداربوونی کارای خۆی لەناو پێشان دەدات و پێکهاتە وەردەگرێت. ئەگەرچی ئەو بۆچوون و پێودانگ و جێگۆڕکێکردنە جۆرە ڕایەڵ و تانوپۆیەکی هەڵخەڵەتێنەری شیعری بێگەردە. بۆ بەرهەمهێنانی شیعری بێگەرد، هەزار ڕێگا هەیە بۆ

خۆدەربڕین و خۆهێنانە سەر دۆخی داهێنان و دەست لە دڵی شتەکاندان و ڕۆچوون بەناو سەرزەمینی شیعردا.

مرۆڤ شیعر بنووسێت و سیاسەتیش بکات، بێ هیچ گومان و دڵ لە دڵدانێک لە یەکێکیاندا ساختەکارە. بەشێک لە شاعیرانی ئەمڕۆ هێندەی خەریکن لە ناوەندە سیاسییەکان نزیک دەبنەوە، کەمتر لەوە خەریکی شیعری بێگەردن.

هەر دەقێکی شیعری، بارێکی تایبەتی داهێنەر دەهێنێتە بەر ئاوێنەی بەرانبەر بۆ خۆناساندن و جۆرێک گفتوگۆ و لێوردبوونەوە، پێویستیشە بەو پێودانگە، کە بارێکی تایبەتە لێی وردببینەوە، چونکە بارە تایبەتەکە ئەو هۆ و ئامانج و دەرهاوێشتەیەیە، دەقە شیعرییەکەی لێوە بەرهەم هاتووە و بووەتە ئامادەبوون لە بووندا . باری تایبەتیش، کە بوو بە بەرهەم، دەگات بە بەدەستهێنانی ئاگایی نووسین و دەبێتە ئاکارێک بۆ سروشتی خودی، سروشتی خودیش دڵگەرمی و هەستیاری لەبارە تایبەتییەکەی نووسەر دەکاتە هێما و هێماپێکراو و وێنەی گەورە کراو، یان بچووککراوی چۆنیەتیی بیر و بیرکردنەوەی. لەم ئاڵوگۆڕ و کردەیەدا خودی نووسەر دەبێتە خودی ئەدەب و نیشانەی هونەریی ئەدەب دەدۆزێتەوە. لەم حاڵ و بارەدا هونەری دۆزراوە بۆ بەرانبەر شیاوی تێگەیشتن دەبێت و بە باڵاترین پلەی خۆی گەیشتووە.

سۆفی لە دەروونی خۆیدا بە دوای ئازادیی خوداییدا دەگەڕێت، لە ئازادیی خوداییدا هەقیقەت داپۆشراو نییە. دەقی: (هەنگوینی تاڵ ـ گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٣٨ی ساڵی١٩٨٧، ل: ٦٢ تا ٦٣)دا، بە شێوەیەکی پڕشنگدارانە دەربڕین لە هەڵبەز و دابەزی ڕۆحێکی پڕ گومان و پەرێشان دەکات. زیاد و کەمی لە دەقەکەدا فڕێداوە و کاکڵەی هێشتووەتەوە، واتە: جومگە سەرەکی و پێویستییەکان. خاوەنی

ئەزموونێکی تێڕامان و لێخوردبوونەوەیە لە ژیانێکی جەنجاڵدا، ئەزموونی ڕۆح، ڕایەڵ و تانوپۆی هەستێکی ڕەسەنە لە ئامادەبوون لە بووندا، بوونێکی پڕ گومان و پەرێشان. ئەم شیعرە تایبەتێکە لە ڕوخسارە کاریگەرەکان و ئەو شتە دەردەبڕێ، کە شاعیر لە ڕۆحیدا، یان لە شوێنێکی نزیک ڕۆحییەوە بە دوای سەرهەڵدانیدا عەوداڵە و سەرسام و چاوەڕوان لە پێشوازیدا وەستاوە.

بۆ نیشاندانی کاکڵەی ڕۆحێکی پڕ گومان و پەرێشان. ئەم شیعرە بژاردەیە، بە تین و تاو و سەرنجی تەواوەوە لە ڕیشاڵی دەروون دەڕوانێت، کرۆک و ناوکی هەستەکانی ئەزموون دەکات. پاش ئەزموونکردن و مامەڵە لەگەڵ کەرەستە ئەزموونکراوەکەدا دەیگوازێتەوە پانتاییەکی پیشاندراو. بە بوونێکی دیار و ئامادە و ئازادەوە لە (نوختەی بینین)ی نەمری و درەوشانەوەدا دەوەستێت. وەک سۆفی لەگەڵ بنەڕەتی بوونی خۆیدا گفتوگۆ پێکدەهێنێت، گفتوگۆش یارمەتی بیرکردنەوەی دەدا، (زمان) و (شیعر) وەک (خود) و (سروشت) بەناو هەموو شتەکاندا تێدەپەڕێنێت، بەرانبەر هەموو شتەکانیش دەیانوەستێنێت، هەریەکەیان لە ڕێگای ئەوی دیکەیانەوە هەست پێدەکرێت و دەبێتە هۆی ڕوودان و چالاکی بوونی باڵا.

ئامانجی نووسین خەیاڵ و واقیع بەگەڕ دەخات بۆ پێشبڕکێ و ململانێ. خەیاڵ واقیع دەهێنێتە یاد و واقیعیش خەیاڵ تیشکدار و دەوڵەمەند دەکات. لەم شیعرەدا تیشکی دەروون دەوڵەمەندی و بەهێزی و باوەڕبەخۆبوونی بە شاعیر داوە، لە کاریگەرییەکانی دەرەوەی ڕزگار کردووە. وێنە بە هێزێکی جۆراوجۆری، ویستی و نەستی و نیشانەی پەیوەندییەوە، خۆی زاڵ دەکات و خەیاڵ زاخ دەدا، هەستیارییەکی پەنهان لە وێنەکان پەخش دەبن، بە هۆی زاوزێکردنی یەک بە دوای

یەکی وێنەکاندا دەتوانین دەست لە هەستیارییەکان بدەین و فەزای چوار دەوری، ویستی و نەستی و نیشانەی پەیوەندیی وێنەکان ببینین. بەم جۆرە کەسایەتییەکی پڕ گومان و پەرێشان لە ململانێ لەگەڵ خۆیدایە و دووچاری خۆخواردنەوەی بەردەوامی دەکات. ئەنجام لەناو گومان دێتە دەرێ و گومانەکە خاو دەکاتەوە، بە دەستەواژەی (چەندین بیرەوەری ڕەشت بۆ جێهێشتم)، یان (بۆ بەیانی پەشیمانم) خۆی بەختەوەر و خۆشحاڵ دەکات و پیرۆزییەک بە خۆی دەدات، خودی پیرۆزییەکەش لە ڕەوتی دەقەکەدا دەردەکەوێت و ون نابێت. تێیدا هەقیقەتی ڕۆحی خۆی بەرجەستە دەکات، ئەوپەڕی بوونی خۆی دەسەلمێنێت. لەگەڵ ئەم بەرجەستەکردنەشدا بۆ سازدانی جیهانی ئەدەبی. سروشت هاوتای مرۆڤە، سروشت وەک بابەت لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا کەم مامەڵەی لەگەڵ کراوە، یان لابەلا هاتووەتە ناو دەق و پەیوەستێکی قووڵ و قووڵبوونەوەی نییە. بارودۆخ و سەردەم و ڕووداوە جیاجیاکانی کات و شوێن دەبنە هۆی پێکهێنان و پێکهاتەی نووسەر، بەڵام کە نووسەر لە ڕێگای نووسینەوە گەڕایەوە سەریان، ئەوکاتە بارودۆخ و سەردەم و ڕووداوە جیاجیاکانی کات و شوێن دەبنە ئامانجی نووسین.

**ئابی ٢٠٠٨ هەولێر**

# قەڵەمکێشی جەلال بەرزنجی بە وشە

شیعری باش وەک کانیی پاراو وایە، هەموومان لێی بخۆینەوە کەم ناکات. ئەو دەقانەی هاوچەرخی هەموو ڕۆژ و ڕۆژگارێکن، ئەوەیان وەک ناوەندێک بۆ ئێمە هێشتووەتەوە، شیعر برای خوێنی نەهامەتی و کەسەربارییەکانی ژیانە. (جەلال بەرزنجی) لە دڵشکان و ناکامی و نەهامەتییەکانی ژیانی خۆیدا کەمەیەکی کەمی شیعری جوانی کوردی نووسی.

شاعیریشمان هەن کوڕی ڕێزلێگیراوی دەسەڵاتن و ژیانیان لێوانلێوە لە گەشت و خۆشی، دەسەڵات خەڕۆ و دانەخۆرە و ئالوودەی کردوون بە گەشت و خۆشییەکانی ژیان. بۆشاییەک لە ژیانیاندا نەماوە لە پێناویدا تێبکۆشن و هەوڵی پڕکردنەوەی بۆ بدەن. ناچارن بۆ درێژکردنەوەی هێڵی شیعر پەنا ببەنە بەر دەرەوەی خۆیان و وەک هاندەر و هۆکار، جۆرێک ساختەکاری بەکاربهێنن و هەموو پیرۆزییەکانی خۆیان، کە شیعرە لە پێناو خەڕۆ و دانەخۆرەی دەسەڵات لە دەست بدەن. مرۆڤیش بێ ڕەچاوکردنی پیرۆزییەک ناتوانێت سەرکەوتوو بژی، کە شیعرش تاکە پیرۆزیی شاعیری ڕاستەقینەیە.

تێکۆشان لە پێناو دەستەبەرکردنی خۆشییەکانی ژیان. بەهۆی دانەخۆرەبوون، تێکۆشانیش لە پێناو شیعری بێگەردە، یەک یەکیان لاسەنگ دەکات. بەشێک، بەشێکی زۆری شاعیرانی ئێمە، لەم ڕووەوە شوێنیان وەک شاعیری ڕاستەقینە بەهێز نییە. خەڕۆ و دانەخۆرە

کراون، خۆشیان هەموو پەیمانێکی نهێنی دەبەستنەوە بۆ خەڕۆ و دانەخۆرەیی. دەچنە بەر سێبەران، ئەگەر ئەو سێبەرانە سڕیشیان بکەن. زمانحاڵی دەسەلاتن و دەسەلاتخواز و بێزراون. بۆ هەمیشەش لە ساتە بۆن وڕکەرەکانی بەر سێبەران دەمێننەوە. سێبەری شێریش، هەر سێبەرە.

دەقی: (بارانی ئەخیلۆس - گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٣و٤ی ساڵی ١٩٩٢، ل: ٣٨ تا ٤٦)دا، لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی ناخی خۆی و لەیەکدانی هەستەکانی، وەک دەربڕین لە نادیارییەکی کوشندە بەرهەم هاتووە.

لەم شیعرەدا هێمای دوولایەنی بەکارهێنراوە، شەوقێکی کورتخایەن لە ئەزەلییەتی ژیان وەردەگرێت و دەیبەستێتەوە بە فەزایەکی بێ کۆتایی، تا خوێنەر بچێتە ناوی و بە ئارەزووی خۆی ئەم فەزایە فراوانتر بکات، ڕامانی سەرەکیی کەسایەتی خۆیشی دابڕێژێت، بە تەواوی جەستەی دەقەکەشدا پەلوپۆ باوێت، کە بوو بە خوێنی دەقەکەش، پێوانەی لێدانی دڵی دەقەکە بۆی ئاسان دەبێت و ئاستی کاریگەرییەکەشی دەردەکەوێت.

کارامەیی لە بەکارهێنانی ڕاز و نهێنی و لەناو پێشبڕکێی ژیاندا، بەدوای ئەزموونی کەسیی خۆی گەڕاوە، پرسیاری چییەتی کەسیی خۆی لە تۆیەکی ئەزەلی و نادیار کردووە. ئەم تۆیە لە خودی نووسەر خۆیەوە ناسراوە و دەست پێدەکات و دەیبەستێتەوە بە هێزی ژیانەوە. ئەگەر نەشیبەستێتەوە نزیکی دەکاتەوە لەو هێزەی ژیان بەگەڕ دەخات. بەهەر ئاراستەیەکدا ڕۆیشتبێت لەدوا خاڵدا گەڕاوەتەوە بۆ خاڵی بەهرەی بێگەردیی خۆی و (شیعربوون)ی کردووەتە ئاراستە و ئامانج. وشەکانی ئەم شیعرە لەناو وشەی نامۆ و خەماوی هەڵبژێردراون.

شیعری خەماوی و بیرکردنەوە و زمانی کەسی هەموو دەم پەنا دەباتە بەر ترپە و ئاوازێکی خاو و لەسەرەخۆ و نەرم، هێزی شیعری خودی خۆی دەخاتە گەڕ و مۆرکی بیرکردنەوەی دادەڕێژێت. لە دوو وێنەشدا، هاودەقی لەگەڵ (خانمی کفن درووی) کردووە . لە وێنەی یەکەمدا هاودەقی: (خەمی بوونیی) و (خۆشەویستی بوونیی) لەگەڵ ناوەندی بووندا بەرجەستە دەکات، داهێنەرانە هاودەقی لە وێنەکەدا دەگونجێنێت و کەرەستەکانی هونەری هاودەقی باش بەکاردەهێنێت، بەڵام لە وێنەی دووەمدا، سۆزێکی ڕووکەشە و لەم بارەوە تێناپەڕێت بۆ خەمی بوونیی خۆشەویستی بوونیی و کەرەستەکانی هونەری هاودەقی باش بەکار ناهێنێت. دەقەکە لە نیشانکار و نیشانکراودا سەرچاوە دەگرێت و پەیژە پەیژە گەشە دەکات. پەیوەندییەکانی نێوان نیشانکار و نیشانکراو، بنیادێکی بەهێزی ئەو ئاخاوتنەیە، کە نیشانکار لەگەڵ نیشانکراو دەکات، یان لەگەڵ ئەوەی لەبوونیدا تواوەتەوە و بووەتە بەشێک لەو. نیشانکار لە نیشانکراو جیاواز نییە، نیشانکاریش لە نیشانکراو جیاواز نییە، هاوتایی پێکدەهێنن و دەڕواننە ئەزەلییەت و نادیارییەک. ئەو نیشانکار و نیشانکراوە، نیشانکار و نیشانکراوێکی ڕۆمانسی نییە، ئاسۆ و دووری خرۆشاوی ناو دەقەکەیە، دانە پەیڤی نیشانکار و نیشانکراوە کلتووری لەمێژینەی شاعیرانی تەسەووفە، بەشێوازی کێش و سەروا بەکارهێنراوە، لە ڕووبەرێکی فراوانی شیعریدا کاری پێکراوە، لە تەسەووف و بەختەوەریی خوداییدا، ژیان لە دروشم و دەمامک و گەلحۆیی ڕزگار دەبێت. ئەوەی مایەی سەرنجی قووڵ و سەرسوڕهێنەرە شاعیرێکی ئەمڕۆ لە شیعرێکی ئازاد و شێوە پەخشاندا ئەم کلتوورە دوولەتبووە بەتاو و تینێکی داهێنەرانە دووبارەی بکاتەوە و باش بەکاری بهێنێت .(منیش قاچێکم گێچاوی ڕۆژئاوا، ئەوی ترم

شمشاڵی ڕۆژهەڵات)، پێچەوانەکردنەوەی ئەم دەربڕینە سۆفییانەیە: (نیوەم لەناو نەبووندایە و نیوەکەی دیم لەناو هەبوون).

شاعیر لە شیعرەکەیدا، هاووڵاتییەکی دیاری ماندووە و هەستی نامۆیی ئاوارەی کردووە، ئەم هەستە نامۆییەی بە گەورە دەخاتە بەرچاو و هەستی نوێبەخشی لێ بەرهەم دەهێنێت، کە بابەتێکیش هەڵدەبژێرێت بۆ ئەزموونکردن، یان بابەتێک ئەو هەڵدەبژێرێت بۆ ئاشکراکردن و دەربڕینی هەستەکانی، لە نیازی خۆیدا پێیوایە: لەم ئەزموونکردنەدا دەگات بە ڕەگ و ڕیشە، نووسینە بەرهەم هاتووەکە خودی ڕەگ و ڕیشەکەیە، شاعیر لەسەر هەستەکانی خۆی تاقی کردووەتەوە. ژیانی نووسین بەستراوەتەوە بەو ژیانەی، کە کەسی نووسەر ئەزموونی کردووە، یان کەسی نووسەر بۆشاییەک لە ژیانی ئەزموونکردوویدا هەبووە و هەوڵ دەدات لە ژیانی نووسیندا تەواوی بکات، شێواز و فۆرمێکی نیمچە بەختەوەری پێبدات. ژیانی ناو نووسین، ژیانێکی پاڵەوانانەیە و لە ناوەندی خودی خۆیدا چاودێرە و قووڵایی دەپشکنێت، کە ناوەندی نووسینە. بە دوای گفتوگۆ و خولیای ئاشنا و ڕۆشنا نزیکەکانی دەگەڕێت و بەدڵ دەیاندوێنێت و دەیانکات بە ئاکارە سەرەکییەکانی نووسین.

شیعرەکە کەمێک سۆزدارە، لە دەربڕیندا ڕوون و ڕەوانە. لە هەمان کاتدا زۆر قووڵە و ڕۆشنبیریی فراوان و ڕۆحانییەتیان لە خوێنەر دەوێ. دەکرێ وەک دەق و شێوازی: (سانایی خۆبەدەستەوە نەداو) تەماشا بکرێت. بابەتەکەی بە دەوری ئەزەلییەت و نادیارییەک دەسووڕێتەوە، لە ڕێگای (خەمی بوونیی) و (خۆشەویستی بوونیی) تاسەی بۆ نادیاری مرۆڤ و گەردوون دەردەبڕێت، کە پێشبڕکێی خەمی بوونیی و خۆشەویستی بوونیی پێشبڕکێیەکی بێ کۆتایی و

ئەزەلی و نادیارە. دەبێتە بنیادی شوێن و کەسی، یان جێگای بنیادی ئەزەلییەت و نادیاری دەگرنەوە، دەبنە مانا و لە زیندووەتیدا ڕۆڵی ئێستێتیکا دەبینن، یان خەمی بوونیی دەکاتە خاڵ و خۆشەویستی بوونیی بەدوایدا دەهێنێت و دەیکاتە هێڵ، هەردوو خەم دەکاتە تابلۆ و ئامادەی دەکات بۆ پیشاندان، هەروەها بەهۆی ڕۆحانییەتی زمانەوە وادەکات وشە مانایەکی ئەزەلی و نادیار ببەخشێت و گواستنەوەیەک بێت، بەرەو (ڕەگەزی کتوپڕی). ڕەگەزی کتوپڕی لە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیدا، ئەرکی شێواندنی کپی و هێمنی دەروونی خوێنەر نییە، بگرە داڕشتنەوەی کپی و هێمنی دەروونی خوێنەرە، هونەری ڕوونکردنەوەی ژیانە بەمانا ئەزەلی و نادیارییەکەی، کە ژیان کۆمەڵێک پارچەی لێک نزیکن و بینایەکی ڕوون و ئاشکرا دروست دەکەن، خەمی بوونیی و خۆشەویستی بوونیی لە بارێکی ناخەکی دەخرۆشێنن. ئەم خەمە بوونیی و خۆشەویستی بوونییە لەم دەقەدا لە فەزایەکی بێ کۆتایی و ڕەنگاوڕەندا خرۆشێنراون و لێک گرێدراون.

زمان لە ڕۆحی نووسەر دەست بەکارە، لە شیعردا بە جۆرێکی تایبەت بەکاردەهێنرێت. نهێنییەکانی ڕوانین و گرفت لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە زمانی پەخشاندا، بەهەموو لکەکانییەوە بەکار دەهێنرێت، چونکە زمان لە شیعردا هێما و سرووش وەردەگرێت، تا ئەوپەڕی سنووریش پەیوەستدار دەبێت بە سۆز و یادگاری ئەزموونی ژیانی کەسیی شاعیر، هەروەها بەهۆی وێنەوە هێما و سرووش بە بیر و بیرکردنەوە دەدات، لە زەیندا وێنەی تایبەت دەخوڵقێنێت. لە هەمان مەبەست لە خاڵێکی قووڵتری (سەرنجی هەستی)دا وێنە بیر و هۆش تاو دەدات.

وێنە لە نێوان کۆمەڵێک پەیوەندیی جیهانی پڕ هێزی ناوەوەی شاعیر و وێناکردنی ژیانی کەسی شاعیر دەخولقێنێت و هەڵچوون لە دۆخی لەرینەوەوە وریا دەکاتەوە. لەم باروبوارەدا، وێنە بەهۆی پیتی بانگکردن دەنگی وێنەکە دەگوازێتەوە. وەک ڕاز و نهێنی بوون دەکاتە ئاوێنەیەکی جیوە ئەفسوونی، وەک هاوارێک ئازاری هەموو کۆستێکی تێدا کۆدەکاتەوە و دەریدەبڕێت. لە پاشاندا دووبارەی دەکاتەوە تاڕادەی بێزارییەکی سامناک و کوشندە. وێناکردنی کەسی و خەیاڵی لە چالاکی خۆیاندا بەردەوام دەبن. ئەو هەستە ئێستێتکییەمان لا دروست دەکات، کە شاعیر هەوڵی ڕایەڵکردنی داوە، بەڵام دەبێت ئەو هەستە بەتەواوەتی لە ڕەوتی ڕستەکاندا بڕەخسێنرێت، کە بەهای شیعریبوون تێدا پەنهانە، هاوسەنگییەک ڕادەگرێت. هاوسەنگی: (خەمی بوونیی) و (خۆشەویستی بوونیی).

شاعیر بەو شێوەیە دەنووسێت، کە پێی ئاسوودەیە و پێگە و ڕێگای خۆی بۆ ئاشکرا دەبێت. خوێنەریش لەم پێگە و ڕێگایەدا لە هەقیقەتی ڕەهای شیعریبووندا، لە خولیاکانی خۆی نزیک دەبێتەوە. گیانی شیعریبوون لە ڕێگای باش بەکارهێنانی زمانەوە دێتە ناو جەستەی شیعرەوە. لادان، یان خزان، یان خلیسکانی زمانی لە شیعردا گونجاوە، جۆرێکە لە بیری داهێنەرانەی شاعیر لە یارییپێکردنی وشەدا. ئەم بۆچوونە تاڕادەیەک بۆچوونێکی لەبارە، بەڵام شیعر پێشێلکردنی ڕێزمان نییە. لە سنووری ئەم نیمچە لادانەدا تێناپەڕێت. لەم دەقەدا: (زمان) بەهێز نییە، (هەست) بەهێزترە. هاوسەنگ نەکردنی (زمان) و (هەست) جۆرێک ناتەبایی بە بنیادی شیعرەکە داوە، هەروەها وێنەیەکی لە دوو شوێندا دووبارە کردووەتەوە، بێ ئەوەی ترپە و ئاوازێک، یان دۆخێکی زەینی بگۆڕێت. لە شیعرێکی وا یەکبابەتی و یەکگرتوو و

هێمادارردا، دووبارەکردنەوەی وێنە، ترپە و ئاوازێکی بە جۆش بە بنیادی شیعرەکە نادات، بگرە تووشی هەناسەبڕکێشی دەکات، هەروەها ڕەنگ و ڕووی سروشتیش لە جیهانبینیی شاعیردا، دەرکەوتەیەکی تایبەتی نییە.

بینینی ئاسۆیی لە (خەمی بوونیی) و (خۆشەویستی بوونیی)، کە بە خورڕ بەدوای یەکدا دەڕژێن و دەڕژێنە ناوەندێک، کە بوونێکی دیار و دەستنیشان نەکراوە لە خەمی بوونیی و خۆشەویستی بوونیی . بگرە بوونێکی پێوەر و ناوەندێکە وەک: ئەدگار و پێکهاتە، کە ڕامانی سەرەکیی دەقەکە بەناو هەموو جەستەی بووندا تانوپۆی چنیوە، دەبێتە ڕۆژ و ڕۆژگار و ڕاز و نهێنییەکی بزر، کە ڕۆحانییەتی بوونەکانە و شیعرییبوونی دەقەکەیە. دەقەکەش لە ژیانی ئاسایی خۆیدا، ئالوودەی تەنیایی خۆی بووە. وەک ئالوودەیی بە تەنیا (لەدایکبوون) و بە تەنیا (مردن) و پڕبوو لە هەموو دڵشکان و ناکامی و نەهامەتییەکانی ژیان.

**ئەیلوولی ٢٠٠٨ هەولێر**

# قەڵەمکێشی عوسمان شەیدا بە وشە

ئەو کەسەی لە دڵەوە دەنووسێت، بەرپرسیاریەتی لە ئاست زمان و خوێنەرانیدا بە هێزە، وەک مەترسییەکی بکوژ تەماشای کردەی نووسین دەکات. ئەگەر نووسینەکەی هێزی تێدا نەبوو، ئەوە کات دەیکوژێت و لەناوی دەبات، ئەگەریش هێزی تێدا بوو، ئەوە کات ژیانی پێدەدات، ژیانپێدانی نووسین بە نووسەر، هەستکردن بە بەرپرسیارەتی نووسینە.

یەک لە خاسییەتەکانی: (عوسمان شەیدا) ئەوەیە: مانا لە وشەدا چڕ دەکاتەوە، تا ئاستی درەوشانەوە و جیهانبینییەکی بەتین. وردەکاری و هەستیاریی لەلا گرنگە بۆ ئەوەی: هەستی مانداری و ئومێدی بەتینی ژیان دەرببڕێت. لە شێوازدا بەرزی و نزمی نییە، بەڵام لە هەڵبژاردنی بابەتدا دووچاری بەرز و نزمی لە (ڕێکخستن) و (وێنە)دا دەبێتەوە، هەموو شێوازەکانی شیعریش بۆ گەیشتن بە شێوازی نوێبەخشی و شکۆی نوێبەخشی بە خولیای بەدواداچوون و پێویست دەزانێت. ڕەنگە شیعر لە ڕۆژێک و دانیشتنێکدا ڕەشنووسی یەکەمی تەواو ببێت، دەستکاری و پێداچوونەوەیەکی کەمی بووێت، بەڵام گەڵاڵەکەی لە یەک ڕۆژدا نەخەملیوە، یان شیعرەکە هەستپێکردنی یەک ڕۆژ و ڕووداوێک نییە، جۆرێک کار لەسەر کەسایەتی خۆکردنە و کەوتووەتە بەر کاریگەریی چەندین ڕووداوی جۆرا و جۆری دوور و نزیک. وەک لە خاڵەوە دەستپێکردن بۆ هێڵ و لێک گرێدانی پارچەکانی بینین. لە ئەنجامی لێک گرێدانی پارچەکانی بینینی خۆی، وێنەی بوونێکی تەواوی

خۆی، یان هاوتای خۆی دەبینێتەوە. وێنە لە کاری ئەدەبی داهێنراودا بە هیچ حاڵ و بارێک و توندڕەوییەک ناشێوێنرێ و حوکمی پێشوەختەی لەبارەوە نادرێت. وێنە لە حاڵ و باری هێمن و نەرم بیرکردنەوەدا وێنا دەکرێت. شاعیری ڕاستەقینە هەمیشە بەشێوەی ئاشتیخوازانە و لێبووردە دەژی، نووسین لە دیدی ئەودا کردەیەکی زۆرکەسییە لە نێوان ئەدیب و ئەدەبدا درێژدەبێتەوە. خوێنەر لەو وێنەیەدا هەست بە ئارامی دەکات، کە لە حاڵ و باری هێمن و نەرم بیرکردنەوەدا بەرهەم هاتووە. نەک لە حاڵ و باری دۆخی شێواودا. شیعر ڕوو ناکاتە خوێنەری گشتی، بگرە ڕوو دەکاتە خوێنەرێکی تایبەت، کە دەستەبژێرە و ناچێتە پاڵ هزر و هونەری باوخواز. بێ هیچ ئەلفوبێیەک ئەو خوێنەرەی، کە بەرهەمەکەی بۆ نووسراوە، وێنەی خۆی تێدا دەناسێتەوە، یان وێنا دەکات. ئەگەر بۆ خوێنەری گشتی نووسرا، ئەوە خوێنەری گشتی وێنەی خۆی تێدا دەناسێتەوە، یان وێنا دەکات. ئەگەریش بۆ تایبەت و دەستەبژێر نووسرا، ئەوە خوێنەری تایبەت و دەستەبژێر وێنەی خۆی تێدا دەناسێتەوە، یان وێنا دەکات . ڕەنگە هەردوو خوێنەریش لە یەک ڕووداودا ژیابن و هەریەک ڕووداوەکە بەئاستی تاسە و بیرکردنەوەی خۆی بناسێتەوە و وێنای بکات. بەهۆی نووسینەوە چ نووسینی داهێنراوبێت، یان نووسینی ئاسایی، پەیوەندیی مێژوویی لە نێوان خوێنەری گشتی و تایبەت و دەستەبژێرەوە دروست دەبێت، هاوکاریی یەکتری دەکەن بۆ ناسینەوەی وێنەی کەسیی خۆیان. پەیوەندی و گفتوگۆی خوێنەری گشتی لەگەڵ شیعردا لە چوارچێوەیەکی گشتیدا دەسووڕێتەوە، هەروەها پەیوەندی و گفتوگۆی خوێنەری تایبەت و دەستەبژێریش لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا دەسووڕێتەوە.

هەر نووسینێک بانگەشەیەکە بۆ پێشاندانی وێنەیەک، ئەو وێنەیەی نووسین لە توانایەکی تایبەتدا لەگەڵ خۆیدا دەیکێشێت و دەیهێنێت.

هەوڵدانی خوێنەر بۆ ناسینەوەی وێنەی خۆی، کارێکی بێ هوودە نییە، بە پێچەوانەوە دەبێت نووسین دەرفەتیان بدات بۆ ناسینەوەی وێنەی کەسیی خۆیان، ئەو خوێنەرەش خۆشبەختە وێنەی خۆی لە کارێکی ئەدەبیدا دەناسێتەوە. توخمی ئیلهامبەخش لەم ناسینەوەیەدا چییە. ڕەنگە بارێکی زۆر تایبەت بێت و تەنیا لە چرکەی چەشەی خوێندنەوەدا هەستێکی زیرەک و پەی پێبەر دەریبخات و بەرزی بکاتەوە بۆ ئاستی بینین و ئاشکرا بێت.

ئەگەر خوێنەر وێنەی خۆی لە کارێکی ئەدەبیدا ناسییەوە، یان وێنا کرد، ئەوە بەرهەمهێنەرەکە زەینی بەرهەمهێنانی لەبارەی ئەو بەرهەمەی بەرهەمی هێناوە، بەهێز دەبێت و بەرهەمەکەشی بەرهەمێکی خاوەن ئامانج و ئاراستەیە. ناسینەوەی وێنە، یان وێناکردن کردەیەکی هەستیاری دەوێ، کە پێیدەوترێ بەرپرسیاریەتی نووسین لەبارەی نووسینەوە.

ژیان هەستێکی لێڵ بەو کەسە نادات، هەموو ڕۆژێ پرسیاری خاوەن ئامانج و ئاراستە لە مەڕ ڕاز و نهێنی دەکات و گیرۆدەیە بەدەست سەرسامییەکانی گەردوون و ژیری و دانایی پێغەمبەر و داهێنەرەکان. لەو حاڵ و بارەدا کەسی پرسیارکار و دڵگەرم بە سەرسامییەکان، بووەتە بەشێکی زیندوو و کارا لە ڕاز و نهێنییەکان. شاعیر پەی بەو هەموو ڕاز و نهێنییەی ژیان دەبات لە دۆخگۆڕینی بۆ زمانی شیعری، دواتر بۆ شیعریبوون پێدانی. بەهای ڕاستەقینەی پرسیار، وەڵام نییە، خلیسکانە لە وەڵام. پرسیار لە سەر پێشکەوتنی مرۆڤ و بەرپرسیارەتی دادەمەزرێت. لە دەقی: (دوو پارچە شیعر۔

گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٨٥، ل: ١٨٧تا١٩٠)دا، ژیان بە تەواوی پێکهاتەی خۆیەوە بە گەرموگوڕی هەیە، ژانی بەرپرسیاریەتی بەهێز و بە تەوژمە بۆ دامەزراندنی ژیانێکی خۆشگوزەران. بە کارەسات و ئەنجامەکانی جەنگ دڵگران و نیگەران و کەسەربار و وروژاو بووە و لێی دوور کەوتووەتەوە، وەک جۆرێک هەڵاتن لێی هەڵاتووە. جەنگ مەینەتی ئەوی وەک شاعیرێک گران کردووە، ئەمیش لە ئەنجام و تاوانەکانی جەنگ نابوورێت. بایەخی بە دوو تەوەری سەرەکی داوە. ئەوانیش خۆشەویستی و مردنن. (خۆشەویستی - بوون، مردن – نەبوون)، هەروەها بایەخی بەدیاریکردنی شوێن داوە. شوێن لە دیدی ئەودا هەمیشە نیشتیمان بووە و خواستییەتی ژیانێکی خۆشگوزەران و جێگیری تێدا بەسەر بەرێت . لە هەندێک حاڵ و باریشدا دەبێتە گۆڕ.

لەبارەی زمانی شیعرەوە یەکەمین شت، کە هەستی پێدەکەین ترپە و ئاوازە، ترپە و ئاوازەکی زرینگەداری خوڵقاندووە. وێنە لە سەر بنەمای دووبارەبوونەوەی زرینگەدانەوەی ترپە و ئاوازەکەدا بنیاد دەنێت. هەندێک وشە بەناخی ڕۆحی شاعیرەوە دەلکێن و لەگەڵ درێژبوونەوەی ئەزموونیدا درێژ دەبێتەوە و دووری و ئاسۆی دیکە دەکاتەوە.

شاعیری ڕاستەقینە لە ماوەیەکی دیاریکراوی تەمەنیدا شیری شیعر دەخوات، دواتر بۆ هەموو تەمەن بە خوێنیدا هاتوچۆ دەکات. لەو پێناوەشدا ڕەنج دەکێشێت. کەسێکە بەردەوام لەناو کۆمەڵگا بە گشتی و ناوەندی ئەدەبی بە تایبەتی دۆخێکی نالەباری بۆ دروست دەبێت و خۆی بە بێگانە و نامۆ دەزانێ، دەوروبەریش وەک بێگانە و نامۆ تەماشای دەکات، لە پێناو گەشەپێدانی کلتوور و زماندا لە دڵەوە تێدەکۆشێت و ئەو بێگانەیی و نامۆییەی لەم تێکۆشانەدا دەڕەوێنێتەوە،

دوای بەسەرچوونی سەردەمێک بە سەرنجدان لە گەشەپێدانی (کلتوور) و (زمان)دا، دۆخێکی لەباری بۆ دروست دەبێت. دۆخی شیکردنەوەی ڕۆشنبیری، لە ئاستێکی گەورەمەندی دەیبینێت و ئەو بینینە بە پلەیەکی شیاوی دەگەیەنێت. ئەوە گەشەی کلتوور و زمانە، شاعیری ڕاستەقینە و کۆمەڵگا لێک نزیک دەخاتەوە، ئاشتیان دەکاتەوە تا ڕادەی یەکخستن لە (ڕێکخستن) و(وێنە)دا، ژیانێکی تەواو تازە و بەخشندە پێکدێت. بەردەوامبوونی گەشەی کلتوور و زمان بەهێزتری دەکات. خوێنەریش وەک خاوەن بەهرەیەکی تایبەت لە دیدارەکانی شاعیر و کۆمەڵگادا گوێڕایەڵ و بەهرەمەند دەبێت.

**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ هەولێر**

# قەڵەمکێشی سەڵاح شوان بە وشە

ئەو کاتەی نووسین دەبێتە تاکە پەنا و چێژی دەگمەنی نووسەر، نووسەر بە دۆخی نووسین گەرم دادێت، لەبارەی نووسینەوە کەسایەتییەکی بەهێز و سەرکەوتوو و گەشبینی دەبێت. لەو بەهێزی و سەرکەوتوویی و گەشبینییەیدا دەبێت هەڵسوکەوت لەگەڵ تەنیاییدا بکات و پەیوەندییەکی هاوشێوە بسازێنێت، پەیوەندیی نووسین و تەنیا بیرکردنەوە لە نووسین و لێکدانەوەی هۆشیارانەی نووسەر بەکاتی نووسینەوە. لە کاتی نووسیندا هەیکەلی گشتی نووسین ڕوون نییە. سەرەتای چییە و کۆتایی بە کوێ دەگات. لە درێژە و کردەی نووسیندا وێناکان دەگۆڕێن و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییان بەسەردا دێت. بزاوت و جووڵەی ئەو ڕووداوانە ڕوودەدەن، کە لە مێشکت نیشتوون و دەبنە ڕووداوی کاتی نووسین. جێگۆڕکێ بە هەستەکانت دەکەن. ئەو گۆڕانانەی لە کاتی نووسیندا ڕوودەدەن و دێنە ناوەوە گرنگترین توخمی نووسینن. لەو حاڵ و بارەشدا هێشتان نازانیت لە تەواوی نووسنیەکەدا چی ڕوودەدات. بابەتی سەرەکی چییە و شێوازی نووسین چی دەبێت، بەڵام هەستی نووسین بەردەوام و بەتەوژم شەپۆل دەدات. لە دەقی: (تێکەڵبوون - گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٨٠، ل: ٦٥ تا ٦٨)دا، هەبوونی پەیوەندییەکی ناوەندی لە نێوان وێنەکاندا بووەتە یەکخستنی پێکهاتە و ناوەرۆکی دەقەکە و زانینی لێکدانەوە، هەروەها پەرەپێدانی پەیوەندیی ڕەگەزی زمان و داڕشتن

پێداگری و کۆششێکی زۆری ویستووە و چووەتە ناو وردەکارییەکان بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی دلێر و پڕ لە شەپۆل. لەم حاڵ و بارەدا، دەق ئاکامی ڕێکەوت و چرکەساتی کورتخایەن و دۆزینەوەی لە ناکاو نییە، بگرە مەبەستە و لە ڕوانگەی تایبەت و جیاوازدا بە ئاکام گەییوە و بەرهەمی حاڵ و باری گونجاو و شیاوە. هەستێکی بەجۆش لە حاڵ و بارێکی گونجاو و شیاودا پەرە پێدەدات و دەبەخشێ. خوێنەریش بەناو پێکهاتە و ناوەرۆکی ڕۆدەچێت و گۆشەی ئاکامێک دەگرێت و زەمینەی بیرکردنەوەی بەهرەدار دەکات. شیعر لە کەناری مانەوە و نەمریی خۆیدا هەمیشە ڕۆڵی لە هەقیقەت و خەیاڵ بینیوە و هەمیشەش دەیبینێت و بە تەواوی وشە هەستییەکان، کە مرۆڤ تامەزرۆییان دەکات. چەمکی هەقیقەت و خەیاڵ تیژ دەکات و چێژی دەگمەن و تەنیایی لە زەینمان لێک نزیک دەکاتەوە تاڕادەی یەکگرتنی نێوان شیعر و شاعیر.

ئەم شاعیرە لە ١٩٤٧/٤/١٥ لە دێی مام ڕەش، ناوچەی شوان لەدایک بووە، ئەو ناوچەیە، ناوچەیەکی دەشتایی بەپیتە، لە ئەزموونی نووسینی شاعیردا کەمتر باسی چیا و بەفر و ڕەوەز و تەلان و هەڵدێر و ڕووباری بەخوڕ ... تاد، کراوە، بگرە بەخەمڵیوی وەک شێوەیەکی دەربڕین لە نوختەی بینین و بەخۆدا چوونەوەدا، باسی ماتی و شکۆی جوان ڕاکشاوی دەشتایی کراوە.

شیعر خۆنووسی و سەربردە و تۆماری ڕاز و نهێنیی مرۆڤایەتییە، شاعیران بە تواناوە توانایان لەناویدا بەکاردەهێنن و هێزی ڕۆحییان دەخەنە سەر زەویی واقیع و مێژوو، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ هێما و ئەفسانە، ئەو هێما و ئەفسانەیەی بوونەتە هۆی دڵەڕاوکێی زۆری مرۆڤایەتی. شیعری ئەم شاعیرە خۆنووسی و سەربردە و تۆماری ڕاز

و نهێنی تاکە کەسی خۆیەتی و بەردەوام خۆی وەک کەسی یەکەم لە بنیادی شیعرەکانیدا بوونی پەخش دەبێتەوە. هەندێک جاریش بۆ پەیوەندیکردن بە ئەوی دیکە و لێک نزیکبوونەوەیان. لە هێما و وێنە و لێکچوواندن و پێکچوواندن. وەک هۆکار و هەوڵدانێک سوود لە دەنگە بەرز و نزمەکانی دراما وەردەگرێت.

ئەم شاعیرە کاتێکی زۆری لە جوانترین ساڵانی تەمەنی خۆی بۆ شیعر تەرخان کردووە، لەو خۆتەرخانکردنەشیدا ئەزموون و شارەزایی پەیدا کردووە، لە پێکهاتەیەکی نوێبەخشدا کردوویەتییە خاڵێکی باشی پێگەیشتن لە زمان و شێواز و تەکنیکدا. تۆڕێکی وردی بۆ زمان و شێواز و تەکنیکی خۆی چنیوە و گۆشەگیری هەڵبژاردووە. گۆشەگیریش باشترین ماوەی ڕەخساوە بۆ نووسینی دەقی قووڵ و فرەدەنگ و گومانکردن لە واقیعی بوونی جیهان. فەزای واقیع بە گومان دەورەدراوە. شیعر ڕێچکەیەک لەو گومانە وەردەگرێت و دەچێت فەزای ژیان فراوانتر دەکات و پەیوەستت دەکاتەوە بە وردەکارییەکانی (زمان) و (شێواز) و (تەکنیک). قووڵبوونەوە و خەملێنی ئەزموون مژدەبەخشە و پەیمان دەدات بۆ ئەو هەستە ئەدەبییەی، کە لەلات گەڵاڵە بووە، ڕاهێنانی لەسەر بکەیت و هەوڵی ئاشکراکردن و نووسینی بدەیت.

نوێبوونەوە و گۆڕان لە زمان و شێواز و ترپە و ئاوازدا، تیشکدانەوەی بنیاد و ڕۆنانە و تایبەتمەندیی شیعری نوێبەخشیان پێدەناسرێتەوە، فەرامۆشکردن و پەراوێزخستنی نوێبوونەوە و گۆڕان لە زمان و شێواز و ترپە و ئاوازدا لێسەندنەوەیەکی سەرچاوەییە لە نوێبەخشی و داخرانی فەزا و کوشتنی سەدای خەیاڵە. نوێبوونەوە و گۆڕان لە زمان و شێواز و ترپە و ئاوازدا ئەو توخمانەن، کە لە بەرهەمی چاکترین شاعیرانی ئێمەدا جوانخوازی و ئاکار و بوونێکی

شیعرین. لای ئەم شاعیرەش ئەم توخمانە تایبەت و تایبەتمەندن. ئەزموونیان بەپیت و دەوڵەمەند کردووە.

ئەوەی جێگای سەرنجی پەسندە لە دامێنی هیچ دەقێکیدا تێبینی و پەراوێز نەنووسراوە. ئەوەش تەندروستیی تەواوی گیان و ناوەرۆکی دەق و پێگەیشتنی نووسەرە لە هونەری نووسین. لەئاستی بیروڕا و بیرکردنەوەشیدا ئەشقی خۆی لە ئێستێتیکای مانا و سرووشی مانا و ترپە و ئاواز و دنیایەکی دەست پێنەگەیشتوودا قووڵ کردووەتەوە.

کاری ترپە و ئاواز لە شێوازدا ئەوەیە پێکهاتەی وێنە ڕوون بکاتەوە. وێنە هەقیقەتێک لە ژیان دەخاتە ڕوو، یان خەیاڵێک لە ڕێگای وێنەوە دەکاتە هەقیقەت و فۆرمێک دادەڕێژێت و دایدەمەزرێنێت. وێنەش بەستراوەتەوە بە تێگەیشتنی چاو لەناو تێڕوانینی خۆیدا و بریتییە لە هێمایەک، کە دەربڕین لە هێماپێکراو دەکات. زمان هێمایە و ژیان بە هەموو وەرچەرخانەکانییەوە هێماپێکراوە.

زمان لە شیعری: (سەلاح شوان)دا، هەموو شتێکە و وەک هەموو شتێکیش دەمێنێتەوە، دەبێتە پەیوەندییەکی ناوەند لە نێوان وێنەکاندا. ڕۆشنبینیی ڕەگی وشە دەبینێت و لە یەک دۆخدا نامێنێتەوە. وێنەش داخوازییە دەروونییەکانی شاعیر بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی بینین، ئەو داخوازییە دەروونییانەی دەبێتە جیهانبینی و شاعیر خەونی پێوە دەبینێ، یان دەبێتە هۆی خەونبینینی، یان لە خەیاڵیدا پێی گەیشتووە و لە ڕەگە گشتییەکان لای دەدات و دەیبەستێتەوە بەڕەگە تایبەتییەکانەوە. لە ڕووی زمان و شێواز و تەکنیکەوە دڵنیابوونێکی شیعری بە شاعیر دەدات. ئەو داخوازییە دەروونییەی، کە لە خەیاڵی پێی گەیشتووە، لەم حاڵ و بارەدا، خەیاڵیش ئیش دەکات بۆ ئەوەی ببێتە بەشێکی بچووک لە واقیعی خاوەن بزاوت و جووڵە و کاریگەردا.

شاعیر لەسەر ئاستی بوون لە هەناوی خۆیدا دەژی و هەوڵ دەدات بزانێت و بدۆزێتەوە. شیعریش هەنگاو بەرەو بەرزایی بە واقیع دەنێت و ماناشە بۆ بوونی پڕ بزاوت و جووڵە و کاریگەری، دەیگەیەنێت بە بوونێکی ڕوون، (بوونی ڕوون) بەئاسانی ناکرێت بە نووسین، بەڵام کێڵگەیەکی بە پیت و بە هاتە بۆ پەروەردەکردنی هەستیاریی نووسین. لەگەڵ ئەوەش دەنگدانەوەی ئەم بوونە ڕوونە لە هەناومان دەبیستین. دەبێت لەگەڵ ئەم دەنگدانەوەیەدا هەڵبکەین و بڕۆین و هەوڵی زانین و دۆزینەوە بدەین، چونکە دیوی هەقیقەتی نووسین و مرۆڤە. نووسین و مرۆڤ زوو بە واقیع ناگەن تا پەی بە داو و ڕایەڵ و تانوپۆ و دەرهاوێشتە هاوچەرخەکانی نەبەین. واقیع هێندەی ئەوەی نووسین مانای دەداتێ، لەوە زیاتر خۆی هەستیاری خۆی پەروەردە دەکات و مانای هەیە و دەزانێت و دەدۆزێتەوە. شاعیر لە زانین و دۆزینەوەی جیا جیادا لە ژیان ڕادەمێنێ و دەکەوێتە ناو کۆچێکی ئەزەلی و چاو دەگێڕێ و ورد دەبێتەوە و دەزانێت و دەدۆزێتەوە، بەڵام قەناعەتی تەواوی بە زانین و دۆزینەوەکەی نایەت. دووبارە کردەکە دەست پێدەکاتەوە، لە دەستپێکردنەوەیدا هێڵێکی دیاریکراوی نییە. هەوڵ دەدات لە ڕامانێکی گەردوونیدا بۆ ژیان، ڕۆحێک سۆراغ بکات و بەرهەم بهێنێت لەسەر زەوی (هەقیقەت) و (نووسین) بمێنێتەوە.

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ هەولێر**

# قەڵەمکێشی دڵشاد مەریوانی بە وشە

نووسینی شیعری بێگەرد بۆ شاعیر ساتەوەختێکی گەردوونییە و چێژی خۆبینین دەدات، ئەقڵ چۆن کار دەکات و زەین، خەون، هەست، خەیاڵ. چۆن وێنای مەرگ دەکەن.

خودا ئەو هێز و بەهرەیەی بە شاعیر داوە، لە ڕوانگەیەکی تایبەتدا لە خۆی و لە ژیان و گەردوون بڕوانێت و ئەو دیاردەیە بە پێویست بزانێت، کە شیاوی خستنەڕوو بێت. شیعریش هەمیشە هێمای ویژدان و ئێستێتیکای پەسندکراو بووە، هێمای ویژدان و هێمای ئێستێتیکا هەمیشە خودێکی سەرڕێژ لە شیعری پڕ و کەسێکی پڕ پەیوەندی بەژیان و گەردوونەوە بەرهەم دەهێنن و مەودای ڕوونبینی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەبەخشێت. شیعری فرەدەنگیش، واتە: شعرییەتی پڕ، لە ئەنجامی لێکدانی هێمای ویژدان و هێمای ئێستێتیکادا بەرهەم دێت. هەندێک جار دەقێکی ڕەوا و فرەدەنگ دەخوێنینەوە، وا هەست دەکەین ئێمە لەناو دەقەکەدا قووڵ و گرنگ ڕسکاوین و گەشە دەکەین، دەقەکەش لەناو ئێمەدا قووڵ و گرنگ دەڕسکێ و گەشە دەکات. هاوتایی و هاوسەنگی و هاوشێوەیی دروست دەبێت. دووری و ئاسۆی بەختەوەرییەکی ڕەها دەکەینەوە. لەم باروبوارەدا وا دەزانین ئێمە دەقەکەمان قووڵ و گرنگ ڕسکاندووە و دەقەکەش وا دەزانێت ئێمەی قووڵ و گرنگ ڕسکاندووە. یەک لەناو ئەوی دیکەدا نیشتەجێین، تواناکانی خۆمان نووسیوەتەوە و هەوڵ بۆ گەرمکردنی ئێستێتیکا

دەدەین لە پێناو گۆڕینی دۆخی ئێستێتیکی، واتە: شێوازێکی تری نووسین، بۆ شێوەیەکی تری واقیع.

ئەو هێز و بەهرەیەی مرۆڤ لەگەڵ بوونی پێی بەخشراوە، بۆ ئەوەیە: ژیانی لەسەر ڕێکبخات و پەیوەندییەکانی بەرجەستە بکات. وەک کەسێکی تەواو جیاواز و نموونەیی لەو کار و کردەوە و داوایانەی سەرکەوتوو بێت، کە پێشتر بیری لێ کردوونەتەوە و لەناخڕا کۆششی بۆ کردووە. بە هەموو توانایەوە وابەستەیەتی. کلیلێکە بۆ ئەو ڕێکخستنەی، کە ژیانی سەرکەوتووی پێ بەڕێوە دەبات.

لەم باروبوارەدا هەموو تواناکانی و ئەو هێز و بەهرەیەی پێی بەخشراوە. وەک کردارێکی ڕۆحی بەشداری سەرکەوتنی دەکەن و یارمەتی دەدەن بۆ ئەوەی بزانێت لە کوێ دەست پێدەکات و لە کوێش کۆتایی دێت، لە چیش دەست پێدەکاتەوە. دەقی ڕەوا گوێ لە کەس ناگرێ و بەقسەی کەسیش ناکات، تەنیا گوێ لە دڵی خۆی دەگرێت و بە قسەی دڵی خۆی بەڕێوە دەچێت. بەشێکی زۆری بنیادی دەقی: (دڵشاد مەریوانی) لە یەک بەش و یەک بابەت پێکهاتوون، بەڵام لە یەک بەش و یەک بابەتەکەیدا جووڵە و بزاوت زۆرن بۆ دەستنیشانکردنی بنیادەکە و چەمک و ڕامانی سەرەکیش شیعرییوونی پڕ بە تەواوی زەمینەی پێکهاتەکان پەخش دەکات، جووڵە و بزاوتەکان سروشتی شیعرەکە دەگۆڕن بۆ دروستکردنی هاوئاهەنگی پەیوەندی کاکڵ و توێکڵی دەقەکە، پەیوەندییەکان دەبنە هۆ و هۆکار و ناوەند، شتەکان ڕادەکێشێتە ناو خۆی، واتە: ناو بیرکردنەوەی نووسین. ناوەند سەرزەمینی واقیعە و مرۆڤ تێیدا ڕۆڵ بەسەر زەمین دەدا.

لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا زمان شکۆدارییەک بە شیعر دەدا. بەوەی دەربڕینەکانی سادەن و دوورن لە ئاڵۆزی و لێڵی و ڕستەی

سەرلێشێوێنەر و داخراو، واتە: سادەیی لە ناخیدا پێگەییوە. ڕستەکانی کورتن و باش دەربڕین لە خود و دەوروبەر دەکەن و کراوەن، دوور و درێژ و بێزارکار نین، بەهێزی (هەستی زمان) جیاکاری شێواز و جیاکاری زمانی لە هەڵبژاردنی وشەدا وەک تایبەتمەندییەک پیشان دراوە، ئەمەش لە باروبواری نووسیندا، بابەت ئەم کردەیەی هەڵبژاردنی وشەیە دەسەپێنێت و ڕەوتی نووسین درێژ دەکاتەوە، تا خاڵی خەمڵێن. بە هەموو بوونیەوە ئاگای لە ڕاز و نهێنی و نەمریی نەتەوە بووە، لە گەشاوەترین ئاستی ئەشقدا، ئەم ئاگاییەی بە هەقیقەتی ئامانج و مەبەست گەیاندووە، کە دیارترین خەسڵەتی گەشە و ڕسکانی ئەویان پێکهێناوە بەرەو جۆرە ئەدەبێک، کە ناوی بە ڕیالیزمی نوێ و ئەدەبی شۆڕشگێڕی، یان بەرگری، یان پابەند بە داوا و ویستی شۆڕشی ڕەسەن و کۆمەڵگاوە ڕۆیشتووە، بەڵام بەشێوەیەکی زانستی خاڵە پێکهێنەر و جیاواز و دامەزرێنەرەکانی دەستنیشان نەکراوە، ناسنامەی تایبەتی وەرنەگرتووە و بەتێکەڵی ماوەتەوە.

شاعیر پێویستە: نە مارکسی بێت، نە نەتەوەیی، نەبڕواداری ئایینی ... تاد، پێویستە گەردوونی و کوڕی هەتاو بێت و کلۆڵیی ناوچە هەژار نشینەکان بەرجەستە بکات، حوکمڕانی داپڵۆسێنەرانەی دیکتاتۆر لە دید و دیدگایەکی ئێستێتیکی تاقی بکاتەوە، کرۆکی بیرکردنەوەی گەردوونی و کوڕی هەتاویی تێدا بورووژێنێت، کە بیرکردنەوەی بنەڕەتییە و هۆ و هۆکاری سەرەکی و گەشانەوەی خەمڵینی نووسینە.

من بۆ خۆم، کە لە شیعری ئێستا وەڕس و بێ ئومێد دەبم، دەگەڕێمەوە لای شیعری کلاسیک و بەوپەڕی چێژەوە دەیانخوێنمەوە، دڵەڕاوکێ و گومانێکی ژیانیی سەیر، لە کلاسیکدا پەخش دەبێتەوە، بە تایبەتی لە شاعیرانی وەک: نالی، مەحوی، مەولەوی، وەفایی، حاجی

قادری کۆیی ... تاد، ڕەنگە ئەمەش ئەو خاڵە پێکهێنەرەی بێت لەناو خۆیاندا لە شتێک دەگەڕێن، کە کتێبە ئاسمانییەکانی وەک: (تەورات، ئینجیل، قورئان). لەناو هەر حەفت تەبەقەی ئاسماندا ڕشتوویانە. مەیل و خوودانە ژیانجوانی، خەسڵەتی داهێنانە، بەڵام دۆزینەوەی ئاسوودەیی لەمرۆدا، کە خاکەڕایی و سادەیی نەماوە جۆرێک گاڵتەجاڕییە. مرۆڤ بە دوای چیدا وێڵە، ئەو هۆ و هۆکارانە دەبنە شکست و کەوتن و نیمچە لەناوچوون.

بۆچی دەدوێین، کێ دەماندوێنێت، بۆچی دەژین، کێ دەمانژیێنێت، بۆچی دەکوژرێین، کێ دەمانکوژێت. ئەدی کێ دەستی بەسەر ئەو هەموو شتانە داگرتووە و دەستکاری ژیان و چارەنووسمان دەکات. بێ ئەوەی بزانین بۆ دەستکاری ژیان و چارەنووسمان دەکرێت. پێبەپێ لەسەرەخۆ دەمانکوژن، تا هەست بەمردن لەناو ژیاندا بکەین. ژیان پەیوەندییەکی ناڕوون و تووڕەی لەگەڵ مەرگدا هەیە، دواجار مەرگ بێ ناسنامە دەمێنێتەوە، یان ژیان، یان بە ئامادەبوونی توند و تیژی مەرگ چێژ لە ژیان وەرنەگرین، مەرگ وەک چاودێرێک بەسەر سەرمانەوەیە و بەسادەیی دۆخەکەمان بۆ پێناسە ناکرێت، بەدەست مانەوەی ئەم دۆخە دەناڵێنین و شێوازی چۆنێتی هەڵسوکەوتکردنمان لەگەڵ دۆخەکەدا پێ بەرجەستە ناکرێت. دەقی: (پەلکەزێڕینەش نامۆ دەبێ – گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٥٧ی ساڵی ١٩٨٠، ل: ٤١ تا ٤٢)دا، خەسڵەتێکی زۆر لەبار پێش چاو دەخات بەوەی پاڵەوانەکانی، یان گێڕەرەوەی هەموو شتزان بەیەک ئاستی زمانی، زمانێکی دەستەمۆ قسە ناکەن. هەر پاڵەوانێک، یان گێڕەرەوەی هەموو شتزان کەسایەتی خۆی بۆ دەستنیشان کردووە، کە هونەری حیکایی لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا خەسڵەتی دیارن و بنیادەکەشیان تێکەڵ بەیەکتری دەبن.

لەناو هەموو وێنەکاندا ئەم واقیعە جیاوازە کاریگەریی خۆی بڵاودەکاتەوە، مرۆڤەکانیش ڕوانین و لێوردبوونەوەی جۆر جیاوازی خۆیان بەرجەستە دەکەن، هەوڵ دراوە خودی کورد و مێژوو و کلتوور و کەلەپوور و دابونەریت ... تاد، وەک باس و بنەڕەت وەربگرێت، هەروەها دەقی: (ئەو هەفتەیەی حەوت ڕۆژ و شەوێکە – گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٤٣ی ساڵی ١٩٨٨، ل: ٤١ تا ٤٢)، خەملێوترین دەق و ناخی پڕ ئەزموونی ئەم شاعیرەیە. بوون و دیاردە و هەڵوێستی زۆری کردووە بە (ناوەند)، لە دۆخگۆڕینی کار و ئاکاردا بەکاری هێناوە. هەر پێنج هەستەکە. هەر یەک بە پڕی بەجێهێنان و ڕۆڵبینیی خۆی هێڵی بۆ کێشاون و هێڵەکەی بردووەتەوە (ناوەند)، هەروەها ڕۆژەکانی هەفتەش، ڕۆژی هەشتەم زاڵ دەکات و دەستنیشانی دەکات بۆ دۆزینەوە. بەهۆی (من) و (تۆ)، جێگۆڕکێی بەهەستەکان کردووە. دۆخی گشتی دەقەکە بەخشینە لە کەمەوە بۆ زۆر، لە جیهانی زیندووانەوە بۆ نەمری.

من و تۆ دەبنە (هەقیقەت) و (دۆزراوە)، هەقیقەت و دۆزراوەکە وەک ناوەند دووبارە دەباتەوە ناو هێڵە بۆ کێشراوەکان، واتە: هەقیقەتەکە دەبێتە بیر و بیربۆکراوە. بەهەمان خێرایی، ئاراستەکان هەم وەردەگرێت و هەمیش پەرشیان دەکاتەوە. جیهانی شیعرەکەش، لە پانتایی هاوبەشەوە دەبێتە جیهانی پاراو، کە خاوەنی هەقیقەتی خۆیەتی و ئێمەی مرۆڤ شتی لێ فێر دەبین.

هەموو شتێک لە ئەدەبدا واقیع بەشێکی دەخەملێنێت: زەین، خەون، هەست، خەیاڵ ... تاد، پەیوەندییەکی ناوەکییان بەواقیعەوە هەیە و لەناو واقیعەوە هەڵدەسووڕێن و ڕوودەدەن و دەبن بە ڕایەڵ و تانوپۆی ئەدەب. بەهۆی ئەو چوونە ناویەکەی واقیع، زەین، خەون، هەست، خەیاڵ ... تاد، ناتوانین تێگەیشتنێکی بێ بەرزی و نزمی و دروستمان

لەبارەی ئەدەبەوە هەبێت. پێویستیش ناکات هەمانبێت، چونکە بەخودی ئەدەبی بێگەرد ڕازین و تێگەیشتنێکی تەواو سروشتییە.

نووسین لای ئەم فرە بەهرەیە: کەسێکی پڕ پەیوەندی بە ژیان و گەردوونەوە، تەنیا یارییەک نییە بۆ چوونە ناو: سەرسامی و سەرسوڕمان و سەختی و بەدواداچوون، بگرە لە قووڵاییەکاندا مەشخەڵێک بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەفسوونی نوێی خودی کورد و زمان و مێژوو و کەلتوور و کەلەپوور و دابونەریت ... تاد، بدۆزێتەوە. لە سەرەتای ئەزموونی تا کۆتایی تەمەنی کورتی، تایبەتمەندییەک گەواهی ئەوەی بۆ دەدات لە کەس نەچووە و پارێزگاریشی لەو لە کەس نەچوونە و تایبەتمەندییەی کردووە، ئەگەری مردنیش لە ئەدەبیاتی ئەم شاعیرەدا ئامادەیی زۆری هەیە و پاساویش بۆ مەرگ دەهێنێتەوە. لێکدانەوەی سەرنجڕاکێشیشی بۆ دەکات.

بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی پڕ ترپە و ئاواز خوێنەر بە دەربڕینەکانی دووچاری: سەرسوڕمان و سەرسامی و سەختی و بەدواداچوون دەبن. لەناو واقیعدا هەوڵ دەدات واقیعێکی نیمچە جیاواز بخوڵقێنێت. خوێنەریش هەست بە چوارچێوەیەکی جیاوازی واقیع دەکات، کە ڕوخساری بۆ چەندین شێوە دەگۆڕێت. دەقی ڕەواش ئازادانە وەک نوێنەری ڕاستەقینە لەناو چوارچێوەی واقیعی جیاوازدا بسووڕێتەوە و دنیابینیی خۆی لە ئاستە جیاوازەکانی واقیع وەربگرێت.

هەموو ئەوانەی ئاگاداری پرسی شیعرن، ئەوە دەزانن توانی لەو شێوە شیعرەی خۆی دەینووسێت، لەسەر ئاستی: (بابەت) و (فۆرم)، گۆڕانکارییەکی هەستپێکراو، نەک بەرچاو بکات، واتە: دەستکارێکی بنەمای شیعری کرد، بەڵام نەیتوانی بنەمایەکی نوێبەخشی داڕێژێت و

جۆره شیعرێکی تر، شێوازێکی نووسین، بۆ شێوەیەکی تری واقیع بهێنێته ئاراوه.

لەدوا وێنەدا ناتوانین ئەم شاعیره له فۆرمێکی دیاریکراودا دابنێین و پێناسەی هێڵه تایبەتییەکانی بکەین، چونکه هەڵگری زیاتر له ڕوخسارێکه و هەمووشیان شیاوی پێناسەکردنی سەربەخۆ و تایبەتن: شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆنامه، ڕەخنه و لێکۆڵینەوه، وەرگێڕان، زمانزانی ... تاد، بەڵام له هەموو باروبوارەکاندا کۆششی بۆ ئەوه بووه دووباره جیهان له بارێکی تەندروستدا ڕێک بخاتەوه و دووچاری: سەرسوڕمان و سەرسامی و سەختی و بەدواداچوونی ئەوەمان بکات. بۆچی دەدوێین، کێ دەماندوێنێت، بۆچی دەژین، کێ دەمانژیێنێت، بۆچی دەکوژرێین، کێ دەمانکوژێت. شەهید کرا، بەڵام ژیان و پەیامی له ڕێگای نووسینەوه گرنگی پێدرا و وەک ناوەند مایەوه. نووسینی بێگەرد، ئاوڕدانەوەیه له خۆت. ڕۆحی ئەزەلی و ژیانی ئەزەلی مرۆڤی بەهرەمەند.

**شوباتی ۲۰۰۹ هەولێر**

# قەڵەمکێشی سەلاح محەمەد بە وشە

ڕۆشنبیری بێگەرد هەمیشە بە دیدێکی گونجاو و کراوەوە ڕەخنەگری دەسەڵات بووە، بە بەرپرسیاریەتییەوە بەرەوڕووی وەستاوەتەوە. بۆ دژایەتیکردن و بەلاڕێدابردن نا، بگرە بۆ هەستکردنی زیاتری بە بەرپرسیاریەتی و ویستوویەتی دەسەڵات بباتەوە سەر ڕێگایەک، کە ڕێگای زۆرینەیە و هەقیقەت و دادپەروەری و ئێستێتیکای نەتەوە لە باری ڕۆشنبیرییەوەی تێدا پێدەگات و دەخەملێت. سیما و خەسڵەتی داهێنەرانە وێنا دەکەن. ڕاستییەکی بەڵگەدارە دەستەی ملکەچیش زۆرن، لە زۆر لایەنەوە ڕۆڵیان هەبووە لە بەرەو دیکتاتۆریەت بردنی دەسەڵات و بەهێزکردنی دیکتاتۆریەت. سیما و خەسڵەتی داهێنەرانە وێنا ناکەن.

پێویستە بەچاوی گومانەوە سەیری ئەو ڕۆشنبیرانە بکەین، کە بەرپرسیار نین لە ئاکاری ڕۆشنبیریی خۆیان و دۆخگۆڕینی وڵات، بگرە لە ڕیزی دەسەڵاتی ستەمکاردا وەستاون، لەناو لەپی ستەمدا هێڵەکانی بینینی خۆیان دەناسن. ئەو هێڵانە هێز و سۆمای چاویان تا سنووری کوێربوون دەبەن. پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیری بێگەرد، دەسەڵاتی دیکتاتۆر بە هیچ شێوەیەک هاوڕێ و تەبا نەبوونە. شیعری بێگەرد کردار و بەرەنجامی دوورکەوتنەوەیە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر و یەکەمین جووڵە و بزاوتی ڕۆشنبیری بێگەرد و بۆ چوونە ناو دۆخی (هەقیقەت) و (دادپەروەری) و (ئێستێتیکا). ئەم هەقیقەت و دادپەروەری و ئێستێتیکایەی پێوەری ئەدەبی بێگەردن. بەوپەڕی بێ گومانییەوە شاعیر بوویەکی ئەفسانەیی نێوان زەوی

و ئاسمان نییە. بوونێکی ناو سروشت و کۆمەڵگایە. شیعریش هێزی شاراوە و چالاکییەکی لە خواست بەدەر نییە، بگرە بەشێک لە بەهرە و سرووشی خوداوەند و هێزی شاراوە یارمەتی دەدات بۆ گفتوگۆی کرۆک و ناوک و چالاکی خواست و ویست، کە تاڵە دەزووی بابەت لە واقیع و زەین و خەون و خەیاڵ وەربگرێت، لە چوارچێوەی تێبینی و سەرنجداندا دایڕێژێتەوە، پاشان بە پاڵاوگەی لێوردبوونەوەدا تێیدەپەڕێنێ و پێشکێشی دەکات، کە شەقڵێکە لە ڕواڵەتی هەستی مرۆڤدا.

واقیع تەنیا ئەو شتە نییە، کە بە چاو دەبینرێت، هەناوی پڕ مەترسییە، یان ژینگە و دەوروبەرێکی پارێزراوە. بیناسە، ئەوجا لەبارەیەوە بنووسە. بێ شەرمانە لەسەر سەکۆی مەوەستە و خۆت مەخەرە داوی ستایشییەوە، چونکە پاش بەسەرچوونی ماوەیەک، جا ماوەیەکی کورت، یان درێژ پەشیمان دەبیتەوە و تووشی نائاسوودەیی ویژدان دەبیت و لەناوەوەتڕا دەتلێیتەوە.

بەپیتترین کاتی شاعیر ئەو کاتەیە، کە دەچێتە ناو کەشی زەینی و بڕوای تەواو لە تەواوی بە هەقیقەتی واقیع نامێنێت، واتە: واقیع وەک هەبوونی خۆی وەرناگرێت، ناچار تامەزرۆ دەبێ ڕیشاڵی هەقیقەتێکی دیکە بدۆزێتەوە و بەهێمنی و کارامەیی هەوڵی بنیادنانی بدات، کە هەقیقەتی واقیع لە ڕێگای زەین و خەون و خەیاڵ دێتە ناو هەقیقەتی نووسین، ئەم هەقیقەتە هەقیقەتی تەواو و بێ فرت و فێڵی بەهرە و سرووش و شیعر و شاعیرە. لەسەر بنەمای ڕێکخستن و دەستپێکردندا چەمکی چاوەڕوانی هەڵدەوەشێنێتەوە.

شاعیری ساویلکە و پاشخاپەرۆک دەیەوێت خوێنەر یەکڕاست بگەیەنێتە مانا و هەقیقەتی ناوەرۆک، بێ ئەوەی بە بۆشایی و هێمای سپێتی کاغەز و شێوازی سرکەر تێیبپەڕێنێت. لەسەر بنەمای چەمکی چاوەڕوانی و گۆڕینەوەی دەربڕین دایڕێژێتەوە، لە هێڵی چاوەڕوانی بیهێڵێتەوە و خاڵی

لێوردبوونەوەی پێشان بدات. پاشان بە ئەدەبیبوونی مانا و شێوازی تێبگەیێنێت و بە مانا و شێوازی بە ئەدەبیبوونیشی بگەیێنێت.

ژیانی (سەلاح محەمەد) بەبێ شیعر نووسینیش شیعرە، شیعری بێگەرد. گەلێک گرنگی داوە بە مانەوەی پاکیی خۆی، چونکە پاکی دەبێتە دۆزەرەوەی واقیعی نووسین. ئەو زمانە بێ زەرەر و زیانەی لەسەر ئاستی کەسایەتی پێی دەدوا، لە نووسینیش بەکاری دەهێنا. ژیان بەبێ پاکی ناتەواوە، پاکی هێزێکی دینامیکییە لە ناخدا دەڕوێ. ساڵی ١٩٥٤ لە سلێمانی لە دایک بووە، تەمەنی بە شۆر و شەوقی تێدا بەسەر برد و خۆشی ویست. جۆرێک مامەڵەی گیانیی لەگەڵ باڵندەکانی ناو شار و دەوروبەری شاریشدا کردووە، بە هۆگر و برادەری گیانیی خۆی زانیون. تا لە ٢٠٠٩/٤/٢٦ تێیدا کۆچی بۆ دوامالی کرد. دەقی: (ماڵەکەم - گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٧٨ی ١٩٨٩، ل:٤٧)دا ترپە و ئاوازی ناوەوە بریتییە لە لێوردبوونەوە لە وێنە هەستییەکان و بەخشینی ئاست و ئاراستەیەکی گیانی بە وەرگر.

شیعرەکانی ئەم شاعیرە نە لە زمان، نە لە شێواز، نە لە ناوەرۆک شتێکی نوێبەخشیان نەخستووەتەوە، بگرە ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینییە، ئەوەیە: هەستەکانی بە ڕاستگۆیی و بەبێ فرت و فێڵ بەکار هێناوە، لە ترپە و ئاوازدا جیاوازییەکی هەستی خستووەتەوە. ژیان کۆمەڵێک هۆ و هۆکاری بەرهەم هێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ، ئەم هۆ و هۆکارانەش هێزی داهێنانی نووسەریان زیاد کردووە، هەروەها ڕووبەری خەیاڵیشیان بەرەو فراوانی بردووە و دووری و ئاسۆیەکیان بۆ کردووەتەوە، کە هاوکارە بۆ دەستنیشانکردنی بنەمای بیرکردنەوە و ئاراستەی نووسین. هێزی هەستەکان یارمەتی دەدات دووبارە جووڵە شاراوە و وێناکان بەرهەم بهێنێتەوە، بە ئاسانی جیهانبینییەکان بدۆزێتەوە. ئەگەرچی مەرگ دیاردەیەکە خۆی بەسەر بەشێکی زۆری ژیانمان زاڵ کردووە.

لە هەیکەلی تەواوی شیعرێکیدا، هەست دەکەیت وێنەی ئاسایی و مۆرکی باوت پێشکێش دەکات، دووچاری سەرسوڕمان و ڕاچەنینی هەستەکانت نابیت، بەڵام لە پڕ لە وێنەیەکیدا وەرچەرخانێک ڕوودەدات و هێزی بەهرە دووچاری سەرسوڕمان و ڕاچەنینی هەستەکانت دەکاتەوە، بێ یارمەتی وەرگرتن لە هیچ دەسەڵاتێکی باڵا گەلێک جوان و ڕۆمانسییانە دادەڕژێت و پڕە لە هەڵچوون و هاوئاهەنگی گەرم، دیمەن و وێنەی دەگمەن بەرانبەر مەرگ دەبەخشێت. دەڵێی شیعر بە ڕێگا و هێزێکی ڕووناک دەزانێت بۆ ڕۆیشتن بەلای مەرگ و پاشان بە هێزێکی درەوشاوەی ناوەوە، وەستان لە تەنیشت ئاشقانی ژیان.

هەستەکان، کە بنەمای سەرەکیی ئەزموونی ئەم شاعیرە پێکدەهێنن. وەک یەکەمین و دوایەمین پێکهاتەی شیعری لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، پەیوەندیی هەستەکان لە خاڵ و ڕەوتی گفتوگۆی کرۆک و ناوک و چالاکی خواست و ویستی بە یەک دەگەن و هاودەقیی هێزیان لە نێواندا ڕوودەدات و یەکتری دەناسن. هیچ هەستێک بە تەنیا بەشداری لە پێکهێنانی شیعری ئەم شاعیرەی نەکردووە، بگرە ئەگەر بەگشتیش نەبن بە زۆرینە بەشدار دەبن لە پێکهێنانی دەق، بەڵام یەک هەست قسەی یەکەم دەکات، ئەوانی دیکە دەبن بە بەردەنگ. ژیان هێزی نووسین دەجووڵێنێ و بۆ خۆی دەق بەرهەم دەهێنێت، دەقیش دەرهاوێشتەی خودی ژیانە. زۆرینەی هەستەکان لە دەقێکدا ئامادە دەبن و بەشداری دەکەن و ڕەنگ دەڕێژن. ڕایەڵ و تانوپۆی لە کۆی شێوە دەربڕینەکان دەچنێت. چنینەکەش لە خوێندنەوەی سەرچاوەی واقیع و زەین و خەون و خەیاڵ دەکەوێتەوە. کەسیش ناتوانێت خۆی بە خاوەنی سەرچاوە گشتییەکان بزانێت، چونکە گشت لە چەند بەشێک پێکهاتووە، هەر بەشێکی لای کەسێک دەست دەکەوێت، دواتر لەسەر ئاستی پێکهاتە و لێکدانەوەدا لێک دەدرێت .

گەرمبوون و درووژانی هەستەکان دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی نێوان نووسەر و کۆمەڵگا و واقیع و کلتوور. مرۆڤ هەست بە پێویستی نزیکبوونەوەی لە واقیع دەکات بۆ ئەوەی کرۆک و ناوکی ژیان باش بناسێت و بچێتە دۆخی گۆڕینەوەی دەربڕین و ناسینی بۆچوونی ئەوانی تر. بپرسین چ پێودانگێک پێویستە بۆ ناسینی هەستەکان لەناودەقی ئەدەبیدا، ئایا هەستەکان درێژکراوە و هەڵقوڵاوی بنەمای واقیعن، یان درێژکردنەوە و هەڵقوڵاوی چەمک و ڕوانینی نهێنی و هۆ و هۆکارە سەرسوڕهێنەکانی مرۆڤن، زۆر جیاوازن لەگەڵ چەمک و ڕوانینی واقیع. هەستەکان لای ئەم شاعیرە خاوەنی گرنگییەکی بەتین و تایبەتن. لە سێ لاوە تێکەڵی چییەتی دەبن و پەرە بە ئەزموونی دەدەن. لایەنی یەکەم: مردن، لایەنی دووەم: ژیانەوە. لایەنی سێیەم: ناوەندە. ناوەندیش ئەو خوداوەند و فریشتانەن، کە کرۆک و ناوکی چییەتیمان پێ ڕادەگەیەنن و دەمانجووڵێنن بۆ نووسین و مانەوە لە دۆخی بیرکردنەوەدا. نهێنییەکانی هەقیقەت و دادپەروەری و ئێستێتیکامان پێڕادەگەیەنن.

هەستەکان بەگوڕ دێن، هێڵەکانی بیرکردنەوەی شیعر پێکدەگەیەنن، سەرچاوەی هەستەکانیش لە پێکگەیاندندا دابەش دەبن و فۆرم وەردەگرن و بزاوت و جووڵەی ویستی خۆیان بەسەر پێکهاتەی دەق دەسەپێنن، کەواتە: هەستەکان لە شیعردا خاوەن پێکهاتەیەکی (ناوەند)ن و لەسەر ئاستی بنەما جیاوازەکان و بەپلەی جیا جیا لە یەکترناسین و بە هێزبوونی پەیوەندییان لەسەر هەردوو ئاستی پێکهاتە و لێکدانەوەدا بوونی بنەڕەتییان هەیە، لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدانە و چەمک و ڕامانی سەرەکییان بە هەموو لاوە قووڵ دەبێتەوە.

**ئایاری ٢٠٠٩ هەولێر**

# کتێبی چوارەم

# برادەرانم و ساڵەکان و شیعریبوونی بزر

**پێشچاو:**

هەموو نووسینێک لای من بە یەکئاستی نووسیندا بەڕێوە دەچێت. چ شیعر، یان سەرنج و تێبینی لەبارەی شیعر، یان نامە و هەر شتێکی تر، کە لە فۆرمی نووسیندا دەستنیشان بکرێت. ئەم یەکئاستییەش ئەوەیە: بە هەموو توانامەوە مامەڵەم لەگەڵ ساتی نووسین و گەرم ڕاگرتنی هەست و خەون و ڕوانین و چەشە و هێزی یادەوەری و بیرکردنەوەی خۆم کردووە، تا شوێنێک لە زەینمدا بێتەدی، شوێنی نووسین لە فۆرمی نووسیندا. بە ئاسانیش دەتوانرێت شوێن پێی ئەم هەڵسوکەوت و گەرم ڕاگرتنی نووسینە لە ژیانم بە باشی ببینرێت. هەر چییەکیشم نووسیبێت چوومەتە بن پەڕەی دڵم و دژی بەدبەختییەکانی مرۆڤ و لە پێناو بەختیاریی مرۆڤ و کرۆکیجوانی مرۆڤم نووسیوە، بە هیچ شێوەیەکیش ئازاری زمان و وشەم نەداوە، هێزی سەرسامکاری زمان و وشەش وایانکردووە، هەمیشەماڵێکم لە ڕووبەری زمان و وشەدا هەبێت. تاکە ماڵ و ماڵە گەورە، لە دەرگا و پەنجەرەیەوە هەوای خۆبوونیم بۆ بێت و بەو دارِشتنەی، لەناو کردەی نووسیندا پەنهانە لە فۆرمی نووسیندا دامرێژێتەوە و بەدرێژایی ژیانم یاوەریم بکات.

# سەرنجێک لەبارەی کۆشیعری شەوێک لە شەوانی سیمرخ

تا زمانی کوردی لە جەنگی نووسیندا بێ و کورد داهێنانی خۆی بناسێت چامەی: (شەوێک لە شەوانی سیمرخ) لە هەقیقەتی زمان و داهێنانمان بەئاگا دەهێنێتەوە.

خودا هەندێک هێزی نهێنی و تایبەتی خۆی هەیە. دەیبەخشێتە مرۆڤی داهێنەر بۆ دۆزینەوەی بەها ونبووەکانی مردن و ژیان و ئاسۆ و دووریی بیر و بیرکردنەوە و بە (کرۆکیجوانی- ئێستێتیکا)دا شۆڕبوونەوە، ئێستێتیکا کۆمەکمان دەکات بۆ وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە زمان و ڕایەڵ و تانوپۆکانی دەق. تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ بەشی یەکەمی چامەی: (شەوێک لە شەوانی سیمرخ) لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٤) بڵاوکرایەوە. ناوبانگێکی نموونەیی و درەوشاوەی بۆ (سەڵاح شوان) پەیداکرد. بەوەی فۆرم و شێواز و زمانێکی هەستی لە خاڵ و هێڵی شیعری کوردی گەشە پێدا، بوو بە شوێنی بایەخی هەموو خوێنەرێکی بێ دەنگ، ئەو خوێنەرەی لە بوونگۆڕینی دەقدا پەیدا دەبن. هاووێنە و جێگۆڕکێکردن لەگەڵ ئەفسانەدا، یان ئەفسانە هێنانە ناو هەقیقەتی ناوەوەی شاعیر، یان ئاراستەکردنی شاعیر بۆ مەودای ئەفسانە. لەم جێگۆڕکێکردنەدا شاعیر و ئەفسانە ئاراستەی یەکتری وەردەگرن و دووانەیەکی بەیەک گەیشتوون و هەقیقەتی هێزی بزواندنن.

ئەم دەقە، گفتوگۆیەکی ناوەکی نێوان شاعیر و هەستەکانیەتی لە پێناو دۆزینەوەی قەوارەی زەینی ئازاد و ڕامانی سەرەکیدا. دوورە لە

لێڵیی ناپێویست، ڕوخسار و ناخی تا دواخاڵی بینین ڕۆشنە، ئازادییەکی تەواوی بەدەست هێناوە. ئازادیی زمان و نووسین، شاعیر خۆی قسە دەکات و خۆی کەسەکانە و قسەیان پێدەکات و مەوداکان دەگوازێتەوە. باس لە تەنیایی مرۆڤ و گەڕانەوەی بۆ خودی خۆی و خۆپاراستن لەناو خودی بێ زیانی خۆی دەکات، وای لێدەکات بڕوا بە خودی خۆی و هێزە سەرەکییەکانی زەین بکات. دەقێکی مۆنۆدرامییە، تاکی، واتە: کەسی یەکەم: هەقیقەتی بوونە ڕاستەقینەکەیەتی، کەسی دووەم: ڕاستەقینە نییە، یان بوونی کەسی دووەم: لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا هەڵسوکەوت دەکات، بەهۆی تیشکدانەوەی وێنەکانەوە قەوارەی بوونەکەی دەستنیشان دەکرێت. شێوازی مۆنۆدرامی تەنیا تەکنیکێکی شیعری نییە، بگرە هۆ و ئامانج و ڕۆشناییەکە لە ڕێگایەوە بە قووڵی بە دوای دۆخ و دۆزینەوەی دەنگی ویژدانی تاک، واتە: کەسی یەکەم بکەوێت.

ئەفسانە وەک دەربڕینێکی کلتووری، یان ئەستێرەی ئەدەبی. فەنتازیا جۆرە ئاسۆ و سەرچاوەیەکە بۆ باشترکردنی جیهان، لە سەرەتای بووندا بۆ ئەوە بەکارهێنراوە، تا لە ڕێگایەوە بە هەقیقەت بگەن و پێچەوانەی هەقیقەت هەڵسوکەوت نەکەن، هۆیەکانی بە هەقیقەت گەیشتنیش بزانن و سەرچاوەکانی بناسن. دواتر ئەفسانە چۆن پەیوەندیی بە ڕاستەقینەوە هەیە، یان ڕاستەقینە چۆن پەیوەندیی لەگەڵ ئەفسانەدا دروست دەکات. لە ئاسۆ و سەرچاوەکەدا چ ڕوودەدات. مرۆڤ چۆن وێنای ئاسۆ و سەرچاوە و ڕووداوەکە دەکات. لە هەمان کردەشدا زمان چاوەڕوانی خەیاڵ دەکات، خەیاڵێکی داهێنەر، جوان بەکاری بهێنێت. بەها و بنەمای ئەفسانەی کۆن و نوێی لەناو هەقیقەتە تاکییەکەدا، یان ئاسۆی چاوەڕوانی ژیاندووەتەوە. سووڕی

بەردەوامبوون ئەو گرنگیدانەی لای شاعیر بە پێویست زانیوە. لەم گرنگیدانەدا سەرنج دەبێتە تێڕامان. دوو بنەمای سەرەکیی شیعری مۆنۆدرامی لەم ئەزموونەدا پەخش کراون، ئەوانیش (وێنە) و (ئاراستەکردن)ن. لە کۆی ناوەند و خاڵی دەقەکەدا، ئەم دوو بنەمایە بە شێوەی بازنەیی دووبارە دەبنەوە و لە گەشەکردندا ئاستێکی هەستی پەروەردە دەکەن، هێزی نهێنیی دەق خەسڵەت بە ئاست و چۆنیەتی پەروەردەکردنەکە دەدات، گۆڕینەوەی پەیوەندیی نێوان هێما و هێماپێکراو لەسەر ئاستی مانادا لێک نزیک دەبنەوە، لەسەر ئاستی زمانیش دوور دەکەونەوە. لەم دوو ئاراستەیەدا تیشکی شیعرییبوون لە بنیاد و شێواز و ترپە و ئاوازدا زیاد دەکات. لە دەقی ئەدەبیدا زمان نیشانەیەکە لە نیشانەکانی دۆخگۆڕین، ڕاستەوخۆ کرۆکی دۆخگۆڕین نییە.

تا ئەو سنوورەی من ئاگاداربم، ئەم شاعیرە لە شیعری نوێبەخشی کوردیدا دەستپێشخەر و داهێنەری شیعری مۆنۆدرامییە. پێویست بوو، ڕێگا بەرەو ناوەند بگرێتەبەر، بەڵام لەم شیعرەوە هێڵی کۆتایی کێشا و گەشەی پێ نەدا، یان نەیتوانی بیکاتە وەرچەرخان و دیاردەیەک، یان ئەزموونێکی کراوە بەسەر شیعری نوێبەخشی کوردیدا. لەگەڵ ئەوەش هەوڵدانێکی کەم وێنە بوو بۆ ئازادبوون لە ئایدیۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی (کرۆکیجوانی - ئێستێتیکا)ی بێگەرد. بەردەوامبوون لە نووسین و بەرهەم زۆری، مانا و دۆخی داهێنان ناگەیەنێت، بگرە داهێنان خۆی شکۆمەندیی ئەدەبی و دۆخێکی شکۆمەندیی مرۆڤانەیە. خوداوەندەکان لە سروشتی سەرەتایی یەکەمین دروستبوون، ئەفسانەیان بەرهەم هێنا و خاوەنی گرنگی و پیرۆزییە، ئەم دەقە بایەخی زۆری بە ئەفسانە و نهێنیی ئەفسانە داوە و هەستی ئاشکراکردنی تەقاندووەتەوە، پەیوەندیی

هەستیشی لە نێوان وێنەکان وەک ناوەند و هاوسەنگییەک ڕاگرتووە. ئەم ناوەندە خەملێوی چەندین قووڵبوونەوەی ئەفسانەیی و هاووێنەیی وەک: سیمرخ، هوما، سەمەندەر، ئاگردز، گیای نەمری، ئەژدیهای حەوت سەر، دەڵەدێوی مەمک کێو، ئاوی ڕەش و سپی، ئەشکەوتی پەرییان، سندووقی ئەجندان، پاڵەوانی تەنافباز، ئەسپەڕەشی چوارپەل سپی ... تاد، ئەوەی گرنگە لەناو هەموو ئەفسانەکاندا بە دوای مانا و دۆخی ژیان و پێکهاتەکانیدا دەگەڕێت.

ئەفسانە لە فۆرمە چەشناوچەشنەکاندا، ڕاچڵەکانی لە ناخی ژیان و چۆنیەتی بوون دروست کردووە، بزەیەکی لە ڕوخساری زەوی نەخشاندووە، دیاردەیەکی کلتووریی کۆمەڵگا و چالاکییەکی گشتییە. شتێک نییە، کە بووبێت و تەواو بووبێت. لەم بەردەوامییەدا زمانی هەستی لەناو ئەفسانەوە درێژ دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە جاویدانی و بەهێزکردنی ڕۆحی ئەفسانە لە جەستە و دەروونی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی خوداوەند و هاووێنەیی مرۆڤ. وەک سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ کلتووری کۆمەڵگا بەکاری دەهێنێت، هەمیشەش لای بەرەو گۆڕانکاری دەکاتەوە، بەردەوامیی ئەفسانەش پەیوەندیی بە تێگەیشتن و پێویستییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، وەک هاوئاهەنگی نێوان بەشەکانی نووسین سوودی لێ وەردەگرێت و بەردەوامی بە سووڕی مانەوەی دەدات.

لە بەکارهێنانی ئەفسانەدا وا دەکات ئەفسانە پەیامی نوێی بەجێ بهێنێت. بەوەی کرۆکیجوانی بە هەموو کەس بگەیەنێت، داب و نەریت دەپشکنێت و لێی دەکۆڵێتەوە و مەشقی کرۆکیجوانییان لەسەر دەکات، بەمەش بەرهەمی خۆی دەخاتە سەر هێڵی درێژبوونەوەی ئەفسانەوە.

ئەفسانەش پێویستە بە وریاییەکی بەردەوامەوە لێی بڕوانرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ترپە و ئاوازی هاوتەریب و گونجان لەگەڵ کەرەستەکانی ئاسمان، ئاسمان بەتەواوی بوون و بوونەوەرەکانییەوە، ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەر لەم ئەزموونەدا دەبینن. دەیانهێنێتە دواندن و خاسییەتی مرۆڤیان تێدا پەیدا دەکات و دەیانوروژێنێت. هەوڵدەدات خاسییەتەکان هاوسەنگ و بەراورد بکات لەگەڵ مرۆڤ و هەقیقەتی تەواوی مرۆڤ. ئەفسانە لە سەرەتای دروستبوونیەوە بە شێوە و فۆرمی جۆراوجۆرەوە هاتووەتە ناو کۆمەڵگا و کاریگەریی خۆی سەپاندووە، کە سەردەمی نووسین داهات، لە شێوە و فۆرمی جیاوازتردا داڕێژرایەوە، بەڵام لەناو هەموو نووسینەکاندا تایبەتمەندیی خۆی پاراستووە، بە پێکهاتە و ڕەگەزەکانییەوە وەک بوونێکی تەمەن درێژ و کاریگەر دەناسرێتەوە. ڕۆحی ئەفسانە بە شێوەیەکی باش ئاراستە کراوە و بەهۆی هێما و خوازەوە وردەکاریی شیاوی دەستەبەر کردووە و ڕازی زیندووبوونەوە پێشنیاز دەکات و دەیهێنێتە بەر زەین، بەڵام بە تەواوی چەمکی زیندووبوونەوە ناناسین.

ساڵی ٢٠١٢ چیرۆکەکانیم کۆکردەوە و ئامادەم کرد، لە بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، وەک کۆچیرۆکێک بە ناونیشانی: (ئەستێرە بەرزە) چاپ کرا، کۆی چیرۆکەکان بریتین لە بیست و نۆ چیرۆک.

(دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە ـ ١٩٧٨). وەک کۆشیعری چاپکراو، ئەزموونی یەکەمی: (سەلاح شوان)ە. ئەم ئەزموونەش کۆی ئەو شیعرانەن، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دوای ئەزموونی یەکەمی بڵاوی کردوونەتەوە. لەو ساتەوەی شیعرەکانیم ناسیوە، وەک

شاعیرێکی ڕاستەقینە و پڕ شکۆی داهێنان ناسیومە. بۆ چێژی تایبەتیی خۆم و ئەشقی شیعر ئەوەی پێدەکردم، هەر شیعرێکی بڵاودەکردەوە لە کتێبخانەی خۆم دەمپاراست و لە نێوانیاندا خوێنەرانە تێیان ڕادەمام بۆ ئەوەی چاودێری کرۆک و بنەما و کاکڵی مەبەست بکەم و بزانم تا چ ڕادەیەک لە بەرزبوونەوە و داکەوتندا دەیبینم. ئەنجام وەک کتێبێک کۆبوونەوە.

ئەم داهێنەرە ئێستا لە دەرەوەی نیشتیمان دەژی، یان دەربەدەرە. ڕەنگە دوور لە نیشتیمانیش، وەک: نالی، حاجی قادری کۆیی، وەفایی ... تاد، بەگۆڕغەریبی و پشتگوێخراوی بمرێت، نیشتیمان: دەسەڵاتی نەتەوەیی، سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین نەکرد، بەڵام دوای مردنی خەم بۆ گۆڕی پڕ شکۆی داهێنانی دەخوات. شکۆی داهێنان تاکە شتێکە پێویستە دەسەڵاتی نەتەوەیی بیری لێ بکاتەوە. پێویستیشە لەناو شکۆی داهێنان و کەژاوە و ڕێوڕەسمیدا بژین. داهێنەر، ئەگەر لەبەر چەواشەکار و بەدگۆیی لێخنبیرە ئاماژەکوێر و پاشخاپەرۆکەکان لە نیشتیمانی خۆیدا سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دەستەبەر نەکرێت، جیهان فراوانە، یان باوەشی زڕ دایک، ئەگەر گەرمیش نەبێت هەر باوەشە.

**کانوونی دووەمی ٢٠١٣ هەولێر**

**تێبینی:**

ئەم نووسینە وەک پێشەکی بۆ کۆشیعری: (شەوێک لە شەوانی سیمرخ) نووسراوە.

# سەرنجێک لەبارەی کۆشیعری
# دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە

ئێمەمانان لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا تازە بەرپێی خۆمانمان دەبینی و خولیای شیعر دایگیرساندبووین، دەمانویست بەخشندەکان بناسین و بچینە ناو ئەزموونی پاراوی شیعری بێگەردەوە. وزەی دەرکەوتووی ئەم کۆشیعرانە بۆ ئێمەمانان ئەزموونی داهێنان و خەونی لاوی بوون. وەک شانازیبەخش و جۆرێکی تایبەت لە خەڵات و چێژی خەڵات دەمانخوێندنەوە. زریان ـ ئەنوەر قادر محەمەد. گەردەلوولی سپی ـ لەتیف هەڵمەت. پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی – فەرهاد شاکەلی. ڕێژنە – ڕەفیق سابیر. سەمای بەفری ئێواران ـ جەلال بەرزنجی. دوو سروودی کێوی ـ شێرکۆ بێکەس. دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە ـ سەلاح شوان. شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم ـ عەبدوڵڵا پەشێو . ژوان ـ محەمەد حەمە باقی ... تاد، هەر یەک لەم کۆشیعرانە جگە لەم کۆشیعرە، زیاتر لە جارێک چاپ کراونەتەوە. کارێکی زۆر پێویست و بەجێیە بۆ ئەوەی بەرەی ئێستا و داهاتووش، ئەگەر خواستی ناسینیان هەبێت ئاشنایان ببن و بناغەکانی بەرەی پێشە خۆیان ببینن و بیانناسن. ئەڵقەی یەک لە دوای یەکی بەردەوامیش زیاتر پێکەوە بلکێن و درێژ ببنەوە و خوێنەر پەیدا بکەنەوە. بەئاگابوون و سوودوەرگرتنی داهێنەرانە لە ئەزموونی کەسانی تر بۆ خەملینی کەسایەتی ئەدەبیت، پێویستی و کارامەییە. جۆرێک هێز و جووڵانەوەی

ئێستێتیکی لە جیهانبینیدا یەک دەگرنەوە، دۆخی ئەدەبی ئەوە قبووڵ دەکات، ڕەتی ناکاتەوە، بەرەکان سرووش بەیەک دەدەن. ئەم بەرەیە نوێبەخشییەکی بناغەیی و بنەمان، بناغە و بنەماش کۆن نابن، وەک پێویستییەک بەردەوام دووبارە دەبنەوە و واقیعێکی مێژوویین، نوێبەخشی لە بیر و توانا و دەستیانەوە پەرە دەستێنێت و درێژ دەبێتەوە، هەروەها دەستکارییەکی قووڵ و هەمەچەشنیان لە بنیاد و شێواز و زمان و داڕشتندا کردووە، بۆ تێگەیشتن لە چییەتی نوێبەخشیی شیعری کوردی و پەروەردەکردنی چێژی خوێنەر ڕووەو نوێبەخشی و ئەدەبی بێ دەنگ، کە لێکدانەوە بۆ هێماکانی نووسین دەکەن و لە هێماکانی تری جیادەکەنەوە، هۆشیاری و هەستی پەیوەندیی چەشنەکان دروست دەکەن.

بەشێکی زۆری شیعری قۆناغی حەفتاکان دەربڕینێکی توند و سینگ دەرپەڕاندن بوون بەرانبەر دیکتاتۆریەتی ڕووخێنەر و لێوڕێژ لە دەربڕین و دانەپەیڤی بژی و بمرێ و بڕووخێنە و دروستکەرەوە و نیشاندانی جۆرێک بۆچوونی سەربازییانە، بەڵام: (سەلاح شوان) لەناو بەرەکەی خۆیدا ئەزموونی دەباتە ناو خەسڵەتی تایبەت و لێڵی و ئاڵۆزی لە دەوری خۆیدا دەتەکێنێت، ڕوونی و ساکاریی هونەری کردووەتە ئامانج، تیشکۆی گرنگی بەهرە و بیرکردنەوەی ملکەچی هەستیاریی ئەدەبی و ئێستێتیکای شیعرین. ڕامانی سەرەکی تەنیا لە هەستیاریی مرۆیی و ئێستێتیکای شیعریدا دروست دەبن، ڕۆڵی پەروەردەکردنی چێژی خوێنەر ڕووەو نوێبەخشی دەگێڕن و هەست بەجوانیکردن و کرانەوەی هەستەکانی تێدا لەدایک دەبێت.

هەر لە ڕووتەختی ئەم پێویستییەوە هەوڵم دا ئەم کۆشیعرەش چاپ بکرێتەوە. دوای ئەوەی من تایپ و هەڵەچنیم کرد و خستمە سەر

ڕێنووسی ئێستا و خستمەوە بەردەستی شاعیر خۆیەوە. ئەویش چەند شیعرێکی لێ لاداوە و دوو شیعریشی لە ژمارە ٢: ١٩٧١ و ٣: ١٩٧٢ی بڵاوکراوەی (ڕوانگە) بڵاو کردوونەتەوە، لە کاتی چاپی یەکەمیدا دەزگای سانسۆر ڕەتی کردوونەتەوە. لەم چاپەیدا لە شوێنی خۆیانی داناونەتەوە، هەروەها دەستکاریی کەمەیەکی کەمی ناونیشان و چەند ڕستەیەکی کۆشیعرەکەشی کردوون.

پێکهاتەی ناوەرۆک و زەمینەی هێما و هێماپێکراو و هەوەڵ نیگاکانی ئەم کۆشیعرە بریتین: لە خەون و بەهرە و بیرکردنەوەی گەرمی ئەزموونکارێک و ئەزموونکردنی ئێستێتیکییانەی لە هەڵبژاردنی وشە و هەڵچوون و تووڕەیی و دەربڕینی هەستییەوە.

بەشی یەکەمی، شیعرێکی تێکهەڵکێشراوە و یەک تانوپۆیی و بازنەییە. لە خاڵێکدا دەست پێدەکات و هەڵدەکشێت و دەگەڕێتەوە هەمان خاڵی دەستپێکردنەوە. لە چل کۆپلە پێکهاتووە. هەر چل کۆپلەکەش گەڕانن بەدوای ئەشقێکی پڕ حەسرەت و تاسەدار و غوربەتئامێز. لە تەواوی شێواز و شاعیریەتی شاعیردا دەبینرێن و دەبیسترێن، هەروەها ئەو ئەشقە لک و پۆپدارە خەسڵەتی کەسی نادیار و ئەفسانەیی و گەردوونی داوەتە دڵدارەکەی. شاعیر بۆ هەر کۆپلەیەک ناونیشانێکی داناوە، وەک شیعرێکی سەربەخۆش پێشکێشی کردووە. لێرەدا هەڵوەستەیەک پێویستە، ئایا ئەمە مەبەستێکی ئەدەبییە، یان هەست پێدانەشکانێکی ئەدەبییە. لە بنەڕەتی خۆیدا یەک شیعری ماوە درێژ خایەنە: (١٩٧٠ – ١٩٧٥ بەغدا)، زمان و داڕشتن و فۆرمەکەی لە یەک زەمینەدا گەشەیان کردووە و دەچنە ناو یەک بۆتەی هونەریشەوە. پەیوەندییە مانابییەکانیش بەدوای یەکداهاتوون و ڕژانە شیعرییەکەش زۆری خایاندووە. شیعرەکە یەک ناونیشان وەردەگرێت، ئەوانەی تر

هەموویان زیاد و ناپێویستن، تاڕادەیەکیش بەشێک لە ئێستێتیکای ئەزموونەکەیان کاڵ کردووەتەوە.

لە بەشی یەکەم و دووەمدا، بۆ بنەڕەت و چۆنیەتی شێواز لەناو ئەزموونی دوو شاعیردا: (جەمال شارباژێڕی و جەلالی میرزا کەریم) دەگەڕێت. دواتر لە درێژبوونەوەی ئەزموونی خۆی، لە بەشی سێیەمدا دەیدۆزێتەوە. بنەڕەت و چۆنیەتی شێوازی تایبەت لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆت نادۆزرێتەوە. دۆزینەوەی بنەڕەت و چۆنیەتی شێواز، زمانێکی وا دەخوازێت هەڵگری پرسە قووڵ و گرانەکان بێت و خوێنەر بچێتە سۆراغ و بەدواداچوونی و دوور و بێ سەر و شوێن بۆ داهاتووی بڕوانێت. بنەڕەت و چۆنیەتی شێواز لە نیگا و زەینی شاعیردا، خۆی ئامادە و پەروەردە دەکات.

بەشی سێیەم، بنەما و دەرکەوتەی بنەڕەت و چۆنیەتی شێوازە، تێیدا بە خۆئامادەکردن و شێنەییەوە بیری لە بنەڕەت و چۆنیەتی شێواز کردووەتەوە، پرسی خەسڵەت و تایبەتمەندی و گواستنەوەی خۆی دادەڕێژێت و شیعری بێگەرد بە ئەزموونی پاراو دەزانێت و بە ئاکامێکیشی دەگەیەنێت، لە ساتی تەواو ئازادی شیعریدا شیعریبوونی جەوهەر و بوون، وەک ئەفسوونێکی هەستی و وشیاری ئێستێتیکایی دەردەخات و هاواری دەرەوە دەبێتە دەنگی ناخ و وردبوونەوە لە ناخ.

گوزارشتکردن لە وردبوونەوەی ناخ زمانێکی هەستی و چالاکی دەوێت، واتە: گەڕان بەدوای زمانێکی ڕوون و ئاشکرای گەردوونی. تا جەخت لەسەر چڕبوونەوەی شیعریبوون و حیکمەتی مانا بکات، بواریش بڕەخسێنێت بۆ تێگەیشتن و چێژ و هەستپێکردن.

لە ڕێی ئەم پێزانینەیدا لەگەڵ کرۆک و ناوکی بووندا خەریک دەبێت، هەروەها لەگەڵ نیگەرانی و نادڵنیایی هەلی گفتوگۆ پێکدەهێنێت، پرسیار

لەمەڕ بوونی کەسی خۆی دەهێنێتە ئاراوە، تێکەڵ بە کەسی نادیار و ئەفسانەیی و گەردوونی دەکات، دەیەوێت وەڵامی ئامانجی بوونی خۆی و کەسی نادیار و ئەفسانەیی و گەردوونی دەست بکەوێت، وەک ڕامانێکی سەرەکی ڕووناکی دەربڕینی بخاتە سەر، دەربڕین وەک مانای ئەفراندن و ناسینی کەسایەتیی خۆی و ڕزگارکردنی لە نیگەرانی و نادڵنیاییدا، لە مەیلە هەرە شاراوە و گەشەکردووەکاندا ئێستێتیکای پێگەیاندووە و لە قووڵاییییەوە هێناویەتە سەرەوە، بەرجەستەی کردووە و دەریخستووە. پاشان هەناسەدان لەماڵی داهێنراوی شیعرەکانیدا ئاراستەی خۆی دەدۆزێتەوە. شاعیری ڕاستەقینە ناتوانێت خۆیەکی بێگەرد بێت، هەمان کاتیش خەڵکانی تر. شیعر لەم بارە بێگەردەیدا نهێنییەک ئاشکرا دەکات و دەبێتە هەڵگری ئاماژە و گەشەی سەرسوڕمان. ژیان و گەشەی سەرسوڕمان بۆ شیعری بێگەرد، ناوەند و ڕامانی سەرەکین.

لەم بەشەدا وشەکانی، کەسایەتیی خۆیەتی و ناتوانین لە جەوهەر و بوونی خۆی جیای بکەینەوە، واتە: دووبارە ئەفراندنەوە و داهێنانەوەی کەسایەتیی خۆیەتی. هەم قسەکەرە و هەمیش گوێگر. ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێ بە قسەکەر و گوێگر دەکات و دەیانخاتە سووڕی خەملێنەوە، هێزی خودییانەی شیعریبوونیشی تێدا ڕادەچەنێنێت و گەشە بە چرکەی سەرسوڕمان دەدات، هەروەها خواستی گەشە و درێژبوونەوەی سەرسوڕمانمان تێدا دروست دەکات. لە دۆخی زماندا وەک جەوهەر و بوونی هەقیقەتێک دەردەکەوێتەوە. هەم هەقیقەتی کەسی و هەمیش جەوهەر و بوونی هەقیقەتی شیعری. ڕۆح و ژیان لەناو وێنە و فۆرمدا دەخرۆشێنێت و زمان تێیاندا زاوزێ دەکات، بە جۆش و شێنەیییەوە

پەیوەندی و هارمۆنیی نێوانەکان پەرەپێدەدات و لە دڵیاندا ئارام دەگرێت.

واقیع یەکبین و ڕووکەش نییە، تا زمانێکی یەکبین و ڕووکەش بتوانێت دەریببڕێت و لە دەقی ئەدەبیدا پێشکێشی بکاتەوە. واقیع بە چەندین چینی ئەستوور و تەنک و لێڵ و ڕوون خۆی پێچاوەتەوە، لە هەندێک باردا دەچێتە ئەودیوی لێکدانەوە و زانینەکانی مرۆڤەوە. هێزی زمان دەبێت هەست بەو چەندین چینە بکات، چینەکان وەک هەبوون و کێش و قەبارەی خۆیان هەڵبداتەوە و بیانخوێنێتەوە. وەرگریش ڕابهێنێت لەو ڕووداوانە بکۆڵێتەوە و تێیانبگات، کە لە واقیعدا ڕوو دەدەن و بۆچوونی خۆی تێیاندا بەهێز بکات. واقیع بریتییە لە بەردەوامبوون لە گۆڕانکاریی زمان و هەبوون. شاعیر هەندێک دانەپەیڤ لە واقیع و هەندێکی تر لە خەیاڵ وەردەگرێت، بۆ بەکاربردنیشی پشت بە ژیانی تایبەتیی خۆی و واقیع و میتافیزیکا و خەونی پڕ ڕووداو دەبەستێت.

لە گۆشە نیگای درەوشانەوەی ئێستێتیکای ناونیشان و جیاوازیی فۆرم و گەشەی سەرسوڕمانیی مانا و پرشنگهاوێشتنی زماندا. ئاگری پرۆمیسیۆس وەک مرۆڤ دەقێکی کراوەیە و بە ناوەندێکی کاریگەری دەچوێنێت، هەموو ژیانی تێدا کۆ دەکاتەوە و ئامادەی دەکات بۆ بەگەڕخستن و بینینی قووڵییەکانی ناخی خۆی و قووڵییەکانی پانتایی زەوی، هەردوو جیهان: لە ترۆپکی جەستەی پاراوی جوانییەوە ڕژاون و لە ئەزموونی جوانی و هاوبەش لەناو ئاستداریی وشەدا بەراوردیان دەکات و ڕایاندەگرێت، ئەو جیهانەی پێویستە داهێنەر هەموو نێوانەکانی ببڕێت و وردەکارییەکانی ژیانی تێدا بدرەوشێنێتەوە، بەرەو خاڵی بالاًمان ببات. خاڵی بالاً بەمانای ساتی دۆزینەوەی ژیان و خاڵی ڕامانی

سەرەکی شیعری بێگەرد، لەم بارەدا دەرگا و پەنجەرەکان بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان دەکرێنەوە و جەوهەر و بوونی شتەکان دەردەکەون. هەڵوێستی شاعیر لە ئازادی و یاخیبوونی شیعر خۆیەوە دروست دەبێت، بۆ ویستی مرۆڤ و دەسەڵاتی ئەدەب و ئەوە تێدەکۆشێت لە بەیانییەکی پڕ لە شەونم و گەرمبوو بە گزینگ و بۆنوبەرامەی پاکی و هەمەچەشن، لەناو ئاگرەکەی پرۆمیسیۆس تێبپەڕێت، تا ژیانێک وێنا بکات. ئەو ژیانەی بەناو ئاگری پرۆمیسیۆسدا تێپەڕیبێت، لە هەموو پیسی و خڵتێک پاڵاوتراو بێت و خاوێن کرابێتەوە، ئینجا لەناو شیعرەکانیدا دایبمەزرێنێت و نوێنەرایەتی شیعریبوونی جەوهەر و بوون بکات.

ئەم شاعیرە شاعیرێکی سیاسی، یان حزبی نییە. لە هیچ دەقێکیدا دەربڕینێکی لەم شێوەیەم نەخوێندووەتەوە، بەڵام بیر و بیرکردنەوەی سیاسی لە شێوە و فۆرمی ئێستێتیکی هەیە، زۆریش هەستیارە بەرانبەر ڕووداوە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی خۆی. نموونە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بە شێوازی چەشناوچەشن و جودای دەربڕینەوە، وەک نووسەرێکی بەرپرسیار بەرانبەر بە نووسین، دەربڕینی لێ کردووە. چ وەک پێشبینیی نسکۆکە و چ وەک هەست گەرمی کۆمەڵگای کوردی بۆ خرۆشانەوەی شۆڕش.

چش وەک گەشە و ڕوودانی کارەساتی خۆبەخۆیی دوای نسکۆ و خرۆشانەوەش.

من ڕێز لە ئەزموون و توانای ئەم شاعیر و چیرۆکنووسە دەگرم، کە زمان و ئەدەبی کوردی لە شێوە و فۆرمی ئێستێتیکییەوە دەوڵەمەند کردووە و بەرەو خاڵی باڵای بردووە. زۆر لەوەش دڵنیام پێویستە کۆشیعری: (دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە) و کۆشیعری: (شەوێک لە

شەوانی سیمرخ) و کۆ چیرۆکی: (ئەستێرە بەرزە)، جارێکی تر بخوێنینەوە و بیناسینەوە. بە ناسین و جارێکی تر خوێندنەوەی، ناوەندە ئەدەبییەکەی کوردی ئەزموون و توانای ئەو، باشتر دەبینن. دواتر دەکەونە بەراوردکردنی ئەنجامەکەی لەگەڵ ئەو بوونە قووڵەی لە هەقیقەتی ئەدەبەکەیدا هەیە. وەک ڕووداوێک ئاشکرای کردووە. ئەو بەراوردکردنە لەناو جووڵەی ئێستێتیکی ڕاستیی بووندا دروست دەبێت و دەردەکەوێت و پێوانەی بۆ دادەنرێت.

**کانوونی دووەمی ٢٠١٤ هەولێر**

**تێبینی:**

ئەم نووسینە وەک پێشەکی بۆ چاپی دووەمی کۆشیعری: (دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە) نووسراوە.

# نامەیەکی کراوە بۆ عەبدوڵڵا سەڕاج

مامۆستای بەڕێز: مامۆستا عەبدوڵڵا سەڕاج، بۆ ئاواتخواستنی ساڵی نوێ، سۆز و تاسەم پێشکێش دەکەم. لەبری چاوت، دەستت ماچ دەکەم و داوای پیت و فەڕی لێ دەخوازم. ئەو دەستانەی ئەم ڕۆمانە ژیانییەی نووسیوە و خەرمانێک ئەدەبی گێڕانەوەی کردووەتە دیاری خودایی، مرۆڤ کە دەبێتە مرۆڤێکی کامڵ و تەواو، ئەوجا دیاری خودایی دەبەخشێت، پێبەخشراویش بەرانبەر دیاری خودایی تەنیا دەتوانێت خاکی و دڵگەرم بێت، چونکە تۆ لە دروستکردنی کەسایەتی ناو نووسینەکانتدا گەلێک خاکی و دڵگەرمیت و ڕۆمانەکەت هەموو ژیانی نقومی خۆی کردووە.

دەستنووسی ڕۆمانەکەتم لە: (دکتۆرە فاتمە) وەرگرت و هەمان ڕۆژ سەردانی: (بەدران ئەحمەد حەبیب) ی دەزگای ئاراسم کرد. ئەویش جوامێرانە وەریگرت و بەبەر چاوی خۆمەوە دایە کارمەندێکی کۆمپیوتەر و خستییە کاری چاپەوە، هەروەها ڕێکەوتێکی باشیش بوو بۆ من، هەر لە سەرەتای خوێندنەوەمدا تا دوا پلەی چێژ، چێژم لە زمانی: (شکور مستەفا) وەردەگرت و کارەکانیم بە تاسە و ئارەزوویەکی بەتینەوە دەخوێندەوە. هێڵم بەژێر دەربڕینە زمانییەکانی دەکێشا و بۆ فێربوون و ڕاهێنانی زمان دەگەڕامەوە سەری و بیرم لە لەدایکبوونی بۆچوونەکان دەکردەوە. لەوێ بینیم و بەختی ئەوەم هەبوو ماوەی یەک دوو کاتژمێر لەگەڵی دانیشتم و گفتوگۆمان کرد. پیاوێکی

هەتا بڵێی سادە و قووڵ و خاکی و خاوەن دنیابینییە، لەبارەی زمانی شیعری کلاسیکی کوردییەوە زۆر بە تاسەوە دوا و سەیرکرابووەوە، دەتگوت شیرە لە گوانی پڕ دەڕژێت، منیش هەموو جەستەم ببووە گوێ و جار جاریش بۆچوونم لەبارەی قسەکانی دەبوو، بەبێ هیچ لەخۆدەرچوونێک لێی وەردەگرتم و ئەوەی لا گەڵاڵە کردم، ئەدەب بە تەنیا لەناو زماندا نارِسکێ و خۆی بەڕێوە نابات، بەڵکو سەرەتا فیکر، ئەوجا زمان لە ڕێگای هەستەکانەوە کاری ئەدەب بەڕێوە دەبات و واقیع و مێژوو و خەون و پێشبینی بەشداری تێدا دەکەن. دوای ئەم دانیشتن و گفتوگۆیە هەمیشە دیوانی شاعیرانی کلاسیکیی خۆمان لەسەر مێزی خوێندنەوەمن و زمانی پێوەرم تێیاندا دۆزیوەتەوە، قوڕی حەوت گۆڕ بەسەری ئەو شاعیرەی خۆی خەریکی شیعر بکات و زمانی پێوەری نەدۆزیبێتەوە، بە تاسە و دەست و نزاوەم پەیوەندی و هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئەدەبی کلاسیکیدا تامردنم بە شێوەی ئێستام بمێنێتەوە، ئەدەب دەرکەوتەی ڕۆح و زەوی و ژیانە، ناتوانێت لەم سێ خانە دیاریکراوە دوور بکەوێتەوە. هەموو جووڵەیەکی مرۆڤیش لەم سێ خانەیەدا گەشە دەکات و خۆی بەویدی دەناسێنێت و وەردەگیرێت.

(دکتۆر فوئاد ڕەشید) لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی ئەزموونی تۆ و میتا ڕۆمان نووسیوە و زۆر بە ڕوون و ڕەوانی ئاماژە بەوە دەدات میتا چیرۆک و میتا ڕۆمان لە ئەزموونی تۆوە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و بەردەوامیش لە ئەزموونی گۆڕاندن و نوێبەخشیدای و تاماوەیەکی دوور و درێژیش هێزی داهێنانی خۆت دەپارێزیت، لێکۆڵەری باش لووتکەیەک پێشانی نووسەر دەدات و دەڵێت: حەزدەکەم لەوێدا بتبینم. مرۆڤ کاتێک چاو دادەخا و خەیاڵ دەکات تەنیا وێنەی ئەو ئاواتانە دەبینێت.

بەلامەوە گرنگ بوو گۆڤارەکەت بۆ بنێرم، بەڵام ئەو برادەرەی لەلاتەوە هاتبوو گوتی: جانتام پڕە و ناتوانم بیبەم، داوای بووردنی کرد. ناونیشانی خۆتم بەدروستی بۆ بنووسە، بەڵکو بە پۆست بۆت بنێرم. لەگەڵ گۆڤارەکەدا هەوڵ دەدەم تەواوی بەرهەمی: (کاروان عومەر کاکە سوور و جەبار جەمال غەریب و عەتا محەمەد و ئارام کاکەی فەلاح)ت بۆ بنێرم، کە خۆم بەوردی دەیانخوێنمەوە و هەست دەکەم جیاوازییان لەگەڵ چیرۆکنووسانی وەک: (عەبدوڵڵا سەڕاج، ڕەوف بێگەرد، محەمەد موکری، حەمە فەریق حەسەن) و کەسانی دی هەیە، ئاستێکن لە ئاستەکانی نووسین و داهێنان. با پارەی پۆستیشم زیاد لەسەر بکەوێت. گرفت نییە بەس بەلامەوە مەبەستە تۆ ئاگاداری ئەو داهێنەرانەی نەوەی دوای خۆت بیت و هێڵی داهێنانیان ببینیت و بەبوونیان دڵخۆش بیت. من نەوەی دوای خۆم وردتر لە نەوەی پێشە خۆم دەخوێنمەوە. خوێندنەوەیان تەندروستیم باش دەکات، هەروەها لاویش دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆی بکات. چی لەو هەموو نووسەرانەی، کە پێش ئەو هەبوون و هەن جیای دەکاتەوە. بە تاسە و دەست و نزاوەم، دڵەڕاوکێ و دوودڵی و هەستی کێبەرکێ داتنەگرێت بە ئۆخەی گیانییەوە بیانخوێنیتەوە، چونکە لای ئێمەمانان پێش ئەوەی دەستخۆشی داهێنان لە نەوەی دوای خۆمان بکەین، پیلانی ئەوە دادەنێینەوە چۆن ملیان بشکێنین و دڵساردیان بکەین بەرانبەر نووسین و بەردەوامبوون. ئەگەرچی باش تۆ دەناسم لەو جۆرە کەسانە نیت لە داهێنانی کەسانی تر سڵ بکەیتەوە، بەڵام قسەیەکە دەیکەم زەرەری مرۆڤ و مار و مێرووی تێدا نییە.

دەستنووسی یاداشتنامەکەت بۆ ناردبووم، وەرمگرت. هەر شەش دەفتەرەکەیم خوێندەوە، وەک شێوازی نووسین هەتا بڵێی جوانە و پڕە

له شكۆی نووسین، داوای ئەوەت لێ كردووم بیپارێزم. (دوای مردن)ت هەوڵی چاپی بدەم. ئەگەر من پێش تۆ نەكەوتم، بە دڵنیاییەوە بێ ئەم لا و ئەولا جێبەجێ دەبێت. ئەگەرچی بەشێكی زۆری ئەو ماوەیەی تۆ باسی دەكەیت من تێیدا نەژیاوم. بەتایبەتی ماوەی پێشمەرگایەتیت لە شەستەكاندا، بەڵام وەک هەست، هەست دەكەم لەگەڵ دەوروبەردا زۆر توند و تیژ و تووڕەی. پێشنیاز دەكەم بە چەند پەرەگرافێكدا بچیتەوە. هەندێک بۆچوون هەیە لایبدەیت، یان جۆرە دەستكارییەكی بكەیت. من پێم وایە: (ئەو قسەیەی بە هاوار دەگوترێت، بەهێمنیش دەگوترێت). بڕوای سەداسەدم هەیە خودا لە هەندێک لایەندا فریای داهێنەر دەكەوێت بۆ وشیاركردنەوە و ئاگایی پێدان. لەناو ئەو دەستنووسانەی بۆ پاراستن لای منت داناون، كۆشیعرێكی تێدایە بە ناونیشانی: (سێ هەنگاو بەرەو خۆر)، كە لە سەرەتای حەفتاكاندا ڕەزامەندیی چاپت بۆ وەرگرتووە، بەڵام چاپت نەكردووە. دیارە ڕۆحێكی شاراوە ڕێنوێنی كردووی و ئاگاداری كردوویەتیەوە دەنا دەبووی بە خاوەنی كتێبێكی خراپ. وەی بە حاڵی ئەو نووسەرەی بە كتێبی خراپ خۆی بە خوێنەران بناسێنێت.

مرۆڤ قەرزی ناخی خۆی بداتەوە، ئەوپەڕی خۆبوونی و جوامێرییە. ئەوەی لە یاداشتنامەكەت وەک مژدەیەک پێم گەیشت و لەو چەشنەدا بینیم و تێم ڕوانی و دڵی خۆم تێیدا دایەوە. ئەو بڕگەیەیە باس لە كاریگەریی (خالید دلێر) دەكەیت و جوامێرییەكی تا ئەوپەڕیت بەرانبەر نواندووە و دەڵێیت: (ئەگەر خالید دلێر نەبوایە كوردێكی عەرەبی نووس دەبووم). بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو گۆڕانەت لە ژیانی ئەدەبیتدا نەهێنابوایە گۆڕێ و پەیڕەوت نەكردبوایە. نە دەبووی بە قەل. نە دەبووی بە كۆتر، وەک بلّقی بن گۆم دەمایتەوە. هەر بۆ ئەوەی زیاتر

باوەڕ بەوە بکەیت، بەو گوێڕایەڵییەت ئالایەکی پڕ شکۆت هەڵداوە و سێبەری پڕ ڕووداو و خەڵکی هەوادار و پێشوازی کارە، تەماشاکە، بە هەموو زەین و دڵتەوە تەماشاکە: (یەشار کەمال) دوای ئەم داهێنان و ناوبانگە جیهانییەی، چۆن کارتی ناخی خۆی دەردەهێنێت و چ هاوارێکی پڕ سفتوسۆ بۆ خۆلەدەستچوون دەکات. (نەکەی جگە لە زمانی دایکت. بە هیچ زمانێکی تر بنووسیت، چونکە هەڵقولاوی ناخی خۆت نابێت). بزانە نەک پەیوەندیی زمان و ناخ دەدۆزیتەوە، بەڵکو زمان و ناخ دەکاتە یەک ئاراستە و نهێنیی بوون و نەبوونی پێ ئاشکرا دەکات.

لەبارەی جۆر و چۆنیەتی خوێنەر و خوێندنەوەت لە کوردستان پرسیوە. بزووتنەوەیەکی ئێجگار باشی وەرگێڕان لە کاردایە و بەرهەمی وەرگێڕدراو بێ ئەژمارن. لەوانەیە هەفتەی زیاتر لە چەند کتێبێک بێتە کتێبخانەی کوردییەوە، بەتایبەتی ڕۆمان. قسەم لەبارەی چۆنیەتی و جۆری هەڵبژاردنیان نییە، بەڵام لە ڕووی خوێندنەوەدا پشێوییەکی ترسناک ناوەندەکەی داگیرکردووە. دەمەوێ شتێکت بۆ باس بکەم، وەک بابەتی گاڵتەجاڕی و پێکەنینهێن دڵخۆشت بکات و بۆ ماوەیەکی کورتیش لەناو ئەو ئاوە کولاوەی بێزاری دەرتبهێنێت. وەک بابەتی لەدەستدانی کتێب و خوێندنەوەش، هەواڵێکی دڵ سڕکەر و لاسەنگ و مەترسیدارە، قوڕێکە دەبێت ئێمەمانان جارێکی تر بەهێزی گیان بیشێلینەوە و خۆشی بکەینەوە.

بە بۆنەی دەرچوون و پیرۆزباییکردنی کتێبی: (مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە)، قتوویەک شیرینیم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرت و سەردانی ماڵی: (حەمە کەریم هەورامی)م کرد، دنەی ئەوەم دا دەقە شانۆییەکانی جارێکی تر چاپ بکاتەوە، بەڵکو نەوەی ئێستاش بیبینێت و جاری تر بخرێنە سەر شانۆوە. ئەمیش بە چاوێکی مات و بزەیەکی گلەیی

ئامێزەوە گوتی: سەباح گیان دەزانم تۆ بەنیازێکی پاکی ئەدەبییەوە دەمخەیتە بارێک، کە خۆم باشتر ببینم، گوتی: لەگەڵ (نەوزاد ڕەفعەت). من کتێبێکی خۆم و ئەویش کۆشیعرێکی. بردمانە کتێبخانەکانی سلێمانی. پاش ماوەیەکی زۆر چووینەوە کتێبخانەکان سۆراغی ئەوە بکەین چەند فرۆشراوە و چەندی ماوەتەوە. لە بەختی باشمان بە هەردووکمان یەک خوێنەرمان هەبوو، واتە: لە هەردوو کتێبەکەدا یەک دانە فرۆشرابوو، جا نازانم ئەم یەک دانەیە نە کتێبەکەی من بوو، نە کۆشیعرەکەی ئەو. لەڕێگای گەڕانەوەماندا بۆ هەولێر (نەوزاد ڕەفعەت) هەموو کتێبەکانی خۆی فڕێدایە ئاوی دووکانەوە. منیش بە دڵشکاوییەوە هێنامەوە ماڵەوە. ئاخۆ چاپی دووەم چیم بۆ بکات، یان تووشی چ دڵەڕاوکێ و کارەسات و هەژانێکی دەروونیم دەکات، یان ئێمەمانان خوێنەر قبووڵمان ناکات و هیچ کاریگەرییەکی ئەدەبیمان لە ناوەندەکەدا جێ نەهێشتووە و نییە. تەماشاکە ڕووداو لە ڕووداوی کتێب فڕێدان کارەساتبارتر دەبێ چی بێت. دەشزانم کتێبی گەندە و بێ نرخ لە کتێبخانەکاندا لە حیساب نایەن.

کاکە عەبدوڵڵا سەڕاج: مرۆڤ، کە هەواڵی وا دەبیسێت لە پێستی خۆی دەردەچێت و دەمی دەبێتە قاڵبێک سابوون و کەف دەکات، کەفی فێگرتن. کتێب ڕێز و شکۆی شکاوە، لە کتێبخانەکاندا تەماشای چاوی کتێب بکەیت، چاوەکانیان سیس و سارد و سڕ و ژاکاون. لە هەمان کاتیشدا خودی پاکیزە و دەگمەنیش هەن. (ئەنوەر قادر محەمەد) یەک لە شاعیرە پەسندەکانی منە، ساڵی ٢٠٠٤ سێ کۆشیعری لە بەرگێکدا چاپ کرد بە ناونیشانی: (زریان و زایەڵە و زنار) لە کتێبخانەکانی هەولێر دەستم نەکەوت، سەفەرێکی تایبەتی سلێمانیم کرد بۆ بەدەستهێنانی ئەم کتێبە. جا خولیاکانی مرۆڤ جیاوازن و ئاشتیش

نایابترین کتێبی ئەدەبییە. مرۆڤی کورد ئێستا خولیای جیاوازتری بۆ پەیدابووە. ئەگەرچی ئەدەب ناتوانێت هەموو بارەکانی ژیانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت، بەڵام داهێنانی ئەدەبی پێویستە هۆ و ئامانج بێت بۆ نەخشاندنی ژیان و کۆمەڵگاش چالاکتر هەنگاو هەڵگرێ بەرەو جوانی و خاوکردنەوەی گرژی، ئاستێکیش بهێنێتە ناوەوە، ئاستی هونەری خولقاندن و دەربڕین لەباروبوار و جموجووڵەکانی ژیان بکات.

بۆچوونت بەرانبەر بەخوێنەری ئێستا زۆر سەیرە، بەڵکو تا ڕادەیەکیش لە جێی خۆیدا نییە. ئەم پەرۆشییەی تۆ هەتە. پێی دڵخۆش نەبیت ئێستا وانەماوە. دەبێ هەڵوێستەی ئەوەش بکەین، کە خوێنەر نەمانخوێنێتەوە، ئەو بارە جەنجاڵەی ئەمڕۆ، ئەدەبی لە ڕۆحی خوێنەردا کوشتووە و ئێمەش لە هەوڵی ئەوەدا بین ئەدەب بگەڕێنینەوە ڕۆحی خوێنەری تەندروستەوە.

ژیانی ئەدیب بەشێکە لە ژیانی کۆ، ژیانی کۆش بەشێکە لە ژیانی ئەدیب. هەردوو ژیانیش لە بیر و یادەوەریی ئەدەبدا بەڕوون و ڕەوانی بەرجەستە دەبن و دەمێننەوە. پێش چەند ڕۆژێک بە تەلەفۆن لەگەڵ: (سەلام محەمەد) زۆر ڕووداوی ئەدەبیمان هێنایە گۆڕێ، ئەو ڕووداوەی کردە سەرباسی گفتوگۆکەمان، کە سەرەتای حەفتاکان: (عەبدوڵڵا سەڕاج و لەتیف هەڵمەت و سەلام محەمەد) تابلۆی یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکووکتان هێناوەتە خوارەوە و فڕێتان داوەتە ڕووباری خاسەوە، یان لە شوێنێک حەشارتان داوە. هەر دوای کردەکە، مانیفێستێکی ئەدەبیتان لەبارەی یاخیبوون و نوێبەخشییەوە نووسیوە و هەرسێکتان ئیمزاتان کردووە. دوای ئەم ڕووداوە، ئەدیبە دڵڕەش و سەلەفییەکان پڕکێشی (لەتیف هەڵمەت)یان کردووە و ویستوویانە لێی بدەن و سووکایەتی پێبکەن. خۆزگە ئەو نامەردییەیان

بکردبوایە، چونکە دڵڕەش و سەلەفی هەر ئەو جۆرە کارانەیان لێ چاوەڕێ دەکرێت و هەربەمەش ماونەتەوە، نەک بەهێزی نووسین. تا ئەمڕۆش ئەم نامەردییە لەناو ئەدیبە ڕەسمییەکان درێژەی هەیە. بە هەزار جۆری نامەردی داتدەپەڵۆسن و قۆرتی مل شکاندنت بۆ هەڵدەکۆڵن. بە هەرحاڵ ئەو مانیفێستەتان تاکو ئێستا شوونبزرە، ئایا ئەگەر وەک پێکهاتە و بنیاد و بیروڕا نووسیوتانە و خاڵی بینینی ئێوەی تێدا ڕوون کراوەتەوە بەرانبەر ئەو ناڕازیبوونە ئەدەبییەی هەتانبووە و بنەما داڕێژەرن، بۆچی بڵاوی ناکەنەوە. ئەگەریش هەستێکی کاتی و هەڵچوونێک بووە، ئەوە تەنیا قسە و هەڵوێست و هەڵزەقینەوەیەک بووە بەرانبەر بەڕێوەبردنی ناوەندەکە و نەتانویستووە ئەدەب ببەنە ئاستێکی باشتری ئێستێتیکی و پاڵەپەستۆی سیاسەت لەسەر ئەدەب کەم بکەنەوە و بەرەو ونگەی ئەدەبی تێبکۆشن. نووسەر کاتێک بیەوێ بنووسێت و بیرێکی ڕوونی نەبێت، تەواوی ئەو جیهانەی بۆ نووسین وێنای کردووە، دەڕووخێت و لەدەستی دەچێت.

مرۆڤ لە پیریدا هەڵگری خەونە سەرەتاییەکانیەتی. ئەم مانیفێستە خەونی سەرەتای ئێوەیە. بڵاوکردنەوەی لە ئێستادا پێویستییەکی هەرسێکتانە، کە کەوتوونەتە تەمەنێکی دیاریکراوەوە، هەروەها دەزگای ئاراس داوای ئەوەی لێ کردووی لەم سەفەرەی دێیتەوە کۆچیرۆکەکانت ئامادە بکەیت. هەموویانت لە بەرگێکدا بۆ چاپ دەکات. هەموو کۆچیرۆکەکانت لای من هەن. تۆ تەنیا ئەو چیرۆکانە ئامادەبکە، کە نەکەوتوونەتە ناو کتێبەکانتەوە. سەرەتای تۆ لە ناوەڕاستی پەنجاکان دەست پێدەکات، بەڵام لە سەرەتای حەفتاکاندا لە چیرۆکەکانتدا ئاسۆ و دووریی خۆی وەردەگرێت و دەبێتە دۆخێک لە

دۆخەکانی تایبەت، لە چیرۆکەکانتدا لووتی هەستیارت لە خوێنەردا ڕسکاندووە، تا بۆن بکات، بۆنی بەهەشتی داهێنان و گوڵەکانی با.

بە هیوام ساڵی نوێت، ساڵێکی گەرم و گوڕی نووسین بێت و هەموومان بەرەو ونگەی ئەدەب بڕۆین و توانامان کۆبکەینەوە لە دامەزراندنی شێوازێک بۆ نووسین، کە نهێنیی سرووش وەرگرتن و داهێنانی تێدا بپارێزرێت و وزەی شاراوەی دەمار و هەستی مرۆڤ ئاشکرا بکات.

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ هەولێر**

# نامەیەکی کراوە بۆ سەلام محەمەد

کاکە سەلام لەوە دڵنیام تۆ دەزانیت شیعری ڕاستەقینە چییە و کەرەستە و ئامرازەکانی دەناسیت و وەک کردەیەکی ئاسوودەبوونی ناخی گەرم و ویژدانی پاک تەماشای دەکەیت. ئەم نامەیەی منیش هەستی دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبەیە لەبارەی ئەزموونی تۆوە: (لە کەرکووکەوە بۆ ڤێستەرۆس)، کە (بەڕێوەبەریتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی)، لە (٦١٩) لاپەڕەی قەبارە گەورەدا چاپی کردووە و کاکە: (عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ) پێوەی ماندوو بووە و لەسەر خوانێکی بێگەرددا پێشکێشی ئێمەمانانی کردووە، بەشی سەرەکی خۆت وەک ئەزموونی ئەدەبی و ژیانی نووسیوتە، بەشەکەی دیکەش ئاشنایانی شیعرت. مایەی دڵخۆشی ئێمەمانانە و سوپاسیش بۆ ئامادەکارە. دووجار چاو و دڵم بەتەواوی لاپەڕەکانیدا ڕوون کردەوە، لە ڕۆحی خۆمی نزیکتر کردمەوە. زیاتر لە دە ڕۆژیش کاتەکانی خوێندنەوەی خۆمم بۆ تەرخان کرد، تێشیدا سوودمەند بووم و چوومە ناو ئاسۆ و دوورییە قووڵەکانی بوونەوە، بوونی شیعری بێگەرد. پێم وایە هەموومان، ئەوانەی خەریکی شیعرین پێویستە بیخوێنینەوە و لە نێوان دێڕەکانیدا وردببینەوە. زۆر خەونی ئەزموونمان لێ دەبێتە واقیع، واقیعی نووسین. خۆزگەدارم ئەم کارە نایابە وەک نوختەی سەرەتا و دەسپێک ببێتە نەریتێک بۆ ئەزموونی شاعیرانی تریش بەردەوام بێت. لەو سی و پێنج ساڵەی من لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدام و دەخوێنمەوە

و هەوڵی ناسینی دەدەم. هیچ شاعیر و نووسەرێکم نەناسیوە وەک تۆ ئاوا بڕوای بە خۆی بێت و خراپە و چاکەی خۆی بێ پێچ و پەنا و خۆحەشاردان لەسەر لەپی دەستان بخاتە ڕوو. ئاواش بێ حەزەر و پارێزییەک لەخۆ دەستنیشانکردندا بێباک بێت و لەدەستی چارەنووس ڕانەکات، چارەنووس شێوەی هەقیقەت نییە، بگرە بنەمای هەقیقەتە، مرۆڤ، کە چۆنیەتی هەقیقەت فێربوو، لەخۆیدا چۆنیەتی بنەمای هەقیقەتیش فێردەبێت. سوپاس بۆ ئەو شیرە گەرم و بە نمەکەی لە مەمکی (ئەسمەر سلێمان)ی دایکتەوە هەستەکانی پەروەردە کردووی و دواتر تێکەڵ بە شیری گەورەمەندی شیعرت کردووە، شیری ئێستێتیکا و هەست گەرمی. حیساباتمان لێ تێکنەچێت. شیری شیعر و شیری دایک دوو نمەن لە یەک سەرچاوەوە، کەچی زۆربەی شاعیران بە هەقدەست و سەرقەڵەمانەی شیعر و شان شۆڕکردنەوە بۆ ئەوەی ئەم و ئەو باری بکەن، دەژین. ئەمانە گەندە و زڕ کوڕی شیعرن. تووشی لەرزینێکی ڕۆحی و کەوتنی فیکری بوونە، شیری هەڵبزڕکاو دەخۆنەوە. شیری هەڵبزڕکاویش دەبێتە ژەهر. وەی بەحاڵی ئەو شاعیرەی شیری لێ ببێتە ژەهر، وەک سیسرکە لە ئاودەستخانەی مێژوودا دەژی، یان وەک مشکی زگچوو لە کۆشکە پارێزراوەکاندا پێوانەی چەوری خواردنی لێ تێکچووە. شیعری بێگەردیش خەڵاتی گەمژەیی دەداتێ، خۆزگەدارم هەموومان ئەو بوێرییەی تۆمان تێدا بڕسکێت. ئەو ڕسکانە ئەوپەڕی پاکییە. ئەوپەڕی بێباکییە لەئاست هەڵەی بێ گوناهـ و بێ مەبەستت. سوپاس بۆ خودا و نووسەرەکان، لە تەواوی کتێبەکەدا دەربڕینێکی وای تێدا نییە. خودا نەخواستە تیر و توانج بێت بۆ ئەزموونی هیچ کەسێکی تر، بەڵام ئەوەی لای خۆم تێبینیم کرد ئەوەیە لە نووسینەکەی برادەری شاعیر و زۆر خۆشەویستم کاکە (بەرزان

هەستیار) هەواڵی شاعیرێکی بزر و بێدەنگ دەپرسێت. ئەویش (کەنعان مەدحەت)ە ئاماژەشی بەشیعری: (بەڵام ڕووبار، هەر تۆی ڕووبار، ئەی عێراق گیان) داوە. ئەم ناونیشانە بووە خولیا و کەڵکەڵە و جۆرێک نەسرەوتنم. حەزی بەدواداچوون و ئاشکراکردنم تێدا داگیرسا، هەوڵم دا شاعیر بناسم و ڕاوێژی لەگەڵدا بکەم. کاتی خۆی شیعرەکە لە ژمارە (٢٥)ی گۆڤاری بەیان، مایسی ١٩٧٥ بڵاوکراوەتەوە. خودا و ڕاستان بەهۆی کاکە (لەتیف هەڵمەت)ەوە شاعیرم دۆزییەوە و ناسیم. ئەگەرچی ساڵی ١٩٧٣ گۆڤاری بەیان لەژمارە (٨)یدا تۆمارێکی تایبەتی بۆ شیعری نوێ کردەوە، شیعری: (سۆزێکی هەڵقوڵاوە لە باوەشتەوە)ی ئەم شاعیرەشی تێدابوو، ئێمەمانان لەڕێگای ئەو شیعرەوە وەک ناو و سەرەتایەک ناسیمان. ئەم تۆمارە نوێنەرایەتی دەنگ و شێوازی زۆر تایبەتی قۆناغی شیعری دوای (گۆران) دەکات. تۆمارەکە: (جەلالی میرزا کەریم) ئامادەی کردبوو، (دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ)یش چەند سەرنج و تێبینییەکی سەرپێیی لەبارەی شیعرەکانەوە نووسیبوو، لە بێدەنگی و بزربوونیم پرسی. کەچی گەورەیی نواند و دوو کۆشیعری خۆی پێشکێش کردم، کە لە سوێد چاپی کردوون. زانیم بێدەنگ و بزرنەبووە، کەمتەرخەمییەکە لە منەوەیە و لێی بێ ئاگام. ئەو بێئاگاییەش بەهۆی ئەو بارەیەوە بوو، کە وڵات دووچاری ببوو، زۆر جار ئێمە لە بێئاگایی خۆماندا قسە لەبارەی ئەزموونی کەسێک دەکەین و هەندێک جاریش قسەکانمان دەگاتە پلە و ئاستی بڕیاری هەڵە.

کۆشیعری یەکەم: گەڕان لە بەهجەت حیکمەت، ساڵی ١٩٨٧.

کۆشیعری دووەم: چلەی شۆڕش و زیندووکردنەوەی چەرخی میرنشینان، ساڵی ٢٠٠١.

له خەون و خەیاڵ و بینینەکانی هەردوو کۆشیعرەکەدا ورد بوومەوە. پێشدەچێت شیعر لە ناوەوە بە تەواوی داگیری نەکردبێت، وەک ئارەزوویەکی تەنک وەریگرتبێت و لە زمان و ئێستێتیکای شیعریشدا وەک پێویست ورد نەبووبێتەوە، بەشێکی سەرەکی ژیانیشی بۆ تەرخان نەکردبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەمز زۆر بە قووڵی بەکاردەهێنێت. ئەوەشم بۆ دەرکەوت ئەزموونی لەگەڵ شاعیران: (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی)یەوە دەست پێدەکات. هاوشار و برادەری نزیکیان بووە، بەڵام ئەزموونی ئەو دواکەوت و کەم دەرکەوت و بەجۆرێک ناتەواوی مایەوە.

ئەم ناونیشانە: (بەڵام ڕووبار، هەر تۆی ڕووبار، ئەی عێراق گیان) لە کۆشیعری یەکەمیدا بووەتە (بەڵام ڕووبار، هەرتۆی ڕووبار، ئەی کوردستان) لە هۆکاری ئەم گۆڕینەم پرسی، شاعیر گوتی: سکرتێری نووسینی گۆڤاری بەیان، (مستەفا نەریمان) بوو، بەنیازی خۆی وەک هاوشاری و چاکەکردنێک لە بەرژەوەندیی مندا، تا لە گێچەڵ بمپارێزێت بەبێ ئاگادارکردنەوەم گۆڕیویەتی و خەڵات و بەراتی کردووم، هەر ناونیشانەکە نا، بگرە یەک دوو وێنەی تریشی گۆڕیوە و دەستکاری کردووە. هیچ شتێکیش پاکانە بۆ دەستێوەردانی نووسینی کەسێکی تر ناکات. من لە کۆشیعرەکەمدا گەڕاندوومەتەوە دۆخی خۆی. ڕەنگە هۆیەک لە هۆیەکانی لە هەمان ساڵدا تووشی لەرزینێکی ڕۆحی بووم و وڵاتم بەجێهێشت، ئەم ناونیشان گۆڕینە بێت. بەغەدرێکی گەورەم زانی و بەرگەی مانەوەم نەگرت. بووە بوارێکیش بۆ قسەکردن لەبارەی ئەزموونی شیعریمەوە و جۆرێک ساردبوونەوە و سڵەمینەوەشم لە بەردەوامبوون و نووسین.

کاکە سەلام تەماشاکە و ئەو حاڵ و بارە وەک خاڵێکی دوور لەخۆت نزیک بکەرەوە و گرانایی کاردانەوەکەی وەربگرە، منیش لە هێنانە گۆڕێی ئەو بابەتە مەبەستم دەستنیشانکردنی کەسێکی دیاریکراو نییە. هێندەی ئەوەی مەبەستم کاریگەریی ڕووداو و دیاردەکەیە. دەستکاری، چ جۆر و بەهەر بەهانەیەک بێت ساردییەکی کوشندە دەخاتە دەروونی نووسەرەوە و ئەوەی لێدەکەوێتەوە. بۆیە زۆر پێویستە ڕۆژنامەنووس کوڕی شیری خۆی و بە نمەک و گەورەمەند بێت. بڵاونەکردنەوەی بابەتێک، کە سەرنجیان لەبارەوە هەبێت، بەتایبەتی سەرنجی فیکری زۆر باشتر و نمەکدارترە لەوەی بە دەستکارییەک ئەتک بکرێت و بە بێنموودی و ئەتککراوی بڵاوبکرێتەوە. خۆ دەشکرێت شیعر لەوپەڕی ئێستێتیکی واقیعیدا خاڵی بەیەکگەیشتنی هەموو هێما دژەکان بێت، هێما دژەکانیش لە وێنە و خوازەدا پڕ هەست و مانای ڕۆحی بکات و لە هێڵێکدا کۆیان بکاتەوە. وڵاتی ئێمە لە گێژەنێکی گەورەی سیاسیدا ژیاوە و دەژێت. هەندێک جار ئەزموونی تۆش چاودێری و چاوشارکێ لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکات. ئەمە لایەنێکی خراپی ئەزموونی تۆ و هەر شاعیرێکە، کە خۆی لەو بابەت و بارەیەوە هەڵبقورتێنێت.

با هەموومان بەڕووی فریشتان پێبکەنین و خەریکی دروستکردنی ماڵێک بین. ماڵی شیعری بێگەرد، ماڵێک شاعیرانی وەک: نالی و گۆران و ئەنوەر قادر محەمەد ... تاد، تێیدا نیشتەجێن. ئەوانەی لەماڵی شیعری بێگەرددا نیشتەجێن شاعیری هەموو سەردەمەکانن، یان سەردەمێکی دوور و درێژ، دەتوانین پێیان بڵێین: (شاعیر و خوداوەند). ماڵی شیعری بێگەرد ماڵی گەرم و ڕووناک و پڕ حیکمەت و مۆسیقای هەموو ئەو هەستپەروەرانەیە دەیانەوێت پشووی ئێستێتیکی تێدا بدەن. خودا

نەخواستە نەک ئەو شاعیرانەی ئەم دەست و ئەو دەست شەکر و شیریان بەدەمەوە دەکەن و دەیانکەن بە گوێڕایەڵ و کۆیلە و بەرژەوەند پەرست و ملکەچ.

کاکە سەلام چۆن سەرەتا بە دانەپەیڤی لەوە دڵنیام دەستم پێکرد، لە کۆتاییشدا هەمان دەربڕین دووبارە دەکەمەوە: لەوە دڵنیام شاعیری گەورەمەند ببڕای ببڕ نابێت بە گوێڕایەڵ و کۆیلە و بەرژەوەند پەرست و ملکەچ.

شیعر ئەی پەری و پەرستگای من، هەمیشە سوپاست دەکەم. یارمەتیم لە تۆ وەرگرت و بەهێزت کردم.

**شوباتی ٢٠١٤ هەولێر**

# نامەیەکی کراوە بۆ ئەحمەد تاقانە

کاکە ئەحمەد ڕۆژێکی خۆشی هاوینە، سایەی گەورەی یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانە: ٢٠١٥/٦/١٨. ڕۆژێکی پڕ ژیان و گەشەیە. کاریگەری لەسەر زەینییەت و بینینی هەمەچەشنم بۆ ژیان و دنیا داناوە، سەکۆیەکی بەرهەمهێنە بۆ ڕوانین و خۆبەرجەستەکردن. بەوەی لەماڵەکەمدا بەچکە کێشکەیەک لە هێلانەکەی بەربووەوە. زیاتر لە پازدە ڕۆژ لەژێر فێنکایی موبەریدەدا ئاو و دانم دەدایە و بەدەوریەوە بووم و بەرچاویم بە ئەشقی خودایی ڕەنگڕێژ دەکرد، تا باڵەکانی هێزی فڕینیان تێدا گەڕا. بەچکە کێشکەی چاو بە تاسەم بە ماچە کپ و بێ دەنگەکانم لە باوەشمدا گەورە کرد، بیریشم لەوە دەکردەوە دەبێت بە ژانی هێلکە ترووکانی، واتە: بە ژانی لەدایکبوونیەوە چەند تلابێتەوە، ئەم سبەینەیە لە دۆخی تینی سۆز و ڕۆحانیدا، کە لەگەڵ دڵی خۆتدا دەبیت بە یەک، مۆسیقای باڵەکانی بۆ لێدام و گۆرانی پێزانین و ماڵئاوایی بە کەشوهەوای ئاشتی بەخشی، منیش لە دڵەوە بەڕێم کردە دنیای ئازادیی خۆی و سایەی گەورەی خودا. ئەو دنیایەی کاریگەری لەسەر زەینییەت و بینینی هەمەچەشنەم داناوە و نەرمە شەپۆلی لێم دەدا. بە پەیام و ئاکاری کارەکەم هێندەی نووسینی کۆشیعرێک دڵخۆش بووم و جوانی و دڵباشی و پشووی دەروونیم دۆزییەوە. هەمان ڕۆژیش مووچەم وەرگرت، لەگەڵ خێزانەکەم خۆمان ئامادەکرد بچینە بازاڕ و تەواوی پێویستییەکانی خواردنی ئەم مانگە بکڕین، لە دووکانی گۆشتفرۆشەوە

دەستمان پێکرد، لە یەکەم دەستپێکردنەوە گیرفانیان بڕیم و تەواوی مووچەکەیان لێ دزیم. ئەم کارە نەتەی پێ بەرنەدام، گەشە و خۆشی و جۆش و تەزووی خستە دەمار و خوێنم. دڵنەوایی خێزان و منداڵەکانم بەوە دەدایەوە و دەمگوت: لەوانەیە ئەوەی گیرفانی بڕیوم بۆ ئەوەی بووبێت تا پێویستییەکانی خواردنی ئەم مانگەیان بکڕێت. نازانم هەڵزەقینەوەی ئەم ڕووداوە بوو، یان خۆبەختکاری و هەست پێکردنی خۆی. هەرچی پارەمان لە ماڵدا هەبوو، خێزانەکەم خستییە ناو جانتاکەیەوە، دووبارە ڕێگای بازاڕمان گرتەوەبەر، بایی شەست و پێنج قاتی منداڵانی تەمەن لە نێوان یەک و دە ساڵی کرد، هەموو منداڵەکانی خۆمم لەگەڵ خۆم برد و بەسەر خیوەتگای منداڵە ئاوارەکانی کوردستانی ڕۆژئاوامان دابەش کرد. تەنیا بیست و پێنج هەزار دینار لە پارەکەماندا مایەوە، ئەویش بەنزینمان پێ لە ئۆتۆمبێلەکەمان کرد، ئەم سەردانە وەرزشی چاو و دۆخێکی شیاو بوو، بە بەختی زۆرەوە خەڵاتی گەورەی منداڵیی خۆمم وەرگرت، بینیم منداڵان عەلاگەی نایلۆنیان کردووە بە کۆلارە و لە فێنکایی ئێوارەدا هەڵیانداوە. ئاشنابوونەوە بە خودی خۆت، بەهرەمەندبوون و بەخت باشییە، زیاتر بە دنیاوە ئومێدەوار دەبیت.

کاکە ئەحمەد من کوڕە لادێییم (دەربەندی گۆم). بە زەینێکی زیندووەوە وێنەی دیمەنەکانی ئێوارانی گوندم گرتووە ڕامکێشاوەتە ناخی خۆمەوە، کە ئێوارەی هاوین دەیدایە فێنکی مەگەر چۆن، ئەگەر نا هەموو ڕۆژێک دەچوومە سەربان و هەر منداڵ و مێرمنداڵێک لەسەربانی ماڵی خۆمان، یان دوو دوو و سێ سێ لەسەربانی ماڵی یەکمان کۆدەبووینەوە و کۆلارەی خۆمانمان هەڵدەدا و داومان دەدایە، هاوارمان دەکرد: هەتاو جوانترە لە مانگ، ڕۆژ جوانترە لە شەو.

ماڵی ئێمە لە لاپەڕی گوند بوو، کە کۆلارەکەم هەڵدەدا بەسەر تەواوی گونددا ڕەت دەبوو، لەسەر کۆلارەکەش ناوی دایک و باوکمم دەنووسی بەوەی وام دەزانی کۆلارەکە بەرز دەبێتەوە و دایک و باوکیشم بەبێ هیچ دوودڵی و ئاستەنگێک دەگەن بە حزووری خودا و لە خودا نزیک دەبنەوە، بە نزا و داوایەکانیان ئێمە بە ئومێد و شیاوی بوونی ئەزەلی دەگەیەنن، پەیوەندیی گیانیشمان لەگەڵ کەسی نەناسراودا بۆ دەدۆزێتەوە.

ڕۆژگار بە ڕوخساری پڕ دەمامکیەوە هات و دەستی خۆی وەشاند، لەگەڵ نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولدا، گوندەکان داگیران و وێران کران، ئێمەش بەر زەبری دڕندانە کەوتین و ڕاگوێزراینەوە هەولێر. تەمموزی ١٩٧٨ لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژمارە (٥٠) شیعرێکی کورتت بە ناونیشانی (کۆلارە) بڵاو کردەوە. ئەم شیعرە خەڵات و نیشانەیەکی شانازی بوو، لە شوێنی تایبەتی خۆیدا پێشکێش بە منی دڵشکاو کرا و ژیانی ژیاندمەوە. لەو ئازارانە دەدوا، کە من هەستم پێدەکردن و پێیان دەتلامەوە، خودایە ڕێگاکانت زۆر لەوە بەخشندەترن، کە مرۆڤ هەستی پێدەکات: ئەو بڕوایەم لا دروست بوو، هەموو نووسینێک هێز و پێویستی و پەیامی خۆی بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵگا هەیە. لە لاپەڕەی یەکەمی هەموو دەفتەرەکانی قوتابخانەدا نووسیبوومەوە، تا هەموو کات لەگەڵمدا بێت و لێم جیا نەبێتەوە. وام دەزانی هەموو ئەو هاوڕێیانەمە، کە لە گوند ئێواران بە یەکەوە هەریەک لەسەربان کۆلارەمان هەڵدەدا و ناهێڵێت شل و شێواوبم و لێم جیا ببنەوە، بەجێم بهێڵن و هاوڕێیە دڵسۆزەکانمن، کۆمەکم دەکەن و کۆستم ڕاست دەکەنەوە و هەستەکانم دەپاڵێون. وشەی ناهێڵێت وەک ئەو ڕستەیە وایە: (لە سەرەتادا وشە هەبوو). بەناو وشە و دەنگەکاندا ڕۆدەچووم و هەستی قووڵتر دەکردمەوە و چرکە دڵگیرەکانی منداڵی بۆ دەهێشتمەوە و زەینیشی گەرم دەکردمەوە. ئەو هەموو کپی و خورپەیەی شیعرەکە بۆی پەیدا

کردبووم، ئێستا ناتوانم دەربڕینی لێ بکەم، مەگەر بگەڕێمەوە بۆ ئەو چرکە برینداراەنەی تێیدا دەژیام. ئەویش مەحاڵێکی هێزی دەربڕینە.

ئەی لە مۆخ و دەماری پیت و وشە و ڕستەوە برای پشتم: بزانە شیعر چۆن مرۆڤ دەکاتە مرۆڤێکی خەیاڵکرد و خەیاڵکراوە و یادەکانیشی دەپارێزێت، لە ڕیشەوەش دەیڕوێنێتەوە، سەرسوڕمانی وشەی (ناهێڵێت) لە یاددا دەهێڵێتەوە و وەک چەمکێکی گەرم چ شەرم و شانازییەکی بەرانبەر دەخوڵقێنێت. حیکمەتی بەختەوەریی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە لە بارودۆخی زۆر سەخت و دڵشکاندا یادەوەریت بگرێتە خۆی و بیلاوێنێتەوە و ببێتە دەستی گەرمی سەردڵت.

## کۆلارە

نامیلکەیەکم لە چاپ دا.
دانەیەکم بەخشی بە منداڵێکی ناو گوندەکەمان
_ منداڵانی گوندەکەم هیچیان خوێندەوارییان نەبوو_!
پەڕی نامیلکەکەی کردم بە کۆلارە و..
هەڵیفڕاند.
لە نێوان نامیلکە کۆلارەکەم و دەستی بچکۆڵەی منداڵی گوندەکەمدا
دەزوویەکی سپی. پردە!!
کە دەزوو دەپسێ و کۆلارە سەر هەڵدەگرێ
منداڵەکە بەدوایدا ڕادەکا و. دەگری.
دەیدۆزێتەوە و. دەیهێنێ
دەینووسێنێ بە سینگیەوە و.
بە کۆڵانی گوندەکەمدا،
هەنگاو دەنێ..

شیعری چین چین و ئاستدار، دڵێکی بە بڕوا و هۆشمەند و سەرڕێژ لە ژیان و بزوێنەری ژیان بە بوون و نهێنییەکانەوە دەینووسێت، دڵێکی بە بڕوا و هۆشمەند و سەرڕێژ لە ژیانیش، واتە: خوێنەری نموونەیی هەستی پێدەکات و دەیکات بە حەڵاڵزادەی خۆی و شیری گەرم و چەوری دایکی. ئەم شیعرە، لووتکەی درەوشاوەی ئەزموونی تۆیە، هەم لە ڕووی زمانەوانی، هەمیش لە ڕووی ئێستێتیکی و بیری فەلسەفیشەوە. لە هەمان کاتیشدا ماڵئاواییکردنە لە ئەزموونی تۆ.

سەرەتا، تێگەیشتنی من بۆ شیعرەکە تەنیا یاد و یادەوەری و خۆخواردنەوە و سەکۆیەکی پشوودان بوو، بەڵام دوای پێداچوونەوە و بەراوردکردن، زەمینە و ڕایەڵ و تانوپۆ و وردەکارییەکانی، چەمکی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی لێ دەورووژێ، پەیوەندیی نێوان مێژوو و شۆڕشی داڕشتووە و بە هەستەکانماندا ڕەت دەبێت، بنەمای دنیابینییەکەی دەردەکەوێت و لە ناوەندی بیرکردنەوەمان جێگیر دەبێت، لە یاد و بوون و هەست و نەستی خۆی و خۆمان نزیک دەکاتەوە، ڕووداوی نسکۆ خێرا لە شیعری نوێی کوردیدا گەشەی کرد، کەمێک شیعری باش و شیعری خراپیشی زۆر بەرهەم هێنا. بزانە: شیعر هاوکاری و ڕێنماییت دەکات بۆ قووڵکردنەوەی هەست، چیرۆک و ڕۆمانیش هاوکاری و ڕێنماییت دەکات بۆ خۆشکردن و زیاتر بینینی زەمینەی هەست. ئەفسوونی ئەو دوو جیاوازییە ئەوەیە، شیعر هەست قووڵدەکاتەوە، چیرۆک و ڕۆمانیش هەست ئاگادار دەکەنەوە، لەو نەرمە لەرزە شاراوەیەی لە کات و ناکاتدا مرۆڤ دەگرێت. قووڵکردنەوەی هەست، بیرکردنەوەش بەهێز دەکات، سەرەکیترین خەسڵەتە، کە شیعری بێگەرد دەستنیشان دەکات. شیعرەکە لە ناوەرۆک و پێکهاتەیدا شیعرێکی هێماییە، بەڵام هێماییەکی خودی لێڵ نییە، هێمایەکە دەبێتە

گەشە و پەیوەندیی گشتی کۆمەڵگا و پرسێکی بڵاو و زانراو و چارەنووسساز، واتە: گەشەیەک پەیوەندیی گشتی کۆمەڵگا بەرهەمی دەهێنێ و لەناو مانەوەی خۆیدا دایدەمەزرێنێ و دەبێتە ناسنامەی، یان ناسنامەی دەداتێ، کە بەو شێوەیەش ناسرا، زیاتر خۆشویسترا. لەناو هەناسە سارد و زیندووەکانماندا، گیانی گشتی تێدا دەخولایەوە.

ئەو زەمینەت خۆش کردووە و دەسەڵات و هێزی دەربڕینی خۆت تێدا تاقیکردووەتەوە، لەو خاڵە تاقیکراوەشدا پێوانەت بۆ بوون و شادبوونەوە بە خودا و شادییەکی بۆ کۆتایی داناوە، یان ژیان لەگەڵ هەقیقەتدا بەڕێوە دەبەیت. ئەو هەقیقەتە ئەندێشە کراوەی لە هێزی دەربڕینی خۆتەوە خاڵت بۆی داناوە و بینینی خۆت تێیدا ڕوون کردووەتەوە، بڕوابوون بە خۆت، لە خۆتدا دروست کردووە، حیکمەتی بەختەوەریی ڕاستەقینەت لەبیر نەبردووەتەوە. ئێستا لە تەمەنی ڕامان و سەرنجدانم، بەڵام شیعرەکە هەر دەستە گەرمەکەی سەردڵمە، ڕەنگە چەندین ساڵی تریش دەنگی ئەو دەستە گەرمەی سەردڵم هەر ببیستێت و بەردەنگی هەبێت.

نووسین گرنگترین و یەکەم ئامرازە بۆ نەمرکردنی هەستەکانی مرۆڤ و پێویستییەکانی بۆ بەڕێوەبردنی ژیان لە هەر قۆناغێکدا. هەم لەباری خۆشی و هەم لە باری ناخۆشییەوەش. هەر نووسینە کارامەیی و لێهاتوویی مرۆڤی نەمر کردووە، هەست و بیرکردنەوە و ئەزموونیانی پاراستووە و هێشتوونییەتەوە، ناهێڵێت ئێمە لە یادیان بکەین، لە ڕیشەوەش دەیانڕوێنێتەوە. سەرسوڕمانی وشەی ناهێڵێت قەڵغان و زرێپۆشێکە تەنیا داهێنان توانای ڕاگرتنی بەسەر سەری مرۆڤە مەزنەکانەوەی هەیە. ئاوێنەی داهێنان لە هەموو ئاوێنەکانی تر تاسەدار و ڕێ ڕاستترە بۆ ڕاستگۆیی، ڕێ خوار ئەو نووسەرەی لەبەر ئاوێنەدا

دەموچاوی ڕێڕێ و بەڵەک دەربکەوێت، یان ئاوێنەی درۆزن ڕەنگی دەموچاوی خۆی پێ بناسێنێتەوە .

لە ئەدەبی کوردیدا دوو بزووتنەوەی نوێبەخشی سەری هەڵداوە، لە حەفتاکان: (ڕوانگە) و لە هەشتاکانیش: (پێشڕەو). لە هەردوو بزووتنەوەکەدا بۆچوونی خۆت لە دوو وتاری جیا جیادا دەربڕیوە، لەبارەی ڕوانگەوە لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٥)ی ساڵی (١٩٧١)دا، بە ناونیشانی (ڕواڵەتی هەڵبەستی نوێ)، لەبارەی پێشڕەویش لە هەمان ڕۆژنامەدا، ژمارە (١٠٨٢)ی ساڵی (١٩٨٩)دا، بە ناونیشانی (لەبارەی هەندێک لایەنی هونەریی شیعری نوێوە). لە هەردوو وتاردا لەگەڵیاندا نیت. تاڕادەیەکیش دژی و توندیشی، لە کاتێکدا ئەم دوو بزووتنەوەیە خاڵی وەرسووڕان و دۆخگۆڕینن، جۆرێک گۆڕانکارییان لە بیرکردنەوەی خوێنەریشدا بەدی هێنا. لەم پێودانگەدا پێویستە نوێبەخشیی کار و بەرهەم بکرێتە پێوەر، ئەگەرنا نەزانین داگیر و بێ بڕوامان دەکات. لەم بۆچوونانەتدا بە ڕوونی دژی نوێبەخشی، نوێبەخشیی ئەم دوو بزووتنەوەیە، نەک نوێبەخشی بەگشتی. لە هەردوو وتاریشدا بنەمای دژبوونی خۆت ڕوون نەکردوونەتەوە. تا بەرانبەر قەناعەت بە بۆچوونەکانت بهێنێت، بەڵکو هەر ئاماژەی ڕۆژنامەوانین، بێ ئەوەی بیسەلمێنیت ئەوە ڕاستیی من و ئەوەش هەڵەی ئەوان. ئەگەرچیش تێگەیشتن لە شێواز و پێکهاتەی نوێبەخشی لە پلەی جیاوازدایە. ئەم جیاوازییەش بووەتە بابەتی سەرنجدان و پێداچوونەوە و بەراوردکردن، هەروەها لە یەکەم بۆنەی خەڵاتی دەزگای ئاراس بۆ کتێب، لە ٢٠٠٤/١٢/٢٦ لە هەولێر، لە هۆڵی ئوتێل شیراتۆن، کە ئەم نووسەرانە خەڵات کران: (د. مارف خەزنەدار، حەمە سەعید حەسەن، ئەحلام مەنسوور، فەلەکەدین کاکەیی، د. مونزیر

فەزل). بەشێکی زۆری ئەدیبانی کوردیش بانگهێشتی ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنەکە کرابوون، کۆمەڵێک نووسەری کەرکووکی لەگەڵ (سەباح ئیسماعیل) لەسەر مێزێک دانیشتبوون، ناسینی خوالێخۆشبووان: (عەباس عەسکەر، ئەحلام مەنسوور، محەمەد سابیر مەحموود). نایشارمەوە بۆ من خۆشەویستی و ئاکاری نوێ بوون. عەباس عەسکەر بە دەنگێکی ئاوازدارەوە، دەنگی بەرز کردەوە و بە منی وت: (سەیابی کورد، سەیابی کورد). لە خۆشحاڵیی ناسینماندا ڕیزێک قاوەی گەرم و شیرینی داوا کرد، بە دەستی خۆشی پێشکێشی ئامادەبووانی کرد. ماوەیەکی پێچوو کتێبێکی بە ناونیشانی (كلمات تغدو نحو الينابيع) چاپ کرد، شیعری بیست شاعیری کوردی بۆ عەرەبی وەرگێڕابوو، سەرنج و تێبینیشی لەبارەوە نووسیبوون، لە بۆنەی دووەمی هەمان دەزگا و خەڵاتکردندا، کە ببووە نەریتێکی ساڵانە. (عەبدوڵڵا سەڕاج) بە زەردەخەنە و تەوسەوە پێیگوت: ئەرێ ئەوە خێرە شیعری سەیابی کوردت هەڵنەبژاردووە، وەک سڵەمینەوە و بەخۆدا شکانەوەیەک گوتی: شیعرەکانی ئاڵۆزن و دامەزراندنی سەرەتا و درێژە پێدانی ناوەند و کۆتایی پێهێنانی بۆ من ڕوون و دیار نییە، کەچی: (محەمەد سابیر مەحموود) گوتی: جیاوازی لە نێوان ئاڵۆزی و قووڵی زۆرە، تۆ هەستت بە جیاوازییەکان نەکردووە. شیعرەکانی ئاڵۆز نین، بەڵکو قووڵن. من بە خۆشحاڵی و لێزانییەوە وەریدەگێڕم، وابوو بە جیا جیا دوو جار شیعری وەرگێڕام. جاری یەکەم، لە گۆڤاری (الصوت الآخر) ژمارە (١٥٠)ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ بڵاوی کردەوە، ئەوەی تریش، یان لە هەمان گۆڤار بوو، یان گۆڤارێکی تر بوو، ببوورە زەینم ناچێتەوە سەری.

خودا شیرپاکیی ئەدەبی و تایبەتمەندییەکی بێوێنەی پێ بەخشیوم، ناتوانم هەست و سەرسامبوونی خۆم بەرانبەر ئەدەبی باڵا و ئێستێتیکی

بشارمەوە، ئەگەرچی لەم ڕووەوەش تووشی ئا و نا و لێپێچینەوە و لێپرسینەوەش بوویمە. حوزەیرانی ٢٠١٥ لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٠٦) شیعرێکی (ئازاد ئەحمەد ئەسوەد) بە ناونیشانی: (سوبحی و سوهەیلە) بووە مایەی داگەڕانەوە بەرەو ناوەوە و پێداچوونەوە و بەراوردکردنم. زمانی ئەم شیعرە هێزێکی یادەوەری دروست دەکات و وێنەکان لە یاددا لە گفتوگۆی ئەزەلیدا دەهێڵێتەوە، هەروەها شوباتی ٢٠١٣ لە گۆڤاری ٢٣، ژمارە (١٠) شیعرێکی (ئەدیب نادر)یش بە ناونیشانی: (سەرگۆن پۆڵس) بووە مایەی داگەڕانەوە بەرەو ناوەوە و پێداچوونەوە و بەراوردکردنم. ئەمیش هەستێکی بێوێنەی بۆ دروست کردم و چێژی ئێستێتیکی و یادەوەریت ئامادە دەکاتەوە بۆ بەدواداچوونی چێژی ئێستێتیکیی یادەوەرییەکانت و بوونی شاعیریەتی سەرگۆن پۆڵس دەکەوێتە ناو یادەوەرییەکانتەوە.

ئێمە سێ شاعیر لە چایخانەی مەچکۆ دانیشتبووین، قسە و گفتوگۆی نێوانمان لەبارەی پێویستیی ئەدەب و کاریگەری ئەدەب بوو. (مەولوود ئیبراهیم حەسەن) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٠١)ی ساڵی (١٩٩٢)دا چیرۆکێکی نایابی بە ناونیشانی: (مەرگی سەگ) بڵاوکردبووەوە، ڕایەڵ و تانوپۆ و ڕامانی سەرەکی چیرۆکەکە ڕاگوێزانی گوندەکانی کوردستان بوو، گرنگییەتی ڕۆڵی نووسینی وروژاند، بەوەی بەشێک لە گیانی ڕووخاوی کوردی وەک هێزی ڕۆح و هێزی جەستە بنیاد نایەوە. کاری داهێنراو بەلایەنی کەمەوە گرنگییەک دەورووژێنێت. لە دۆخی خوێندنەوەدا هەرسێکمانی سەرسام کردبوو، لەناو سەرسامیی خۆماندا لە باس و ستایشی چیرۆکەکەدا مەست و ئاسوودە بووین و سامانی دنیامان لەدەست بوو، چیرۆکەکە هی من بوو، بەڵام ئەم دایڕشتبوو. لەو کاتەدا چیرۆکنووس لە دەرگای

مەچکۆوە دەرکەوت. هەر بە چاو نیاز و شوێنی دانیشتنی خۆی لە نێوان ئێمەدا دەستنیشان کرد، دوو برادەرەکە وەک ئەوەی بیانەوێ هۆیە بنەڕەتییەکانی پرۆژەی شۆڕشێکی نهێنی نەزانرێت، زۆر بە پڕتاو و سڵەمینەوە و بە دەموچاوێکی خامۆشەوە گوتیان: با خۆمان لەم بابەتە لابدەین، بێدەنگ بین، تا بەخۆیەوە نەنازێ، کە چیرۆکێکی کاریگەر و سەرکەوتووی نووسیوە و بەسەرمانەوە ببێتە سەرکەڵەبابی بانگدان. قسە ئاکارێکی خودییە و کردنی ئاسانە. لە هەمان کاتیشدا پەیوەستە بە کەسایەتیتەوە، بەڵام پێویستە پێش ئەوەی قسە بکەیت بە قووڵی بیرت کردبێتەوە، لەم ئەنجامەدا قسەت ناسنامە و کەسایەتییەکت بۆ بەجێ دەهێڵێت. ئایا لە دۆخی شتەکاندا خاوەن بڕیاری تەندروستی، یان قسەی هەڵبزڕکاو. ئاخۆ بەم درۆ لەگەڵ خۆکردنە لە بایەخی داهێنان کەم دەکرێتەوە، یان ئەو ناخ شاردنەوەیان بۆ خۆبەزلزانین بەکارهێنا. ناخ شاردنەوە و خۆبەزلزانین خراپەت دەهێنێتە ڕێ و ئازایەتی داهێنانت لەناودا دەپووکێنێتەوە، بە پێچەوانەوە ناخ ئاشکراکردن ئازایەتی داهێنانت لەناودا دەتەقێنێتەوە هەموو هەستەکانیشت ئامادە دەکات بۆ دۆخی نووسین و داهێنان، نیازی هۆشیارانە و هەست دروستکردن لە دەقدا خەبات و تێکۆشانە لە پێناو ئازادیی داهێنان و ئازادیی ئەدەب و پێویستیی ئەدەب و کاریگەریی ئەدەبدا.

کاکە ئەحمەد تاقانە لە ژیانی ئەدەبیاتی تۆدا ئەوەی زۆر جێگای پەسندیی منە و ئەفسوون لێکراوم بۆی، ئەوەیە ژیان بە چەشنێکی باوەڕپێنەکراو دەبینی. هەمیشەش بەسەر خودی بەد زاڵی، خۆشت لە دیمانە و گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی و هەوڵ و هەنگاو و تیشکۆی کاتی پاراستووە، ئەمەش کاکڵەیە و یەکێک لە سەرەکیترین خەسڵەتەکانی

پیاوی بێ نیاز و بێ ناز و دان بەخۆداگرە، یان ئەو پیاوە متەسەووفانەی لە بیرکردنەوەی وشەدا، دەگەن بە سیستەمی کەماڵ و قووڵترین پەیوەندی دادەمەزرێنن و کاریگەریی ئاخاوتن دەدۆزنەوە. دەیانەوێت نادیاربن و کەس نەیانناسێت، نەک لە دەمەبۆڵە و هەڵەوەڕی و دڵڕەشی و دەستپیسی. ئەو ڕستە و وێنانەی لە وێناکردنی ژیان و سەرچاوەی بێگەردیی خەیاڵەوە پێیان گەیشتووی، ئەو شتانەن لە ژیاندا پەسندت کردوون و ویستووتە نەزانراوییان پێ بدۆزییەوە و ئاشکرای بکەیت، ئەگەرچی شیعر لە توانایدا نییە هیچ نەزانراوێک بدۆزێتەوە و ئاشکرای بکات، بەڵام لەوانەیە بیهێنێتە بەر زەین و ئاماژەی پێبدات، بۆ خۆدۆزینەوەش جۆرێک پێشوازیت لێ بکات و یارمەتیت بدات پرسیاری زیاتر لە دەوری خۆتدا بخولێنیتەوە و بتخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ و نوێبەخشییەوە و هەستەکان گەشە پێبکات، هەستەکانیش لە هەوڵ و هەنگاوی ئەوەدان، بزانن مرۆڤ بۆچی وا بیر دەکاتەوە.

**حوزەیرانی ٢٠١٥ هەولێر**

# ناسینی کتێب

هەر ڕووداوێک، کە ماوەیەکی بەسەردا دەچێت. دەبێتە یادگاری، یادگاریش مرۆڤ بە ڕوونی دەبینێت. لە ماڵەکەماندا پەنجەرەیەکی گەورەی داری بە هێڵەک داپۆشراو هەبوو، بە تەنیشتییەوە دەلاقەیەکی لاکێشەیی نیمچە گەورەی تێدا بوو، بە پەردەیەکی سپی داپۆشرابوو، پەردەکەش بە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ وێنەی مانگ و چیا و مامز و کەوی لێ نەخشابوو. ئەم دەلاقەیە تایبەت بوو بە کاکم خالید. تەواو قووڵایی منیشە، بەداخەوە ئەو برایەم لە ١٩٨٨/٨/٢٥دا جەیشی شەعبی، لە هەولێر شەهیدیان کرد.

شەهیدبوونی ئەم برایەم گورزێکی کوشندەبوو بەر ڕۆحی من کەوت و ئازاری هێناکایەوە. لەخۆ ئامادەکردندا بووم، ئەم ڕووداوە لەناو پێکهاتەیەکی کاریگەردا بەکاربهێنم، تا ئێستاش بۆم نەکراوە. لەبەر ئەوەی من لە سەرەتای شیعردا بەدوای ئاکامێکی نەزانراودا دەڕۆم و لە درێژبوونەوەیدا دەیدۆزمەوە. لە بینینی دۆزراوەکەدا بەئاگادێمەوە، نایابترین دۆزینەوەش ئەوەیە لە ئاکامدا دەربکەوێت.

لە سەرەتادا ئاکامی ئەو ڕووداوەم دەزانی و لە کۆتاییشدا نەمتوانی بیدۆزمەوە، واتە: لە ڕووداوێک دەدوێم هێشتا ڕووی نەداوە. لەوانەیە ڕووبدات. هەوڵ دەدەم ئەو (لەوانەیە) بدۆزمەوە و لە دۆزینەوەیدا بەئاگابێمەوە، دۆزینەوە ڕوونکردنەوەی بیرکردنەوەیە.

سەرەتای ڕێگا و بەرکەوتنم لەگەڵ کتێبدا، یان ئەو پەیوەندییەی لە نێوان خوێنەر و کتێبدا دروست دەبێت و دەمێنێتەوە. لەم دەلاقەیەوە خاڵی بوون و سەرچاوەی درەوشاوەی وەرگرت و بوو بە ئەفسوونێکی بەهێز و نەشکاو و قەڵای پشت پێدان. کۆمەڵێک کتێب و دوو شووشە مەرەکەبی چینی، یەکێکیان ڕەش و ئەوی دی شین و قەڵەم پارکەرێکی بیست و یەکی ڕەنگ جەرگی تێدابوو، کتێبەکان زۆربەیان عەرەبی بوون. ئێستا نازانم ئەدەبی بوون، یان فەلسەفی، کۆمەڵناسی، سیاسی، مێژوویی، پەروەردەیی، ئایینی ... تاد، لەناو کتێبەکاندا دیوانی: (حاجی قادری کۆیی) بە بەرگ تێگیراوی هەبوو، هەمیشە کەڵەگیای بۆنخۆشی لەناو دادەنا، کە گیایەکە وشک دەبوو، دەیگۆڕی و دووبارە دایدەنایەوە. ئەم کتێبە هی ئامۆزایەکی باوکم بوو، مامۆستای قوتابخانەی گوندەکەمان بوو. لە دامێن و ئەم لا و ئەولا سپییەکانی بۆنە و ڕێکەوتەکانی بنەماڵەکەمانی هەمووی تێیدا تۆمارکردبوو، وەک: ڕێکەوتی مردن و لەدایکبوون و ژنهێنان و چوون بۆ حەج و گەڕانەوە و ناونووسکردنمان لە قوتابخانە ... تاد.

ساڵی ١٩٧٣ جگە لە کتێبەکانی قوتابخانە، یەکەمین کتێب بەر هەست و نەرمایی پەنجەکانم کەوت ئەم دیوانە بوو. کاکم بە دەنگ و ڕۆحێکی ئاهەنگسازییەوە دەیخوێندەوە. بە وریایی و ئارامی گوێم سووک و ڕوون ڕادەگرت. بێ ئەوەی هیچ شتێکی واش لە شیعرەکان حاڵی ببم، بەڵام لەناو چێژ و دەنگ و مۆسیقایەکەیدا ون دەبووم و بڕوام بە هەستێکی نادیار دەهێنا، بە دوای گەنجینەی شاراوەی زەینی خۆمدا وێڵ دەبووم، وێڵبوونێک مەگەر ڕێکەوت دەستم بگرێت و بمهێنێتەوە سەرەخۆ، دوایین مانای ژیانم پێبدات، کە مەرگە. مەرگیش یارمەتی تەواوی ئازارەکان دەدات. ئێستا بە گەشە و خۆشحاڵی و چێژی

ئەوکاتم لە کتێبخانەکەمدا لە ڕیزی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا، دیوانی حاجی قادری کۆییم یەکەمین دیوان ڕیزبەند کردووە و ئەوانی دی بە دوایدا.

لە سەرەتای منداڵیمدا حەزێکی بێ پێوانە و ئەفسووناویم بۆ گۆرانی تێدا ڕسکابوو، ڕادیۆیەکی نیمچە گەورەمان هەبوو، سندووقەکەی فایبەر بوو، بە پێستێکی قاوەیی داپۆشرا بوو، ئەمیش وەک دەلاقەکە لە قوماش بەرگێکی سپی بۆ کرابوو، بە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ وێنەی مانگ و چیا و مامز و کەوی لەسەر نەخش کرابوو، هەمیشەش گوێم لێی ڕادەگرت و لە کەناری مۆسیقاوە دەجووڵام، لە شەڕەبەرد و ئاژاوە و ڕاوە کێشکە و نیشانەشکاندن بە دارلاستیک و هەڵەپاسی دووری دەکردمەوە، وەک ئەوەی ئەو ئاواز و نەوایەی گوێم نەرمە بارانێک بێت بەسەر خاک و خۆڵی دەوروبەرمدا بڕژێت و هەناوی فێنک و دەموچاویشی نەرم بکاتەوە. زۆر جاران بێ ئاگاداریی خوشک و برایەکانم بە شانی خۆمەوەم وەدەکرد و دەڕۆیشتم، بەم کردەیەم لێم تووڕە نەدەبوون و سەرزەنشتیان نەدەکردم، گردێک لە پشتماڵمان هەبوو، بەناوی باپیرمەوە ناودێربوو، گردی: (حەسەنە لەک. حەسەن سلێمان وەلی) بەدڵ گردێکی دڵبەربوو، بەهاران گوڵە دەرزیلە و حاجیلە دایاندەپۆشت. دەچووم لە تەختایی ئەم گردەدا دادەنیشتم و تەماشای ئەم لا و ئەولا و شینایی دەمەوعەسران و زەردەی ئێوارانم دەکرد و گوێم لە بەرنامەی گۆرانی داواکراو ڕادەگرت، هەموو ڕۆژێک دەمەوعەسران دووبارە دەبووەوە و لەگەڵیدا نەرمەبایەکی ڕەحمەت بەسەرمدا هەڵیدەکرد. جیهانێکی بۆ دروست دەکردم، هەستی خۆمم لەناو دادەمەزراند. بڕواشم بە جیاوازیی دەنگەکان دەهێنا، لەم ڕێگایەشدا دەگەڕام، کە پێیدا هاتبووم، واتە: ناخی خۆم. سەگێکی

بەوەفاشمان هەبوو، ناوی:(دەبان) بوو، کە لە ماڵ دەردەچووم لەگەڵم دەهات و پاسەوانی دەکردم. بە هیچ ئا و نایەکیش دوو هەنگاو لێم دوورنەدەکەوتەوە. وەک ئەوەی گەورەیەکم بێت و پێی گوترابێ چاودێریم بکات. نازانم ئەم ئەفسوونە چی بوو، کەوتبوومە ژێر ئەفسوونی دەنگی: (سەلاح داودە)وە، بە تایبەتی گۆرانی: (کوێستانان خاڵخاڵ)، کە لە بەرنامەی گۆرانی داواکراودا زۆر داوا دەکرا. هەرکاتێک ئەو گۆرانی بگوتبووایە ڕادیۆکەم دادەنا و دوومەترێک لێی دەکشامەوە و تەماشای شکۆیم دەکرد. وەک ئەوەی تەلیسمێک بێت ئەم حاڵ و جەزبە و حاڵەتە پڕ لە خۆشی و شادی و ژیانە و داکشانەوە بەرەو ناخەم، تەنیا لەگەڵ لەرەی دەنگی گەرمی ئەم گۆرانیبێژەدا بۆ پەیدا ببوو، پاشان لەناو شەپۆلەکانی بادا بۆی دەگەڕام و لە هەستمدا سۆزی سووتێنەر و پڕ ئومێدم دەدۆزییەوە، ئەو دۆزینەوە و پشووی ناخە ئەوپەڕی تایبەتمەندی بوو. هەر بەهۆی ئەوەی زۆر گوێم لە گۆرانی دەگرت. شارەزاییەکی سەرەتاییم لەسەر چینەکانی دەنگیش پەیدا کردبوو، دەمتوانی لەسەر شێوازی بەشێک لە گۆرانیبێژان گۆرانی بڵێمەوە. هەر شتێک، کە تاسە و خواست و ئارەزووت بۆی هەبوو، توواناشت بۆی پەیدا دەبێت. بەهیچ جۆرێکیش حەزم لە گۆرانی زرم و کوت نەبوو، هەمیشە حەزم لەو گۆرانییانە دەکرد، کە وەک هێڵێک خەیاڵ درێژ دەکەنەوە. ئەم ئەشقی گۆرانییە لەگەڵمدا مایەوە و گەشەی کرد و پێکهاتە و بنچینەی خۆی دامەزراند، ئێستاش گۆرانی هاوسەنگیم دەپارێزێت و لەگەڵ خۆم بەخشندە و شکۆمەند و ئاسوودە و خۆشحاڵ و قووڵم دەکاتەوە، وەک مۆسیقایەکی نەرم بژیم.

ساڵی ١٩٧٨ لە پۆلی یەکەمی ناوەندیدا مامۆستای وانەی کوردیمان، کە ئەمڕۆ بە سوپاسەوە ناوی دەبەم: (شێرکۆ ئەحمەد حەوێز) بوو، لە

ڕۆژێکی زستانی باراناوی و سارددا لە پۆل داوای لێکردین دارِشتنێک لەبارەی (سروشتی لادێ) بنووسین. بەو پێودانگەی، کە من کوڕەلادێیی بووم لەوانی دی کەمێک زیاتر شارەزای ئەم سروشتەم. بۆ هەفتەی داهاتوو دارِشتنەکەی هێنایەوە و بۆ هەموو قوتابییەکان نمرەی شیاوی خۆی دانابوو، تەنیا ئەوەی منی نمرە لەسەر دانەنابوو، وەک ئەوەی هەستی بە کارخراپییەکی من کردبێت، بە تووڕەیییەوە گوتی: (سەباح سابیر حەسەن) کێیە و بێتەدەرێ، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات لە تەنیشت تەختەڕەشەکەدا ڕایگرتم. ئەم مامۆستایە، مامۆستایەکی بەجەرگ و دەگمەن و ملاوملی پەروەردەکار و خۆش سروشت بوو، تا ئەو پەڕیش دڵبەدەرەوە بوو، لەگەڵ وانەی کوردی و دنەدانی قوتابی بۆ خوێندنەوەی ئەدەب و دامەزراندنی گۆڕانکارییەکی ئەدەبی. بەو بیانووەی وانەی کوردی زمانی خۆمانە و پێویستە لەناویدا بکوڵێین و بە دۆخەکانی ساردبوونەوە ڕەتببین، لەم نێوانەدا بگەین بە دۆخی دۆزینەوە و باش لە پێکهاتە و بنچینەکانی شارەزابین. زمانیش هەستێکی گەرماوگەرم و خۆڕسک و دەگمەن و پشوودرێژ لە مرۆڤدا دروست بکات. هەر قوتابییەک لە شەست کەمتری وەربگرتبوایە لێی دەدا و لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرد. دوای ئەوەی ئافەرینی بەشێکی کرد و لە بەشێکیشی دا. ڕووی لە من کرد و گوتی: کێ بۆی نووسیوی. منیش لەو هەستە تۆقێنەرەی چەند چرکەیەک پێشتر تێیدا خولم دەخوارد و بیرۆکەی پەرت و بڵاو گەمارۆی دابووم. زۆر بە ئارامییەوە گوتم: ئەدی مامۆستا لە پۆلدا نەماننووسی. نەختێک چووەوە ناو زەینی خۆی و تووڕەیییەکەی خاو بووەوە و خوێنێکی خۆشیی لە دەموچاوی خۆش سروشتیدا گەڕا. ئینجا نمرەی لەسەر دارِشتنەکەی منیش دانا و گوتی: ئافەرین (سەد). ئای چۆن سەرکەوتنێکی بچووک لە دنیای ژێری

دەتباتە دنیای سەروو. ڕۆژی دوایی هاتەوە کۆشیعری: (تاریک و ڕوون)ی هێمنی بۆ هێنابووم. منیش هێندە شەیدا و دڵبردە و دڵەدووی ئەو ئافەرینە بووم، نیو هێندە شەیدای شیری ناو گوڵەگەنمی کێڵگەی گوندەکەمان نەبووم. مەگەر ئەو دەمەوعەسران و زەردەی ئێوارانەی لەسەر گردی پشتماڵمان، یان گردی ئاشناییم گوێم لە بەرنامەی گۆرانی داواکراو ڕادەگرت و دەچوومەوە ناو زەینی خۆم و لە خودام دەخواست ناولەپ و ناوچەوانم ڕێگاوبان بوونایە، گۆرانیبێژەکان بەناویدا هاتوچوویان بکردبووایە.

سەرەتای ڕێگا و بەرکەوتن و یەکەمین پەیوەندیم لەگەڵ خانمی کتێبدا لەم ڕووداو و خۆشبەختییەوە دەستی پێکرد و بووە هێڵ و هێمای بوونم. ئەو هەفتەیە بە هەموو بوونێکمەوە لەناو کۆشیعرەکەدا ژیام، ژیانێک مەگەر بەس متەسەووفەکان لە مانەوەیان لەسەر دووگورد و شەونوێژ و چاوداخستن و وێرد بەرزکردنەوەدا، هێندە چێژیان وەرگرتبێت و لە بوونی خودا و لە خۆیان نزیک بووبێتنەوە و گەیشتبن بە ناخی خۆیان، واتە: یەکبوون لەگەڵ خودا و هێزی ئەدەب. بۆ هەفتەی داهاتوو کۆشیعرەکەم بۆ گەڕاندەوە. گوتی: بۆ ئاوا زوو هێناتەوە. بەدڵت نەبوو، یان لە خوێندنەوەیدا پەلەت کرد. منیش بە بێباکی و نەختێک بە هەوابەرزی و بە خۆهەڵخستنەوە گوتم: مامۆستا زۆرینەم لەبەرە. وەک ئەوەی بڕوام پێنەکات و لە قسەکەم بە گومان و دوودڵ بێت گوتی: دەفەرموو ئەگەر دەمت سپییە وەرە بەر تەختەڕەش و ئەوەی لەبەرتە بیڵێ. منیش گوتم کامە شیعر. دیسان هەڵوەستەیەکی تری کرد و چووەوە ناو زەینی خۆیەوە. وەک ئەوەی بیەوێت بمخاتە بەر ڕووناکییەکی هێمنەوە و لە بڕوا بەخۆبوون و خۆهەڵخستنەکەم دڵنیابێت. لاپەڕەی هەڵدایەوە و ناونیشانێکی دەگوت. تەواوی وانەکە،

چل چرکە بوو. من شیعرم تێیدا خوێندەوە. لە گۆکردن کەمێک هەڵەم دەکرد، بۆی ڕاست دەکردمەوە، لە کۆتایی وانەکەدا پێمی گوت: بەهرەیەکی دەگمەن و کەم وێنەی، ئەو وزەیەی هەتە باش مشتومالّی بکە، چالاک نیشانت دەدات. هەر هەمان ڕۆژ منی بە کتێبخانەی (تەئمیم) و خاوەنەکانی: (جومعە و ئەحمەد)، کە دوو مرۆڤی هێمن و لەسەرەخۆ و ڕووخۆش بوون، ئاشناکرد و ناوی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و کاتی دەرچوونیانی بۆ نووسیم. یەکەمین کتێبیش، کە کڕیم کتێبی: (کاروانی شیعری نوێی کوردی) کاکەی فەلاح بوو، دوابەدوای ئەمیش کۆشیعری: (خونچەی سەهۆڵ)ی ئازاد دلّزار بوو، ئێستاش ناوەناوە کتێبی یەکەم و دووەم بۆ تەماشاکردنەوە و خوێندنەوە هەڵدەبژێرمەوە.

لەو ڕۆژەوە ئەو بیرۆکەیەم لەسەر گەڕا، لەفە و بەدەمچە و کەوکەو و شەڵغەم و لەوزینەگەزۆ و شەکرلەمە و فەریکەنۆک ... تاد، خواردن نەما. ڕۆژانەکەم بووە خەرجی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب، یارمەتی ئەوەی دام توانا لە خۆمدا بدۆزمەوە و ئاراستەی کردم و جیهانی نادیارم کەوتە گەڕ.

دوای ئەوەی چوومە ناو خوێندنەوە و بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حەفتاکان داهاتمەوە و ئاشنای ناوی نووسەران بووم. بۆم دەرکەوت ئەم مامۆستایەم لە ماوەیەکی کورتدا نووسەرێکی کارا و چالاک بووە، دیارترین نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (تایبەت) لە ١٩٧٢/١/١ بە ناونیشانی: (حاجی قادری کۆیی: شاعیری سەردەمی ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد) بڵاوی کردووەتەوە.

ئەو بایەخدانەی بەمن ئەوە بوو، ئەو بۆشاییەی کەوتبووە نێوان (ئەم) و (نووسین) منی بۆ پڕکردنەوەی هەڵبژارد، وەک بڵێی بەهرە و

توانای خامۆشبووی خۆی لەم هەڵبژاردنەیدا دۆزییەوە و بەردەوامبوونی خۆی لە مندا پەرەپێدا.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا: (مەحموود زامدار) نووسینێکی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەی: (هاوکاری)دا لەبارەی نوێبەخشی شیعری کوردی و شانەی: (پێشڕەو)دا نووسی. لەو نووسینەیدا دەستەواژەی: (کرمی کتێب)ی بۆ من بەکارهێنابوو، ئەو ڕوونکردنەوەشی دابوو: خەونی ئەم لاوە خەونێکی درێژە. ئەگەر پێی لەسەر زەمینەی خوێندنەوەدا لانەدا. حاڵەتێک بە شیعری هاوچەرخی کوردی دەبەخشێت.

شیعرەکانی: (هێمن) چێژی زمانی ئەو گوندەی دەدا، کە خۆی تێیدا لەدایک بووە. بە سادەییش وێنەی ژیانی ئەو خەڵکەی کێشاوە، کە هەستان و دانیشتنی لەگەڵیاندا هەبووە، واتە: دەرەنجامی ژیان و گوزەرانی خۆیەتی. زمان و زمانڕەوانی شیعرەکان کەمێک لادێیی بوون. چاو و زەین و ئەقڵییەتی ئەوسای منی بە پڕی ڕادەگرت، تا ئەوپەڕی چێژ، بردمیە وەرگرتنی دۆخی چێژی خودایی. چێژی کتێب لە توانایدایە بیابان بکاتە بەهەشت. ڕەنگە هەر ئەو سادەیی و بریقە و زمان پاراوییە بووبێت زمانی لا کردمە ئەو بەهەشتەی: (شاری خۆر) پەرستن و شەونوێژی بۆ دەکەم، بچمە ناوی و بیکەم بە ڕوانگە و گوتاری ناخم و هەوڵی دۆزینەوەی وشەی گونجاوی تێدا بدەم. وەرچەرخانێکی تەواوی ئاراستەکانی ژیان بوو، هەروەها تاڕادەیەک ئەو ئاراستەیەی دامێ، بزانم هێز و بێ هێزی زمان لە کوێی دەقدا دەردەکەوێت و بە ئەدەبیبوونی دەقیش لە چ بەکارهێنانێکدا ئاستەکانی دەردەکەوێت، واتە: ئەوەی بابەتێک دەکاتە بابەتی ئەدەبی، زانیاری و هێزی زمانە، یان هێزی زمان و کاریگەریی بابەت.

شیعر بە تەنیا لە تێڕوانینی زمانەوە ئاستداری دەستنیشان ناکرێت. لە تێڕوانینی بابەتی هەستی و بەکارهێنانی ئەدەبییانەی زمانەوە، گەشانەوەی هەستی و زمانیی لای خوێنەر گەڵاڵە و بەرجەستە دەبێت. بە شیعربوونی هەر ڕستەیەک مانای ئەوەیە زمان لە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەدا دەرهاتووە و هێنراوەتە ناو زمانی ئەدەبەوە، هەروەها کارلێکردنی وشە لە دەقی ئەدەبیدا، چۆن هێزی وشە وشەیەکی دیکە ڕادەکێشێت و دروستی دەکات و تۆڕی زمان دەچنێت.

ئەگەرچی (هێمن: ١٩٢١ – ١٩٨٦/٤/١٧) وەک تەمەن حەڤدە ساڵ دوای (گۆران: ١٩٠٤ – ١٩٦٢/١١/١٨) لەدایک بووە. حەفت ساڵیش لەم زیاتر ژیاوە، بەڵام نوێبوونەوەی شیعری کوردی چاوگەکەی لە گۆرانەوە دەست پێدەکات. هێمن لە چەمکی شیعری ئاسایی دەرنەچووە، بەو ئاست و ئاراستەیەش دەینووسی، واتە: وەک شێواز کۆنەخواز بوو، بەڵام وەک بیروڕا و دەربڕین نوێخواز بوو، دیوانەکەی لە لام ئامادەیە و سێبەرەکانی بە تەواوی لەناو زەینمدا دەجووڵێن، هیچ خاڵێکی گۆڕانکاری فۆرم و نوێبەخشی و توخمی نوێی شێوازی پێشکێش بە دیوانی شیعری کوردی نەکردووە. لە دەقی: (بەهاری کوردستان)، بە شیعر لەبارەی سروشتی نووسیوە، هەموو خەسڵەتەکانی هۆنینەوەی شیعری تێدایە، بەڵام شیعریبوون و خەیاڵی پڕی تێدا نییە. لەم دەقەیدا بە شاعیر دانانرێت، بەڵکو بە ڕووەک ناس و شارەزایەک لەبارەی ژیانی لادێ دادەنرێت. بەڵام بەشێک لە شیعرەکانی کۆشیعری: (ناڵەی جودایی) شیعری مەیدان کورت نین و لە شیعرە هەرە دەگمەنەکانی ئەدەبی کوردین. بەتایبەتیش شیعری: (ئێوارەی پایز)، شیعرێکە تێیدا گە یشتووەتە بە پاکی و بێگەردییەکی ڕۆمانتیکیانە و تەواو هەستییە، لە زەمینەی شیعری پڕ و شیعریبوونی پڕ خوڵقاوە.

ئەو ئاوە ڕوون و ڕەوانەی ڕشتوویەتی بۆ ئەبەد ڕۆحی تەڕ کردووم و لە ناخی دڵەوە لەگەڵم دەدوێ و ناخی کردووم بە مێزگرد و مێزی گفتوگۆ و ئاهەنگی ژیان، بەڵام هەستی شیعریی من لەسەر هەستی شیعری ئەو دانەمەزرا، هەروەها بەهیچ ڕێبازێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیش کاریگەر نەبوویمە و نەبوونەتە ڕێ ڕوونیم، بێجگە لە شیعر خۆی نەبێت، شیعری بێگەرد. دوای ئەوەندە ساڵە و بڕینی هەزار و یەک ڕێگای دوور و نزیک، نازانم چۆن دەربڕین لە پایە و بەهای تۆ بکەم و پاداشتت بدەمەوە. بە کامی دڵ لە باوەشت دەگرم و دەستت ماچ دەکەم و ڕێز لە سیما و چاوی پڕ لە ڕازت دەگرم، هەروەها هەر لەم بۆنەیدا هەل و بوارێک وەردەگرم تا گوناهێک لەسەر شان و ڕۆحم هەڵگرم و باری گران و بە ئازاری شان و ڕۆحم سووک بکەم. گوناهێک، دواتر بۆ نووسەرەکەی بە خێر گەڕایەوە. لە تەمەنم یەک جار کتێبم لە کتێبخانە لە غەفڵەتی خاوەنەکەیدا بردووە، ئەویش لە ١٩٨٥/١٠/١٤، کۆچیرۆکی: (پێکەنینی گەدا)ی حەسەن قزڵجی بوو، نەمدەزانی بە شەقامدا دەڕۆم، یان بەناو گەرووی مار و تونێلێک ئاگر، یان لە ڕەوەزە شاخێکی عاسێدا گیربوویمە و هەڵدێران هەڕەشەم لێ دەکات، ها ئێستا نا، دوو هەنگاوی تر دەکەومە ناو چاڵێکی بێئامانەوە. لە نیوەی ڕێگای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، یەکڕاست بە ڕەنگی زەرد و هەڵبزڕکاو و دەروونی ماندوو و نیوەڕۆح بوومەوە گەڕامەوە لای: (جومعە و ئەحمەد)، دانم پێدانا ئەم کارە خراپەم کردووە. ئەمانیش دەستیان لەسەر شانم دانا و دڵیان دامەوە و گوتیان: بۆیە دڵمان بە کتێب و ژیان خۆشە، هێشتان مرۆڤی باوەڕ بەپاکیی خۆی وەک تۆی تێداماوە، بە بچووکترین هەستپێکردن لە ناخەوە ئازاری پێبگات. لێیان بووریم و کتێبەکەیان لێ وەرنەگرتمەوە و دیوانی: (مەحوی)شیان بە

دیاری وەک ڕەفتار و کردەوەیەک پێدام. لەم بارەی لێبووردنەدا هەر ئەوەتا لە خۆشیدا گەشکە نەیدەبردمەوە، لە قووڵایی بوونمەوە پاک بوومەوە و بەرەو ئارامیی دەروونی ڕۆیشتم. کتێبەکەم هەر لەلا مایەوە و هەمیشەش لێی دەسڵەمیمەوە. تا ساڵی ٢٠١٠، پێشنیازم بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس: (بەدران ئەحمەد حەبیب) کرد، کە چاپی سێیەمی ئەم کۆچیرۆکە بکەنەوە. هەردوو دەستی لەسەر چاوی ڕەزامەندی دانا و گوتی: شەیدای زمانی ئەو چیرۆکنووسەم و سوودیشم لە پێکهاتە و بنچینەی زمانە ئێجگار زیندووەکەی وەرگرتووە، توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە بەکاربردنی وشەی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵگای کوردییەوە و زمان تائەوپەڕی دەناسێت و باش لە ناوکی وشەش تێدەگات، فەرهەنگی وەک خاکی سوارچاکان پاگژە و دەزانێت چۆن بنووسێت. ئەمانیش دوای هەوڵ و کۆشش و پەیوەندیکردن، شەش چیرۆکی تری چیرۆکنووسیان خستە پاڵ چیرۆکەکانی: چاپی یەکەم: ١٩٦٧ – بەغدا، چاپی دووەم: ١٩٨٥ – بەغدا، ساڵی ٢٠١٠ چاپی سێیەمیان خستە کتێبخانەوە.

هەر بە ڕێ ڕوونی کتێبەوە لەگەڵ خەمی هەستپێکراو و دنیای زەینی زۆرێک لە شاعیر و نووسەران ئاشنا و پێیانەوە پەیوەست بوویمە، کەم و زۆر توانای ئەوان لە خۆڕاچڵەکاندن و گەشە و پەروەردەکردنی ئەقڵ و خەیاڵ و دارشتنی بینا و بینایی من، گەنجینە و هێزی ڕۆح و پێوانەی شیاو و سەرچاوەی درەوشاوە و سۆزی شاراوە بوونە. هەمیشەش لە ئەزموونی خۆمدا ویستی یەکەم و بێ پێوانەم ئەوە بووە، (ئەدەبێکی فرەنیگا)ی خۆکردی حەڵاڵزادەی خۆم بەرهەم بهێنم. چیشم زانیوە، ئەوەم نووسیوە. جەوهەری پێکهاتەی مرۆڤیش ئەوەیە چی دەزانێ ئەوە بنووسێت. دەنا چاکتر وایە دەفتەری نووسینت داخەی، چونکە نووسین

یەکجار (نەمر) دەبێت، واتە: ئەو نووسینە نەمرە، کە تۆ هەست و زانینی دوای خوێندنەوەی ئەوت نووسیوە، ئەو، واتە: سەرچاوەی یەکەم. نووسینی هەست و زانینی دوای خوێندنەوە، نووسینێکی بێهێز و بێدەسەڵاتە و شکۆمەند نییە. ناتوانی خۆتت تێدا بێتە بەرچاو، هەروەها زۆر زەحمەتە لە وڵاتێکی شڵەژاوی وەک کوردستان، شاعیر بیت و نەکەویتە ناو گێژەنی سیاسەتەوە، کە سیاسەت لە هەر چوار لاتەوە بۆ ساتمە و خلیسکان گەمارۆی داویت، ئەگەر بیشکێنیت نانی ئەو مەودا کورتەی نێوان دەست و دەمت ڕادەپچڕکێنن. من خۆم لادا لەو خۆشگوزەرانییە. لەخەباتێکی ڕاستگۆیانە لەپێناو بەدیهێنانی (شیعری بێگەرد) مامەوە و ژیام. بێباکیش بووم لە ئاست تەڵە و داو و بۆسە و بوختانی نامەردان. وەک نوختەیەکی نادیار لە ئاسۆ و دووری شیعردا دەرکەوتم.

**تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ هەولێر**

# ڕێزگرتن لە شیعر

لەناو گێژەن و شەپۆلە گەورەکانیشدا شیعر دەکەمە قەڵا و قوللە و بیر لە شیعریبوونی شیعر دەکەمەوە، مرۆڤ، کە دەچێتە ناو مەتاهاتەوە: خۆی کارا دەکات و بەدوای خۆیدا دەگەڕێت، بە دوای خۆدا گەڕان نادیار وشیار دەکاتەوە. ئەم وشیارکردنەوەیەش کاری سرووش پێدەر و بنیادی ژێری پەیامپێدراوە. ئەو شاعیرەی بەدوای نادیاردا دەگەڕێ، نادیار، واتە: خودا، خوداش دێرینترین شکۆ و بوونە. گەڕان بەدوای دێرینترین شکۆ و بوون، گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکان، واتە: ئەوکاتەی دەمارەکانی پێکهاتەی مرۆڤ هێشتان تەواو نەڕسکابوون و جۆری خوێن هێنان و خوێن بردنیان بەڕوونی بۆ دەستنیشان نەکرابوون، هەروەها دەمارەکانی زەویش لە چاوەڕوانی کار بۆ دەستنیشانکردندا بوون.

شاعیر، شاعیرێک، کە لەرزینێک بخاتەوە و کاریگەری لەسەر ئایندەی شیعر هەبێت: لە ئاستی خەیاڵەکانی خۆیدا دەڕوات و ڕەنگە هەستیارەکان و بۆنە هەستیارەکان بۆ کاتی تایبەتی خۆی دەورووژێنێ: کاتی نووسین، کاتی بێدەنگی، کاتی گۆشەگیری، کاتی تێڕامان و شۆڕبوونەوە بەناو ئان و ساتی نووسیندا، کۆیان دەکاتەوە. لەم کاتانەدا دەق ڕێژەوی تایبەتی داهێنان وەردەگرێت.

پێش کتێبە ئاسمانییەکان شیعر سەرەتای هەستپێکردن بووە، هەستپێکردنەکانی مرۆڤی دەستنیشان کردووە و بووەتە گوتاری

زیندووی. (سوهراب سپێهری) دەمانباتە سەر ئەو ئاماژەیە: (ئەم کتێبە ئاسمانییەی ئێمە: (قورئان) سەرەڕای لایەنە خودایی و پیرۆزییەکەی، یەکێکە لە بەنرخترین شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکان).

ساڵی ١٩٨٠ لە ژمارە (٦٢)ی گۆڤاری (بەیان)دا، شیعرێکی: (نەژاد عەزیز سورمێ)م خوێندەوە بە ناونیشانی: (هەیوە شەوێ). بیری جوان و ڕووداو و بەسەرهاتی کاریگەری لەم شیعرە کورتەدا داناوە. دوای ئەم خوێندنەوەیەمەوە، هەرچی نووسیوە و هەرچیشی وەرگێڕاوە خوێندوومەتەوە، کەواتە: ماوەیەکی زۆرە ئەم شاعیر و وەرگێڕە ئاشنا و ڕۆشنامە، سەرنجم لەبارەی بەرهەمەکانی هەبووە، بەڵام لێی بێزار نەبوویمە. دڵنیاشم تا بمێنم، ئەگەر ئەو ئەشقی نووسینە ئەو بەرنەدات، بەدوایدا بچم و دەق و وەرگێڕانەکانی بخوێنمەوە لێی بێزار نابم، چونکە شیعری هەموو سەردەمەکانە و پردی مانەوەیان هەیە، زمان کۆمەڵێک دەنگ و نیشانەیە. دەتوانێت چاوەڕوانی پێچەوانە بکاتەوە، زمانی پێوەری لە توانای زەینیدا بەکاردەهێنێت. پرشنگەکانی شیعری ئەم شاعیرە لە کاکڵە و سروشتی ژیانی کوردستان و مرۆڤی کوردەوە ڕسکاوە و بیروبۆچوونی نامۆ و دیمەنی ناتەبای تێدا نییە، بە ئاراستەیەک دەڕوا و ناکەوێتە باری دۆخگۆڕینەوە، هەروەها چەمکی ئێستێتیکا - کرۆکیجوانی بە مانا سنووردارەکەی وەرنەگرتووە، واتە: ڕوو و چینی یەکەمی ئێستێتیکای وەرنەگرتووە. بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ فۆرمەکانی هەست و چالاکبوونی زەینی و ئەو بیرکردنەوانەی ناوکی ئێستێتیکای بەرهەم هێناوە دروست کردووە، لە کاکڵەوە تا توێکڵ. دۆزینەوەی ئەو چینانەی لە کاکڵەوە دروست دەبێت تا توێکڵ و چۆنیەتی پێداڕۆیشتنی. خاسیەت و پێکهاتەی شیعرەکان لە بابەتدا فرەئاستە و بابەت دەگۆڕێ، لە هەندێک شوێنیشدا دەبێتە فرەدەنگ،

بەڵام فرەدەنگییەکە بەشداری دەنگی کەسێکی تر نییە، هەمان دەنگە، دەنگی کەسی یەکەم، بە چینێکی دەنگی وەک چینی مۆسیقا بەشداری دەنگەکە دەکات و دێتە ناو بینا و تۆڕی خاسیەت و پێکهاتەی ناوەڕۆک و ڕایەڵ و تانوپۆکانی یەکێتی بابەت، بە سەنگی ئاست ڕاگرتن وەردەگرێت. لای ئەم شاعیرە ئەو ئاست و شێوازە بەردەوامی هەیە.

شاعیرێکی دەمار و خوێن داچۆڕاو و درەوشاوەیە لە باسکردنی ژیانی کوردستاندا، هەمیشەش سووکایەتی و سەرکۆنەی ئەو مارە دوو کەڵبانەی، یاری تەخت و تاج، یان هەلپەرست و بەرژەوەندخوازان و گەندەڵییان خستووەتە ناو دەسەڵاتی کوردییەوە، کردووە. لەگەڵ ئەوەش: (خۆی کوڕی ڕێز لێگیراوی دەسەڵات بووە)، بەڵام هەمیشە لەناو دەسەڵاتیشدا کۆششی بۆ پاراستنی کاریگەریی بیری تاک کردووە، لەناو ئەو بیرە تاکانەوە خاوەن دەربڕینی کەسایەتی ئەدەبیی خۆی بووە، واتە: خۆبوونی ئەدەبی خۆی سەنگ ڕاگرتوو کردووە، (لەناو ئەو هەموو ئاژاوانەدا، بوونی ئەدەبی و بوونی کەسایەتیی خۆی بە پاکی هێشتووەتەوە). کوڕی ڕووکەشی ئەم نیشتیمانە نییە. لە دەمار و خوێنیەوە نیشتیمانییە. تاکی وشیار و تەواو نیشتیمانی لە باشترین باروبواریدا پەیوەستی خودی خۆی و داهاتووی خۆیەتی، ناهێڵێت ئەوانی دی، مافیاکانی دەسەڵاتی ئەدەبی لە ناوەوە داگیری بکەن و ئاراستەی خۆبوونی ئەدەبی و خۆبوونی کەسایەتی بگۆڕن.

(لە وچانێکی کورتدا
دڵم بە مەوسیمی گوڵان سپارد..
لەگەڵ هەمووان بەخشندە.
بێبەختی دەرچوو

داوی بێبەختیی نامەردان).
ل: ٣٢ (دەقی: هەندێ وردە تێبینی)
(لە ژێر قوببەی ئومێددا،
چاو دەبڕینە بنمیچ
کەسمان لە حیکمەتی قیبلەنما ناگەین.
کە دێین کەسمان، سڵاوێک
تەنیا سڵاوێک،
لە چیمەنی حەوشە ناکەین
کە هەمیشە باکگراوەندی
خۆهەڵخستن و درۆکانمانە..)
ل: ١٨٦ – ١٨٧ (دەقی: لەژێر قوببەی ئومێددا)
(ئەو دەمە
مەیخانە پاڵی بەمەیخانەوە دابوو.
کەس نەیدەزانی مەرگ چییە..
گەلگامێش لە مەیخانە دادەنیشت،
سێوی بە پەلکەوە دەخوارد.
گوێی بۆ حیکایەتی
ئەو سەردەمانە ڕادەدێرا
هێشتا نەهاتبوون.
حیکایەتی
ئەوەی پاشان،
ناوی لێنرا بێهوودەیی...)
ل: ٢٢٨ – ٢٢٩ (دەقی: بەرپابوونەوەی شەو)

شیعری کوردی پاڵەوانی زۆر تێدایە، بەڵام ئەستێرەی تێدا نییە، واتە: پاڵەوان تەمەنی کورتە و زوو بێ شوێنەوار دەمێنێتەوە و دەمرێت، بەڵام ئەستێرە تەمەنی درێژە و شوێنەواری لەناو کۆمەڵگا دەمێنێتەوە و وەک نموونەیەکی پڕاوپڕ بە ڕووناکییەوە دەژی.

کۆشیعری: (ئەوەی لە دوا خوانی برایاندا نەگوترابوو – ٢٠١٥) لەڕووی ناوەرۆکەوە تەواو جیاوازە لە کۆشیعری: (بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم لەو کانییانەم خواردەوە – ٢٠١٠)، جیهانێکی ئێستێتیکی بە خەملیوی هێناوەتە بەرباس و بینین و لەسەر ئاوێکی ڕوون هێما و هێما بۆکراوەکان نیشان دەدات، بەڵام وەک زمان و شێواز هەردوو کۆشیعر تیشکدانەوەی یەکن و لە نێوانیشیاندا پێنج ساڵ ماوەی خەملین هەیە. تەنیا تێگەیشتن و بینین و دەربڕین لە بارودۆخ و زانیارییەکان گۆڕاون. لەگەڵ خوێندنەوەی نوێ و سەرچاوەی جۆراوجۆردا. ئەم لێک نزیکییەی شێواز و زمانە وەک هەڵەیەکی باو لەناو ئەدەبی کوردیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەندێک جار بووەتە بڕیار و حوکمی ناڕەواش بەسەر داهێنەرانەوە. بە پێچەوانەوە ئەم تیشکدانەوەی شێواز و زمانە ڕوویەکی زۆر سەرکەوتوو نیشاندەدەن. کەم شاعیر دەگاتە ئەم پلە و بارە پێگەیشتووە. ئەمەش ئەوەیە شاعیریەتی پێگەیشتووە و شێوازێک بووەتە (ناوەند)ی. نووسەرێک، کە ناوەندێکی بۆ دروست بوو، نزیک بووەتەوە لە تەکامڵ. لەو ناوەندەدا پرشنگەکانی هەستپێکردن ڕادەکێشێتە ناو بیر و لێکدانەوە و دەربڕینی خۆبوونی ئەدەبی خۆی. ئەو شاعیرانەی ناوەندێکیان بۆ دروست نەبووە و زوو زوو لە شێوازێکەوە دەپەڕنەوە شێوازێکی تر. ئەوانەن نەگەیشتوون بە ناوەند و شێواز گۆڕینیشیان هەستی دوای خوێندنەوەیە و نەگەیشتوون بە خۆبوونی ئەدەبی خۆیان و بیر و باوەڕ و زەمینەی دەروونییان ڕفۆکە.

من زۆر لەڕوخساری ڕوون ورد دەبمەوە. دوای خوێندنەوەیەکی پڕاوپڕ، هەندێک کۆشیعر لە شێوەی ڕوخساری ڕوون تەماشا دەکەم و لێی ورد دەبمەوە. ئینجا لە دڵەوە ڕێزی لێدەنێم و لەناو کتێبخانەکەمدا لە شوێنی شیاوی خۆی دادەنێم.

لە کتێبخانەکەمدا سێ خانەم بۆ شیعر تەرخان کردووە :

خانەی یەکەم: شاعیرانی داهێنەر.

خانەی دووەم: شاعیرانی نیمچە داهێنەر، ئەوانەی دێڕ و کۆپلەی شایەن بە خوێندنەوەیان هەیە، دێڕ و کۆپلەکانیش لە هەڵچوون و تراژیدیاوە هەڵقوڵاون، نەک لە ڕامان و لێ وردبوونەوەی شاعیرانە.

خانەی سێیەم: شاعیرانی هیچ لەبار نەبوو، ئەوانەی پاشخاپەڕۆکی شیعری کوردین.

برازا و خوشکزا و کەسوکار و هەر ئاشنا و ڕۆشنایەکم، کە دێنە ماڵم داوای کتێبم لێدەکەن. هەمیشە کۆشیعرەکانی خانەی سێیەمیان دەدەمێ. ئەگەرچی هەر کتێبێک پەیوەندی بە شیعرەوە هەبێت. بێ یەک و دوو دەیکڕم. ئەگەر بزانم خراپترین کتێبیش بێت. وەک ڕێزێک بۆ شیعر لە خانەی سێیەمی دادەنێم و چاوەڕوانی ئەوە دەبم لە دەرفەتێکدا بیبەخشم. بە پێبەخشراویش دەڵێم: کتێبێکی پڕوپووچ و بێ مانا و گەندە و بێ نرخ و پاشخاپەڕۆکە.

کۆشیعری: (ئەوەی لە دوا خوانی برایاندا نەگوترابوو) هێزی کاریگەریی خۆی دەرخست و لە درەنگانێکی شەودا، لە شێوەی ڕوخساری ڕوون تەماشام کرد و لێی وردبوومەوە و بۆ ڕێزلێنان لە داهێنان لە خانەی یەکەمم دانا، دڵنیاشم ناوە ناوە دەگەڕێمەوە سەری و خاڵی لێکچوواندن و جووڵەی کاتی ئایندەی بە پیتتری لێ دەدۆزمەوە و ئاسۆی چاوەڕوانی بەرینتر دەبێت.

**کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ هەولێر**

# نامەیەکی کراوە بۆ عەبدولڕەزاق بیمار

کاکە بیمار سڵاو: نزیکەی دەساڵێکە خووێکم گرتووە، هەموو مانگی یەکیساڵێکی نوێ، ئەم پێنج کتێبە لە کتێبخانەکەم دەردەهێنم و کاتی خۆمیان لەگەڵ نوێ دەکەمەوە. کتێبخانەکەم هەمەجۆر نییە. تەنیا ئەدەبە.

١ - دیوانی مەحوی.

٢ - کۆچیرۆکی لاکێشە ڕووناکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج.

٣ - نۆڤلێتی چارەنووسی ئادەمیزادی شۆلۆخۆڤ، دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف کردوویەتی بە کوردی.

٤ - دیوانی گۆران.

٥ - کۆچیرۆکی گەلەگورگی حوسێن عارف.

مەرجیش نییە سەرلەبەر هەموویان بخوێنمەوە، بەڵام بە زۆرینەیاندا دێمەوە و لە شێواز و بیناسازی و بنەمای گیانی و هێزی خوڵقێنەریان ورد دەبمەوە. ڕەنگەکانی داهێنان بەگەلێ شێوەوە خۆیان نیشان دەدەنەوە، پاشان هێواش هێواش لەچاو ون دەبنەوە، ونبوونێکی قووڵ، پاش تێپەڕبوون و ڕاگرتن و گێڕانەوەیان، پابەندییەکانی نووسین دێنەوە ئاراوە و زەینم دەورووژێنن. ئەم زەین وروووژانە هەستپێکراو و ئاشنایە، بارودۆخەکان دەبڕێت و چاو شایەتی بارودۆخەکانیشە.

ئەمساڵ ئەوەم نەکرد، کۆخوێندنەوەیەکم بۆ هەموو بەرهەمەکانی تۆ کرد. خۆم لەبەردەم پێکهاتەیەکی کراوەدا بینییەوە، تایبەت، زۆر لە دڵەوە، هەر پێنج کۆشیعرەکەتم خوێندەوە:

١ - دیوانی بنەوشەکان - ١٩٨١.

٢ - دڵداری ئێمە – ١٩٨٢.

٣ - کانیلە و خۆشەویستی – ١٩٨٤.

٤ - ناوچەوان – ٢٠٠٠.

٥ - ڕۆژانێک بوو – ٢٠٠٦.

ئەگەرچی تاک تاک لە کاتی دەرچوونیاندا، خوێندوومنەتەوە، نازانم بۆ لە یەکەم خوێندنەوەمدا ئاوا هۆگریان نەبووم، قووڵایی ئەم جیاوازییە لە کوێدا دەردەکەوێ. لە ئەفسوونی شیعر خۆیدا. گرنگترین ڕەگەزی هۆگربوونیش سەراسیمەبوونە بە هەستپێکردن و هەستپێکراو، بەڵام تشرینی دووەمی (١٩٦٩)، لە گۆڤاری بەیان ژمارە (١)، شیعرێکت بە ناونیشانی (ئەسپی والی)، بڵاوکردووەتەوە، هەروەها ئەیلوولی (١٩٨٦)یش، لە گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٥) دوو شیعرت بە ناونیشانی. ١ - (بەچرپە). ٢ - (داڵدە). بڵاوکردووەتەوە. نازانم ئەفسوونی ئەم سێ شیعرەت چییە و لە تەمەنی خوێندنەوەمەوە لەگەڵمدان و لێم جیا نابنەوە و بەوپەڕی سادەیی شیعرییەوە لەناویاندا ماومەتەوە، هەمیشەش نەوای نوێ دەچرپێننە گوێم و زۆر دوورم دەبەن، دوور بۆ هەرێمی بێدەنگی شیعر، کە دڵنیام دەگەم بە مەرگ و ناگەم بە هەرێمی بێدەنگی شیعر.

گۆران یەکێکە لە نموونە باڵاکان لە لای ئێمە و کاریگەری لەسەر ئاراستەکانی شیعری کوردیدا هەبووە. هەندێک مەودا لەناو ئەزموونی تۆدا بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێن، کە دەربڕین لە هێڵی شیعری

گۆران دەکات، دەشزانم گۆران دەکەیت بە سەرچاوەیەک و لەودا هێز و نیشانەی شیعر وەردەگریت، بەڵام نیشانکار و نیشانکراوێکی نیمچە جیاواز دەدەیت بە زمانی شیعر و بە شەرمێکی زۆرەوە سەرچڵی ئەوە ناکەیت تەواو لێی جیا ببیتەوە. ئەم بۆچوونەش بە تەواوی لە زمان و پێکهاتەی شیعری (دووکانەکەی مام حوسێن) ڕوون دەبێتەوە و ئاراستەکانی دەستنیشان دەکرێت، بەو پێودانگەی گوتراوە شیعری داهێنراو هونەری بێدەنگییە، تۆ لەسەر هێڵی ئەم بێدەنگییەدا ماویتییەوە و بێدەنگی شیعرت پاراستووە، بەئاگادارییەوە دەشبینیت چ لە دەوروبەرتدا ڕوودەدات، بە ڕوونییەکی زۆرەوەش بەشدارییەکی کارا و ئەندازەییت لە چوونە ناو هەرێمی بێدەنگی شیعر کردووە، ئاسۆی چاوەڕوانی دەقی خۆت بێدەنگ ڕاگرتووە، نەک پڕ دەنگە دەنگ و ژاوەژاوی جاڕسکار. دەبێت ژیانێکی سەربەخۆ و بێ لایەن و نیمچە دوورەپەرێزت هەبێت، تا بە قووڵی تێیدا هەست بە شیعر بکەیت. سەکۆ و شوێنی قەرەباڵغ و شوێنە گشتییەکان، شوێنێکن بۆ کات بەسەربردنی نووسەرە گەندە و پەراوێز و کارمەندەکانی ڕۆشنبیری.

ئەم هەستپێکردنە دوورم دەبات، دوور بۆ هەرێمی بێدەنگی شیعر، مەغدوورترین شاعیر لەبارەی لەبارەنووسینەوە تۆیت، کانوونی یەکەمی (١٩٨٤) لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٠١ - ١٠٢) بابەتێکی ڕەخنەیی دکتۆر کەمال غەمبارم بە ناونیشانی: (کانیلە و خۆشەویستی) خوێندەوە، ئەم نووسینە بەها و گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لەناو واقیعی شیعرەکانەوە، کە بەڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە گوتاری ڕەخنەیی خۆی دادەمەزرێنێت، تاکە نووسینە لەبارەی ئەزموونی تۆ خوێندبێتمەوە، وەک یەکەمین سەرچاوەش پێویستە بگەڕێینەوە سەری. تۆ یەکێکی لە ئەزموونگەرە پێشەنگەکان، بەڵام ئەزموونگەرێکی بەردەوام نەبوویت و

ناکرێیتەوە و نابیتەوە چەند ڕووبەرێکی تر، واتە: بە پانوپۆڕی ئەزموونی نوێبەخشی نەچوویتە پێشێ. پابەندی بە بیروباوەڕی چەپ و لە سەریشی سووریت، لێڵیی هەستیش لە ئەزموونی تۆدا نییە. زۆر بە وردیش وشەکانت هەڵدەبژێری، وردبینانەش بەکاری دەبەیت. ئەوەی لە هەست وێنای دەکەیت، لە سروشتی شیعردا پیشانی دەدەیت. ئەزموونی تۆ وێنەیەک لەسەر شاعیر دروست دەکات، کە هەڵگری باری گرانی هەقیقەتە. لەکاتێکدا شاعیر هەڵگری هەقیقەتێکی فەنتازییە و لە ڕێگای هەقیقەتەوەش قسە ناکات، بگرە لە ڕێگای هەقیقەتێکی فەنتازییەوە قسە دەکات، قسەکردنیش لە ڕێگای فەنتازیاوە باڵاترین شێوەی قسەکردنی ئەدەبییە، شیعر بێ فەنتازیا مانایەکی هەستی و هونەری نییە. شتێک بەهۆی ئاڵۆزی واقیعەوە بزر دەبێت، شاعیر لە دۆخی زەینیدا ئەم شتە دەبینێت و دەیدۆزێتەوە و ناوی دەنێت فەنتازیا.

شیعر و خوێندنەوەی، تاکە برادەری نزیک و باوەڕپێکراومە، ساڵە باشەکانی خوێندنەوە تێنەپەڕیون، هاوینی (٢٠١٤) باسی توانا و ئەزموونی پڕ و کارای لەبیرکراوی تۆم بۆ دکتۆر عوسمان دەشتی کرد و پێشنیازی ئەوەشم کرد، کە بیرکردنەوەی بەرهەمدارت لە زانکۆکانی کوردستان باس بکات و بدرێت بە قوتابییەکی ماستەر، یان دکتۆرا، پاش ماوەیەک ئەو هەواڵە شایانەی پێ ڕاگەیاندم کە پێشنیازەکەم لە لێژنەی زانستی، بەشی کوردی، زانکۆی کۆیە، پەسند کراوە و قوتابییەک نامەی ماستەر لەبارەی ئەزموونی بەرهەمدارت پێشکێش دەکات.

سەرکەوتن لەناکاودا ڕوونادات، دوای چەندین تاقیکردنەوە و چاودێریکردنی ئەزموون دێتە دی. ئەو هەستە ئەدەبییەی، کە چەندین ساڵە بۆی دەگەڕێ لە نوختەی بینین، ڕووبەڕووی داهێنەر دەبێتەوە و

له چرکەی بەخشندەییدا دەیدۆزێتەوە. پاش تێڕامان و بەخۆداچوونەوە ئەم چرکە بەخشندەییە وەک ناوەندێک وەردەگرێت، کە شاعیر ناوەندی خۆی دامەزراند و چووە ناو چرکەی بەخشندەیی خۆیەوە، ئیتر دەکرێتەوە و دەبێتەوە چەند ڕووبەرێکی تر.

(٢٠١٢/١٢/٨) برایەکم جوانەمەرگ بوو، لەمەرگیدا هەموو شتێکم بزرکرد و لە ڕاستی بوون گەیشتم و توامەوە. خودا: کرۆکی ڕووناکییەکانە نەمتوانی لەودا بتوێمەوە، بەڵام لێی نزیک بوومەوە. دوای ڕووداوەکە بەدوای ئاگری جەرگ دەگەڕام و ڕوونیی ئاو و ئاسمانم تەی دەکرد، هەوڵم دا مەرگنامە و لاوانەوەیەک بنووسم، دواتر بە ناونیشانی (دواتاریکی) نووسیم و لە کۆشیعری: (حەز دەکەم ئەوەندە بژیم)دایە.

دیوان و کۆشیعری زۆربەی شاعیرانی خۆمانم هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد، مەرگنامە و لاوانەوەکانم بە دڵگەرمییەوە خوێندنەوە، لەم پانتاییەدا، کە پانتاییەکی پڕ و کارایە لە شیعری نوێی کوردیدا، تەنیا ڕووبەڕووی یەک دوو دەق بوومەوە، کە لە واقیع دوورخرابێتەوە و کرابێت بە واقیعی نووسین، مەرگنامە و لاوانەوەکەی دیلان بۆ شێخ مەحموودی حەفید، بە ناونیشانی: (شێخ مەحموودی زیندوو). لە هەر هەمووشیان قووڵ و سەرنجڕاکێشترین مەرگنامە و لاوانەوە، مەرگنامە و لاوانەوەکەی تۆیە بەناونیشانی: (شیوەنی سەیدەوان)، کە بۆ کوڕە جوانەمەرگەکەت نووسیوە. بەو تێگەیشتنەی من بۆ شیعر هەمە، لە لایەنی مەرگنامە و لاواندنەوەوە، شیعرەکەی تۆ لەناو شیعری نوێی کوردیدا، دەقێکی کتوپڕ و سەرسوڕهێنەر بوو، لە واقیعی کارەسات دوورخراوەتەوە و مەودای واقیعی نووسینی وەرگرتووە و گەڕاویتەوە سەر ڕەگ و ڕیشەی کلتووری کوردی، بەیتی سەیدەوانت کردووەتە

پەیژەی سرووش بۆ درەوشانەوەی ڕووداو و هەڵکشانی بەرەو بەرزایی و ڕایەڵ و تانوپۆکانی دەقی درامی.

سالّی (١٩٩٨) ڕۆژنامەنووسان: مەحموود زامدار و ئازاد عەبدولواحید چاوپێکەوتنێکی تێروتەسەلیان بەشێوەی کتێب بەناونیشانی: (شکور مستەفا: گەشتێک بەناو زمان و فیکر و ئێستێتیکادا) لەگەڵ شکور مستەفا کردبوو، لەم چاوپێکەوتنەیدا لەسەر ئەزموونی من وەستاوە و بیروڕای لەبارەوە دەربڕیوە. لە بۆنەیەکدا لە هەولێر، لە ئوتێلی هەورامان ڕێکەوتی یەکتریمان کرد و بەشەرمێکی زۆرەوە سوپاسم کرد، کە بەم تەمەنەوە بەرهەمی ئێمەمانان دەخوێنێتەوە، نەک هەر دەیخوێنێتەوە، بگرە قسەشی لەبارەوە دەکەیت. بەخاکەڕاییەوە دووبارە قسەی خۆی کردەوە و گوتی: شاعیری گەنجی وەک ئێوەمانان دەبێت وەک عەبدولڕەزاق بیمار شارەزای هونەرەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بێت. دیارە بەهرە و توانایی تۆی باش ناسیوە، بۆیە وەک نموونەیەکی بالاّ هەڵیبژاردووی و لە ڕێگای ئەم هەڵبژاردنەیەوە ئامۆژگارییەکی ئێمەمانانی کرد، من لەلای خۆمەوە گوێڕایەڵی بووم و دەبم.

من وردودرشتی لایەنەکانی ئەزموونی تۆم بەدڵ نییە، بەڵام لە هەموویاندا شاعیرانە بیرت کردووەتەوە و لەو خاڵە گەشانەی، کە هەست و بینین تێکەڵاو دەکەیت، دەوەستم و دەچمە ناو چوارچێوەیەکی شیعرییەوە. بەتایبەتی شیعری (ئەسپی والی). لەگەڵ ئەم شیعرەدا، کە سالّی (١٩٦٦) نووسیوتە، کرۆکی سەرەتای شێوازێکی نیمچە نوێ لە شیعری کوردیدا دێتەگۆڕێ، بەڵام بەتەواوی لەدایک نابێت. دواتر لەسەر دەستی کۆمەڵێک شاعیری دیکەدا لەدایک دەبێت و گەشە دەکات و پێدەگات، ئەگەرچی سەداسەد فیکرەی شیعرەکەت لە کەلەپووری

کوردی وەرگرتووە، بەڵام گرنگی و بایەخ لە شێوازدا وەردەگرێت. شێواز لە خودی تۆدا مەبەست بووە. لەو مەبەستەدا شێوازی شیعری خۆت بەهێز کردووە.

کاکە بیمار: یەک لە خەسڵەتەکانی داهێنان و داهێنەر، بوێری و سەرچڵییە. لە سێیەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە هەولێر، لە (١٩٨٦/٩/١١)دا شیعری: (قورِقوشمی تاڵ)ت خوێندەوە و پێشکێشی شاعیری شەهید: (جەمیل ڕەنجبەر)ت کرد. لەم شیعرەتدا گوێگر بەر دنیابینییەکی جیاواز کەوت لەگەڵ ئەو شیعرە بەرگرییە باوخوازانەی لە ئەدەبی کوردیدا هەبوون.

ئەم جۆرە خۆهەڵخستنانە، خۆهەڵخستنی خۆدەرخستن، کە لەم جۆرە بۆنانە ڕوودەدەن، بەڵام ئەوەی تۆ بوێری و سەرچڵیی داهێنان و داهێنەرانە بوو، نەک خۆهەڵخستن و خۆدەرخستن.

لە هۆڵەکەدا لە نێوان دوو شاعیر دانیشتبووم، کە پێشکێشەکەت خوێندەوە، هەردوو شاعیرەکە وەک ئەوەی لە گەرمەشەڕی سەنگەردا شکابن و تفەنگیان فڕێدابێت، هەڵاتن و هۆڵەکەیان جێهێشت، کەواتە: ئەم دوو شاعیرە بوێری و سەرچڵیی داهێنان و داهێنەریان تێدا نییە، بۆیە مێژووی نووسینیان زیاتر لە چل ساڵە هەر وەک پەراوێز ماونەتەوە و لە شوێن پێی خۆیاندا پێکوتە دەکەن، هەر مانگێکیش دەربکەوێت، ئەوان دەشڵەژێن و چەنەیان بەرانبەری شل دەبێت، دەبن بە عەبەلوول.

لەدوای ئەم بوێری و سەرچڵییەتەوە، هەرچی نووسینی تۆم لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەوە کەوتبێتە بەرچاو، پێش ئەوانی تر بەسەریدا دەکرێمەوە و دەیخوێنمەوە. جەستەیەکی بێ هێز و لاوازت هەیە، سەرباری ئەم بارەش بوێری و سەرچڵیت بۆ ئەدەب لەوپەڕی هێز و وردی و نەفەس درێژی تەندروستیدایە.

کاکە عەبدولڕەزاق بیمار: لە دڵێکی نزیک، زۆر نزیکەوە ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم. شیعر تاهەتایە نەناسراوە، ببڕای ببڕیش لەبارەیەوە هیچمان پێ ناگوترێت، یان ناتوانین شتێک بڵێین. ئەوەی هەیە دوور لە هەموو پاڵەپەستۆ و چاوڕاوێک دان بەوەدا دەنێم ملکەچی دەسەڵاتی شیعری بێگەردین. هەستی شیعر، کە خرۆشا و شاعیری خستە دۆخی زەینییەوە، ڕەت ناکرێتەوە، من سی و پێنج ساڵ زیاترە، بەپڕاوپڕی بوون و توانامەوە لەگەڵ شیعردا یەکم گرتووە و لەناویدا تواومەتەوە.(الفناء في الله – الفناء في الشعر)، هەرکاتێک زانیم شیعر چییە. ئیتر دەچمە قووڵایی بێدەنگی و نایینووسم، بەڵام دڵ بەخۆ خۆشم تا ئێستا نازانم چییە و دەینووسم، نووسینەکانی تر دەزانرێن چین. شیعر هەموو مانایەکانە، هیچ لەبارەوە زانین، بچووککردنەوەیەتی بۆ تاکە مانایەک.

لە پاڵ شیعردا، شتێک هەیە کامە کامەت پێدەکات، شانۆنامە و چیرۆک و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسیت و کاری ڕۆژنامەوانی و وەرگێڕانیش دەکەیت. شاعیری داهێنەری تریش بوونەتە قوربانی ئەم کامە کامەکردنە، ئایا دەتەوێ فۆرم و شێوازی ژیان لە چ ئەدەبێکدا دابڕێژیت و بەهرە لە کامیاندا بنوێنیت، یان دەتەوێ وەک فەلسەفەیەک ئەوە بەکاربهێنیت، کە تێڕوانینێکی گشتگیرت بۆ ئەدەب هەیە. ئەمەش یەک لە مەحاڵەکانی تایبەتمەندی و نەگەیشتن بە ناوەندە. جارێکیان لە ماڵی دکتۆر مارف خەزنەداردا بووم، وانەی بە دوو قوتابی دکتۆرا دەگوتەوە. وانەکەی لەبارەی پیرەمێردەوە بوو، چۆن شیعری لە وشە و دەربڕین و دەستەواژەی بێگانە بژارکردووە. گۆرانیش ئەم کارەی پیرەمێردی پەرەپێدا و کردی بە بنەڕەتێک بۆ نوێبوونەوە. ئاماژەشی بە ناوی: پیرەمێرد و عەبدولڕەزاق بیمار و ئەحمەد تاقانە و

فەرهاد شاکەلی دا، کە نووسینەکانیان بەسەر شاعیرەتییاندا کراوەتەوە و لە بنەڕەتیشدا هێزی شاعیرایەتییان، نیشان و نیشانەی کەسایەتی ئەدەبییانە. ئەگەرچی هیچ نووسینێکی تر ناتوانێت شکۆمەندیی شیعر داگیر بکات، چونکە شیعر هونەری بێدەنگی و جوانکردنی بوونە، شیعریبوونی شیعر، هونەری بەشێکە نەک خوێنەرێکی پانوپۆڕ، ئەم بەشەش بەدوایدا دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە، وەک کارێکی تایبەت خۆشی دەوێت، خۆشویستنێک، کە لە ژیانیدا هەستی پێدەکات و گڕێ و گۆڵ لە ڕووبەری هەست دادەماڵێت.

**کانوونی دووەمی ٢٠١٦ هەولێر**

# کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) و شیعری مووتووربە

هەموو درەختێکی بەردار ئەفسانەیەکی هەیە و دەیەوێ مرۆڤ بە ئارامی لەناو ئەفسانەکەیدا بژی. خۆم وەک ئەو خاکەی بۆ باخ خۆش دەکرێ دەبینم: درەختەکانی باخ هەموویان لە خاکێکی دیاریکراودا بە یەکەوە دەژین و بەرهەم پێشکێش دەکەن. بەرهەمەکانیش هەر یەکەی تام و شێوە و قەوارەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر یەکیش کاتی جیا و تایبەتی هەیە لە پێگەیشتن و پێشکێشکردنی بەرهەمەکەی، هەموویان وەک برای یەک دایک و باوک بەیەکەوە دەژین و هیچیشیان لە ئیرەیی پێبردنی ئەوی دیدا هەڵنابزرکێت.

هەموو دەقێکی ڕەسەن و دڵنیا. پڕ لە گرژی و ململانێیە، ئەو گرژی و ململانێیە دەسەڵاتی دەق پێشان دەدا.

با دێ پێکەوە لە هەموویان دەدا، باران دێ پێکەوە لە هەموویان دەدا، هەتاو دێ پێکەوە لە هەموویان دەدا، ڕووناکی مانگ دێ پێکەوە لە هەموویان دەدا ... تاد، منیش داهێنەرم تا دواپلەی خۆشەویستی خۆش دەوێ. هەر بابەتێک لە داهێنەرێک بخوێنمەوە، ئەوپەڕی ئاوات و دڵڕوونیمە، لەسەر نانی خوانی هەموو ماڵان ناوی بنووسم، یان لەسەر شانی خۆمی دانێم و بەناو شاردا بیسووڕێنمەوە. وەک درەوشانەوەی هێمایەک پێشانی دەستەبژێری کۆمەڵگای کوردی بدەم، بەڵام بە هیچ شێوەیەکیش بە ناداهێنەر و تەمبەڵ و ناوەجاغ و پاشخاپەرۆکێکم

نەگوتووە، بوونی تایبەتی خۆت هەیە و دەستخۆش، خۆشدوویی لەسەر مەرگی هەر شەش منداڵم بکەم. لەسەر شیعر نایکەم، ببڕای ببڕیش سەرسامیی خۆمم بەرانبەر دەقی بێگەرد نەشاردووەتەوە. دڵنیام: (نالی و گۆران) بە بەهرە گەورە و تایبەتمەندەکانی دەوروبەری خۆیان گوتووە: (تۆ کۆششی زاڵ بکە و ببە بە خۆت) و بەناو خوێن و گۆشت و دەماری منیشدا تێبپەڕە، شیعر پێویستە لە پێناو خۆت و ئێستێتیکای زماندا بنووسرێت، قسەش پێویستە لە پێناو هەمووواندا بکرێت، من شیعرم کردووەتە زمانی هەموو دەربڕینەکان و تەنیا لە شیعریشدا دەگەمە چێژی دەربڕین، بە هیچ جۆرێکیش خودی خۆم ناچاری نووسین نەکردووە. چێژی دەربڕین هەورم بۆ دەکاتە بالیف و ئەوەی خەون و خەونمە بە باشی دەیبینم.

خودا ئەو بەندانەی خۆی خۆش دەوێ، هەندێک بیرەوەری و پەیوەندی لێک نزیکی بۆ نزیکتر دەکاتەوە و لە یەک خاڵی خرۆشاندا کۆیان دەکاتەوە، پاشان دەیانخاتە بەر سروەی ئیلهام.

لەناو کتێبخانە بچووکەکەمدا، بە دوای کۆشیعری: (نوختەی نوونەکەی ژیان)ی فەرهاد شاکەلیدا دەگەڕام، پێویستم بوو، بۆ شێوە بەراوردکردنێک لەگەڵ شاعیرێکی هاونەوەی خۆی بۆ جیاوازی و بەکارهێنانی هێڵ و هێماکانی ئەزموونی ئێستایان. بێ ویست و بیرلێکردنەوە کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری)، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (الحوادث) ١٩٨٣ بەغدا، کەوتە ناو ڕووناکی چاوم و بە ئاهێکەوە دەستم بۆی برد. سام و مووچڕکی یادێک هەردوو شانی گرتم و لە ناخەوە ڕایوەشاندم و خاوی کردمەوە، وەک ئەوەی کەوتبمە ناو قووڵایی ئاوێکی ساردەوە و مانگ لە ناویدا خنکابێت. لەو چرکە پڕ دەروونڕۆشنییەمدا، داوام لە

خودا کرد ڕوو لە جیهانی خامۆشان بکەم. بە توندی خۆرەتاوی ئەو ڕۆژە تێم ئاڵا و دەست و پێی بەستم.

محەمەد خدر مەولوود لە (هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەری هەولێر) لە ١٩٨٥/١١/٢٣، کۆڕێکی لەبارەی کۆشیعری: (نیگەرانی) نەوزاد ڕەفعەت پێشکێشکرد، لەو کۆڕەدا من و (ئیسماعیل تەنیا) بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبووین، ناونیشانی کۆڕەکە پێش چەند ڕۆژێک ڕاگەیەنرابوو، کە فلانە ڕۆژ، کۆڕێک بەو ناونیشانەوە لەبارەی فلانە بابەت بەڕێوەدەچێت. منیش کۆشیعرەکەم بەوپەڕی وردەکارییەوە خوێندبووەوە، ئەگەرچی موو بە موو ئاگاداری شیعری نوێی کوردیم و لەناویدا توایمەوە و بێ جیاوازی، هەمووی بە وردی و یەک ئاست و بایەخەوە دەخوێنمەوە. هەستم کرد بەشێکی، کە دەیخوێنمەوە بەر زەین و هەستم کەوتوون. ئەو هەستپێکردنە خستمیە کەڵکەڵە و سەر هێڵی بەدواداگەڕان و زەینم ڕوون بکەمەوە، لە کوێ بەر زەین و هەستم کەوتوون. وەک سەرەقەڵەم دۆزراوەکانم تۆمارکردن. بۆ بەشداریی گفتوگۆ لە کۆڕەکەدا ئامادەییەکم لا دروست بوو، ئەگەرچی بە سروشتی خۆم لە کۆڕ و دانیشتندا حەزم لە گوێگرتن و سەرنجدانە، کەمتر خۆم لە مشتومڕ و باسەکان دەدەم. ئەم بابەتەم لای برادەرانم: (حسام بەرزنجی و مەولوود ئیبراهیم حەسەن و خالید جووتیار و مەسعوود پەرێشان و فەیسەڵ دێهاتی) باس کرد. ئەو پێشنیازەیان کرد، بۆ ئەوەی بۆچوونەکانم ببێتە بەڵگەدار و جێگای بڕوا، ئەو سەرچاوانە لەگەڵ خۆم بهێنمە کۆڕەکە. وام کرد و هەموو سەرچاوەکانم لەگەڵ خۆمدا بردە بەردەم میکرۆفۆنی سەر مێزەکە، هەرچی دۆزیبوومەوە، کە بە وەرگیراوم دەزانی وەک: بەڵگە و نموونە و سەرچاوە، هەم لاپەڕەی شیعرەکە و هەم لاپەڕەی سەرچاوە لێوەرگیراوەکەم پێشانی خوێنەر دا.

شاعیریش لە کۆڕەکەدا لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبوو، دوای ئەوەی هەستپێکردنەکانی خۆمم پێشکێش کرد، شاعیر هیچ وەڵامێکی نەبوو، بەڵام ڕەنگی بە هەموو ڕەنگەکانی هەیە گۆڕا. سەرەقەڵەمەکان بە هیچ ویست و ئاراستەیەک نەبوو، تەنیا و تەنیا حەز و شەیدایییەکی قووڵی ئەدەبی و جۆشێکی گەرم نەبێت.

لەم چەندین وێنەیەی پێشانی خوێنەری کۆڕەکەم دا، دوو وێنەم تەواو دێتەوە یاد، کە لە کۆشیعری: (زریان)ی ئەنوەر قادر محەمەد وەرگیرابوون.

(تروسکە تروسکی ئاگری شوانی شەو بە کێو دامرکا)، نەوزاد
(هێشتبێتم تەزرەی ناوەخت گوڵە حاجیلەت بکوتێت)، نەوزاد
(تەرزەی ناوەخت، بەسەر سەرما دائەبارێ
تۆ ئاگری ماڵە کوردێکی کۆچەر بووی)، ئەنوەر

دەبووایە ئەو حەقیقەتە لەبەرچاوی ئەو خوێنەرە زۆر و بێ شومارە ئاشکرا نەکەم. بەوەی نابێت هیچ گیانلەبەرێک بەهۆی منەوە دووچاری ناخ شڵەژان و نیگەرانی ببێت، خودایە: (هەموو دۆست و دوژمنەکانیشم لە کاری باش سەرخەی). داوای بەخشندەییش لە گوتنی ئەو حەقیقەتە دەکەم، واتە: لەخودی حەقیقەتەکە، کە بە گوتنی، مرۆڤێک دووچاری ناخ شڵەژان و نیگەرانی بوو، بێ گومانیشم لە هەستی بێ پەڵەی خۆم. سەرەقەڵەمەکانی من بە ناوی: (شاعیری قۆپیەچی)یەوە بوو، دوای ئەم هەستپێکردنانە لەخۆبوونی و مۆرکی ناسراوی خۆی، بێ ئومێد بووم و لە هێڵی خوێندنەوە و بایەخی مندا کەوتە پەراوێزەوە و بەلاوەم خست، بەوەی زانیم خانەیەکی مردووە لە شیعری نوێی کوردیدا و بارە بەسەر شیعری بێگەردەوە.

دیدگا دەگۆڕێت. نموونە: ساڵی ٢٠٠٨ هەرسێ بەرگی کتێبی: مەحرەمی ڕاز: شەرحی غەزەلیاتی حافز - ی (ئەکرەم عەنەبی)م خوێندووەتەوە، چەند شوێنێکم بەلاوە گرنگ و سەرنجڕاکێش بووە، هێڵم بە ژێردا کێشاون. ئێستا، ٢٠١٦ جارێکی تر دەیخوێنمەوە هێڵ بە ژێر شوێنی تری دەکێشم و شوێنی تریم بەلاوە گرنگ و سەرنجڕاکێشە. ئەم دۆخگۆڕینە، گۆڕان و خاڵی بینین و دۆزینەوە و بەردەوامبوون و پوختکردنەوەی ژیانە.

دوای ٣٣ ساڵ ئەزموون وام لێ دەکات بڵێم: شێوەی دەربڕینەکەم هێمنیی بیرکردنەوەی کەمێک زیاتر دەویست، یان یاخیبوونێکی کەمێک ڕووشکێنانە و خۆبەشتزان و پڕ بوو لە هەستی گەنجانە، زیاتر لە قەوارەی ڕۆشنبیریی ئەوسام. ئەگەرچی ئەو بەراوردانەی، کە کردبووم. هەموویانم وەک: بەڵگە و نموونە و سەرچاوە پیشان دا، دەستەواژەی: (شاعیری قۆپیەچی) بێ هیچ گومان و دڵ لە دڵدانێک دەستەواژە و دەربڕینێکی هەراسانکار و دڕدۆنگانەیە. (قۆپیەچی) ناوێکی بە توێکڵە بۆ (دز)، دەکرا ئەو حەقیقەتەی دۆزیبوومەتەوە بە شێوەیەکی نەرمونیانتر ئاشکرام بکردبووایە. بە تایبەتی، کە بینیم شاعیر سەرنجێکی دوورودرێژی ڕکئامێز و کینە لە دڵی دام و ڕەنگی بە هەموو ڕەنگەکانی هەیە گۆڕا. خۆم وەک گەنجێکی ئازاردەر هەست پێکرد، خۆم ئازار دا و سەرەقەڵەمەکانی خۆمم هەمووی دڕاند، وەک نووسینێک بۆ بڵاوکردنەوە دامنەڕشتەوە، بۆچوونەکان بوونە جێگای بایەخی زۆرێک لە ئامادەبووان، بەوەی لە کاتی پێشکێشکردنی سەرنجەکانم تەماشای ئامادەبووانم دەکرد، بینیم هەموو لە هەموو لە بچووکیانەوە تا گەورەیان یەک بە یەک خرۆشابوون. من شڵەژام و حەپەسام، دوای تەواوبوونی کۆڕەکە لە دەرەوەی هۆڵدا زیاتر لە نیو کاتژمێر بەشێکی

ئامادەبووان لەگەڵم وەستان و گفتوگۆی سەرنجەکانمیان کرد، سێ لەوانە.

یەکەم: (عەبدوڵڵا سەڕاج) بوو، گوتی: (لەم ڕووەوە، دەردی گران و باری گرانی چیرۆکنووسانی کورد لە شانی منە، بەڵام من لە شوێنی نەگونجاو و لەناو خوێنەردا لەڕوویان نادەم و ڕووشکێنیان ناکەم.)

دووەم: (ئازاد مەولوود) بوو، گوتی: (ئەم ورد خوێندنەوەیەت هێزێکی پێویستت پێ دەبەخشێت.)

سێیەم: (مەحموود زامدار) بوو، بە نەوایەکی پڕ هاندانەوە گوتی: (ئەی لە ئومێد ئاشنا وردتر، بینووسەوە و بیهێنە تا لە ڕۆژنامەی هاوکاری، یان گۆڤاری بەیان، کامیانت ویست بڵاوی بکەینەوە بە خەندەیەکی گاڵتەئامێز و پڕ تەوسەوە دەنگی بەرزکردەوە و دەستی ڕاوەشاند: های های، چما ئەم شاعیرە ئەوەیە.)

ئەم دەروازە و زەمینە خۆشکردنە بۆ سوێی یادێکە: لەناو کتێبخانەکەمدا بووم، هەموو هەستەکانم شۆڕببووەوە ناو ئەزموونی کۆشیعری: (نوختەی نوونەکەی ژیان)، لە بەکارهێنانی هەستەکانی و ناخ بە سەرچاوەی هەموو ڕووناکییەک دانان و حیکمەتی ئەبەدی و گەڕان بە دوای: (کەسێکی تر) لە خۆیدا، لە ئەزموونی هیچ شاعیرێکی هاونەوەی خۆی ناچێت. ژیان لەسادەیی خۆی، لەناو نادیارییەکی خوداییدا ئامادە و ماناداره بە بڕوابوون بە بوونی بەختەوەرییەکی نادیار و ئاسۆیەکی کراوەی نادیاریش. ئەم چەمک و ڕامانی سەرەکییە لەناو شیعری کلاسیکی کوردیدا ڕەگی لە: (مەلای جەزیری و مەحوی و مەولەوی و وەفایی)یەوە دێت و دەگات بەم، ئەمیش بەختەوەرییەکی وێناکراوی تێدا دۆزیوەتەوە و سنووری فراوانتر کردووە، زمانیشی کارامانە بەکارهێناوە، لەم جۆرە بەکارهێنانەدا جوانیی زمانی کوردیت لا

دەردەکەوێت، کە چۆن لەسەر دەستی داهێنەرانی ڕەسەنزادەی خۆی، بە پاکی بەرەو پێشەوە دەچێت و پەیوەندیت لەگەڵ زمان دەپچڕێنێت، خۆی دەبێتە زمان، هەروەها ئیقاعێکی خاو، بەڵام زۆر سیحراوی بەکارهێناوە.

(یاد)ی کوڕم هاتە لام و گوتی: بابە (ئیسماعیل تەنیا)، نامەیەکی بۆ ئیمێڵەکەت ناردووی، ئەگەر بۆت بێنم لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر دەیخوێنیتەوە، نەوەک دەستوبرد وەڵامێکت لێ داوابکات. لەسەر شاشە چێژ لە خوێندنەوە وەرناگرم و هەم چاویشم یارمەتیم نادات.

دوای ئەوەی لەسەر شانۆکە هاتمە خوارێ و لە شوێنی خۆم دانیشتم. گەنجێکی نزیک لە تەمەنی خۆم، خاوەنی سیمایەکی منداڵانە بوو، لە کورسییەکەی شانی چەپمەوە دانیشتبوو، گوتی: (ڕەخنەیەکی دۆستانە و دەست گرتن و ڕاستییەکی ڕاچڵەکێنەربوو، ئەم شاعیرەت لە هەڵە ئاگادار کردەوە، لە قووڵایی چاڵێکی ڕەشدا دەستت گرت بۆ سەرخستنەوە).

مرۆڤێکی داهێنەر و لە ناخەوە دەوڵەمەند و پڕ پرسیار بوو، ئەو لە ناخ دەوڵەمەند و لە چارەنووس پرسە: (فوئاد کەریم) بوو، لە چارەنووسی دەپرسی، دوای ئەم یەکترناسینەمان بووین بە برادەر و هەستی بێ هوودەی هەمیشە لە خرۆشاندا بوو، بە تابلۆی دەگوت: (هاوڕێیە بە وەفاکەم)، چاوەڕوانی زۆری لە ژیان نەبوو، دەیویست تابلۆ ڕۆحی ڕازی بکات. لە پێناو هونەری شێوەکاری و ئەدەبدا ژیانی یەکپارچە ببووە یاخیبوون و حەزی لە ژیانێکی پڕ ڕووداو بوو، بەهرەیەکی ڕەسەنی هەبوو، دەیویست لە هونەری شێوەکاریدا بگاتە ترۆپک. هەمیشەش لە شێوەکارانی کورد بێ ئومێد بوو، شێوەکاری لەسەر ئاستی جیهان دەویست. هەندێک جار ئومێد و داوای داهێنانی

بەرز دەبووەوە و دەگەیشتە پلەی هەڵچوون، دەیگوت: کورد وێنەکێشی هەیە، شێوەکاری نییە، دوای ماوەیەکی کورت هێمن دەبووەوە و دەستێکی بە دەموچاوی دادەهێنا و دەیگوت: لەگەڵ داوای لێبووردن لە (سمکۆ تۆفیق.)

پاش ماوەیەک شیعرێکم بە ناونیشانی (مووتووربە) لە گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکرایەوە، وەک شێوازی نووسین، شێوازی ئاساییە و جۆرە پەیڕەوێکی شاعیرانی نەوەی پێشە خۆم و باوخوازە، بەڵام لە ناوەوەی شیعرەکەدا جیا دەبمەوە و شێوازی دەنگیم بەکارهێناوە، واتە: دەنگم بەسەر وێنەدا دابەش نەکردووە. بەڵکو لە فۆرمێکی کراوەدا بەسەر وشەدا دابەشم کردووە. لە شێوەی بڵاوکردنەوەکەیدا بایەخێکی زۆری پێدرابوو، لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا یەکەم جار بوو ئەم شێوە بڵاوکردنەوەیە ڕوویدات، یان لایەنی کەم من بیبینم. ئەو چەند لاپەڕەیەی شیعرەکەی تێدابوو، کرابوو بە ڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی لاپەڕەکانی تری گۆڤارەکە. فوئاد کەریم شێوەکار بوو، بەڵام ئاگاداری وردی لەبارەی شیعر و هونەری شیعرەوە هەبوو، ئەم کتێبە: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) دیاریی ئەم شێوەکارە کۆچکردووەیە، کە هەمیشە سەرخۆش بوو بە هارمۆنییەتی ڕەنگ. لە پاداشتی خۆشویستنی شیعری (مووتووربە)دا. منیش لە نواندنی ئەم وەفایەیدا، ساڵی ١٩٨٨، کە ڕۆمانە شیعری (زێوان)م چاپ کرد، یەکەمین دانەم پێشکێش بەو کرد. شاعیر کاتێک دەنووسێت خەمی خۆی و کاریگەرییەکانی دیکە دەیوروژێنێت. دیاربوو خەمی ئەو لەناو ئەم شیعرەی مندا هەبوو، هەر لە یەکەم یەکترناسینماندا هاوڕێیەتییەک، ئەگەر هەفتەیەک یەکتری نەبینین، بیری یەکتر بکەین. لە نێوانمان پەیدابوو، خۆشبەختانە ئەویش

وەک من خەمی ئەم لاو ئەو لای نەبوو، واتە: ئایدیۆلۆژیا تێکەڵی دیدگای هونەری نەببوو، خەمی من شیعری بێگەرد و خەمی ئەویش تابلۆی بێگەرد.

لە بنەڕەتدا شیعری (مووتووربە)م پێشکێش بە (ڕەفیق سابیر) کردبوو، گۆڤارەکە بێ پرسی من پێشکێشکردنەکەیان لادابوو. لادانەکەش بنیاد و ئەندازەی مانا و تێگەیشتنەکەی تێکدابوو، بە ماوەیەکی کورت دوای بڵاوبوونەوەی شیعرەکە، عەسرانێک لەگەڵ برادەرم: (سەلاح مەزن) لە قاوەخانەی مەچکۆ دانیشتبووین باسی شیعرەکە و لادانی پێشکێشکردنەکەمان دەکرد. (عەباس عەبدوڵڵا یووسف) هاتە نێوانمان دانیشت، دیاربوو تەنگەتاو ببوو بەوەی: دوو لاو بە باشە باسی داهێنانی کوردییان دەکرد، چونکە لە ئەنجامی ئەوەی لە پەراوێزی داهێنەراندا ماوەتەوە. ناتوانێت دان بە داهێنان و دەرکەوتن و ڕوونی و کامڵبوون بنێت، دەرکەوتن و ڕوونی و کامڵبوونی داهێنەران کابووسە بەسەر سینگییەوە. داننان بە داهێنانی ئەوی دی، داهێنان و دەرکەوتن و ڕوون و کامڵبوونە. لە گەرمەی گفتوگۆیەکەماندا بۆچوونی منی داوا کرد لەبارەی خۆی، یان سەلاح بۆچوونی منی داواکرد لەبارەی ئەو، نازانم. منیش بە ڕاشکاوی بۆچوونی خۆم دەربڕی گوتم: دە شاعیری ناکارای وەک تۆ لە کۆسەرە بدەیت و بیتراشیت، تا شاعیرێکی کارای لێ پێکبێت شیعرێکی وەک شیعری: (ئەم مرۆڤە)ی ڕەفیق سابیر، کە هەڵوێستە لە پێناو ژیاندا و دەربڕین لە توانای بەهێزیی مرۆڤ دەکات، بنووسێت. بۆچوونەکەم لەناو فۆرمێکی زمانی زبردا خستەڕوو. لەو بارەیەوە پێویستیم بە دڵڕاگرتن و شێوەی دەربڕینی تر هەبوو، ئەگەرچی ئەم شاعیرەی ئەم بۆچوونەم لە بارەیەوە دەربڕی، ئێستا و ئێستاش (لە شیعردا) نەبووە شاعیرێکی

چالاک و کاریگەر، خوێنەر دڵی پێی خۆش بێت، هیوایەکی داهێنانی لە زەمینەی شیعردا نەڕواند. هەر وەک پەراوێز و خانەیەکی مردوو لە جەستەی شیعری کوردیدا ماوەتەوە و ئەزموونێکی جەڵەبی و مەنگۆلییە، لە بواری پێکهاتەی میتافۆڕەوەش کڵۆڵ و بێهەستە، لە بنیادیشدا بڕگەیەکی نەخۆش و خاووخلیچکە، شیعرم تێدا نەدۆزیوەتەوە، واتە: دێڕ و کۆپلەی نیمچە شیعرم تێدا دۆزیوەتەوە، بەڵام شیعرێکی تەواو شیعرم تێدا نەدۆزیوەتەوە، سەخت و سەرسامکار بێت. ئەم بۆچوونە حەقیقەتی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی منە، ناحەقی تێدا نییە، یان شتێکی لەمە نزیک و لەم بابەتە، ئەوەش دەزانم لەپاڵ ئەو شیعرەی من پەسندی دەکەم. شیعری دیکەش هەیە و خەڵکانی تر پەسندی دەکەن. لەم شێوە جیاوازەدا دەبێت بیر لە شێوەی داهێنانی جیاوازیش بکەینەوە.

دوای تێپەڕبوونی ڕۆژ و ڕۆژگارێکی زۆر، ئەوجا بۆم دەرکەوت ئەم دوو بۆچوونەم کاریگەریی خراپی لەسەر دەروونی ئەم دوو برادەرە دروست کردووە و شڵەژاندوونی. بەوەی: لە شارۆچکەی عەنکاوە، لە بنکەی ڕۆشنبیری کلدان، ٢٠١٣/٦/١٥ لە کۆڕێکی شیعریدا شیعرم خوێندەوە، هەرکە بانگ کرامە سەرشانۆ، ئەم دوو برادەرە: (عەباس عەبدوڵڵا یووسف و نەوزاد ڕەفعەت)، وەک ئەوەی هەواڵی مەترسییەکی لە شێوەی بوومەلەرزەیان پێگەیشتبێت. بەپەلە و هەڵەداوان لە هۆڵەکەدا چوونە دەرەوە و نەیانتوانی گوێم لێبگرن.

من نەک شاعیربم. بەڵکو تەنیا مرۆڤبم، مرۆڤێکی خودایی و هەستی. دەبێ دۆخێکی تریان بۆ دروست بکەم و لەم دۆخە دەروونییە ناجێگیر و ناهاوسەنگەی بەرانبەر بە من بۆیان دروست بووە و هەیانە، دەریانبهێنم. داوای بەخشندەیش لە هەستی خۆم دەکەم، کە لە دڵەوە

بەدواداچوون بۆ ڕایەڵ و تانوپۆکانی شیعر دەکات و ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگرێت، ناشزانێت خۆشدووی هیچ کەس و ڕێکخراو و دامەزراوە و دەسەڵاتێک بکات، باشیش لە خورپەی دڵی داهێنان و ناداهێنەریش گەیشتووە، دڵڕوونم بە سروشتێکی ڕاستەقینە، نە بە هەڵنانی ڕووبەڕوو، نە بە ناووناتۆرە و لۆمەی پاشەملە ... تاد، نە فریو دەخۆم، نە چۆک دادەدەم، نە کەسیش لە ڕێگای کەس دەناسم. هەوڵ دەدەم تا ئاستی ئەوە بیناسم، تا بۆچوونم لەبارەیەوە پەیدا دەبێت، بزانم کامە کاکڵە و کامە توێکڵ. ئەمەیە: وریایی و وردی و وردەکاری و بیرکردنەوەی نووسین.

لە هەشتاکان کۆڕی ئەدەبی زۆر بەڕێوەدەچوو، لە زۆرێک لە کۆڕەکان ئامادە دەبووین. دوای تەواوبوونی کۆڕەکان بە پیاسە و بەدەم گفتوگۆوە، یان بەرەو ماڵ، یان بەرەو بازاڕ دەهاتینەوە. گفتوگۆمان هەمووی لەبارەی جیهانی ڕۆمانسی و ڕۆحانی و دۆنایدۆنی ڕۆحەکان بوو، کەمتر بە لای شێوەکارییەوە بوو، زۆرتر بە لای شیعرەوە دەڕۆیی و لای نەدەدا. ئەمەش هۆکارێکی هەبوو، ئەوەندەی ئەو زانیاری لەبارەی هونەری شیعرەوە هەبوو، من ئەوەندە زانیاریم لەبارەی هونەری شێوەکارییەوە نەبوو، کتێبی: (پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری) بە قووڵی چووبووە دڵ و هەستیەوە، دەیگوت: ئەو شیعرانەی (عەبدوڵڵا پەشێو) بە ئارەزووی خۆی بۆ وەرگێڕان هەڵی بژاردوون و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، شاکار و نایابترن لەم شیعرانەی لەم کتێبەدا لەسەر داوای: (محەمەدی مەلا کەریم) وەریگێڕاون.

هەمیشە شیعری: (بۆ هاوڕێیان)ی بە دوو جۆر وەرگێڕان. یەک: لەسەر خواستی: (محەمەدی مەلا کەریم). دوو: لە هەڵبژاردنی چێژی ئەدەبی وەرگێڕ، بەراورد دەکرد.

ئەو شیعرانەی هەڵبژاردنی چێژی ئەدەبی ناچاری کردووە وەریبگێڕێت. هەموو ڕەگەزەکانی نووسین لەناو پێکهاتەیەکیدا کاریان لێک کردووە، لەیەک کارلێکەکاندا شیعریبوون دەردەکەوێ و خۆبوونی زمانی ڕۆح و ئەزموون زاڵ دەبێت و دەبێتە ناوکی دەق.

ئێوە هێشتا لەو ڕۆژە زێڕین و
شەوە زێڕینانەتان ماوە،
کە خوداوەندەکان پێیان بەخشیون.
ئێوە هێشتا شایانی ئەوەن کچانی شۆخ
بەوردی چاوتان تێ ببڕن.
یاری بکەن، بچن، هاوڕێیانم!
شەوانی کورت بەبادەن،
منیش لە کەلێنی فرمێسکمەوە
خۆشبەختیی بێ پەروای ئێوە ئەبینم و بزە ئەمگرێ
پووشکین: ژیان و بەرهەمی شاکاری، ل: ٢١٦

لەو ڕۆژ و شەوە زێڕینانەتان هێشتا زۆر ماوە،
کەوا خەڵاتی خواوەندەکانن.
هێشتا شایانی ئەوەن کیژۆکاڵ
بە چاوی تینوو تێتان بڕوانن!
دەسا هاوڕێیان،
بە بەزم و گەمە و گۆرانی گوتن

شەوانی کورتی تەمەن بەڕێکەن
بە شادیی خۆتان مۆمی خەندەیەک
لە پشت تنۆکی فرمێسکم پێکەن!
گۆڤاری کاروان: ژمارە (٣)، کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ ل: ٣٤

تووڕەیییەکی خوداوەندانە هەمیشە لە ناوچەوانیدا هێمای نائومێدییەکی گەورە بوو، ئەم نائومێدییە هانی دا بە پەلە لە کوردستانی نقوومبووی شەڕی براکوژی ڕابکاتە ئەورووپا، لە ڕێگادا شەوەی بەفر دەستی لێ بوەشێنێت و شەهیدی بکات.

جۆرێک ئارەقە لە جەستەی مندا هەیە. نە زێڕ، نە زیو، نە کاتژمێر قبووڵ ناکات. قۆدی جغارەی باوکم و ئەڵقەی هاوسەرگیریم و ناوکی وشک بووەوەی هەر شەش منداڵەکەم بە بایەخەوە لە شوێنێکی تایبەتدا هەڵگرتووە. ئەم دیارییەی فوئاد کەریمیشم لەناو پەڕۆیەکی کەتان پێچایەوە، لەو شوێنە تایبەتییەم دانا، کە قۆدی جغارە و ئەڵقە و ناوکی وشک بووەوەی هەر شەش منداڵەکەمم تێیدا پاراستووە، هەموو خۆشەویستان وەرنە خەونم، تا بزانین ژیانی ڕاستەقینە لە خەونبینیندایە، خەون پوختەکراوی ژیانە. ژیانیش هەموو ڕەنگێکت ڕووبەڕوو دەکاتەوە، یان هەموو جۆرە خۆشی و ناخۆشییەکی بەدەمەوەیە.

**ئایاری ٢٠١٦ هەولێر**

# شیعر و دەمانچەی ئاوی

دوای وەستانی شەڕی ناوخۆ، کوردستان دابەش بوو بەسەر دوو دەڤەر و دوو دەسەڵاتدا. لەهەر بۆنەیەکیاندا ئەدیبەکانیان داوەت دەکرد و دەبوون بە کوڕی نازدار و ڕێزلێگیراوی بۆنەکان. ئەم داوەتکردنە وەک ڕێزگرتنێکی بەخششی ئەدەبی نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتەکان وەک مەرامی تایبەتی و خۆدەرخستنێک و جۆرێک تاکتیک، ئەو مەرحەبا و خوانەیان بە ئەدیبەکان ڕەوا دەبینی. بۆ ئەدیبەکانیش جۆرێک ڕێکەوتی تاسەشکێن و ناوازە بوو، یەکتریان تێدا دەبینی و ئاگاداری بەرهەمی یەکتری دەبوون. بەرهەمی تازەی خۆشیان پێشکێش بەیەکتری دەکرد، پەیوەندییەک بەرجەستە دەبوو، پەیوەندیی ئەدەبی. ئا ئەوکات، تا ڕادەیەکی زۆر شارەکان هاتوچۆکردنیان تێدا قەدەغەبوو.

لە بۆنەی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی: (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا، کە لە ساڵی ١٩٩٦ لە مەسیف بەڕێوەچوو، ئەدیبەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دهۆک، زۆربەیان داوەتی ئەم بۆنەیە کرابوون. ئەوکات هەولێر لەژێر دەسەڵاتی: (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)دا بوو، ئێمە کۆمەڵێک ئەدیب بووین بانگهێشتی ئەم بۆنەیە کرابووین. گوتیان دەبێ بچنە دەزگای... (ناوەکەیم لەبیر نەماوە)، بەڵام لە شوێنی پارێزگای کۆنی هەولێر و قایمقامیەتی ئێستا بوو، پسووڵەی ڕێپێدانتان پێ بێت، ئینجا بازگە ڕێگاتان پێدەدا بچن، یان نا. بەو پێیەی: (محەمەد موکری) هەم هاوڕێمان بوو، هەم ئەدیبێکی سەدا سەد یەکێتی بوو، لەناو حیزبەکەیدا گوێی لێڕادەگیرا. داوامان لێی کرد

کارئاسانییەکمان بۆ بکات. ئێمە: (عەبدوڵلا سەڕاج، کەمال غەمبار، خاڵە حەمرین، بۆتان جەلال، سامان دزەیی، ئەحمەد حەیران و من). وابزانم: (جەلیل کاکەوەیس)یشمان لەگەڵدابوو، یەکمان گرت و چووین بۆ ئەو دەزگایەی بۆیان دەستنیشان کردبووین و سڵاوی محەمەد موکریشمان پێبوو، کە چووینە ژوورەوە کارەبای ژوورەکەیان بڕی، بۆ ئەوەی گەرما هەراسانمان بکات: (ئەحمەد حەیران و سامان دزەیی) لە پێش پرسگەی دەزگاکەدا دڵیان خورپەی کرد و بێ ئەوەی قسەیەک لەگەڵ ئێمەدا بکەن، کە پێکەوە هاتووین و چ ئەرکێکمان بەسەر یەکترەوەیە، بە خشکە پاشەدزەیان لێکرد، ئێمەیان جێ هێشت و گەڕانەوە، کە ئێمە بە دڵشکاوی و دەموچاوێکی توورەوە هاتینە دەرەوە لە نزیک دیواربەندی: (گیو موکریانی) چاودێری ئێمەیان دەکرد، ئەگەر ڕێگامان درا لەگەڵمان بێن، ئەگەر ڕێگاشمان نەدرا ئەو ساغ و سەلامەت. نە ئاو شێلوو بووە، نە بەفریش شوێن پێیەکی لەسەردا جێ ماوە. ئەنجام بەرپرسەکە، کە شانی پڕ ئەستێرەی تاریک بوو، ڕێگای پێ نەداین، (کەمال غەمبار) بوێرانە و لۆژیکانە و لەجێی خۆیدا قسەی بۆ بەرپرسەکە کرد و ئەم جۆرە کردەوانەی بە داپڵۆسین و دیکتاتۆریەت و هەڵەشەی هەرزەکارانە لە قەڵەم دا، بەرپرسەکە بەشێوەیەکی ناشایستە وەک ئەوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵێک دەستگێڕی ناو بازاڕ بکات، کە سەرپێچییەکیان کردبێت، ئێمەی بەڕێ کرد. ئەنجام ئەوانی تریش گەڕانەوە و پەرتەیان لێ کرد. کەمال غەمبارم وەک پیاوە گەورەکانی ناو مێژوو، لە خاڵی هەڵوێستدا بینی، وەک مەیدانخوازییەک ڕووی تێ کردم و گوتی: سەرکێشی شاعیریەتی لێرەوە دەردەکەوێت، واتە: مەیموون لە هەڵوێستدا بوو بە مرۆڤ. منیش بێ دوودڵی بڕیارم دا بچم و گوتم: چی دەبێت با ببێت، ئەگەر باجی سەریش بێت. لەم ڕووداوەدا

لە پاڵ توانای ئەدەبی، ئەوەم بۆ دەرکەوت، کەمال غەمبار پیاوی هەڵوێست و ئەدیبێکی بە جەرگ و چاونەترس و واقیعییە و خاوەن قسەی خۆیەتی. ئیدی لەم چرکەساتە بەدواوە بووە جێگای هەموو بڕوایەکی من و برا و پشت و پەنام، باشیش لە بیرکردنەوەی خۆمان گەیشتم و دەبێت کەسایەتی ئەدەبیمان بەسەر هەموو ئاستەنگێکدا سەر بخەین و گەشەی پێبدەین.

چووینە گەراج و قەمەرەیەکی تایبەتمان گرت. لە بازگەی: (هەولێر – مەسیف)دا ڕێگایان لێگرتین و ئێمەیان گەڕاندەوە. برادەرێکی نزیکی خۆمم لە بازگەکەدا بینی، کە زۆر هۆگری شیعرەکانی من بوو، بەتایبەتی بە دوو شیعرم: (چنگەڕنێی سیپان و هەناسەی شاخ)، کە لە ژمارە (٢)ی بڵاوکراوەی (ئاسۆس)، گەلاوێژی ١٩٨٤دا، بڵاوکراوەتەوە. شیعری: (دابارین)، لە ژمارە (٤٣)ی گۆڤاری (کاروان)، نیسانی ١٩٨٦دا، بڵاوکراوەتەوە. لە یادی بۆردومانی دە ساڵەی قەڵادزێدا نووسیومە. ئەو برادەرەم شانۆکار و قوتابی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری بوو، ناوی (موحسین) بوو، شانۆ و کۆلێژی بەجێ هێشتبوو ببووە چەکدار، شەڕی ناوخۆی دەکرد. بەداخەوە هەر لە هەمان بازگەدا بە تۆپی دوورهاوێژ بووە قوربانی. بەمنی گوت: ئەگەر بە تەنیا دەچیت ڕێگات دەدەم. منیش پیاوەتییەکەم ڕەت کردەوە و پێمگوت: (ئێوە لە خەسڵەتی ڕۆشنبیری داماڵراون). ئەم وەک بەرپرسەکەی تر هیچ قسەیەکی نابەجێی نەکرد. تەنیا گوتی: لە نیازی خۆتەوە تەماشای خەڵکی دیکە مەکە، ئەدیبەکانیش بەشێکیان سیاسەت دەکەن، منیش زۆر بە ڕاشکاوانە گوتم: من حەز لە هونەری سیاسەت ناکەم و ببڕای ببڕیش وەک پراکتیک بەلایەوە ناچم، بەڵام هەوڵدەدەم جیهانبینیی سیاسیم هەبێت، داهێنان هونەری ڕۆحە، شیعریش ڕۆحی هونەر و مرۆڤە. من حەز لە هونەری شیعر دەکەم و

تا ماوم خزمەتکاریم، بەڵام بەڕووی دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی ڕەسمی هەڵدەشاخێم و نابووتی دەکەم. خوێندەوارێکی وردی ئەدەبیات بوو، بە تایبەتی ئەدەبی بارگاویکراو بە سیاسەت و هەڵچوونی شۆڕشگێڕانە. بەمنی دەگوت: تۆ نەگەشبینی، نەڕەشبینی. منیش دەمگوت: نەگەشبینم، نەڕەشبینم. شیعری من لە پەراوێزی هەردووکیاندا بەڕێوەدەچێت، ئێستاش چەند کتێبێکم، هەردوو بەرگی: (داغستانی من)ی ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: (عەزیز گەردی) و دوو ڕۆمانی: (حسام بەرزنجی)، ١ - زەلیل. ٢ - کانگای بەڵا و ڕۆمانی: (دایک)ی مەکسیم گۆرکی. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: (کەریمی حسامی) لە کتێبخانەکەیدا مایەوە. ئەو برادەرەم لە ڕێگای شاعیر: (قادر ئیبراهیم مینە)وە ناسی، کە خاوەنی بەهرە و توانایەکی شاراوە بوو، بەداخەوە مەکینەی زاڵمی سیاسەت قادری هاڕی، ئێستا هیچ توانایەکی شیعری تێدا نەماوە، (بەداخەوە). نەچووە بچێت، جارێکی تر ناولەپی خۆی بۆن بکاتەوە و کۆمەڵێک ئەستێرەی تر هەڵداتە ئاسمان.

ئەوەی وەک بیرەوەری لام مایەوە هەر لە گەراج پارەی شوفێرەکەمان دا، کە بە مشتومڕی ئێمە و بازگەی زانی، جوامێرانە ئێمەی هەریەک هێنایەوە پێش ماڵی خۆمان و پارەکەشی بۆ گەڕاندینەوە.

لەوکاتە کورتەی لەگەڵیدا بووین، کاسێتێکی: (حەسەن گەرمیانی) خستبووە سەر موسەجیلەکەی، لەناو دەنگ و ئاواز و ئەدای گۆرانی (کەمەرە شل)دا نقووم ببووم، کە هاتمە خوارەوە سوپاسیم کرد. کاسێتەکەی وەک دیاری پێ بەخشیم، هەوڵم دا لێی وەرنەگرم. گوتی: بازگە دڵی ئێوەی شکاند، تۆش دڵی من مەشکێنە، حەسەن گەرمیانی گۆرانیبێژێکە فۆلکلۆر بە ڕەسەنایەتی فۆلکلۆر دەڵێتەوە و دەگمەنە،

لەخۆوە دروست نەبووە. بێ ئەوەی دەسەڵاتێک، یان تیپێکی مۆسیقی، یان کەسێک بەرزی بکاتەوە، بۆ خۆی دەفڕێت و ئاسمانێکە بۆ ئەوەی خەڵکانی تریشی تێدا بفڕێت. لەم بۆنەیەدا بەشێک لە ئەدیبان گەیشتبوون و گۆڤاری تێڕامانیان بەسەردا دابەش کرابوو، لە دانیشتنی ناوخۆیاندا گفتوگۆیەک لەبارەی شیعرێکی من و شیعرێکی: (حەسیب قەرەداخی) لە نێوان: (قەرەداخی و حەمە کەریم عارف) دروست دەبێت، کە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (تێڕامان - ڕامان)، تەمموزی ١٩٩٦دا، بڵاوکراونەتەوە. شیعرەکەی ئەو بە ناونیشانی: (فەجری عەشق) و شیعرەکەی منیش بە ناونیشانی: (دروودی ئاوێنە).

(حەمە کەریم عارف) لە گفتوگۆکەیدا بەراوردێک لە نێوان هەردوو شیعرەکەدا دەکات. قەرەداخیش دەماری دەگیرێ و بەراوردکردنەکەی پێ قبووڵ ناکرێت. هەڵزەقینەوەی لا دروست دەبێت. وەک: (فەیسەڵ دێهاتی) بۆی گێڕامەوە تانەیەکی ڕاست و چەپیش لە ئەزموونی من و تەواوی لاوان دەدات. لەکاتی گفتوگۆ و هەمان دانیشتندا: (محەمەد عومەر عوسمان) داوا لە: (ع. ح. ب) دەکات گفتوگۆیەکی ئەدەبی بۆ گۆڤاری ڕامان، لەگەڵدا ئەنجام بدات. قەرەداخیش بە: (ع. ح. ب) دەڵێت: (بە تەمومژ و سەرلێشێوان ئاماژە بە شیعرەکەی سەباح بدە). ئەویش لایەنگری بۆچوونەکەی دەبێت و داواکەی بەجێ دەهێنێت. چاوپێکەوتنەکە لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری ڕامان، ٥ی ئەیلوولی ١٩٩٦دا، بڵاوکراوەتەوە و تێیدا دەڵێت: (شیعرێک من تێینەگەم بە شیعری دانانێم. ئێستە هەر لە ژمارەیەکی ڕاماندا شیعرێکی: (سەباح ڕەنجدەر)م بەرچاوکەوت. لەوانەیە هەیە بڵێ ئەمە چاکترین شیعرە، بەڵام ئەو تەمومژە من لێی تێناگەم، بە مەرجێ ساڵەهای ساڵە شیعر دەنووسم و دەخوێنمەوە.)

یەک لە ئامادەبووان: (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی)، کە ڕەخنەگرێکی خاوەن میتۆدە، بەم هەڵسوکەوتە دڵتوند دەبێت و لە خەسڵەتی ڕۆشنبیری دایدەماڵێت، پاش ئەوەی ڕووبەڕوو سەرکۆنەی ئەم داوا و بەڵێیەی هەردووکیان دەکات، پێی ڕاگەیاندم: ع. ح. ب هیچ بەرهەمی تۆی نەخوێندووەتەوە، بگرە هەر ناویشتی بەرچاو نەکەوتووە. ئەم لەخانەی ئەدەب دەرچوونەی پێی کراوە، وەک هەڵوێستی داکۆکی و هەڵزەقینەوە و کاردانەوە و دژە دیاردەیەک بوو، بەرانبەر بەراوردکردن و گفتوگۆیەکە. بۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆر پەیوەندی بە ڕایەڵ و تانوپۆی شیعرەکە، خۆیەوە هەیە. بوار دەڕەخسێنێ بۆ لێکدانەوە و بەراوردی جیا جیا.

ماوەیەکی بەسەرچوو، لە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٦دا، لە هەولێر لە هۆڵی میدیادا: (ع. ح. ب) میوانی بۆنەیەکی ئەدەبی بوو، (من و بۆتان جەلال و دانا عەلی سەعید) خۆمان پێی ناساند و وێنەمان لەگەڵدا گرت. ئێستا وێنەکە لە ئەلبوومی مندایە. وەک مەبەست لەگەڵی وەستام و گفتوگۆیەکی کورتمان لەبارەی ئەدەبدا کرد. وەک مەبەست و بە دیاریکراوی ئەوەم لەگەڵدا باس کرد، تەمومژ پێداویستییەکی ئێستێتیکییە و هێزێکی خولقێنەرە، هیچ شیعرێکی نەمریش لە تەمومژ خاڵی نییە. ئەوەی تۆ مەبەستتە لێڵییە، لێڵیش لە بایەخی لێکدانەوەی داهێنەرانە دوورکەوتووەتەوە. ماکی داهێنان نییە. بابەتی چاوپێکەوتنەکەیم هێنایە پێشەوە و گوتم: مامۆستا لەو چاوپێکەوتنەی لە گۆڤاری ڕاماندا بڵاوکراوەتەوە وەک شاعیرێک ئاماژە بەمن دەدەیت، کەچی من چیرۆک دەنووسم، قەت شیعرم نەنووسیوە. ئەمیش تەزبیحێکی دەنک گەورەی بەدەستەوە بوو، بەدەم پەنجە جوولاندنەوە

ڕووی لەمن وەرگێڕا و بە قووڵاییيەکی زۆرەوە گوتی: (ئەی بۆ وایان گوت).

لە ناوەرۆک و جەوهەری خۆیدا دانی پێدانا و لە ڕاستییەکە تەواو دڵنیابووم. منیش بۆچوونی خۆمم بە پاکی و ڕاشکاوانە گوت و گوتم: ئەگەر ئەدەبت باش ناسیبێت، چۆن دەتوانیت مەودایەک وەربگری و بۆچوونێکی جەڵەبی لەم شێوەیە دەرببڕیت. دڵم ئێشاند. (گیانی گیانان: داوای بووردن لەم دڵئێشانە و هەموو دڵئێشانەکان دەکەم.)

ماوەی چەند ساڵێکی بەسەرداچوو لە هەمان گۆڤاردا: (ئازاد عەبدولواحید) چاوپێکەوتنێکی دیکەی لە ژمارە (٣٣)، ٥ی ئازاری ١٩٩٩ لەگەڵدا ئەنجام داوە، لەوێدا دەڵێت: (لە هەولێر (کەریم دەشتی) دەبینم شتی جوانی هەیە، (سەباح ڕەنجدەر) شتی باش دەنووسێ).

ئەی شیعر: چیایەکی چەند هەستی و چەندیش بەر گوللەی کوێر و دەمانچەی ئاوی دراوی. ڕەنگە ڕەخنەگرێک، یان خوێنەرێک وەک شاعیرێکی بە ئەزموون، کە نیو سەدەیە شیعر دەنووسێت، گوێی لێ بگرێت. ڕەنگیشە لە چاوپێکەوتنی دووەمیشیدا منی نەخوێندبێتەوە و بەرهەمی نەناسیبم. تەنیا بۆ پاساودانەوەی بۆچوونی یەکەمی، بۆچوونی دووەمی دابێت، لەبەرئەوەی من بەهەڵەبردنەکەیم زانیوە.

نەناسین و بۆچوون لەبارەی یەکتری دان، مەیدانی کوشتنی یەکترییە. لە کاتێکدا ئەم خاڵە لە ژیانی ئەدەبیی خۆم دەهێنمەوە یاد و ئەوەش دەزانم. ئەو وردە بیرەوەرییانە پەناگەی ڕۆحن و خۆتی تێدا دەبینیت، چۆن ڕۆیشتووی و چۆنیش دانیشتووی. چۆنیش خۆت لە ماوەکاندا دەناسیتەوە. هەقیقەتی ماوەکان چی بوونە بۆ گەشەی ڕۆحیت و خۆلادان لە زمانی دەستەمۆ. بە دیاریکراوی مەبەستمە ئەوە بپرسم: دەبێ هۆی چی بێت کەسێک بچێتە ژێر کاریگەری بۆچوونی کەسێکی

دی و خاوەنی پێوەری خۆی نەبێت، یان پێوەر ونکردن چ بارودۆخێکی خنکێنەرە بۆ بۆچوون.

کە پێویستی ئەم نووسینە خرۆشاندمی، بۆ باش ناسینی، تەواوی دیوانەکەیم خوێندەوە، کە ساڵی ٢٠١٣ بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی لە ٨٥٠ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا چاپی کردووە.

شاعیرێکی زۆر ئاساییە، بە زمانێکی میللی نووسیویەتی، لە ڕووی شێوازی نووسینیش سادە و خاوە. لە شاعیرانی نەوەی خۆی وەک: دیلان، کامەران موکری، هەردی، کاکەی فەلاح ... تاد، لە هەموویان ناکارا و بێکاریگەرترە. قووڵایی بیرکردنەوەی کەم تێدایە و تەنکە، ئەگەر لە هەندێک دێڕ و کۆپلەشدا قووڵایی بیرکردنەوەشی تێدابێت، کەم لەناو بیرکردنەوەکەیدا دەمێنێتەوە و نایگەیەنێتە باری تێڕامان و خۆبینییەکی داهێنەرانە، بەجێی دەهێڵێت.

سەرەتای شیعری: (شەو)ی خاڵێکی ئێستێتیکییە بۆ بەیەکگەیشتنی شیعر و مرۆڤ و دۆخی ئێستێتیکی مرۆڤ لەناو شیعردا، بەڵام لە ناوەڕاستیدا سیاسەت دەهێنێتە ناوە و هەستە ئێستێتیکییەکە لەناو دەبات و دەبێتە (مانا و گواستنەوە)، ئەمەش جۆرێکە لە ناشارەزایی ئێستێتیکای ئەدەبیدا. لە ئەدەبی ئێستێتیکیدا زمان تەنیا مانایە، گواستنەوە نییە.

فریشتەی خەم سەری سوڕماوە ئەمشەو
ئەوەندەی خەم بەم و بەو داوە ئەمشەو
لەبەر لێشاوی تیپی مەینەتیدا
سوپای خۆشی شکستی داوە ئەمشەو

من بەو زمانە دەنووسم، کە پێی دەگرییم، لە ڕێگای هەست و هەناسەی قووڵی زمان و (پەرتاو - شەتەحات)ی سۆفییانەوەش

نەکەوتمە ژێر کاریگەریی باوخوازی بەشێک لە شیعری کوردییەوە، جیاوازم لە: (ئامانج) و (ئێستێتیکا) و (ئاراستە)دا، شیعری ئاوێتە: جیاوازە لە شیعری قوڕگ. شیعری ئاوێتە پەیوەندییەکی داهێنەرانە لە نێوان زەینی (خوێنەر) و زەینی (نووسەر) دروست دەکات، کەواتە: شێواز و بیرکردنەوەم لە نموونە باوخوازەکەی شیعری کوردییەوە نییە. بۆیە پرسی تێنەگەیشتن و تێگەیشتن. ویست و داوایەکە لە شێوازی باوخوازدا. پەیوەندی بە چێژەوە نییە. چێژ، خۆشی لە بە ئاکام گەیشتن وەردەگرێت. ئەوەندەی پەیوەندی بە (پێکهاتەی نوێ) و (بوون) و (چییەتی)یەوەیە، پێکهاتەی نوێ و بوون و چییەتی، خۆیان ناوەند و تەوەرێکن و بەرەو قووڵاییت دەبەن و لە ناخەوە هەوڵدەدەن دیدی باوخواز و گوێی باوخواز بگۆڕن و ئاگاییەکی ئەندازەییت بدەنێ، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی ئەم پێکهاتە نوێیە و بوون و چیەتییەوە بکەیت، ڕوانینی بابەت و هێزی جیاوازی دەق لە ڕێگای سۆسەی ڕۆحی زمانەوە ببینیت.

پووشکین فەرموویەتی:

ئەگەر ژین درۆی لەگەڵدا کردی
خەفەت مەچێژە و دڵت نەڕەنجێ.
لەڕۆژی ڕەشا. باوەڕت وابێ،
کە هێندە نابا خەونت دێتەجێ.

* * *

دڵ بۆ دوارۆژ لێدەدا.
ئێستای مرۆڤ خەم و ژانە.
هەرچی هەیە ڕادەبوورێ
ڕابردووش هەمیشە جوانە!

پاشکۆی عێراق: ژمارە (٤٥)، ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٨١ ل:١٦

هێزی نزا لەم شیعرە وەردەگرم و ئەم داوایە لە هێزی نادیار و هەبوونی ڕاستەقینە دەکەم، ئەوەی وەک دوژمنیش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووم من لێی دەبوورم و لەگەڵیدا دەچمە ناو سێبەر و هەتاوی سروشت و بەخششی هێزی نادیار و هەبوونی ڕاستەقینە. لەگەڵ هێزی ڕووخێنەری ئەدەبیشدا ناجەنگم، چونکە ئەو بڕوایەم هەیە داهێنەر دەکوژرێت، بەڵام ناڕووخێنرێت. جەنگی ئەوی دی سەبارەت بە داهێنەر، جەنگ نییە. قەواڵەی بەتاڵە.

هەمووومان دەڕۆین، تەنیا ژیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە، پاش مردنمان ژیان. بە وردی، زۆر بە وردی دەمانبینێت و پارسەنگمان دادەنێت. سەرەتا ئەم بۆچوونەم لە: (ع. ح. ب)دا خوێندەوە، سنوورە فراوانەکانم لا بچووک بوونەوە. هەستم بە غەدرێک کرد، وامزانی دەستم لێ بەرزکراوەتەوە بۆ لێدان، بەڵام ئێستا، بیست ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. نۆزدە ساڵیش بەسەر کۆچی دوایی: (حەسیب قەرەداخی)، شازدە ساڵیش بەسەر کۆچی دوایی: (ع. ح. ب)، تاسەی ئەوە دەکەم، وەک چۆن دەست و دڵت دەکەیت بە چەترێک و بەسەری دڵشکاوێکدا هەڵیدەدەیت، هەم خۆت و هەم دڵشکاوەکە دەچنە ناو سێبەر و هەتاوی سروشت و بەخششی هێزی نادیار و هەبوونی ڕاستەقینە. هەزار جار لەوە زیاتر، تاسە لە هەموو هەستەکانم پلدەدا، بەم درەنگی شەوە، ساتەوەختی ئەم نووسینە، بچم دەست بەسەر کێلەکانیان دابهێنم و بە خۆڵی گۆڕەکانیان تەیەمومێک بەجێ بهێنم و شەونوێژێک بکەم. نوێژی شیعر و ئەوپەڕی داهێنان. ئەی هێزی نادیار و هەبوونی ڕاستەقینە، بمگەیەنە ئەو بارەی داوای دەکەم.

**حوزەیرانی ٢٠١٦ هەولێر**

# شیعر و شێوەکاری

**پێشچاو**

ئەم نووسینە بیست و پێنج ساڵ پێش ئێستا، لەبارەی شیعری: شتێک لە مێژووی ئاوابوون - ی: (نەژاد عەزیز سورمێ)، نووسراوە. لە ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەی (ڕاپەڕین)دا، تشرینی یەکەمی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە. لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکە زۆر ناوخۆیی بوو، لە شەقڵاوە دەردەچوو، بەشێوەیەکی دیاریکراویش دابەش دەکرا. دووبارە بڵاوکردنەوەی، بە لێزیادکردن و دەستکاری و جۆرێک سەرلەنوێ داڕشتنەوەی، بە پێویستییەک دەزانم بۆ پیشاندانەوەی تێڕوانینی سەرەتاییم بۆ ئەدەب و بە ئەدەببوونی گەرمایی ژیان. ئەم خۆبوونییە فراوانترە لەوەی من لە بارەیەوەی دواوم. لە بنەڕەتدا یەک خۆبوونییە. بریتییە لە پەنجا پارچە، یان تابلۆ، بەڵام لە کاتی جیا جیادا نووسراون، یان کێشراون. لە ژێر سێ ناونیشاندا پێشکێش کراون. هێزی شیعر و دەربڕین و شیعریبوون و تەرزی بیر لە هەر پەنجا پارچەکەدا لە یەک ئاستدان، بەڵام هێزی هاوئاهەنگی و دەقئاوێزانی شێوەکاری و وێنە و زمان لە بیست و پێنج پارچەی: (ئەزموون)دا بە هێز و بەرجەستەترە لە دوو بەشەکەی تر.

١ - ئەزموون: بریتییە لە بیست و پێنج پارچە. ساڵی ١٩٨٥ - ١٩٨٧ نووسراوە، لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژمارە (٧٢)ی ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکراوەتەوە.

٢ – شتێک لە مێژووی ئاوابوون: بریتییە لە یازدە پارچە. ساڵی ١٩٨٩ نووسراوە، لە گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (١٦٦)ی ساڵی ١٩٩٠ بڵاوکراوەتەوە.

٣ – پەراوێز: دوو بەشە، بەشی یەکەم بریتییە لە پێنج پارچە. ساڵی ١٩٨٦ نووسراوە. بەشی دووەم بریتییە لە چواردە پارچە ساڵی ١٩٨٨ – ١٩٨٩ نووسراوە، لە گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (١٥٧)ی ساڵی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە.

کۆی هەر سێ بەشەکە، هەوڵێکن بۆ چوونە ناو جۆرە تاقیکردنەوەیەک لە شیعری نوێی کوردیدا، کە بە تێڕوانینێکی شێوەکاری نووسراون و جێگۆڕکێی زمان و وشە لەگەڵ هێڵ و ڕەنگ و شێوە و هێما و ڕووبەردا ڕوودەدات: (عەبدوڵڵا سەڕاج) لە سەرەتای حەفتاکان هونەری شێوەکاری لە چیرۆکەکانیدا تەواو بەرجەستە کردووە، بە تایبەتی لە چیرۆکی: مانگی سەوز، هەشت و نیوی بەیانی – هەشت و نیوی شەو، شیوژاڵە، برایم شۆراوی، کە وشە و ڕەنگ ژوان دەگرن ... تاد، هەروەها لە ژمارە (٦٨) ی حوزەیران و تەمموزی ١٩٧٨ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)شدا بەناونیشانی: (میهرەجانی ڕەنگ و هێڵ لە پێشەنگای نالی دا) ئەمەی وەک دیاردە و ڕووداوێک لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هێناوەتە بەر هەست و بینین و ڕووبەری کراوە، لەمەشی کۆڵیوەتەوە، کە (نالی) سوودی لە هونەری شێوەکاری وەرگرتووە. ئەم ئەزموونەی نەژاد جیاوازە لە سوود وەرگرتن، بەڵکو بە جیهانبینیی شێوەکاری نووسراوە، شیعر ئەگەر شێوەکاریش نەبێت، زمانێکی شێوەکاری هەیە. گونجانی ئەم دوو چەشنەی پێشکێش کردووە، تاکو ئێستاش شەش پێشەنگای کۆلاژیشی کردووەتەوە. وەک هاوگونجاندنی چەشن لە ماڵ و کتێبخانەکاندا ڕووبەری بوون دەکاتەوە

و هەڵدەگیرێت و دەمێنێتەوە، هەموو دیاردە و ڕووداوێکیش ڕووبەرێکی کراوە و چالاکی تایبەتی بۆ خۆی لە گریێ و گۆڵ بژارکردووە و تێیدا مەشق دەکات، بەڵام لە پاش بیست و پێنج پارچەی یەکەمدا ئەزموونەکەی تاڕادەیەک دەوەستێنێت و پەرەی پێنادات، تا وەک دیاردە و ڕووداوێک بناسرێت و تەماشا بکرێت.

**٢٠١٦/١٠/١ هەولێر**

(وەکو پەمۆ:
لە قۆزاخە و
لە مەکینە و
لە دار هەنەیشدا دەژی
تا ئەوەی لە پەرداخێکیش نقوم دەبێ
دەریا هەستێ ناگاتە گوێزینگانی.)

لە پەیوەندییەکی ڕاسەوخۆ و زۆر تایبەتدا، بەفریشم بە لووتکەی سەرفرازی و چاوی سپی و هەمەڕەنگی دنیای تیشکداری نیشتیمان و نەتەوەم وەک لافاوی ژیلەمۆ و چپەی ناخ و لەرزەی گیان و کۆی ژیان دیوە و بۆیان دێمە خوارێ، بەتاسەیانەوە دەنووم بە نیازی خەونێکی دەستگیر. نیشتیمان و نەتەوەم، کەی لە واقیعێکی هەمەڕەنگدا دەتانبینم، لێوتان باوەشێ خەندە و چێژی ماچ و زمانتان مژدەی پەیامی جیهانی لێکدانەوەکان و جیهانی جیاوازییەکان بگەیەنێت.

تا ئەم کەسە تخلیتانەی ئەمڕۆ کەمێ بیر لە لێڵیی ئێستایان بکەنەوە، کە دوێنێ لە لاپەڕەکانی کتێبی کۆی ژیان و زەمینەی مێژووییەوە خزان و لە زۆربلێیی قەڵەمدا نەشازی هارمۆنی دەسمایەیانە، واتە: نەگونجانی دەنگەکان. ئەوەی هەڵە بکات دەبێ بڕوای بە سزاش هەبێت.

کەچی ئەم ڕووە هەڵبزڕکاوانەی، کە یاخەی کراسی دەسەڵات بوون، ئێستا قەڵەمیان لە قەڵەمتراشی کاروانسەرا و کاروانەڕێ تیژ دەکەن، لاریش لەوەدا نییە قەڵەمە ساردەکان لە گەرمایی هەقیقەت و کرۆکیجوانی ئەدەبدا دەتاوێنەوە، بەردەوامییان لە بوونی بێزراویان نەزۆکترە.

(ئاوێنەکان بە دیوارەوە شکاون..
هەتاو ڕووتە، سایە بۆشە
پێینگانی کچی ئاسمان
داری حەسرەتی لێ ڕوواوە.)

ناخ پەرتکردن، کارە سەرەکییەکەت ڕووەو کزی و ئاوارەیی دەبات. ڕوونتر مەبەست دیار بکەین، لەبارترە ئەدیب لە کارە سەرەکییەکەی خۆیدا جێگۆڕکێ نەکات، چونکە ڕامان ناردن بەم لاوبەولادا لە گرنگییەتیی کارە سەرەکییەکەت دادەشکێنێت و ڕێکخستنی ئەو هەموو شتانە لە مێشکدا، هەر یەکەی لە شوێنی خۆی دانانرێت. بۆ وێنە: تۆ جووڵانەوەی شیعرێکی نوێبەخشت لە ڕامانتدا دەستەمۆ کردووە و ئەندازەی دوورییەکانت پێواوە و جەمسەرەکانت کۆکردووەتەوە و خاڵت بۆ کێشانی هێڵ داناوە، لە هەمان تەوەر و یەکەم هەنگاوی کات و شوێنی چرکەی نووسینی ئەم شیعرەی تێدا بەڕێوەی بۆ ماڵی نووسین. خەریکی وەرگێڕانی شیعرێکی، ئەم وەرگێڕانە، بەشێک لە بنەڕەتیی شیعرە نوێبەخشەکەی خۆت لەناو شیعرە وەرگێڕدراوەکەدا دەتوێنێتەوە. وەرگێڕیش ئەم دەقە ئەدەبییە وەردەگێڕێت، لەگەڵ ناخی

خۆیدا لە چەند خاڵێکدا یەکگرتنەوەیەکی گیانییان نێوانە و بەشێک لە کارە زیندووە هەستییەکانی قاڵبووی بەرزاییەکانی ڕامانییەتی.

بە ڕوویەکی تر، ئەو ئەدیبەی فرمێسکی چرای تێڕوانینی لە چەند کارێکی ئەدەبیدا دەڕژێنێ، بای ڕۆشنبیرییەکی کاریگەر بەروبوومی ڕەز و بێستانی هەوڵەکانی دەخاتە لار و لەنجەی بەردەوامی، دەنا کارەکانی دەچنە خانەی ئەدەبی ڕۆژانە و هەناسەی ئایندە لەدەست دەدەن و سەرەنجام، لە مێژووی داهێناندا هەوڵ بەتاڵ دەمێنێتەوە و ڕوخسارێکی تایبەت بە خۆیان پەیدا ناکەن.

ئەم چەند ئاماژەیەم بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستمە، دەمەوێ و ویستوومە پەنجە ڕووناکی ئەم چەند هێما جێگیرییانە بکەم هەر لە سەرەتای خوێندنەوەم، لام دروست بووە. شاعیری: (شتێک لە مێژووی ئاوابوون) چووەتە قۆناغێکی هەستیار و سەرەکییەوە و لە چەند لکێکی تریش کار دەکات و ناخی بەم لایەنانەدا پەرت کردووە، بەڵام داهێنانی دیارە و تارمایی، گیانی زەرد نەکردووە و نیانیی داهێنانی ڕووەو ڕەنگڕێژتر سەردەخا بەرەو بڵندبوونەوەی ناوەندی بابەتە کاریگەرەکان و تێکڕای جیاوازییەکانی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی گەردوون، کەواتە: حاڵ و باری خۆی بە دەستهێناوە و ناسیویەتی، هەروەها لە شیعری کلاسیکی کوردییەوەش فێربووە چۆن بە قووڵی و هەستیاری سەیری ژیان و سروشت بکات.

ئەمەش کۆکردنەوەیەکە، کەم پەنجەی نووسین دەتوانێت و توانیویەتی لە سێبەری فیکر و دەسەڵاتی داهێناندا ئەمانە کۆبکاتەوە و وەک داهێنانیش وەربگیرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت:

١ ـ شیعر

٢ – کۆلاژ

٣ ـ ڕۆژنامەگەری
٤ ـ وەرگێڕان
٥ ـ سەرنج و بۆچوونی ئەدەبی
٦ ـ لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری و ئارکیۆلۆژی.

ئەم خەسڵەت و خاسییەتانەی لە: (نەژاد عەزیز سورمێ)ی ئێمەدا دیار کەوتوون، بە هەمان شێوە لە: (پۆل شاوڵ)ی عەرەبیشدا دیارن. هەردووکیان ڕۆحی کۆمەڵگا و کلتووری خۆیان ناسیوە و مایەی دڵخۆشین و دەقەکانیان ئارەزووشکێنن. کەسی دووەم، کە خوێنەرە. دووچاری ڕامان و وردبوونەوەی گیانی و سەرسووڕمان دەکەن.

کە شیعرێکی جوان و نوێبەخش دەخوێنمەوە، لە خۆشییاندا چاوم زەوی نابینێ، ئەگەرچی شیعری جوان و نوێبەخش لای من تەواوی زەوییە. ئەوکاتەی لە سینگی کۆشیعری: (تاڤگەی مەند – ١٩٨٧) دا هەناسەی ئۆخەم خواردەوە و مەشخەڵی هەستی دوای خوێندنەوەم تێیدا هەڵدایە ئاسمان، باری سەرنج و تێڕوانینم لە چەند لاپەڕێکدا گرد کردەوە، لەژێر ناونیشانی: (وێنەی مەند لە تاڤگەی مەند)دا، فلچە و پەڕەمووچی تواناداری ئێستێتیکیم لە شیعرەکاندا جووڵاندبوو، لە هێڵی ئەم ڕاوە وردانە گەڕابووم، تیشکدانەوەی ئاوێنە و سێبەری فیکر و نموونەی هونەری باڵای شیعر بوون، بەڵام ئەفسووس دەف و دایەرەی ڕۆژنامەی: (هاوکاری) و هەفتەنامەی: (پاشکۆی عێراق)، چەرخی داپڵۆسینیان خستەگەڕ و نەیانهێشت جووکە و نووکە بکات.

کێ تاڵاوی خوارد؟
کێ تاڵاوی خو؟؟
کێ تاڵاو..؟؟؟

کێ تاڵ..؟؟؟؟

کێ ت..؟؟؟؟؟

ک..؟؟؟؟؟؟؟

ئەم شیعرە ڕستەیەکی ئاماژەییە. خۆی، خۆی دەکرتێنێت و کرتاوە کە لە ناوخۆیدا دەشارێتەوە. ئێجگار ئەندازەیی و شێوازییە. بە وریایی و ئاگاییەوە دۆخی ڕۆحی کۆمەڵگای کوردی و کوردستانمان وەک تەلارێکی نیشتەجێبوون لەناو شەڕی ناوەخۆدا پیشان دەدات، وردەکاری بیناسازی تێدا بەکارهاتووە، وردبوونەوەیە لە دیاردە و ڕووداوێک. دیاردە و ڕووداوەکەش شەڕی ناوەخۆی شاخە، لە دەستپێکدا پرسیارە، پرسیار لە ناوێک، (کێ تاڵاوی خوارد). لە پێکهاتەی شیعرەکەدا وشە وشە دەکرتێنێت و کرتاوەکە لە ناوخۆیدا دەشارێتەوە، لە کۆتاییشدا تەنیا وشەی (ک) دەمێنێتەوە، هێمایە بۆ ناوی: (کوردستان)، بە زمانی نهێنی وەڵامێکی هێمنە بۆ پرسیاری دەستپێک.

(ئەوان تینی کوورەی دەفیو

ئێمە شەختە..

ئەوان گیا

ئێمەش بەرخی دوو باقەگیا...)

ئەمە ئاماژەیە بۆ برایەتی: (کورد و عەرەب)، لە دوو نیشتیمانی بەزۆر سەپێنراو و بەیەکەوە لکێنراودا. هەم لە ئاستی بوونی مێژوویی و مامەڵەی فیکری، هەمیش لە ئاراستەی نیانیی زمان و شیعریبووندا، جیاوازە لەو برایەتییەی: (گۆران و لەتیف هەڵمەت) لە دەقەکانی خۆیاندا وەک تەبایی و هاوئاهەنگ و هاوگونجاندنی ژیان، بەهانە و پاساویان بۆ هێناوەتەوە و دەیانەوێ بەلای چاکەدا بیخەنەوە.

دەقی: چیرۆکێکی برایەتی، دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل:٣٢٠.

دەقی: داستانی برایەتی دوو ڕووبار، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٤ ل: ٤٩٥.

(ئەوە هەناسەدان نەبوو
ئەوە ڕمانی چیا بوو..
چەخماخەی هەورەتریشقە و
فڕینی هەموو چۆلەکە و کۆترەکانی دنیا بوو..
ئەوە هەناسەدان نەبوو.)

ئەمەش خاڵی وشیارکردنەوە و ڕاگەیاندنی کارەساتی هەڵەبجەیە، بەهایەکە بۆ یاخیبوون. شیعری کوردی بەری کارەساتی هەمەجۆری نیشتیمان و نەتەوایەتیمان بووە. شیعریش لە هەموو بار و سەردەمەکاندا وەک بوونێکی فیکری لە ئاست ڕووداوە دیار و نادیار و مەییوەکانی نیشتیمان و نەتەوەدا، بوونی خۆی لە ڕەوت و چوارچێوەی ناوەرۆک و ئێستێتیکادا نمایش کردووە.

بەشێک لە شاعیران، دەستەوەستان نەبوون لە ئاست ئەم بەگژداچوونە فیکرییەدا، بەهەمان شێوە شیعریش بەردی شوورەی سەنگەر بووە، هەموو کات گوللەی دیکتاتۆر لەم بەردەدا سارد بووەتەوە و ملکەچ بووە. لەناو ئەدەبی ئێمەشدا چەند شاعیرێک ئەو بەردە بوونە، وەک: جەمیل ڕەنجبەر، دڵشاد مەریوانی، جەلالی میرزا کەریم، فەرهاد شاکەلی، شێرکۆ بێکەس، سامی شۆڕش، محەمەد حەمە باقی، ڕەفیق سابیر، مارف عومەر گوڵ، ئەبووبەکر خۆشناو، هەندرێن ... تاد، بەڵام بۆچوونی ڕەهای من ئەوەیە: فیکری داهێنەر لە ڕەوت و چوارچێوەی ناوەرۆک و ئێستێتیکادا خۆی دەخەملێنێ، نەک لە بریق و

باقی دروشمدا. شاعیری داهێنەر پابەندە بەکرۆکی داهێنان، پابەند نییە، نە بە کۆمەڵگا و نە بەسیاسەتی وڵاتەکەی. لە شێوە تایبەتییەکەی داهێناندا، داهێنان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی کۆمەڵگا و وڵاتدایە.

شیعری: (شتێک لە مێژووی ئاوابوون) ئەو مووچڕکەی دامێ، کە من لە شیعردا دەمەوێ و چاویشی پێ ڕوونکردمەوە، لە ناوەوەم ڕابمێنم و لە سنووری جووڵانەوەی ڕووبەردا، یەکانگیربوونی ئێستێتیکای خاڵ و هێڵ و مانای هاوئاهەنگی و بنیادی شێوەکاری و زمان ڕوونیی ڕەنگ ببینم.

١ ـ وشەی ئاسایی و نیمچە باو، بەڵام ڕۆڵێکی تر بە وشە دەدا و ئەفسوونی پیت گوێ ئارام دەکات و شەپۆلی ئاوازیش پشوو بەچاو دەدات، زمان لە زەیندا پەروەردە دەبێ و قووڵبوونەوەیەکە بۆ هەستی بوون، شیعری بێگەردیش بە وشەی ناو ژیان دەنووسرێت و پەیوەندی و گونجاندنی نێوان وشە دەدۆزێتەوە و هێز دەداتە وشە، ئەمە گرنگترین خاڵی بینینە بۆ داهێنان، ئەوەی بە وشەی ناو فەرهەنگان بنووسێت، ئەگەر تەمەنی نووحیشی هەبێت و ژوورێک کتێب کەڵەکە بکات. تەنیا نووسین و خۆ بەفیرۆدانە، داهێنان نییە.

٢ ـ وێنەی ڕوون و تا ڕادەیەک ئاشکرا، بنیاد و کەشوهەوای وێنەکان نادەستەمۆ و خورپەدار دەکات و شوێنی سەرەتای دەستپێکردن و سەرنجڕاکێشانی تێدا بە کراوەیی جێدەهێڵێت.

٣ ـ شێوازی لە فۆرمێکی بێ گرێ و پێوانەیی، لە بەشەکانی وێنەدا چالاک و پڕ هەست کردووە، سۆزێکی خۆشکراو بە بیریش خاسیەت و ڕژانی یەکەمیەتی.

٤ ـ یەک گیانیی بابەت لە سەرەتای شیعردا، تا کۆتایی سەرەداوی بابەت بەرنادا، تا بە خوێنەری دەگەیەنێ، ئەم کات سەرەداوەکە بۆ خوێنەری نموونەیی جێی دەهێڵێ.

٥ – هەندێک جار لە بەشێکی شیعرەکانیدا، نەرمیی مۆسیقا جێگای وشە دەگرێتەوە، لە هەندێک شوێنی تریشدا ئەفسوونی خاڵ و هێڵ و ڕەنگ هەمان ڕۆڵ وەردەگرن.

٦ – درێژدادڕی و درێژکردنەوەی بابەت، هونەر نییە. شیعر لە پێویستی فیکر و شێوەدا کۆتایی پێدەهێنێ، درێژدادڕی دەق لەبار دەبات، لەخۆ پاراستن لە درێژبوونەوەی بابەتدا بەهرە و کارامەیی نیشان داوە، بەڵام لە ڕەوتی دەقدا ئاواز دووبارە دەکاتەوە. ئەم دووبارەکردنەوەی ئاوازەش یارمەتی هەستی خوێنەر دەدات بۆ چێژ وەرگرتن.

ئەم چەند جووڵانەوە شیعرییە هێمائامێزە ڕووی دیار و نادیاری کێشە سەرەکییەکانی داهێنان و پێویستییە نیشتیمانی و نەتەوایەتییەکانمانە:

ئا ـ هێڵی داهێنان، شیعر و کۆلاژ.

ب ـ هێڵی پێویستییە مێژوویی و ڕۆژانەییەکان و هێزی خۆڕسکی داهێنەر لە چرکە زۆر تایبەتییەکانی نووسین و بەرجەستەکردندا.

شیعری: (شتێک لە مێژووی ئاوابوون)، هەردوو هێڵەکەی هاوشان کێشاوە بۆ نادیارییەکی ئێستێتیکی و خۆی لەم خاڵ و هەستە ئێستێتیکییەدا دووپات کردووەتەوە، ئەوەی لە دووپاتکردنەوەکەدا گرنگ و دەرکەوتەیە پێداگرییە بۆ ئازادی سروشتیی ئەدەب.

**١٩٩١/٨/٢٨ شەقڵاوە**

# نامەیەکی کراوە بۆ جەلال بەرزنجی

کاکە جەلال بەرزنجی، کە گوێت لە هاوار بوو، ئاگرت کردەوە. ئاگر زەوی لە پیسی پاک دەکاتەوە و هێڵێکی داگیرساو بەرز دەکاتەوە. کۆشیعری: (بەیەکەوە تەنیاین)، کە ساڵی ٢٠١٥ لە خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپ کرا. هەستی ڕاگرتم، هەست هەموو توانا نیشتووەکانی لە قووڵاییەکانەوەن پاڵیان پێوە دەنێت و سەریان دەخات و ئاراستەیان دەکات بۆ بینین، کە بینراش فۆرمێکی گونجاو وەردەگرێت. فۆرمی نووسین، کە ئەم گەشەکردنەم ئاراستەی هەستەکانی خۆم کرد. هەستم کرد کۆمەڵێک شیعری تۆ لە هەستەکانی مندا نیشتوون و سەردەکەونەوە. لەم کۆشیعرەتدا دوا خراون و گفتوگۆم لەگەڵدا ناکەن، بەڵام ئەمەکی ئەدەبی و زەینم دەیبردمەوە سەر ئەو شوێنانەی بەر زەینم کەوتوون، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا گەڕام پێنج شیعرم دۆزییەوە.

١ - هەڵبزڕکانی بڵندایی

٢ - ئاشتبوونەوە

٣ - شەوێکی تر نەچوومەوە گوێ چەمی منداڵیم

٤ - وەرە تا زووە شوێنێک لە مردن بۆ خۆمان بکەینەوە

٥ - شتە ئاساییەکان و شتە نائاساییەکان

تایپ و هەڵەگری و ڕێنووسیشم کردوون. ئەوە بۆ ئیمێلەکەتی دەنێرم. خۆزگە لەو دانیشتنەی ٢٠١٧/١/١٨، کە نەژاد عەزیز سورمێ و

تۆ و من لە یانەی (سیپان دوو) لە هەولێر دانیشتین ئەو پرسیارەم بهێنابووایە گۆڕێ، ئایا ئەم شیعرانە بۆ نەکەوتوونەتە ناو کۆشیعرەکەتەوە، کە شیعری جوانیشن. بەدڵنیاییەکی ڕوونەوە لە تەواوی ئەم شیعرانەی لە کۆشیعرەکەتدان جوانترن. لە ژیانی شاعیری داهێنەردا ئامانجێک هەیە و هەمیشە بە دوایدا دەچێت و بە چیادا هەڵدەگەڕێ. لە پێناو گەیشتن بە لووتکەدا نا، لە پێناو بەردەوام کۆششکردن و بنیادنانی کەسایەتیی ئەدەبی و بەسەر خۆدا کرانەوە.

ئەم شێوازەی (شتە ئاساییەکان و شتە نا ئاساییەکان) بۆ ساڵی ١٩٩٥ لە ئەزموونی تۆدا خۆگۆڕینێکە و شتێکی تر هاتووەتە ناو دنیاکەتەوە، واتە: شتێک لە بەهرەی تۆدا ڕوویداوە. گونجاندنێکی ئەفسوونیت لە نێوان ئەم دژانە بەکار هێناوە، کە تەنیا ناوت بردوون و لە ناوەکەشدا ئیحات داوە، واتە: وشەکەت لە ڕووی دەروونییەوە گەرم و هەستیار کردووە و هەوڵت داوە لە وشەدا ئیحا بدرێت و وشەکەش وەک ڕستەیەکی شیعری خۆی پێشکێش بکات، کارایی شاعیرێکە بنیادی توانای ئەدەبی ناوە و وشەکە بەرز دەکاتەوە تا ئاستی خۆدرکاندن و بژارکردن بۆ هەڵبژاردن و پڕ ئیحاکردنی.

ئەم کۆشیعرەت بریتییە لە بنیادی گەڕان بەدوای نیشتیمانێکی دیارنەماو، یان هەستێکی سەرگەردان و بزربوو تێیدا. تۆ و عەبدوڵڵا پەشێو بەشێکی زۆری شیعرەکانتان لە دەرەوەی وڵات نووسیوە، پێچەوانەی ئەزموونی تۆ، ئەو بنیادی نیشتیمانێک دیار دەکات و هەستی تێدا دەجۆشێنێت. ناسنامە لە ئەزموونی هەردووکتاندا هاوبەش نییە. هی تۆ گەڕانە بەدوای ناسنامەی هەستی و هی ئەو پێشکێشکردنی ناسنامە ی بەڵگەیی. هەست لە گەڕان بەدوای ناسنامەدا بەهێزترە لە ناسنامە

پێشکێشکردن. هەردووکیان گوزارشت لە منای بوون دەکەن و خوێنەر سەرسام دەکەن. یەک بوونێکی هەستی و ئەوی تر بوونێکی بەڵگەیی.

کۆشیعری یەکەمت: (سەمای بەفری ئێواران – ١٩٧٩). دوو تایبەتمەندیی گرنگی تێدایە:

یەکەم: لەم کۆشیعرەدا پەخشانە شیعری کوردی تەواو دەردەکەوێت. پێشتر وەک تاڵە تیشک هەبووە، بەڵام وەک دەرکەوتن ئەم کۆشیعرە دەستپێکە. دواتر شیعری: (هاتیت – ی محەمەد موکری – گۆڤاری بەیان، ژمارە (٥٩) ١٩٨٠ و سووتانی ڕەنگەکان - ی دڵشاد عەبدوڵڵا – گۆڤاری بەیان، ژمارە (٩٥) ١٩٨٤ تیشکی زیاد و بەهێزتریان خستە سەر پەخشانە شیعری کوردی.

دووەم: یەکەم کۆشیعری نەوەی ئێوەیە تەواو لە کەشوهەوای شاعیرانی پێشە خۆیان چووبێتە دەرەوە و قەڵەمبازێک بێت بۆ خۆجیاکردنەوە و نوێبەخشییەکی خۆماڵی، لەم کۆشیعرەدا، شیعری کوردی پرسیاری قووڵتر لە خۆی دەکات.

ژیان پڕ بەهرەیە، دەتوانیت بەهرە لە بەهرەکانی ژیان وەرگریت بە سوودوەرگرتن لە تواناییەکانت بیکەیت بە پاڵپشت و نیشانەی کارکردنی بەرپرسیارێتی و قوربانیدان، ئەم توانینە هێزێکی پێگەیشتووی پێویستە بۆ پڕ ئیحاکردنی وشەی بەرپرسیارێتی و قوربانیدان. دەست بە داهێنانە جوانەکانمانەوە دەگرم و وەک نموونەی باڵا دەیانهێڵمەوە و دەیانهێنمەوە بەرچاوی نەوەی نوێ و خوێنەری نموونەیی. قەت ناتوانم پشت لە جوانییە ڕاستەقینەکان بکەم. ئەزموونی تۆ لەناو شیعری هاوچەرخی کوردیدا جوانییەکی ڕاستەقینەیە، گەیشتووەتە زەینی خوێنەری نموونەیی و بەهێمنی جیهانی خۆی نەخشاندووە، هانی داوم و هاوکاری کردووم بۆ جۆش و گەڕانی

بێسرەوت و خۆشەویستی زیاترم بۆ شیعر و خۆلادان لە زمان و فۆرمی باوخواز.

کاکە جەلال: ژیانم خۆشدەوێ و زۆریش بەتاسەیەوەم، شیعریشم یەکجار خۆش دەوێت، چونکە خوێنی بنەچە و خودی خۆمە. تا ڕادەی توانەوە لەناویدا تواومەتەوە، بەڵام بە دەستی ئەوانەی هونەری نووسین نازانن و قسە و قسەڵۆکەکانیانەوە ئازاری زۆرم تێیدا چەشت و ستەمیان لێ کردووم و بەدەستیانەوە ماندوو بووم و ماندووم. ئێمە ئازاری زۆری ئەوانە دەدەین، کە مەوداکانی کارکردنی شیعرییان دۆزیوەتەوە و داهێنەرن. لەو مەیلە ناقۆڵایەوە چەندین بەهرە و خولیا خانە بە خانە جەستەیان داچۆڕا و ڕۆحیان هەلاهەلا بوو، بەڵام من وەک بڕواداریک بڕوام بە تۆڵەی خودایی هەیە، کە خودا پارێزەری هەمووماننە. ئەوەی چاکەی لەگەڵدا کردووم، لەبەر چاومە. ئەوەی خراپەشی لەگەڵدا کردووم. لەبیری ناکەم، بەڵام هەوڵ دەدەم لە خۆمی دوور بخەمەوە. بەرانبەر شیعر چاوەکانم کردوونەوە و ئەویش سەیری من دەکات.

لە ١٩٨٣/١/٤ تازە چەند شیعرێکی سەرەتاییم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کرابوونەوە. لە دەفتەرێکی بەرگ ئاسمانیدا بە دڵوداو نووسیبوومنەوە. ناوم نابوو: (قووڵاییەکانی ئا و نا: ئا = مردن، نا = ژیان). پێشانی یەک لە شاعیرە بەئەزموونەکانی شارەکەم، مەدحەت بێخەوم دا. باری سەرنجی لە قووڵاییەوە نەبوو، بە جۆرێک ئاستی بە شیعرەکان دا، هەر هێندەم مابوو خۆم لێ بگۆڕێت و خۆم بە پاشای بێ تەخت و تاج بزانم. ناونیشانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیم وەرگرت و چوومە بەغدا. لە گەراج تەکسییەکم بۆ ناونیشانی وەرگیراو گرت و یارمەتیم لە پرسگە وەرگرت و بەژوور کەوتم. لە

ڕاڕەوەکەدا ڕووبەڕووی پیاوێکی باڵا بەرز بوومەوە، بە کەم ئەزموونی و سادە و ساکاریی خۆم گوتم: (من شاعیرم و لە هەولێرەوە هاتووم و دیوانم هەیە دەمەوێ چاپی بکەم). ئەمیش بەبێ ئەوەی هیچ بایەخم پێ بدا و قسەیەکم لەگەڵدا بکات، چەند هەنگاوێک لە من دوورکەوتەوە و سەری بە ژوورێکدا گرت، بە دەنگێکی تەوساوی و گاڵتەئامێزەوە، گوتی: (مەحموو، مەحموو ئەو گەنجە هەولێرییە هاتووە و دەڵێ شاعیرم و دیوانم هەیە). جا نازانم لە هەڵزەقینەوەی گاڵتەئامێزی ئەو پیاوە بوو، یان هەر خۆی میوان دۆست بوو. منی زۆر بە گەرموگوڕی وەرگرت و لە ژوورەکەی خۆی دانام و چایەکیشی بە دەستی خۆی بۆ هێنام. دەفتەرەکەی لێ وەرگرتم، لێرە و لەوێ چەند لاپەڕەیەکی خوێندەوە و گوتی: (ئەمانە شیعر نین، ئەمانە سۆزن، بڕۆرەوە ماڵی خۆت و بخوێنەوە، تا هەست نەکەیت شیعر پێویستی بە تۆیە بینووسیت مەینووسە، کە هەستت کرد پێویستی پێت هەیە بینووسیت بینووسە). دوای تاوێ بێدەنگی، وەک ئەوەی لە شەڕدابێ دووبارە گوتییەوە: (وەک گەنجێک ئەگەر داهێنەر بووی، هەرچی یارمەتییەک پێویست بوو، دەتدەم. ئەگەر داهێنەریش نەبووی، یەک دوو بڵمە بڵمی کرد، زانیم نارەزایی بوو، بەڵام بە ئاڵۆزی گوتی، نەیهێشت من تێیبگەم). تەنیا بە ناونیشانەکەی گوت جوانە و زۆریش پێی کاریگەر بوو، یەک دووجار ناونیشانەکەی بە چ وزە و هەست و واقوڕمانێکەوە لەبەرخۆیەوە دووبارە کردەوە و دواتر گوتی: جوانە، ئای کە جوانە.

منیش بەدڵی شکاو و بێ ماڵئاوایی لە ژوورەکەی چوومە دەرەوە. لە دەرگاوە دووبارە تەکسییەکی ترم گرت و یەکسەر بۆ گەراج. لە ڕێگادا، هەر لە بەغداوە تا هەولێر هەرچی جوێنی دنیا هەیە بە مەحموود زامدارم دا، نەک هەر خۆی تا هەژدە پشتیشی. ئێستاش دەفتەرەکەمم

پاراستووه، وەک شیعری خراپ و تایبەت بە تەمەنی دەست پێکردنەوە سەیری دەکەم. هەر چەند جارێک تەماشای دەکەمەوە. ئەوجا دەزانم مەحموود زامدار چ یارمەتییەکی منی تازەکوورەی داوە و چ ڕاستگۆ بوو لەگەڵ ئەزموونی نووسین. سوپاس بۆ ئەو بە ڕەقییە هەڵسوکەوت کردنەی لەگەڵمدا. بە ڕێگای خۆمدا ڕۆیشتم و درووود بۆ ئەو، درووود بۆ ڕاستگۆیی لەگەڵ ئەزموونی نووسین. قسەکانی بە پیرۆز دەزانم. دوای ماوەیەک کارەکەی گواستەوە لقی هەولێری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەشی پێنجەمی (زێوان)م پێشان دا، پێی گوتم: (حەڵاڵزادە)ی شیعر و شیرپاکی نوێبەخشی، چاک بەسەر شێواز و زماندا زاڵ بووی.

لەگەڵ ئەو سۆزە بە جۆش و بۆچوونەی، کە هەست دەکەم هەڵچوونی کاتی و پەلەی تێدابوو، لە زێواندا هێشتان شێوە زار و دەربڕینی ناوچەیی، یان شێوە زاری لادێیی بەسەرمدا زاڵ بوو، لەسەر هێڵێکی ڕاست ڕاوەستابووم، هێڵی توانا و هێزی خۆڕسک، واتە: زمانڕەوانییەکی پەتیم هەبوو، بەڵام بیرێکی ڕووناکی زمانم نەبوو.

زمانی نووسین لە زمانی قسەکردن لە دایک دەبێت، تەنیا کەسە گرنگەکان ئەو لەدایکبوونە دەهێننە بەرهەم. من ئەوسا ئەو بەرهەمهێنەرە نەبووم، واتە: پەیوەندیی نێوان ئەم دوو ئاستە، ئاستی هێزی زمان و هێزی بەکاربردنم تەنیا هەست دەیورووژاند.

سەلاح شوان و عەبدوڵڵا عەباس کۆڕێکی شیعرییان لە ١٩٨٣/٢/١٦ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی جەماوەری لە هەولێر پێشکێش کرد. لە کۆڕەکەدا، ئەوجا زانیم ئەو پیاوەی لە ڕاڕەوەکەدا پرسیارم لێی کرد عەبدوڵڵا عەباس بوو، ئەو شاعیرەی پێشتر دوو کۆشیعریم. (١ –

سێ سەمفۆنیە و شەش سروود. ٢ - تۆ لە نێوان کۆچی شەو و ماچی ڕۆژدا)م خوێندبووەوە و خۆشم ویستبوو.

ئێستا خەریکی ئامادەکردنی سەرجەم شیعرەکانی خۆمم و تەنکە دەستکارییەکیشم کردوون و دوا بژارکردنمە. بەنیازم دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێت چاپیان بکەم. لە خوێندنەوەی سەرجەم شیعرەکانمەوە زۆر بە ڕوونی ڕووبەڕووی ئەوە بوومەوە. باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵ و گیانەوەر و ڕووەک شانبەشانی مرۆڤ کارەکتەری سەرەکیی ئەدەبی منن و قورسایی خۆیان داناوە و بەبایەخەوە دەرکەوتوون و هێمای سادەیی جوانین. هەندێک غەفڵەتی وێنەشم بەدی کرد، ئەوانیشم چارە کردوون، ئەم چەند دێڕەم وەک پێشچاوییەک بۆ نووسیوە:

(سۆفیگەریانە ژیان و سروشت دەخوێنمەوە، باوەڕم بە ئازایی و ئازادیی وشە هەیە. ئەمەش هەڵبژاردەی منە بۆ ژیان و ناسینی مرۆڤ و ئەو بوونەوەرانەی لەناو شیعرەکانمدا زیندوون، شیعر لەبارەی هەموو شتێکەوە دەپرسێت و کات و شوێنیشی بۆ نییە، لە خۆبەخولگە کردنێکی بەردەوامە لە ئاسۆ و دوورییەک، کە هەموومان هەنگاوی بۆ دەهاوێین، تا لەناویدا بزر ببین و لە هەستیاریی خەیاڵ و شیعریبووندا خۆمان بناسینەوە. لەم باروبوارەدا شیعر خاسییەتی بێگەردیی خۆی دەپارێزێت و ڕێنماییمان دەکات بۆ قووڵکردنەوەی هەستەکانمان و خوێندنەوەی سۆفیکەریانەی ژیان و سروشت.

من: زیاتر شاعیری هەست و خەونم، نەک هۆ و هۆکار و ڕووداو. کاتێک گەردوون و ژیان بە هەست و خەونبینینی خۆم وێنا دەکەم، ئێستێتیکای شێواز بە پانایی بوون ڕووبەڕووی زمان دەکەمەوە.

ئەی شیعر سیحری حەلاڵت لێ کردووم و حەجی وشەم کردووی. کەسێکی دیندارم بە تۆ، دیندارێکی سەرمەست و تەواو هۆگر پێتەوە.

ئەوەتا ڕووناکیتم کردووەتە مۆری ناوچەوانم و بڕوام پێتهێناوە، ئەو تیشکەی لە شیعردا دەردەچێت، گەرمم دەکاتەوە و دەمباتە ناو چێژی ژیانی ڕاستەقینە. ئەمە کتێبی بڕواهێنان و دوا بژارکردن و دوا دەستکاری و ناوکی ئەزموونمە، گرنگترین پرسی نووسینی خۆم تێیدا داڕشتووە. پێش ئەم دەستنیشانکردنەش وەک سەرەتای دەستپێکردن، چەند هەولێکم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووەتەوە. دەقاودەق نەهاتوونەتەوە ناو ئەم کتێبەوە، بەڵام گەڕاومەتەوە لایان و وەک گیانی شیعریبوون و دێڕ و کۆپلە و وێنە و بیر و وەرگرتنەوەی بەهرە و هەوێن، کردوومنەتەوە کەرەستەی خاو و لە ئاراستەیەکی دامەزراوتردا دووبارە بەکارمهێناونەتەوە، واتە: بە شێوەی شاقووڵی و قووڵبوونەوە هەموو ئەو شیعرانەی دەرخستووەتەوە، کە لە سەرەتا و درێژبوونەوەی نووسینمدا ئەزموونم کردوون، بە سادەییش بە تەک ژیاندا تێنەپەڕیوم. بێگومان ئەو ژیانەی لێی بە ئاگام و تاڕادەیەک ئاسۆ و دوورییەکانی دەناسم و بڕوام پێهێناوە و وای لێکردووم بنووسم).زۆربەی خوێندنەوە و نووسینم لەناو دانیشتنەکانی ماڵ و منداڵەوەیە. نە بێزار دەبم، نە دەکەومە بارێکی نائاساییەوەش. تەنیا هەندێ جار لە ناوەختدا بانگم دەکەن. ئەرێ قاوەیەکت بۆ بکەین، یان میوەیەکت بۆ بهێنین. حەزم لەو بانگکردنە نییە، بەڵام بێزاریم بەڕوویانەوە دەرنەبڕیوە. تا هەست بە تووڕەییم، یان دڵگرانیم بکەن. تەنیا قەڵەمەکەم بەرز دەکەمەوە خۆیان دەزانن ئاماژەی بەڵێیە، هەروەها هێندەی شیعریش بایەخ بە ماڵ و منداڵم دەدەم و دڵیان ڕادەگرم.

چەند ساڵێکە تووشی چوار نەخۆشیی درێژ خایەن، هەناسە تەنگی و شەکرە و پاڵەپەستۆی خوێن و لەرزەیەکی دڵ بوویمە. کاتێک میوە دادەنێن، ئەوانەی بۆ نەخۆشییەکەم زیانیان هەیە دایناێن، یان لە پێشە

من نایخۆن. نەک من حەزم بچیتێ و نەشتوانم بیخۆم. لەو بارەیەوە زۆر دڵڕاگریم دەکەن، منداڵەکانم: زمان و ناسنامە و ئەدەبیاتمن.

نزیکەی ١٠٠٠ لاپەڕەیەک شیعر و ٥٠٠ لاپەڕەیەکم لەبارەی شیعرەوە نووسیوە. لە هیچیان نەک پەشیمان نیم، بەڵکو دوودڵیش نیم. تەنیا لە هەڵبژاردنی ئەو پاشناوەم نەک هەردوودڵم، بەڵکو پەشیمانیشم. وەک ئەوەی دەستبەرداری ڕەچەڵەک و شکۆی باوکم بووبم، کە برادەرێک بە پاشناوەکەم ناوم دەبا، وەک ئەوەی توورەگەیەکی بزمار بە ڕەگی دڵمەوە وەبکات وایە، دڵم گران دەبێت. ناوی سیانیم زۆر مۆسیقییە. (سەباح سابیر حەسەن). نازانم ئەو مەیلە ناقۆڵایە چی بوو فریوی دام، ڕەنگە ئەوە بێ وامزانیبێت لە ڕێگای پاشناوەوە خەسڵەتێکی شاعیرانە لە خۆمدا دەڕسکێنم.

ئەو شەوەی هەرسێکمان: نەژاد و تۆ و من دانیشتبووین. دانیشتنێکی ئێجگار ڕۆشنبیری بوو، ئامادەی گوێگرتن و ئامادەی گۆڕانیش بووین. دوای هەر گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە گۆڕان هەیە. هەرسێکمان بە هێمنییەکی ئەدەبییەوە لە ئەزموونی یەکتری و شیعری کوردی دەدواین، بێ خۆپاراستن لەم و لەو نموونەشمان دەهێنایەوە، هەروەها کەمێک باسی شیعری بۆنەشمان کرد، کە هەردووکتان شیعرتان بۆ خنکانی (ئالان) لە دەریای ئیجەدا نووسیبوو، مەرجی سەرکەوتنی شیعری بۆنە ئەوەیە ببێتە خوێنەری. ئەو شیعرانەی لەم بۆنەیەدا نووسران هیچیان نەبوونە خوێنەری، چونکی بۆ شاعیرەکان ئازار نەبوو، هەست بە ئازارکردن بوو، واتە: ئازار لە دەوروبەر وەرگیرابوو. هونەری چۆن بیروبۆچوونی خۆت دەردەبڕی لەم دانیشتنەدا پەیڕەوکرا. هیچ بارگرژییەک لە گفتوگۆکانمان ڕووی نەدا. تەنیا تۆ گلەییەکت لە دەسەڵات هەبوو، کە گەندەڵیی ناقۆڵا لە بەڕێوەبردن کراوە و ستەم و

کەمتەرخەمیش لە خانەنشینییەکەی خۆت. دەسەڵات وەک تراژیدیایەک تێکەڵ بە کۆمیدیا دەبێت، کوردستان گەیشتووەتە قۆناغێکی پڕ گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەی ئابووری و ناڕوونی و گێژاوی قووڵی سیاسییەوە .

قەت خەم لەو کەمتەرخەمییە مەخۆ، کە بەرانبەر یەک لە داهێنەرەکان ڕوویداوە و قوربانیی زۆریشی داوە و زیندانیش کراوە. بێ هیچ دڵ لە دڵدان و بەرزی و نزمییەک، ئەوان سەرکردەیەکی سیاسین و تۆش سەرکردەیەکی ئەدەبیت. ئەوان بە بڕیار بوونەتە سەرکردە. تۆش بە بەهرە و سرووش. دەسەڵاتی ئەدەبی لە دەسەڵاتی سیاسی زۆر گرنگترە. بەختیار بە و فیکەیەک بە ڕوویاندا بکێشە. شاعیرم دیوە لە ئاست بەرپرسی پلە پازدەدا لێوی تەتەڵەی کردووە. ئەمانە نەک ناتوانن بێگەرد و خاوەن خۆبوونی خۆیان بن، بەڵکو ناتوانن لەناو پانتۆڵەکەی خۆشیاندا ترێکی بە ئیسراحەت بکەن و تەماشای دەوروبەری خۆیان نەکەن.

کوردستان وڵاتێکی ژیان گرانە، (منیش لێرەم). نەک هەر لە ڕووی ئابوورییەوە، بەڵکو لە ڕووی قسەوقسەڵۆکی نامەردانەوەش، جۆرە ژیانێکی سۆفییانەم بۆ خۆم هەڵبژاردووە و لە دەوروبەر دوور کەوتوومەتەوە. خۆم کردووە بە ناوەندێک هەمیشە بۆ ئەو ناوەندە دەگەڕێمەوە و بەردەوامیش لە جووڵەی ڕۆحیدام و لەگەڵ خۆمدا کار دەکەم، واتە: لەگەڵ نووسین و خوێندنەوە و خودادا، نە تەورات، نە ئینجیل، نە قورئان نەیانتوانیوە خودا بۆ بوونەوەر ئیکتیشاف بکەن، یان دوا وێنەی خودامان بدەنێ. هەمیشەش ئەو بیرکردنەوەیە خولیام گەرم و هەستیار دەکات، هەموو داهێنەرێک وەک کۆلارە هەڵدەدەمە ئاسمان تا لە ئەستێرەکان نزیک ببنەوە، داهێنەر ئەگەر بێگەرد و خاوەن

خۆبوونی خۆی بوو، نەببووە پێخوستی دەسەڵات، دەتوانێت ببێتە ئەستێرە.

لەم ڕۆژانەدا: (دڵشاد عەبدوڵڵا) لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (باران)دا شیعرێکی پڕاوپڕی بڵاو کردووەتەوە و خۆگۆڕینێکە لە خۆی، وردەکاریی گەرم و هەستیاری تێدا بەکار هێناوە، دڵم پێی خۆش بوو. حەزدەکەم تۆش هەوڵدەی بیبینی و لەو بڕوایەدام وەک نموونەیەکی باش دڵت پێی خۆش دەبێت.

هەر لەم دەرفەتەدا هەلێک وەردەگرم و قسەیەک دەکەم: هیچ وشە و دەستەواژە و دانەپەیڤێک ناسوێ و لە سوانیدا بێزراو نابێت. دەبێ ڕوانینێکی تر بۆ ئەم بۆچوونە بەرهەم بهێنرێتەوە. سوان و نەسوان لە هێزی بەکاربردنیدا دەردەکەوێت.

دڵشاد ناونیشانێکی یەکجار سواوی بۆ شیعرەکەی هەڵبژاردووە: (گۆرانییەک بۆ باوکم)، کە چەندین ساڵە ترپە و ئاوازی ئەم ناونیشانانە دووبارە دەبێتەوە. تا ئاستی سوانێکی بێزارکار، بەڵام ناونیشان لەم شیعرەدا هێزێکی ئەفسووناوی لە بابەتەوە وەرگرتووە و کردوویەتی بە خوێ و ڕۆنی نانێکی گەرم و لە هەموو سوانێک دەربازی کردووە، دەڵێی یەکەم جارە ئەم ڕستەیە دەبینرێت و گیرۆدەی ئەفسوونی خۆیت دەکات، شاعیری دۆخگۆڕ باری سەرنجی لە قووڵاییەوەیە و هێز دەداتە وشە و ئەفسوون لە پەیوەندیی نێوان وشەکان پەیدا دەکات و پەیوەندیی لەگەڵ ئاستی دیکەدا دادەنێت.

کاکە جەلال: ساڵی ١٩٨٥، کە کۆشیعری: (گەرم نەبوونەوە)ت چاپ کرد. هەڵەی چاپی تێدابوو، داوات لە من و فەیسەڵ دێهاتی کرد یارمەتیت بدەین و هەڵەکان لەسەر کتێبەکە ڕاست بکەینەوە، ئەوجا دابەشی سەر کتێبخانەکانی بکەی. بە سێ دانیشتن بە هەموو کتێبەکاندا

هاتینەوە و هەڵەکانمان بەقەڵەم ڕاست کردەوە. ئەو کات (ئێوار) منداڵێکی بچووک بوو، وەک کەروێشکێکی خرپن لەناومان دەهات و دەچوو. خودی تۆیە، ئومێدم ئەوەیە بە قووڵی پێبگات و لە هەموو تەمەنی لەڕووناکیدا ئۆقرە بگرێت و وزەی پێبدات.

وا بەرەبەیانە. خەریکە نامەکە ئیمزا دەکەم و بەسەر دڵمدا دێمەوە، گەرمایی ئەو ئاگرەم پێدەگات، کە داهێنەریی تێدا دەسووتێت، نیشانەی پرسیارێکی کراوەش جێدەهێڵم. قاوەم خستووەتە سەر ئاگر، کتێبی سۆفیگەرێتی نیکۆس کازانتزاکیس، کە جەلیل کاکەوەیس وەریگێڕاوە دادەنێم. بۆ جاری دووەم دەست بە خوێندنەوەی بکەمەوە. ئای ئەفسوونی ئەو کتێبانە چەند بکوژن. ئاگاشت لە خۆت نییە ناچارت دەکەن دوو جار و سێ جار بیانخوێنیتەوە، یان دەبنە کتێبی هەموو تەمەن. تەنیا ئەو کتێبانەن دەتوانن وەڵامی پرسیارەکانی دڵ بدەنەوە و بەسەر دڵیشماندا بێنەوە، هەزار جار بەسەر دڵمدا دێمەوە بۆ ئەوەی ڕستەیەک بنووسم.

**هەولێر ٢٠١٧/٤/١٩**

# لە پەراوێزی کۆشیعری: (هەڵسانەوە)دا

من پێودانگی شیعر نووسین لە کتێب فێرنەبووم، ڕوانین و ڕۆشنایی ناخ فەرمانی پێکردم، ئەوەی دەیزانم دەینووسم و هەوڵدەدەم داهێنانی تێدا بکەم، ئەوەی ناشیزانم بیری لێ دەکەمەوە و هەوڵدەدەم بیزانم و لە داهێناندا بەکاری بهێنم، زوو زووش لە ئەزموونی خۆم دەپێچمەوە و بەسەریدا دێمەوە. هەمیشەش مەیلێکی زۆرم بۆ خوێندنەوەی زەینی باشی شاعیرانی پڕ جووڵە و وزە هەبووە، هەستم کردووە شیعری پڕن و شتیان بۆ چێژ و فێربوون تێدایە. سەرمایەی من ژیان و خەیاڵمە، ژیان و خەیاڵ لە بوونی من دوور نین، ئەگەر ڕۆژانە لەبارەی ژیان و خەیاڵەوە نەخوێنمەوە، یان نەنووسم. هەست بە گوناهـ و دڵەڕاوکێ و تاوان دەکەم.

ساڵی ٢٠٠٤ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. کۆشیعری: (هەڵسانەوە)ی سامی شۆڕشی چاپ کرد. دوازدە شیعری خراوەتە دووتوێی، شیعر هەمیشە چاوی یەکەمم بووە و لە جیهانی ڕەش و سپی بردوومیەتە دەرەوە، کتێبی دیار و جێی باسم بووە، هەست بە پەیوەندییە هەستییەکانم دەکەم و هەموو ئۆخە هەستییەکانم دەخەملێن. کە تازە سەرم لە هێلکەی شیعردا جووقابوو، شیعرەکانی سامی شۆڕشم بۆ ئەشقی خۆم لە دەفتەرێکدا یاداشت کردبوو. دەفتەرەکەم ناو نابوو (گەنجینەی ئەستێران)، هەروەها شیعری شاعیرانی تری وەک: جەلالی میرزا کەریم و ئەحمەد تاقانە و محەمەد حەمە باقی و فازیل

شەوڕۆ و جەلال بەرزنجی و شاعیرانی تریش. ئەم کردارە دوو تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە.

١ - مانەوەی چێژ لە شیعریبوونی پڕدا.

٢ - درێژکردنەوەی هەستەوەرییەکی بەردەوام لە ناخی خوێنەردا.

کە کۆشیعرە چاپکراوەکەیم بینی، کەموکورتییەکانی چێژ و بیرەوەری شێواندم و خەیاڵی تێکدام، دەفتەرەکەم پڕ بووەوە لە بیرەوەری و بنیادی ئەقڵی هەڵبژاردن و گەیشتن بە ڕەگوڕیشەی هۆشیاریی ئەدەبی و خاڵی ناوەندی دەق. تەنیا شیعری: (بووکی ئاو)م لانەبوو، پرسیاری ئەمیشم لە: (لوتفی شۆڕش) کرد. ئەمیش ناوی سەرچاوە و ژمارەی گۆڤارەکەی پێگوتم و پاشان هەر خۆی گەورەیی نواند و بۆی هێنام.

هەستێکی ڕاستەوخۆ داوای لێ کردم داوا لە بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس: (بەدران ئەحمەد حەبیب) بکەم. بە لێزیادکردنی هەشت شیعر، چاپی دووەمی بکاتەوە. پێشنیازەکەی وەرگرتم و لە ساڵی ٢٠١٢ چاپی دووەمی کردەوە.

دوای چاپی دووەم بە ماوەیەکی کورت، ڕێکەوتی دوو شیعری تریشیم کرد.

١ - باوەشم دە: ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٥٢)، ١٩٧٠/١/٢.

٢ - لە دەفتەری عاشقێکی هەتاوەوە: ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٧٦) ١٩٧٣/٧/٢٠.

ئەوەی وای کرد ئەو دوو شیعرە لە ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (٢٧٧٠) ٢٠١٨/١/٢١ دا بڵاوبکەمەوە. ئەوەیە، نەوزاد ڕەفعەت لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (باران) ٢٠١٧ دا، شیعرێکی بە ناونیشانی: (تیری ئایرۆس)، (ئامادەکردووە) و بڵاوکردووەتەوە، داوای بووردن لە

شیعری بێگەرد دەکەم، لەم نووسینەدا دەستەواژەی ئامادەکردن بۆ شیعر بەکاردەهێنم.

دەستپێک و نەوا و هەڵدانی بانگەوازی شیعرەکەی، لە دەستپێک و نەوا و هەڵدانی بانگەوازی شیعری: (هەڵسانەوە) وەرگرتووە. حەوت پەراوێزیشی بۆ نووسیوە. هەر حەوت پەراوێز زیادن و شتی زانراو و باون. یەک پەراوێز پێویست بوو. کەچی ئەمیشی لە ئاگایی دوو دیودا نەنووسیوە، لەم نەنووسینەدا نائومێدییەکی ترسناک دەبینرێ. پێویست بوو ئاماژە بدات، کە دەستپێک و نەوا و هەڵدانی بانگەوازی شیعرەکەی، لە دەستپێک و نەوا و هەڵدانی بانگەوازی شیعری: (هەڵسانەوە) وەرگرتووە، دەی جا چی بووە. ئەگەر ویستی جارێکی تر لە (ئاگایی بێگەرد)دا شیعرەکەی بڵاوبکاتەوە، ئەم ئاماژەیە یارمەتی (خۆبوونی) و (چییەتی) نووسینی دەدات، (خۆبوونی) و (چییەتی)، تۆوی بە بڕشتن بۆ بەخشش و وەرگرتنەوەی هاوسەنگی لەدەستدراو و ئاست پێدانەوەی. لەگەڵ ئەمەش یەکێتی بنیادی هەردوو شیعریش لە یەک جیان.

لە ئاگاییەکی بێگەردتردا (نەوزاد ڕەفعەت) لە ژمارە، (١٨٩)ی گۆڤاری (ڕامان) ٢٠١٣/٢/٥ دا، شیعرێکی بە ناونیشانی: (ماڵێک بە میوانان ڕۆشن)، (ئامادەکردووە) و بڵاوکردووەتەوە. ناونیشانەکەی لە لاپەڕە (٦٦)ی کۆشیعری: (شەڕی چل ساڵە – سەباح ڕەنجدەر)، ٢٠٠٥ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر. وەرگرتووە.

(مرۆڤی خەیاڵپەروەریش
بەناو دەغڵدا دێت و ڕێگای دەکرێتەوە
ڕەنگی دەرگای ماڵە دانیشتووان ڕۆشنەکەی
لە دڵی نیشت).

قسەی سووڕاندووە و بە هێز و تەوژمەوە هەوڵی بەرهەمهێنانی چەواشەکاری دا. بۆ ئەوەی، وەرگرتن، یان گواستنەوە، یان قۆپیەیەکی ناقۆڵای لەبن خوری حەفت ساڵان بشارێتەوە، لەملا و ئەولادا هەقیقەتەکەی ڕێک سەد و هەشتا پلە هەڵگەڕاندووەتەوە و مایکرۆفۆنێکی شەش دەمیشی بە دەست و دەمەوە گرتووە.

لە هەر دانیشتنێکیدا، کە هەستی کردبێت ئامادەبوویەک بایەخدارە بە شیعری من. ناونیشانەکەی خۆی و ئەم دوو ڕستەیەی منی وەک بەهانە و بەراوردێک هێناوەتەوە و لۆمە و سەرزەنشتی کردووم و گوتوویەتی: (سەباح لە منی وەرگرتووە.)

لە بەرەنجامی ئەم قسەوقسەڵۆکە و ئامادەبوونی لە دانیشتنێکیدا: (فەرهاد پیربال) لە ٢٠١٧/٦/١ تەلەفۆنی بۆ کردم، (بە پەیبردنێکی زیرەکانەوە) گوتی: بیرێک لە ناواخنی ئەم یارییە بە نەخشە و پلان و پیلانە بێهێز و بێتوانا و چەواشەکارییە بکەرەوە، گوتیشی: ئەو شاعیرانەی لە بارەیانەوە دەنووسیت. تۆ زیاتر پەیوەستبوونێکی ڕۆحیت لەگەڵ شیعردا هەیە و بەرەو خاڵی باڵات بردووە، بیرێک لەمەش بکەرەوە، پێویستە تۆ لەبارەی شاعیرە هەرە داهێنەرەکانەوە بنووسیت، هەروەها ٢٠١٧/٨/١٦ بۆ هەمان مەبەست: (حەکیم مەلا ساڵح)یش پەیوەندی پێوە کردم.

ئەم دوو پەیوەندییە تەلەفۆنییە بووە هۆکاری ئەوەی مێژووی نووسینی شیعرەکان تۆمار بکەم و سەرچاوەکانیش دەستنیشان بکەم، بەڵام من بۆ لۆمە و سەرزەنشت و تەنگپێهەڵچنین نا. تەنیا بۆ ئەوەی بیرێک لەوە بکاتەوە ئایا ئەم کردەیە دەبێتە هێمای چی، زۆریش سەرسامم بەم شێوە ڕێکخستنە تایبەتییەی: (ڕاستگۆیی دلێرانە) و (بنیادی بیرکردنەوە) و (ئیرادەی دروستکردنی چەواشەکاری).

دەستنیشانکردنی مێژووی نێوان ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٣، ڕێک سەد و هەشتا پلە هەقیقەتەکە دەگەڕێنێتەوە دۆخی بەتاڵکردنەوەی پڕوپاگەندەکە، هەم داوەر و تاوتوێکاری چۆنیەتی ڕوودانی پرسەکان و هەموو شتێک بە جوانی ببینە.

ئەم ئاماژەیەم تەنیا بۆ ئەمە دا بڵێم: بۆ پڕوپاگەندەکردن بەرەو هەڵە خوێندنەوە، یان بۆ لەکەدارکردن، یان گومان خستنە سەر ئەزموونێک. لەسەر گوریسێکی بە گرێوگۆڵ و کورتدا یارییەکی بەتاڵی کرد و هاوڕا و پیڕ و هاودەنگی بۆ کۆ نەکرایەوە و تەنیا خۆی بینی وەک مێرووولەیەکی قاچ شکاو پشتاوپشت هەنگاو هەڵدەهێنێ، ئەگەر پێناسەیەکی تاڕادەیەک ورد لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خودیدا بخەینەڕوو، ئەو بارە چ مانا و لێکدانەوەیەکی دەبێت و ئاکاری چ کلتوورێک ئاشکرا دەکات، هەروەها لە هونەری وردەکاریی ویژداندا براوەی خەڵاتی سڵکردنەوەی (وشە) لە (وشە) دەبێت. دەشمەوێ لە ڕامانێکی هەستیار و فۆرم و تەکنیکێکی پەیڕەوکراودا دەستکاری مەودا و مانای پەندێکی بە (ماک) و (ڕەگ) بکەم و ڕووبەڕووی نیگەرانییەکی زۆرتری بکەمەوە.

هەتا خاوەن خەرمان ڕاوەدووی هەراسانکاری نا، هەراسانکار خاوەن خەرمانی هەراسان کرد. خەرمانی گەورەش هەمیشە هەراسانکاری بە دەورەوەیە. ئەی شیعری بێگەرد، داوای لێبووردنت لێ دەکەم. جار جارە دێمە سەر سەکۆی (ناچاری)یەوە. پەیوەندیی ڕایەڵ و تانوپۆی گوتەزای باپیرانە: ئەوە نوێژە، بەری درێژە، هەموو شتەکان ڕابردوویەکی نادیاریان نییە و پێیاندا هاتوومەتەوە. بۆ ئەم وردە پرسانە کتێبێکم بەناونیشانی: (مەودای مانا) نووسیوە و لەسەر سەکۆی (ناچاری)یەکاندا وەستاوم، ئەوەی ویستوومە نووسیومە، ئەو شوێنانەی هەڵەم تێیاندا کردووە، پێیاندا هاتوومەتەوە و پێداچوونەوەم

بۆیانکردووە. سەرەتا و کۆتایی هەر نووسینێکیش خوێنەرەکەیەتی، خوێنەری نموونەیی تەنیا ڕووکاری بابەت ڕێنمایی ناکات، بە هیچ پێودانگێک هەڵە و چەواشەکاری وەرناگرێت، نامۆیی لە هەقیقەتیش ناکات، فەزای زاڵ ماکی داهێنان و ڕەگی داهێنەرە، هەروەها ماک و ڕەگ جیهانی دەق و جیهانی خوێنەریشە، هەم کلیلی ناسینی دنیاشە.

ئەوەی خوێنی بە گەرمی لە جەستەی دنیا هێشتووەتەوە، ناکۆکیی نێوان بوونەوەرەکانە، نەک دژایەتی. ناکۆکی چاوی مرۆڤ دەکاتەوە. دژایەتیش هەموو شتێک لە چاو نزیک دەکاتەوە تا تەواو بەری چاوت دەگرێ، ئەوەندە خۆخوازت دەکات، تەنانەت ناولەپی خۆت و ناوچەوانی خوداوەندیش نەبینی. ئەمە خەسڵەتی یەکەم و کۆتایی دژایەتییە. دژایەتی بایەخی زۆری لە دەست داوە و ناکۆکیش بایەخی زۆری بە دەست هێناوە.

دژایەتی ئاراستەیەکە لە مەودایەکی کورتدا تیر و هێڵەکەی بۆ خودی خراپەکار ئاراستە دەبێتەوە و لەناو تیر و هێڵەکەدا ڕایدەگرێت و وەک شەرمەزارێک دەیهێڵێتەوە، ئەگەر بچینە (ناوەند) و سەرنجێک لە بەردەوامێتی مێژوویی بدەین، دەگەینە ڕەگوڕیشەی هۆشیارییەوە، ئاخۆ ئەدەب و داهێنان چییان دەوێ، چۆنیش دەتوانین ئەو (شوێن) و (کات)ە بپارێزین، کە جیهانی نموونەیی ناخمان پێی سپاردووین. خودا خۆی دەمانپارێزێت و داهێنان و جیهانی نموونەیی ناخمان، بەها و ئامرازی پێوانەن.

**کانوونی دووەمی ٢٠١٨ هەولێر**

# خاڵ لە هێڵی یاداشتدا

## ١

خۆم لە پێشەکی پاراستووە، چونکە ثیمە: (ڕامانی سەرەکی) نووسین دەکوژێ و ڕەزامەندی خوێنەری نموونەیی وەرناگرێت، ناشبێتە ڕووداو لە نووسیندا.

حوزەیرانی ١٩٨٨ نامیلکەی (زێوان)م چاپ کرد، دانەیەکم پێشکێش بە: (ئیسماعیل بەرزنجی) کرد، گوتی: دوو دانەی تریشم بدەرێ، یەک بۆ کتێبخانەی: (محەمەد مەولوود مەم) و ئەوی تر بۆ: (دکتۆر مارف خەزنەدار).

پێشتر: (محەمەد مەولوود مەم)م بەهۆی: (دکتۆر ئازاد حەمە شەریف)ەوە دەناسی و پیاسەی دووردرێژمان لە شەقامەکانی هەولێر کردبوو، لە گازینۆی: (شەوانی هەولێر)یش چەند جارێک بە سێ قۆڵی دانیشتبووین و چەند جارێکیش لەماڵەوە نان و نمەکمان کردبوو، (دکتۆر ئازاد حەمە شەریف) لە ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە گۆڤاری (کاروان)، بابەتێکی نووسیوە بەسەرناوی: (چۆن مەمم ناسی) باسی ئەو دانیشتنانە دەکات و بۆچوونی مەمیشی لەبارەی منەوە هێناوەتەوە و دەڵێت: (هەر لەو دانیشتنەدا گفتوگۆیەک دەربارەی چیرۆکی (دۆزینەوە) لە نێوان کاک (سەباح ڕەنجدەر) و (مەم) دروست بوو، کاک سەباح بە وردی پرسیاری لەسەر چیرۆکەکە لە (مەم) کرد و باسی لە لایەنی بەهێز و کاریگەری چیرۆکەکەی (مەم)ی کرد. (مەم)یش لە کاک (سەباح)ی پرسی: (تەمەنت چەندە). ئەویش گوتی: (نۆزدە ساڵ). (مەم)

پێی گوت: (تەمەنی ڕۆشنبیریت پێش تەمەنت کەوتووە و ئومێدی زۆرم بە لاوی وەکو ئێوە هەیە باری ئەدەبیمان بەرەو داهێنان ببەن).

لەو چل و ئەوەندە ساڵەی تێکەڵ بە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی بوویمە، پیاوی ئاوا لەخۆبووردووی وەک: (محەمەد مەولوود مەم) و (عەبدوڵڵا سەڕاج)م نەناسیوە، بەو شێوە پاکە و لە دڵ و گیانەوە پاڵپشتی بەهرە و لێهاتوویی لاوان بکەن و دڵ و گیانیان بە داهێنانیان خۆش بێت و پێکهاتەیەک بن لە ویست، جۆر و نموونەن.

دوای چەند ڕۆژێک لەگەڵ: (ئیسماعیل بەرزنجی) ڕێکەوتی یەکمان کرد و گوتی: (دکتۆر مارف خەزنەدار) پێی خۆشە بتبینێت، ناونیشانی ماڵەکەی دامێ، ئەوسا هەولێر شارێکی وەک ئێستا قژ ئاڵۆز نەبوو، بە ئاسانی شوێنە دەستنیشانکراوەکان دەدۆزرانەوە.

عەسرانێک زۆر بە شەرمەوە بەرەو ماڵیان بەڕێ کەوتم، دەرگای حەوشەیان کرابووەوە. بەرانبەر دەرگا لەبەر هەیوانەکەی لەسەر ئەسکەمیلێکی تەختە دانیشتبوو، لبادێکی سپی نەخش قاوەیی، لەسەری ڕاخرا بوو، کۆمەڵێک گوڵدان لە دەوروبەری دانرابوون، دیاربوو تازە ئاودرابوون، لەگەڵ شەربەیەک، کە تافتەیەکی سپی بەسەر دەمی شەربەکە دادرابوو، ژێرەوەشی لەناو بارستێک قومی تەڕدا بوو، پیاوێکی پرچ و سەر و سمێڵ، ڕەش زیاتر لە سپی، شکۆدارانە فەرمووی لێ کردم. کتێبێکی بەدەستەوە بوو، بە قەڵەمی سوور هێڵی بە ژێر چەند بڕگەیەکیدا دەهێنا. کتێبەکە هی: (حوسێن مەردان) بوو. بەناونیشانی: (الأزهار تورق داخل الصاعقة). دوای بەخێرهاتن و یەکترناسین. گوتی: (چاو و دڵم بە بەهرە و لێهاتوویی لاوان ڕوون و گەرمە). پێشتریش شاعیرانی لاوی هەولێر بەردەوام سەردانیان کردووم. وەک: (جەمیل ڕەنجبەر و عەبدوڵڵا پەشێو) و زۆرانی تریش.

دیار بوو (زێوان)ی خوێندبووەوە، چەند پارچە کاغەزێکی باریکیشی بڕیبوو لە نێوان لاپەڕەکانی دانابوون، گوتی: لەدایکبوونی شاعیرێکی داهێنەری تێدا بەدی دەکەم، برەو بە نوێخوازی شیعری کوردیی بدات. نوێخوازیش جوولێنەر و دیارینەکراوە، هەڵوێست و بۆچوون و کرانەوەی خۆتە، هەرچی ڕێنماییەکی لەو دانیشتنەدا کردم. دواتر بەپێی هەڵکشانی ئەزموون، هەمووی لە کات و شوێن و جێی خۆیدا ڕاست دەرچوون.

من لەسەر بەرگی زێوان نووسیبووم (چامە). ئەوەی زۆر جێگای سەرنج بوو بۆ من. گوتی: زێوان چامە نییە. (ڕۆمانە شیعر)ە، هەرچی شتێک لە هەقیقەتەوە بیڵێی زەرەرت پێناگەیەنێ. لە کەم ئەزموونی و ڕۆشنبیریی ساکارم، یەکەم جار بوو دەستەواژەی ڕۆمانە شیعرم گوێ لێ بێت و ببیستم. ئەو کات من چەند ڕۆمانێکی کوردی و چەند ڕۆمانێکی وەرگێڕدراوم بۆ کوردی خوێندبووەوە. دیارترینیان (شار)ی حوسێن عارف و (براکوژی) نیکۆس کازانتزاکی بوو، عەبدولکەریم شێخانی بە کوردییەک، کە خولیاکانی زمانی دەهێنادی و خەیاڵمی هێنادی، کردبووی بە کوردی.

ساڵی ٢٠١٢ دکتۆر عەبدوڵڵا ڕەحمان کتێبێکی بەناونیشانی: (ڕۆمانە شیعر: مێژوو و سەرهەڵدان) چاپ کرد. لەم کتێبەدا (زێوان) بە یەکەم ڕۆمانە شیعری کوردی دەستنیشان کراوە.

کە لەلای هەستام و بڕۆم تا دەرگای حەوشە لەگەڵم هات و خانەدانانە بەڕێی کردم و گوتی: (دیاربە و قەتیش لە دەرگا مەدە). دوای ماوەیەکی کورت ئەو ماڵە بووە ماڵە باوک و تا کۆچی دوایی بەردەوام هاتوچووم کردووە. زووش گوتی: تۆ دووەم ئەدیبی دەبیتە کوڕی ماڵ. یەکەم کوڕی ماڵ: (دڵشاد مەریوانی)یە. ئەو کات شەهید نەکرابوو.

گوتیشی: هەر کتێبێکت پێویست لە کتێبخانەکەمدا، بە بێ دیاریکردنی کات بیبە و پرسم پێ مەکە. بەس دوای گەڕانەوەی لە شوێنی خۆی دایبنێوە و جێگۆڕکێی پێ مەکە. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەوماڵەدا هەموو چوارشەممان کۆڕی ئەدەبی دەبەسترا. چا و قاوە و خۆشاو و میوە و جۆرەها شیرنەمەنیش ئامادە و پێشکێش دەکرا.

دوای خوێندنەوەی بابەتەکە ئامادەبووان گفتوگۆیان لەبارەی بابەتی پێشکێشکراو دەکرد. یەک لەو چوارشەممانە بەخت یارم بوو، بێ ئەوەی بۆچوونی من وەربگرێت، دوای کۆڕەکە گوتی: چوارشەممەی داهاتوو سەباح دەقێک دەخوێنێتەوە. بۆ هەموو کۆڕەکانی داهاتوو، لەدوای کۆڕەکان دەیپرسی چوارشەممەی داهاتوو نۆرەی کێیە و کێ ئامادەیە، ئامادەیی ئەدیبەکەی وەردەگرت، بەڵام ئامادەیی منی وەرنەگرت و یەکسەر ڕایگەیاند چوارشەممەی داهاتوو فلانە.

لە بەرگی حەفتەمی: (ڕۆژگاری من - ٢٠١٤) لە لاپەڕەی (٢١٢) ئاماژەی بەم کۆڕەی من داوە، لەدوای خوێندنەوەکە: (محەمەد موکری و سەلاح شوان و فیکرەت عزەت) گفتوگۆیان لەبارەی شیعرەکەمەوە کرد، بۆچوونەکانی سەلاح شوان لەبارەی زمان و شیعریبوون و شێواز لە شیعری درێژدا کامڵ و پێوانەیی و فرە زانیاری بوون. نەک بۆ من، بەڵکو بۆ تەواوی ئامادەبووان.

هەر لەو ماڵەدا چەند ئەدیبێکم ناسی. وەکو باوکێکیش هەمیشە ڕێنمایی ئەدەبی و ژیانی کردووم و سوودمەند بوویمە لە ڕێنماییەکانی. بەشێک لە ئەدەبی کلاسیکیم بە چاوڕوونی ئەو و لە ڕێگای کتێبخانەی ئەوەوە ناسی.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکان، کە گەمارۆیەکی کوشندە و پەلوپۆشکێن لەسەر خەڵکی کوردستان هەبوو، خواردنی باش لە هەموو ماڵێک

دەست نەدەکەوت. ڕۆژێک میوانداری: (پیرباڵ مەحموود) و منی کرد. خوانێکی شاهانە خەملابوو. من کە خواردنەکەم بینی پێم نەخورا و هاوسەر و منداڵەکانم هاتنە پێش چاوم. وەک ئەوەی هەستی شەشەمی کاری کردبێت و پێی گوتبێت میوانەکەت لەم حاڵ و بارە لاسەنگەدایە. لەسەر خوانەکە هەستا و دوای ماوەیەکی کورت هاتەوە گوتی: سەباح بە بنیادی بۆ ماڵەوەم نارد. ئەوەی لەسەر خوانەکە بوو، بە زیادەوە بۆ منداڵەکانمی ناردبوو.

دوای نان و چا و قاوە. دیوانی: (محەمەد ساڵح دیلان)ی هێنا و گوتی: هەر یەکەمان شیعرێکی ئەو شاعیرە بلیمەتە بخوێنینەوە، پاشتریش گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین. پێش ئەوەی ئێمە بچین، دیاربوو شیعرەکانی دەستنیشان کردبوو. بەوە زانیم لە نێوان هەر شیعرێکدا پارچە کاغەزێکی سپی دانابوو، خۆی شیعری: (سلێمانی)، پیربال مەحموود شیعری: (بێخودی شاعیر). منیش شیعری (شێخ مەحموودی زیندوو).

بە پیربالی گوت: تۆ ئیلقات نەرم و بەهێزە، بەلام ئەو شیعرەت لەنگ خوێندەوە. ڕای لە خوێندنەوەکەی منیش نەبوو، هەستم کرد ڕێکخستنی ئەم دانیشتنەی بۆ ئەوە بوو توانایی دیلان بە من ئاشنا بکات. هەر لەم دانیشتنەدا بە باشی لەبارەی ئەزموونی: (ئەحمەد تاقانە و ئەنوەر قادر محەمەد و فەرهاد شاکەلی) دوا، وەک شاعیر و وەک لێکۆڵەر.

بۆ نووسینی: (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی داوای هەر دوو بەرگی چیرۆکەکانی: (محەمەد مەولوود مەم)ی لێ کردم. گوتیشی خۆم هەمە، بەلام قوتابییەک بۆ کاری زانستی بردوونی و نەیگەڕاندووەتەوە. ڕێکەوتنەکەمان دەکەوتە ٢٠٠١/١/١٥. ئەم ڕێکەوتە منداڵێکمان خودا بەخشی. بەو هۆیەوە لە بەڵێنەکەم دوا کەوتم. ٢٠٠١/١/١٨ کتێبەکانم بۆ

برد. پێش ئەوەی بەخێرهاتنم بکات و کتێبەکانم لێ وەرگرێت. گوتی: تۆ بیرکردنەوە و هەڵکەوتی ئەوروپییانەت هەیە و زۆر پابەندی بە قسە و بڕیاری خۆت، بۆ دوا کەوتی. منیش واقیعەکەم پێگوت و گوتم لەدوای سێ کیژان، کوڕێکمان لە دایک بوو، ئەمەیە هۆی دواکەوتنەکەم. بزەیەکی شادمانی لە دەموچاوی گەڕا و پیرۆزبایی و سوپاسی خودای کرد، برادەرە هەڵبژاردراوەکەی کەسێکی کەمتەرخەم نییە. هەمان کات دایە (سەعدییە) سێ پاکەت شیرینی لە سوپەر مارکێتەکەی نزیک ماڵیان کڕی و گوتی: لەجیاتی من لە کۆڵانی خۆتان، خۆت بەسەر منداڵانی دابەش بکە. ئەمە کوڕەزای منە. خەزنەداریش گوتی: باجی دواکەوتنەکەت ئەوەیە، من ناوی لێ دەنێم، لەگەڵ ئەوەش بۆچوونی خۆی زاڵ نەکرد، ڕەزامەندی من و هاوسەرەکەمی وەرگرت، ئینجا ناوی نا (یاد)، ئێستا تەمەنی هەژدە ساڵە و حەزی لە فڕۆکەوانییە.

## ٢

لە ژمارە (٤٣)ی ١٩٩٧/٩/١٨ لە (برایەتی, پاشکۆی ئەدەبی)، عەرزوحاڵنووسێکی ڕاهێنراو و بەنازپەروەردەکراو بە شەکر و شیر بۆ پەلامار و کاری تایبەت و دەستنیشانکراو. نووسینێکی نووسی بەناونیشانی: (زەقبوونەوەی خود لەناو وەهمێکدا). لە لایەن ئەو و برادە رانی تریەوە، زیاتر پازدە نووسینی بەکوردی و عەرەبی بەدوا داهات، دەستەوایی و ڕێکەوتنێک لە نێوانیان کلکی لێک گرێدابوون، لەم نووسینانەدا سەد و حەفتا و دوو قسەی ناقۆڵا و ناشایستەیان پێ گوتم. یەک لەو برادەرانە خەسڵەتی مرۆڤیشی لێ ستاندبوومەوە وەک: (ئاژەڵ) دەستنیشانی کردبووم. منیش لە ژیانی ئەدەبیم ڕێکەوتی لەوە دڵخۆشترم ڕووبەڕوو نەبووەتەوە. ئاستی لەم جۆرە و نزیک لەم

جۆرە، بەرهەمی منیان بەدڵ نەبێت. ئێستاش ئەگەر لە شەقام ڕێکەوتی ئەو برادەرە بکەم بێ ویستی خۆم، لە هێزی ئەدەبی بێگەردەوە خەندەیەکی ڕەزامەندی دەمگرێت و تا ئەوپەڕی دڵخۆش دەبم، خۆشییە کە هیچ خۆشییەک پێی ناگات، دەبێ سوپاسی خودا و هەر سەد و چل و چوار هەزار پێغەمبەر بکەم. ئەم عەرزوحاڵنووس و ئاستە بازاڕییانە بەرهەمی منیان بەدڵ نەبێت، خۆ ئەگەر بەرهەمی منیان بە دڵ بێت، دە بێ گومان لە توانایی ئەدەبی خۆم بکەم.

ئەم ئاماژەیەم تەنیا بۆ ئەوەدا، دوای ئەوەی قورڕولیتەی ئەم گەلەکۆمەکییە نیشتەوە، ١٩٩٧/١١/١١ خەزنەدار تەلەفۆنی بۆ کردم، نیوەڕۆ وەرە لای من نانێک بە یەکەوە بخۆین. کە چووم دوو قوتابی قۆناغی دکتۆرای لا بوون وانەی پێ دەگوتن، ناویان: (محەمەد) و (شنۆ) بوو، ئەوانیش لە خوانەکەدا بەشداربوون، هەموو ئەو ڕۆژنامانەی لەسەر یەک کەڵەکە کردبوون، کە نووسینەکانی تێدا بڵاوکرابوونەوە. بە زمانێک، زمانی فەرمان گوتی: پێڵاوەکانت لە پێ مەکەرەوە و بڕۆرە سەریان و بەرز ڕاوەستە، منیش زەردەخەنەیەکی شەرمنم بۆ کرد و گوتم، ببوورە، گوتی: ئاخر هەمووی تەفرەدان و گێرەشێوێنی ئەدەبی و بەدگۆیی و قسەهەڵبەستن و تانە و جوێنن بۆ تۆ و ئەدەبی تۆ. گوتم: لەپاڵ تەفرەدان و گێرەشێوێنی و بەدگۆیی و قسەهەڵبەستن و تانە و جوێنەکانی ئەوان، بابەتی نووسەرانی تری تێدا بڵاوکراوەتەوە بە شکۆوە باسی ئەدەبی کوردی دەکەن. فرمێسکی شادی چاوانی بریقاندنەوە و یەکپێ لە شوێنی خۆی هەستایەوە و دەستی لەسەر شانم دانا. گوتی ئاوا بە گەورەیی لە ئەدەب گەیشتووی و ڕوونبین و لێبووردەی، بۆیە ئەو بێ (سەرەتا و کۆتایی)یانە ئاوا تووشی هیستریا بوونە.

گوتی بۆنەیەکی باشە ئەم دێڕە شیعرەی: (هێمن) بڵێینەوە: (لەم وڵاتە هەمووشت زۆرە، بەنی ئادەم کەم).

لەناو کتێبخانەکەیدا لەگەڵ کتێب، کەلوپەلی بەنرخ و دەگمەنی دانابوون. کووپێکی چای پێشکێش کردم، کە لە ڕووسیا لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە و وێنەی پووشکینی لە قەدی نەخش کرابوو، زیاتر لە چل ساڵ بوو پاراستبووی، گوتی: ئەمەش یەکێکە لە ئازاردراوەکانی سەر زەوی و تۆش بەهێز بە تا دەکوژرێی و ئازادانە بە دوای خەونەکانتدا بڕۆ.

پێش ئەوەی ئەم دانیشتنە ڕێک بخات پەیوەندی بە سەرنووسەر: (فەرهاد عەونی) و جێگری سەرنووسەر: (زاهیر ڕۆژبیانی) کردبوو، ئەوانیش پاکانەی خۆیان واکردبوو، گوتبوویان: (پێڕاگەیان) و (ڕاسپاردە)ی تایبەتمان بۆ هاتووە, ناتوانین بڵاوی نەکەینەوە. دەنا (ڕێکخەر و ئامادەکار و نووسەرەوە)ی ئەم بابەتە دەڵێی دەرچووی خولی ڕاهێنانی گوللەبارانکردنی مرۆڤە، دابی ڕەخنە و گفتوگۆی تێدا نییە.

من خۆم ناسیوە و خۆم دۆزیوەتەوە، مرۆڤ کە بڕوای هەبوو. هە رچی بڕوایەک بێت. خۆی دەناسێت و خۆی دەدۆزێتەوە. من بڕوام بە شیعری پاراو و بێگەرد هێناوە. بڕوا وات لێ دەکات بزانی لە شوێنە کاندا لە کوێی و کامە (خۆت)ی.

پاش ماوەیەک کۆشیعری: (ڕووەکەکانی خواوەند)م چاپ کرد. دانەیەکم پێشکێش کرد. تەماشایەکی ورد و هەڵگێڕ و وەرگێڕی کرد و گوتی: شیعرەکان حەزی مرۆڤیان تێدایە و کاریگەرن. چەتری شێوازی ئەفسوونکاری بەسەر خوێنەرانیان هەڵدەدەن و بەرەو قووڵاییان دەبە

ن. تۆ شەرم لە جیهانی شیعری خۆت دەکەی، بەڵام چاپەکەی زۆر سادە و سەرەتاییە و خوێنەر هان نادات بۆ خوێندنەوەی.

دوای ماوەیەک نووسینێکی نووسی بەناونیشانی: (خەونی خودایی لە کۆشیعری ڕووەکەکانی خواوەند) دا، لە ژمارە (٤٥)ی ٢٠٠٠/٣/٥ی گۆڤاری (ڕامان) بڵاوی کردەوە. لەگەڵ شیعری نوێ کۆک نەبوو، لە گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٤٨)ی ٢٠٠٩/٩/٥ بابەتێکی نووسیوە بەناونیشانی: (هەندێ بیرەوەری ڕۆژنامەگەری و من و ڕامان) دان بەوە دادەنێ ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی چاوەڕوانی ئەوەیان لێ نەکردووە لەبارەی شیعری نوێوە بنووسێت، چونکە تایبەتمەندە لە شیعری کلاسیکی. لە وتارەکەیدا نووسیویەتی: (بەمجۆرە ئەو پارچە شیعرەی (سەباح ڕەنجدەر) کەوتە ناو ئەو چەند شیعرەی لاوانی سەردەم نووسیویانە و شیعرەکەم بەدڵ بوو).

## ٣

سێزدە ساڵ و هەشت مانگ و یازدە ڕۆژ لە گۆڤاری (ڕامان)دا کارم کردووە. لە ژمارە (٣) تا (١٥٣)، ئەو کاتەی کارکردنەم چ وەک تەمەن و چ وەک توانایی ئەدەبی دەبێتە قۆناغی گەشەی تەمەن و ئەدەب. یاداشتی ئەم ماوەیەم بە پڕی نووسیوە و لە نامیلکەیەکی سەربەخۆدا چاپی دەکەم. (ئازاد عەبدولواحید) سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو، بەیانی: ٢٠٠٨/١٠/١٠ سەرێکی کێشا ژوورەکەم و گوتی: وەرە قاوەیەکم لەگەڵدا بخۆرەوە. من ئەو پیاوەم قەت ئاوا بریندار و هەناسە توند نەبینیبوو. دەموچاوی تەواو نائاسایی بوو، لەناخەوە هەژا بوو، هەستی بە پیلان و غەدرێک لە من کردبوو. نموونەی داهێنەرانی بۆ دەهێنامەوە چ تۆڕ و داوێکیان بۆ دانراوەتەوە، نموونەی: (بەدر شاکر سەییاب)ی دەهێنایەوە

و دڵیشی نەدەهێنا بابەتەکەم بۆ باس بکات. بەردەوامیش دووبارەی دەکردەوە تۆ شاعیرێکی: (وتو وریای) بەزەردەخەنەیەکەوە گوتم چی بووە پێم بڵێ خۆ پیلانی مەرگی مسۆگەر نییە. برێک ڕوون بووە و زانی لەسەرخۆم و بەسەرخۆم زاڵم و لە هێزی چاوەکانمدا خاوەنی بڕوا و ئەوەم، کە گوتوومە. گوتی: ئەوەیان کوشتنی توانست و ڕۆحە. کۆمەڵێک کاغەزیشی لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانا بوو، بۆ من دەدوا و تەماشایەکی کاغەزەکانی دەکرد و دەستی نارەزایی لەسەر دادەنان. بە چاوێک سەیری منی دەکرد، وەک ببینێ پەرداخێک ژەهرم بۆ ئامادە کرابێت و ئەو ڕێگری بکات نەهێڵێ بیخۆمەوە، یان دەرخواردم بدرێ. گوتی: مرۆڤێک، لەوانەیە برادەریشت بووبێت، زۆرکارا و کارامەیە لە کۆمپیوتەر و ئیمێل دروستکردن. بە هەشت ناوی جیا جیای نووسەرانی ناسراو ئیمێلی دروست کردووە و جوێن بە خۆت و ماڵ و منداڵت دەدا و بۆ ئیمێلی گۆڤاری ڕامانی ناردووە، وای کردووە من ببینم. گوتم: بمدەرێ با بیانخوێنمەوە. گوتی: دڵم نایە نەک خودا نەخواستە تووشی دڵوەستان و مێشک لە کارکەوتن بیت. گوتیشی هەموو ڕاپۆرتەکانم لەبەریەکدا ڕاگرتووە، وەک ڕێنووس و شێواز و وشە و فەرهەنگ و زاراوە یەک کەس، کەسێکی کرچوکاڵ و کۆیلە و کلۆڵ. لە ئەدەب نووسیویەتی: خودایە دەبێ من چی بم و چیم کردبێت. مرۆڤێک، ڕەنگە ڕۆژگارێک برادەر و هاوکاریشم بوو بێت، ڕێ بە خۆی بدا بە هەشت ئیمێلی جیا جیا جوێنم پێ بدا و بوختانم بۆ هەڵبەستێ. لە کاتێکدا لە ژیانی خۆم نەک خراپەم لەگەڵ مرۆڤێک نەکردووە، بەڵکو کشەم لە مێشێکیش نەکردووە، بەبێ دوودڵی هەمیشەش ڕێزی نووسینی باشم گرتووە و ستایشم کردووە، تا سۆما لە چاوانیشمدا حوکمی مابێت لە سەر ئەم قەناعەتەم بەردەوام دەبم.

ئاخۆ دەبێ چی ڕقی ئەو مرۆڤەی لەو پلەیەدا کوڵاندبێت، یان دەستدرووی چ ڕێوییەک بێت بە ناوی نووسەرانی ناسراو ئاژاوە و گێرەشێوێنی بنێتەوە، تا من لەگەڵ نووسەرەکان دووچاری گرفت و مە ودای گرژبوون لە نێوانمان دروست بکات. کۆیلەیی لە ناوەوە کلۆری کردووە، خودایە یارمەتی بدە تا ئازاری کەسێکی تر نەدات. ئەنجام دوای چەند ساڵێک پێم زانی عەرزوحاڵنووسێکی بازاڕییە، بە خۆی بە هەشتی داهێنانی نییە. لە بەهەشتی داهێنانی ئەوانی تردا دەژی. بە واتایەکی دی، خۆی بۆ خۆی بوونی داهێنانی ئەدەبی نییە. تەنیا لە بوونی ئەدەبیدا ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە، (پەلاماری داهێنەرێکی داوە.) دوای دەست و دەم بە هەرمیشک خووساندن و بێ شەرم ئامادەکراو، بە چاوڕوونی برادەرێکی (شاعیر)م، کە من لە ژمارە (٣٢)ی گۆڤاری (ڕامان)ی ١٩٩٩/٢/٥ لە مێزگردێکدا بە ناونیشانی: (کێشەی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن لە ئەدەب و هونەردا). بە شاعیری خاوەن ڕوئیا ناوم بردووە. نامەیەکی کراوەم بۆ ئەو برادەرە شاعیرەم نووسیوە و لە نامەکەدا بەدار و بار و دەرزی و دروومانتر بۆچوونی خۆم دەربڕیوە و لە بنی هەمبانەکەم داوە. پێش ئەوەی بڵاویشی بکەمەوە دەیدەم بە خۆی.

لە پەرەگرافێکی نامەکەدا نووسیومە: (ئەدەبی پاراو و بێگەرد بە سروشتی خۆی دوژمنی دیکتاتۆرانە و ڕەنگ و ڕوخسار و کرۆکی واقیع دەستکاری دەکات، بەڵام لە توانایدا نییە بیگۆڕێت، بەڵام دەتوانێت ڕک و کینەی ئازیزان وەرگێڕێت بۆ خۆشەویستی، ئەگەر ویستت ئازیزان ببینی، هەموو برینەکانت بکولێنەوە، ئەوجا چاوی بیبنیت پاراوکە).

دەمزانی خەزنەدار کاریگەری بەسەر ئازاد عەبدولواحیدەوە هەیە و ڕێزی داوای یەکتری دەگرن. چوومە لای و بابەتەکەم تێگەیاند، بەڵکو ڕاپۆرتەکانم بۆ وەربگرێت. بە لە خۆڕازیبوونێکی پڕ بڕوا و جۆرە تەوسێکەوە گوتی: بەناوی خواستراوەوە جوێنیان پێ داوی، گوتم بەڵێ. گوتی: هەر یەک ناوی خواستراو بۆ کاری ناڕەوا بەکاربهێنێت، (نامەردە). نامەردیش خاوەن ڕەئی نییە، بۆیە داوایەکەت جێبەجێ ناکەم. گوتیشی داهێنەر هەڵۆیە، هەڵۆش تەماشای ڕێگا درێژەکان دەکات و ڕێبواران دەپارێزێ. هەڵۆیانی ڕێگای درێژی ئەدەبی کوردیش تۆ دەپارێزن.

## ٤

(دکتۆر لەتیف محەمەد حەسەن) شیعری: (سروودی باران)ی بەدر شاکر سەییابی وەرگێڕا بوو، لە ژمارە (٩٣)ی گۆڤاری کاروان، ئاداری ١٩٩٢ بڵاوی کردبووەوە. زۆر سەرسام بووم بە شیعرەکە و وەرگێڕانە بێ گرێ و گۆڵەکەی و شیعریبوونی تێدا ڕسکاندووە و دنیابینیی شاعیری تێدا کامڵە. باسی ئەم وەرگێڕانەم بۆ کرد، کە چۆن خەیاڵی جووڵاندم و دەقە عەرەبییەکەی بە چییەتی خۆیەوە بەستاوەتەوە. ئەویش بە دوورودرێژی تێکەڵاوبوون و ڕۆژگاری خۆی لەگەڵ سەییاب زۆر بەتاسە و لەدڵەوە گێڕایەوە. گوتم: ئەو زانیارییانە بۆ خوێنەری کورد زۆر گرنگ و پێویست و خولگە و مەبەستە، پێشنیاز دەکەم بیاننووسیت. گوتی: لە سەردانی داهاتووت شتێک دەبینیت. کردی بە بیرکردنەوەی خۆی و بە شێوازێکی پڕ زانیاری، درێژە بە بنەماکانی برادەرایەتی دەدا و بابەتێکی نووسی بەناونیشانی: (من و گۆران و سەییاب). لە ژمارە (٥٣)ی ٢٠٠٠/١١/٥ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکرایەوە.

٥

٢٠٠١/١١/٢٢ لە گفتوگۆیەکدا باسی: (محەمەد ساڵح دیلان)ی کرد، کە خاوەن تیۆری شیعرییە، هەم داوام لێ کرد ئەم هەست بە تیۆرە و بیرکردنەوە وەک نووسینێک تۆمار بکات و ئەندازەی تیۆرەکە بە پێودانگی ئەندازیاریی بگەیەنێت. تێگەیشتنی خۆی بۆ تیۆرەکە کرد بە بابەتێک بەناونیشانی: (شیعر). لە ژمارە (٧٩)ی ٢٠٠٢/١/٥ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکرایەوە.

٦

١٩٩٩/٨/١٧ (حوسێن عارف و خانم)ی خێزانی میوانی بوون، لە گفتوگۆیەکان دیار بوو، بۆ چەند ڕۆژێک دەمانەوە. باسی چیرۆک، بابەتی دانیشتنەکە بوو. منیش لێم پرسی خۆ تۆ لە قۆناغی خۆت چیرۆکنووسێکی باشی و چیرۆکەکانت واقیعین، بەڵام واقیع لە چیرۆکەکانتدا فرە ئاسۆیە. نەتەوە و کوردستان و جەنگ گوتار و قووڵاییەکەین. بۆ لە لێکۆڵینەوەی چیرۆکی کوردی وەک پێویست باست ناکرێ. گوتی: لایەنی لێکۆڵینەوەم غەدری لە چیرۆکنووسیم کردووە. ئەگەر ئەوەندە بایەخم بە نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستی نەدابووایە. ئەوە وەک چیرۆکنووس، ڕەنگە چیرۆکنووسێکی باشیش باس دەکرام. گوتم: بۆ ئەم غەدر لەخۆکردنەت وەک بابەتێک نانووسی بۆ خوێنەرانی ڕوون بکەیتەوە، بابەتێکی نووسی بەناونیشانی: (من و چیرۆکی کوردی). لە ژمارە (٤١)ی ١٩٩٩/١١/٥ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکرایەوە.

٧

دەمەو عەسری ٢٠٠٦/١١/٢٢ نمەبارانێکی نەرم دەباری. چەترم هەڵدا و بەرەو ماڵی خەزنەدار ڕێگام نایە بەردەمی هەنگاوەکانم. بینیم دایە (سەعدییە) خورما و گوێز و کونجی لەناو ئاون دەکوتا، کە ئامادەبوو لە فەخفووریەکی ڕوون بە کەوچکێکی مسی زۆر سەرنجڕاکێشەوە؛ کەمێکی لە پێش خەزنەدار دانا، ئەویش بە چێژ و تاسەیەکی زۆرەوە دەیخوارد. لێم پرسی یەکەم جارە ئەو خواردنە دەبینم، لە وەڵامدا گوتی: خواردنێکی دەگمەنی جەزائیریانە، گوتی: باش بوو بەسەر دڵمدا هاتی و دەڵێی لەگەڵ دڵم قسەت کردووە، دەنا دەبووایە تەلەفۆنم بکردبووایە، چوار کتێبی شیعری لەسەر مێزەکەی دانابوو، گوتی: ئەمانە لەگەڵ خۆتدا ببەرەوە لە هەر یەکێکیاندا جوانترین دوو شیعرم بۆ دەستنیشان بکە، دەمەوێ لەم بەرگەی مێژووی ئەدەبی کوردی، لەبارەی چەند شاعیرێکی سەردەمی نوێش بنووسم. (جەلالی میرزا کەریم، عوسمان عوزێری، دڵشاد مەریوانی، جەمیل ڕەنجبەر.) دوای چەند ڕۆژێک سەردانم کرد و ئەوەی گوتبووی جێبەجێم کردبوو. بە ماوەیەکی پێوانەیی لەبارەی هەر چواریانی نووسی، دایمێ بیانخوێنمەوە، منیش خوێندمنەوە, دوای ئەوەی بەرگی حەفتەمی مێژووی ئەدەبی کوردی دەرچوو، لە ٢٠٠٦/٦/٢١ دانەیەکی پێشکێش کردم. نووسینەکەی لەبارەی عوسمان عوزێری تێدانەبوو، پرسیارم کرد ئەمەی بۆ تێدا نییە. دەماری گیرا و گوتی: بۆ کورد باش بوو تێیدا نەبێ. هەستم کرد وادەزانێ بە مەبەست ئەو پرسیارەی لێ دەکەم، یان ئەو هۆ و نهێنییە دەزانم لەبەرچی لای داوە، یان بۆ سانسۆرکراوە. ژوورەکەم جێ هێشت و چوومە ناو باخچەکە و پرتەقاڵێکم لە دار کردەوە و خواردم، حەوشەکەی دار پرتەقاڵێکی زۆری تێدابوو، هەمیشە پرتەقاڵەکان بە

دارەکانەوە دەمانەوە و لێیان نەدەکردنەوە. دواتر بانگی کردم؛ وەرە ژوورەوە گەرمات دەبێ. منیش چوومەوە لای، بەڵام هەستم کرد هێشتان دڵتوندییەکەی مابوو، بەشەرم و خۆبەشەرمەزارزانیو ماڵئاواییم کرد و چوومە دەرەوە. ئەمە بووە ڕووداو و کەڵکەڵەیەک و دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکەم. چەند هەنگاوێک لە ماڵەکەیان دوورکەوتبوومەوە، دیتم (ئەحمەد تاقانە)ش بەرەو ماڵیان دەهات و دەیویست سەردانیان بکات. یەکترمان بینی, گوتم خەزنەدار بە پرسیارێکم میزاجی تێک چوو، ئەویش گوتی: مادام میزاجی خۆش نییە، منیش دەگەڕێمەوە و با پێکەوە پیاسەیەک بکەین. تاقانە وەڵامی پرسیارەکەمی دایەوە, لەو زانیم عوسمان عوزێری لە دووکەرتبوونی شۆڕشی ئەیلوول لە حوزەیرانی ١٩٦٦دا بووەتە قوربانی و گوللە باران کراوە، قوربانییەک هیچ پاساوێک پارسەنگی ناداتەوە.

## ٨

سەرەتای هەشتاکان (مستەفا پەژار) چامەیەکی نووسیبوو بە ناونیشانی: (هات یان نەهات)، ڕێکەوتی ١٩٨٤/١٢/٣١ لە کۆڕێکی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر خوێندییەوە. کۆڕەکە: (ئەحمەد تاقانە و محەمەد موکری) بۆ دەستەیەک شاعیری لاو ڕێکیان خستبوو، پەژاریش وەک شاعیرێکی بە ئەزموون و میوان داوای لێ کرابوو بەشداری بکات. دوای ڕاپەڕین بە سێ بەش بڵاوی کردەوە: دوو بەشی لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٦ و ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٧ و بەشی سێیەمیشی لە گۆڤاری کاروان ژمارە (١١٢ – ١١٣)ی ساڵی ١٩٩٧دا بڵاوکردەوە.

ماڵی من و پەژار بەسەر یەک شەقامەوە بوو، زۆر ئێواران لە گازینۆی (مەچکۆ) هەڵدەستاین و بەیەکەوە بەدەم گفتوگۆی ئەدەبییەوە دەهاتینەوە. لە یەک لە ئێوارەکان یادی کۆڕەکەمان کردەوە. لە هەمان کۆڕدا منیش شیعرم خوێندەوە. سۆراخی چامەکەم لێ پرسی و پێشنیازی چاپکردنیم بۆ کرد. گوتی لەمێژە ئەم نیازەم هەیە، بەڵام دەمەوێ بیدەم بە (مارف خەزنەدار) پێشەکی بۆ بنووسێت. لە دەستنیشان کردنی ڕۆژی سەردانەکە ڕێک کەوتین: لە ١٩٩٩/١/١٢ سەردانمان کرد. دەفتەرەکەی لە پەژار وەرگرت و گوتی سەربدەنەوە. نووسینێکی دوورودرێژی نووسیبوو. وەک شیعرێکی فەلسەفی لەو شیعرە دوابوو، بە وردیش قسەی خۆی کردبوو، لە ڕستەیەکیدا نووسیبووی مستەفا پەژار لەم چامەیەدا شاعیرێکی زۆر باش و داهێنەرە، بەڵام پێشتر لەناو هاوڕێیانیدا وەک شاعیری باش دەرنەکەوتبوو، لە ١٩٩٩/٣/٢٧ پەژار بە کتوپڕی کۆچی دوایی کرد و چامە و پێشەکییەکە لەلای منداڵەکانی پەژار ماونەتەوە و چاپ نەکراون، لەوانەیە لەناوچووبێت، یان لەناوبچێت.

## ٩

٢٠٠٦/٨/٦ لە ماڵی خەزنەدار (دکتۆر دڵشاد عەلی) سەرنجی لەبارەی شیعرەکانی منەوە هەبوو، کە خاڵبەندی بەکارناهێنم و بە بۆشاییەک لە ئەزموونی منی دەزانی، منیش گوتم زانینم بۆ ئەم کارەم هەیە و لە ژمارە (٥٠)ی ٢٠٠٠/٨/٥ی گۆڤاری ڕامان قسەی خۆم لەم بارەیەوە کردووە و گوتوومە:

(کۆمەڵێک حیکمەت و گیانی پەتی و بیر و مەودای ئێستێتیکم لە کەلەپوور و ڕۆشنبیری کوردی بۆ ماوەتەوە. نموونە: لە حەیراندا

خاڵبەندی پەیڕەو نەکراوە، سەربەند و ناوبەند و کرانەوەی دوا بەند هەیە. بە گوێگرتن و هۆشیارییەکی ڕاستەقینەی ترپە و ئاواز، هەستی خاڵبەندی لای حەیرانناس دروست دەبێت. هەروەها لە شیعری میللی کوردی و شیعری کلاسیکی خاڵبەندی پەیڕەو نەکراوە. پەیڕەونەکردنی خاڵبەندی لای من نەزانین نییە. بگرە وەک مەبەست و هونەر گەڕانەوەیە بۆ هەستی سەرەتایی کوردی و ڕەسەنایەتی کەلەپوور.

لە سپێتی کاغەز و دابەشکردنی وێنەدا، هەست و نیشانەکانی خاڵبەندی لە ئاستەکانی دەربڕین لە خەیاڵ و زەینی خوێنەری خود وریا دەستنیشان دەکەم.

نموونە: ڕستەی بۆ کوێ دەچیت. ئەم ڕستەیە، ئەگەر نیشانەی پرسیار، یان سەرسوڕمانم بۆ دانا. ئەوە بێگومان ڕستەکە دەستنیشان دەکەم. پرسیارە، یان سەرسوڕمان. ئەگەریش هیچ نیشانەیەکم بۆ دانەنا و بە کراوەیی هێشتمەوە لەم باروبوارەدا ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی ئاستدار و دۆخگۆڕ و زەینی).

خەزنەدار پشتگیری لە بۆچوونەکەی من کرد، منیش گوتم: با بۆچوونەکانت ببنە بەڵگە و لەبەر دەستی خوێنەراندا بن: بە دوو ئەڵقە بۆچوونەکانی لەبارەی خاڵبەندییەوە تۆمار کرد.

١ـ خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لە ژمارە (١١٥)ی گۆڤاری (ڕامان) ٢٠٠٦/١٢/٥ بڵاوکرایەوە.

٢ـ خاڵبەندی لە شیعری نوێی کوردیدا، لە ژمارە (١١٩)ی گۆڤاری (ڕامان) ٢٠٠٧/٤/٥ بڵاوکرایەوە.

١٠

٢٠٠٩/٥/١٧ ڕۆژێکی تەواو گەرم بوو، سەردانیم کرد. بینیم پێیەکانی لەناو تەشتێکی نمیچە پڕ قوم دانابوو، گوتم: ئەوە بۆ پێیەکانت جووت کردووە و لەناو ئەو قومە گەرمە دەیانجوولێنیت. گوتی ناوە ناوە مێرووله دەکەن. ئەمە چارەی ئەم مێروولەیەیە.

فایلەکی پەمبەی لە تەنیشت خۆی دانابوو، دایە دەستم، چیرۆکی: (سڤێتلانە)ی تێدا بوو. گوتی: ئەم چیرۆکەم دوای چل و دوو ساڵ، ئەمڕۆ لەناو دەستنووسەکانم دۆزیومەتەوە، ئەگەر بەدڵت بوو، بۆ بڵاوکردنەوە لەگەڵ خۆتی ببە. خوێندمەوە و گوتم: جوانترین چیرۆکتە. بۆچوونەکەمی پێ لە جێی خۆیدا نەبوو، گوتی تۆ، یان لە چیرۆک نازانی، یان چیرۆکی: (ئەڵەمان کوردی و بووکەشووشە و دڵ و نەتەوەت) نەخوێندوومەتەوە. هەستم بە نارەزاییەک کرد. لە ماڵی خۆی قەت دڵی میوانی نەدەشکاند. هەستا و منی بەجێ هێشت و چووە ناو کتێبخانەکەی. زانیم نیشانەی نارازیبوونە. لە فایلەکەدا شیعرێکی: (دکتۆر ئیحسان فوئاد)یشی تێدابوو، شیعرەکەم لەسەر ئەسکەمبیلەکەدا دانا و چیرۆکەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم، دڵم ئەوەندە گران ببوو، دەتگوت بووە تە توورەگەی بزمار. بەیانی چیرۆکەکەم بردە گۆڤاری (ڕامان). لە ژمارە (١٤٥)ی ٢٠٠٩/٦/٥ دا بڵاوکرایەوە. هەمان ڕۆژ تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی: دایکت خواردنی تایبەتی ئامادەکردووە. وەرە ئێرە نانێک بخۆ. نانەکەم خوارد و نە ئەو دەنگ و نە من دەنگ، کە چیرۆکەکە بڵاوکرایەوە لەناو خوێنەران دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەبوو، بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: پێدەچی بۆچوونەکەت ڕاست بووبێ.

## ١١

خەزنەدار داوای وێنەی (مەدهۆش)ی کرد، منیش دەمزانی لە هەشتاکان (لەتیف هەڵمەت) لە گۆڤاری بەیان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کردبوو، وێنەی لەوێ هەیە. کە گەڕام ژمارە (٨٠)ی ساڵی ١٩٨٢ بوو، گۆڤارەکەم بردە ستۆدیۆیەک وێنەی مەدهۆشم لەبەرداگرتەوە و ڕێکەوتی ٢٠١٠/٢/٢٥ بۆم بردەماڵەوە. بینیم وەک ژیانی ئاسایی خۆی لە متبەخەکەیدا دانیشتبوو، دڵخۆش و گەشاوە وەک ئەوەی بە شەرابێکی حەوتساڵە مەست، تەواو مەست بووبێت، ڕۆحی ماندووی چاوەڕوانی، ئارام بووبێتەوە و خواستی گەرمی ئەدەبی هاتبێتەدی.

جلوبەرگی لەهەڵمدراوی لەبەردابوو، لەگەڵ کڵاوێکی ڕووسی تووکدار، دوو گۆڤاری ڕامانی ژمارە (١٥٢-١٥٣) لەسەر مێزەکەی بەردەمی بەسەریەکەوە دانابوون، لێکۆڵینەوەیەکی (سابیر ڕەشید)ی بە دوو بەش لەبارەی چیرۆکی (ئیحسان مستەفا) تێدا بڵاوکرابووەوە. لەبری بەخێرهاتنم یەکڕاست گوتی داهێنەر فەرامۆش دەکرێ، بەڵام تاسەرنا. لە زەمەنی شیاو و دەگمەن، بە دەرکەوتنی قووڵاییەکی ڕوونترەوە دەردەکەوێتەوە و خۆی دەناسێنێت، دەچێتە لاپەڕە زیندووەکانی داهێنان و مێژوو و مرۆڤی هەمیشەییەوە.

لەم نووسینەدا سابیر ڕەشیدی وەک گەوهەرناسێک ستایش کرد و گوتی: کەم بووە نووسینی نووسەرانی کورد دووجار بخوێنمەوە، ئەم گەوهەرەم دووجار خوێندەوە.

(قەرەنی جەمیل) قەڵەمکێشی ئیحسان مستەفای کێشابوو، وەک شێوەکارە پێشکەوتووەکانی جیهان باسی قەرەنی کرد و ئاماژەی بەوەدا لە هەندێک وڵاتانی جیهان شێوەکاری تایبەت بە قەڵەمکێش هەیە. پاشان باسی (بەدیع باباجان)یشی کرد. لەگەڵ بەراوردی نێوان هەردوو

قەڵەمکێشی (نالی)، کە بەدیع و قەرەنی هەریەکەیان بەشێوەی جیا کێشاویانە.

گوتی نموونەی چیرۆکی ئیحسان مستەفام کردووە بە ڕووسی و بە تیراژی زۆر لە ڕووسیا بڵاوکراوەتەوە. ڕەخنەشی لە چیرۆکنووس گرت، کە بووەتە مووچەخۆری میری، فەرمانی گەورەی لە پایتەخت وەرگرتووە لە چیرۆک دوورکەوتووەتەوە، وەک ئەوەی فەرمانبەریی لە داهێنان بەگرنگتر زانیبێت، کە داهێنان تاکە سامانی جوانی ژیانە و هێمای یاخیبوونە. تەنیا مرۆڤی گەمژەی بچووک لە ژیان یاخی نابن، دەنا هەموو مرۆڤێکی کارا و کاریگەر لە ژیان یاخییە.

ئەو ئاماژەیەشی دا، کە لە شەستەکان چەند چیرۆکێکی بە عەرەبی نووسیوە و لە گۆڤارە عەرەبییەکانی ئەوسای بەغدا بڵاوی کردوونەتەوە. زۆر داهێنەری کورد ڤایرۆسی نووسین بە زمانی بێگانەیان گرتووە، دەق بە زمانی بێگانەنووسین تیراوە و دەردەباریکەیەکە تەنیا لەناوبردنی داهێنەری بەدوایەوەیە و بەس.

بە پێداگرییەوە ئەوەی دووبارەدەکردەوە، کە لە (ئیبراهیم ئەحمەد) تەکنیکیتر و خاوەن وزەیەکی زۆرتر و ناوەرۆکی هەستیارترە. بەهۆی زمانی عەرەبییەوە هونەری چیرۆکی فەرەنسی دۆزیبووەوە و زانیویەتی، هونەری نووسینی تەواوکەری خوێندنەوەیەتی، بەڵام وەک زمان، زمانی ئیبراهیم ئەحمەد لە زمانی ئەو کاریگەرتر و کاراترە، زمان لە داهێناندا پێوەری سەرەکییە. زمان و بنیاد هاوسەنگی ناوەڕۆک دەدەنەوە.

ئەوەم لا دروست بوو، زۆر سەرسامە بەو چەند چیرۆکە کەمەی هەیەتی و بەوپەڕی ڕێزەوە خوێندوویەتییەوە و نیگەرانییان لەلا دروست کردووە. دەقی ڕەسەن نیگەرانی دروست دەکات. دەقێک

نیگەرانی دروست بکات، خوێنەر ناچاردەکات بۆ جاری تریش بگەڕێتەوە سەری، بەڵام وەک برادەر و هاوشاریی برادەر نەبوونە. هیچ بیرەوەرییەکی برادەرایەتی نێوانیانی نەگێڕایەوە.

## ١٢

لە ١٩٩٩/٦/٥ کتێبی: (ئەلێکساندەر پووشکین: گەشتێک بۆ ئەرزەڕۆم)ی پێشکێش کردم. کتێبەکە هێشتان لە نێوان دەستی ئەو و مندا بوو، وەرم نەگرتبوو. بە زمانێکی نیمچە دڵەڕاوکێ ئامێز و تاقیکردنەوەوە لێی پرسیم: شیعر چییە. منیش گوتم: (ئەگەر دەمزانی چییە، نەمدەنووسی). کتێبەکەی دایە دەستم و گوتی: (تاکو ئێستا جوانترین پێناسەیە لە هەموو زەمانانی دنیا, شکۆی شیعر ئەمەیە و بەس).

## ١٣

٢٠١٠/١٠/٢٤ چەند کاتژمێرێک پێش کۆچی دوایی چوومە سەردانی و لە حەوشە لەسەر جۆلانەدا ڕاکشابوو، لەباتی گفتوگۆ بزەیەکی نەرم و خەمگینی بۆ کردم و گوتی بنیادی گەورە هاتی، (یەکەمجاریش بوو ئەم دەربڕینە هێمن و خامۆشەم گوێ لێ بێ). وێنەم لەگەڵ گرت، ئەم وێنەیە دوا وێنەیەتی، زەینی تەواو لەسەر خۆی بوو. گۆرانی (با بچینە سەر وەیس)م بۆ گوت. کەمێک لە هونەری گۆرانی دەزانم و دەتوانم ئەدای ئەو گۆرانییانەی حەزیان لێدەکەم بهێنم، بەڵام دەنگم خۆش نییە. ئێستاش هەستی گۆرانیم تێدا ماوە و هێزی سەرسامبوونە. گوتی بەرگی حەفتەمی (ڕۆژگاری من) ئامادەی چاپە. باسی ئێوارە شیعرییەکەتم کردووە. من لە دڵی خۆمدا دەمزانی هەڵناستێتەوە. جێم

هێشت و به دڵگرانی چوومه ماڵەوه. ماوەیەکی پێچوو (محەمەد قادر یوونس) تەلەفۆنی بۆ کردم. گوتی چیت نەبیستووه، گوتم وەکو چی بیلێ با بیبستم، دەنگی کەمێک پەشۆکا و گوتی دەڵێن خەزنەدار گورچیلەی وشککردین. منیش یەکپێ هەستام و بەڕێکەوتم له نیوەی ڕێگادا دەست و پێم شلبوون، چیدی ئۆتۆمبێلم پێ نەهاژووشترا و لام دایه لێوی شەقام و وەستام، تەلەفۆنم بۆ هاوسەرەکەم کرد، هات ئۆتۆمبێلەکەی لێوەرگرتم و گەیاندمی. له دڵی خۆم دەمگوت بەرگەی ئەو باره ناگرم بچمه ماڵی ئەستێران و خەزنەدار چاوم ڕوون نەکاتەوه. دواتر ورەم خستەبەر خۆم و گوتم داهێنەران ژیانیان له دوای مردن دەست پێدەکات. داهێنان نرخ و ئەزەلییەت به مرۆڤی نموونەیی دەدات. خەزنەدار لای خوێنەرانی خۆشەویست بوو، وەک لای دامودەزگا ڕەسمییەکان، نرخی هۆگره نموونەییەکانی هەڵناسەنگێنرێن، له هاوکێشەی ساردوسڕی خۆخوازی بەند ناکرێن. چاوەڕێمان که مەتەڵی هاتن و میوانداری برادەرانت هەڵدەهێنی و له کیسه و تووتنی کەسێکی پێگەیوەوه پێمان دەڵێی: ئەدەب له هەمووشت و هەمووکەسدا سەرسامبوون و هەستڕوونی و هەڵوێست و زمانه.

## ١٤

جاران جەژنان دەهاتمه ماڵی مەڵبەندی ڕووناکیت, که چاوگی ئەفسوون بوو، بەرەجەژنه و لەم نزیکانەدا دێمه ماڵی چراغت، که سندووقی مرواری و مەرجانی سیحره. پەنجەرەیەکه له خوێن و گۆشت و ئێسکی من گیراوه و ڕووناکی خۆهەڵخستنی تێدا پەیدابووه و جووڵەی ئەلفوبێیه. شووشەیەک گوڵاو دەهێنم و بەسەر گۆڕت دەیپژێنم، بەڵکو باڵندە بۆنی خۆشی هەڵمژن و باڵیان باش بوەشێنن.

یەک یەک باسـی قەردەکـانی خـۆم دەکەم. قەرداری مرۆڤـی پـڕ وزەم، قەرداری سروشـتم، قەرداری باڵنـدەم، کە لەنـاو لکوپـۆی درەختـان دەمێننەوە و دەکەونە جریوە و جووکە و هێلکە دادەنێن. قەرداری ئەو کیژەم لە یەکەم دیداریدا خودا خورپەی خانومانی خستە ڕەگ و ڕیشـە و دڵمەوە، خۆشم ویست و لە گەڵمدا هاوهەست نەبوو، هـەر زوو بۆم بـووە ناوەنـد و لـە سـەرلەبەری ژیـان و شـیعرمدا مایـەوە، لە کـاتی نووسینیشـمدا کلتـوور و ڕوانـین و بیرکـردنەوەمە. ئەمـانە و زۆر شـتی تریش بیرکردنەوە و خەیاڵیان بەهێزکردووم و نووسینیان خستووەتە ڕەگ و ڕیشـە و دڵـمەوە. قەرداری شـیعری خـۆمم، هـاوڕێی بەوەفایـان زۆر بـۆ پەیـداکردووم, فەزایـەکی کـراوە و پێکهاتـەی زەینـین. لـە کـاتی نووسـیندا وەک برووسـکە لـێم دەدەن، لـە پەنجـەم ڕادەمێـنن و هاوسەنگیان دەکەن.

ئـەو فەرمـوودەیەت دەکەمـە نەخشـی جۆشوخرۆشـی بێئەنـدازە و وشـیاربوونەوە، کە دەتگـوت: (ئەگەر نووسـەر ڕێـزی قەڵەمەکەی گـرت، قەڵەمیش ڕێزی دەگرێت.) ئێستا قەڵەم و نووسین ئارامتر دەبینم.

تەنیا ئەو کاتە دەتوانم قەردەکانم بدەمەوە و شـانم سـووک بێت، کە بتـوانم خـوێنی دڵ و دیـدە زیـاتر بڕێـژم و بـاش بنووسـم و بـبم بـە شـاعیرێکی ڕاسـتەقینە و نموونـەیی. ئەگەر خـراپم نووسـی، تـۆ لە بەهەشت ئاگادارم بکەوە، گوێم ڕابکێشە و بەردی لۆمە و سەرزەنشتم تێبگـرە، بـا بمئێشـێ و هـەرا و هـاوارم بەسـەردا بـکە، هەسـتە وێڵـی دەرودۆڵ بـە و زیـاتر خـوێنی دڵ و دیـدەت بڕێـژە. پێشـم بڵـێ هێشـتان ماوتە قسە بکەی. قەرداری هەر هەموو ئەوانەی پێش تۆ نووسەر بوون و نووسـینیان کـرد بە هـونەر و ئێسـتێتیکا، خسـتیانە ڕەگ و ڕیشـە و

دڵـتەوە، زمـانی کوردییـان گەیانـدە ئەزموونگـەریی و سـەدا و ژیـان بەبەرداکردن و هەستیاری بوون.

هەموو شتێک لە داهێناندا دەژی و داهێنان کردەی ژیان بـەبرداکردن و جووڵەی تاهەتایی مرۆڤە، هەمووشمان قوتابی نووسیین.

کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ هەولێر

**تێبینی:**

لە هیچ نووسینێکدا بەڕێز و کاک و مامۆستا و هێژا ... تاد، بەکارناهێنم، تەنیا ناوی خۆیان لە هەموو ئاوەڵناوێک گەورەتر و شایان و شایاندارتر دەزانم، (ناو) لە بێگەردی خۆیدا هەموو وزەیەکی کەسایەتی هەڵگرتووە. ناو خودی کەسایەتییە، ئاوەڵناو پێوەر و هێمایە بۆی. ناو بیرکردنەوەی کەسایەتییە، ئاوەڵناو بیرکردنەوەی ئەویدییە بەرانبەر کەسایەتی. ناو (بوون)ە، ناپاکی لەگەڵ ناسنامەی خۆی ناکات، ئاوەڵناو (چییەتی)یە، مەودایەک بۆ خۆشدوویی و شێواندن و دەربڕینی دوو لایەنە دروست دەکات، هەروەها (تەقلید) کەموکورتییەکی بنچینەییە، ڕەگ و تایبەتمەندی نییە. زۆر شتی بەسەر نووسەری کورددا زاڵکردووە. من بژاردەخواز و ڕوانینوانێکم بەرەو ڕەگ و تایبەتمەندی دەڕۆم.

# نامەیەکی کراوە بۆ فازیل شەوڕۆ

شەممە: ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٤، سابیر ڕەشید لە سلێمانی، لە (ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند) کۆڕێکی لەبارەی چیرۆک و دراماکانی: (دڵشاد مەریوانی)یەوە هەبوو، لە هەولێرەوە من و یادی کوڕم و ئاشتی کتێبفرۆش لەگەڵی چووین. کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی بەناو شاری کۆیە ڕەتبووین. سەرەتا پەیکەری (حاجی قادری کۆیی)م دیت تەمی کازیوەی لەسەر مابوو، تەماشای ناوچەوانی بەرزیم کرد، کە ناوچەوانی باب و باپیرانی کوردە. چامەی: (گوتم بە بەختی خەواڵوو)، خانەخانە هاتە بەر زەین و بیرم، زۆر لەبارەی ئەم چامەیە نووسراوە، بەڵام لای من زانستییترین لێکۆڵینەوە، نامیلکەیەکی دکتۆر (کەمال غەمبار)ە بە ناونیشانی: (گەشتێک بە قەسیدە بەهارییەکەی حاجی قادری کۆییدا)،ساڵی ٢٠١٧ ئەکادیمیای کوردی، لە ٥٩ لاپەڕەدا چاپی کردووە. لەسەر بنەمای شێوازی ڕوونبێژی: (خواستنەوەی ئاشکرا) و (خواستنەوەی شاراوە) بەئاگاییەکی ڕۆشنبیرییەوە گوتاری ڕەخنەیی خۆی دامەزراندووە.

حاجی گەورەیەکە لە گەورەکانی شیعر، لەو بنەچەیە درێژبووەتەوە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ، زمانی کردە کەرەستەیەکی خاو و خستییە ژێر دەسەڵاتی بەکاربردن و بەکارهێنانی شاعیرەوە: زمان و شاعیر دەبنە دوو ئاراستە و واقیع دەبەزێنن و لە نەرجسیەتی شیعر یەک دەگرنەوە. پەیوەندی لەگەڵ ژیان ناپچڕێنن و بە سنووری تایبەتی دەربڕینی دەزانن، کات لەناو شوێندا دەکەنە کاتی داهێنان و بەرەو تایبەتمەندییەتی

داهێنانی دەبەن، خودی تاک دەبەنەوە ناو کۆ و چالاکی دەکەن و دەیگە ڕێننەوە بۆ تاکی خاوەن دەربڕین.

مەکانە: شەوقی بە عێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار

حەیاتە: زەوقی بە ئەحبابە، بایە ئاو و هەوا

سەرەتای چامەکە بە پرسیارێکی تراژیدی دادەمەزرێنێ. پرسیار ڕە گەزێکی بزێوە و خواستێکی بنەڕەتییە لە چامەکەدا، چامەکەش پاککراوە تەوە لە کەرەستەی کەڵەکەبوو و زیادە، واتە: شیعرێکی بێگەردە و لە بە رزاییەوە دەڕوانێتە مانا و شیعریبوون و زمان. وزە شاراوەکانی شیعریبوونی پڕ، لەناو مۆسیقادا بەکاردەهێنێ. زمانی لەناو هەستەوەر ییەکی سەیر تواندووەتەوە. نازانم بۆ بێویستی خۆم و خۆڕسک و لە بارێکی سروشتیی هەڵقوڵاوەوە، کە لە پەیکەری حاجی قادر تێپەڕیم، گوتم: هاوڕێیانم: (خالید دلێر و فازیل شەوڕۆ). بەیانیتان باش.

کاکە فازیل: شیعر خۆی نەرجسییە، شیعریبوونیش بۆ نەرجسیەتی خۆی دەگەڕێنێتەوە. یەکەم وانەی، کە لە نەرجسییەتی شیعر فێربووم. لە شیعری گوتم بە بەختی خەواڵوو بوو، سنووری بینرای بەزاندووە و کێشەی لەگەڵ ڕەها دروستکردووە، شیعری کردە (نموونە). چ ڕەگە زێکی هونەریی وا لە شیعر دەکات ببێتە (نموونە). بۆ ئەبەد ئەو پرسیارە بەردەوام دەبێت و دووبارە دەکرێتەوە، چ ڕەگەزێکی هونەریی وا لە شیعر دەکات ببێتە (نموونە).

شیعری: (نموونە) پەیوەستە بە سووڕی ئەبەدی ژیان.

ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ (خالید دلێر) لەگەڵ پاڵەی کوڕی لە هەولێر دە ژیان. من لاپەڕەی (ئەدەب)ی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)م بەڕێوەدەبرد، دیاربوو دڵشکاوبوو، بەردەوام هاموشۆی ئاڵای ئازادی دەکرد و برادە رایەتییەکی بێگرێ و گۆڵی لەگەڵمدا پەیداکردبوو، لە برادەرایەتیش زۆر

هەستەوەر بوو، گومانی لە سێبەری خۆشی دەکرد. پێوەری من بۆ ئەو تەنیا ئاواز و گۆرانی بوو، گۆرانی زۆر بۆ دەگوتم و دڵبەستەی دەنگ و ئاوازی ببووم.

(مام جەلال تاڵەبانی) لەو سەروبەندەدا وتارێکی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٢٦٠) ١٩٩٢/١٢/٦ بەناونیشانی: (بانگەوازێک بۆ یەکگرتنەوەی چەپەکان) بڵاوکردەوە و مشتومڕی نووسینی بەدوای خۆیدا هێنا. لەو سەروبەندەدا گفتوگۆیەکی دووکاتژمێریم تایبەت بە ئاواز و گۆرانییەکانی لەسەر کاسێت لەگەڵ تۆمارکرد. پاش ماوەیەکی کورت هێنامە سەر کاغەز. بڕیار وابوو بە ئەڵقە لە (ئاڵای ئازادی)دا بڵاوبکرێتەوە. داوایکرد دەستنووسەکەی خۆمی بدەمێ و پێیدابێتەوە، ئە گەر پێویستبوو دەستکارییەکی کەمی بکات، کەچی کە هێنایەوە سەرلە بەری دەستنووسەکەی منی بە دەست و خەتی خۆی نووسیبووەوە. سیخناخی کردبوو لە بۆچوونی سیاسی و ئەو بابەتە گەرموگوڕە سیاسییەی لەئارادبوو. منیش لێیم وەرنەگرت و کاسێتە تۆمارکراوە دە نگییەکەشم دایەوە. گوتم کاکە خالید من بە ئاواز و دەنگت کاریگەرم و تۆش هەر لەم باروبوارەدا دەناسم، هیچ کارم بە سیاسەتەوە نییە، هیچ کاتێکیش لایەنگری ئەدەبی سیاسی نەبوویمە. دەشزانم سیاسەت دنیای ئێمەی داغانکردووە و خۆم بەدوور دەگرم لە هەموو فێڵ و تەڵەکە بازیی سیاسەت، بۆیە لە ژیانی ئاساییم، نەک ژیانی (ئەدەبیم) باجی ئەم خۆبەدوورگرتنەشم ئەو ژیانەمە، کە هەمە. درێژەش بەو کارە دەدەم، باوەڕم پێیەتی.

وەک هەڵزەقینەوە و کاردانەوە و سەرکۆنەکردنێک. گوتی:

تۆ شاعیرێکی سوریالیی و پاش ماوەیەکی کورت دەکوژێیتەوە، کە س تێت ناگا و کەسیش ناتخوێنێتەوە.

منیش گوتم: سەیر نییە، خۆشم لە خۆم تێناگەم.

وەڵامەکە بە شێوە گاڵتەجاڕییەک تێگەیشت، بۆیە بەگرژییەوە گوتی:

تۆم لەبەر پاشناوەکەت خۆشدەوێ. بەداخەوە شیعرەکانت پێچەوانەی پاشناوەکەتن، بەڵام کەسایەتییەکی خاکەڕایی و زۆر ئارام و کۆمەڵایەتی و ڕەسەن لە بەڵێندان و وردەکار لە جووڵانەوە.

منیش گوتم: لە هەڵبژاردنی پاشناوەکەم فریوم خواردووە، بەڵام لە بایەخدان و هەڵبژاردنی ئاواز و گۆرانییەکانت بەهێز و زیرەکم و هەستێکی کڵپەدارم هەیە بۆ شێوازی ئێستێتیکییان. بە تایبەتی گۆرانی: (ئەی قومری). شێوەی داهێنانی کامڵ و نزیکترە لە خولیای ڕاستەقینەت. جڕتێکی دوورودرێژی بۆ کێشام و گوتی: سوریالیی ئاژاوەگێڕە، نابێت گۆرانی منی بەدڵ بێت. (ئیدریس شەیداهۆ) بە شێوازی جڕتەکە زۆر پێکەنی، میزی پێڕانەگیرا، خۆی تەڕکرد. (ئەبوبەکر خۆشناو) سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو، ڕووداوەکەی پێ شەمێ و ڕۆن بوو لە جەستەی درا، گوایە من سوریالییم و لە ڕۆژنامەیەکی چەپیشدا کاردەکەم. منیش لەقووڵایی خۆمدا ڕێز لە هەموو ئەدەبێک دەگرم، لەناویشیاندا تاسەم بۆ ئەدەبی (هەستیی) لەوانی تر زیاترە.

کاکە فازیل: لە ناوەڕاستی هەشتاکان سێ شیعرت وایانکرد باش بتناسم و دڵبەستەیانبووم.

١- شیعری: (داستانی ئەستی و شوانە). گۆڤاری بەیان، ژمارە (٩٨) ئەیلوولی ١٩٨٤.

٢- شیعری: (گەڵاڕێزان). گۆڤاری کاروان، ژمارە (٣٩) کانوونی یەکەمی ١٩٨٥.

٣- شیعری: (خاک و خۆڵ). گۆڤاری کاروان، ژمارە (٧١) کانوونی دووەمی ١٩٨٩.

لە ئەدەبی کوردیدا دەقی نایاب و درەوشاوە بۆ ڕاگواستنی گوندە کانی کوردستان نووسراون. بەو تێگەیشتن و کاریگەرییەی ئەدەب لە سەر منی هەیە. لە هەموویان کاریگەرتر:

* چیرۆکی: (برایم شۆڕاوی – عەبدوڵڵا سەڕاج). گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢) تشرینی دووەمی ١٩٨٢.

* چیرۆکی: (پیرمامەند – مستەفا ساڵح کەریم). گۆڤاری کاروان، ژمارە (٦٨) ئەیلوولی ١٩٨٨.

* چیرۆکی: (مەرگی سەگ – مەولوود ئیبراهیم حەسەن). ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٠١) ١٩٩٢/٥/٢٦.

کاکە شەوڕۆ: شیعری: (داستانی ئەستی و شوانە) کاریگەرترین شیعری کوردی بوو، کە لەبارەی ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان بیروڕای گرنگی ورووژاندبێت و لە زەین و بیری مندا مابێتەوە. شیعرە کە، (شیعری ڕۆشنبیر) نییە. شیعری (هەڵچوونی ڕاستەقینە و سۆز و مانا)یە. وەک بەشێک لە ژیان و فیکری کۆمەڵگا دەرکەوتووە. وێنەیەکی جووڵاوت لە واقیع گواستووەتەوە و کەم خەیاڵت پێداوە، بەڵام هونەری گواستنەوەکەت نایاب جێبەجێکردووە.

ئەم بەیانی باشەی ئەمرۆم بێویستی خۆم و خۆڕسک و لەبارێکی سروشتیی هەڵقوڵاوەوە، بێ هیچ گومانێک کاریگەری و ڕاگرتنی بەهای ئەم شیعرەیە.

برام نۆ مانگە هاوسەرەکەم تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە، ماوە یەک لە وڵاتی: (ئوردن) و ماوەیەکیش لە وڵاتی: (ئێران) بۆ چارەسەر ماینەوە. ئێستا دوو مانگە لەگەڵ سێ منداڵم: (خەون و سۆز و شاد) بۆ چارەسەر لە وڵاتی: (تورکیا)ن. منیش بە تەنیا لەماڵەوە، لەناو ڕووناکییە کی شڵەژاودا ماومەتەوە و لەبارێکی دەروونیی زۆر نائارام دەژیم. ئەدە

ب فریام کەوت و ئێستا لە شەو و ڕۆژدا زیاتر لە ١٥ کاتژمێر دە خوێنمەوە. دڵدانەوەی ئەدەب جیاوازتر و کاریگەرتر و میهرەبانترە لە دڵدانەوەی خوشک و برا و خزم و کەس و دۆست و برادەر.

سوپاس بۆ ئەدەب، ئەدەبی بێگەرد و پاراو وەک خدری زیندە فریام کەوت. لەو خدری زیندەیەی ئەو ماوەیەم، ڕۆمانی: (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە)ی کاروان عومەر کاکەسوور بوو، لێرەدا دەرفەتێک وە ردەگرم، دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، نامەیەکم بۆی نووسیبوو و نامە کە بڵاودەکەمەوە:

(نامەیەکی کراوە بۆ کاروان کاکەسوور

گوتراوە: (هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی لەدایکدەبن)، بەڵام هەموو شێوازەکان بە یەکسانی لەدایکنابن. شێوازی ئەم ڕۆمانە لە ناوکی هونە ری پڕ لەدایکبووە و هێزی شێوەی ڕسکاندووە.

هاوڕێی خاڵی سەرەتام کاکە کاروان کاکەسوور: ئەدەب پەیوە ندیکردنە بە کرۆکی مرۆڤ بۆ ڕەخنەگرتن لە زەمەنی هاوچەرخ. ڕۆمانە دەستنووسەکەتم، بە بیر و زەینەوە خوێندەوە: (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە)، وەک بابەت و ڕووداو و شێواز و تەکنیک، هونەری پڕە. ڕووبەڕووی نەرمترین زمانی گێڕانەوە بوومەوە.

نووسەرێکی بەرپرسیاری و ڕووداوەکان ناپچڕێنیت، واتە: ڕۆمانێکی لەبەریەک هەڵوەشاوە نییە. هێزی وێناکردنی کاراکتەرەکانیش تا شیعریبوونی پڕ، ئێستێتیکین لە تایبەتمەندی و ڕەوتگەی یەکەیەکی ئە زموونی خۆیان پێشکێش دەکەن.

چاپبوونی ئەم ڕۆمانەت خوێنەری نوێت بۆ پەیداناکات. کاڵایەک نییە لە بازاڕدا، داکشاوەتە ناخی ئەدەبی بێگەردەوە. هەستگەرم مەبە بەوەی ژمارەی خوێنەرانت زۆربن. لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا تا بە ئەمڕۆ گە

يشتووە ئەدەبی (کاڵ و خۆڕسک، واتە: میللی) لە (ئەدەبی پڕ) باشترنا، زیاتر خوێنراوەتەوە.

لەم ڕۆمانەتدا ئاراستە و شێوازی ڕووداوەکانت نەگێڕاوەتەوە. کاریگەرییەکانی ئاراستە و شێوازی ڕووداوەکانت گێڕاوەتەوە. ئەمەش کردەی پەیوەندیکردنی ئەدەبی بێگەردە بە کرۆکی مرۆڤ و بەسەر خۆری ژیاندا ڕوانین. خۆری ژیانیش هەستەکان چالاک دەکات، هۆ و ئامانجە بۆ چالاککردنی دۆخی ئەدەبی. بەهیوام هەوڵی چاپکردنی بدەیت تا خەڵکانی دەستنێژی ئەدەبی بێگەرد بیخوێننەوە. ٢٠١٩/٨/٤ هەولێر)

ژیان بنەڕەتی هەموو شتەکانە، ژیانیشم لەناو شیعردا سەریهەڵدا، لە ناو کتێبدا قەت بێزارنابم. چونکە هەم لە مانا و هەم لە ڕەگەزە هونە رییەکانی نووسین دەکۆڵمەوە. کاتێک ئەم شیعرەی بەڕێزتم خوێندەوە. لە ماناکەی، نەک ڕەگەزە هونەرییەکانی، ویژدانتم ناسی و هەستم کرد خاوەن ئامانج و پەیامی و پیاوێکی ملاوملی لەگەڵ نەتەوەی خۆتی و واتکردووە کۆمەڵگا بە چاوی خۆی بڕوانێتە ژیان. لە دنیایەکت کۆڵیوەتە وە و لێی دواوی، کە لەئارادایە. چەمکی بەرپرسیاریەتی نووسینت بە رانبەر ستەمکار بەجێهێناوە. لەم باروبوارەدا شیعر دەگاتە خەڵکانی دی. وێنەی ڕاگواستنی گوندەکانت بە ئەندازەیی کێشاوە و نیشانەی کارە ساتەکانت کردووەتە ڕامانی سەرەکی.

شیعری بێگەرد، کە ئێستا دەتوانم دەستەواژەیەکی تریشی بخەمە پاڵ: (شیعری پاراو)، واتە: قووڵایی ناخی مرۆڤ و پرسەکانی و پەیوە ندی بەریەککەوتنی نێوان جیهانی خەون و زەین. (خەون و زەین)یش لە جیهانی ئامادەدا.

وشەی ڕاستەقینەی زمان دەڵێت و زمان ڕزگار دەکات لە پەیوەندییە بەیەکداکەوتووەکان. ناشی بەستێتەوە بە یۆتۆبیا و ئاواتەکانەوە. (ئەمە

دەکوژم و ئەوە دەژێنم و ئەم ئاڵایە دادەگرم و ئەو ئاڵایە هەڵدەدەم) یۆتۆبیا و ئاواتەکان دەگۆڕێت بۆ وێنە و هێزی سەرسوڕهێنەر، دە توانێت هەموو شتەکان بگۆڕێت بۆ وێنە، وێنەش لەشیعری بێگەردا پرۆژەیەکی بێ سەرەتا و کۆتاییە، واتە: پرۆژەیەکی کامڵە. ئاسۆ و دوورییەکانی خەون و زەین دەبینێ. شیعری بێگەرد لە کات و شوێنی تایبەتدا، یان خاڵی بێئاگایی دەنووسرێ، کە خاڵە بێئاگاییەکە پەیوەندی بە چەندین خاڵی پێشترەوەی بە جیهانی ئاگاییەوە هەیە و ئاستی پەیوە ندییەکان لەم خاڵە بێئاگاییەوە ورووژاون.

کاکە شەوڕۆ: لە کاتێک لە کاتەکانی نووسینمدا زۆر خۆپەرست و نە زان و کڵۆڵ و کلۆربووم، فریوم خواردبوو، وامدەزانی زەنگی نوێبە خشیی شیعری هاوچەرخی کوردی لە ئەزموونی منەوە لێدەدرێ. دە زانم ئێستا وزەی شیعری داهێنەرانەت خامۆشبووە و خەریکی وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی. ماوەی نێوان ئەم دوو چەشنە ئەدەبەش، مەسافە یەکە تەنیا ئەدەبی بێگەرد و پاراو دەتوانێت پێناسەی بکات و پێوانەی بۆ بدۆزێتەوە. شیعر دوانە لە خۆت. وتار و لێکۆڵینەوە دوانە لە کە سانی دی. بێگومان دوان لە کەسانی دی کەمتر تێڕامان و وردبوونەوە ی دەوێ، بەڵکو زانیاری پەیداکردنە. ڕەخنە داهێنانی مەعریفەیە بە بینین و پرسیارکردنی بەردەوام گەشەدەکات. هەست بەوەش دەکەم کەرەستە ی نووسینی تازەت لە وتار و لێکۆڵینەوە بەئاگاییەکی ئەقڵییەوە لەسەر چەند ئاستێکی ئێستێتیکی ورووژاندووە، بەڵام لە هەڵبژاردنت سە رنجێکم هەیە، بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکانت لە ئاستی شیعری یە کئاست و یەکبابەتی نووسیون و شیعرەکان بە زمانی کەسی ئاسایی نووسراون. ئەو کارانەی کردوونت، کارە ڕەخنەییەکانت لە دەقە شیعرییە هەڵبژێردراوەکان بەتواناتر بوون. لەگەڵ ئەمەش ئایا توانیوتە

کەرەستە تازەکان بکەیت بە ڕێباز و بۆچوون و دەربڕینەکانت بکەیت بە بڕیار. (ڕێباز) و (بڕیار) لە لێکۆڵینەوە گرنگن، خوێنەر بەرەو ئاسۆی چاوەڕوانی دەبەن.

کاکە فازیل: ڕەخنە کۆمەک وەرگرتنە لە ئاسۆ و دوورییەکانی ئەدەب، لەسەر بنەمای زمانەوانی و ئێستێتیکای شێواز و ڕێکخستن و چۆنیەتی دابەشکردنەوەی کات و شوێن و ڕادەی داهێنان ... تاد، بایەخ بە شیکردنەوەی دەق و هۆکاری نووسینی دەدات. دەق، دەقی داهێنراو بە شێوەیەکی تەواو لەدایکدەبێت و ڕەخنە چۆنیەتی لەدایکبوونەکەمان تێدەگەیەنێت.

دەق دووجار لەدایکدەبێت.

یەکەم: لەدایکبوونی سروشتیی خۆی.

دووەم: کاتێک ڕەخنە دەیناسێنێت.

شیعری: (بۆ هیوای کوڕم)ی گۆرانم لە فۆرمی لێکۆڵینەوەیەکی: (کەمال میراودەلی) لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری نووسەری کورد، شوباتی ١٩٨١، ناسی. لەدڵەوە بیری پێکردمەوە و ناسیم و بە شیعری: (نموونە)م هەڵبژارد.

داهێنان ئاستێکی مرۆڤبوونە، بێ هیچ چەندوچوون و (ئا) و (نا)یەک، هەموو شاعیرە داهێنەرەکانی کوردم خۆشدەوێ. هەر یەکەی بە ئەزموونی جیاواز، ئەو ئەزموونە جیاوازانە وایکردووە نوێبەخشیی شیعری کوردی پەرەبسێنێ و دەربکەوێت و بچێتە ناو چنینی داهێنانی شیعریبوونی پڕەوە و پڕۆژەی هاوچەرخبوون بنیادبنێت. (شیعر) و (مرۆڤ) پڕۆژەی کامڵن.

**ئەیلوولی ٢٠١٩ هەولێر**

# یەکەم دیدار

٢٠٠٩/١٢/٥ لە هۆڵی شەهید تاهیر بەکر - زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پە روەردە. تاووتویێی نامەی دکتۆرای قوتابی حوسێن غازی کاک ئەمین بوو، بەناونیشانی: (ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان - لە ساڵانی: (١٩٨٠ - ١٩٩١)دا، یەکێک بووم لە ئامادە بووان.

لیژنەی تاووتویێی نامەکە بریتیبوون لە:

١- دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسووڵ: سەرۆکی لیژنە

٢- دکتۆر عەزیز گەردی: سەرپەرشتیار

٣- دکتۆر عادل گەرمیانی: ئەندام

٤- دکتۆر سەردار گەردی: ئەندام

٥- دکتۆر فوئاد حوسێن: ئەندام

٦- دکتۆر نەوزاد وەقاس: ئەندام

لە نامەکەدا لەو شاعیرانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کرابوو، لە هە موویان زیاتر بەرهەمی من بە نموونە دەهاتەوە و دووبارە دەبووەوە، دەبووە ماکی نوێبەخشی.

دوا کەس دکتۆر عزەدین بیروڕاکانی لەبارەی نامەکە دەربڕی، گوتی: زۆر دڵم بە نووسینی ئەم نامەیە خۆشە و زانیاری زیادکردم، لەبەرئە وەی وەک پێویست زانیارییەکی باشم لەبارەی شاعیرانی نەوەی نوێی هەولێر نەبوو، بەتایبەتی شانەی: (پێشڕەو)، کە قوتابیم مەحموود زامدار

ناوەناوە پێی دەگوتم پشتگیرییت لە شانەی: (ڕوانگە) کرد و سەرکە وتووی و سەرکەوتن.

ئەم شانەیە بە یارمەتی خەیاڵی چالاکیان، لە شانەی: (ڕوانگە) زیاتر بەرهەمی ئێستێتیکییان بەرهەمهێناوە و بەخشیویانە. منیش گوێم لێی ڕانەدەگرت، کارێکی باشم نەکردووە.

لە درێژەی بۆچوونەکانی گوتی: سەباح ڕەنجدەر (گۆران)ی ئێستای، شیعری هاوچەرخی کوردییە. بەگوێلێبوونی ئەم بۆچوونە هەم ترسێک دایخستم و هەم لەرزەیەکی ڕووناک لە جەستەم گەڕا و هەموو هەستە کانم پلیان دا. شاگەشکەبووم، حەپەسام، تاسبردمییەوە، چاوم بووە دوو کۆتری خۆشباڵی ئاسمانێکی خودایی، هێندەی نەمابوو لەناو هۆڵە کەدا پڕبەدەم بدرەوشێمەوە و هاواربکەم من سەباح ڕەنجدەرم، دزی هەزاران ئاگر.

دوای تەواوبوونی تاووتوێیەکە، پلەی (نایاب) بە نامەکە بەخشرا.

لە (کانی وەتمان) میوانەکان بەپڕی میوانداریی کران.

لەگەڵ دکتۆر عزەدین کەوتینە سەر یەک مێز، بەشەرمەوە پرسیم دکتۆر چی ئەم سەباح ڕەنجدەرەت خوێندووەتەوە، بەم ئاست و شێوە یە ئاماژەت پێیدا. گوتی: هیچ، تا خوێندنەوەی ئەم نامەیە هەر ناویشیم نەبیستبوو، بەڵام نموونەکانی لەنامەکەدا هاتوون، نموونەی بەرز و ناوازەن، نەرمن لە تێڕوانین و خۆدەربڕین. منیش بێدەنگییم لێکرد و خۆم ئاشکرانەکرد.

ئەم بۆچوونە ڕەخنەگرانە و لۆژیکانە نەبوو، (گۆترە) و (خۆڕایی) بوو.

چێژێکی ڕوون و ڕەوان و خواستێکی لەڕادەبەدەرم بۆ بنیادنانی لە سەرەخۆی شیعر هەیە، لەکاتی نووسینیدا ئاگام لە گەرمایی دەروون و

لۆژیکیشە. لەنێوانیشیاندا لە پەیوەندیی زمان و ناوەوەی دەستپێدەکەم و ناوەوە بەسەر دەرەوە تا نزیک سڕینەوە زاڵدەکەم، واتە: سە رسامیین، ئەم سەرسامییە لە فەزا و دۆخی شیعرەوە دەگاتە ئێمە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لامان دەمێنێتەوە.

(گۆران) چەتری بلیمەتەکانە و کۆنوێبەخشییە. ئاوا بەسەرپێیی هاوتای بۆ دەستنیشان ناکرێت.

خۆم ڕازینیم بەو پێوەر و هاوتاییکردنە، بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە ڕادە گەیەنم ئەم ئاستی بەراوردە شایان و شایستە نەبوو، داوای لێبووردن دەکەم، لە یەکەم دیداردا سڵەمیمەوە.

**تشرینی یەکەمی٢٠١٩ هەولێر**

تێبینی:

نامەکە وەک کتێب لە ٢٣٥ لاپەڕەدا، ساڵی ٢٠١٠ لە ئەکادیمیای کوردی چاپکراوە.

# فەرموودەکانی شیعری بێگەرد

١

شاعیر لە خۆڕسکییدا خەسڵەتی یاخیبوونی لەناوەوە ڕسکاوە و مانا و تۆڕی پێکهاتە و یەکێتی هەستەکانیەتی، بەڵام خەسڵەتی پێشمەرگەی نییە. من قەت قەڵەمم نەکردووەتە چەک. شیعر بەرەو قووڵایی دەبێتەوە و وزە و درەوشانەوەی هەموو نووسینێکە، تەواوکەری پرۆژە ڕۆشنبیرییەکان و قەوارەیەکی سەرتاسەرییە.

٢

لە شیعری بێگەرددا شاعیر دەبێتە ڕوخسارێکی کارای گەردوونیی، پەیوەندی بە تاکە شوێنێکەوە نامێنێت، دەچێتە ناو هێما و زاراوە و بنەڕەتەکانی تەواوی بوون و جیهان و خەون و چییەتی مرۆڤەوە. توانای بەدیهێنانی خەونی تێدا پەیدادەبێت، خەون و بەدیهێنانی بەهای ڕۆحیی و گەردوونیی بوون.

٣

هەموو قوتابخانە شیعرییەکان لەناودەچن، تەنیا شیعر خۆی، گەوهە ری گەوهەرەکان دەمێنێتەوە. کە بیر لە قوتابخانە و ڕێباز و تەوژم و جووڵانەوە جیاجیاکانی شیعر دەکەمەوە. تەوژمی هەستیی و خەونییم لە وانی دی پێ سەرپەڕ و بێگەردترە. لەواندا دەتوانم بچمە سەر پایەی خۆم و خۆم بنیادبنێم و هێز و ورەیان لێوەرگرم و جۆش بگرم،

جۆشگرتن لە گۆڕان و داهێنان. هەر کارێک بە وردی و وریایی ئە نجامی بدەی فیداکاریی دەوێ و لەناوی دەدرەوشێیتەوە.

دەنگی دەرەوە ناتوانێت ناوەرۆکی ناخ بناسێنێت، یان بتاسێنێت. چەمکی بەختیاریی ئەدەبی لەناخمدا دەخەملێنم و بە مۆرکی هونەریی خۆی لەگەڵیدا دەمێنمەوە و دەبێتە بنیاد، بنیادی جوانی ڕەسەن لە زە ینمدا.

٤

لە ئەزموونی مندا ئەمە ڕووینەداوە و نەمویستووە ئەفسانە تێکبشکێنم، بەڵکو ویستوومە لە ڕێگای زمانی ئەفسانە و جیهانبینی ئە فسانەییەوە ڕایەڵ و تانوپۆی بۆ ئاستی بەکارهێنانی ڕووداوێکی هاوچەرخ بچنم و بەرزی بکەمەوە و بەکاریبهێنمەوە. ئەفسانە پێویستییەکی ناوکییە وزەی شاراوەی شیعر ئاشکرادەکات، پاشان بۆ کارامەیی بەکارهێنان پێویستی بە ئاگاییەکی هۆشمەندانەیە، هەرچەند دەچمە ناو ئەزموونەوە ئەفسانەم ڕوون و قووڵتر لا کۆدەبێتەوە و هە ڵکۆڵینی تێدادەکەم و واقیعی تێدا دادەڕێژمەوە.

لە دەقدا ڕوودەدات بینین جێگۆڕکێ لەگەڵ وزەی ئەفسانەیی بکات، یان بەپێچەوانەوە. گۆران لە دەقی: (زەنگی پەستی)دا، منی بە جێگۆڕکێکردنی بینین بۆ وزەی ئەفسانە و لێدانی دەماری زمان مووتوربە کرد.

هیچ شیعرێکی داهێنراو لە وزەی ئەفسانە خاڵی نییە. ئەم شیعرە بە نەمریی دەمێنێتەوە، ئەفسانە وزەی نووسینی بەرزکردبێتەوە تا ئاستی ڕەسەنی و زیندوویی.

## ٥

زمان هۆکاری دەربڕینی شتە ناوەکی و زەینییەکانی شیعرە، شیعریش ڕێبازی ژیان و بیرکردنەوە و ئامانج و چارەنووسمە، مامەڵەم لەگەڵیدا خۆشە و حەزدەکات لەبەر ڕۆشناییدا ببینرێت. لە ژیاندا لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم زیاتر هیچم نەویستووە، بوێر و بێباکیش بوویمە تەنیا جارێکیش نکوڵیم لە ڕاستی و ڕاستگۆیی نەکردووە و وەک پارتیزانێک ڕووبەڕوو جەنگاوم، قەتیش نەکەوتوومەتە ناوبژی و گونجانێک. هەمیشە لە بەرەی ئێستێتیکادا بە وریاییەوە وەستاوم و ناپاکییم لەگەڵ بەهرە و توانای خۆم نەکردووە.

شیعر هەژارە و زۆریش بەهێزە، بە مردن دەورەدراوە. باوکم بە هەژاری مرد، دایکیشم. لە مندا دەرکەوتنەوە و ماونەتەوە و تێکەڵ بە حاڵەتی نووسین و یادەوەری نووسین بوون. حاڵەتی نووسین هەستکردنە بە کرانەوەی گەردوون، بە سەرەتای دووەمی ناودەبەم، شتە جوانەکانی ماونەتەوە شیعری بێگەرد لە دیدێکی تەواو ئێستێتیکییەوە پاراستوویەتی و کردوویەتی بە مایەی ڕەزامەندی و نموونە. دەمەوێ لە ڕێگای هێزی دەقەوە پەیوەندییەکی هەقیقی دابمەزرێنم و لە پاراستنی شتە جوانەکان نزیکببمەوە.

## ٦

گۆران و ئەنوەر قادر محەمەد و جەلال بەرزنجی ... تاد، نوێبەخشییان لە زەینی مندا شێوەپێدا و ناوەندێکیان پێبەخشی، ناوەندی نوێبەخشیی، لە نوێبەخشیی ئەواندا، نوێبەخشیی خۆم کەشفکرد و پەرەم پێیدا. ئەوەی نووسیومە کاتێک دەزانم نوێبەخشییە، کە توانیبێتم بە پڕی زمانی تێدا دووبارەبکەمەوە و بیکەم بە هەوێنی زەینیی. کە توانیم

به پڕی زمانی تێدا دووباره بکەمەوە و کردبێتمە هەوێنی زەینیی، ئەوجا دەزانم نوێبەخشییەکی بێگەرد و هەستکردن بە ئازادی بووە، ئازادی منە، واتە: نهێنی مەوداکانە. نوێبەخشیی ئازادییەکی شاراوەیە، مێشکی نوێبەخش، مرۆڤ بە بەهرە ئێستێتیکییەکانی دەدۆزێتەوە و دەناسێت، کە داهێنەری جیهانبینییەکی خۆبینینە و نوێبەخشیی لەناو دڵی وشیار و پڕ ئاگایدا کاری خۆی کردووە.

٧

شیعری من ڕووبار نییە، جۆگەیەکی باریکە، خاڵیی نییە لە خوڕەی پاراو، ئەم خوڕە نەرمە سەرڕێژە لە جیلوەی هەقیقەتی بوون. هەقیقەت ونە، پرسیارە، لە وەڵام گرنگترە. دەنگی مەوداکانە لە هەستەکانی شاعیردا دەخرۆشێت و گوێمان لێی دەبێت. گومان و دوودڵییەک لە نێوان واقیع و خەیاڵ، لە ڕێگای ڕستەی لێکدراودا پیشانی وەرگر دە دات، وام بیرکردووەتەوە هەندێک باڵی خەیاڵ دەچێتە ناو واقیع و هە ندێ وردەکاری واقیعیش وەک خەیاڵ ڕەشکەوپێشکە بە بینین دەکەن، زەینی وەرگر لە ڕستەی سادەوە بەرەو ڕستەی لێکدراو دەبەن.

بوونی هەموو شتەکان: دەریا، ڕووبار، کانی، جۆگەی باریک ... تاد، پیرۆزن. ئاشقانە دەڕوانن و دەیانەوێ ژیانیان دەسکەوێت و سادەیی شتەکان بناسن. شیعری بێگەرد لە کۆتایی خۆیدا گوێڕایەڵ و وابەستە نییە، نە بە خەیاڵ، نە بە واقیع، نە بە ئەفسانە و ئایینەکان ... تاد، جگە لە شیعریبوونی پڕ.

٨

گۆشەگیرییەکی وشیارییم هەڵبژاردووە. بۆ ئەوەیە زیاتر لە شیعرە کانم وردببمەوە و سەرنج نەخەمە سەر شتی تر، یان ئەو شتە لابە لایانەی شیعر هەڵدەبزرکێنن. بۆ ئەوەی هەڵنەبزڕکێی دەبێ دووربکە

ویتەوە و نامۆبیت. (ئەحمەدی مەلا) وەک نموونەی باڵا وەردەگرم، ئەگە ر گۆشەگیریی وشیاریی هەڵنەبژاردبووایە و لە مۆتەکەکانی ئەدەب دوورنەکەوتبایەوە شاکارێکی وەک: (کتێبی شیعر)ی پێشکێش بە مێژووی داهێنان نەدەکرد.

٩

شیعر لە یەکەم ڕەشنووس و یەکەم پاکنووسیەوە تەواودەبێت، لە هە مان کاتیشدا قەت تەواونابێت، بیرکردنەوەیەکە داوای بەردەوامبوون دەکات. شیعرێک پێش سی ساڵ نووسیبێتم، هەر جارێک گەڕابمەوە سە ری گۆڕانێکم تێیدا کردووە. ئەم دەستکارییە نەبوونی دڵنیایی نییە، هە وڵە بۆ گەشەپێکردنی. ساتی شیعر پەیوەندی بە دەروون و زمانەوە هە یە. ڕێکەوتبووە لەکاتی ڕۆیشتنم لەسەر شەقامدا، ڕیتمی ڕۆیشتن یارمە تیداوم بۆ گۆڕینی ڕستە و وێنە، چونکە ئەم ساتی شیعرییە بیرکردنەوە ی ڕابردووی زیندووکردوومەتەوە و گەیاندوومیەتەوە ساتی نووسینی ڕەشنووسی یەکەم. ئەم حاڵەتەش ڕێخۆشکەر و یارمەتیدەرە بۆ دە ستکاریکردن و بەیەکگەیشتنەوەی ئیلهام و وروووژان. لێکۆڵەر ئەم کردە یە بە خراپ لێکدەدەنەوە و دەڵێن ڕەوتی پێشکەوتنی شاعیر دەکەوێتە نادیارییەوە.

لێکۆڵەر دەتوانێت لە هەر دەستکارییەکدا جۆرێک ببینێت. کامە بینین لە میتۆدی ئەو نزیکە، میتۆدی خۆی لەمیاندا تاقی بکاتەوە. شیعر لە منداڵدانی کات لەدایکدەبێت و ئیدی لە دەستکاری بەردەوامیدا گەشەدە کات. شیعر ڕوویەکی نەزانراوە.

١٠

خانەوادەکەم وەک هەر خانەوادەیەکی چینی هەژاری ناو کۆمەڵگای کوردی، دەیانویست کوڕەکەیان ببێتە فەرمانبەرێکی خاوەن: سایە و

مایە و پایە. منیش هەموویانم ڕەتدەکردەوە، هەڵبژاردن و کۆششم تەنیا بۆ ئەوە بوو، ببم بە شاعیر، شاعیریی لە هەموو شتێک زیاتر کۆششی دەوێت. شاعیریی بوون کەسایەتییەکی پەتی و پتەو و مرۆڤبوونە، هەوا و هەناسەی پاراوی بە ئازادی تێدا هەڵدەمژم. وابزانم لە هەڵبژاردن و کۆششمدا لە قوتابخانەی ئەشق خوێندم و نیشانەم لەبەر ئاوێنەی ویست داناوە. شاعیریی بوون ڕووداوێکە دڵنیایی لێ نەسەندوومەتەوە، بەردەوام لەگەڵ کەسە خەڵقکراوەکانی ناو خەیاڵی خۆم قسەدەکەم.

ئێستا دوای نیو سەدە زیاتر لە تەمەن، منداڵەکانم لەڕوومدەدەن تۆ باوکێکی: بێباک، یان کەمتەرخەم، یان تەمبەڵ بوویت. ئەگینا بۆ نەتدە خوێند، دەبووایە بتخوێندبووایە ... تاد، منیش هەمیشە دروشمی ژیانم: خوێندن بۆ بڕوانامە و سایە و مایە و پایە نەبوو، بەلامەوەش هیچ گرنگ و مەبەست نەبووە، چی لەوە خوێندەوارترم ناکات، چەند نامەیە کی ماستەر و دکتۆرا لەبارەی شێواز و بیری منەوە نووسراون و لێکۆڵەرانیش هەڵوەستەیان لەبارەی ئەزموونی شیعریی من کردووە. خوێندنەوەی ئەدەبیات ئەزموومێکی ئارامبەخش و خاڵی سە رنجڕاکێشانی من بووە و هەستی بەرپرسیاریەتی لا دروست و بە هێزکردووم، لە ساتی ئەم بەرپرسیاریەتییەدا ڕوون و بەئاگام.

شیعر پایتەختی ڕووناکی هەموو سەردەمەکانە. لەو پایتەختە بە کۆششێکی تەواو ئازاد دەژیم، بەڵام وەک گەڕان و گەشت: ناوچەییە کی پەتیم. لەڕووی خۆشگوزەرانی و ویستی منداڵەکانم، دان بە هەڵە کانم دەنێم و قبووڵیان دەکەم: بێباک و کەمتەرخەم و تەمبەڵبووم.

## ١١

شاعیری بێگەرد کەسایەتییەکی بەهێز و سەربەخۆیە، شاعیری بوونە ، دەنگی مەوداکانی بەدەستهێناوە، پەیبەر و پەیپێبراوە، بەرانبەر بە

سیستەمی نارێک وەستاوە. شیعرەکانی زەینێکی ڕوون و تیژیان داوەتێ و ژیاننامەیەتی، تیزابی بە چاوی شمشێری دیموکلیس داکردووە . شیعر بوونەوەرێکە زوو شەڕی خۆی لە پێناو دادپەروەری خۆی دەکات و تۆڵەی وەردەگرێتەوە.

شاعیر بەدەر لە شیعرەکانی دەبێت کەسایەتی ئەدەبی خۆشی لەبە رچاو بگیرێ و بخوێنرێتەوە. ئارەزوومەندی شیعر هەیە تا ئەوپەڕی چووەتە پاڵ ئایدیۆلۆژیایەکی ستەمکار و جەللادی چەپێنەر، نانی نانی و کاسەهەڵگر و پانیکێشهەڵگر و زەلیل و بەڵێ قوربانە. بە خواستی خۆی بووەتە کۆیلەی هەموو جەستە گوێ و دەم، دەیەوێت لەناو پرسە تایبە تییە سیاسییەکانیدا شیعریش بنووسێت. لەم حاڵ و بارەدا شیعر دە نگێکی تێکشکاو و سەرێکی کز و جەستەیەکی بێجووڵەیە. نرخ و بەها و مانایەکی نامێنێت، نابێتە تیشکۆی سەرنجی خوێنەر و لێکۆڵەر، وەک شاعیرێکی سەربەخۆ بوونی نییە. سەروەری ئیرادەی لە چوارچێوەیەکدایە. بە ڕەواش دەزانێت گلەیی توند لە خوێنەر و لێکۆڵەران بکات نایخوێننەوە، لە ناوەوەشیدا ئەو هەقیقەتە هەناوی لە دەمی دەهێنێتە دەرەوە، کە کەوتووەتە خانەی بێزران و بێبایەخ بوون، ئەو دەربڕینە ئێسک ناشکێنێت. گرێی مێژووی داهێنان دەکاتەوە.

## ١٢

١٩٨٤/٣/٢٠ لە یانەی مامۆستایانی هەولێر، یەکەمجار بە بەزم و ڕەزمی سروودی نەورۆزەوە چوومەسەر مێزی خواردنەوەوە. لەگەڵ: مەحموود زامدار، مستەفا پەژار، خالید جووتیار، دکتۆر ئازاد حەمە شە ریف، بورهان ئیبراهیم یەعقووب. زامدار گوتی: یەکێکی تریشم کردە عەرەقخۆر و ناوی هاتە ناو لیستەوە، لەدایکبوونی ڕاستەقینەت ئەو

ڕێکەوتەیە یەکەم پێکی تێدا هەڵدەدەیت و بەسەر گەنجینەی داهێنان و نوێبەخشی دەکرێیتەوە.

پێکیان بەرزکردەوە گوتیان: بە میوانداری شاعیری لاو سەباح ڕەنجدەر، منیش دەنگی خۆم هەڵێنا و گوتم: لە گەشانەوەی شیعری گرنگ. بۆچوونەکەی منیان پەسەندکرد، هەر پێنجیان پێکەکەیان دانایەوە سەر مێز و دووبارە بەرزیان کردەوە. بە کۆرس گوتمان: لە گەشانەوە ی شیعری گرنگ. دوای هەڵدانی یەکەمین پێک خالید جووتیار گوتی: پێشبینی دەکەم ببێتە شاعیرێکی تەواو داهێنەر. مستەفا پەژاریش بە ڕەشبینیی و بزەیەکی تەوساوییەوە گوتی: وەی نایبینی. کتوپڕ لە شوێنی خۆمدا تاسام و برادەران دایانە قریوەی پێکەنین.

دوای بیست و چوار ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دانیشتنەکەدا، خالید جووتیار ئەزموونی خوێندنەوەی خۆی لە ژمارە (١٣٠)ی ٢٠٠٨/٣/٥، گۆڤاری (ڕامان) بە ناونیشانی: (شیعر و تازەگەریی و کەلەپوور) نووسیوە و لەناو ئاماژە و نیشانە و هێماکاندا، ئاماژەی بە بەدیهێنانی پێشبینییەکەی داوە.

دانیپێدادەنێم ئێستا و ئەوسا پەیم پێنەبردووە ئەم دوو بۆچوونە بە کوێ گەیشتوون، بەڵام درۆ باش نییە، هەمیشە خستوومیانەتە دۆخی پرسیار لەخۆکردن و مووچڕکی ترسیان لە جەستەمدا هێشتووەتەوە، نموونەی باڵای شیعری بێگەردیشم لەبەرچاوە، هەقیقەتی ڕۆحی خۆمی تێدا بەرجەستە بکەم و شتە گرنگ و کاریگەرەکانی خۆم بە ئەویدی ڕابگەیەنم.

## ١٣

لە ژمارە (٦٨)ی ئەیلوولی ١٩٨٨، گۆڤاری (کاروان)، مستەفا ساڵح کە ریم چیرۆکێکی بە ناونیشانی: (پیرمامەند) بڵاوکردەوە. ڕامانی سەرەکی

چیرۆکەکە ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان بوو، چیرۆکەکە کاریگە رییەکی قووڵی لەسەر باری دەروونی مندا هەبوو. یەکێک بووم لە ڕاگواستراوەکان و برینی ڕاگواستن لە من و بنەماڵەکەمدا گەرمبوو، بە ردەوام خوێنی لەبەر دەڕۆیی. غەریب و بێپەنا مابووینەوە. بە ژیانی ڕۆژانە و نان و ئاوی مەمرە و مەژی ڕازی بووین. بە خوێندنەوەی، وامزانی گوندەکانم هەمووی بەدەستهێناوەتەوە و زەوی جیهان هاتووە تەوە ژێرپێم، بە شوێنی مووتوربە کردمەوە. لەوساوە لە خۆشحاڵی و چاوەڕوانی ڕێکەوتێک بووم، چیرۆکنووس ببینم و لە پاداشتی ئەم چیرۆکە دەستی ماچ بکەم. ئەو دەستانەی لە خۆشحاڵیی ئەدەبدا ماچی دەکەیت، وادەزانی دەستی خدری زیندەیە و ئێسکی تێدانییە. من داهێنە رانی زمانی خۆم تا ئاستی ئەشقی خودایی خۆشدەوێ. چەندان جار وێنەی داهێنەرانی زمانی خۆم لە ڕووی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ماچکردووە.

لە یازدەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ، لە ٢٠١١/١١/٢٢ لە حەوشەی هۆڵی تەوار لە سلێمانی، دووراودوور بینیم. شەرمم لە شکۆی کرد بچمە خزمەتی و خۆمی پێبناسێنم و باسی کاریگەری چیرۆکەکەی بۆ بکەم. بۆ ئێوارەی ٢٠١١/١١/٢٤ دکتۆر بەرهەم ساڵح. وەک بەرپرسێکی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان میوانانی فێستیڤاڵی لە: (یانەی کۆمەڵایە تی) میوانداری کرد، میوانەکان لە نهۆمی دووەمدا بوون. چیرۆکنووس لە نهۆمی یەکەم لەبەردەم پەیژەکە پیاسەی دەکرد و وەک زاوا ڕێکپۆشبوو. منیش لەسەر پەیژەی نهۆمی دووەم چاودێری و چاوە ڕوانم دەکرد سەربکەوێت و بوێری و بێشەرمی ئەوەم تێدابێت خۆمی پێبناسێنم و دەستی ماچ بکەم.

من لە تای چ تەرازوویەک گەوهەری خۆم دەکێشا و چیرۆکنووس لە تای چ تەرازوویەک تاسەی خۆی دەشکاند. لەپڕ چیرۆکنووس شڵەژا و بۆینباخەکەی ڕێکخست بۆ خۆئامادەکردنێک پێیەکانی لە کاشی خشاند و بە پەلە ڕایکرد، دەستەودامەنی دکتۆر بەرهەم بوو، بە دەست لەسەر سینگ و خۆشدووییەکی ناپێویست پێشی کەوت، فەرموو فەرمووی لێکرد تا گەیاندی بە نهۆمی دووەم و ناو میوانەکان، لەسەر مێزی بە میکرۆفۆن ئامادەکراو یەک کورسی لە تەنیشتی دانیشت، کە تەرازووە کەم دیت لاسەنگ بوو، ئەوجا بیرمکردەوە خۆم لە کوێدا بووەستم و داهاتووی ئەدەب بپارێزم. واقیع کتێبێکی کراوەیە هەریەکەمان بە جۆرێک دەیخوێنینەوە و هەمووشمان سوودی لێوەردەگرین.

٢٠١١/١١/٢٥ فێستیڤاڵ تەواوبوو، میوانان هەریەک بەلایەکدا پە رتبوون. بۆ بەیانی لە شیرینی: (تۆفیقی حەڵواچی) چەند جۆرێک شیرینیم بۆ منداڵەکانم کڕی و گەڕامەوە هەولێر، بەدرێژایی ڕێگا خوێنی دەمارەکانم دەکولا، کە گەیشتمەوە ماڵەوە شیرینیەکەم دایە دەست منداڵەکانم، پێش ئەوەی پشوویەک بدەم، چوومە ناو کتێبخانەکەم کۆچیرۆکی: (ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم)م دەرهێنا و لە پێش دەرگای حەوشەم دانا، بەڵکو کەسێک لەگەڵ دەستی خۆیدا هەڵیگرێتەوە و بیبات، لە کاتێکدا زۆر هۆگری چیرۆکەکان ببووم و چووبوومە کرۆکیانەوە.

**١٤**

شیعر خۆبەخت کردنی ڕاگەیانراوە، مێژوو لە خڵت و لیخنیی پاکدە کاتەوە. چوومەتە بەرەی خۆبەخت کردنی ڕاگەیانراوە. دڵنیام کەس ناکوژم، بەڵام خۆم شەهیددەبم.

١٥

ئەو نووسینەی لە ئەدەبدا بە شیعر ناسراوە، گرنگ شێواز و تێگەیشتن لە شێواز و ماک و ڕەگە مێژووییەکەیەتی، چونکە نوێبەخشیی مەیلێکە بە هیچ شێوەیەک نوێ نییە و یەک سەردەمی نییە، مەیلێکی خۆڕسک و بەرپرسیاریەتییە لە داهێنەردا.

بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەموو سەردەمەکاندا دووبارەبووەتەوە و دووبارەدەبێتەوە و دەبێتە دیاردەی مێژوویی و پەرەسەندنی مێژووی داهێنان، ئەگەر بە دیاردە مێژووییەکانی ئەدەبی خۆماندا بچینەوە و دەستنیشانیان بکەین، دەبینین:

بابا تاهیر و نالی و گۆران ... تاد، هەریەکیان نوێبەخشی سەردەمێکن و شتێک لە داهاتوویان هەڵگرتووە، پرسیاری ڕەگوڕیشەیی و گشتگیرییان کردووە و دیاردەن. مەیلی دووبارەبوونەوەی نوێبەخشین، نهێنی بوونیان لە مەیلی دووبارەبوونەوەی نوێبەخشی و پرسیاری ڕە گوڕیشەیی و گشتگیری وەرگرتووە، هیچێکیان کانی بەر لە خۆیان کوێرنەکردووەتەوە و کانی دوای خۆشیان شێلوو نەکردووە، بەڵکو ئاوێکی پاراویان بۆ دەستەبەرکردووین بۆ خواردنەوە و دوا شووشتنمان بشێت و شتێک لە داهاتوویان تێدایە. هەر شیعرێک شتێک لە داهاتووی تێدانەبێت، هیچ مانایەکی نابێت.

١٦

بەو زمانە دەنووسم، هەستی پێدەکەم و پێی دەژیم. بیرکردنەوەیەکم، وەک هەوڵ و هەنگاو لە خۆمدا جووڵاندووە، تەنیا لەم دەستپێکەدا شیعری هاوچەرخ لەدایکدەبێت و جۆرە هاودەمییەکی شێواز و پەنجە مۆر دروستدەبن و هاوسەنگ یەکتری ڕادەگرن.

## ١٧

شیعر وەک ناسنامەی دنیا خۆی پێناساندم، ناسنامەیەکی بەختەوەر. لە شاکاردا ناساندنی خۆی دووبارەدەکاتەوە. بۆ دۆزینەوە، تەم لەسەر جیهانێک لادەدات، کە ناساندن ئاماژەی بۆدەکات.

## ١٨

لێکۆڵەری ڕاستەقینە نووسەرێکی داهێنەرە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بنچینەکانی کاری داهێنانەوە هەیە، بەرەو بەهای بابەت و ئێستێتیکا ڕێنماییمان دەکات. ئەمیش لە سنووری بیرکردنەوە و دادپەروەری و زانینی خۆی بەرهەمێک دادەهێنێ، بەرهەمەکەی لە خزمەتی بەرهەمی یە کەمدایە. سێبەری یەکەم نییە، ڕووناکی دووەمە. خۆی داهێنەرە و بە رهەمەکەشی داهێنانە. خوێنەری نموونەییش داهێنەرە. لێکۆڵەری ڕاستە قینە وادەکات خوێنەری نموونەیی ببێتە نووسەری دووەم، یان لێکۆڵەر ناوەندە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا.

لە جێگایەک خوێندوومەتەوە بۆ هەر نووسینێک دوو نووسەر هەیە:

یەکەم: ئەوەی بەرهەمەکەی داهێناوە.

دووەم: خوێنەرەکەیەتی، خوێنەری نموونەیی.

زۆر بەورياييیەوە گوێ لەو باسانە دەگرم، کە لە بەرهەمی مندا دە بنە باس، ئەگەر لەگەڵ بیروبۆچوونەکانیشیان نەبم، پەیوەندیم لەگەڵیاندا پەیوەندییەکی سروشتی و مرۆڤانە دەبێت. لێکۆڵەر هەقی هەموو بیروبۆچوونێکی هەیە، کە لەناو دەقەکەدا هەستی پێدەکات و بیری بۆی دەچێت. بیروبۆچوونی لەبارەوە دەرببڕێت. ڕەنگە بیروبۆچوونی نەچێتە وە سەر کرۆک و ماکی بیروبۆچوونی نووسەرەکەش، ئەمە ئەوە نییە لێکۆڵەر بە کەمزان و کەمدەست و ناتێگەیشتوو تاوانبار بکەیت.

نموونە: ئەدیب نادر، باسێکی بەجیهانبینییەکی پڕ و هەڵگری لێکدانە وەی جیاجیا و میتۆدی هەمەلایەنە لەبارەی ئەزموونی من بە ناونیشانی: (کە خەون دەبێتە وێنە، کە خەون دەبێتە شیعر) نووسیوە. لە کتێبی: (گەڕانەوە بۆ ماڵی یەکەم) ساڵی ٢٠١٤ لە ئەکادیمیای کوردی چاپکراوە، بڵاوی کردووەتەوە.

با پەی بە ئەزموونی منیش نەبردبێت. ڕەتی ناکەمەوە، لەگەڵ بە شێکی بیروبۆچوونەکانیشی یەکنایەمەوە، بەڵام لێکۆڵەرێکی ڕاستەقینەیە و قووڵبووەتەوە، پێی لەسەر زەوی نووسین قایم و جووتە. بیرکردنەوە ی کەسایەتی ئەدەبیی خۆی، وەک بەرپرسیاریەتی نووسین و هێزی ئاییندەبینینی نووسین بەکارهێناوە، جیهانبینیی و دیدی منیشی ناسیوە. بەرهەمێکی دروستکەری پرسیاری لەسەر بەرهەمەکەی مندا خولقاندووە، ئەگەر بیروڕاکەشی وەرنەگرم، هەموو شتێک لەم وەرنە گرتنەدا کۆتایی نایەت. بێ هیچ گومانێک لێکۆڵەری ڕاستەقینە بەشداری کارای داهێنان دەکات، هاریکاری ئەوەشی دەکات بەرهەمی داهێنراو بە رهەمبهێنێت و پرسیارە بوونییەکانی خۆی بکات.

## ١٩

شیعر هەوڵدەدا هەوڵێکبێت لە تەواوی بوارەکاندا دانپیانانبێ بە ژیان، یان ئاشکراکەری ژیانی تایبەتی شاعیر، کە ژیانێکی قووڵ و ڕوونە، شیعر خۆی شاعیرەکەیە. ئەو ماوە دیاریکراوەی دەژین دانپیانانە بە ژیان. مردن کامڵبوونی مرۆڤە. دۆنایدۆن، کە دێت وەرتدەگرێ زاوزێکردنی بوونە. کارتێکردن و کارتێکراوە، دایک و ڕۆڵەی زیندووی بوونن.

شیعری بێگەرد بەخۆی زانیوە و بە شێوەیەکی سروشتی بژێویی ڕە وای خۆی، نەک سواڵ لەم زاوزێکردنەی بوون وەردەگرێت، ئەگەر ئەدە بی ئێستێتیکی نەبووایە مرۆڤایەتی لایەکی بەتاڵدەبوو، یان لایەنی کەم شتێکی گرنگی کەم دەبوو، یان هێڵی بیرکردنەوەی دەگۆڕا و هێماکانی زەوی زیاتر ئاڵۆزدەبوون.

لە ئێستادا، کە ئەزموونی نووسینم سی و پێنج ساڵی جێهێشتووە، نووسین بۆم بووەتە ناوچەیەکی ترسناک و چوونە ناوی ئێجگار سە خت و بە ئازار بووە. لە ڕێکخستنی وشەدا و کاریگەریی دەنگێک بەسە ر دەنگێکی دیدا هەستەکانم دەردەکەون، ئێستا زۆر هەستیارم بەرانبەر دەرکەوتنی هەستەکانم و ئەو وشانەی ڕستەیان لێپێکدەهێنم و دەیانکەم بە وێنەی ئێستێتیکی.

من تەنیا لە خوێندنەوەی دەقی ئێستێتیکیدا دەدرەوشێمەوە و ڕۆڵەی بچووکی ئەدەبی ئێستێتیکیم، بە تەواوی بوون و هەستەکانمەوە پەیوە ستم پێیەوە و لە خولگەکانی دەخولێمەوە. هەناسەیەکی ڕوون و قووڵ لە نێوان ئەزموون و زماندا ڕامدەگرێ و دەیخۆمەوە، ناسنامەی بوونی خۆمی لێوەردەگرم و بە دەستمەوەی دەگرم، دەستم لە گۆزەی شەرابی خودایی هەڵدەهێنم و ناوچەوانمی پێ تەڕدەکەم.

## ٢٠

لەو تەمەنەی هەستم بە مرۆڤبوونی خۆم کردووە، چێژی وشەم دۆزییەوە و تێیدا مەست و شاگەشکە بووم. مەنەلۆژی ناوەکی، واتە: مە نەلۆژی ناخی بیرکەرەوە. لەناو شیعردا لە جەنگ و گەشتێکی شادیبە خشی بێپایاندام لە بەرەنگاربوونەوەی نائومێدییدا. جەنگ و گەشتەکەم لە فەزای پرسێکی بنەڕەتییە، پرسی شیعر. هەر کاتێک بە ئومێد و شیعر

بگەم و بارەکانی زەین بخەملێ، جەنگ و گەشتەکەم کۆتایی دێ. دووبارە نەخشەی جەنگ و گەشتێکی دی دەکێشمەوە. جەنگ و گەشتی یەکەم ئاشقبوونم بە ئومێد و شیعر بۆ بەهای بزربوون لەناو فەزایدا، گوێگرتنەوە لە یەکەمین مامۆستای زمانی دایک بۆ گەرمکردنەوەی بە هرەی یەکەم ئەشق و ئاشقبوونم بە گەشتی شاعیرانی داهێنەر و ئاشنابوون بە پەیامی یەکتری و دۆزینەوەی خەسڵەتی ئەفسوونی شیعرییبوون و خەملێنی زەین.

## ٢١

زمان ئاسۆی گەردوونیی هەیە و مرۆڤیش لە نێوان زمانە هاوبەشە کان دابەشکراوە. شیعر پانتایی زمان تێناپەڕێنێت، بەڵکو دەیکاتە هونە ری زمان. لە شیعری بێگەرددا پرسێکی گرنگ ڕۆڵدەبینێت، زمان دەبێتە هونەری زمان، هەروەها شیعریش دەبێتە هونەری زمان. بۆ هەر وشە یەک زیاد لە مانایەک پەیدادەبێت و سروشتییانە هەڵدەقوڵێت، لە زمانی زانستدا یاری بە مانای وشە ناکرێت، واتە: وشە یەک مانای هەیە و بە س. لە شیعری بێگەرددا زمان بە پەنهانی نامێنێتەوە و بە لێکدانەوەکانی دەوڵەمەنددەبێت و دەبێتە ئەزموونی شاعیر و ناوەندی مانا، ئەزموونی شاعیر و ناوەندی مانا هەر لە لەدایکبوونی مرۆڤی ئاساییەوە تا لە دایکبوونی خوداوەندەکان درێژدەبێتەوە، یان لە مردنی مرۆڤی ئاساییە وە تا مردنی خوداوەندەکان، واتە: سەرەتا پرسیار لە کۆتایی دەکات و کۆتاییش پرسیار لە سەرەتا دەکات، وەڵامەکان شیعری بێگەردن و سنوورەکانی ئەندێشەی شاعیر بەرزدەکەنەوە و دەستنیشانی دەکەن.

## ٢٢

له زماندا نهێنییەک هەیە، پانتاییيە جۆراوجۆرەکانی بوون گەڵاڵەدە کات تەنیا شیعر دەتوانێت دەستی بۆ ببا و دوو ئاسۆی کارای تێدا تێکە ڵاوبکات.

یەکەم: ئەو ئاسۆیەی ژینگە دەیخوڵقێنێت، زمان توانای پەیپێبردنی هە یە.

دووەم: ئەو ئاسۆیەی شیعر دەیخوڵقێنێت، بە چەشنێکی زمانەوانیی، دۆخگۆڕین دەکات.

شاعیر نیشتەجێی هەردوو ئاسۆیە. ئاسۆی یەکەم بە تەواوی توانا ماناییيەکانیەوە ئامادەیی لە ئاسۆی دووەمدا هەیە. ئاسۆی دووەمیش بە تەواوی جیهانبینییەوە ئامادەیی لە ئاسۆی یەکەمدا هەیە. تواناکانی زمان تێیاندا فەراهەمدەبێت و درێژە بە هێزی زمان و ڕێگاکانی بینینی جیهان دەدات و هێما ئافرێنەرەکان زمان دەیانکاتەوە.

## ٢٣

شیعر هۆکارێکی سەرەکییە لە بوونی مرۆڤدا. مرۆڤیش خوێنەری کۆی شتەکانە، کەواتە: شیعر ئەگەر چەند کەسانێکی وریا و بەئاگا و بژاردە بیخوێننەوە، ئەوە شیعرێکی بە خوێنەرە. بەدحاڵیی و خۆهەڵخەڵە تاندنێکی کوشندە لەناو بەشێک لە ئێمەمانان پەیڕەودەکرێت. خۆماتدان لەژێر ئەم پرسیارە بەتاڵەی هەر شیعرێک نەیتوانی لە سەردەمی خۆیدا خوێنەر پەیدابکات، ئەوە شیعرەکە لە ئاستێکدایە و خوێنەریش لە ئاستێکی نزمتردان، یان لە سەردەمێکی پێشکەوتووتردا خوێنەری ڕۆشنبیرتر پەیدادەبن و دەبنە خوێنەری ئەم چەشنە شیعرە. ئەم جۆرە تێڕوانینە هێرشکردنە سەر شیعر و سووکایەتیکردنێکە بە خوێنەر، دە

رهاوێشته و کاردانەوه و تۆڵەسەندنەوەی ئەوەیە، کە خوێنەر بەلایەوه ناون و نایانخوێنێتەوه.

ئەگەر شیعرێک لە سەردەمی نووسینیدا نەیتوانی خوێنەری وریا و بەئاگا و بژاردە بۆ خۆی پەیدابکات، لە هیچ سەردەمێکی تردا ناخوێنرێتەوه، لەگەڵ ئەمەشدا بڕوام بە دیاردەی دەگمەن و ناوازە و سەرپەڕ هەیە.

مەحوی، گۆران، دیلان ... تاد، شاعیری بە خوێنەرن، ئەمانە لە ڕوئیا و شیعریبووندا لە ورووژان و ڕاکێشانی جادوویی و جاویدانیدان، بە خاڵی بەیەکگەیشتن گەیشتوون، بەیەکگەیشتنی شیعریبوون و خوێنەر، هەستدەکەیت هەموو شتێکیان بینیوه، سوودیان لە کەشوهەوا و هێما ئە فسانەییەکانیش وەرگرتووه و نیگەرانییەکی داهێنەرانەیان تێدایە . با هە ل و بوارێک وەربگرین و بچینە ناو شیعریبوونی ئەم سێ دەقەوه:

یەکەم: ئەوی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلووق، مە حوی.

دووەم: دواسەرنج، گۆران.

سێیەم: سێبەری پەرت، دیلان.

لە هەمان کردەشدا دەبینرێت هەیە نیو سەدەیە پیادەی نووسینێک بە نیازی شیعر دەکات، کەچی من وەک خوێنەرێکی ناوەخن و بەردەوامی شیعری کوردی، ئەوەم ڕووبەڕوو نەبووەتەوه یەک دێڕیشی بووبێتە دەقێکی: (چێژ)، یان دەقێکی: (ڕوئیا)، یان دەقێکی: (مەعریفی). هەر پانتاییەکی سپی کاغەز بە نیازی شیعر، بە ڕەنگێک دابپۆشرێت ئەم سێ خاڵە تێیدا ئامادەبوونێکی بەهێز و پڕ جووڵەی نەبێت، بێ هیچ چە ندوچوونێک لە شیعریبوون بەتاڵە و مێژووی داهێنان فڕێیدەدات و بانگهێشتی ناکات بۆ بینینی جیهان.

نوێبەخشی بناغەدار، بەردەوام لە ڕەگی کۆمەڵگا کاردەکات، کۆمە ڵگاش بوونی خۆی دەناسێت و لە دەرکەوتنی بزووتنەوەکان ئاگادارده بێت، ئەو ڕەگەزانەش دەناسێت کە نوێبەخشی دەگونجێنێت و چالاکی دەکات.

نموونە: شیعری (وەرە خوارێ ئەی خواکەی غەریبان لە کلکەی هە وری ئاڵەوە وەرە خوارێ)ی ئەنوەر قادر محەمەد. فەزایەکی زیندووی هەیە و تا بڵێی ئیستێتیکییە. نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی لە ئەزموونێکی ئیستێتیکی سێبەردار داڕشتووە و باری دەروونیی کۆمەڵگای کوردیی تێدا بەرجەستە و گەرمکردووتەوە.

بە خاڵی بەیەکگەیشتنی شیعریبوون و خوێنەر گەیشتووە، بەهرەی خۆڕسکی شیعر، بێ زۆرلەخۆکردن ئافراندوویەتی.

بڕواشم وایە ئەوانەی ڕوئیا و شیعریبوونیان لا دروست نەبووبێت تەمەنی نووحیشیان هەبێت نابن بە شاعیر. جا گرفت لەوەدا نییە ئەم شیعرە بە خوێنەرە، یان نا، بەو مانا خۆهەڵخەڵەتاندنەی لەناو ئاستنزم و پەراوێزەکان پڕوپاگەندەی کوشندەی بۆ دەکرێت. ئەوە گرفتەکەیە. ئایا ئەم شیعرە ڕوئیا و شیعریبوون و بنیاد و شێواز و بیرۆکە و نیشانە هاوچەرخەکانی تێدایە، یان نا.

من بڕوام بە شیعریبوون و ڕوئیا و خوێنەری وریا و بەئاگا و بژاردە و ئەزموونی شاعیر و خۆبوونی هەیە.

## ٢٤

خودایە، کە هێڵەکانی ژیانت ڕێکخستووم، ئازادیی نووسین و داهێنانت بۆ فەراهەم، پرسەکانت تاوتوێکردووم. بە تەواوی بڕوا و قە ناعەتەوە، ڕۆژی پێنج فەرز خۆم ڕاستەڕێ دەکەم و نوێژت بۆ دەکەم،

که بەسەر ڕەگی درەختی ڕەگ گەیشتووی ناو ئاوی پاراو بنیادتناوم. حەزم لە تەمەندرێژیی نییە، نیو سەدە زیاترە دەژیم. ئەوپەڕی ئاواتمە بچمە جیهانی خامۆشانەوە، ئەو جیهانەی خۆت بانگهێشتیم دەکەیت، بە هەشت. لەویٚ ئەو حۆریانەی لە پاداشتی کردەوەکانم خەڵاتم دەکەیت، تا پلەی شیعریبوون بەرزیان دەکەمەوە و بەوپەڕی بەڕێزەوە ڕەتیان دەکەمەوە، داوای دیوانی شاعیرە داهێنەرەکانت لێدەکەم. لەویٚ هەموو زمانەکانی دنیا دەبنە یەک زمان و دەیزانم، شیعری هەموو زمانەکانی پیٚ دەخوێنمەوە، دەست لە هەموو شتێک بەردەدەم، مشوورخواردنی: ماڵ و منداڵ و کەسوکار و نەتەوە و مرۆڤایەتیشم نامێنێت تا پێیانەوە سەرقاڵبم و چاودێری بارودۆخ و جیهانیان بکەم. خۆم تەرخاندەکەم بۆ خوێندنەوەی شیعری بێگەرد، لە شەڕی چاودێری مرۆڤە هەڵبزڕکاو و ناخ گەچراوەکانیش ڕزگاردەبم.

ئەو یەکڕوویییەی، کە خەسڵەتی بنەڕەتی مرۆڤی ئاشقە، خۆت هەر لە لەدایکبوونمەوە ڕژاندووەتە هەستەکانمەوە، سوپاست دەکەم.

ئەی خودا: من تۆم خۆشدەویٚ، قەتیش لێت نەترساوم و لێشت ناترسێم، کە گوێڕایەڵتم: نە لەپێناو پاداشتی بەهەشتە، نە لە ترسی سزای دۆزەخە. تەنیا لە خۆشەویستی خۆتەوەیە و بەس.

کە لە دنیادا بوونێکی بچکۆلەم هەیە قەرزاری شیعرم، ناوەندی ژیانی منە و لەو لەدایکبووم. ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگ دەبینم لە هەموو شوێنێکدا بەسەرمدا دادەبارن. لەسەر زەمین دەبنە قەڵا پاڵیان پێوەدەدە م. گوللەی دووکەڵی مرۆڤە هەڵبزڕکاو و ناخ گەچراوەکانیش وەک فسی پێش تەنگاوبوون وایە.

## ٢٥

هەر دەقێکی جوانی شیعرییم خوێندبێتەوە، توانایەک لە هێڵی بە رزبوونەوەی ناخمدا پەیدادەبێت، کە توانای دۆزینەوە و دارِشتنەوەی سەرلەنوێی ژیانمی هەیە. قەت ئاواتم نەخواستووە من نووسیبوومایە، زۆر بە ڕاشکاوییەوە ناخی خۆم ڕادەگەیەنم: هەموو دەقێکی جوانی شیعریی بە هی خۆم دەزانم، دەچمە ناو کەژاوەی شانازییانەوە و بۆنی خەمی یەکەم و هەستەکانیان دەکەم، دەریام تێدا بزردەبێت.

## ٢٦

شیعری بێگەرد هەڵوێستێکی ئێستێتیکییە. نابێت تێیبگەیت. دەبێ هە ست بکەیت لە هێزی یەکەمدا شتێک هەیە. ئەو شیعرەی لەپێناو گە یاندن، واتە: هێزی دووەم دەنووسرێت، شیعری بێگەرد نییە، واتە: هە ستیار و بێدار نییە، گێڕانەوە، یان هەواڵە.

## ٢٧

مێشکی من چڵکن نەبووە بەو دروشمە باوانەی ناو ڕۆشنبیری کوردی، داهێنەر لە شێوەی تێڕوانینی داهێنانیەوە کار لە ژیان دەکات و ئێستێتیکا لە مەودای جیاجیادا لە زەینی وەرگر مشتوماڵ دەکات و خاڵ و هێڵ و هێمای دەداتێ، کە ناوکی جیهانبینی شیعرە.

هەست لە شیعردا کەرەستەی پێکهاتە و هێڵە هاوبەشەکان دەستەبەر و گەڵاڵەدەکات، بیری خەملێویش لە زەمینەیەکی گونجاودا، واتە: بنیادێکی خەملێو سروشتی ناوەوە ڕێکدەخات و خودی ئەزموون پێیدە گەیەنێت.

درەوشانەوە لە دەقدا ڕەنگە ئەوەبێت وێنەیەک دەبێتە ناوەند و لووتکەی دەقەکە، خوێنەر لە ئاستیدا تەواو بێدەنگ دەبێت. ئەو بێدە

نگبوونە ئەوەیە دەستی بە قووڵایەکانی درەوشانەوە گەیشتووە. درە وشانەوە بۆ شیعریبوون زمانی پێوەر و پێوەرێکی کامڵە.

لەو ماوەیەدا، وەختێکی تایبەتی خۆم بۆ: (کۆی بەرهەمە شیعرییە کان)ی ڕەفیق سابیر تەرخانکرد، چاپەمەنی مانگ ساڵی ٢٠١٦ لە ٧٩٣ لاپەڕەدا چاپی کردووە، هەروەها: (ڕوانین لە بوولیڵدا)، ٢٢ چاوپێکەوتنی جیاجیایەتی، هەمان چاپەمەنی ساڵی ٢٠١٥ لە ٣٠٤ لاپەڕەدا چاپیکردووە ، هەروەها: (ئەویننامە) دوا کۆشیعریبوونی. هەمان چاپەمەنی لە ٩٨ لاپە ڕەدا چاپی کردووە، لەم بەرهەمەیدا ئاستێکی گۆڕان و وەرچەرخانی ڕیشەیی لە بیری ئێستێتیکی، ڕۆڵ دەگێڕێ و ڕۆڵی ئاشکرادەبێت.

لە خوێندنەوەی کۆی بەرهەمەکاندا دیدگایەکی تایبەت و دیاریکراوی لەبارەی ژیان و ڕووداوەکانی کوردستان پێشکێشکردووە. بەو تێگە یشتنەی بۆ شیعرم هەیە، دەتوانم ئەم بۆچوونەم بەڕاست بزانم، ڕەفیق سابیر شاعیرێکە، کەمتر هەستییە و زیاتر فیکری و سیاسییە، بەڵام لە ئاراستە فیکرییەکەیدا ڕایەڵ و تانوپۆ و هارمۆنی و پێکەوە گونجانێکی لۆژیکێک کارپێدەکات بۆ ئەوەی ئاراستەی ئاسۆیەک بۆ ئێستێتیکا و وتنی بنەڕەتی دەستەبەربکات، کە شیعری بێگەرد لە بوونی خۆیدا قبووڵی ئاراستەی ئاسۆیەک و فیکری کراوە دەکات، بەڵام قبووڵی ئایدیۆلۆژیای داخراو ناکات.

ئەو درەوشانەوەی ئاماژەم بۆی کرد، دەتوانم دەقی: (ئاوێتەبوون) لە کۆشیعری ئەویننامەی بۆ دەستنیشان بکەم، هەروەها لە دوا کۆشیعریدا ٢٩ هایکۆی نووسیوە، لە ماوەیەکی پێوانەییدا، هایکۆ بە شێوەیەکی بە ربڵاو، وەک دیاردەیەکی لاساییکردنەوە هاتە ناو شیعری کوردییەوە. شێوازی هایکۆ مەودایەکی کورت و وتنێکی بنەڕەتییە، دۆخگۆڕینی تێدا ڕوونادات، دەنگێک دەنگێکی دی وەرگرێتەوە و هەستەکان جێگۆڕکێ

بکەن، ئاوازی جێگۆڕکێی دەنگەکان لە فۆرمی وشە و چڕیدا ڕێکبخرێنە وە. هونەریترین هایکۆ لە شیعری کوردیدا، کە بە هونەری هایکۆ نووسرابێت: (ڕەفیق سابیر) نووسیویەتی و پرسی هونەری تێدا دروستکردووە.

## ٢٨

شیعری بێگەرد دەبێ خۆی خوێنەری خۆی دروستبکات و مرۆڤی هاوچەرخی تێدابژی. لە بوونی مرۆڤی هاوچەرخیشدا توابێتەوە. لەم باروبوارەدا ژیانێک لەدایکدەبێت و ژیانێکی تر دەژیێنێت، واتە: ژیانی یەکەم بوونە و ژیانی دووەم بەشێک لە بوونە، کە مرۆڤی هاوچەرخ تێیدا هۆگر و ئامادەیە و کەرەستە و پێودانگی تایبەتی بۆ خوێندنەوە هەیە، خۆی بەرەو ئەو جۆرە شیعرە ڕێنوێنی دەکات.

من لە شیعرمدا هەوڵ بۆ ژیانی دووەم دەدەم. مرۆڤی تێدا بکەمە مرۆڤی هاوچەرخ و پێناسەی کات و شوێنی کردبێت و لە توانایدا مابێتە وە. خەسڵەتە سەرەکییەکان، کە دانایی سروشتی مرۆڤە گورزێکی لە زە ینیدا وەشاندبێت، خۆی ئەزموونبکات. پاش جێگیرکردنی وەشاندنەکە. بچێتە ناو پرسی کردەیەکی کتوپڕەوە و لە ئامانج نزیک ببێتەوە و پە یوەندییە ناوەکییەکان، لە دەرکەوتنی زماندا تەواو دیاری نەکا و مە وداکان لە بەهرەیەکی باڵادا بزربکات.

## ٢٩

شیعری بێگەرد دادوەری ئەم جیهانەیە، لەپێناو زمان و ئێستێتیکادا دەنووسرێت. فیکری سیاسی بەناو هەستەکانیدا دەبا و شەپۆلیان پێدە دا، بەڵام ئایدیۆلۆژیا تێکەڵ دیدی ئەدەبی ناکات و نابێتە وتەبێژی سیاسی. دەزانێت چۆن ئەم کارامەییە ئەمەکدار بکات، ڕۆح و هەرچی شتێک لە ڕۆح بچێت ترپەن بۆ ئەوەی بیرکردنەوە بکەنە پەیژە و نۆتە

بۆ دروستکردنی وێنە و دەرکەوتەکان و پاراستنی ناسنامەی شاکاری ئەدەبی.

## ٣٠

به شیری دایکم و شیری شیعر بەخێو و پەروەردەکراوم. لە هەموو کات و شوێنێکدا ئامادەیی هەیە و سێبوورییە بۆم. ناتوانم لە فەزای دە رچم، لە ناخمدا پێی دەژیم. بوێری ئەوەی تێدا تاوداوم پرسیار لەبارەی دەرکەوتنی جیاوازییەکان بکەم و هاوکێشەیەکی تەواوی لەگەڵدا دروستبکەم.

شیعر خۆی، واقیعێکی زۆر تایبەتە، بەیانێکە تەواونەبوو. بێدەنگیی لە ناخمدا کۆدەکاتەوە و سەرچاوەی یەکەمین پەرێشانییەکانمە، هەموو پرس و باسەکان دەکاتە هی من. ژیانی شیعرییم، ژیانی تایبەتی داگیرکردووم، کردوویەتی بە وێنەیەکی کراوە و پیشانی دەدا و دە یپارێزێت. کەمێک نامۆیی و تۆزێک دڵەڕاوکێ و هەژانی ترسیشی تێدایە. لەوساوەی تێکەڵی بوویمە و سەرم لەناو هەناویدا گەرمکردووە، لە ناوە وەم بۆ چرکەیەک، چرکەیەکی کەمخایەنیش بێت لە هەست و تێڕامانی نووسین دوورنەکەوتوومەتەوە.

شیعرێک، کە تازە نووسیبێتم، وەک ئەوەی کەسێکی دیکە نووسیبێتی، ئەوە وێنادەکەم لەسەر شانۆ و لەبەردەم میکرۆفۆندابم بۆ خۆم و ئەو بێدەنگییەی لە ناخمدا کۆبووەتەوە، دەیخوێنمەوە. بێدەنگییە کۆبووەوەکە دەکەم بە سەکۆیەک و خۆمی تێدا دووبارە دەکەمەوە. بێئە وەی بە خۆم بزانم سەرمەستانە وەک شەیدابییەکی گەردوونیی بزردە بم و خۆمی لێ ئازاددەکەم، ئینجا شیعرێکی نەنووسراو سەرقاڵم دەکاتە وە. قووڵی و بەخۆداچوونەوەیەک، لە هەست و تێڕامان دروستدەکەم بۆ گۆڕینی فۆرم و مانا لە نێوان شیعرە نووسراوەکە، کە تازە خۆم لێی

ئازادکردووە. شیعرە نەنووسراوەکە، کە هۆگری بوویمە و بە پڕی خۆم بۆی ئامادەکردووە، شوێنێکی لە هەست و تێڕامان پێ بدەم، کە هەست و تێڕامانی نووسین سەرقاڵم دەکات. دەکەومە بارێکی بینین و هە ستکردنێکی ناخییەوە، کۆمەڵێک ئەستێرە لە ئاوێکی نزیک و ناسراودا بۆم زریوەیانە و پرسیاری تێڕامان و هەستم لێدەکەن. دڵخۆشی و جوانییەکی تایبەتم دەدەنێ، دڵخۆشی و جوانییە تایبەتەکان وەڵامی پرسیاری زریوەی ئەستێرەکان دەدەنەوە. تین و تاوێکم بۆ زمان تێدا مشتومالْ دەکات. لە زمانەوەش تین و تاوی خۆشەویستیم پێدەگات و خۆی پێبەخشیوم و خۆمی پێدەبەخشمەوە. جێگۆڕکێ دەکەین، ئەو دە بێتە من و منیش دەبمە ئەو، وەک دوو هێڵ لێکتێناپەڕین، دەگەینە یەک. بە بارێکی دی دۆنایدۆن دەکەین. ئەگەر وزەیەکی نەبینرایش نەبێت قەت ناتوانم دەست بۆ نووسین ببەم و خۆمی تێدا نوێبکەمەوە و دەستپێبکە م، بجووڵێم و شێوەی تایبەت وەربگرم. ئەو ڕووداوانەی کاریگەرییان خستووەتە دۆخ و دەروونی من لە دەرکەوتن و نواندندا هەموویان لە ناو ژیانی شیعریمدا دەناسرێنەوە و کەسایەتی خۆیان هەیە. لە بە کاربردندا بوونەتە سروشتی وشە و سروشتی وشەیییان دەناسرێتەوە.

شیعر ئەزموونێکی تایبەتە، کەسی تایبەتیش دەینووسێت، تایبەتمە ندبوون ئەشقی ڕاستەقینە و پەیوەندییە ڕۆحییەکان و تێگەیشتنە زمانە وانییەکانمان لە جەستەی شیعری بێگەرددا بەرجەستەدەکات.

**تشرینی دووەمی ٢٠١٩ هە ولێر**

# زمان و خەڵاتی نۆبێڵ

ڕووداوێکی لاسەنگ و نەگونجاو لەم ڕۆژەمدا ئاسمانی پێش کاتی ئاسایی خۆی تاریک داهێنا. عەبدوڵڵا سەڕاج گەڕابووەوە کوردستان و پەیوەندی پێوەکردم، گوتی: ئەگەر بکرێ دەمەو ئێوارەی ئەمڕۆ: ٢٠٠٥/٤/١٤ لە قاوەخانەی مەچکۆ بە دیداری یەکتری ڕووناک ببینەوە. بۆنەیەکم هەیە حەزدەکەم لەگەڵمدا بەشداربیت. بەدوای پەیوەندییەکەدا چووم و لە بازاڕ نزیک هەڵپژەوداپژەکان مۆسیقاژەنێک لەبەردەمی کۆترەماڵییەکاندا مۆسیقای دەژەنی و زنجیری جانتای کەمانەکەی کردبووەوە، ڕاگوزەران تاوێک گوێیان دەگرت، دەستخۆشییان بۆ دەخستە جانتای کەمانەکەیەوە. منیش دەستخۆشیی خۆمم، زیاتر لەوەی لەناو جانتاکە کۆببووەوە بەخشی. وەک دیاردەیەکی ژیاریی ناو کۆمەڵگای کوردی، پێموایە جۆرە گوزارشتکردنێکە لە جووڵەی واقیع و ژیانێکی پڕ. ئەو دیمەنەی پێش چەندساڵێک، ئاستێکی وا بەهێز و کاریگەری هەبوو، مووچڕکی پێداهێنابووم، بەبیرم هاتەوە و تیشکۆی چاوم کەوتەوە سەری، خوێنی ئەو دیمەنە دووبارە لە جەستەمدا کوڵا و چۆڕایەوە. لە شاشەی تەلەفزیۆن لە بەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری شار، پێشاندانی ڕوخساری شار، قالەمەڕەم دیت لە شاری خۆی، بۆکان. لە بازاڕ مقەبایەکی ڕاخستبوو، بەدیاریەوە شمشاڵی لێدەدا. ڕاگوزەران دەستخۆشییان بۆ لەسەر دادەنا، دوای بینینی ئەو دیمەنە (سەد) دۆلارم بە نووسەرێکی ڕۆژهەڵات بۆ نارد، ئەویش سیدییەک و وێنەیەکی خۆی بە دیاری بۆ ناردم. وێنەکەیم لە ماڵی خۆمدا هەڵواسیوە. نەوای شمشاڵ

جۆره‌ ئه‌فسوونێكه‌ تا لێی نزیک نه‌بیته‌وه‌ هه‌ست به‌ قووڵیی و چركه‌ساتی ده‌ستنیشانكردنی ناكه‌یت، ده‌بێته‌ ده‌نگی بێده‌نگه‌كان.

عه‌بدوڵڵا سه‌ڕاج (شه‌ست) ئه‌ڵقه‌ نووسینی به‌ ناونیشانی: (گۆشه‌نیگا) له‌ ڕۆژنامه‌ی (ڕێگای كوردستان) به‌ خۆبه‌خشیی نووسیبوو، ڕۆژنامه‌كه‌ وه‌ک ڕێزلێنان و ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ خۆبه‌خشییه‌ی، ئێواره‌ میوانداریيه‌كی ساده‌یان بۆ ڕێكخست. من و خاڵه‌ حه‌مرین ده‌ستنیشانكراوی نووسه‌ر بووین له‌ میوانداریيه‌كه‌ به‌شداربین، نووسینی خۆبه‌خش له‌ ئه‌ده‌بی كوردیدا مێژوویه‌كی به‌هێزی هه‌یه‌.

نوێنه‌ری ڕۆژنامه‌ و خاوه‌نی میوانداریيه‌كه‌ جه‌لال ده‌باغ بوو، دیاری ڕۆژنامه‌كه‌ كراسێک و ئاڕمێكی نه‌خشاوی ڕۆژنامه‌كه‌ بوو، له‌ دانیشتنه‌كه‌دا له‌گه‌ڵ سوپاس و پێزانینێكی جوامێرانه‌ پێشكێشی كرا، هاندان ده‌بێته‌ وزه‌یه‌كی شاراوه‌ و ده‌چێته‌ ئاگایی و نائاگایی نووسه‌ره‌ وه‌.

له‌ یانه‌ی مامۆستایانی هه‌ولێر له‌ناو باخچه‌كه‌دا دانیشتین. بابه‌تی دانیشتنه‌كه‌ زیاتر سیاسه‌ت و بارودۆخی حزبه‌كانی ناوخۆ و كار و چالاكییان بوو، كه‌ من قه‌ت حه‌زی لێناكه‌م و به‌شداری تێدا ناكه‌م، به‌شدارییم تێیدا نه‌كرد. سیاسه‌ت كاراكته‌ری خۆی هه‌یه‌ و من خوێن و گۆشتی ئه‌م جه‌سته‌یه‌ نیم. بێده‌نگییه‌كی ناچاریم هه‌ڵبژارد، هه‌رچه‌ندی ده‌مكرد، نه‌مده‌توانی دۆخی گفتوگۆكه‌ به‌ره‌و ئه‌ده‌بیات بگۆڕم. كه‌مێكیش سه‌رگه‌رم و خومار بووون.

له‌ كۆتایی دانیشتنه‌كه‌دا بووین، مه‌وجوود سامان هاته‌ ناو باخچه‌كه‌ و چه‌ند مه‌ترێک نزیک له‌ ئێمه‌ له‌سه‌ر مێزێكی چۆڵبوو دانیشت. له‌گه‌ڵ خاڵه‌ حه‌مرین دووراودوور كه‌وتنه‌ قسه‌ و جۆرێک گاڵته‌جاڕی.

خاوەنی میواندارییەکە بە خاڵە حەمرینی گوت: ئەمەش پێشتر لە ڕاگەیاندنی ئێمە، واتە: حزبی شیوعی خزمەتی کردووە، ئەگەر حەزدەکەی فەرمووی لێبکە با بێتە سەر مێزەکەوە. فەرمووی لێکرا و هاتە سەر مێزەکە، لە ژوورەوە خواردن و خواردنەوەی خۆی تەواوکردبوو، بەپەلە و هەستی باوەڕبەخۆبوونەوە بانگی مەیگێڕەکەی کرد. چارەگێک جن و دوو بیرەی داواکرد. لە ماوەیەکی ئێجگار پێوانەییدا کردی بە کۆکتێل و هەڵیقوڕاندن. داوای پاکەتێک و دوو نەفەر کەبابی سەفەرییشی کرد.

خاوەنی میوانداریەکە زانی ئیستغلال، واتە: هەلوەرگرتنە. بانگی مەیگێڕەکەی کرد حیسابەکە بدات، ئەوەی خۆمانی جیاکردەوە، ئەوەی ئەمی بەلاوە نا. مەوجوود سامان دەمی داکشا و چاوەکانی بەرزکردەوە و یەکدوو بڵمە بڵمی ناڕازیبوونی کرد.

بانگی مەیگێڕەکەی کرد و بەهانەی هێنایەوە، گوتی: پاکەتم ماوە و نەمزانیبوو لە گیرفانەکەی ترمدا بوو، لە ماڵەوەش تەلەفۆنیان کرد. تۆ دواکەوتی و ئێمەش نانی خۆمان خواردووە. پاکەت و دوو نەفەر کەبابە سەفەرییەکەی ڕەتکردەوە. نووشتەی هەلوەرگرتنەکەی بەتاڵبوو، هەروەها لەگەڵ هاتنە سەر مێزەکەش. بەبێ هیچ بابەتێک و بەبێ ئەوەی بە وشەیەکیش باسی شیعر کرابێت. لەپڕ ڕووی دەمی هەڕەشەی لە من کرد، بە هەڵچوونێکی زۆر نارەواوە پەلاماری دەستەوخەنجەری شاعیرانی باشی کوردی دا، وەک: شێرکۆ بێکەس و ئەحمەدی مەلا و بە ختیار عەلی و من. وەک ئەوەی پەلامارەکەی نەخشەیەکی لەمێژینەی بووبێت. منیش گوتم: ئەمانە و چەند کەسانێکی دی بنەماکانی نوێبەخشیی شیعری کوردییان داڕشتووە و نەخشەکەشیان فراوانکردووە، هەروەها نەخشەی خۆبوونی خۆشیان دامەزراندووە،

هێزی زانینی زمانی کوردی و شیعریبوونی زمانی کوردی له بیرکردنه وەیاندا خەملیوه، شیعر لایان بووەته ناوەند و ڕەهەندێکی شێوه ڕۆحی و لەناویدا ماونەتەوه و پڕۆژەی تەواوکاری بوونیانه. بەراورد بەوان، تۆ شاعیرێکی پله شەش و حەوتی. بەباییبوونێکی بەتاڵەوه، گوتی: ئەگەر من بەو زمانه پەڕپووتەی کوردیم نەنووسیبووایه. به زمانی هۆڵەندیم بنووسیبووایه، ئێستا وەک وەرگرێکی خەڵاتی نۆبێڵ باسم ده کرا و به پارێزەوه لەگەڵم دادەنیشتن، منیش بۆ دڵدانەوه و دروستکردنی دۆخێکی تەندروست، گوتم: بێچاوێنی بێ، پێش ناوی تۆ، وابزانم ناوی شاعیرانی وەک: دکتۆر شۆ و حەبیب عەلی میرانی و حەمه عەلی وریام له لیستی پاڵێوراوانی نۆبێڵەوه خوێندووەتەوه و له پێشبڕکێدان، ناویان له لیستەکەدا بەرەو ناوه یەکەم و دووەمەکان بەرزبووەتەوه و له وەرگرتنی خەڵات نزیک بوونەتەوه.

ئەرێ شیعری بێگەرد به کام دۆخی تەندروست و شکۆی نووسینەوه بتنووسین و ڕێزی خۆگرتن و خۆهەڵخستنی نووسین، شەرحی حاڵت دەبێ چی بێت. به هەموو هێزی بیرکردنەوەت بەرەو شکۆی شیعر و شیعریبوون بڕۆ، دواتر نۆبێڵیش بەدوایدا دێت.

**شوباتی ٢٠٢٠ هەولێر**

**تێبینی:**

مەوجوود سامان وەک ڕەهەندی دەربڕین، بە شاعیرێکی قووڵ و گرنگ دەزانم و تەواوی شاعیریەتی خۆی لەسەر ئەم خاڵەدا بنیادناوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە نوێبەخشییەوە نییە، لەناو شێواز و هونەر و زمانی باودا دێت و دەچێت. لە شێواز و هونەر و زماندا خۆبوونی خۆی نییە و ڕاگوزەرێکی ئاساییە، بەتەنگ وردەکاری و خواستی شێواز و هونەر و زمانەوە نییە.

# نامەیەکی کراوە بۆ ئەحمەدی مەلا

کاکە مەلا سڵاو: کۆی بەرهەمە شیعرییەکانتم خوێندەوە، واتە: (خۆڵەمێش و بەرد)، کۆکراوەی هەشت کتێبی شیعریتە، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە هەفتەی پێشوو، لە حەفسەت لاپەڕەدا چاپ و بڵاوی کردەوە، ئەگەر چیتر شیعریش نەنووسیت، مێژووی داهێنانی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەزموونێکی تەواو هەستی و مەزنی شیعر دەپارێزی. بێ هیچ گومان و دڵ لە دڵدان و چاو تروووکانێک، لە هەقیقەتێک دەڕوانم و بینین و تێگەیشتنم دەکەمە تابلۆیەک بۆ بینین و تێگەیشتنی داهێنان، بە مووچڕکێکی کامڵەوە هاوار دەکەم: بەشی زۆری شیعری ئێستای کوردی درێژبووەوەیە، گۆڕانکار نین، یان شیعری میللین. ئەگەر وەک شێوازیش میللی نەبن، وەک هەست میللین، لەم جۆرانەمان وەک بەردی دەم جۆگان زۆرن، لەئاراستەیەکدا وەستاون.

وا دەمەوبەیانە. بەرەبەرە تاریکی تەنک دەبێ. لەخوێندنەوەی دیوانە کەت تەواوبوویمە و خۆم بۆ پێشوازی باڵندە چاوەڕوانەکان ئامادە دە کەم. بەجریوە و جووکەوە باڵیان بەسەر ماڵەکەم لاردەکەنەوە و دێنە حەوشەکەمەوە. ئاویان بۆ دادەنێم و دانیان بۆ ڕۆدەکەم. ئەگەر زستان بێت ئاویان بۆ گەرم دەکەم، هاوینیش سارد. جارجار دەنگیان تێکەڵ بە شمشاڵی قالەمەڕە دەبن. نەوای شمشاڵیش وەک شیعری پڕ ڕووناکی نهێنی، خاڵی بەهایە و لەگەڵم دێت و دەچێت و مووم لێ دەبزوێنێ.

وا باڵندەکان تێردەبن و لەدان دەکشێنەوە. باڵیان ڕادەوەشێنن، دەنگی شمشاڵەکە کپ دەکەم، لەنامەیەکدا ڕامانی سەرەکیم دەنووسم.

گرنگترین نەخش لە ئەزموونی تۆدا، زمانە. زمان بوونی مرۆڤی تێدا دروست بووە و دروست دەبێت. نوێبەخشییش لەو وێنانەدا نییە، کە لە ئەندازەیی و بنیادی وشەدا پێکیان دەهێنی و پێکت هێناون. لە تەکنیکە زمانییەکانتدایە، کە بە گوڕوتین بۆ ئایندە ڕوانین بەکارت هێناون و بەکاریان دەهێنیت و کاراتردەبن.

دیوانەکەت ڕووبەرێکی مەحاڵ نییە، پانتاییەکی هەستەوەر، وەک تەکنیک ناسیم. بەها و توانایی زمان لە ئێستێتیکای تەکنیکدا ئاسۆ و دوورییەکان وەردەگرێ و پێوانەی بۆ دەکرێت. بە قووڵاییەکان تێدەپەڕێ و پشت بە پێکهاتە زمانەوانییەکان دەبەستێت، تۆڕی زمانێکی دووربینانە دەچنێت، وەک کەسی بیرکەرەوە زادەی کلتووری هاوچە رخە. لەگەڵ ژیان دەگۆڕێ و بەرەو پێش دەچێت و تۆڕەکە زیاتر دەکرێتەوە، ئێستا دادەمەزرێنێت و لە بەها ئەزەلییەکان دەڕوانێ و دە بێتە ڕەگەزی هەمەڕەنگی بوون.

زمان شەیتانی شیعریبوون تێدا بەرجەستەیە و بێ ناوبڕ بەدوای هەموو تازە و جوانییەک دەگەڕێت و کرانەوەیەکی زۆری هەیە بۆ ئەوانی دی، واتە: بینرا و بیستراو و نووسراو.

گۆڕینی پانتایی و بینا لە ڕۆحی گەرم و تەواو پارێزراوی داهێنەردا نەخش و نیشتەجێیە. لە دۆخی هۆشیاریی تەندروستی گۆڕانکارییەکاندا، تەلیسمی نووسینی داهێنەرانە و زەینیەتی گەردوونی دەکاتەوە.

زمان بۆ داهێنەر وەک قۆناغی منداڵیی وایە. زمان و منداڵیی دوو قۆناغی بوون و دروستبوونن، بۆ نووسینیش بابەتن. ئەو شتانەی لەم قۆناغەدا دەیانبینی و هەستیان پێ دەکەیت، لە ناخدا لەنێوان زمان و ئاماژە و شێوازی بینینی ڕووناکییەکی تازەدا دەبێتە هێزی دەروونی و شێوە زۆرانبازییەک، هەندێک جار بە تووڕەییەکی توند، هەندێک

جاریش به نەرمونیانی له (گونجانه هەستییەکان) و شوێنی جیاجیادا لەدایک دەبن. پەیوەندییەکان ڕایەڵ دەکەن و بەکارایی ئاسۆ و دوورییەکان دەبڕن، ئاسۆ و دووری تر دەهێننە ناو زەینەوە. پرسیارێکە تەواو لەگەڵ خۆماندایه و له بیرماندا ون نییه. به ڕۆح کارلێکی لەگەڵ ئەزموونمان کردووه و لێمان دەپرسێتەوە. من چی بووم و ڕۆڵم چییە له کردەی نووسینتدا، که کردەی پەیوەندی بەردەوام بوویمه له گەشەی خودیتدا. ناتوانی واز لەو دنیابینییە بهێنیت، که له منداڵییدا وەرتگرتووه و وەریدەگریت.

کاکه ئەحمەد هەموو داهێنەرێک ناوەندێکی باڵا و خۆبوونی داهێنانی هەیه، کارەکانی لەو ناوەندەدا دەردەچن و دێنەوه ناویشیەوە. ناوەندی باڵا و خۆبوونی داهێنانی تۆش (کتێبی شیعر)ە. به دڵنیاییەوە هەرچ شیعرێک لەمەودوا بنووسی، ئاماژەیەکی کتێبی شیعری تێدا بەرز دەبێتە وە.

سڵاو و خۆشەویستی زۆرم بۆ دیوانەکەت، که ئەزموونێکی تەواو هەستییه. هەست کتێبێکی یەکجار فراوان و پڕ ڕووناکی نهێنییه. دۆخی داهێنان دەکەوێتە ناو جەرگەی هەستەوە.

**کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ هەولێر**

# بەهرەیەکی نوێ لە شیعری کوردیدا دەرکەوت

ئەو چێژ و هێزی بەردەوامییەی خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعر وە ریدەگرێت، شاعیر لە نووسینیدا وەریناگرێت. شاعیربوون پێویستی بە دانایەکی پەیبەر هەیە. بە دەربڕینێکی زۆر سادە پێویستە بە گەرمییە کی زۆرەوە لە زەین و خەیاڵیدا دانایەکی پەیبەربێت، زەین و خەیاڵی بینینێکی ئاگایانەبن. چاوانی بنووقێنێ و هێزی شاراوە ببینێ.

وەشانی نووسیار، سوپاس بۆ ئەو متمانەیەی بە بۆچوون و تێگە یشتنی منتان کردووە. بۆ خەلاتێکی باوەڕپێکراو، کۆمەڵێک کۆشیعرتان بۆ ناردووم تا من پێوانەی کردار و خاڵی پەیوەندییان بم، بەهرەی هۆشمەندیی و کارامەیی زمانیان بناسم.

بێ هیچ (ئا) و (نا)یەک بۆچوون و تێگەیشتنم بۆ: شیعری بێگەرد لە سەرووی هەموو (ئا) و (نا)یەکان، لەکردەی گەلاڵەکردندا دەگەیەنم.

سەرەتا بیرم لە هەموو خاڵە کاریگەرەکان کردەوە، وەک تێگەیشتن و هەستپێکردن. نزیکەی چل ساڵی خەریکبوونی خۆم بە شیعرەوە پێیاندا تێپەڕیوم، بوونەتە تیشکۆ و ناوەندێک تێیاندا بیرم کردووەتەوە و هەڵوەستەیان پێکردووم. ئەو پێودانگانەم بۆ پێوەربوون دانا و ڕایەڵ و تانوپۆی پێوەربوونم بردەوە ناویان، بە سروشتی خۆیان لە هۆکاری گە شە و گۆڕانیان وردبوومەوە.

١- زمان - ئاستدار - یەکئاست. ٢- وێنەی ئەندازەیی - فەزای وێنە. ٣- شێواز - ڕەگەزی کتوپڕی – یەکێتی بابەت – گۆشەی ڕوانین – ئازادی نەست – ئاماژە. ٤- میتافۆڕ. ٥- دەربڕین - هەڵچوون – تەئە

ممول – پەیامی هونەری. ٦- ڕەهەند و بەهای ئێستێتیکی. ٧- ڕێنووس. ٨- دابەشکردنی وێنە لەسەر ڕووبەری کاغەز - مۆسیقا.

(ئەو خاڵانەی دامناون کەمەیەکی کەمیانم بەدی کرد.) دوای هەموو پێوەرەکان، بۆم دەرکەوت زمانی ئاستدار دەتوانێت جیهانبینی خۆی بدۆزێتەوە، هەموو ئەو خاڵانەش بێت شیعریبوون وەک ناوەندێک تیشکەکانی لێ هەڵدەگرێ و دەشیگەڕێنێتەوە ناوی، هێزی شیعریبوون و ئێستێتیکای خۆدروستکردن بەرهەم دەهێنێت. هەموو ئاستەکان نموونەی زۆر لێک جیانین، قووڵایی دۆخی شیعرییان نەخەملێوە و سیما و کەشوهەوایان تەواو نەڕسکاوە. کۆشیعر هەیە لایەنی یەکێتی بنیادی تێدا درەوشاوەیە و تێیدا کەوتمە مەترسی بیرکردنەوە و هە ڵبژاردن.

پێنج جار هەموو کۆشیعرەکانم خوێندەوە، دڵنیاییەکی زۆرم وە رگرت. هەر جارێک بۆ ڕاگرتن لە ئاست داوای پێوەری پێودانگێک، زەین و خەیاڵ و پێوەری هەموو هەلومەرجەکانم کرد، بوومە خوێنەری نە بینراوی کتێبەکان، چێژی خۆم نەسەپاندووە. کارم بە بۆچوون و تێگە یشتن و خواستی شیعریبوون و پێوەرە هونەرییەکان کردووە. خاڵی دوابۆچوون و تێگەیشتن و پێوەرم دانا، کۆمەڵێک خەسڵەت وایکرد ئازادی بە خۆم بدەم کۆشیعری: (کێڵگەی بەتاڵ)ی سروشت نەوزاد بۆ خەڵات دەستنیشان بکەم.

کرۆکی نوێبەخشی لە سەرەتا و کۆتاییدا خۆلادانە لە زمانی پەککە وتوو، شاعیری دەستنیشانکراو لە زمانی پەککەوتوو خۆی لاداوە و لە ناو زمانی شاعیرانی تریش ون نەبووە. زمانی لە ڕستەی سادەوە گواستووەتەوە بۆ ڕستەی لێکدراو. لە ترپە و ئاوازدا فۆرمی زەینی پێداوە. بە تەکنیک و ئاستی جیاجیا بەکاریهێناوە.

لەمانادا خەسڵەت دەداتە وێنەی پڕ و چێژی لێ هەڵدەقوڵێنێ. هە ڵکۆڵینیشی لە هەستەکانی خۆی کردووە.

ستایش بۆ داهێنان و ئەو لاوانەی خۆبوونی خۆیان دەستەبە رکردووە و هەڵکۆڵین لە هەستەکانی خۆیان دەکەن، بە چاپکردنی ئەم کۆشیعرە بەهرەیەکی نوێ لە شیعری کوردیدا دەردەکەوێت.

**٢٠٢١/٥/٢٠ هەولێر**

**تێبینی:**

وەشانی نووسیار، ساڵانە خەڵاتی چاپکردنی سێ کتێبی هەیە. کۆشیعرێک، کۆچیرۆکێک، ڕۆمانێک. ئەم سەرنجانە بۆ خەڵاتی چاپکردنی کۆشیعری ئەمساڵ نووسراوە، کە من دادوەری شیعر بووم.

# کاکەمەم بۆتانی: ناسین و بیرەوەرییەک

هیچ چیرۆک و ڕۆمانێکی: (کاکەمەم بۆتانی: ١٩٣٧/١/١٠ کۆیە – ٢٠٢٠/١٠/٢٥ هەولێر) کارکردی لەسەر چێژ و خولیای من نەبووە و سەرنجکێشیان نەکردووم. خودانەخواستە نەک ئاگاداریان نەبووبم، نەء. لە هەر کتێبێکیدا چەند لاپەڕەیەکیانم خوێندوونەتەوە، وەکوتر سیسەڕۆ بوویمە و نەمتوانیوە تەواویان بکەم. ناوەندی بینینیان بۆ نەڕەخساندم، واتە: زەمەنی کەسایەتی خۆم، کەسایەتی خوێنەر، تا تاسەم بۆی هە بێت. واتە: وەکو ئەدەب دڵخوازی چێژ و خولیای من نەبووە. وە کوتریش هاوتەمەن و برادەریشم نەبووە، بەڵام کە بە پشتگیری و پە سندکردنی حزبی دەستنیشان کرا بۆ سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد، زۆرم بە شایەستە زانی و بە دامەزراندنیەوە ماندوو ببوو، ئە دیبی داهێنەر دەستنیشانکردن ڕەت دەکاتەوە و بە هەڵبژاردن و دەنگە وە دێتە سەر سەکۆ.

بە هەرحاڵ و ئەم حاڵ و بارە، کەوانەیەکی سیاسییە، هیی ئەوە نییە من قسەی تێدا بکەم. پەیوەندی بە بەرپرسیاریەتی نووسەربوون و شکۆی نووسینەوە هەیە.

یەکێتی نووسەران خزمەتێکی زۆری نووسەرانیان کردووە، چ ئەندام و غەیرە ئەندام، کتێبیان بۆ زۆرینەیان چاپ کردووە، منیش لەم خزمە تکردنەدا سوودمەند بوویمە، کتێب بۆ چاپکردن ڕێزلێنانێکی گەورەیە.

له ٢٠١٢/٩/١٦ تەلەفۆنێکم بۆ هات، بە دەنگێکی هۆگر وەک برادە ڕێکی نزیک و خۆیی دواندمی و گوتی: (شاعیری شێوە بیرکردنەوە قووڵ و بەدیهێنەری شیعر، سەرێکم لێ نادەی، کارێکم پێت دەبێت.) منیش نە ژمارە و نە دەنگەکەم نەناسی. بە شەرمەوە گوتم: (بێئەدەبی نابێت گەر بتوانم بەڕێزت بناسم.) خۆی ناساند و گوتی هەموو ڕۆژان، جگە لە ڕۆژانی پشوو لە کاتژمێر چوار تا نزیکەی حەوت لە بارەگای یە کێتی نووسەرانی کورد دەبم، چاوەڕوانتم. )دکتۆر هیمداد حوسێن)ی برادەریشت حەز دەکات بتبینێ. منیش لە کاتی خۆیدا، بە دوای داواکەی چوومە خزمەتی, لە پشت مێزێکی پڕ لە کتێب دانیشتبوو، لە دەستەچە پی کتێبخانەیەکی بچووک هەبوو. گوتی: (ئەم کتێبانە کتێبی دڵخوازی خۆمن. دوای ڕاهیکردنی ئیشوکاری ئێوەمانان دەیانخوێنمەوە. خودا لەم تەمەنە دەرفەتێکی باشی بۆ ڕەخساندم تا بتوانم لێرە بە شێنەیی پرۆژە کانم تەواو بکەم.)

بۆ مەبەستی بانگکردنەکەی، هەر دەیویست پێش گوتنی مەبەستەکە ی دڵم ڕابگرێت و شێوەی باری دەروونیم بزانێ. گوتی: (میوانی یەکەم جار بۆت هەیە چەند کتێبێک بۆ خۆت هەڵبژێری.) کە گوتی: (کتێبی دڵخوازی خۆمن) دڵم نەهات دەست بۆ هیچێکیان ببەم، بەڵام زۆر لە ڕۆمانێکی: (سەلیم بەرەکات) بە وەرگێڕانی: (جەوهەر کرمانج) ورد بوومەوە.

ئەمەی لەناو کتێبەکاندا دەرهێنا، گەورەیی نواند و لە پێشی دانام، گوتی: (قاوە دەخۆیتەوە، یان چا.) هەر خۆشی وەڵامی دایەوە شاعیران ئالوودەی قاوەن، با قاوە بێت.

بە دانیشتن و میوانداری و یەکترناسینەکە زۆر دڵخۆش بووم و گلەییم لە خۆم کرد  بۆ زووتر بۆنەیەکم بۆ هەڵنەکەوتووە ئەو پیاوە بە

ئاکار و هاوسەنگ لە نێوان هەڵچوون و داچوونی ناوەوە و دەرەوەی. بناسم، کە هێمنییەکی بەهێز لە مامەڵەکردن و ڕوخساریدا هەیە. هە ستیشم کرد زیاتر هێزی سیاسەتی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە، نەک هێزی داهێنانی ئەدەبی.

دیاربوو دووربەدوور دەیزانی من چیرۆکەکانی: (عەبدوڵڵا سەڕاج)م لا داهێنان و نوێبەخشین، چاوەڕوانییەک دروست دەکا و خوێنەر تووشی خەیاڵشکان ناکات، کارەکتەری ناپێویستیش بە کار ناهێنێ. باسوخواسی زۆری نێوان خۆی و ئەوی گێڕایەوە و دەیویست لابەلا تاقیم بکاتەوە و دەمارم بگرێ، وەک دەروونناسێک شێوەی بیرکردنەوە م بناسێت، لە ئاستی ناسینەکەدا بابەتەکەی خۆیم لەگەڵ بکاتەوە و مامە ڵەم لەگەڵدا بکات. گوتی: (هەوای چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج خۆشنین.) کە زانی لە مەبەستەکەی گەیشتم، گوتی نا نا لە هەمووما‌ن چڕوپڕهەستتر دەنووسێت. شێواز و فۆرمێکی زۆر نوێی لە چیرۆکی کوردیدا زاڵ کرد، لێزیادبوونێکم بۆ بۆچوونەکەی هەبوو، گوتم: (دنیا و کۆمەڵگای کوردی بە ڕوانگەیەکی هاوچەرخانە خوێندووەتەوە، هەروەها زمانێکی هێمایی قووڵیشی بە کار هێناوە و بنیادی دەستەواژە و دە ربڕینی گۆڕی، ئەزموونگەرە و خوێنەر تێکەڵ بەو ئەزموونە نوێیە دە کات.

هەستم کرد لەگەڵ (دکتۆر هیمداد حوسێن)یش ڕێک کەوتبوون، کە من هاتم ئەویش بێت و بەخێرهاتنم بکات و لە دانیشتنەکەدا بەشداری بکات.

پێش ئەوەی قسە لە بابەتە مەبەستدارەکەی بکات، گوتی: (ڕەنجدەر بیستوومە کوڕێکی خۆپارێز و هێمن و لەسەرخۆ و بەسەبر و پشوودرێژی. کتێبێکمان بۆ چاپ بۆ هاتووە، کە نامەی ماجستێری

کوڕی یەک لە شەهیدە گەورە و لەسێدارەدراوەکانی کوردستانە، بە ناونیشانی: (ملامح سريالية في شعر أدونيس و صباح رنجدر ـ دراسه مقارنة ـ سەروەر حەسەن محەمەد.) لیژنەی چاپکردنی کتێبیش کتێبەکە یان بە باش زانیوە و ڕێوشوێنە هونەرییەکانمان تەواو کردووە، نەخشە سازی و بەرگیشی بۆ کراوە، تەنانەت چووەتە ڕیزی چاپخانەش. یەک لە ئەندامانمان ناڕازییە و دەڵێت: (سەباح ڕەنجدەر سڵاوم لێ ناکات، ئەم کتێبەش لەبارەی ئەوە، ببڕای ببڕ تا من لێرە بم نابێت لێرە چاپ بکرێت. ئەگەر چاپ بکرێت خۆم دەزانم چی و چی دەکەم,) هەڕەشەی شەڕی کردووە. بۆ ئەوەی گرژی نەکەوێتە ناومان، داوای لێبووردن دەکەین. هۆکاری چاپنەکردنی ئەمەیە و بەس.) بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناوی ناڕازییەکەی نەهێنا، بۆ منیش گرنگ نەبوو بپرسم کێیە. جەختی لەوە دە کردەوە، کە زۆری بە لاوە گرنگە دڵی هەموو لایەنەکان ڕابگرێ و بارە کە یەکئاست بکات. منیش بزەیەکی ڕەزامەندیم نواند و زۆر بە ڕەزامە ندییەوە گوتم: (هەموو کتێبی کوردی بە هیی خۆم دەزانم. هەر کتێبێک چاپ بکرێ ئەوە ئەو کتێبەیە، کە بەڕێزت بۆ ئەو مەبەستە بانگت کردووم.)

دوای ئەوەی زۆر بە وردی بیرم کردەوە، لە بەشێک لە برایانم، برایانی ناوەندی ڕۆشنبیری دوور کەوتمەوە، بێ ئەوەی بچووکترین کاردانەوەم بەرانبەر هیچێکیان بووبێت و هەبێ و ببێت.

(دکتۆر هیمداد حوسێن) لە یەکێتی نووسەراندا بەرپرسی ڕۆشنبیری و چاپکردنی کتێب بوو، کە برادەری لەمێژینەمە و هەمیشە میهرەبانی بە رانبەرم نواندووە. دیارە هەستی بە ڕێگرتن و لاسەنگییەک کردبوو، بۆیە بێ داوا و ئاگاداریی من، بە ئاگادارکردنەوەی نووسەرەکەی، کتێبە کەی بردبوو بۆ (ئەکادیمیای کوردی.) ئەمانیش لە چاپێکی شایان و

شایستەدا چاپیان کرد، لە ئەنجامبینینی ئەم کارانە دەبێ بڵێین دنیا هێشتان خێری پێوە ماوە و دەتوانین بۆی بژین.

کتێب و مرۆڤ کلتوورن، ئەوەی دەست لە کتێب هەڵبێنێتەوە، مرۆڤ و کلتوور لەناو دەبات.

دوای دانیشتنەکە تا دەرگای حەوشە بە پێکەنین و (بە خێر بێیت) میوانی ڕەزاسووک بە ڕێی کردم، کە ئۆتۆمبێلەکەی دیتم و ئۆتۆمبێلێکی زۆر ئاسایی بوو، گوتی: (داوابکەم ئۆتۆمبێلێکی لە هیی خۆم باشترت بۆ بکرن.) بۆم نەچووە سەر یەک تانە و تیرێک بوو، یان...، بە هەرحاڵ، منیش بە خاکەڕاییەوە گوتم: (بە داوا نا، ئەسپم لە پاوانی کەس نەلەوە ڕاوە تا بۆم بکڕدرێت. خودا یارم دەبێت بە خۆم دەیکرم.) شێوەی دووانەکەی گۆڕا.

کە لە دایک بووم جۆرێک یاخیبوون لەگەڵم لە دایک بوو. خاڵە دژبە یەک و هاوبەشەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیم ناسی. هەڵۆی چاودووراو نییم، دەزانم گومبەزی ئەدەبی کوردی چ چاک و پیرێکی تێدایە و چەند بەردی سارد و گەرمیان خستووەتە بەرپێی داهێنەرانی. چەندیشیان لەناو بازنەی سووری مەترسیدا لەژێر هەڕەشەدان.

لەگەڵ شیعر سەرلەپێناو و ڕاستگۆ و خۆشخوێنم. شیعریش ئەو دە ستەی لە سینگم داوە نەبمە (کۆسە - موهەڕیج) بە دەستی دەسەڵاتی داپلۆسێنەرەوە.

هەموو مرۆڤە میهرەبانەکان یادیان بەخێر. پێویستە بە چەندین شێوە یادیان بکەینەوە و هەستەکان بورووژێنین و ڕێوڕەسمەکانیان شکۆدار بکەین. ماڵی ئێمەمانانیان شکۆدار کردووە و بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی هەمیشەیی، کتێبیان تێدا جێ هێشتووە.

خودایە داخوازییەکی گەورەم هەیە: نەمکەیت بە بەرپرسی بەردێکی سەر ڕێگاش. نەک, تووڕەبوونێکی کەمخایەنیش بەسەرمدا زاڵبێ و ببمە بیرەوەرییەکی گران بەسەر دڵی ڕێبوارێک، تەنانەت ڕێبوارێکی زۆر تیژتێپەڕیش.

**تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ هەولێر**

# زەوی بە یارمەتی شیعر فۆرمی وەرگرتووە

لە زەردک 2 لەگەڵ ئەحمەدی مەلا بەشداری هەست و چاودێری جیهان دەکەین و ڕەسەنایەتی بۆ شوێن دەگەڕێنینەوە. دەقەکان خاڵی سە رەتای خۆیان دامەزراندووە و خوێنەر تا پلەی چێژ و یادگە بەرزدەکەنە وە ناو  نیشانە هاوچەرخەکانی ژیان و ئاراستەی دەکەن بۆ ناسینی وێناکردن و پەیوەندی و هەڵگرتنەوەی پارچە کەوتووەکانی لەدەستچوو.

زەردک 2 ئامرازەکانی خۆی لە زەردک 1 وەرنەگرتووە، یان لەناوی نەماوەتەوە، بەڵکو بێلایەن و پەتییە، بەهۆی ئەوەوە دەوڵەمەندبووە. لە دە قی دووەمدا ژیان لە سەرەتاوە دەستپێدەکاتەوە و دەمانناسێت, واتە: بینایە، بینین نییە.

یەکەمجارە ڕێکەوت بکەم شاعیرێک کۆشیعرێکی بە دوو ئاستی شارە زایی ئەزموون بنووسێت. ئەم ئەزموون و داهێنان و دیاردەیە لە شیعری کوردیدا بەر ئەحمەدی مەلا دەکەوێت. پێی دەڵێین بیرکردنەوە و چاوی زیندووی شیعر.

سی و پێنج ساڵ نێوانیان بێدەنگییەک، یان بەردەوامبوونەوەیەکی ئێستێتیکی و سەرچاوەی نوختەی بینینە، بینینی بەدیهێنانی لەدایکبوونە وە.

لەدایکبوونی مرۆڤ تا خوداوەند. لەدایکبوونەکان دووبارەبوونەوەنین، تەکنیکی نووسینن.

٢٠٢٣/٥/٤ هەولێر

## ئاماژەی ژیاننامە

* سەباح سابیر حەسەن: سەباح ڕەنجدەر.
* لە ١٩٦٥/١١/١٨ لە هەولێر لەدایک بووە.
* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ساڵی ١٩٨٥ لە هەولێر تەواوکردووە.
* لە سەرەتای هەشتاکانەوە لەناو واقیعی نووسیندا بەدوای ڕووناکی نهێنیدا وێڵە و لە واقیعی زەینیشدا مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکا و بەر ئەگەرەکانی بوونی دەخات.
* ئەم کتێبانەی لە ئەدەبی کوردیدا نووسیوە:

١ـ زێوان: ١٩٨٨، ڕۆمانە شیعر.
٢ – ڕووەکەکانی خوداوەند: ١٩٩٩، شیعر.
٣ – خەون وا خۆی گێڕایەوە: ٢٠٠٤، شیعر.
٤ – شەڕی چل ساڵە: ٢٠٠٥، شیعر.
٥ – مردوویەک ئاگای لە هەمووانە: ٢٠٠٨، شیعر.
٦ – سەد و یەکشەوە: ٢٠٠٨، شیعر.
٧ – ساڵی سفر: ٢٠١٠، شیعر.
٨ – سروودی زەوی: ٢٠١٢، شیعر.
٩ – حەزدەکەم ئەوەندە بژیم: ٢٠١٥، شیعر.
١٠ – دواکەوتن لە کەشتیی نووح: ٢٠١٨، شیعر.
١١ – دیوانی سەباح ڕەنجدەر: بەرگی یەکەم و دووەم: ٢٠١٨، کۆبەرهەم.

١٢- بەها و هەڵەی پێشبینییەکان: ٢٠١٩، شیعر.
١٣- سەرەتا وشە بوو: ٢٠٢٠، شیعر.
١٤- سەرزەمینی هەموو ناوەکان: ٢٠٢٣، شیعر.
١٥ – ئەزموون و شیعری بێگەرد: ٢٠٢٤، گوتار و بیروڕای ئەدەبی.